
# ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات

[ ژیننامەی شەهیدان ]

نووسینی : برایم چووکەڵی



ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی



# یادی شەهیدانی هەرگیز نەمری
# ڕێگای کوردایەتیی
# حیزبی دێموکرات

# چەند وتەیەک

خوێنەرانی خۆشەویست ئەو کتیبەی لەبەر دەست دایە لە راستیدا بەرگی دووهەمی" چەپکێک گوڵاڵە سوورە"یە. بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٣٨٤ دا کە ١٣٠ ژیاننامە شەهیدانی لەخۆ گرتبوو بڵاو کرایەوە ئەو کات، بە هەر جۆرێک کە بۆم لوا، بە هۆی هەلومەرج توانیم بە کەموکۆرییەوە ٢٠٠ دانەی لێ چاپ بکەم و لە گەڵ ئەوەش دا داوام لە هەموو دۆستان وبنەماڵەی شەهیدان کرد کە بە هەر ڕێگایەک دا بۆیان دەگونجێ وێنەیەکی شەهیدەکەیان و کورتەیەک لە ژیانیان بۆم بنێرن بۆ ئەوەی لە بەرگی دووهەم دا چاپیان بکەم هەر چەند لەمبارەوە ئەوەندەی توانیان وێنەی شەهیدەکانیان بۆ رەوانە کردم کە جێگای ڕێزو ئەمەگناسی یە.

دیارە ئەم بەرگەش بێ کەموکوڕی نیە لەم بەرگەش داچەند ژیاننامەیەک نابینرێ، هەرچەند زۆرم هەوڵ دا وسەراپای بۆکانم تەقاند هیچم لە ژیان و وێنەیان دەست نەکەوت، ئەوەی لە توانا دا هەبوو هەولم بۆ دان، ئەو شەهیدانەی ژیانیان نەنوسراوە ناگاتە ٢٠ کەس، ئەوانەش لە هێزەکانی دیکە خزمەتیان کردووە یا هیچم لە ژیانیان دەست نەکەوتوە بۆیە نەمتوانیوە ژیانیان بنوسم.

ماوەتەوە بڵێم ئەو کارەی من کردوومە بۆ بنەماڵەی شەهیدانو هاوسەنگەرانم کە شەهید بوون، ئەگەر لە هەر کومیتەیەک یا شارستانێک ئەو کارە کرابوایە یا لە داهاتوو بکرێ مێژوو ورابردووی شەهیدانمان زۆر دەوڵەمەند دەبێ وئەو قەرزەش لەسەر شانی حیزبی دیموکرات سووک دەبێ.

**برایم چووکەڵی**
**گەلاوێژی ١٣٩١**

## هەنگاوێکی بەسوود بەرەو ئامانجێکی پیرۆز



بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دا ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە تێدا بوونەتە قوربانی. ئەو قوربانی دانەی خەڵکی کوردستان بواری جۆراوجۆری هەبووە. گیران، زیندان، ئەشکەنجە، دوورخرانەوە، ئاوارەیی‌و دەربەدەری، سووتمان‌و ماڵوێرانی‌و تالان‌و راووڕووت هەرکام بوارێکی ئەم قوربانی دانەن. بەڵام شاراوە نیە کە چڵەپۆپەی فیداکاری‌و قوربانی‌دان گیان بەخشین‌و شەهیدبوون لەپێناوی بیروباوەڕو گەل‌و نیشتمان‌دایە. لە قوربانی داندا کەس نایگەیەنێتە ئەو کەسەی گەورەترین سەرمایەی ژیان، واتە گیانی لەسەر لەپی دەست دادەنێ‌و دەیکاتە دەزمایەی سەرکەوتنی ئامانج‌و ئاواتەکانی گەلی خۆی، مەگەر ئەو دایکە لەخۆبووردووانە کە رۆڵە شیرنەکانیان دەنێرنە قوربانگاو بۆ هەتاهەتایە داخ لەسەر دڵیان‌و تاجی سەروەری لەسەر سەریان دادەنێن.

بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا لە قۆناغی تازەی، واتە لە سەردەمی پڕمەینەتی ژیانی ئێرانی‌یەکان لە سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا بە هەزاران تێکۆشەری نێو ریزی هێزە سیاسی‌یەکان‌و بەدەیان هەزار شەهیدی بێدیفاعی کردۆتە خوێنبایی ئازادیی کوردو رزگاریی کوردستان. لەکەس شاراوە نیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو قوربانی‌یانە بەتایبەتی ئەوانەی کادرو پێشمەرگەو فەرماندەری خەباتی چەکدارانە بوون سەر بە حیزبی دێموکرات بوون. ئەمە لەگەڵ هەموو تاڵی‌و بە ژانی‌یەکەی شانازی‌یەکی گەورەیە کە تێکۆشەرانی دێموکرات هەقیانە پێی بنازن‌و پێی سەربەرز بن. بەتایبەتی ئەگەر لەبەرچاو بگرین کە میراتگرانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە هەروا رێبواری رێگاکەیان‌و هەروا ئامادەن بۆئەوەی هەرکات پێویست بێ گیان بەخت بکەن‌و رێبازی سەرکەوتن تەخت بکەن.

بەو حاڵە هەموو لایەکو لەپێش هەمووانیش‌دا حیزبی دێموکرات بە شەهیدانی رێگای رزگاری یەکجار زۆر قەرزدارن. قەرزدارن چونکە لەبەر

هەلومەرجی دژواری تێکۆشان نەیان توانیوە بەوجۆرەی پێویستە بە بنەماڵەکانیان رابگەن، چونکە نەیان توانیوە بیرەوەریی شیاوی خۆیانیان بۆ دابنێن، چونکە بۆیان نەرەخساوە پەیکەریان بۆ دروست کەنو تەنانەت وێنەی فۆتۆگرافیان لێ بڵاوبکەنەوە. بەڵام لەهەمووی ئەمانە زیاتر چونکە نەیانتوانیوە ژیانو بەسەرهاتیانو ئەزموونەکانی تێکۆشانو خەباتیان تۆمار بکەنو بیخەنە بەرچاوی بەرەی تازەو بەگشتی کۆمەڵانی گەلی کوردو گەلانی دراوسێ. ئەم راستییە لەگەڵ ئەوەی لە زۆر بارەوە پاساوی خۆی هەیە، ناکرێ وەک کەموکورییەک لەکاری حیزبەکەمانو کەمتەرخەمییەکی ئێمە هاوبیرو هاوسەنگەرانی شەهیدان دانەنرێ. پێویستە دان بەو قەرزدارییەدا بنێین بۆئەوەی هیچ نەبێ لە دوارۆژدا مشووری دانەوەی ئەو قەرزە بە شەهیدانو بنەماڵە سەربەرزەکانیان بخۆین. تۆمارنەکردنی ژیاننامەی شەهیدانو کارو تێکۆشانی سیاسیو تەشکیلاتیو تەبلیغاتیو پێشمەرگایەتیی ئەم ئازیزانە زیانێکی قەرەبوونەکراوی بە بزووتنەوەکەمانو بە مێژووی نەتەوەکەشمان گەیاندوە. بەسەرهاتی پێگەیشتنو تێگەیشتنو خەباتو گیانبازیی هەرکام لە شەهیدەکانمان دەرسی زۆر بەنرخی بۆ رێبوارانی رێگای رزگاریی گەلی کورد تێدایە کە بەداخەوە خۆمانو نەوەی دوارۆژمان لێی بێبەش کردوە.

ئەوەی لە کتێبی بەردەستدا دەیخوێنینەوە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی زۆر چووک لەو بۆشاییەو قەرەبووکردنەوەی بەشێکی کەمی ئەو کەمتەرخەمییە. لە کتێبی "ئەستێرەگەشەکانی رێی خەبات"دا هاوڕێی خەباتگێڕ کاک برایم چووکەڵی هەوڵی داوە ژیانو بەسەرهاتو بەتایبەتی کاتو شوێنی شەهیدبوونی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی بۆکان بێنێتە سەر کاغەزو بیخاتە بەردەستی خوێندەوارانی کورد، بەتایبەتی هاوسەنگەرانو رێبوارانی رێگای ئەو شەهیدانە.

گوتم هەوڵێکی سەرەتاییە. چونکە هەروەک دەبینین ئەم کتێبە تەنیا یادی شەهیدانی تاقە یەک ناوچەی کوردستان واتە ناوچەی بۆکان لەخۆ دەگرێ. بەداخەوە ئەویش تەنیا بەشێک لە ژیانو بەسەرهاتیان دەگرێتەخۆی، لەکاتێکدا ئەزموونی هەرکام لەو شەهیدانە بۆخۆی دەفتەرێکی زێڕینە لە مێژووی خوێناویی نەتەوەکەمان، بەتایبەتی کە زۆر لەوانە فەرماندەی نیزامی یان کادری لێوەشاوەی سیاسیو تەشکیلاتی، یان پێشمەرگەی بە ئەزموونی کارکوشتە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەش بەحاڵی خۆم کارەکەی نووسەر بە کارێکی پڕ بایەخ دادەنێم. چونکە ئەگەر هەمووی ئێمە تێکۆشەرانی دێموکرات هەر ئەوەندەمان کردبایە کە ئەو هاوڕێیەمان بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە کردوویەتی، ئێستا تۆمارێکی زێڕینمان لە یادو ناوو ئەزموونی شەهیدەکانمان لەبەر دەستدا دەبوو. هەربۆیە لە دڵەوە "دەست خۆش"ی پێدەڵێمو پیرۆزبایی لێدەکەم. ئارەزووم ئەوەیە کاک برایم بەوەندەوە رانەوەستێ. هەوڵێکی زۆرتر بدا بۆئەوەی لەسەر ژیانی ئەو پۆلە شەهیدەی لەم کتێبەدا ناویان هاتوە زانیاریی پتر کۆ بکاتەوەو لە چاپێکی دیکەدا ژیاننامەیەکی شیاوی شەهیدەکانمان بخاتە بەردەست. ئاواتم ئەوەیە کە لە هەر شارو شارستانو ناوچەیەکی دیکەی کوردستانیش یەک یان چەند کەسی دیکە قۆڵی لێهەڵماڵنو بە نووسینی ژیاننامەی شەهیدەکان ئەو قەرزە لەسەر شانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لابەرن.


ماوەتەوە ئەوە کە بڵێم هاوڕێ برایم چووکەڵی یەکێکە لەو کەسانە کە شیاوی نووسینەوەی ژیانو بەسەرهاتی شەهیدانی دێموکراتن. چونکە پێشمەرگەیەکی لەمێژینەیەو زۆر بیرەوەریی بەنرخی لە ژیانو خەباتی شەهیدەکان لە ناوچەی خۆی واتە بۆکان هەیە: لەگەڵ هێندێکیان منداڵی گەڕەک بووە، هاوپۆلو هاوقوتابخانەی بەشێکیان بووە، بۆ زۆرانیان هاودەورەو هاوسەنگەرو هاوڕێو هاورازو تەنانەت بۆ هێندێکیان هەمووی ئەمانەش بووە.

کەم نین ئەو شەهیدانەی لە پەنای خۆی لە سەنگەردا شەهید بوون یان لە رێی نەخۆشخانەو لە باوەشی خۆیدا گیانیان سپاردوە. رووحی شەهیدەکان شادبێ و تەمەنی درێژو بەردەوامی بۆ کاک برایم چووکەڵی.

عبدالله حسن زادە

پووشپەڕی ١٣٩١

# پێشەکی



ئازادی نرخی گرانەو هەروا بە سانایی وەدەس نایە. ئەو گەلانەی کە ئێستا زنجیری دیلیو کۆیلەتییان پساندوەو بە ئازادیی دەژینو چارەنووسیان لەدەستی خۆیاندایە لەدرێژەی خەباتو بەربەرەکانییەکی قارەمانانەو شۆڕشگێڕانەدا توانیویانە بووکی ئازادییو سەربەستی لەئامێز بگرن. خەباتو بەربەرەکانیش لەبەرامبەر داگیرکەرانو دیکتاتۆران دا، بۆ وەدەستهێنانی ئازادییو مافی چارەی خۆنووسین هەوڵو تێکۆشانو فیداکاری دەوێ. بە خوێندنەوەی مێژووی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزیو لەهەمان کات دا پڕ لە فیداکاری ئەو نەتەوانەی کە قۆناغی ژێردەستەییو کۆیلەتییان تێپەڕاندوەو ئێستا لە قۆناغی گەشەکردنو مەترەح بوون دان، ڕوونتر مانای ئەم ووتە بەناوبانگەی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوومان بۆ دەردەکەوێ کە:" گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا." (ئازادی نرخی دەوێ)

نەتەوەی کوردیش وەک گەلێکی چەوساوەو بن دەست لەمێژە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی خەبات دەکا، هەزاران ڕۆڵەی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەری کردۆتە قوربانی، بە دەیان جار تووشی دەربەدەریو ئاوارەییو کوێرەوەری بووەو شارو گوندی لێوێرانو خاپوور کراوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە خۆی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێو ڕێژیمە داگیرکەرەکان هەروا بە خۆداسەپاندن دەسەڵاتدارێتی بەسەر بەشێکی زۆری ئەم ئاوو خاکەدا دەکەن. بەڵام خەباتو بەربەرکانێی نەتەوەی کورد، ڕانەوەستاوەو ڕێبازی شەهیدانی گیان بەختکردووی کوردستان لەبیر نەکراونو تا وەدیهێنانی مافە بەرهەقە نەتەوەییەکانیشمان ئەم کاروانە بەرەو ئاسۆی بەختەوەریو بەچۆکداهێنانی دوژمنانی کوردو کوردستان هەر بەردەوام دەبێ.

دێمۆکراسیو مافی دیاری کردنی چارەنووس ئامانجێکە کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات زیاتر لە شەش دەیەیە بۆ وەدەستهێنانیان خەباتو بەربەرەکانی دەکا. بە هەزاران کەس لە چینوتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کورد بەمەبەستی درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی ڕوویان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کردوەو سازمان دراون. لەدرێژەی ئەم شەش دەیەدا کە گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران

بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ وەدستهێنانی مافە رەواکانی دەنگی هەڵبڕیوەو هاواری حەقخوازانەی بەرز کردۆتەوە لەلایەن دوو دەسەڵاتی دژی کوردی (سەڵتەنەتیو کۆماری ئیسلامییەوە) بە ئاورو ئاسن جوابی دراوەتەوەو هێرشی نیزامی کراوەتە سەر خاکو نیشتمانەکەی، بەڵام رۆڵەکانی کوردیش دەستەوەستان نەوەستاونو بەئیمانو ئیرادەی پۆڵاینی کوردانەوە دەستیان داوەتە چەکو لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا بەرەنگاری دوژمنانی دژی گەلی بوونەتەوە. لەدرێژەی ئەم بەرەنگاربوونەوە قارەمانانەیەدا وێڕای لێدانی زەبری گورچکبڕ لە داگیراکەران لەماوەی چەند دەیەدا بە هەزاران رۆڵەی قارەمانو فیداکاری رێی ژیانو ئازادی گیانی پیرۆزیان بەختی بارەگای سەربەستی خاکو نیشتمانەکەیان کرد کە یادو بیرەوەرییانو ئامانجەکانیان لە ناخی هەر کوردێکی وشیارو نەتەوەییدا ریشەی داکوتاوە.

لێرەدا تەنیا باسی کورتەیەک لە ژیانی ئەو شەهیدە نەمرانە دەکەم کە لە ناوچەی بۆکان گیانیان لە بەربەرکانی لەگەڵ داگیرکەران بەمەبەستی بەربەرکانی لە مانو مەوجودییەتی نەتەوەکەیان بەخت کردوە.

مەبەستم لە ئەنجامدانی ئەم کارە کە بەلامەوە زۆر پیرۆزە ئەوەیە کە بە تۆمارکردنی ژیاننامەی هاورێکانم یادیان لە مێژووی گەلەکەمان دا بۆ هەمیشە زیندوو بمێنێتەوە.

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان !لە بەرگی دووهەمیشدا ژیاننامەی هەموو شەهیدانی ناوچەی بۆکان بەرچاو ناکەوێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە تا ئێستا نەمتوانیوە یان نەکراوە کورتەیەک لە ژیانی ئەم ئازیزانە پەیدا بکەم. وەک هاورێی هەموو شەهیدانی بۆکان لە ژیانی پێشمەرگایەتیان ئاگادارم، بەڵام بەداخەوە وەک پێویست بوو لەسەر ژیانی شەخسی هەندێکیان ئاگاداری¬یەکی ئەوتۆم نەبووە. هەربۆیە داواکاریم لەو چەند بنەماڵەیەی بەڕێزی شەهیدان ئەوەیە کە ژیاننامەی شەهیدەکانیان کە لەو کتێبە بەرچاو ناکەوێ لە رێگای ئەم ئادرەسە ئینترنێتیانەی خوارەوە کورتەیەک لە ژیانی شەهیدە گیان بەختکردوەکەیانمان بۆ بنێرن تا لە جیگای خۆی کەلکی لێ وەرگرین و بڵاویان بکەینەوە.

داواکاریم لەهەموو خزمو کەسی شەهیدانە بەهەر شێوەیەک لە دەستیان دێو بۆیان دەگونجێ لە سەرخستنی ئەم کارەدا یارمەتیمان بدەن.

ئەو ئازیزانەی کە لوتف دەکەنو دەیانەوێ لە رێگای ناردنی ژیاننامەی شەهیدانەوە هاوکاریمان بکەن پێشەکی پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەم.


بە سڵاو لە خوێنەرانی وشیارو خۆشەویستو بە ئاواتی وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدانی کوردو کوردستان.

هەزاران سڵاو لە شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزب و گەل.

برایم چوکەڵی

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩١

mokreyanch@yahoo.com



## شەهید سەید سەلام عەزیزی

کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی یەکێک لە سیما ناسراوەکانی حیزبەکەمانو تێکۆشەرێکی بەنرخی رێگای دێموکراسیو خودموختاریتان پێڕادەگەیەنێ.

هاورێی تێکۆشەر سەید سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب کە لە بەیانی رۆژی دووشەممە ٢١ی پووشپەڕی ١٣٧٨ بەرامبەر بە (١٢ی ژوئیەی ١٩٩٩) لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە کۆیە تووشی نەخۆشی یەکی کوتوپڕ هاتبوو. لەسەر پێشنیاری دوکتورەکانی نەخۆشخانەی حیزب دەست بەجێ بۆ عیلاج کردن رەوانەی بەغدا کرا. بەڵام هەموو هەوڵو تێکۆشانی دوکتورەکان بۆ چارەسەری نەخۆشی یەکەی کە سەکتەی مەغزی بوو، بەداخەوە بێئاکام مایەوەو ئەو هاورێ خۆشەویستەمان سەعات ٩ی شەوی هەینی ٢٤ لەسەر ٢٥ی پووشپەڕ (١٥ لەسەر ١٦ی ژوئیە) بۆ هەمیشە چاوی لەسەریەک داناو ماڵئاوایی یەکجاری لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانو کوردستانی خۆشەویستی کردو درێژەدانی رێگای دوورو درێژی تێکۆشان لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەیدا، بۆ تێکۆشانی حیزبەکەی بەجێهێشت. هاورێ سەلام عەزیزی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە گوندی "دونگوز"ی بۆکان دەرسی خوێند. دوای ئەو ماوەیە سێ ساڵ لەلای مامۆستایانی ئایینی درێژەی بە خوێندن دا. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن رووی کردە مەدرەسەی عولوومی دینی لەشاری مەهابادو هاوکات لەگەڵ خوێندن لەو شوێنە دەورەی دەبیرستانیشی تەواو کردو لە شاری ورمێ بوو بە مامۆستای قوتابخانە. ساڵی ١٣٥٠ لە رشتەی حقووقی زانستگەی تاران وەرگیراو پاش تەواوکردنی دەورەی زانستگە، لە دادگوستەری ورمێ بوو بە قازیو دوای ماوەیەک بوو بە سەرۆکی دادگوستەری بۆکان.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتیو هەستی بەهێزی کوردایەتی لە کاک سەلام دا، بوون بەهۆی ئەوە کە ساڵی ١٣٥٨ هەموو پلەو پایەیەکی ئیداریو هەر جۆرە مەقامو بەرپرسایەتی‌یەکی حکوومەتی بەجێبهێڵێو پاشماوەی ژیانی لەریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دا بۆ خەباتو تێکۆشان لەپێناوی رزگاری هاونیشتمانانی لە بێمافیو ژێرچەپۆکیو دیکتاتۆری تەرخان بکا.

هاورێی بەرێز سەلام عەزیزی لەژیانی حیزبایەتی‌دا بەهەموو هەستو تواناو فیداکاری‌یەوە تێکۆشاو بە لێهاتوویی‌یەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبی‌یەکانی‌دا یەک لەدوای‌یەک بڕی. ساڵەکانی ٦٠-٦١ ئەندامی کومیسیونی کۆمەڵایەتی حیزب بوو. لەدوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب بەرپرسایەتی کومیتەی شارستانی سەردەشتی وەئەستۆوە گرت.

هاورێی نەمر سەلام عزیزی لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب (سەرماوەزی ١٣٦٤) دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەدوای ئەو کۆنگرەیەدا، لەساڵی ٦٥وە تا بەهاری ٦٨، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزب لە بەغدا بوو.

ساڵی ١٣٦٨ بەرپرسایەتی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی پێئەسپێردرا. لە پاییزی ١٣٦٨دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کراو تا دواکاتی ژیانی لەو پۆستە گرنگەدا مایەوە.

لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتی کومیسیونی کۆمەڵایەتیو دواتر بەرپرسایەتی کومیسیونی ماڵی حیزبی لەسەر شان بوو. لەساڵی ١٣٧٤یشەوە تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری لەگەڵو هاوسەنگەرانی وەک بەرپرسی کومیسیونی سیاسی ـ نیزامی لە خزمەت حیزبەکەی دابوو. هاوڕێ سەلام عەزیزی لەماوەی دوو دەیە تێکۆشانی حیزبایەتیدا هەموو تواناو زانستی خۆی بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکانی حیزب تەرخان کرد.

ئەو کوڕی رۆژانی تەنگانەی حیزب بوو بەرامبەر بە حیزبو رێبازەکەی رۆڵەیەکی بە ئەمەگو وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕی دا ناهومێدیو لەرزۆک بوون بەدی نەکرا. کاک سەلام ئینسانێکی خەڵکیو خاکی، دڵپاکو مەجلیس خۆشو کادرو بەرپرسێکی لێوەشاوەو خۆشەویست بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لەدەست دانی کاک سەلام عزیزی بەرێوەبەرێکی بە ئەزموونی لەدەست داو گەلی کوردیش تێکۆشەرێکی وەفاداری رێگای ئازادیو دێموکراسی لە دەست چوو. کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە وێڕای غەمو پەژارەیەکی زۆر بۆ لەدەست دانی ئەو هاوڕێ بەرێزە، سەرخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاریو هاوسەنگەرانیو هەموو رێبوارانی رێگای دێموکراسی هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان، هەروا بەردەوام دەبێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک سەلام عەزیزیو هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستانو ئێران.

نەمری بۆ ناو و یادی کاک سەلامو سەرکەوتن بۆ حیزبەکەیو رێگاو رێبازەکەی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی

٢٥ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی

١٦ی ژووئیەی ١٩٩٩ی زایینی



## شەهید سەرگورد کەریم عەلیار

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە داخو پەرۆشی یەکی زۆرەوە رادەگەیەنێ کە هاوڕێی نەبەزو خۆشەویست کاک "سرگرد کریم علیار" ئەندامی کومیتەی ناوەندیو جێگری بەرپرسی کومیسیونی پێشمەرگە، لە رۆژی ١٠ی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦۴ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا بەدژی لەشکری خومەینی لە ناوچەی بانە پێکەوە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی، ئەبوبەکر کاکە برا، ناسراو بە ئەبو سەقزی، سلیمان پیروتو همزە شێخەیی لەهێزی معینی شەهید بوو. هاوڕێ "کریم علیار" چەند مانگ پاش دەست پێکردنی خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان دژی رێژیمی خومەینی، ئەرتەشی رێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی بەجێهێشتو هاتە ریزی پێشمەرگەوەو لەو کاتەوە تا رۆژی شەهیدبوونی خەباتی خۆی بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی پیرۆزی گەلی کورد بێوچان درێژە پێدا.

هاوڕێ "کریم علیار" لەبەر لێوەشاوەییو ئیمانی قووڵ بە رێبازی حیزب پاش ماوەیەکی کەم بە فەرماندەری هێزی پێشمەرگە دیاری کراو لە چەندین ناوچەی کوردستان ئەم بەرپرسایەتییەی بەچاکی بەڕێوە برد. لەماوەی شەش ساڵ بەرپرسایەتی لە کاروباری نیزامیدا چ وەک فەرماندەری هێزو ئەندامی کومیسیۆنی پێشمەرگەو چ وەک مشاویری نیزامی دەفتەری سیاسی "سرگرد علیار" نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی خاوەن بیروباوەڕو بەرپرسێکی پسپۆڕو شارەزایە. کاک "کریم علیار" ئەندامی بە دیسیپلینو کۆڵنەدەری حیزب بوو، هەرگیز لەکار ماندوو نەدەبوو و هەر ئەرکێکی لەلایەن حیزبەوە پێئەسپێردرابا بێ ئەم لاوئەولا بە ئەنجامی دەگەیاند.

بێجگە لەوانە، بەهۆی بەشەر دۆستیو لەسەرەخۆییو ئاکارو ئەخلاقی نموونە ببوو بە خۆشەویستی هەموو هاوڕێیانی حیزبیو پێشمەرگەکان. هەربۆیەش لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە رێبەندانی ساڵی ١٣٦٢دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

شەهید "علیار" یەکێک لە لێهاتووترینو شارەزاترین فەرماندەرانی نیزامی بوو کە هەموو تواناو لێزانی خۆی لە خزمەت خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان دانا. لەچەند ساڵی رابردوو لەزۆر ناوچەی کوردستان دا مەئموورییەتی ئەنجام داو لە زۆربەی شەڕەکان دا هەموو کاتێک لەریزی پێشەوەدا شەڕی کردو نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەرو بەرپرسێکی شارەزاو هەڵسوورە. بۆیە پێشمەرگەکانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لە شیمالەوە تا جنووب شەهید "کریم علیار"یان دەناسیو رێزیان لێدەگرتو خۆشیان دەویست.

شەهیدبوونی "سرگرد علیار" خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ حیزبی ئێمەو گەلی کورد بەتایبەتی بۆ خەباتی حەقخوازانەی هەموو گەلانی ئێران بە

گشتی.

حیزبی دێموکراتی ڕۆڵەیەکی نەبەزو وەفاداری لەدەست دا، بەڵام حیزبی دێموکرات حیزبی قارەمانانەو ئەگەر قارەمانێکی وەک "سرگرد علیار"ی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردووە بێگومان لە دوارۆژدا ڕۆڵەی فیداکاری ئەوتۆ پەیدا دەبن کە جێگای "سرگرد"ی شەهید پڕ بکەنەوە.

ئەندامانی حیزبی ئێمە لەمێژە پەیمانیان بەستووە لە مەیدانی خەبات بۆ ئازادی یان شەهید بن، یان سەرکەون. شەهیدی سەربەرزمان "کریم علیار" بەو پەیمانە وەفادار ما. بۆیە ڕێگای "کریم علیار" ڕێگای هەموو ڕۆڵە دێموکراتەکانی کوردستانەو ئەوان تا سەرکەوتن بەسەر دوژمنی کۆنەپەرستو دژی گەلیو تا دابین کردنی ئامانجی هەموو شەهیدان دێموکراسی بۆ ئێرانو خودمەختاری بۆ کوردستان بە خەباتی خۆیان بێوچان درێژە پێبدەن.

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهیدبوونی هاوڕێ "کریم علیار" ئەندامی لێوەشاوەی کومیتەی ناوەندیو هاوڕێیانی پێشمەرگەی لە خەڵکی کوردستانو لە گشت ئەندامانو پێشمەرگەکانی حیزبو لە بنەماڵەی ئەو شەهیدانە سەرەخۆشی دەکاو لەدەست دانی ڕۆڵەیەکی ئاوا بە موسیبەتێکی دڵتەزێن دەزانێ. بەڵام دەفتەری سیاسی دڵنیایە کە شەهیدبوونی "سرگرد علیار"و هاوڕێیانی هانمان دەدا زیاتر لە جاران لەڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل دا تێبکۆشین. ئەو ئامانجانە کە ئەوان گیانی خۆیانی بۆ بەخت کرد.

ناویان بەرزو یادیان زیندوو بێ

دەفتەری سیاسی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٤ی پووشپەڕ ١٣٦٤



## شەهید برایم سوارە

لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست کورتو نەدار لە گوندی کۆنەمەڵلالەر لە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە تەمەنی ٧ ساڵان رەوانەی قوتابخانە کرا، وەک قووتابییەکی زیرەکو بە هۆش تا پۆلی ٥ی سەرەتایی خوێند، بەڵام مۆتەکەی هەژاریو نەداری بەر دەرگای پێ گرتبوونو بە ناچار وازی لە خوێندن هێناو دەستی بەکارو کاسبی کردو لەشی شلکی دایە بەر کار.

برایم سوارە تا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بە سەر حکوومەتی پاشایەتی، بە رەنجو کوێرەوەری ژیانی تێپەڕ کرد. هەربۆیە بە تەواوی بۆی دەرکەوتبوو کە چۆن دەچەوسێتەوە. پاش ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەستی کوردایەتی لە ناو دڵیدا گەرای کرد. ئەو ئاواتەخوازی رزگاری گەلەکەی لەو وەزعە بوو، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٣٦١ی هەتاوی ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو لە هێزی بەیان سازمان درا.

ئەو هەر زوو توانی جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی دا بکاتەوەو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداری چالاکانەی کرد. بە تایبەتی لە شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، جادەی مەهاباد ـ بۆکان دا نیشانی دا رۆڵەیەکی قارەمانی رێگای ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیەتی. هەر مەئمووریەتێکی پێیان دەسپارد بە بێ راوەستان بەڕێوەی دەبرد. لەگەڵ هاوسەنگەرانی رووخۆشو لەسەرخۆ بوو. ئیمانێکی قووڵی بە ئامانجەکانی حیزبەکەیو گەلەکەی هەبوو، بەڵام بەداخەوە زۆر نەژیا تا زیاتر خزمەت بە گەلو نەتەوەکەی بکا.

بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە کاتێک دا کە لکی یەکی هێزی بەیان لەلایەن کومیتە شارستانەوە بە مەئمووریەت دەنێردرێن بۆ جنووبی کوردستان، رۆژی ١٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە گوندی سۆڵەی سەرشیوی سەقز لە شەڕی نەخوازراوی نێوخۆییدا بەداخەوە برایم سوارەو دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی رەحمان مەحموودیو عەلی ئاقلی شەهید بوونو گیانیان بەخت کرد.

# شەهید ئەبووبەکر بەهرامی

**ناسراو بە (مام حەسەن)**



ئەبووبەکر ساڵی ۱۳۴۲ لە گوندی چواردیواری ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لە بنەماڵەیەکی دەست کورت لەدایک بوو. لەکاتێک دا پێویستی بە باوکی بوو کە ئاگای لێبێ باوکی دەست قەڵەشیوو هەژاری کۆچی دوایی کرد. ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی ئەوە نەبوونیو هەژاری زیاتر بەردەرگایان پێبگرێ. بۆیە بەناچار دایکی شانی وەبەر کارداو زیاتر خۆی ماندوو کرد تا ژیانی منداڵەکانی دابین بکا. دایکی سەرەڕای دەست کورتی ئەبووبەکری ڕەوانەی قوتابخانە کرد ئەویش زۆر بەباشی رووی لە خوێندن کردو نەیهێشت دایکی ڕەنج بە خەسار بێو تا پۆلی ۵ی سەرەتایی لە گوندی"چواردیوار" دەرسی خوێند، دواتریش بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی بۆکان کرا.

بەدەست پێکردنی خۆپێشاندانەکان ئەبووبەکر لە خوێندن بێبەش مایەوە. کاتێک قوتابخانەی شۆڕش لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە کرایەوە چووە قوتابخانەو تا دووهەمی ناوەندی درێژەی بە خوێندن دا. لە کاتی پشووی هاوین دا وێڕای دایکو خوشکو براکانی بەرەو کوورەخانەکانی شەبستەر و تەورێز بەڕێ دەکەوتو بەخشت بڕینو ئارەقە ڕشتن ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی تێپەڕ دەکرد.

ئەبووبەکری تازە لاو ساڵی ۱۳۶۰ هاتە نێو ریزی شۆڕەلاوانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتو دەستی بە خەبات کرد. لەبەر دڵسۆزیو خۆشەویستی ناوی (مام حەسەن)یان لێنا. مام حەسەن لەماوەیەکی کورت دا خۆی نیشان داو لە عەمەلیاتەکان دا بەشداری ئازایانەی دەکرد. بە تایبەت هێرش بۆسەر پایگای (جەموغە) وەک پێشمەرگەیەکی ئازا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا.

پاش ماوەیەک لە هێزی بەیان لە لکی سێ سازمان درا. لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکانو شەڕی شاروێران دا فیداکاری لەخۆی نیشان داو بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. مام حەسەن ماوەیەکیش وەک پێشمەرگەی کومیتە ناوچەی پیرمحەممەد کاری کرد.

لەشەوی ۴ / ۵ / ۱۳۶۳ هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی ئاخوندی پەلاماری ئاوایی "قالوێ شێخان" یان لە ناوچەی گەورکی مەهاباد دا. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بەرەنگاری هێزی دوژمن بوونەوەو سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ هێرشکەران شەڕیان دەکرد. لەم شەڕەدا (۱۶) کەس لەهێزی دوژمن کوژرانو بریندار بوون. بەداخەوە ئەبووبەکر بریندار بوو و برینەکەی کاریگەری بوو و خوێن لە برینی چۆڕەی دەکردو بڕستی لێبڕیبوو. لە سەعات چواری بەیانی لە کاتێک دا بەهۆی خوێنڕێژی تاقەتی لێبڕابوو و بە دەنگێکی کز لەبن لێوەوە دەیگوت: بژی دێموکرات، بژی دێموکرات، وردە وردە چاوەکانی لەسەریەک داناو لە سەنگەری شەرەفو ئازادی ماڵئاوایی کردو شەهید بوون.

# شەهید ئەبووبەکر بەقاڵی



ئەبووبەکر بەقاڵی ساڵی ۱۳۴۳ی هەتاوی لە گوندی "وشتەپە"ی بۆکان لە بنەماڵەیەکی بە تەواو مانا هەژاری کوردەواریدا لەدایک بوو. سەرڕای ژیانی نەمر نەژی بنەماڵەکەی لە تەمەنی ۷ ساڵان دا ناردیانە قوتابخانە. ئەو سەرەڕای کەمو کوڕی-یەکانی ژیان پۆلەکانی دەورەی سەرەتایی بە دوای یەک دا بڕیو پۆلی ۵ی سەرەتایی تەواو کرد. بەڵام دێوەزمەی هەژاریو بێدەرەتانی ئیزنی ئەوەی پێنەدا درێژە بە خوێندن بدا بە ناچاری پشتی لە قوتابخانە کرد. ئەبووبەکر سەرەڕای کەمی تەمەنی بۆ باش بوونی وەزعی نالەباری ئابووریی بنەماڵەکەی رووی لە کاری قورسی کوورەخانە کرد.

دوای رووخانی حکوومەتی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو دوای دەست پێکرانەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات کە هەڵگری دروشمی پڕ لە نێوەڕۆکی دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان بوو و دوای ئەوەی دڵڕەشانو کۆنە پەرەستانی کۆماری ئیسلامی کە بە خوێنی هەزاران لاوو پیرو جوانی خەڵکی ئێران بە دەسەڵات گەیشتبوون داخوازی بە حەقو رەوای خەڵکی کوردستانیان بە ئاگرو ئاسن وڵام دایەوە، ئەبووبەکری تامەزرۆی ئازادیو رزگاری گەلی کورد هێنایە سەر ئەو بڕوایە پاییزی ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی پێوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبەوە بگرێو ببێتە پێشمەرگەو لە هێزی بەیان دا سازمان درا. ئەبووبەکر بە هەڵگرتنی چەکی شەڕەف ئامادەی شەڕی حەقخوازانەی گەلەکەمان لەدژی پێشێلکەرانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد بوو.

لێوەشاوەییو چالاکی ئەو ڕۆڵە بە بیروباوەڕەی دێموکرات زۆر زوو دەرکەوت بە جۆرێک کە لە ماوەیەکی کورتدا بەشداری بەربەرەکانییەکانی دژ بە هێزەکانی ڕێژیمی کردو بە حەق حەماسەو قارەمانەتی لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەی کوردستان دا تۆمار کرد. شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕێگای سەقز ـ بۆکان شاهیدی حەماسە خوڵقاندنی ئەو شێرە کوڕەی دێموکراتن.

سەرەنجام لە عەمەلیاتێکی کەمین دانانەوە لەنێوان "کوچکو سەرا" لە سەر جادەی بۆکان ـ سەقز کە لەودا زەبرێکی کاریگەرو گورچکبڕ لە هێزەکانی دوژمنی دژی گەلی سرەوێنراو ژمارەیەکی بەرچاو لە داگیرکەرانی کوردستانی تێدا کوژرانو بریندار بوون، بە داخێکی گرانەوە گوللەی دوژمن میشکی پاکو پڕ لە ئاواتو ئارەزووی ئەبوبەکری پێکاو پاش دوو مانگ پێشمەرگایەتی لە تەمەنی ۱۷ ساڵی شەهید بوو.

# شەهید ئەبووبەکر پارنج



ساڵی ١٣٤٢ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە گوندی "ئاڵیکەندی" ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایک بوو. ژیانی بنەماڵەکەی زۆر هەژارانەو باوکی زۆر دەست کورت بوو هەربۆیەش ئەبووبەکر نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو لە منداڵییەوە وێڕای بابی دەستی بەکار کردو بۆماوەی پێنج ساڵ کارداری ماڵان بوو. ئەبووبەکر لە تەمەنی ١٢ ساڵە بوو کە بابی هەژاری کۆچی دوایی کرد. مردنی بابی دەردێکی گرانتری بە دەردەکانی ئەبووبەکرەوە زیاد کرد، بەڵام چارەنووس وابوو کە لەگەڵ ژان لە دایک بێ‌و بە ژان گەورە بێ‌و خۆشی‌و چێژی ژیانیش بۆ ئەو ئاواتێکی گەورە بوو کە قەت وەدی نەهات. ئەبووبەکر ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد تا بەروبووی کاری پتر بێ‌و بۆشایی نەبوونی بابیشی لە بنەماڵەدا پڕبکاتەوە.

ژیانی ئەبووبەکری پارنج تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی. بەڵام جنایەتەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لە کوردستان بەتەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشدار کرد. هەرچەند لە هەلومەرجێکی ئاستەم دا دەژیا، بەڵام دیگوت: کاتێک نەتەوەی کورد لەنێو بچێ منیش لەنێو دەچم‌و ژیان بۆ من‌و بۆ باقی هەژارانی کوردستان مانای نیە. کاتێک ئازاد نەبم، ژیان چ مانایەکی هەیە. هەربۆیە لە گەرمەی شەڕەکانی ساڵی ٥٩ دا بڕیاری شۆڕشگێڕانەی داو لە دایکی زەحمەتکێش‌و بنەماڵەکەی ماڵئاوایی کردو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان‌و لەوێ سازمان درا. ئەبووبەکر لە ماوەیەکی کورتدا خۆی نیشانداو لەشەڕەکانی ناوچەی بۆکاندا شەری نیو شاری بۆکان، پایگای قۆچاغ، جادەی بۆکان ـ میاندواو بەشداریی چالاکانەی کرد. کوڕێکی ئازاو لەخۆبوردوو بوو. هیچ کات لە بەرانبەر دوژمن دا نەبەزی. دوژمن لە ناوی تۆقابوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە سەرەخۆو هاوسەنگەرێکی بە ئەمەگ بوو. ڕۆژی ١٩ / ٦ / ١٣٦١ هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی جامەردەوە لەژێر پشتیوانیی سێ هیلیکوپتێر هێرشێکی بەربڵاویان بۆسەر پێشمەرگەکانی لکی دووی هێزی بەیان لە نزیک ئاوایی هۆرتەکەند هێنا. پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە بەرەنگاری هێرشکەران بوونەوە. لەم شەڕەدا ئەبووبەکر لە سەنگەری پێشەوەدا بوو، لە شەڕێکی دە سەعاتەدا جارێکی دیکە سەلماندی کە شۆڕشگێڕەو لە کوورەی خەبات دا قاڵ بووە. لەو شەڕە دابوو کە حەفتا کەس لە هێزی داگیرکەر کوژراو بریندار بوو. بەدەیان چەکوچۆڵ گیرا. بەداخەوە ئەبووبەکری زەحمەتکێش لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بەناوی سەید موحیەدین حسێنی بەرپرسی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی بۆکان، خالید حەمەرەحیمی‌و لەتیف عەولا فەرەج گیانیان لە پێناو ئازادی‌و بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنان دا بەخشی‌و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدان.

# شەهید ئەبووبەکر خزری

**ناسراو بە (ئەبوو کانییەڕەشی)**



زۆرن ئەوانەی بۆ گەلەکەیان فیداکاری دەکەن. ئەبوو کانییەرەشی ژیانی کورت بوو، بەڵام پڕ لە فیداکاریو سەربەرزی بوو. ئەبوو کانییەرەشی ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی کانییەرەشی ناوچەی پیرمحەممەد لە بنەماڵەیەکی فەقیردا لەدایک بوو. هەرچەند بنەماڵەکەی دەست کورت بوون، بەڵام لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ئەبووبەکریان رەوانەی قوتابخانە کرد، ئەو وەک قوتابییەکی زیرەک چاوی لێدەکرا. لە کاتی راپەرینی گەلانی ئێران ساڵی ١٣٥٧دا، ئەبووبەکر پۆلی سێهەمی نەزەریی دەخوێند. لە زۆربە-ی خۆپیشاندانەکانی شاری بۆکان بەشداری کرد. دوای دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب ئەبوو کانییەرەشی لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات ئاشنا بوو. سەرەتا لە تێکۆشانی کۆمەڵایەتییەوە دەستی پێکرد، ئەگەرچی بەتەمەن منداڵ بوو، بەڵام لە ئاوایی خۆشیان دەویستو بەهۆی خوێندەوارىو زیرەکی جێگای متمانەی خەڵک بوو، وەک شوورای ئاوەدانی هەڵبژێردراو ماوەی دوو ساڵ خزمەتی بە خەڵک کرد.

ئەبوو کانییەرەشی ساڵی ١٣٦٢ هاتە ریزی یەکیەتیی لاوانەوەو تێکۆشانی سیاسی خۆی لەو ئۆرگانەدا دەست پێکردو زۆر زوو جێگای خۆی لەریزی لاوان دا کردەوە. ناوبراو تەنانەت لەفێربوون دا هیچ ساتێکی بەفیرۆ نەدەدا. هەرکات دەستی بەتاڵ بایە پەنای بۆ خوێندنەوە دەبردو هەوڵی دەدا پلەی زانیاری سیاسی خۆی بەرەو سەر بەرێ. لە ئاکام دا فێری نووسینی وتارو شانۆنامەش بوو، وتارەکانی رەنگدانەوەی بیروبڕوای لاوانی سەردەم بوو. چەند لە شانۆنامەکانی هاتنە سەر سەحنە. ئەبووکانییەرەشی پاش (٣)ساڵ تێکۆشان لە یەکیەتیی لاوان دا ساڵی ١٣٦٥ وەک کادری کومیتەی شارستانی بۆکان دەستی بە خەبات کرد. لە مەیدانی تازەدا بەکردەوە سەلماندیو نیشانی دا کە عەلاقەی بەکارو بە حیزبەکەیەتی، هەربۆیە وەک کادری تەشکیلاتیی ناوچەی ئەحمەدی کۆر دیاری کرا. ئەبووبەکر، لە کار لەنێو زەحمەتکێشانو بەتایبەت لاوان دا ماندوو نەدەبوو. هاوسەنگەرانی لێیان دەپرسی ئەو هەموو حەوسەلەیەت لەکوێ بوو؟ دەیگوت: کار لەنێو ئەوانە بەتایبەتی لاوان ماندووم دەحەسێنێتەوە. چونکە ئەگەر نەتوانم زۆریان فێر بکەم زۆریان لێ فێر دەبم. ساڵی ٦٦ وەک ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردراو تا کاتی شەهیدبوونی ئەم مەسئولییەتەی هەبوو. لە ماوەیەکی کەم بوو بەکادرێکی لێوەشاوەی تەشکیلاتی، بە دیسیپلینو نهێنی کارو لە هەموو وردەکارییەکانی تەشکیلاتی شارەزا بوو. بە چەشنێک کە ساڵی ٦٩ لە فێرگەی سیاسی – نیزامی بانگهێشتن کرابوو لەسەر وردەکارییەکانی تەشکیلات بۆ بەشدارانی دەورەی کادر قسەی دەکرد.

ئەبووبەکر تەنیا کادری سیاسیو تەشکیلاتی نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، ئازاو نەترس بوو لەگەڵ پێشمەرگەکان لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداری دەکرد.


ئەبووبەکر کوڕی تەنگانە بوو. کاتێک پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لەساڵی ۶۶ لە هەورامان لە کاتی هێرشی ئێران بۆ هەڵەبجە ڕێگایان گیرابوو. ئەبووبەکر زۆر خوێن ساردبوو بە هاوڕێیانی پێشمەرگەی دەگوت: بەشەر بۆ ماوەی چەند قەڕن بە گیاخواردن لەسەر ئەم زەمینە ژیاوە. چۆن ئێمە ناتوانین چەند ڕۆژێک بە گیاخواردن درێژە بە ژیانی خۆمان بدەینو بەو کارە شانازیەیەک بۆ خۆمانو بۆ حیزبەکەمان تۆمار بکەین.

ئەبووبەکر کانییەرەشی بە مانای واقعی لە ئوسوولەکانی حیزبی تێگەیشتوویی هەبوو. شەوی بەهارکە کومیتە شارستان کۆببوونەوە لە دەورییەکو قسەمان دەکرد کە بۆ بەیانی

ئەبووبەکر لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی جەلیل ڕەحیمیان بۆ ناوچە دەگەڕانەوە زۆر مات بوو. وەک ئەوەی پێیان گوتبێ شەهید دەبی. شەو خواحافیزیمان لێکردو بۆ ماڵی خۆی گەڕاوە، بەیانی زوو ماڵئاوایی لە خێزانەکەیو تروسکەی کچی کرد.ڕۆژی ۱۱ /۴ / ۷۰ بەهۆی جاسوسێکی خۆفرۆش دوژمن ئاگادار دەکەن کە ئەبوو کانییەرەشی لەگەڵ جەلیل ڕەحیمیان لە ئاوایی حوسێنمامەی بۆکان خەریکی پشوو دانن، هێزی دوژمن کە دەیزانی نێچیری چاکی دەست کەوتووە بەهەموو جۆرە چەکێک ئەو ماڵەیان ئاوربارانیان کرد. هەر دوو قارەمانی گەل لەنێو گڕی ئاگردا بوونە خەڵووز. ڕێژیمی کۆنەپەرستی نەیتوانی دەست بەسەر نهێنییەکانی ئەبووبەکردا بگرێو ئەو وهاوڕێ فیداکارەکەی شەهید بوونو چوونە ریزی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل.

# شەهید ئەبووبەکر کاکلی

ناسراو بە (ئەبوومەڵلالەری )



ئەبووبەکر ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی "چاوەرچین" سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. دەورانی منداڵی ئەبووبەکر لەوپەڕی بێبەشیو دەست کورتیدا تێپەڕیوە. هەر ئەو ژیانە ناخۆشە دەرگای خوێندنگەی لەسەر پێوەدا و لە تیشکی زانستی بێبەش کرد.

هێشتا چەند حەوتوو لە تەمەنی تێنەپەڕی بوو کە ئاغاکان لە ئاوایی بیانوویان بە بنەماڵەکەی گرتو لە ئاوایی دەریان کردن. ئەوانیش بە ناچاری سەری خۆیان هەڵگرتو لە ئاوایی "مەڵلالەر" گیرسانەوە. ژیانی لاوێتی ئەبووبەکر بە کرێکاریو کار لە شیرکەتەکانی شارەگەورەکانی ئێرانو کورەخانە چۆتە سەرو بە ئارەقەی نێوچاوانی ژیانێکی فەقیرانە، بەڵام شەرافەتمەندانەی بۆ بنەماڵەکەی دابین کردبوو.

ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی پیلانی دژی گەلیانەی رێژیمی ئاخوندی واتە چەکدارکردنی زۆرەملی خەڵکی دێهاتەکان دەستی پێکرد، ئاوایی مەڵلالەریش لەو پیلانە بێبەش نەمایەوەو چەکی زۆرەملی بەسەر دانیشتوانیدا سەپێنرا. یەکێک لەو لاوە بەهەستە چەکدارکراوانە ئەبووبەکرکاکلی بوو کە زۆر باش تێگەیشتبوو رێژیم ئەو چەکەی بۆ بەسەردا سەپاند بوونو چ مەبەستێکیشی هەیە. هەربۆیە لە شەڕی ئاوایی لەگز لەساڵی ٦٢ دەرفەتی وەدەست هێناو بەهەموو کەڵو پەلێکەوە خۆی گەیاندە پێشمەرگەکان. سەداقەتیو رەوشت پاکی ئەبووبەکر بوو بەهۆی ئەوە کە شەرەفی پێشمەرگایەتی بدرێتێو لە ریزی پێشمەگەکانی هێزی بەیان سازمان دراو تێکۆشانی بۆ رزگارکردنی گەلە بەشخوراوەکەی دەست پێکرد.


ئەبووبەکر مەڵلالەری پێشمەرگەیەکی بەنەزمو دیسیپلینو رووح سووک بوو. لە پێناو ئامانجی پیرۆزیدا فیداکاری دەنواند. لەماوەی پێشمەرگایەتیدا تا ئەو کاتەی شەهید بوو ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بە رێکوپێکی بەرێوە بردو لە بەرانبەر هیچ کەندو کۆسپێکی رێگای خەبات بەچۆک دا نەهات.

شەڕە گەورەکانی ناوچەی مەهاباد، سەقزو بۆکان و زۆر عەمەلیاتی دیکە بۆ هەمیشە شاهیدی بۆ ئازایەتی ئەو دەدەن.

رۆژی ١٥ / ٤ / ٦٨ لە کاتێک دا رێژیم هێرشی گەورەی بۆ بەرزاییەکانی چیای وەنەوشەی سەقز هێنابوو، ئاخرین فیداکاری ئەبووبەکر بوو و زەبرێکی کاریگەر لە رێژیم کەوتو هەموو بەرزاییەکانی لێئەستێندراوەو پاشەکشەی پێکرا. ئەبووبەکرمەڵلالەری کەوتە بەر گوللەی دژی گەلییەکانو شەهید کراو چووە ریزی کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبو گەل.

# شەهید ئەبووبەکر کەدخودایی

**ناسراو بە (ئەبوو جامەردی)**



ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە هەژارترین بنەماڵەی ئاوایی "جامەرد"ی سەر بە ناوچەی فەرهادتاشی بۆکاندا لەدایک بوو. دوای تێپەڕکردنی قۆناغی منداڵی بەهۆی هەژاریو دەست تەنگی دەرگای قوتابخانەی نەکردەوە. هەر لە تەمەنی ٨ ساڵییەوە رووی کردە مووچەو مەزرا. لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا وێڕای باقی بنەماڵەکەیان لە کورەخانە ئارەقەی دەڕشت تا بتوانێ ژیانێکی باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا. ئەبووبەکر زستانانیش لە کارکردن رانەدەوەستاو رووی لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێران دەکرد. ژیانی ئەبووبەکر تا راپەڕینی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ بەم شێوەیە تێپەڕ بوو. ئەبووبەکر بەهۆی گەڕان لە شارەکانی دیکە زیاتر چاوو گوێی کرابۆوە.

دوای هاتنە سەرکاری رێژیمی ئاخوندیو زەبرو زەنگی ئەو رێژیمە لە کوردستان ئەبووبەکر نەیتوانی چیدیکە تەحەموول بکاو بۆیە بڕیاری شۆڕشگێڕانەی خۆی داو لەساڵی ١٣٦٣هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتو لەهێزی بەیان سازمان درا. لەماوەیەکی زۆر کورت دا جێگای خۆی لەنێو پێشمەرگەکان دا کردەوە.


ئەبووبەکر ئیمانی قووڵی بە رێبازی حیزبەکەی بوو، کوڕێکی فیداکارو ئازابوو و هەوڵی دا فێری خوێندنو نووسینی کوردی بێو لەماوەی یەک ساڵدا دوو پۆلی دەرس خوێند.

ئەبووبەکر بەهۆی لێهاتوویی ماوەیەک لەگەڵ کومیتە ناوچەی ئاڵەشینو فەرهادتاش کاری دەکرد. پێشمەرگەیەکی بە ئەخلاقو خەڵک خۆشەویست بوو. ساڵی ٦٧ وەک سەرپەل دیاریکراو لەم پۆستەش دا بەهەست کردن بە بەرپرسایەتی ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. شەڕە بەناوبانگەکانی بۆکانو مەهاباد وەک، تۆپخانەی حسێن ئاباد، جادەی میاندواو - بۆکان، شەڕی بەردە هەڵۆ، گوردانی نۆبار شاهیدی

بۆ فیداکاری ئەبووبەکر دەدەن. لە ساڵی ٦٧ دووجار لەگەڵ دوژمن لەشەڕدا بریندار بوو هەرچەندە دەستێکی فەلەج بوو، بەڵام ورەی هەر بەرز بوو. لە ساڵی ١٣٧٠ وەک جێگری لک دیاری کرا. ئەبووبەکر وەک بەنەزمترین پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە هێزی بەیان چاوی لێدەکرا، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا تا زیاتر خزمەت بەگەلەکەی بکا.

شەوی ٢٧ / ٤ / ١٣٧٠ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە جادەی سەقز ـ بۆکان دەپەڕینەوە کە لەناکاو کەوتنە بەر دەستڕێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو ئەبووبەکر کەوتە بەر گوللەی دژی گەلییەکانو خوێنی رژایە سەر خاکی کوردستانو شەهید بوو ئاڵای خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

# شەهید ئەحمەد خزری



ئەحمەد ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی گردی قەبرانی ناوچەی بۆکان دا چاوی بە دنیا هەڵێنا. تەمەنی منداڵیی لەگەڵ باوکی زەحمەتکێشو براو خوشکەکانی دوور لە هەموو خۆشییەکانی ژیان تێپەڕ کرد. سەرەڕای دەست کورتی بنەماڵەکەی رەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێند. بەڵام نەداریو هەژاری رێگای نەدا ئەحمەد چیدیکە درێژە بە خوێندن بدا هەربۆیە رێگای مووچەو مەزرای گرتەبەر تا لە قورسایی ئەرکی سەر شانی باوکی کەم بکاتەوە. ئەحمەد تازە لە سەردەمی لاوی دابوو کە سێبەری بابی دەست قەڵشیوی لەسەر لاچوو. هەر بۆیە ئەحمەدی لاو وێڕای باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی روویان کردە کوورەخانەکانو بە خشت بڕینو ئارەقە ڕشتن لەبەر گەرمای هاوین بژێوی خۆیان دابین دەکرد.

ئەحمەد وەک قادرو تاهیری برای بۆی دەرکەوت کە چەوسانەوە چیە؟ زوڵمو زۆری چیە؟ بۆیە رزگاری لەم وەزعە بۆ ئەو ئاواتێکی گەورە بوو. هەر بەم بۆچوونەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەشداری کرد، چونکە رزگاربوون لەو وەزعە لەگەڵ خوێنیو دەمارەکانی تێکەڵ بوو، هەر چەند تاهیری برای پێشمەرگە بوو، بەڵام جینایەتەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، ئەویان هێنایە ئەو بڕوایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی رێژیم لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا بچێتە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو شان بە شانی براکەی لە سەنگەری خەباتو تێکۆشان بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان بێتەوە.


ئەحمەد هەر زوو نیشانی دا کە پیشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانەو لە پێناو ئامانجەکانی حیزب وگەلەکەیدا ئامادیە گیانی ببەخشێ. لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی رێژیمی ئاخوندیدا ورەو ئازایەتیی خۆی نواند. ئەحمەد خزری لە مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە کاتێک دا لەگەڵ ٥ کەس لە هاورێیانی بۆ گوندی قاجر دەچوون کەوتنە کەمینی دژی گەلیەکانو پاش شەڕێکی کورت بە دیل گیرا.

ئەحمەدی خۆڕاگر، ئەشکەنجەو ئازار نەیتوانی بە چۆکی دابێنێ، ئیرادەی پۆڵاینی پێشمەرگەی لە خۆیی دا هێشتەوە، لێوی هەڵنەپچڕیو هەروا قارەمانەتی لەخۆ نیشان دا. سەرەنجام پاش دوو ساڵ مانەوە لە سیاچاڵەکانی رێژیمو ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، لە دەرفەتێکدا کەڵکی وەرگرتو ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بەندیخانە ڕای کردو خۆی گەیاندە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان. ئەحمەد خزری لە زیندان نەک ئیرادەی پۆڵاینی تێک نەشکابوو، بەڵکوو لە جاران بەهێزتر بەربەرەکانیی دەکرد. ورەی هەروا بەرزو لە شکان نەهاتوو بوو و لە شەڕەکان دا بەشداریی چالاکانەی دەکرد. ئازایەتی ئەو بوو بەهۆی ئەوە کە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا وەک سەرپەل دیاری بکرێو دواتریش لە کۆتایی زستانی ١٣٦٤ی هەتاوی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ئەحمەد ئەو مەسئوولییەتەی بەو پەڕی عەلاقەوە وەرگرتو سەلماندی کە توانایی بەڕێوەبردنی ئەم مەسئوولییەتەی هەیەو زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بە فەرماندەیی ئەو بەڕێوە چوو. ئەحمەد وەک تاهیری برای بە هەموو وجوودییەوە حیزبی خۆش دەویستو باوەڕی پێ بوو. ئیمان بە رێبازەکەی وای لێکردبوو چاوی لە گوللە نەدەترساو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی

خۆڕاگری دابێ.

ئەحمەدی ڕۆژی ۲۳ی خەرمانانی ۱۳۶۵ی هەتاوی لە بەرنگارییەکی قارەمانانە لە پشتی ئاوایی حاشیاباد کەوتە بەر دەستڕێژی چەکدارەکانی حیزبی کۆمونیستو گیانی لە پێناو ئامانجەکانی حیزبو گەل دا بەخشی. ئەحمەد خزری سێهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.


## شەهید سەید ئەحمەد عەزیزی



سەید ئەحمەد عەزیزی ساڵی ۱۳۳۶ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی وەرزێری گوندی قەرەکەند دا چاوی بە جیهان پشکوت. لە داوێنی دایکێکی پاکو ساکار دا گەورە بوو. هەر لە منداڵیشەوە لە مووچەو مەزرا بە گەرمای هاوینو ڕەنجو کوێرەوەری عادەتی گرتبوو. بە لەشی کزو بێتاقەتی کاری دەکرد. لەبەرئەوەی منداڵێکی ژیرو وریا بوو خۆشەویستی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو. لە تەمەنی ۶ ساڵیدا ناردیانە قوتابخانە، لە قوتابخانەدا زۆر جوان دەرسی دەخوێندو لە کاتی بێکاریش دا لە یاریدەدانو هاوکاری بنەماڵەکەی دەریغی نەدەکردو شان بە شانی ئەوان کاری دەرکرد. سەید ئەحمەد پاش ئەوەی دەورەی سەرەتایی قوتابخانەی تەواو کرد لەبەر ئەوەی ئۆگری کاری فەننی بوو و ئیستیعدادی لە کاری فەننی دا زۆر بوو چوە کانوونی کارئامووزی شاری مەهابادو ماوەی 3 ساڵ لە کانوون دا کاری کرد تا ڕادەیەک توانی لە کاری فەننی دا ئەزموون پاشەکەوت بکا. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن چووە شاری ئیسفەهانو لە هونەرستانی سەنعەتیی ئەو شارەدا دەستی بە خوێندن کردو دیپلۆمی فەننی لە هونەرستانی سەنعەتی ئیسفەهان وەرگرت. خوێندن لە شارێکی دوورە دەستی وەک ئیسفەهان شوێنێکی قووڵی لەسەر هەستو بیری سەید ئەحمەد دانا. ئەو لە گوندێکی وەک قەرەکەند دا گەورە ببوو، دیتنی شارێکی گەورەی وەک ئیسفەهان ژیان لەگەڵ چوارچێوەیەک دا کە لەگەڵ دنیای زەینیی ئەودا فەرقێکی زۆری هەبوو شوێنی لەسەر بیری ئەم لاوە داناو دەرگای دنیایەکی نوێتری بەسەر مێشکو زەینیدا کردبۆوە. جیاوازیی ژیانی خەڵک پرسیارێکی لە دەروونی سەید ئەحمەد دا هێنابووە گۆڕێو پتر لەگەڵ کەمو کوڕیەکانو دەردو زامەکانی کۆمەڵ ئاشنای کرد. ئەوانەش بوونەتە هۆی ئەوە کە پتر هەست بە مەزلوومییەتو بێبەشیی نەتەوەکەی بکا. چوون بۆ سەربازیو دیتنی سەربازخانە نیزامی¬یەکانو ڕەفتاری فەرماندەکان لەگەڵ ژێردەستەکانیان هێندەی دیکەی سەید ئەحمەدی لەگەڵ دنیای پڕ مەینەتو زوڵمو زۆری ئاشنا کرد. سەید ئەحمەد پاش تەواو بوونی خزمەتی ئیجباری گەڕایەوە گوندەکەیانو شان بەشانی ئەندامانی بنەماڵەکەی دەستی بەکارو زەحمەت کێشان

کردەوە. بەدەست پێکردنی خۆپیێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی شا، ئەویش وەک لاوێکی خوێندەوارو ناڕازی، لە خۆپیێشاندانەکان دا بەشداریی کرد. پاش ئەوەی ڕێژیمی شا رووخاو حیزب خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێکردەوە، وەک لایەنگرێکی بەئەمەگو دڵسۆزی حیزب دەستی بە کار کرد.
لە ساڵی ١٣٥٨دا سەید ئەحمەد لە تاقیکاری کۆنکۆردا بەشداری کردو لە لقی فیزیکیدا وەرگیرا. زانستگا بۆ ئەو لاوە تێکۆشەرە دنیایەکی نوێی دیکە بوو.
سەید ئەحمەد عەزیزی لە شاری سنە بوو کە ڕێژیمی کۆنەپەرەستانی دەستەڵاتدار لە بەهاری ١٣٥٩ی هەتاویدا بە هێرش کردن بۆ سەر ئەو شارە شەڕی بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاندو لەشکریانی خومەینی کۆنەپەرستو پاشماوەی ئەرتەشی ڕێژیمی شا نزیک بە مانگێک شاری قارەمانی سنەیان خستە بەر ڕەهێڵەی ئاورو ئاسن، بە قەولی یەکێک لە گەورە فەرماندە جینایەتکارەکانی لەشکری ٢٨ی کوردستان لە ماوەی هەر کاتژمێرێک دا رادەی ٤٥٠ گوللە تۆپو خومپارەیان بەسەر خەڵکی شاری سنە دا دەباراند. لەو شەڕە قارەمانانەیەدا کە خەڵک بە هەموو توانانەوە دیفاعیان لە خۆیان دەکرد، سەید ئەحمەدیش شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەڕی دیفاع لە مانو مەوجوودییەتو کەرامەتی خەڵکی شاری سنە دا بەشداریی کرد. پاش تەواو بوونی شەڕی نێو شاری سنە لە لایەن پاسدارەکانی خومەینیی‌یەوە گیراو رەوانەی ئەشکەنجەخانەکانی ڕێژیم کرا. دوای ماوەیەک مانەوە لە زیندانی سنە ناردیانە زیندانی ئێوین لە تاران. لەوێش بێحورمەتیو ناحەزترینو دڕندانەترین رەفتاری جەلادە خوێن مژەکان بەشی کوڕە کوردی خاوەن هەستو تێکۆشەر بوو. سەرئەنجام دوای (٨)مانگ لە زیندان ئازاد کراو گەڕایەوە شاری بۆکان. دوابەدوای ئازادبوون لە زیندان بە ڕەسمی چووە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە ئیمانێکی بەهێزترو بیروباوەڕێکی قووڵتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادیو هەموو ئەو کەسانەی خەونی نابوودیی گەلی کوردیان دیبوو هەڵماڵی. لە نێو ریزەکانی حیزب دا بەهۆی لێهاتوویی‌و تێگەیشتوویی لە لایەن کومیتە شارستانی بۆکانەوە ناردرایە دەورەی سیاسیو پاش تێپەڕ کردنی سەرکەوتوانەی ئەو دەورەیە گەڕایەوە بۆکانو ئەمجار بە ئەزموونێکی پتری سیاسی‌یەوە وەک کادرێکی لێزانو لێهاتووو هەڵسوور دەستی بەکار کرد. دواتر لە کۆنفڕانسی کومیتە شارستانی بۆکان دا بە ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرا. لەبەر وریاییو هەڵسوور بوونو خەڵکی بوونو سەرو زمان خۆشی بەرپرسایەتیی بەشی شەهیدانی ئەو کومیتەیەی پێئەسپێردرا. سەید ئەحمەد زۆر بە ڕێکوپێکی ئەم ئەرکەی بەڕێوە دەبردو سەردانی بنەماڵەی شەهیدانی دەکردو لەگەڵیان دا دادەنیشتو دڵداریی دەدانەوەو لە کات وەعدەی خۆیدا یارمەتیی حیزبی پێدەگەیاندنو بەم شێوەیە جێگەی خۆی لە نێو بنەماڵەی شەهیدان دا کردبۆوەو بە ئاکاری جوان هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی جێی شەهیدانی بۆ بنەماڵەکانیان پڕ کردبۆوە.
سەرئەنجام لە کاتێک دا کە ڕۆژی ٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کە بۆ سەردانی بنەماڵەی شەهیدان چوو بۆوە گوندی "گردیقەبران" لە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان، دوژمنی دژی گەلی هەست بە بوونی دەکاو بە هێزێکی زۆرەوە بۆ لە داوخستنی ئەو ڕۆڵە کۆڵنەدەری دێموکرات دەوری ئاوایی گەمارۆ دەدا. کاتێک سەید ئەحمەد لە پیلانی دوژمن ئاگادار دەبێتەوە بڕیار دەدا لە بەرامبەر هێزی دوژمندا راوەستێو شۆڕشگێڕانە بەرگری بکاو هەربۆیە شەڕێکی قارەمانانە دژی هێزە کۆنەپەرەستەکانی کۆماری ئیسلامی دەست پێدەکا. بەڵام بەداخەوە سەید ئەحمەدی قارەمان کە دوژمن وەک جاڵجاڵووکە بە تەواوی دەوری تەنیبوو ناتوانێ لە گەمارۆی دوژمن رزگاری بێو بە گوللەی جینایەتکارانو دوژمنانی ئازادی دەپێکرێو دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان دەکەوێو بەم چەشنە بە کاروانی شەهیدانی کوردستان پەیوەست دەبێ. شایانی باسە تەرمی لاوی بە ئەمەگی دێموکرات، پێشمەرگەی دڵسۆزو بە بیروباوەڕەی حیزبەکەمان کەوتە دەستی دوژمنو ئێستا بنەماڵەو هاوسەنگەرانی بۆیان روون نیە لەکوێ، دایکی نیشتمان لە ئامێزی گرتووە پارێزگاری لە لەشی لەخوێن دا شەلاڵی ڕۆڵە جوانەمەرکەگەی دەکا.

# شەهید ئەحمەد قادری




ئەحمەد قادری ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی دەست کورت لە گوندی خورخورەی ناوچەی گەورکی مەهاباد لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ بێبەشیو کوێرەوەری دەستەویەخە بووە، لە تەمەنی ٧ ساڵان دا نێردرایە قوتابخانە. دواتر ماڵیان لە خورخورەوە چوە شاری بۆکانو لەوێ تا کۆتایی پۆلی یەکەمی ناوەندی درێژەی بە خوێندن دا. هاوینان کە قوتابخانەکان دەبەستران وێڕای بنەماڵەکەی دەچوە کوورەخانەکانو کاری دەکرد. ژیانی پڕ لە رەنج و مینەتو زەبروزەنگی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی ئیسلامیو سیاسەتە دژ بە کوردەکانی ئەو رێژیمە ئەویان هان دا بە مەبەستی خەبات دژی دەسەڵاتداریێتی سەرە رۆیانەی رێژیم ساڵی ١٣٦٢ روو بکاتە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات وناوبراو دوای سازمان دران لە هێزی بەیان دا تێکۆشانی پێشمەرگایەتیی خۆی دەست پێکرد. ئەحمەد هەموو لێوەشاوەیی خۆی بۆ خزمەتی حیزبو گەلەکەی تەرخان کرد. زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. لە شەڕەکاندا ئازاو بە ورەو لە بەڕێوەبردنی مەئموورییەتە جۆراوجۆرەکان دا بێ دەریغ بوو. دووجار لەشەڕ لەگەڵ دوژمنانی حیزبو گەل دا بریندار ببوو.


ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بۆ دیتنی دەورەی دەرمانی رەوانەی فێرگەی حیزبو نەخۆشخانەی شۆڕش کرا. دوای دیتنی دەورەکەی سەرکەوتووانە گەڕایەوەو دەستی بەکاری دەرمانی لە نێو پیشمەرگەکان دا کرد. لە شەڕەکان دا سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ

پێشمەرگەکان دابوو و لە کاتی بریندار بوونیان دا زوو دەگەیشتە سەریانو بۆ دەرمان کردنیان لە هیچ فیداکاریو زەحمەتێک خۆی نەدەپاراست. دواتر بەهۆی سیفەتە شۆرشگێرییەکانیو ئیمانی قووڵی بە رێبازی حیزب ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی وەک کادری تەشکیلاتی لە کومیتە شارستانی بۆکان دا سازمان درا. لەو کارەشدا لە هیچ فیداکارییەک دەریغی نەدەکرد.

رۆژی ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە کاتێک دا ئەحمەد قادری لەگەڵ هاوڕێیانی تاهیر حامیدیو محەممەد ئەحمەدشەم لە ئاوایی "شێخلەر" هەڵکەوتوو لە 5کیلۆمیتریی شاری بۆکان دەمێننەوە، کاتژمێر 5ی ئێوارێ دوژمن پێیان دەزانێو بە هێزێکی زۆرەوە گەمارۆیان دەدا. رۆڵەکانی حیزبو گەل بەرەنگاری لەشکریانی دوژمن  دەبنەوە، بەوپەڕی ئازایەتیو ئیمانەوە شەڕ دەکەن تا هەرسێکیان پێکەوە شەهید دەبن. ئەوان دەیانزانی کە لەو شەڕە نابەرانبەرەدا شەهید دەبن، بەڵام شەهید بوونی سەربەرزانەیان بە سەر تەسلیم بووندا هەڵدەبژێرنو بەم هەڵوێستەیان دەرسێکی دیکەیان فێری تێکۆشەرانی حیزبو گەل کرد.

# شەهید ئەحمەد کوهگرد

**ناسراو بە (وەستا ئەحمەد)**



وەستا ئەحمەد لەساڵی ١٣٤١ لەشاری بۆکان مەکۆی بیری ئازادیو کوردایەتی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو. لە باوەشی دایکیداو بە ئاوی حەوزە گەورەی بۆکان گەورە بوو. لەتەمەنی شەش ساڵی رەوانەی قوتابخانە کرا، بەزەحمەت تا پۆلی 5ی سەرەتایی خوێند. هەژاری یەخەی پێگرتبوو. بەناچاری وازی لە خوێندن هێناو لەشی شلکی دایە بەر کرێکاریو پاش ماوەیەک وەک شاگرد بەننا کاری دەکرد. دوای ساڵێک وەک بەننایەکی شارەزاو کارجوان کاری کردو هەربۆیەش لەنێو خەڵکو دواتر لە ریزی پێشمەرگایەتی بە وەستا ئەحمەد ناوبانگی دەرکردبوو. لە خۆپیشاندانەکانی شاری بۆکان دەنگی لەگەڵ دەریای خرۆشانو نارەزایەتی خەڵک بەرامبەر بە رێژیمی شا تێکەڵ کرد.

دوای دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، وەستا ئەحمەد هاتە سەر ئەو باوەڕە بۆ ژیانێکی بەختەوەرانەو ئازادانە خەبات بکا. هەربۆیە ریزی شۆڕە لاوانی دێموکراتی هەڵبژاردو بەهۆی ئیمانی قووڵی بە رێبازەکەی ساڵی ٥٩ وەک ئەندامی بەرێوەبەری یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردرا.

وەستا ئەحمەد بەدوای داگیرکردنی شاری بۆکان، لەساڵی ١٣٦٠ لەلایەن رێژیمی ئاخوندییەوە بەهۆی عەلاقەیەک کە بە کاری نیزامیو پێشمەرگایەتی هەیبوو، چوە هێزی بەیانو لە ماوەی ساڵێک ئازایەتیو لێوەشاوەیی خۆی دەرخست. بۆیە بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا.

دەرکەوتنی وەستا ئەحمەد، لەمەیدانی کردەوەدا بوو بەهۆی ئەوە زۆر زوو پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێو ساڵی ٦٢ وەک جێگری لک دیاری کرێو هەر لەو ساڵەش دا بوو بە فەرماندەری لک. وەستا ئەحمەد رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر بە تایبەتی لەباری نیزامی زانیاری خۆی پەرە پێدەدا.


ساڵی ٦٤ وەک سەرپەرستی هێز دیاری کراو لە ساڵی ٦٥ وەک جێگری هێزو سەرئەنجام ساڵی ٦٧ دا وەک فەرماندەری هێز دیاری کرا. وەستا ئەحمەد دەیان شەڕی گەورەو بچووکی لە ناوچەی بۆکان – سەقز – مەهاباد فەرماندەری کرد. دەست بەسەرداگرتنی مۆڵگەی ترکاشە، مەڵلالەر، باغلۆجەو نۆبار کە دوژمنی تەزاند بە فەرماندەری ئەو شەهیدە نەمرە بوو. لە شناساییدا زۆر دەقیق بوو. ئەگەر لە سەرکەوتنی عەمەلیات دا دڵنیا نەبا بەرێوەی نەدەبرد.

وەستا ئەحمەد خۆشەویستی خەڵک بوو. دوژمن لێی دەترسا، چونکە دەیزانی حیزبی دێموکرات لە وەستا ئەحمەدی زەحمەتکێش شۆڕشگێرێکی شێلگیری رێگای دێموکراسیو مافی چارەنووسی ساز کردوە. رێژیم زۆر پلانی بۆ گێرا بەڵام، هیچ پیلانێک کاری تێنەکرد. تەنانەت خێزانەکەی

خرایە بەندیخانە، بۆئەوەی بتوانن وەستا ئەحمەد بە چۆک دا بێنن، بەڵام وەستا لە پێشوو زیاتر ئیمانی بە خەباتەکەی بوو. چەندین جار لە شەڕدا بریندار بوو.

ئێوارەی ١٧ / ٧ / ٦٧ خۆر دوا تیشکی خۆی لە کێوو پێدەشتەکانی ناوچەی تورجانی بۆکان دەداو لە کاتێک دا تینو گەرما بەرەو کزی دەچوو، لە پشت کێوەکان ماڵئاوایی دەکردو جێی خۆی بە تاریکی شەوەزەنگی پاییز دەدا. وەستا ئەحمەد لەگەڵ چەند هاوسەنگەری چاوەڕوان بوون هەوا تاریکتر بێ ئەمجار جەرگی شەو بدڕنو بۆ ئەنجامی کاری حیزبی بچنە نێو گوندی "قاقلاوە". لە دوورەوە چاویان لە جموجۆڵی خەڵک بوو. بەرەبەرە بێدەنگی تەواو بەسەر ئاواییدا زاڵ بوو دەنگی هیچ بوونەوەرێک نەدەهات. وەستا ئەحمەد لەگەڵ سێهاوسەنگەری دیکەی لە ئاوایی نزیک بوونەوە، بێخەبەر لەوەی تاریک پەرستانی دڵ ڕەش کەمینیان بۆ ناوەتەوە. هەر کە گەیشتنە یەکەم ماڵ لە هەموو لایەک کەوتنە بەر دەستڕێژی چەکی دوژمنو لەم دەست ڕێژەدا دوژمن کاری خۆی کرد. بەیەک دەستڕێژ وەستا ئەحمەد بریندار بوو. لەم حاڵەش دا ورەی بە پێشمەرگەکان دەداو دەیگوت: لێیان دەن. بەداخەوە بە کۆڵی هاوسەنگەرەکەیەوە جارێکی دیکە گوللەی بەرکەوتەوە هاوسەنگەرەکەشی بریندار بوو. وەستا بۆ هەمیشە لە هاوسەنگەرانی ماڵئاوایی کرد. چاوەکانی لەسەریەک دانا لە ئامانجەکانی کە بۆی ژیاو بۆی مرد، لە گەلەکەی کە خۆشی دەویستو خۆشیان دەویست، لە هاوسەنگەرانی کە ڕێزیان دەگرتو ڕێزی دەگرتن، لە حیزبەکەی کە شانازیی پێوە دەکرد ماڵئاوایی کرد.

## شەهید ئەسعەد سەید ئەحمەدی



ناسراو بە )سمکۆ(ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی وەرزێرو شۆڕشگێر لە گوندی "کوچک وەتەمیش" لە ناوچەی ئەحمەدی کوری بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. لە تەمەنی ٦ ساڵی دا چوە قوتابخانە، زۆر زیرەکانە تا پۆلی ٥ی سەرەتایی لە ئاوایی " کوچک وەتەمیش" دەرسی خوێند، پاشان بۆ درێژە پێدان بە خوێندنی دەورەی ناوەندیو دواناوەندی رووی کردە شاری بۆکان. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دیپلۆمی وەرگرت.

ئەسعەدی لاو لە قوتابخانە زۆر خۆشەویست بوو. ڕێزی لە خەڵک دەگرتو خەڵک ڕێزیان لێ دەگرت. لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە دژی حکوومەتی پاشایەتی، بەشداریی چالاکانەی کرد. بەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیو دامەزرانی ڕێکخراوی حیزبی لە بۆکان، وەک لاوێکی بەهەست هاوکاریی یەکیەتیی لاوانی دەکردو بەم چەشنە زیاتر لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزب ئاشنا بوو. بەدوای داگیرکردنی شاری بۆکان لە

ساڵی ۱۳۶۰ی هەتاویدا لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە، ئەسعەدی شۆڕشگێڕو ئازا لە لایەن کومیتە شارستانی بۆکانەوە وەک بەرپرسی شانەکانی تەشکیلاتی نێو شار دیاری کرا.


ئەسعەد سەید ئەحمەدی (سمکۆ) ئەو مەسئوولییەتەی بە گیانو دڵ قبووڵ کردو بە فەرماندەیی ئازایانەی ئەو و بە دەستی پارتیزانە نهێنییەکان دەیان عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانە لە ساڵی ۶۱ ، ۱۳۶۰ی هەتاوی لە نێو شاری بۆکان بەڕێوە چوو و هەموو هەفتەیەک لاشەی خۆفرۆشان یان پاسدارە بەکرێگیراوەکانی رێژیم لەسەر شەقامەکانی بۆکان دەکەوتن.

ئەسعەد لە ساڵی ۱۳۶۱ی هەتاوی لە لایەن رێژیمەوە شناسایی کراو بە ناچار شاری بەجێ هێشتو هاتە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لە لکی یەک سازمان درا. (سمکۆ) هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو خۆی نیشان داو لەبەر لێهاتووییو ئازایەتی وەک سەرپەل دیاری کرا. لەم مەسئوولییەتەش داسەربڵێندو رووسوورو سەرکەوتوو هاتە دەر. لە عەمەلیاتەکانی ناوچەی بۆکان فیداکاریی لە خۆی نیشان داو سەلماندی کە لە هەموو شوێنێک دژی زۆرداران بە وەرەیەو ئازایانە بەگژ داگیرکەران دا دەچێتەوە.

رۆژی ۹ی پووشپەڕی ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی لە شەڕێک دا کە ۱۱ کاتژمێری خایاند لە ئاوایی ئەربەنووسی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، لە بەربەرەکانییەکی قارەمانانە کە دواین فیداکاریو خۆڕاگریی ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی دێموکرات بوو و لەودا زیاتر لە ۱۲۰ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژرانو چەندین ماشێنو دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر بە دەسکەوت گیرا، بەداخەوە سمکۆ لەگەڵ (۷) هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی محەممەد عەبدی، مەنسوور سوارە، ئیسماعیل عەبدی، لەتیف رەشیدی، رەسووڵ خورسەندی، بەهمەن سام بەگیو هەمزە حیجازی شەهید بوونو خوێنی پاکیان تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمان بوو و دەشتی ئاڵەشینیان سوورپۆش کرد.

## شەهید سمایل رەحیمزادە

**ناسراو بە (مامۆستا ئازاد)**



اسماعیل رەحیم زادە ناسراو بە مامۆستا ئازاد ساڵی ۱۳۴۳ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری بۆکان لەدایک بوو. ژیانی منداڵی لەژێر سێبەری رەشو قورسی هەژاریو دەست تەنگیدا تێپەڕ کرد. لەتەمەنی شەش ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراو تا سێهەمی نەزەری درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ۱۳۵۷ مامۆستا ئازاد لە خۆپێشاندانەکانی شاری بۆکاندا بەشداری کرد. ئازاد دوای روخانی رێژیمی شا لەگەڵ (اتحادیە

کومونیستەکان) پێوەندی گرتو بۆماوەیەک لەم ڕێکخراوەیەدا تێکۆشانی سیاسی هەبوو. ساڵی ۱۳۶۰ ئەم ڕێکخراوەیە شەڕێکی لە شیمالی ئێران دەست پێکرد. ئازاد وەک ئینسانێکی ئازا بەرەو شیمالی ئێران بەڕێ کەوتو لەشەڕی "ئامول"دا قارەمانەتی‌یەکی بەرچاوی لەخۆی نیشان دا.

سمایل هەمیشە بێوچان خەریکی خوێندنەوە بوو ئەو خوێندنەوەیە لە پێگەیاندنو بردنە سەری ئاگاهی‌و سیاسی بوونی ئەودا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو.

ساڵی ۱۳۶۲ هەستی بە چەوتی ڕێبازی (اتحادیە کومونیستها) کردو ئەم ڕێکخراوەیەی بەجێهێشتو وەک لاوێکی شۆڕشگێڕی کورد هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو لەسەر داوای خۆی وەک پێشمەرگە لەهێزی بەیان دا سازمان درا. لەماوەیەکی کورت دا جێگای خۆی کردەوە. لەشەوی ۱۳ی بەفرانباری ساڵی ۶۲ لەسەر جادەی بۆکان ـ میاندواو لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا. ساڵی ۱۳۶۳ی هەتاوی بەهۆی لێوەشاوەیی لەلایەن حیزبەوە وەک مامۆستا لە فێرگە سیاسی ـ نیزامی دیاری کراو ئەرکی پەروەردەکردنی لاوانی شۆڕشگێڕی تازە هاتوو بۆ ڕیزی پێشمەرگەکانی پێ‌ئەسپێردرا. ئازاد لە فێرگەش نموونەی مامۆستا بوو. بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە ئەرکەکانی بەجێ‌دەگەیاند. مامۆستا ئازاد لەساڵی ۱۳۶۵ گەڕایەوە کومیتە شارستانی بۆکانو وەک کادری لک کاری دەکردو ئاموزشی سیاسی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانی پێ‌ئەسپێردرابوو.

ئازاد بێجگە لەوە پێشمەرگەی ئاموزشی سیاسی دەدا، لە شەڕەکان دا بەشداری دەکردو ئازایەتی‌یەکەی وێردی سەرزمانی هاوسەنگەرانی بوو. بەتایبەت لە شەڕەکانی "بەردە هەڵۆ"و "حسین ئاباد"دا  نەخشی چاکی گێڕا. لەشەڕی حسین ئاباددا گوللە تۆپێک لەبەردەمی تەقیەوە چاوی بۆ چەند ساتێک پڕ بوو لە خاکو خۆڵو بەعەرزێ‌دا کەوت بێ‌ئەوەی دەنگی بێ. دوو قامکی خۆم ڕاگرت گوتم سەرت هەڵێنە بزانم ئەوە چەندە؟ چاوی هەڵێنا گوتی هێشتا کوێر نەبووم، دەبێ دوژمن لەگۆڕ نێم! هەربۆیە لەم شەڕەدا ئازایەتی بێ‌وێنەی هەبوو.

مامۆستا ئازاد بەهاری ساڵی ۱۳۶۶ بەئەندامی کومیتەی شارستانی بۆکان دیاری کرا. بەدڵگەرمی زیاترەوە تێکۆشانی خۆی درێژە دا. لە کۆنفرانسی ۸ی کومیتەی شارستاندا دیسان وەک ئەندامی کومیتەی شارستان هەڵبژێردرایەوە. سەرەڕای بەرپرسایەتی سیاسی لک وەک بەرپرسی تەشکیلاتی شاری بۆکان دیاری کرا. ئازاد ئیمانی قووڵی بە ڕزگاری گەلەکەی هەبوو.ڕۆژی ۱ / ۶ / ۶۷ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو پێشەوا لە بەرزایییەکانی پشتی کولیجەو قەمتەرێ خەریکی پشوودان بوون کە هەواڵیان  پێدان دوژمن هێزی هێناوەو نیازی هێرش کردنی هەیە. مامۆستا ئازاد لە حالێک دا بە بزەوە ڕەختەکەی دەبەست گوتی: ئەگەر ئەرتەشی ئێرانم وەسەر گەرێ مەنزوورم نیە، چونکە من لەمێژە ساغ بوومەوە خۆم بۆ شۆڕش داناوە. دوای گوتنی ئەم چەند قسەیە لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان بەرەو بەرزایی‌یەکان سەرکەوتن.  سەعات 3ی دوانیوەڕۆ شەڕێکی گەرم لە چوار لاوە دەستی پێکرد. هێشتا نیوسەعات لەشەڕ تێنەپەڕی بوو، کە هەواڵی شەهیدبوونی ئازاد لەنێو هاوسەنگەرانی‌دا بڵاوبۆوە بەخوێنی پاکی خۆی چرای سەرفرازی گەلەکەی ڕووناکتر کرد. لە قایشی بێسیمەکەی بە خەتێکی خۆش نووسیبووی "بژی ئازادی، بژی دێموکرات"ئەو دروشمە بەخوێنی مامۆستا ئازاد ئەوەندەی دیکە ڕەنگابوو. لەم شەڕەدا خوێنی ئازاد تێکەڵ بەخوێنی دوو هاوسەنگەری دیکە بە ناوەکانی، عەلی تنومندو عزیز کیانی بوو.

# شەهید سمایل ڕەزایی



شەوی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی ئیسماعیل ڕەزایی‌و دوو هاوسەنگەری دیکەی پاش چەند ڕۆژ ڕێپێوان‌و تێپەڕکردنی ڕێگایەکی زۆر بە ماندوویی‌و شەکەتیەکی زۆر خۆیان گەیاندە گوندی کەڕێزانی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان‌و بڕیاریاندا لەم گوندەدا پشوویەک بدەن‌و سبەی خەریکی کاروباری حیزبی خۆیان بن. ماوەیەک بوو پشوویان دەدا کە لە لایان جاسووسێکی خۆفرۆش هەواڵی بوونی سێ ڕۆڵەی تێکۆشەری دێموکرات بە دوژمن ڕاگەیەندراو شوێنی حەسانەوەی ئیسماعیل‌و عەبدوڵڵاو عێزەدین لە لایەن جاسووسەکەوە دەست نیشان کرا. لە شەڕێکی پڕ لە شانازی‌و قارەمانانەی سێ تێکۆشەری دێموکرات دا ٧ کەس لە جینایەتکاران کوژران‌و ١٠ کەسیش بریندار بوون، بەڵام بەداخەوە ئیسماعیل ڕەزایی‌و دوو هاوسەنگەرەکەی پاش شەڕێکی قارەمانانەی سەنگەر بە سەنگەر گیانیان بەخشی‌و چوونە نێو کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی گەلەوە.


سمایل کوڕە زەحمەتکێشێکی گوندی ڕەحیم خانی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان بوو. ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە دایک بووە. تەمەنی ٧ ساڵان بوو کە چووە قوتابخانەی ئاواییەکەیان‌و هەتا پۆلی ٥ سەرەتایی دەرسی خوێند. سەرەڕای ئەوە ئیسماعیل ئیستیعدادێکی باشی هەبوو، بەڵام بەهۆی چەند کۆسپێک لە سەر ڕێگای ژیانی دەستی لە خوێندن هەڵگرت‌و وێڕای باوکی‌و باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی لەسەر زەوی‌یەکەیان کاری دەکرد. ئیسماعیل لەگەڵ حیزب تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێکردو وەک لایەنگری حیزب ڕاگەیەندراو بڵاوکراوەکانی حیزبی بڵاو دەکردەوەو هەواڵانی هان دەدا بێنە نێو ریزی خەباتگێڕانی دێموکرات. پاش ئەوەی شەڕی ٣ی مانگە دەستی پێکرد ئیسماعیل بۆ جارێکی دیکەش ئاوارەی شارەکانی دیکەی ئێران بوو. بە تەواو بوونی شەڕ، سەر لە نوێ گەڕایەوە کوردستان‌و ئەمجار چەکی شەڕەفی دەست دایەو بە ڕەسمی هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

سمایل ڕەزایی نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو تێکۆشەرە، لە شەڕەکانی ناوچەی ئاڵەشین، مەحموودجغ‌و ساین قەڵاو بەتایبەتی تەفروتونا کردنی گوردانی ٨٠١ی شیراز لە سەر ڕێگای میاندواو ـ بۆکان ئەم ڕاستی‌یەی زیاتر دەرخست. لە شەڕی کەم وێنەو قارەمانانەی هۆرتەکەندی فەیزووڵلابەگی کە ١٠ کاتژمێری خایاند سمایل بریندار بوو، بەهۆی زەحمەت‌و هەوڵ‌و تێکۆشانی هاورێیانی نەخۆشخانەی حیزب برینەکەی سارێژ بۆوەو گەرم‌و گوڕتر لە پێشوو بۆ درێژە پێدانی خەباتی پیرۆز‌و شۆڕشگێڕانەی گەڕایەوە نێو کۆڕی هاوسەنگەرانی.

ئیسماعیل ڕەزایی کوڕێکی لەسەر دڵ‌و بە نەزم‌و لەسەرخۆو بە بیروباوەڕو هەڵسوور بوو، هەر بۆیە لە لایەن کومیتە شارستانی بۆکانەوە بە یاریدەدەری کادر دیاری کراو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی‌و بەرەوپێشەوە بردنی سیاسەتەکانی حیزب ناردرایە ناوچەی ئاڵەشین. بەڵام هەروەک باس کرا بەداخێکی گرانەوە ئەم کوڕە خەباتگێڕو شۆڕشگێڕە لە شەڕێکی شۆڕشگێڕانەدا لە ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی

لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی عەبدوڵڵا ئەحمەد دووژن‌و عێزەدین حوسێنی شەهید بووو خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی هەزاران شەهیدی دیکە بوو.


## شەهید سمایل ساڵحی



اسماعیل ساڵحی ساڵی ۱۳۵۰ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی ئاوایی "جامەرد" سەر بە ناوچەی فەرهادتاشی بۆکان لەدایک بوو. بە شیری پاکی دایکی دڵسۆزی‌و لە ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی ئەندامانی بنەماڵەکەی‌دا هێدی هێدی پێرۆکە بوو. پاش تێپەڕکردنی دەورانی ساوایی لە تەمەنی (۷) ساڵی‌دا ڕەوانەی قوتابخانە کراوەو پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی هەر لە خوێندنگای ئاوایی‌یەکەی خۆیان تەواو کردوە. پاشان بۆ خوێندنی ناوەندی ڕەوانەی شاری بۆکان کراوەو لەوێ درێژەی بە فێربوونی زانست داوە. سەرئەنجام پۆلەکانی خوێندنی تا ۳ی دەبیرستانی بەسەرکەوتنەوە بڕیوە. سمایل کوڕێکی زیرەک بووەو هەمیشە لە وانەکانی‌دا یەکەم دەهاتەوەو شانازیی سەرکەوتنی لە خوێندن وەدەست دەهێنا. هەر بەو هۆیەوە خۆشەویستی مامۆستاو هاوپۆلەکانی بوو، بەڵام بەهۆی گیروگرفت لەوە زیاتر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداو بە ناچاری ماڵئاوایی لە خوێندنگەو مامۆستاکانی خواستوە. هەڵدان‌و بەخۆدا هاتنی دەورانی لاوێتی سمایل هاوکات بوو لەگەڵ گەشەسەندنی خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات. هەربۆیە ناوبراو وەک لاوێکی نیشتمان پەروەر بیری دەکردەوە. لەهەر هەلێکی ڕەخساودا سیاسەتەکانی حیزبی بۆ خەڵک شی دەکردەوە جێگیربوونی ئەو هەستە پیرۆزە لە دەروونی‌دا تا زیاتری پێدەچوو زۆرتر کڵپەو بڵێسەی دەساندو بەرەو سەنگەری خەباتو تێکۆشان هانی دەدا. سەرئەنجام ساڵی ۱۳۷۱ دوا بڕیاری خۆی داو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لەبەر کردو لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات دا تێکۆشانی دەست پێکرد. شەهید سمایل پێشمەرگەیەکی ئازاو بەورەو نەترس بوو. لە شەڕەکانی ساڵەکانی ۷۲ – ۷۳ – ۷۴دا چالاکانە بەشداری کرد. لەباری سیاسی‌یەوە لاوێکی زاناو تێگەیشتوو بوو. هاوسەنگەرانی وەک مامۆستایەک سەیریان دەکردو دەرسی ئەخلاقو ڕەوشت پاکی لێ فێر دەبوون.

لە هاوینی ساڵی ۱۳۷۴دا بۆ ئەنجامدانی مەئموورییەتی حیزبی لەلایەن کومیتەی شارستانەوە لەگەڵ چەند هاوسەنگەرێکی دیکەی بۆ نێو شاری بۆکان بەڕێ کرا. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە نێو شار لەلایەن خۆفرۆشێکەوە ڕاپۆرتیان لێدراو دوژمن شوێن پێی هەڵگرتن. هەرچەند بە هاوکاریی هاوڕێیانی توانی ئەو پیلانە پووچەڵ بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ شوێنی دیاریکراو لە ناوچەی سەردەشت لەسەر پردی بریسوێ لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە شناسایی‌و دەستگیر کراو ڕاپێچی ئەشکەنجەگای شاری بۆکان کرا. لە زیندان ئەشکەنجەو ئازاری جینایەتکاران نەیتوانی شوێن لەسەر بیرو باوەڕی شەهید سمایل دانێ‌و تا دوا هەناسەی دیفاعی لە سیاسەتو ئامانجەکانی حیزب کرد. هەربۆیە پاش ماوەیەکی کەم لە زیندان لەلایەن ڕێژیمەوە ڕۆژی ۹ / ۹ / ۷۵ گوللە باران کراو تێکەڵ بە کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدان بوو.

## شەهید ئەمیر شەمسەدینی



ئەمیر شەمسەدینی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە گوندی باجەوەندی ناوچەی مەهاباد لە دایک بوو. ژیانی بە پێچەوانەی زۆربەی منداڵانی کوردستان تێکەڵاوی هەژاریو نەداری نەبوو، کەمتر لەگەڵ دەردو کوێرەوەری ئاشنا بوو، لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی ئایینی بوو و جێی ڕێزو ئیحترامی زۆربەی خەڵکی کوردستان بوو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵک بۆ زیارەت روویان لەوێ دەکرد، ژیانێکی هەتا رادەیەک ئاسوودەیان هەبوو. ئەمیر لە بنەماڵەیەکی ئەوتۆدا لەگەڵ هەستی نەتەوایەتیو مافی نەتەوایەتی ئاشنا ببوو. لە تەمەنی شەش ساڵان دا پێی نایە قوتابخانەو پاش تەواو کردنی دەورەی سەرەتاییو ناوەندی چوە هونەرستانی سەنعەتی لە شاری مەهاباد. پۆلی سێهەمی هونەرستان بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت. پاش ئەوەی خومەینی دڵڕەش فەرمانی جەهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکردو لەشکرکێشی کرد، ئەمیر وەک لاوێکی بەهەستو بە ئەمەگو شۆڕشگێڕ لە قوتابخانە ماڵئاوایی کردو دەستی دایە چەکو بەشانازییەوە هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەو پێی نایە گۆڕەپانی خەبات دژی بەکرێگیراوانی خومەینی.

پاش شەڕی سێ مانگە برایەکی ئەمیر کە لە ریزی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەلق دا بوو شەهید بوو. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە شوێنێکی یەکجار قووڵی لەسەر هەستی ناسکی ئەمیر دانا. ئەمیر بەهۆی خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەری بۆ برای شەهیدی، بۆ درێژە پێدانی ڕێگای چووە نێو ریزی چریکەکان. ماوەی دوو ساڵ لەوێ درێژەی بە خەباتی پیرۆزی خۆی دا.

لەو ماوەیەدا پێوەندیی لەگەڵ حیزب نەپساندو هەروا لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی لە پێوەندی دا بوو، لە سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب ئاگادار بوو، زۆرجار دەیگوت من خۆم بە حیزبیو پێشمەرگەی حیزب دەزانم، بەڵام بە یادو بیرەوەریی برا خۆشەویستەکەم لە ریزی چریکەکان دا خەباتی خۆم دژی ڕێژیمی کونەپەرەستی خومەینی درێژە پێدەدەم. ئەمیر شەمسەدینی لەوێش بەهۆی لێوەشاوەییو لەخۆبردوویی یەوە جێی خۆی کردەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەوین بە حیزبی دێموکراتو ئیمانو بڕوایەک کە بە ڕێبازی حیزب لە دەروونی شۆڕشگێڕانەی ئەمیر دابوو، چیدیکە ئیجازەی پێنەدا لە ریزی چریکەکان دا بمێنێتەوەو بۆ درێژە پێدانی خەبات سەر لەنوێ گەڕایەوە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەمیری قارەمانو فەرماندەری بەوەجو لێوەشاوە لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتەوە بۆ ئەنجامی خزمەتی پیرۆزی پێشمەرگایەتی ناردرایە هێزی بەیان. ناردنی ئەمیر بۆ هێزی بەیان لەگەڵ شادیو خۆشحاڵی پێشمەرگەکانی ئەو هێزە کە ئەویان باش دەناسی، بەرەورووبوو، چونکە لەبەر ئەوەی سەداقتو ئیمان، قارەمانەتیو هەڵسووڕیو دەستو بردی بۆ هەموو پێشمەرگەکان ناسرا بوو. ئەمجارەشیان ئەمیر وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز وەک لاوێکی شۆڕشگێڕو خەباتگێر قۆڵی بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی هەڵماڵی. بەڵام بەداخێکی گرانەوە مەرگ ماوەی نەدا ئەمیری لاوو شۆڕشگێڕ زۆر لە نێو ریزی پێشمەرگەکان دا بمێنێتەوە. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی‌دا لە کاتێک دا ئەمیرو هاوسەنگەرانی لە

گوندی قاراوە بە نیازی کەمین دانانەوە بۆ هێزەکانی ڕێژیم بوون، لە کاتژمێر شەشی سەر لە بەیانی لەلایەن هێزی دوژمنەوە کە لە گوندی قاراوە مۆڵی خواردبوو کەوتنە بەر دەستڕێژو ئاگر باران کران. لە ئاکام دا بەداخەوە ئەمیر شەمسەدینی برینداربوو و پاش شەش کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید بوو.

بەمجۆرە خەباتگێر ئەمیر شەمسەدینی خوێنی سووری ڕژایە سەر خاکی کوردستانو سەنگەری خەباتو بەربەرکانیی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## شەهید بەهمەن پاکار



بەهمەن ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جووتیاری گوندی حاجی‌ئابادی ناوچەی ئەحمەدی‌کۆر لەدایک بوو. بەهمەن خۆشەویستی ماڵێ بوو، هەربۆیە دایکو بابی پتر زەحمەتیان کێشا تا کوڕی خۆشەویستیان چاو لەدەست نەبێ. لەتەمەنی حەوت ساڵی‌دا ڕەوانەی قوتابخانە کراو دواتر بەهۆی هێندێک گیروگرفت نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداو ڕێگای مووچەو مەزرای گرتەبەرو هەوێنی ژیانی ساکارانەی بەهمەن بوو بە زەحمەتو کوێرەوەریو ڕەنج کێشان لە مووچەو مەزرا. هەرچەند لەگەڵ کوێرەوەری گەورە بوو، بەڵام ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر هەستی بە زوڵمو زۆر دەکرد. بەچاوی خۆی دەیدی کە چۆن لەگەڵ بابیو ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕۆژ تا ئێوارێ لەبەر سوورەتاوی هاوین چەندین سەعات کاردەکەن، بەڵام دیسان ژیانێکی ئاسوودەیان نەبوو.

زوڵمو زۆری ژاندارمەکان ئەوەندەی دیکە چاوو گوێی بەهمەنیان کردەوە. ئەو لەکاتی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا (١١) ساڵە بوو. بەو مێرمنداڵی‌یەی خۆی هەستی بە خۆشحاڵی دەکردو چاوەڕوانی هەلێک بوو کە هەوای ئازادی هەڵمژێ، بەڵام ڕێژیمی تازە بەدەسەلات گەیشتوو لەسەر فتوای خومەینی پەلاماری کوردستانی دا، بەهمەن چاوی دیتنی ئەو جنایەتەی نەبوو کە لە کوردستان دەرهەق بە گەلەکەی دەکراو هەر ڕۆژێ لە شوێنێک قەتڵو عام دەکران. بۆیە بڕیاری شۆڕشگێڕانەی داو قۆڵی خزمەت بە حیزبو گەلەکەی هەڵماڵیو بەهاری ١٣٦٢ هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو بەوپەڕی عەلاقەو دڵسۆزی-یەوە چەکی شەرەفی لەشان کرد.

بەهمەن لەماوەیەکی کورت دا نیشانی دا کە بە ڕاست ڕۆڵەی حیزبی دێموکراتەو قەت سەر بۆ دوژمن دانانەوێنێ. زۆر ئازایانە لەشەڕ لەگەڵ دوژمن بەگژیان دا دەچۆوە. لە شەڕەکانی ناوچەو بەتایبەتی شەڕی شامات، دوو ڕۆژ پێش شەهیدبوونی شاهیدی بۆ ئەو قارەمانەتی‌یەی بەهمەن پاکار دەدا کە لەمێژووی گەلەکەی‌دا تۆمار کراوە. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای پێ‌نەدا کە زیاتر خزمەت بە حیزبەکەی‌و گەلە بەشخوراوەکەی بکا. لەکاتی گەڕانەوە لەشەڕی شامات ڕۆژی ١٤ / ١٢ / ٦٢ لەسەر جادەی بۆکان – مەهاباد کەوتنە کەمینی هێزە کۆنەپەرستەکانی کۆماری ئیسلامی.

پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە لێیان دانەوە، پاش شەڕێکی یەک سەعاتە بەداخەوە بەهمەن پاکار بە گوللەی خائینان شەهید کراو لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا چرای تەمەنی کوژایەوەو چوە کاروانی سەربەرزی شەهیدانی کوردستانەوە.

## شەهید برایم جیهاندیدە

### ناسراو بە ( فەقێ برایم)



برایم جیهاندیدە ساڵی ١٣٤٨ لە گوندە جوانەکەی"دێگورجێ"ی شنۆ لە نێو بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش‌و دەست تەنگ چاوە گەشەکانی بە دونیا هەڵێنا. برایم منداڵێکی ژیکەڵەو خوێن شیرین‌و لەبەردڵان بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. برایم ئۆگرییەکی زۆری بە خوێندن‌و فێربوون هەبوو، پۆلەکانی دەرسی، یەک لەدوای یەک تا پۆلی ٥ی سەرەتایی بە سەرکەوتنەوە بڕی. قوتابی‌یەکی ژیرو وریا بوو خۆشەویستی مامۆستاو قوتابی‌یەکانی دیکە بوو. پاشان برایم بەهۆی جۆراوجۆرەوە نەیتوانی لە شار درێژە بە خوێندن بداو ناچار باوکی بۆ خوێندنی دەرسی ئایینی ڕەوانەی حوجرەی فەقێیانی کرد و دواتر بە "فەقێ برایم" ناوبانگی دەرکرد. فەقێ برایم گەورە بوو چاکو خراپی لێک دەکردەوە کاتێک هەستی بەوە کرد کە لە کوردستان جووڵانەوەیەک هەیە ئەویش حیزبی دێموکرات ڕێبەری دەکا، بێ سێ‌و دوو لێ‌کردن بڕیاری‌دا بێتە ڕیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. لەساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین‌و بەرگی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو چەکی دیفاع لە مافو مەوجوودییەتی گەلەکەی لە شان کرد.

فەقێ برایم هەر لە ڕۆژەکانی هەوەڵی پێشمەرگایەتی‌دا نیشانی‌دا چەندە کوڕێکی بە ئەدەبو بە هەستە. لەماوەیەکی کورت دا توانی جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی‌دا بکاتەوە. ئەو هەروەها لاوێکی بەدەستو بردو قارەمان بوو زۆر چالاکانە لە شەڕەکان دا بەشداریی دەکرد. فەقێ برایم لەساڵی ١٣٦٦دا ئەرکی بێسمچی‌یەتی بەڕێوە دەبردو لە هەمان کات دا هەوڵی دەدا زانیاریی سیاسی‌و نیزامیی خۆی بەرێتە سەر. جگە لەوانە ئەو عەلاقەیەکی تایبەتی بە نیگارکێشی‌و خەتاتی هەبوو. لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٨دا ڕەوانەی دەورەی فیلم هەڵگرتن کراو بەسەرکەوتوویی گەڕاوە هێزی کێلەشین. فەقێ برایم لە شەڕەکانی هەوار مامزە، گرتنی ٧ مۆڵگەی گەلی گادەران، گرتنی مۆڵگەی دێگورجێ بەشداری کردوە. دەیان شەڕی گەورەو چووکی دیکەش شاهیدی بۆ حماسە خوڵقێنی‌و فیداکاریی ئەو دەدەن.

فەقێ برایم لە بەهاری ساڵی ٦٩ دا نەقڵی هێزی بەیان بوو لەم هێزەش بەهۆی ئاکاری جوان‌و پەسەندی زۆر زوو جێگای خۆی کردەوەو سەرنجی پێشمەرگەکانیشی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. دەتوانم بڵێم لەماوەیەک دا کە لە هێزی بەیان بوو پێشمەرگەیەکی هێدی‌و لەسەرخۆو بەسەبرو حەوسەلە بوو. ئەو تایبەتمەندیانە تێکەڵ بە ئازایەتی‌و فیداکاری ببوون هەربۆیەش لەو هێزەدا خۆشەویست بوو.

لە شەڕەکانی ناوچەی مەهابادو بۆکان دا تا کاتی شەهیدبوونی بەشداریی چالاکانەی کرد.

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩ / ٤ / ٦٩ سەعات ٥ی بەیانی ڕێژیم بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆسەر پێشمەرگەکانی هێزی بەیان‌و لکێک لە هێزی پێشەوا لە بەرزایی پیرچۆپان لە گەورکی سەقز هێنا. شەڕێکی گەرمو نابەرامبەر دەستی پێ‌کرد لەماوەی دوو سەعات ونیودا ٤٠ کەس کوژران‌و بریندار بوون‌و

٩١ کەس بەدیل گیرانو زیاتر لە ١٠٠ قەبزە چەک بە دەسکەوت گیرا. لەو شەڕەدا بە داخەوە فەقێ برایم برینداربوو، لەشی برینێکی قورسی پێوە دیار بوو پاش چەند سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری خۆشەویستی دیکەی بە ناوەکانی، عەلی شەهابی، ساڵح شەریفی، عەوڵا چراغوارە، خدر عەرەبی و برایم پور سەعید، محەمەد خانەخا و سەعید شکەنجە تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی گەل بوون.

## شەهید برایم شوجاعی

### ناسراو بە (شەماڵ)



ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە دایکبوونی شەماڵ بنەماڵەیەکی کوردی هەژاری گەشاندەوەو بزەی خستە سەر لێوان. لەتەمەنی شەش ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراو زۆر زیرەکانە تا پۆلی سێهەمی نەزەری دەرسی خوێند. کە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دامو دەزگای دزێوی پادشایەتی دەستی پێکرد ئەویش وێڕای قوتابیان هاتە سەر شەقامەکانو لە خۆپیشاندانەکان دا بەشداری چالاکانەی کرد. بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبیو دامەزراندنی ڕێکخراو لە بۆکان، شەماڵ هاتە ڕیزی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانو پاش تێکۆشانێکی دڵسۆزانە بوو بە ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان.

شەماڵ لەم تێکۆشانەدا شەرەفی ئەندامەتی حیزبی دێموکراتی وەرگرتو بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی لەبەر کرد.

شەماڵ لەلایەن تەشکیلاتی حیزبەوە لەم ناوچەیە ڕەوانەی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان کراو وەک خۆشەویستی وەرزێرانی ئەم ناوچەیە چاوی لێدەکرا.

پاش ماوەیەک بۆ دەورەی سیاسی ڕەوانە کراو بە سەربەرزیەوە تەواوی کرد. لەو سەردەمەدا خومەینی فتوای جیهادی داو هێرشی بۆسەر کوردستان هێناو شەماڵ لە لکی یەکی هێزی بەیان ئەرکی خۆی بەباشی بەجێگەیاند. لە پاداشتی ئەم فیداکاریەدا لە کۆنفرانسی ساڵی شەست وەک ئەندامی کومیتەی شارستان هەڵبژێردراو بەرپرسایەتی ناوچەی ئاڵەشینیان پێئەسپارد. پاش ساڵێک بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژێردرا. لەو مەسئولییەتەشدا وەک هەمیشە سەربڵند هاتەدەر.

شەماڵ تەنیا کادرێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترسو لەخۆبووردوو بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا قارەمانەتی لەخۆی نیشان دا. شەماڵ تازە ماوەی نزیک مانگێک بوو زەماوەندی کردبوو. خۆی لەنیو شاردا بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکی حیزبی مابۆوە، لەسەر داوای کومیتە شارستان پەیامی بۆ لێدرا کە بگەڕێتەوە.

بەهار بوو، چیا بەرزەکانی کوردستان رەشانگیان تێکەوتبوو. دڵداران بە گۆرانی کوێستانان خاڵخاڵو کیژان دەچنە مێرگوڵان تێکەڵ بە شمشاڵی سێحراوی شوانان دەیان چریکاند. رەنووە بەفرەکان بە سروەی شەماڵ دەتوانەوە. شەوی ٨ / ١ / ٦٥ سەعات ١٠ی شەو شەماڵ بۆلای هێزو کومیتە لە گوندی شیلاناوێ گەڕایەوە. شەو درەنگ بوو زەمان بێخشپەو هەراو بێدەنگ پەردەی رەشی شەوە زەنگی بەسەر وڵاتدا کێشا. گشت گیانداران پاش کار لە حەسانەوەدا بوون، بەڵام گەل فرۆشانو پووڵ پەرستان بە فەرمانی ئەربابەکانیان کەوتبوونە پیلانو زانیبوویان کە پێشمەرگەی دێموکراتی لێیەو خەریکی پشوودانن پێیان وابوو کە بە سووکو هاسان دەیان گرن. سەعات یەکی نیوەشەو دەوری گوندی "شیلاناوێ"ی ناوچەی تورجانیان گرتو بەهەموو جۆرە چەکێک پەلاماری پێشمەرگەکانیان دا. تەقەو دەنگی شومی گوللە خەوی خۆشی پێشمەرگەی هەژاندو گوندەکەی شڵەژاند بەکورتی:

ماتەمو تەم کەژو کێوی داگرت


کوردە پۆڵایە کە هەر خۆی راگرت

شەڕێکی گەرم دەستی پێکرد کەلاکی خۆفرۆشان یەک لەدوای یەک دەکەوتن. شەڕی کۆڵان بە کۆڵان درێژەی هەبوو هێزی داگیرکەر هەوڵی ئەوەی بوو بە زۆر حوکمی خۆی بەسەر گەلی زوڵم لێکراو داسەپێنێ، بەڵام لە توانای دانەبوو سەعات 4ی بەیانی پاشەکشەیان پێکراو بە دەیان کوژراو برینداری دیل یان بەجێهێشت. بەڵام بەداخەوە لەو شەڕە قارەمانەیەدا شەماڵ بریندار بوو. برینەکەی سەخت بوو. لەکۆتایی شەڕەکەدا چووم چاوم لە برینەکەی کرد،

لەکاتێک دا چەند کەس لە دەوری بوون گوتی: هاوسەنگەرە ئازیزەکانم، برینەکانم کارییە دەزانم هیچ تان پێناکرێ. ئەوەی من نارەحەت دەکا ئەوەیە کە دوژمن بە مەرگم شاد دەبێ. بەڵام ئەی هاوسەنگەران ئەی پێشمەرگەی دێموکرات تاقە رێگای شەرفو شانازی درێژە پێدانی رێگای منە. بژی کورد بژی دێموکراسی، بژی حیزبی دێموکرات.

هەوا رووناک دەبوو ماڵئاواییمان لێکرد پاش نیو سەعاتی دیکە چاوی لەسەریەک داناو لە تەنیشت هاوسەنگەرێکی دیکە بەناوی بیژەن سلیمانزادە خوێنیان بوو بە چرای رێگای خەبات.

# شەهید بیژەن سولیمان زادە




لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕی ئاوایی‌داشبەند لە ناوچەی ئەحمەدی کوڕی بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێناوە. هێشتا منداڵ بوو کەبەهۆی کێشەی وەرزێڕی لە ئاوایی داشبەند باوکی لە دەست داو دایکیشی بەجێی هێشتو بێ سەرپەرەست مایەوە. بیژەن لە لای پووری گەورە بوو، بەهۆی وەزعی ئالەبارو هەلومەرجی سەختی ژیان نەخوێندەوار مایەوە. ژیانی لاوێتی بیژەن بە کار لە مووچەو مەزراو کوێرەوەری تێپەڕی.

بەدوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، بیژەن تازە پێی لە تەمەنی ١٢ ساڵان دەنا. لە ناو ئاوایی بە کوڕێکی لەسەرەخۆو ڕەوشت جوان ناسرابوو. هەرچەند بێ‌دایکو باوکی پێوە دیار بوو، بەڵام خەڵک هەموو خۆشیان دەویست. بەهۆی ئەوەی هەستی کوردایەتی لە دڵی‌دا گەرای کردبوو لە پاییزی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژاردو لە هێزی بەیان دا سازمان درا. بیژەن دوای ماوەی دوو ساڵ خزمەت لەم هێزە، لەسەر داوای خۆی و موافقەتی هێز بۆ پێڕاگەیشتن بە وەزعی ماڵو ماڵەکەی‌و زەمینەکانی گەڕایەوە بۆ ئاوایی-یەکەیان. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەوانەی سەربازیی کرد. بیژەن بە دیتنی زوڵمو زۆرو جیاوازی لە رادەبەدەر نەیتوانی درێژە بە خزمەتی ئیجباری بدا، هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی‌دا گەڕایەوە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو دەستی بە تێکۆشان کردەوە. بیژەن پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس بوو هەمیشە گاڵتەی بە هێزەکانی دوژمن دەهات، لە شەڕەکانی کولتەپە، سارده کوێستانو قادرئاوا و نیسکاوە فیداکاری لە خۆی نیشان دا.

ڕۆژی ٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە کاتێک دا پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە ئاوایی شیلاناوێی ناوچەی تورجانی بۆکان لە حاڵی پشوودان دا بوون لە کاتژمێر یەکی نیوە شەو جاشە خۆفرۆشەکانی ڕێژیم هێرشیان بۆ دەکەنو لە شەڕێکی ٤ کاتژمێری¬دا کە لەودا دەیان کەس لە هێزی دوژمن کوژرانو بریندار بوونو بەدیل گیرانو چەند قەبزە چەکی جۆراوجۆرو رادەیەکی زۆر تەقەمەنیو فیشەک دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو. لە کۆتایی شەڕەکە بیژەن کەوتە بەر دەستڕێژی خۆفرۆشانو چرای تەمەنی لە تەمەنی ١٩ ساڵی‌دا کوژایەوەو خوێنی لەگەڵ خوێنی شەهید برایم شوجاعی ناسراو بە (شەماڵ) بوو بە چرای ڕووناکی دەری خەباتو ڕێگای تێکۆشانیان بۆ هاوسەنگەرانی سپارد.

# شەهید تاهیر حامیدی

**ناسراو بە (تاهیر پڕۆلێتاریا)**




تاهیر لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە هەوای پاکو دیمەنی دڵڕفێنی بەرپاڵی زنجیرە کێوی کۆشکی خات زارا نزیک چیای سەربەرزی تەرەغە، لە گوندی سەرباغچە لە بنەماڵەیەکی جووتیار چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە گوندەکەیان قوتابخانە نەبوو هەربۆیە تاهیر لە تەمەنی دە ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراو وەک شاگردێکی ژیرو وریا چاوی لێدەکرا. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی بەهۆی تەمەنی زۆر لە قوتابخانەی ڕۆژانە ڕێگای پێنەدرا، هەربۆیە لە قوتابخانەی شەوانە ناونووسیی کردو درێژەی بە خوێندن دا. ڕۆژانەش بۆ دابین کردنی بژێوی بنەماڵەکەی کاری جۆشکاریی دەکرد. تاهیر هەرچەند ڕۆژانە ماندوو دەبوو، بەڵام بەو حاڵەش تا دووهەمی ڕاهنمایی دەرسی خوێند. بە هۆی نەداریو هەژاری بەرۆکی بە بنەماڵەکەی گرت تاهیر بە ناچاری بۆ کرێکاری پەریوەی هەندەران بوو و لە شاری تاران گیرسایەوە. تاهیر زێڕینترین کاتەکانی تەمەنی خۆی بە کاری تاقەت پرووکێنو کرێکاری تێپەڕ کردو لە نزیکەوە هەستی بە نزمو بەرزی چینو توێژەکانی کۆمەڵ کردبوو. وێڕای هەموو لاوانی ئێران خۆی تێکەڵاوی دەریای پڕخرۆشانو ڕێپێوانەکانی دژی ڕێژیمی پەهلەوی کرد. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی گەڕایەوە گوندە بچکۆلانەکەی خۆیانو شادی لەدڵ دەگەڕا. ئەویش وەک هەموو خەڵکی ئێران چاوەڕوانی بەرهەمی شۆڕش بوو. بەڵام ئاواتی تاهیر وەدی نەهاتو ڕێژیمێکی دیکە بە ماهییەتی کۆنەپەرستانەتر ، بەسەرخەڵکی ئازادیخوازی ئێرانو کوردستان دا زاڵ بوو. هەربۆیە تاهیر لەساڵی ١٣٥٨ چووە ریزی ڕێکخراوی فیدایی ئێرانو ماوەی دوو ساڵ لەم ڕێکخراوەیەدا ماوە، بەڵام لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا زۆر شتی بۆ روون بۆوە و ڕێگاو ڕێبازی دروستو ئوسوولی حیزبی دێموکراتی وەک ڕێبازی خۆی هەڵبژاردو لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦١ هاتە نێو ریزی پێشمەگەکانی دێموکرات. لە سەرەتادا دەورەی مامۆستای شۆڕشی دیتو ئەم دەورەی بە سەرکەوتوویی تەواو کرد. پاشان لەلایەن کۆڕی پەروەردە ڕەوانەی گوندی شێخاڵی کرا. لەم گوندە خزمەتی بەرچاوی بە منداڵانی خەڵک کرد. لە چەندین گوندی دیکەی کوردستان لە ناوچەکانی مەهابادو ورمێ دەرسی فێری منداڵان دەکردو بە زمانی زگماکی خۆیان فێری خوێندنو نووسینی دەکردن.

تاهیر لە زستانی ساڵی ٦٧ لە کۆنفرانسی کومیتەی شارستانی بۆکان وەک ئەندامی کومیتەی شارستان هەڵبژێردراو وەک بەرپرسی کومیتە ناوچەی پیرمحەمەدو تورجان دیاری کرا. لەم ماوەیەدا بەوپەڕی دڵسۆزی کاری دەکردو جێگای خۆی لە نێو پێشمەرگەکان دا کردەووو بە تاهیر (پرولیتاریا) نێوبانگی دەرکرد. تاهیر پێشمەرگەیەکی قارەمانیش بوو هیچ کات لە دوژمن ترسی نەبوو.

سەرئەنجام ئەو شۆڕشگێرە ماندوونەناسە لە ٢٢ / ٣ / ٦٨ی هەتاوی لەگەڵ دوو هاوڕێی لەلایەن ڕێژیمەوە لە گوندی شێخلەری ناوچەی پیرمحەممەد لە ٥ کیلۆمیتریی شاری بۆکان دەورەیان دەدرێ. تاهیر لەگەڵ دوو هاوسەنگەرەکەی بڕیاریان دا یا مردن یا سەرکەوتن. پاش شەڕێکی قارەمانانە هەرسێ هەڵۆی کوردستان بە ناوەکانی محەممەد ئەسپۆغەو ئەحمەد قادری لە خوێن دا شەلالو شەهید بوون.

## شەهید جەعفەرجەعفەرپور




جەعفەرجەعفەرپوور لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە ئاوایی جامەردی ناوچەی فەرهادتاشی بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا چاوی بە دنیا هەڵێنا. دواتر بنەماڵەکەیان بەرەو شاری بۆکان کۆچیان کرد. جەعفەر لە شار رەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەرسی خوێند، پاشان دەستی لە خوێندن هەڵگرتو شان بەشانی باوکی دەستی کرد بە کاروکاسبی. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە گەرمەی پەرەسەندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمانو لە هێرشو پەلاماردانی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە وەک لاوێکی نیشتمان پەروەر پێوەندی بە یەکیەتیی لاوانەوە گرتو وەک ئەندامێکی دڵسۆز کارو تێکۆشانی دەست پێکرد. پاش چەند ساڵ مانەوە لە ریزەکانی یەکیەتیی لاوان دا، ساڵی ١٣٦٤ کە بە رادەیەکی بەرچاو پەروەردە کرابوو وەک پێشمەرگە نەقڵی هێزی بەیان کراو لەو هێزەدا دەستی بە تێکۆشان کرد.

هاورێ جەعفەر پێشمەرگەیەکی بەوەجو بیروباوەڕ بوو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکو مەئموورییەتی حیزبی ئەوپەڕی دڵسۆزیو فیداکاری لەخۆی دەنواند. لە بردنە سەری ئاستی زانیاریی شۆڕشگێڕانە هەرگیز غافڵ نەبوو. رۆژی ٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لە بەرزایی‌یەکانی ناوچەی گەورکی سەقز مابوونەوە دوژمنی دژی گەلی بە هێزێکی زۆرەوە پەلامارێکی دڕندانەی بۆسەر پێشمەرگەکانی حیزب دەست پێکرد. رێژیم سەرەڕای هێزی زۆری پیادە لە هێلی‌کۆپتەرو تۆپخانەو چەکی قورس کەڵکی وەرگرت. پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو هێزی شەهید پێشەوا ئازایانە بەرەنگاری دوژمنان بوونەوەو لە شەڕێکی ١٢ سەعات دا زیاتر لە ٤٠ کەسیان لە ئەفرادی رێژیم کوشتو بریندار کرد، بەڵام بە داخەوە لەو شەڕەدا سینگی پڕ لە عیشقو ئەوینی هاورێ جەعفەر جەعفەرپوور کەوتە بەر گوللەی دوژمنو دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

هاورێ جەعفەر پێشمەرگەیەکی قسەخۆشو ئارام بوو. جارێک لە شەڕدا بریندار ببوو. دەیتوانی خزمەتی زیاتر بە حیزبو گەلەکەی بکا، بەڵام بە داخەوە گوڵی تەمەنی یەکجار زوو هەڵوەریو ئاڵای خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

# شەهید جەلیل ڕەحیمیان




ساڵی ١٣٤٦ لە بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورتو بێدەرەتان لە گوندی قالوێ موعینی چاوی بە دونیای روون کردەوە. بەرەبەرە کە قۆناغی منداڵیی تێپەڕ کرد لە تەمەنی شەش ساڵیدا رەوانەی قوتابخانەی قالوێ کراو تا پۆلی چواری سەرەتایی لە گوندی ناوبراو دەرسی خوێند. پاشان بەهۆی بێدەرەتانیو وەزعی خراپی ئابووریی بنەماڵەکەی رووی لە شاری بۆکان کردو ئەویش لەوێ درێژەی بە خوێندن داو تا پۆلی سێیەمی دەبیرستان دەرسی خوێند. جەلیل تازە لاوێکی بەئەخلاقو لەسەرخۆ بوو لەنێو هاوپۆلەکانی دا خۆشەویست بوو. جەلیل بەهەق یەکێک لە ئۆگرانی خوێندن بوو. لەساڵی ئاخری خوێندن دا بڕیارنامەیەک بڵاوکرایەوە کە بە پێی ئەو دەبوو قوتابیان هاوکات لەگەڵ خۆنووسین بۆ کونکور خۆ بۆ سەربازیش بنووسن، بەڵام جەلیل بەندەکانی ئەم بڕیارنامەیەی پێ قبووڵ نەکراو بۆیە لەئاکامی تاقیکردنەوە مەحرووم کرا. بەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەستی بە زوڵمو زۆرییەکی بەرچاو دەکرد. ئەو هەستە وای لە جەلیل کرد لە شاری بۆکان لاوەکانی بۆ ریزی پێشمەرگایەتی هان بدا. سەرئەنجام ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو دوای تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی کە بەسەرکەوتوویی‌و وەک نموونە هەڵبژێردرا ناردرایەوە هێزی بەیانو لە لکی یەک دا سازمان درا. جەلیل زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە، ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو فیداکار بوو و لەسەر بەجێگەیاندنی بڕیارەکانی حیزب سوورو قایمو بوو. جگە لەوانە ئەو پێشمەرگەیەکی شەڕکەر، نەترسو لەخۆبوردووش بوو. ساڵی ٦٧ رەوانەی دەورەی دەرمانی کراو وەک برین پێچێکی شارەزا لە مەیدانی شەڕدا هاوسەنگەرانی دەرمان دەکرد، جەلیل لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان، سەقزو مەهاباد وەک شەڕی سەرتونو قوڵقوڵە، قوشەهوو، قالوێو پیرچۆپان بەشداریی چالاکانەی کرد. جەلیل تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نەبوو، بەڵکوو لەباری سیاسییەوەش لە سەتحێکی بەرزدا بوو. ساڵی ١٣٦٩ رەوانەی دەورەی سیاسی کادر کرا. ئەم دەورەیەشی بە سەرکەوتنەوە تەواو کردو وەک کادری کومیتەی شارستان لە ناوچە کاری دەکرد. شەهید جەلیل سیاسەتەکانی حیزبی لە نێو خەڵک دا بەباشی شی دەکردەوە. بۆ هەموو مەئموورییەتێک سەر لەپێناو بوو. وێڕای ئەوانەش ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو. ساڵی ١٣٧٠ وەک کادری تەشکیلاتی ناوچەی ئەحمەدی کۆر دیاری کرا.

رۆژی ١١ / ٤ / ١٣٧٠ لەگەڵ هاوڕێ یەکی دیکە لە ئاوایی حوسێنمامە دەمێننەوە، بەڵام بەداخەوە لەلایەن خۆفرۆشان هەستیان پێدەکرێو لەلایەن هێزی دژی گەلی کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ دەدرێنو لە هەموو لایەک شوێنی ئەوان ئاوربارانی دەکرێ. جەلیل لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی ئەبووبەکرکانییەرەشی بە داخەوە لەنێو گڕی ئاگردا دەبنە خەڵووز. ئەوان بەشێوەیەکی زۆر بێبەزەییانە لەم ماڵەدا سووتێندرانو چوونە ریزی کاروانی شەهیدانەوەو سەریان کردە پردەبازی سەرکەوتن.

# شەهید جەعفەر ئەحمەدپوور

**ناسراو بە (دوکتور جەعفەر)**




جەعفەر ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە ئاوایی شاریکەندی ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو. هێشتا هەر منداڵ بوو کە لە خۆشەویستی دایکی بێبەش بوو. پاش ماوەیەک بنەماڵەکەی لەبەر هەژاریو دەست کورتی بۆ باشتر کردنی باری ژیان رووی کردە شاری بۆکان. بەڵام زۆری نەکێشا باوکی کۆچی دوایی کردو بەمجۆرە دنیایەک مەینەتو رەنجو کوێرەوەری کەوتە سەر شانی جەعفەری تازە لاو. بەڵام ئەو سەرەڕای هەموو ئەو مەینەتی یانە زۆر ئازایانە لەگەڵ براکانی دەستی بە کارو کاسبیو ئارەقە ڕشتن کردو بە مەبەستی پەیداکردنی پێداویستی یەکانی ژیان، رووی لە کوورەخانەکانی خشت برین کرد. جەعفەر هەر چەند نەخوێندەوار بوو، بەڵام هەر لە منداڵی یەوە هەستی بە چەوسانەوە کردبوو.

کاتێک بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەرەی گرتو لە بەرانبەریش دا پەلاماری دوژمنانی ئازادی توندو تیژتر بوو، جەعفەر بڕیاریدا بچێتە ریزی خەباتکارانەوە. بۆ ئەو مەبەستە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو بە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ، وەک تێکۆشەرێکی هەڵسووڕ تێکۆشانی خۆی دەست پێکردو لە ریزی یەکیەتی لاوان دا فێری خوێندنو نووسینی زمانی زگماکیی خۆی بوو.

لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا لە سەر داوای خۆی نەقڵی هێزی بەیان کراو وەک پێشمەرگە لە لکی یەک سازمان درا. جەعفەر پێشمەرگەیەکی ئازاو هەڵسووڕو لێهاتوو بوو لە بەرێوەبردنی ئەرکی حیزبی دەریغی نەدەکرد. ئەو تایبەتمەندیە بەرزانە ئەویان کردبوە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. ئەو بە بەشداریی لە شەڕەکانی ساردە کوێستان، بۆگەبەسی، گرتنی مۆڵگەی باغڵووجە، شەڕی سەر جادەی سەقز ـ بانەو حوسێن ئاباددا توانای لێهاتوویی‌یەکانی خۆی سەلماند.

سەرئەنجام رۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوی لە جەریانی هێرشی هاوبەشی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو مەڵبەندی دووی کوردستان بۆ سەر هێزەکانی رێژیم جێگیر لە مۆڵگەی تازە دامەزراوی دوژمن لە ئاوایی "باخی شێخان" کە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاندو ١٢ کەس لە بەکرێگیراوانی تێدا کوژراو برینداربوون. بەداخەوە جەعفەر ئەحمەدپوور لەگەڵ مەنسوور فەقێ مینە شەهید بوونو گیانیان پێشکەش بە بارگای ئازادی کوردو کوردستان کرد. جەعفەر دووهەمین رۆڵەی بنەماڵەکەی بوو کە لە رێگەی ئازادیی کوردستان دا گیانی بەخشی.

# شەهید حامید لەشکری



حامید لەشکری ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە ئاوایی حەساربلاغی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی وەرزێردا لە دایک بوو. لە تەمەنی شەش ساڵی‌دا چووتە قوتابخانە. حامید کە کەوتبوە نێو دنیایەکی تازەوەو بە عیشقو عەلاقەوە دەرسی دەخوێندو مێشکی منداڵانەی بە وشەی کتێبەکانو قسەکانی مامۆستاکەی دەبوژاندەوە. حامید لەگەڵ دەرس خوێندن لەکاتی پشووی هاوینان دا ڕێگای مووچەو مەزرای دەگرتە بەرو وێڕای بابی شانی دەدایە بەر کاری قورسی وەرزێری، سەرئەنجام حامید پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی قوتابخانەی ئاوایی‌یەکەیان تا پۆلی شەشەمی هەبوو، دەردی هەژاریش دەرەتانی ئەوەی پێ‌نەدەدا کە بۆ فێربوونی شتی زیاتر بچێتە شارو دەرس بخوێنێ، بەناچار پشتی لە قوتابخانە کردو بەرەو مەیدانی کارو کوێرەوەری هەنگاوی نا. پاشان کە تەمەنی گەیشتبوە ١٥ ساڵی لە شیرکەتو ناوەندە سەنعەتی‌یەکانی ئێران، لە شارە جۆراوجۆرەکان دا دەستی بە کار کردو لەگەڵ ئەوەی کە ئارەقی دەڕشتو خۆی ماندوو دەکرد، باشتر دەردو ژانو بێبەشیو بەشخوراویی خەڵکی کوردستانی هەست پێدەکرد. ساڵی ٥٦ لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتی‌یەوە ڕەوانەی سەربازی ئیجباری کراو هەتا ساڵی ٥٧ کە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی گەندەڵیو بێزراوی پاشایەتی بوو لە پادگانەکان دا مایەوە. دوایی لە سەربازی رای کردو خۆی گەیاندە ریزی خۆپیشاندەرانو ئەویش وێڕای ئەوان بێزاری خۆی لە ڕێژیمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی دەربڕی. دوای ئەوە کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو هێزە سیاسی‌یەکان تێکۆشانی ئاشکرای خۆیان دەست پێکرد. حامید بە گوێرەی ناسیاوی‌یەک کە لەسەر حیزبی دێموکرات هەیبوو وەک کوڕە کوردێکی بەهەستو نیشتمان پەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدی‌هێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران پەسەند کردو بوو بە لایەنگرێکی وەفاداری حیزبی دێموکراتی کوردستان، و هاوینی ساڵی ٦٠ دەستی دایە چەکو لە نێو ریزی شۆڕشگێڕانی دێموکراتو لە هێزی بەیان بوو بە پێشمەرگە.


حامید لەشکری بە وشیارییەوە کاری پێشمەرگایەتی خۆی دەست پێکردو بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ئیمان. ئەو هەوڵی دەدا لەگەڵ هاوسەنگەرانیو خەڵک کردەوەو ڕەفتارو هەستانو دانیشتنی شۆڕشگێڕانە بێ. جگە لەمانەش خۆی ماندوو دەکرد بۆئەوەی زیاتر لە سیاسەتی حیزب ئاگادار بێ.

حامید زۆر زوو وریاییو ئیمان بە ڕێبازەکەیو لێهاتوویی خۆی بۆ هاوسەنگەرانی دەرخست. بەجۆرێک کە هاوینی ٦٠ لەلایەن هێزی بەیانەوە مەئمورییەتی پێدرا کە لە ناوچەکانی ئاڵەشینو فەرهادتاشی بۆکان دا هێزی بەرگری خەڵک سازمان بداو لاوەکانی ئەم ناوچەیەی فێری فەنی شەڕو شێوەی بەربەرەکانی لەگەڵ پەلاماردەرانی کوردستان بکاو هەر لەو حاڵەش دا لە سیاسەتی حیزبو جووڵانەوە ئاگاداریان بکا.

حامید بە لێهاتووییو لێوەشاوەیی‌یەوە ئەرکە پیرۆزەکانی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبردو بڕیارەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد. پاش ئەوەی شاری بۆکان لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندی‌یەوە کەوتە بەر پەلامارو داگیر کرا. حامید لە نێو ریزی تێکۆشەرانی لکی یەکی هێزی بەیاندا درێژەی بە تێکۆشانی سیاسیو نیزامیی خۆی دا. حامید لەشکری بەهۆی ئەوە کە ئەزموونێکی باشی لە شۆڕش بە دەست هێنابوو، پلەی زانیاری

سیاسی چوە سەرێ، بوو بە رابیتی نێوان پەل و هێز و ئەو ئەرکەشی بە جوانی بەرێوە بردو دواتر بوو بە جێگری پەل و لەم پۆستەش دا کارامەیی خۆی نیشان دا. ناوبراو لەماوەی پێشمەرگایەتی‌دا نموونەی
سەداقەت و راستی‌و دروستی بوو. هەستان‌و دانیشتنی‌و کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو.
چالاکی‌و هەڵسوڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادی‌دا بەرچاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکان دا بەشداریی چالاکانەی هەبوو و وەک قەڵایەکی پۆڵاین لەبەرامبەر دژی‌گەلی‌یەکان دا رادەوەستا. شەڕەکانی، باغی ئەحمەدی، کلکەی مەلالەر، پایەگای شێخ لەر، گرتنی پایگای قوچاغ، قەرەکەند، سێوەدین‌و نێو شاری بۆکان شاهیدی بۆ ئازایەتی‌و نەبەزی حامیدی لەشکری دەدەن. حامید لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی‌دا دووجار لە شەڕ لەگەڵ پارێزەرانی کۆنە پەرستی‌دا بریندار بوو کە هەرجارەی پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە ئیمانتر لە پێشوو دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادی.
پووشپەڕی ساڵی ١٣٦١ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتێکی بەرین چوونە نێوشاری بۆکان، پاش ئەوەی هەموو گەڕەکو کۆڵانەکانی شاری بۆکانیان خستە ژێر کۆنترۆڵ‌و چاوەدێریی خۆیان لە سەعاتی5ی ئێوارە عەمەلیات بە رەمزی بژی پێشمەرگە دەستی پێکرد. لەیەک کات دا گرمەی بەسامی مووشەکی ئارپیجی‌و قرمەی کلاشینکۆفی پێشمەرگە دەستی پێکردو مۆڵگەو بنیاتەکانی دوژمن ئاگرو دوکەڵیان لێ‌بەرز بۆوە. سەرئەنجام پاش هەشت سەعات شەڕو بەرەبەکانێی توند، دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران‌و بریندار بوون. یادی حەماسەو قارەمانەتی ئەم رۆژە هەمیشە لە یادی خەڵکی بەشەرەفی بۆکان دایە کە پێشمەرگەکانی دێموکرات چۆن دوژمنیان تاساندبوو. لە گەرماو گەرمی ئەم شەڕەدا بوو کە شۆڕشگێڕی گەل، خۆشەویستی خەڵک‌و هاوسەنگەرانی حامیدی لەشکری لەگەڵ 4 رۆڵەی تێکۆشەرو قارەمانی دیکەی هێزی بەیان بە ناوەکانی: محەمەد ئارامش، برایم ئەمینی، عومەر قادری‌و قادر مەسقەتی شەهید بوون‌و کاروانی شەهیدانیان بە تاڕای سوور رازاندەوە.
رێگاو رێبازی پیرۆزیان بۆهاوسەنگەرانی وەفاداریان بەجێ‌هێشت.

## شەهید حەسەن جەمشیدی



مێژوویی مرۆڤایەتی پڕە لە ناوی مەزنی ئەو مرۆڤە گەورانەی کە تاسەباری ئازادی بوون و ژیانیان بە بێ ئازادی نەویستووە. ئەو کەسانەی کە بە تێگەیشتن لەو راستیەی"کە مرۆڤ شیاوی ژیانێکی ئازادو سەربەستەو ژینی دیلێتی مەرگێکی بە جۆڵەیە". ئەوانە راپەڕیون لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا. دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆ وەدیهێنانی ئازادی و خەونە سەوزەکانی مرۆڤ خەباتیان کردووە بیریان لەوە

کردۆتەوە کە لە وانەیە خۆیان هیچ کات بەروو بوونی ئەم دارە پیرۆزەیان بە قسمەت نەبێت کەچی دیسانیش بە تین وگوڕتر لە جاران ڕێگەی سەخت و پڕ لە کەندو لەندو هەڵدێری گەورەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە رانەپەڕیوون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن بە لکوو ئەوان بە مەبەستی ئازاد کردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەبات و بەر خۆدانیان گرتۆتە پێش و ئیمانیان بەو راستیە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندوویانە کوێر نابێتەوەو پڕ ڕێبوار تر لە پێشوو، دەبێتە ڕێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو.

سلاو لەو دایکانەی کە جگەر گۆشەکەی بە گیان وبە دڵ گەورە کردو پێشکەش بە بارەگای دایکی نیشتمانی کرد ڕۆڵەکەی کردە پردە باز بە گەیشتن بۆ ئازادی، سڵاو لەو دایکانەی کە ئازیزترین جگەرگۆشەیان رەوانەی کۆڕی خەبات کردو ئەسبی مرادیان بۆ زین کردنو رەختو فیشەکدانیان لە قەد کردنوبە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە لە باوەشی دایکی نیشتمانیان هاویشتن، ئەوە بۆ تۆ دایکی دڵسووتاوم، چاو لێ دەکەم بەرەو ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی کاروانی شەهیدانی کوردستان، لە بۆکان، بووکی رازاوەی مۆکریان، یادی ڕۆڵەی پارتیزانی نیشتمان، یادی تێکۆشەری خاوەن بڕواو ئیمان، ڕۆڵەی بەوەجو شایستەی حیزب، یادی پارتیزانی دەشتی مۆکریان حەسەنی جەمشیدی دەکەینەوە.

شەهید حەسەن جەمشیدی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە گوندی قەڵاجوغە لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بووە. بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا. تا پۆلی ٦ی سەرەتایی دەرسی خوێند. بەهۆی نەداریی بنەماڵەکەی ڕێگای خوێندنی لێبەسترا. دواتر ماڵیان بەرەو شاری بۆکان کۆچی کردو لەو شارە گیرسانەوە.

حەسەن جەمشیدی ژیانی منداڵیو لاویی بە رەنجو کوێرەوەری تێپەڕ کرد. بە تێکەڵاوی پەیدا کردن لەگەڵ خەڵک زیاتر وەزعیەتی نالەباری ژیانی ئەوانی بۆ روون بۆوەو هەستی بە زوڵمو زۆری دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر ئێران دا کرد. دواتر کاری شۆفیری تاکسی کردە پیشە،و تا سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران ئەو کارەی درێژە پێدا.

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، حەسەن جەمشیدی لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتە ریزی پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات وتێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکرد. بە دەست پێکردنی شەڕی ٣ مانگە لێوەشاوەیی خۆی نواندو لەمانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٨ ویرای کۆمەڵێک قارەمانی دیکە یەکەم مووشەکی ئارپیجی لە مەکتەبی قورئان داو لە مەڵبەندی موکریان هێزی کۆنەپەرەستیان لەشاری بۆکان وەدەر ناو شاری بۆکانیان بە هێزی باسکی خۆیان ئاوەدان کردەوەو بۆ ماوەی دوو ساڵ خەڵکی ئەو شارە هەوای ئازادی هەڵمژی.

پێشمەرگەی شاری بۆکان، هەموو مەردو قارەمان

پاکی رۆڵەو خانەدان، حەملەیەکی جوانیان کرد لەبۆ مەکتەبی قورئان

یا حوسێن حوسێنی پاسدار، دەچوو بۆ تەشقی ئاسمان.

سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦٠ کە بۆ جاری دووهەم هیزی دوژمن شاری بۆکانی داگیر کردەوە حەسەن وەک پارتیزانێکی بە ئەزموون زۆر جاران رووی لە شار دەکردەوەو زەبری لە دوژمن دەوەشاند. بەهۆی لێوەشاوەییو فیداکاری وەک سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کراو پاشان بوو بە فەرماندەری لکی یەکی هێزی بەیان. حەسەن جەمشیدی لە کەمترین ماوەدا نیشانی دا کە توانای ئەو مەسئوولییەتەی هەیەو فەرماندەرێکی باشو خاوەن تەرحو گەڵاڵەی سەرکەوتووانەیە. تەنیا لەماوەی یەک ساڵدا ٤ جار هیزی قارەمانی ١١٠ی بەیان بە شارەزایو لەخۆبردوویی حەسەن جەمشیدی چوونەوە ناوشاری بۆکانو هەر جارێ زیاتر لە ١٢ سەعات شاریان لەهێزی داگیرکەر دەکردە گۆڕستان.

شەڕەکانی ناوچەی بۆکان، گرتنی پایگای قۆچاغ، شەڕی جادەی بۆکان - سەقز، شاریکەندو قەرەکەند، داربەسەر، بە فەرماندەری ئەو بەڕێوە دەچوون. تیکشکانی گوردانی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز ویرای٤ فەرماندەری دیکە شەهیدان: قاسم باقی، عەلی باڵدارو عوسمان دادخاو خوا لێخوشبوو کاک چیا، تەنیا بە ٢٧ پێشمەرگە ستوونێکی زەبەلاحیان لە جادەی بۆکان میاندواو، لەرۆژی ٥ی بەفرانباری ساڵی١٣٦٠ لە ناو ئاوایی حوسێنمامە، لێک بڵاو کرد، ئەو حەماسەیە لاپەرەکانی زێرینی قارەمانەتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان رازاندەوە. ناوی حەسەن جەمشیدی وەک قارەمانێکی بوێروئازاو دێموکرات ببوو بە وێردی سەر زمانی کۆمەلانی خەڵکی ناوچەکانی بۆکان،و ببووە نمونەی

پێشمەرگەیەکی باش‌و ماموستایەکی پارتیزانی ناوچەکانی مۆکریان. با ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە بزانین شەهید دوکتور قاسملوو بۆ تێکشکانی ستوونی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز لە حوسێن‌مامەی بۆکان چی بۆ قارەمانانی مەلبەندی موکریان نووسیوە.

*"بەڕێز هێزی ١١٠ی بەیان*

*دەنگو باسی سەرکەوتنە گەورەکانی ئێوە لە خەباتی دژی، سەرکوتکەرانی ڕێژیمی دژی گەلی خومەینی لە ناوچەی بۆکان‌دا بۆتە هۆی دڵگەرمی‌و شانازی هەموو خەڵکی کوردستان‌و بە تایبەتی ئەندامان‌و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات.*

*بەشدارانی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانن کە بەم بۆنەوە ڕێزتان لێ بگرن‌و سڵاوی گەرم‌و شۆڕشگێڕانەی خۆیان پێشکەشی ئێوە ڕۆڵە حەماسە خوڵقێنەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و گەلی کورد بکەن، هیوادارم کە لە داهاتووش‌دا شێوەی خەباتی قارەمانانەی ئێوە کە بریتی‌یە لە، دیقەت لە داڕشتنی گەڵاڵەی عەمەلیات، دیقەت لە ئیجرای عەمەلیات،و دیقەت لە لێکۆڵینەوەو گوزاریش لە نەتیجەی عەمەلیات، ببێتە هۆی ڕێنوێنێکی باش بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات .*

*ژمارە: ١٥٤*

*پلینۆمی مانگی جۆزەردانی کومیتەی ناوەندی حیزب*

*ڕێکەوتی: ١٣٦١/٣/١٧*

*د. قاسملوو "*

شەهید حەسەن جەمشیدی خاوەنی خوو ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەخت‌و دژوار دا،و لەمەیدانی ٣ساڵ شەڕو بەربەرەکانی‌دا قاڵ ببوو،وخارابوو، چقڵی چاوی دوژمنی داگیرکەر بوو، ترس‌و دڵەخورپەی دەخستە ناو دڵی هێزی ڕێژیمەوە، ناوبراو ماندووبوون‌و ترس‌و مردنی نەدەناسی. ئەو فەرماندەرێکی کارامە، لێوەشاوە، لێهاتوو، لەکەڵ دەرهاتوو بوو. هاوڕێکانی، خەڵک، تەرەغە، ناڵەشکێنە، ڕێگاکان، تفەنگەدەسکەوتەکان، ستوونە تێکشکاوەکان، هەموویان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن حەسەن جەمشیدی پیشمەرگەو فەرماندەیەکی هەڵکەوتووی حیزب بوو، خۆشەویستی ناوخەڵک بوو و هاوڕێیانی بەنەزم و دەرسی لەخۆبردووی فێر دەکردن.

حەسەن جەمشیدی لە بواری سیاسیش دا کادرێکی ئاگاو بە ئەزموون بوو. جگە لەوانە ئەو ئینسانێکی بە حەوسەڵەو قسە خۆش بوو، هەربۆیە توانیبووی جێگای خۆی لە نێو دڵی هەموو پێشمەرگەکان دا بکاتەوە. بۆیەش لەهاوینی ١٣٦١ وەک جێگری هێزو فەرماندەری عەمەلیات دیاری کرا، لە ڕاستی دا ئەو هەم کادرو هەمیش فەرماندەرێکی دڵسۆزو هەڵسوورو چالاک بوو.

ئەو کاتێک کۆبوونەوەی بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێک دەگرت‌و قسەی بۆ پیشمەرگەکان دەکرد دەیکوت" هێزی خەڵک ئێمەین، ئێمە بە خەڵکەوە دەژین بۆیە تا خەڵک هەبێ ئێمەش هەین، ژیان بۆ خەڵکە، بۆیە ئەگەر شەهیدیش بین هەر سەربەرزین لەناو میللەت‌دا هەمیشە بەسەر بەرزی دەمێنینەوە."

ڕۆژی ٥ی بەفرانبارى ١٣٦١ هەتاوی لەوەها ڕۆژێکدا، کە بەفر لووتکەی چیاکانی کوردستانی داگرتبوو، سەرماو سۆڵ، شارو دێ ودەشت وپێدەشتەکان وچیا ودۆڵ ولێرەوارەکانی کوردستانی دەبڕی، بەفری دەشتی ئاڵەشین لە ئەژنۆ سەرکەوتبوو، پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی لکی یەکو دوو، لەهێزی١١٠ی بەیان بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بە فەرماندەیی حەسەن جەمشیدی بۆ سەر مۆڵگەی ڕێژیم لە گوندی "سەراو" لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، لە سەعاتی ٧ی بەیانی بە بڕیاری فەرماندەی بەتوانا هێرش دەستی پێ کرد لەم هێرشەدا کە ئاخرین نموونەی فیداکاریی حەسەن جەمشیدی بوو کە لەودا (٢٥)کەس لە هێزی ڕێژیم کوژرا. بەداخەوە حەسەن جەمشیدی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران،و بوو بە خوێن بەهای ئەم سەرکەوتنەو لە گۆڕەپانی بەرەنگاری لە ئاو و خاکەکەی سەری دانا.


بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر هێزی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی لە میاندواو هێزێکی زۆریان ناردە ئاوایی "سەراو"، کە هەر کەسیان لەکۆڵان‌و شەقام دیتبوایە بەر دەسرێژیان دەداو ٦کەسی بێ تاوان خەلکی گوندی "سەراو" بە ناوەکانی یوسف زەنجەفیلی، عەلی محەممەدی، مستەفا مامەولودی، حەلیم‌مام حوسێنی، سەعید شابازی و ئایشێ شابازی شەهیدیان کردن، کاتێک جەنازەکان لە مزگەوت دانرابوون ئایشێ شابازی منداڵێکی ٤

مانگەی بوو خەڵکی ئاوایی شاهیدی ئەوەن کە منداڵەکە مەمکی دایکی بێ گیانی دەمشت، جنایەتێک کە بۆ کۆماری ئیسلامی تازە نەبوو هەر ڕۆژێ جنایەتێکی بەو شیوەیە لە کوردستان بەڕێوە دەبرد.

بەمجۆرە حەسەن جەمشیدی فەرماندەو مامۆستای پارتیزانەکانی حیزب لە ناوچەکانی بۆکان، فەرهادتاش، ئاڵەشین، ئەحمەدیکۆر، تورجانو پیرمحەممەد شەهید بوو، بەڵام ناوی، ئازایەتی، وتەکانی، دەرسەکانی، بۆ هەمیشە بوونە مایەی گوڕوتین بەخشین بە کاروانی خەباتی حیزبو خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژیانو خەباتی بووە سەر مەشقی ژیانو خەباتی قوتابییەکانی و تێکۆشەرانی دیموکرات، لە هێزی ١١٠ی بەیان.

## شەهید حەسەن ڕەحمان پوور

### ناسراو بە (حەسەن داشبەندی)



حەسەن ڕەحمان پوور ناسراو بە حەسەن داشبەندی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی هەباساوای سەربە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایک بووە. لەبەر دەست کورتیو نزمیی باری ژیانو گوزەران بۆ وەدەست هێنانی پیشەیەکی باشتر، بنەماڵەکەیان لەو ئاواییەیە بارگەو بنەیان تێک ناوەو لە ئاوایی داشبەند گیرساونەتەوە.

ساڵی ١٣٥٢ ڕەوانەی خوێندنگە کراوەو بەو پەڕی عەلاقەوە پۆلەکانی سەرەتایی خوێندنی تێپەڕ کردوونو بڕوانامەی پێنجەمی سەرەتایی وەدەست هێناوە. بەڵام بە چەند هۆی جۆراوجۆر یەک لەوان هەژاریی بنەماڵەکەی لەوە زیاتر نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بداو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە مامۆستاو هاوپۆلەکانی کردوە. پاشان وێڕای باوکی زەحمەتکێشو براکانی، شانی داوەتە بەر کارو کاسبیو لەشی شلکو منداڵانەی بە کرێکاریو ئارەقە ڕشتن خاراند. دواتر بەمەبەستی وەدەست هێنانی کارێکی باشتر بە شارە گەورەکانی ئێران دا گەڕاو بە درێژایی ڕۆژ بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی لە شیرکەتو کوورەخانەکان دا کاری کردوە. هەر ئەو ژیانە نابەرانبەرو داسەپێنراوە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە تەمەنی مێرمنداڵی دا هەست بە بێبەشیو چەوسانەوە بکاو لەگەڵ ژانو ئازاری بندەستی ئاوێتە بێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە لە باری سیاسییەوە کرچو کاڵ بوو لە ڕێپێوانو خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی شا، تێکەڵ بە شەپۆلی ناڕەزاییان بووو زۆر جاران لە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندەران دا بەدژی ئەو ڕێژیمە بێزارەوە شۆعاری دەدا.


دوابەدوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هێرشی سوپای ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ڕێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دا سازمان درا.

شەهید حەسەن ڕەحمانپوور کوڕێکی هێدیو لەسەرەخۆو بە نەزمو دیسپلینو لەگەڵ ئەوەش دا ئازاو نەترسو بێباک بوو، هەر بۆیە هەموو هاوسەنگەرانی ڕێزیان لێ دەگرتو خۆشیان دەویست. ناوبراو دڵگەرمی یەکی لە ڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. بۆ بردنە سەری پلەی زانیاریی خۆی بێپسانەوە هەوڵی دەداو نووسراوەکانو بڵاوکراوەکانی حیزبی دەخوێندەوە، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراوی لە هیچ فیداکاری یەک دەریغی نەدەکرد.

بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی ئەو زۆر کورت بوو، هێشتا ساڵێکی تەواو بە سەر ژیانی پێشمەرگایەتیی‌دا تێنەپەڕی بوو، شەوی ١١ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ لە جەریانی هێرشی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بۆ سەر مۆڵگەی" وشتەپە" هەڵکەوتوو لەسەر جادەی میاندواو - بۆکان لە کاتی هێرش بردن بۆ سەر سەنگەری دوژمن دا کەوتە بەر دەستڕێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیو تێکەڵ بە کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدانی حیزبو گەل بوو.

## شەهید حوسێن نادری

**ناسراو بە (حوسێن ڕەحیم خانی )**



حوسێن نادری ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ئاوایی ڕەحیم خان لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بووە، حوسێن تاقانەی دایکو بابی بوو بۆیە بەوپەڕی میهرەبانیو سۆزەوە گەورەیان کرد. حوسێن لە تەمەنی ٦ ساڵی‌دا چوە قوتابخانەو تا پێنجەمی سەرەتایی لە ئاوایی‌یەکەی خۆیان دەرسی خوێند. پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چوە شاری بۆکانو خوێندنی ناوەندیی تەواو کرد. بەهۆی دەست کورتی وازی لە خوێندن هێناو دەستی کرد بە کاروکاسبی بۆ ئەوەی یاریدەدەری بنەماڵەکەی بێ. پاش ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، حوسێن بە دڵەوە دەیەویست کە چەکی شەرەف بکاتە شانی، بەڵام دەست کورتیی بنەماڵەکەی ڕێگای لێگرتبوو. بۆیە ئەو وەک لایەنگری دڵسۆزی حیزب مایەوەو بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی حیزب لەنێو خەڵک دا تێدەکۆشا. ساڵی ١٣٦٣ لەگەڵ چەند لاوی دیکە لەلایەن ڕێژیمەوە گیراو چەکی زۆرەملیی بە سەردا سەپا. حوسێن کە بەڵێنی دابوو خەبات بۆ ئازادی بکا، لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی لە دەرفەتێک دا بە چەکەوە خۆیان تەحویلی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دا. پاش ماوەیەکی کورت جێگای خوی لەنێو دڵی پێشمەرگەکان دا کردەوەو بەشداریی لە چەندین عەمەلیات لە ناوچەکانی بۆکان، مەهاباد، ڕەبەت دا کردو لە یەکێک لەو شەڕانەدا بریندار بوو و پاش هەشت مانگ برینەکەی ساڕێژ بۆوەو گەڕایەوە نێو سەنگەری شەرەف. بەهاری ١٣٦٥ی هەتاوی لەلایەن هێزی بەیانەوە نێردرایە کومیسیونی کۆمەڵایەتی بۆ دیتنی دەورەی دەرمانیو

پاش تەواوبوونی دەورەکەی گەڕایەوە هێزی بەیان. لە بەفرانباری ١٣٦٥ دا بە هۆی لێوەشاوەیی‌و شایستەگی سیاسی‌یەوە لەلایەن کومیتەی شارستانی بۆکانەوە بەمەبەستی دیتنی دەورەی کادری سیاسی، ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کرا. پاشان وەک کادرێکی دڵسۆز لە ناوچەی ئەحمەدی کۆرو ئاڵەشین دەستی بە تێکۆشان کرد.

ڕۆژی 8ی گەلاوێژی ساڵی ٦٦ سەعات ٢ی نیوەڕۆ لە کاتێک دا لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە لە مەزرای کیلۆئاباد لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر مابوونەوە، لەلایەن دوژمنەوە گەمارۆدران‌و داوای تەسلیم بوونیان لێکرا، بەڵام لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بەرەنگاری دوژمن بوونەوەو لە یەکەمین دەست ڕێژدا چوار کەسیان لێکوشتن. لە گەرمەی ئەو شەڕەدا حوسێن بە دەنگی بەرز هاوار دەکا "ئێمە ڕۆڵەی حیزبی دێموکراتین، هەرگیز تەسلیم نابین" بەم جۆرە پاش کوشتن‌و برینداکردنی ١٠کەس لە دوژمن فیشەکیان پێنامێنێ‌و ئەسنادو بەڵگەکان لەناو دەبەن‌و پاش بەربەرەکانی زۆر دەکەونە بەر گوللەی دوژمن‌و مردن بە تەسلیم ناگۆڕنەوەو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان دەبن.

## شەهید خاڵند ئەمینی



خاڵند ئەمینی ساڵی ١٣٤٧ لە باوەشی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی گوندی قالوێی زەندانی سەر بە ناوچەی گەورەکی مەهاباد لە دایک بوو. هەر لەمنداڵی‌یەوە ژیانی ئاوێتەی هەژاری‌و دەست کورتی‌وستەم‌و بێبەشی‌و چەوساندنەوە بوە. تەمەنی منداڵیی ئەویش وەک زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی ئەم کوردستانە لە کوێرەوەری‌دا تێ‌پەڕی. هەر بەو هۆیەشەوە بوو نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو نەخوێندەوار مایەوە. مێرمنداڵ بوو کە شان بە شانی باوکی دەستی کرد بە کاروکاسبی. ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە مەبەستی دابین کردنی خەرجی ژیان‌و سووک کردنی ئەو قورسایی‌یەی لە سەر شانی باوکی بوو، ڕووی کردە کوورەخانەکانی خشت بڕین لە تەورێز. ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بنەماڵەکەیان ڕوویان کردە شاری بۆکان‌و لەوێ گیرسانەوە.خاڵند هەستی بەو بێبەشی‌و ستەمە کردبوو کە لەسەر گەلەکەیەتی. ئەو کە سەرتاسەری ژیانی ڕەنج‌و کوێرەوەری بوو، ڕقی لە زوڵم‌و ستەم‌و بێعەداڵەتی بوو. کاتێک لەشکریانی کۆماری ئیسلامی کوردستانیان وەبەر پەلامار داو خەڵکیان کۆمەڵکوژ دەکردو گوندەکانیان دەسووتاندن‌و سووکایەتی‌و بێحوورمەتی‌یان بە خەڵک دەکرد لەبەر ئەوەی کە گەلی کورد داوای مافە ڕەواو ئینسانی‌یەکانی خۆی دەکا، ئەمە ئەوەندەی دیکەش هەستی شۆڕشگێڕانەی ئەوی بزواند. بۆیە بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی خۆی گەیاندە ڕیزی پێشمەرگەکان‌و چەکی شەڕەفو شانازیی لەشان کردو لە ڕیزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان دا سازمان درا. بەمجۆرە قۆناغێکی تازە لە ژیانی خاڵند ئەمینی دا دەستی پێکرد.

خاڵند سەبارەت بە ئازایەتی‌و جوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرزو هەڵسووڕ بوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزب‌و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو ڕیزی هاوسەنگەرانی دا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری‌و گیانبازی‌یەک بوو و لە

بەڕێوەبردنی ئەرکو مەئمووریەتە حیزبییەکان دا جیددیو روو سوور بوو. هەر بەو هۆیەوە ٣ی جاران لە لایەن فەرماندەری هێزەوە تەشویق کرا بوو. ناوبراو لە زۆربەی شەڕەکان دا لە ریزی پێشەوە دا بوو، پێشمەرگەیەکی بە دەستو بردو بە هەڵمەت بوو. شەڕەکانی سارده کوێستان، شیلاناوێ، حوسێن ئاباد بۆ هەمیشە شاهیدی ئازایەتیو قارەمانەتیی ئەون.

رۆژی ١١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە کاتێک دا پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو هێزی شەهید پێشەوا لە پشتی سارده کوێستان جێگیر ببوون، کاتژمێر 5ی سەر لە بەیانی دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە بەرزاییەکانی گەمارۆ دا. دواتر شەڕێکی قورسو نابەرانبەر دەستی پێکرد. دوژمن لە شارەکانی سەقزو بۆکانو مەهابادەوە هێزی سەرکوتکەری هێنابوە مەیدانو بە دڕندانەترین شێوە سەنگەری پێشمەرگەکانی تۆپو کاتیۆشا باران دەکرد. هێزەکانی شەهید پێشەواو بەیان بڕیاریان دابوو ژەهراوی ڕقی خەڵک بە گەرووی دوژمن دا بکەنو زەبرێکی قورسیان لێ بوەشێنن. لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٢٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژرانو دەسکەوتێکی زۆریش کەوتە دەست پێشمەرگەکان. بەڵام بەداخەوە خاڵند ئەمینیو سێ رۆڵەی بەوەفای دیکەی گەلەکەمان، بە ناوەکانی: مستەفا گوڵزاری، سولەیمان نازداریو وەستا ئەکرەم شەهید بوون.

## شەهید خالید ئەحمەدپوور



گوندی شاریکەند لەناوچەی پیرمحەممەدی ساڵی ١٣٤٥ شاهیدی لەدایک بوونی خالید ئەحمەدپوور بوون. بنەماڵەکەی هەژارترین بنەماڵەی ئاوایی بوون. بۆیە ژیانی خالیدو بنەماڵەکەی رووی تێریو تەسەلیو بەختەوەریی بە خۆیەوە نەدی. فەقیریو هەژاری بەرگی نەخوازراو بوو کە بە بەژنو باڵای بنەماڵەی خالید بڕابوو.

خالید تەمەنی شەش ساڵە بوو کە سێبەری دایکی لەسەری نەما. لە تەمەنی (٧) ساڵیدا پێی نایە قوتابخانەو تا پۆلی سێهەمی سەرەتایی دەرسی خوێند. هەرچەند منداڵ بوو لەباری رۆحیو جەستەییەوە بەتەواوی هەڵی نەدابوو، بەڵام هەژاریو برسێتی وای کردبوو لە شارەکانی دیکەی ئێرانو کوورەخانەکان وێڕای بابی کار بکا.

تازە ١٤ ساڵە بوو کە زەبرێکی گەورەی رۆحی دیکە گیانو لەشو دەروونی هەژاند. بابی هەژاری بۆ هەمیشە لەدەست داو ماڵئاوایی لێکرد. بەڵام خالید لەگەڵ هەموو ئەو مەینەتیانە بەربەرەکانیی دەکرد. بە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو هێرش بۆسەر کوردستان، خالیدی زەحمەتکێش ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتی هەڵبژاردو لەساڵی ١٣٦٢ بەرەو بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات وەڕێ کەوتو خۆی لەریزی تێکۆشەران دا دیتەوە. هەردەم ژیانو خەباتی حەزی لە فێربوون، فێرکردن دەکرد. هەربۆیە لە ئاواییەکان لاوانی هان دەدا بۆ خەبات دژی کۆنەپەرستیو بێنە ریزی تێکۆشەرانی دێموکرات.


خالید لەساڵی ۱۳۶۳ لەسەر داوای خۆی نەقڵی هێزی بەیانی وەرگرتو بەهۆی ئەزموونێک کە لە یەکیەتیی لاوان بەدەستی هێنـابوو تـوانی زوو خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ ڕێک بخاو وەک پێشمەرگەیەکی بە دیسیپلین چاوی لـێبکرێو بە ئـەرکی پێشمەرگایەتی دەزانـی، خزمەتی حیزبو گەلەکەی دەکرد. هەرچەندە لە هاتنی خالید بۆ هێزی بەیان زۆر تێنەپەڕی، بەڵام هەر لەو ماوە کەمەدا تـوانی بە ئاکارو کردەوەی جوانو بەشداری کردن لە شەڕکاندا جێگای خۆی لەنێو هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە.

لەسەرەتای مانگی پووشپەری ساڵی ۶۳ پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لکی چواری هێزی پێشەواو یەکیەتیی لاوان بەمەبەستی زەبرلێدان لە هێزی دوژمن بەپێی گەڵاڵەیەکی دیاری کراو چوونە ناوچەی شاروێران کە قەرارگایەکی هەمزەی لێ جێگیر بوو. بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیات ڕۆژی ۱۲ /۴ / ۶۳ لە ناوچەی شاروێران دامەزرانو هەموو تیمەکان لە شوێنی دیاریکراو بوون، بەڵام ڕێژیم شوێنی پێشمەرگەکانی زانیو هێزی زۆری حەواڵەی ناوچەکە کرد. لەسەعات ۱۰ی بەیانی شەڕێکی قورسو خوێناوی، گەرمو نابەرابەر دەستی پێکرد شەڕێک کە لە مێژووی گەلی کورددا کەم وێنە بوو. بە هەزاران گوللەی تۆپو خومپارەو کاتوێشا بەسەر ڕۆڵەکانی دێموکرات دا باری. شەڕ تا هەوا تاریک بوو درێژەی هەبوو. لەو شەڕەدا هەشتا کەس لەهێزی هێرشکەر کوژران، لەنێو ئەوان دا "عەلی قومی" جێگری فەرماندەری قەرارگا بەرچاو دەکەوت.

لەو شەڕە ۱۱ سەعاتەدا کە لاپەڕەیەک لە فیداکاری ڕۆڵەکانی دێموکرات بوو لە مێژووی گەلی کورد تۆمار کراوە. بەداخەوە خالید ئەحمەدپوور لەگەڵ ۲۴ هاوسەنگەری دیکەی شەهید بوو و دەشتی شاروێران بە خوێنی سوورو گەشی پێشمەرگەکانی دێموکرات سوور بوو و نیشانیان دا کە ئامادەن لە پێناوی ئازادیو ڕزگاری گەلەکەیان دا گیانیان بەخت بکەن.

لەبیرمە هەواڵیان داینێ کە هێزی ڕێژیم هات، بەڵام خالید لەپێش هەمووان دا ڕەختەکەی لەخۆی داو ئامادەی بەربەرکانی بوو و چووە سەنگەری پێشەوە. لەو کاتەدا کە گوللەی وێکەوت گوتی: دێموکراتم، دێموکرات، بە کوشتنی من کوردستان نـاوی ون نـابێو بەخوێنی من ئـازادی دەست دەکەوێ. هەزاران سڵاو لە شەهیدانی ڕۆژی ۱۲ی پووشپەڕی ساڵی ۱۳۶۳.

## شەهید خالید پژگوڵ



ساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جوتیار لەگوندی "گۆلێ" سەربە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان چاوی بە دونیاهەڵێنا. خالید لە باوەشی گەرمی ئەندامانی بنەماڵە گەورەو پەروەردە بوو.

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا، تـا پۆلی ۵ی سەرەتایی دەرسی خوێند. خالید ئەگەرچی خـاوەنی بیرێکی تیژ بـوو، بەڵام مووچەو مەزرا ڕێگای خوێندنی لێبەربەست کردو وێڕای بابیو براکانی ملی دایە بە کـاری تـاقـەت پڕووکێنی وەرزێریو بە ئـارەقـەی نێوچـاوانیو

هێزی باسکی بۆ باشترکردنی ژیانی بنەماڵە هەوڵی دەدا. خالیدی لاوی بەهەست چوار قامکی بەهۆی ڕووداوێک لە کاری وەرزێری دا لەدەست دابوو. پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو دەست پێکردنی هێرشی بۆسەر خەڵکی کوردستانو قەتڵو عام جینایەتی بەکرێگیراوەکانی خومەینی، هەستی بەربەرەکانی لە دڵی دا چەکەرەی کرد. ئاواتی ڕزگاری گەلەکەی لە چنگ زۆرداران بوو، هەربۆیە لە پاییزی ساڵی ١٣٦١ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی دێموکراتو لە لکی دووی هێزی بەیان سازمان درا، هەرچەند زۆریان هەوڵ دا کە بەهۆی وەزعی دەستی بڕواتەوە، بەڵام بڕیاری دابوو تا سەرکەوتن خەبات درێژە پێبدا.

خالید لاوی بەهەستو ئاکار جوان، بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێرانەو هێمنیو دڵسۆزیو لەخۆبوردوویی جێی خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوە.

خالید بەدڵو بە گیان باوەڕی بە ڕێبازەکەی هەبوو. هەمیشە لە وڵامی بنەماڵەکەی دەیگوت: من بۆ هەموو کەس دەسەلمێنم کە بە یەک دەست چەک هەڵدەگرمو خەبات دەکەمو تا زیندووم لە شانم نایەتە خوارێ. لەڕاستیدا لە شەڕی نێو شاری بۆکان دا لە ساڵی ١٣٦١ سەلماندی کە دوژمن لە بەرابەریدا زەبوونە. بەڵام بەداخەوە نەیتوانی زۆر بژیو ئاواتی بێنە دی، ئێوارەی ٢٨ / ١١ / ٦١ بەفر هەموو دەشتایی ئەحمەدی کۆری داگرتبوو پەلی شەهیدان لە کاتێک دا بەرەو ئاوایی "ئەنبار" دەڕۆیی لە نزیک ئاواییدا هێزی دوژمن کەمینی دانابوو. پێشمەرگەکان وەک هەمیشە زوو لێیان وەدەست هاتنو کەمینی دوژمنیان تێک شکاند، بەداخەوە خالید پژگوڵ کەوتە بەر گوللەی دوژمنو گیانی پاکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو چوە ریزی کاروانی شەهیدان.

## شەهید خالید رەشیدی

**ناسراو بە (خالید ئەنباری)**




خالید رەشیدی ساڵی ١٣٤٦ لەسەردەمی دەست پێکردنی شەڕی چەکدارانەی ڕۆڵە قارەمانەکانی ح.د.ک. لە گوندی ئەنباری سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆڕی بۆکان لە بنەماڵەیەکی دەست کورتو نەدار لەدایک بوو. لە تەمەنی (٧) ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. خالید هەموو ڕۆژێ بە ئۆگری یەکی زۆرەوە لەگەڵ هاوڕێکانی دەچوە قوتابخانە تا شتی تازە فێر ببێ. خالید تا پێنجەمی سەرەتایی لە ئاواییەکەی خۆیان دەرسی خوێند. پاشان بەهۆی جۆراوجۆر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. وێڕای ئەندامانی دیکەی بنەماڵە دەستی بە کارو کاسبی کرد. ساڵی ١٣٦١ بەهەست کردن بە زوڵمو زۆرو جینایەتەکانی لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی دژی کوردی خالید هاتە ریزی پێشمەرگەکانی دیموکراتو تێکەڵ بە دەریای خرۆشانی شۆڕشگێڕانی حیزبو گەل بوو و لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دا سازمان دراو چەکی پارێزگاری لە شەرفو کەرامەتی گەلەکەی

لە شان کرد. لە ماوەیەکی زۆر کورت دا خالید توانی جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە کوڕێکی بە تواناو ماندوونەناس بوو. خالید لە ساڵی ١٣٦٢ لە لایەن هێزەوە ڕەوانەی دەورەی سیاسی نیزامی کراو بەسەرکەوتنەوە دەورەکەی تەواو کردو بە ئەزموونەوە گەڕایەوە هێزی بەیان. خالید وێڕای هاوسەنگەرانی لە هەموو چالاکیەکانی ناوچەی بۆکان دا چالاکانە بەشداری کرد. لە شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، جادەی میاندواو، شەڕەکانی شاماتو شاروێرانو گرتنی پایەگاکانی ترکاشەو مەڵالەرو شەڕی لەگز، قەرەکەندو شەڕی مێرگەنەخشینەدا بەشداریی هەبووو بەوپەڕی ئازایەتیو قارەمانەتیەوە وێڕای هاوسەنگەرانی لە ریزی پێشەوە هەڵی دەکووتایە سەر دوژمن. خالید لەماوەی پێشمەرگایەتیدا دووجار بریندار بوو. هەرجار دوای سارێژبوونەوەی برینەکانی دەگەڕایەوە نێو سەنگەری خەبات.

ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ خالید بۆ ئەنجامدانی کاری حیزبی دەنێردرێتە ناوچەی ئەحمەدی کۆڕ هەر لەو ڕۆژەدا دەچێتە گوندی هەباس ئاوا. بەداخەوە سەعات ١١ی نیوەڕۆ دەکەوێتە کەمینی جاشو پاسدارەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستیەوەو هەر لەوێ دەست ڕێژی لێدەکەنو شەهید دەبێو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان دەبێ.

## شەهید خالید حەمەرەحیمی



خالید ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە ئاوایی "قوولەر" لە بنەماڵەیەکی جووتیار لەدایک بوو. ژیانی وەک باقی منداڵەکانی مەڵبەندی بۆکان بەبێبەشی تێپەڕیو هەروەک زۆربەی ئەندامانی بنەماڵە زەحمەتکێش بوو. تا پۆلی سێهەمی سەرەتایی دەرسی خوێند، پاشان لە مووچەو مەزرا لەشی شلکی خارا بوو. ژیانی خالید تا تەمەنی لاوەتی بە کاری وەرزێڕی لە گوندی قوولەر تێپەڕی. خالید بۆئەوەی بتوانێ کەلێنێکی باشترو کارێکی باشتر پەیدا بکا دەستی بە شوفیری کرد تا بنەماڵەکەی لەژیانی نەمر نەژی رزگار بکا. بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبو دانانی ڕێکخراوەی حیزبی لە بۆکان، خالید زیاتر لەگەڵ حیزبو جووڵانەوە ئاشنا بوو. بە دەست پێکردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شاری بۆکان لە ساڵی ٦٠ خالید ڕەسمەن دەستی دایە چەکو لەنێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێزی بەیان سازمان درا.


خالید هەرچەند خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام بە کردەوە سەلماندی کە لەپێناوی دیفاع لە نەتەوەکەیدا لە هیچ چەشنە لەخۆبوردوویی‌یەک دریغی ناکا، لەمەیدانی بەرەو ڕووبوون لەگەڵ دوژمن بەتایبەت لەشاری بۆکان لە جادەی میاندواو – بۆکان سەلماندی کە ئازاو نەترسە. ئەو پێشمەرگەیەکی صادقو رووح سووک بوو، لەسەر ئامانجو بەڕێوەبردنی کارەکانی شێلگیر بوو.

بەداخەوە کەم ژیاو نەیتوانی تەنیا ٨ مانگ زیاتر خزمەت بەگەلەکەی بکاو لەم ڕێگا پیرۆزەدا سەری نایەوە.

لەمانگی خەرمانانی ساڵی٦١ دا پێشمەرگەکانی لکی دووی هێزی بەیان بۆ جەولەیەکی سیاسی نیزامیی روویان لە ناوچەی ئاڵەشین کرد. رۆژی ١٩ / ٦ / ٦١ لەگوندی "هۆرتەکەند" لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلامار دران‌و شەڕێکی نابەرابەر لە سەعات شەشی بەیانی دەستی پێکردو بۆماوەی دە سەعات درێژەی کێشا. رێژیم سێ هێلیکۆپتریشی لەمەیدانی شەڕدا بوو و بەردەوام پێشمەرگەکانی ئاوربـاران دەکرد. لـەم شـەڕەدا ٧٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژران‌و بریندار بـوون. ئـاخرین فیداکاری خالید لـەم شـەڕەدا بـوو کە لـە کۆتـایی شـەڕەکە خـوێنی تێکەڵ بـە خـوێنی سێ هاوسەنگەری دیکە بوو و سەلماندی کە وەفادار بە ڕێبازی حیزب‌و گەلەکەیەتی.

خالید لەگەڵ شەهیدان ئەبووبەکر پارنج، لەتیف عەولا فەرەج‌و محیدین حوسێنی گیانیـان لـەپێناوی ئـازادی دا بەخشی‌و چوونـە ریـزی کـاروانی شەهیدان.

## شەهید خدر رەسووڵی



خدر رەسووڵی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش داو لە گوندی ئـاغجێوانی ناوچەی بۆکـان چـاوی بـە دنیـا هـەڵێنا. لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی هەژارو دەست تەنگ بوو نەیتوانی بچێتە قوتابخانە. خدر هێشتا مێرمنداڵ بـوو شـانی دایـە بـە بـاری قورسی رەنج‌و کوێرەوەری‌و کارو کاسبی. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوو ١٢ سـاڵان کە بـە مەبەسـتی پڕکردنـەوەی کـەلێنێک لـە خـەرجی بنەماڵەکەیان رووی کردە کوورەخانەکان‌و شیرکەتە جۆراوجۆرەکانی دیکە لە شارەکانی ئێران.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران بە سەر حکوومەتی پەهلەوی داو پـاش ئـەوەی کە ڕێکخراوی حیـزب لـە شـاری بۆکـان کرایـەوەو تێکۆشانی حیزب بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستی پێکرد. پێوەندی بە حیزبەوە گرت.

ماوەیەک پێش ئەوەی بە رەسمی ببێتە پێشمەرگە وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب تێکۆشانی خۆی بۆ بردنە پێشی سیاسـەتەکانی حیـزب دەست پـێ کردبوو. لە زۆربەی شەڕەکانی وەک شەڕەکانی داشکستان‌و" بی بی کەند"و هەوشاردا شان بە شانی پێشمەرگەکان شـەڕی دەکردو بەرانبـەر بـە هێزە دژی گەلی‌یەکانی رێژیم رادەوەستان. دوای ئەوە کە بوو بە پێشمەرگە لە سەرەتادا لەهێزی بەیان سازمان دراو دواتـر لـەهێزی تایبـەتی دەفتـەری سیاسی درێژەی بە تێکۆشان دا.

لە پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دا گەڕایەوە هێزی بەیان‌و تێکۆشانی خۆی لەو هێزە دا دەست پێکردەوە. هاوڕێ خدر بەو پەڕی ئازایەتی‌یەوە


لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداری کرد. تەفروتوونا کردنی ستوونی ۸۰۱ی شیراز، پایەگای قۆچاغ، حوسێن مامەو شەڕەکانی نێو شاری بۆکان شاهیدی لێوەشاوەیی ئەو رۆڵە نەبەزەی حیزبو گەلەکەمانن.

خدر وێرای ئەوەی کە کوڕێکی ئازاو چاونەترس بوو ئینسانێکی حیزبیو بە نەزم بوو لە ماوەیەکی کورت دا لە ریزی حیزب دا فێری خوێندنو نووسینی کوردی بوو. هەمیشە بۆ بردنە سەری ئاستی زانیاری خۆی تێدەکۆشا.

رۆژی ۵ی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی هێزە کۆنەپەرەستو داخ لە دڵەکانی رێژیم هێرشێکی پانو بەرینیان بۆ سەر ئاواییەکانی قەرەکەندو سێوەدین لەسەر جادەی مەهاباد ـ بۆکان دەست پێکرد، پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بەرەنگاری پەلاماری دڕندانەی لەشکریانی جەهلو نەزانی بوونەوەو شەڕێکی قورسو نابەرانبەر دەستی پێکرد. لەو شەڕەدا ئازایەتیو لێوەشاوەیی خدر کەم وێنە بوو. بە هەوەڵین مووشەکی ئارپیجی بۆلدزێرێکی دوژمنی لەبەر یەک هەڵوەشاند بەمجۆرە بەرەنگاری قارەمانانەی پێشمەرگەکان نەیهێشت رێژیم بە مەبەستە گڵاوەکانی خۆی بگاو شەڕ تا کۆتایی رۆژی دواتریش هەر درێژەی کێشا. هێزەکانی رێژیم کە توانایی بەرەنگارییان لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی دێموکرات دا نەمابوو لە دوورەوە دەستیان کرد بە تۆپو خۆمپارەبارانی پێشمەرگەکان. لە ئاکام دا رۆڵەی بەوەجی حیزبو گەلەکەمان هاوڕێ خدر رەسووڵی لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی جەمال ئەمینیو جەعفەری حاجی شەهید بوونو گیانی شیرینی خۆیان کردە قوربانیی ئازادی گەلو ئامانجەکانی حیزبەکەیانو سەلماندیان کە کوڕی حیزبو خاوەنی بیروباوەڕی خۆیانو ئامانجی ئینسانیو شۆڕشگێڕانەنو ئامادەن بۆ ئەو ئامانجانە فیداکاری بکەن. بەمجۆرە هاوڕێ خدر رەسووڵی شەهید بوو و چوە نێو کاروانی شەهیدانی سەربەرزی حیزبو گەل.

## شەهید خدر عەبباسی

**ناسراو بە (خلە مێوژە)**



خدر عەبباسی ساڵی ۱۳۴۳ی هەتاوی لە ئاوایی قەباغکەندی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشو هەژاردا چاوی بە دنیا هەڵێنا. باوکی بەرگدروو بوو، بەڵام ئەم ئیشو کارە زگی برسی منداڵەکانی تێر نەدەکرد هەربۆیە بارگەو بنەی تێک ناوو چوو بۆ شاری میاندواو. خدر ئەوکات ۳ ساڵە بوو کە گەورە بوو ناردرایە قوتابخانە. پاش ئەوەی دەورەی سەرەتایی خوێندنی تەواو کرد بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ قوتابخانەی ناوەندی. لە سەروبەندی خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەتی پاشایەتیدا بنەماڵەی خدر چوونە شاری بۆکان. خدر دواتر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداو لە دوکانی باوکی وەک شاگرد هاوکاری باوکی دەکرد. پاش ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت هەستی پاکو بێگەردی خدری مێرمنداڵی تازە پێگەیشتوو هاتە جۆشو خرۆشو بۆیەوەی لە خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورددا بەشدار بێ چووە ریزی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری بۆکانو دەستی بە تێکۆشان کرد. لە ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی دا لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی بۆ دیتنی

دەورەی نیزامیو شارەزا بوون بە فەنو شێوەی شەڕو تەیار بوون لە باری سیاسیەوە رەوانەی فێرگەی حیزب کرا. پاش تەواو کردنی سەرکەوتوانەی دەورەی فێرگە گەڕایەوە شاری بۆکان کە ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دابوو. پاش ئەوەی لە پاییزی ساڵی 1360ی هەتاوی دا رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی شاری بۆکانی داگیر کرد، وێڕای باقی هاوسەنگەرانی رێگای شاخو چیاکانی ناوچەی بۆکانی گرتەبەر. لە شەڕی قارەمانانەی رێگای بانە - سەردەشت دا کە لەودا بەداخەوە کاک هەژار فەرماندەی هێزی شەهید پێشەواو چەند کەس لە هاوسەنگەرانی شەهید بوون بەشداریی چالاکانەی کرد. پاش ئەو شەڕە لە بیر نەکراوو حەماسیە رۆڵەی شۆڕشگێڕ گەڕایەوە هێزی بەیانو لە لکی ۲ دا دەستی بە تێکۆشان کرد.


خدر کوڕێکی قسەخۆشو لەبەر دڵان بوو، هەمیشە بە قسەی خۆشو شیرین کۆڕی هەواڵانی گەرم رادەگرت، هەر بۆیە لە نێو هاورێیانی دا بە "خلە مێوژە" ناوی دەرکرد بوو. خلە بە بەشداریی قارەمانانەی لە گرتنی چەند مۆڵگەیەکی دوژمنو هەروەها بەشداریی لێبڕاوانەو چالاکانەی لە چەند شەڕی نابەرابەری ناوچەی هەوشاردا وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو بە وێردی سەر زمان. لە ساڵی ۱۳۶۱ی هەتاویدا لە ئاوایی مەڵالەر زۆر بە سەختی بریندار بوو. کاتێک هەموو لەشی شەڵاڵی خوێن بوو برایم ئۆفی شەهید چووە ژوور سەریو پێی گوت: خلە گیان ئەوە بریندار بووی؟ خلە هەر عادەتی بوو، بێ ئەوەی بشەمزێ سەری هەڵێناو سەر لێو بە بزەوە گوتی "من فەرماندەرێکی قارەمانی وەک تۆم هەیە برینی دوژمن کارم لێ ناکا خوێنێک لە رێگای کوردستان دا نەرژێ بۆ چی دەبێ."

خلەمێوژە دوای ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانەی حیزب دوای ئەوەی برینەکانی ساڕێژ بۆوە لە عەمەلیاتەکان دا بەشداری چالاکانەی دەکرد. بەشداریی شۆڕشگێڕانەو قارەمانانەی لە شەڕی نێو شاری بۆکان دا کە بوو بەهۆی کوژرانو بریندار بوونی لانی کەم ۲۰۰ کەس لە هێزەکانی رێژیم یەکێک لەو شەڕانەیە.

رۆژی ۱۰ی پووشپەڕی ساڵی ۱۳۶۳ بڕیار درا عەمەلیاتێکی هاوبەش لە لایەن هێزەکانی هێزی شەهید پێشەواو هێزی بەیانو یەکیەتی لاوانەوە لە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد ئەنجام بدرێ، هەر لەم رۆژە دا پێشمەرگەکان بە پێی گەڵاڵەو بەرنامەی دیاری کراو بەرەو ناوچەی شاروێران وەرێ کەوتن. خلە مێوژە ئیمانێکی قووڵی بە فەرماندەری لێهاتووو کارزانی هێزەکەی چرچەی بارام میرزا هەبوو، بۆیە لە کاتی وەرێ کەوتن بۆ ئەنجامی ئەم عەمەلیاتە بە هاوسەنگەرانی گووت: "دەبێ لەگەڵ کاک چرچە بمرم، خوێنم لەگەڵ خوێنی کاک چرچە زەوی بە پیتو بەرەکەوتی کوردستان ئاو بدا".

رۆژی ۱۲ی پووشپەڕی ۱۳۶۳ی هەتاوی لە مێژووی قارەمانەتیی پێشمەرگە حەماسە خولقێنەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا رۆژێکی لەبیر نەکراوە. پێشمەرگەکانی دێموکرات لە دەشتی پانو بەرینی شاروێرانی مەهاباد کەمینێکی پانو بەرینیان دانابۆوە. پێش دەست پێکردنی عەمەلیات دوژمن پێی زانیو لە قەرارگای هەمزەو هەموو مۆڵگەکانی رێژیم لە دەوروبەری ئەو ناوچەیە را پەلاماری بۆ سەر پێشمەرگەکان هێنا. شەڕێکی گەرمو کەم وێنە بوو، لەم شەڕە دا بوو کە خلە مێوژەی قارەمان هەروەک گوتبووی خوێنی تێکەڵ بە خوێنی شەهید چرچەو ۲۳ هاوسەنگەرەکەی دیکەی بوو. ئەوان بە خوێنی سوور و گەشیان دەشتی قارەمانانیان خەملاندو گیانیان لە پێناوی ئامانجی بەرزو پیرۆزیان دا بەخشی.

# شەهید خوسرەو سەلیمی



خوسرەو ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکیوەرزێڕو زەحمەتکێشی ئاوایی حاجیابادی جەغەتووسەر بە ناوچەی بۆکان چاوی بە ژیانێکی پڕکوێرەوەری هەڵێناوە. وێڕای زۆربەی منداڵان لەخۆشی، بێبەشی ئاوایینشینەکانی کوردەواری لەوپەڕی هەژاریو دەست تەنگی بنەماڵەکەی دا بەرە بەرە گەورە بوو، بەهۆی دەست کورتیو نزمیی باری ئابووری بنەماڵەکەیەوە نەیتوانی دەرگای قوتابخانە بکاتەوەو بەم چەشنە لە ڕووناکایی خوێندنو زانست بێبەش بوو. هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لەشی شلکی منداڵانەی بەکاری وەرزێریو کرێکاری خاراندو بەهێزی باسکو ئارەقەی نێوچاوانی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی دابین دەکرد.

ژیانی پڕ لە ئازارو مەینەت بەشیو کەندوکۆسپەکانی ڕۆژگارو نابەرابەریی نێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵەکەی لەو ناوچەیەدا، بوونە هۆی ئەوە کە هەر لە تەمەنی لاوەتیدا هەست بە بن دەستیو کۆیلەتی بکاو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو نیزامەو خۆ ڕزگارکردن لەو ژیانە داسەپێنراوە بەدوای ڕێگای چارەسەردا بگەڕێو عاشقو ئەویندارى ژیانی پێشمەرگایەتی ببێ. هەر ئەو هەستە پاکو خاوێنە بەرەو ڕێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هانی داو ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی دەستی بە تێکۆشان کردو لە هێزی بەیان دا سازمان درا.

خوسرەو کوڕێکی ژیرو بەبیرو باوەڕو پێشمەرگەیەکی بەنەزمو دیسیپلین بوو، لەگەڵ ئەوەی کە نەخوێندەوار بوو زۆر ئەزموونی بەنرخی لە ژیانی کولەمەرگیدا بەدەست هێنابوو. گەلێک دەرسی بەکەڵک لە رابردوو فێر ببوو، هەر بۆیە بەگشتی ڕێزیان لێدەگرتو هەموو پێشمەرگەکان خۆشیان دەویست. لەنێو دڵی هەموو کەس دا دەژیاو یارو یاوەری هەژارانو بێبەشان بوو. خوسرەو سەلیمی هەموو هیواو ئاواتی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا ئەوە بوو ڕزگاریی گەلەکەی بەچاوی خۆی ببینێ، بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی پێنەداو بە ناکامی سەری نایەوە. شەوی ٢٣ / ١١ / ٦٣ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە کاتی گەشتی سیاسی – نیزامییدا، بۆ پشوودانێکی کورت roویان لە ئاوایی "گردی قەبران" لە ناوچەی ئەحمەدیکۆر کرد. دوژمن کە هەستی بەبوونی پێشمەرگەکان کردبوو لە تاریکی شەو کەڵکی وەرگرتو بەهێزی زۆری جاشو پاسدار هێرشی کردە سەریان. شەڕ لەنێوان پێشمەرگەکانو هێزی دوژمن دەستی پێکرد. خوسرەو لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی محێدین سوارە کە لە پێشمەرگەکان هەڵبڕانو بەهۆی شارەزا نەبوون لە ئاواییدا کەوتنە کەمینی دوژمنو لە هەموو لایەک دەستڕێژیان لێدەکراو بەم چەشنە هەردوو لاوی دڵ پڕ لە ئاوات گیانی پاکیان بە نیشتمان بەخشی.

## شەهید سەلیم عەباسی (مام سەلیم)



ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی لە هەژارترین بنەماڵەی کوردەواریدا لە ئاوایی "زێراندۆلی" گەورکی مەهاباد لە دایک بوو ژیانی منداڵی لەژێر سێبەری قورسی هەژاریو دەست تەنگی دا تێپەڕ کرد. مام سەلیم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ دەردو کوێرەوەرییەکانی رۆژگار بەرەوروو بوو بەرە بەرە کە گەورەتر دەبوو زیاتر ماندوو دەبوو ئارەقەی دەڕشتو شەوو رۆژ لە مووچەو مەزرای ئاغاکان کاری دەکرد.


مام سەلیم هەرچەند سەوادی نەبوو، بەڵام زۆر وشیارو زیرەک بوو باش دەیزانی گەلی کورد لەژێر زنجیری کۆیلەتیدا حەپس کراوە. هەربۆیەش ساڵی ١٣٣٦ پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە گرتو یەکێک لە ئەندامە تێکۆشەرەکانی ناوچەی گەورک بوو. وەک بۆ خۆی دەیگوت "ماڵی ئێمەو ئاشو قۆرغی زیراندوڵو خورخورە جێگەی کۆبوونەوەکانی حیزبیو شوێنی پشوودانی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بوو" لە راستیدا سەرەڕای ئەوە کوێرەوەریو زەحمەتی ژیانو رۆژگار وەک هەزاران لاوی کورد لە خوێندنو خوێندەواری بێبەش بوو وەک کەسێکی تێکۆشەر لە مەیدانی خەبات دابوو. زۆر جاریش لەلایەن ساواکەوە هەرەشەی لێدەکرا، بەڵام کۆڵنەدەرانەو ئازایانە بەشێوەی نهێنی لە تێکۆشانی حیزبی دا بەشدار بوو.

دوای ئەوە ساواک ساڵی ١٣٣٨ پەلاماری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە ناوچەکەدا، مام سەلیم توانی خۆی دەرباز بکاو پەریوەی کوردستانی عێراق بوو. ماوەی دوو ساڵ لە بنکەکەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری کفریو سلیمانی مایەوە، پاشان سەرەتای دەیەی ١٣٤٠ بەهۆی وەزعی ژیانو گیروگرفتی سەردەم گەڕایەوە سەر ماڵو حاڵی لە گوندی "زیراندول". هەرچەند ساواک گرتیانو دواتر لەژێر چاودێریدا بوو، بەڵام مام سەلیم نەیتوانی واز لە حیزب بێنێو هەموو کات هەوڵی داوە لەگەڵ ئەندامو کادرەکانی نزیک بێتەوەو هاوگاری بکا. لە هاوکاری کردنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ درێغی نەکردووە. هەربۆیەش لەلایەن ساواکەوە فشاریان بۆ هێناو لە گوندی زیراندوڵ ماڵی بۆ شاری مەهاباد بار کردو لەوێ دەستی بەکار کرد. ئەو تەنانەت لە شاری مەهابادیش دەستی بە تێکۆشان کردەوەو زۆر زوو لەگەڵ ناسیاوە قەدیمیو سیاسییەکانی پێوەندی گرتەوە.

مام سەلیم دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ وێڕای ماڵو منداڵی لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری کردوە. بە کردنەوەی بنکەی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد چەکی دەست دایەو تێکۆشانی خۆی لە ریزی پێشمەگەدا درێژە داو بەهەموو توانایەوە لە ئامانجەکانی گەلەکەی بەرەنگاری دەکرد. دوای شەڕی سێمانگی بێپسانەوە لە شارو شاخ خەباتی کردوەو وەک پێشمەرگەیەکی بە دیسیپلینو رێکو پێک ئەرکە حیزبییەکانی بەرێوە دەبرد. لە هەموو ئەو مەئمورییەتانەی پێیان دەسپێرا بە گیانو دڵ ئەنجامی دەداو درێغی نەدەکرد. مام سەلیم پاش ٢٠ ساڵ بۆ یەکەم جارو دواجار لە ساڵی ١٣٧٩ چاوی بە کچەکانی کەوتو گوتی: دەبێ بمبوورن کە نەمتوانی وەک باپێک ئەو مەسئولییەتەی لەسەر شانمە ئەنجامی دەم، بەڵام مەسئولییەتی گەورەترم لەسەر شانە ئەویش وەدی هاتنی ئامانجی گەلەکەمە.


مام سەلیم لە سەرەتای شۆڕش وەک پێشمەرگەی پارێزەری دەفتەری سیاسی کاری دەکرد، پاشان لەسەر داوای خۆی ساڵی ١٣٦٢ نەقڵی کومیتەی شارستانی بۆکانی وەرگرتووە وەک پێشمەرگەی پارێزەری زیندان خزمەتی کردوە. ساڵی ١٣٦٥ بەهۆی دژواربوونی هەلومەرجی خەبات، نەقڵی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ کرا لەوێ درێژەی بە خەبات دا. ساڵی ١٣٧٧ بەهۆی پیری لەلایەن حیزبەوە خانەنشین کراو لە ناوەندی دووی کوردستان دەژیا. سەرئەنجام بەهۆی نەخۆشی لە رۆژی ٦/١/١٣٨٤ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

## شەهید خوسرەوی گورگی



خوسرەو ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی "گامێش گۆلی" ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەدایک بووە. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە ئاوایی گامێش گۆلی دەرسی خوێند. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن چوە شاری میاندواو لەوێ تا پۆلی ٣ی ناوەندی درێژەی بە خوێندن دا. هاوکات کە دەرسی دەخوێند هاوینان لە کوورەخانە یاریدەی بنەماڵەکەی دەدا. هەر لە قوتابخانەدا بوو کە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی لە دەروونی دا گەشەی کرد، بۆیە لەلایەن ئەنجومەنی ئیسلامی قوتابخانەکەیانەوە لەژێر چاودێری دابوو. بەڵام دیتنی جینایەتەکانی رێژیم، باوەڕی شۆڕشگێڕانەی ئەوی پتەوتر دەکرد. هیچ شتێک نەیدەتوانی کۆسپ بخاتە سەر بیروباوەڕی. ساڵی ١٣٦٤ ماڵئاوایی لە بنەماڵەکەی کردو خۆی گەیاندە نێو ریزی پێشمەرگەکانی دیموکرات لەوێشەوە رەوانەی فێرگە کرا. زۆر زوو بۆ مامۆستایانی فێرگە دەرکەوت کە خوسرەو خاوەنی توانای بەهرەی تایبەتە. لە پاییزی هەمان ساڵدا رەوانەی هێزی بەیان کراو لەوێ بەوپەڕی دڵسۆزی کاری دەکرد. دواتر بۆ دیتنی دەورەی دەرمانی رەوانەی نەخۆشخانە کراو بە سەرکەوتنەوە دەورەکەی تەواو کرد. لە ساڵی ١٣٦٥ دا بەهەموو تواناوە سەنگەر بە سەنگەر بۆ دەرمان کردنی پێشمەرگەکان لە جەرگەی خەباتی سەختو خویناویدا تێدەکۆشا. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەدا بەوپەڕی ئازایەتی‌یەوە بەشداری کرد. دووجار لە شەڕدا بریندار بوو، بەڵام هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات. لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٥دا بەمەبەستی دیتنی دەورەی کادری سیاسی رەوانەی فێرگە کراو بە سەرکەوتنەوە دەورەکەی تەواو کردو وەک کادر لە کومیتەی ناوچەی ئاڵەشین دا سازمان درا. رۆژی ٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی کادرەکانی کومیتەی ئاڵەشینو ئەحمەدی کوڕ لە نزیک گوندی "کیلۆ ئاباد" لە قەراغ جادەی بۆکان – میاندواو دەمێننەوە، بە داخەوە لەلایەن خائینێکەوە شوێنەکەیان بە دوژمن رادەگەیەندرێ. دوانیوەڕۆی هەمان رۆژ رێژیم هێزێکی زۆر بە پشتیوانی چەکی قورس دەنێرێتە شوێنەکە. شەڕێکی نابەرامبەرو قورس دەستی پێ دەکا. لەم شەڕەدا خوسرەو پاش قارەمانەتی‌یەکی زۆر لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی حوسێن رەحمانی ناسراو بە حوسێن رەحیم خانی شەهید بوون و رێگای‌خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

## شەهید ڕەحمان ئیبراهیمپوور (ڕەحمان بوڵدزێر)



ڕەحمان ئیبراهیم پور ناسراو بە ڕەحمان (بوڵدزێر) لەساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە ئاوایی برایم ئاباد لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی جووتیاردا لەدایک بوو. تەمەنی منداڵیی بە هەژاری تێپەڕیو پاشان بەهۆی نەداریو دەست کورتی ماڵەکەیان بۆ قەڵای هۆلاکۆ گواستەوە. هەژاریو بێدەرەتانی کاری خۆی کردو ڕەحمان دوای ساڵێک خوێندن لە قوتابخانە کشایەوەو سەرئەنجام بە نەخوێندەواری مایەوە.

ڕەحمان مێرمنداڵێکی تازەپێگەیشتوو بوو کە فێری شۆفیریی بوڵدزێر بوو، شەوو ڕۆژ لە چیا سەختەکان بۆ پەیداکردنی خەرجی ژیانی نەمر نەژی کاری دەکرد. بەم شێوەیە تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی درێژەی بەکارکردن لەسەر "بولدوزێر"دا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشو دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات پێوەندی بە حیزبەوە گرتو ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبو لەهێزی بەیان دا سازمان درا.

ڕەحمان بولدوزێر لەماوەیەکی کورت خۆی نیشان داو وەک پێشمەرگەیەکی ڕۆح سووکو ئازاو نەترسو خاوەن بیروباوەڕ لە نێو هاوسەنگەرانیدا دەناسرا. هەموو شەڕەکانی ناوچەی بۆکان بەتایبەتی شەڕەکانی بەهاری ٦٢ لە جادەی مەهاباد – بۆکان، لە قەرەکەند ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. بەهۆی ئازایەتیو لێوەشاوەیی لە ساڵی ١٣٦٠دا وەک سەرپەل دیاری کرا.

لە سەرەتای ساڵی ٦٢دا وەک جێگری لکی ٣ دیاری کرا. لەبەڕێوەبردنی مەسئولییەتەکان دا ئەوپەڕی فیداکاریی لەخۆی نیشان دەدا. دڵسۆزیو فیداکاریو ئوسوولی بوونی بوە هۆی ئەوە لەنێو هاوسەنگەرانیدا زیاتر خۆشەویست بێ.

ئاخری پاییزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی حەوت پێشمەرگەی لکی ٣ی هێزی بەیان بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی بەرەو ئاوایی (قاجر)ی سەر بەناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان وەڕێ کەوتن. هێشتا چەند هەنگاوێک بۆ ئاوایی مابوو کە کەوتنە کەمینی دژی گەلیەکانو شەڕێکی گەرم لە نێوانیان دا ڕووی دا. لەو شەڕەدا ڕەحمان بولدوزێر بریندار بوو و بە برینداری تا دوا فیشەک شەڕی کرد. پاشان بە برینداری بۆ ئەوەی خۆ لە جاشە خائینەکان بشارێتەوە لە هاوسەنگەرانی جیا بۆوە. هێزەکانی شوێن پێی ڕەحمانیان هەڵگرتو بە برینداری بەدیلیان گرت. بەو شێوەیە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسیی ڕەحمان ئیبراهیم پووردا دەستی پێکرد.

ڕەحمان لە زیندانی بۆکان کەوتە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی دڕندانە. زۆریان هەوڵ دا بەچۆکیدا بێننو ئیرادەی پێشمەرگانەی تێک بشکێنن، بەڵام ئەو کە ئیمانی قووڵی بە حیزبەکەی بوو، لێوە ئەمینداەکانی هەڵنەپچڕیو دڵی خۆی کردە گۆڕستانی نهێنییەکانی حیزب. ڕەحمان زیندانی کردە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندیو لەم بوارەش دا ڕووسوور هاتەدەرو نیشانی دا کە بەراستی پێشمەرگەی حیزبەکەیەتی. بە دەیان کەس لە زیندان هاتنە دەر کە باسی ڕەحمانیان دەکردو دەیان گوت، هەرکات ئەشکەنجەیان دەکرد، هاواری دەکرد من پێشمەرگەی

دێموکراتم، هەتا سەر هەر پێشمەرگەم. ڕێژیمی دژی گەلی کاتێک زانی کە ناتوانێ بەسەر ئیمانی ڕەحمان دا سەرکەوێ، بڕیاری ئیعدامی ئەوی دا.

سەرەنجام ڕۆژی ٩ / ٦ / ٦٤ لە زیندانی میاندواو ئیعدامی کردو بەم شێوەیە ژیانی ڕەحمان کۆتایی هات. بەڵام ڕەحمان لە زیندانیش هەر پێشمەرگە بوو. سێجار لە سەنگەر بریندار بوو، بەڵام لە زیندانی ئاخوندی دا هەموو ڕۆژێ جارێک بریندار دەبوو. هێشتا نەیانتوانی بەچۆکیدا بێنن. خۆڕاگری ڕەحمانی هێندەی دیکە ئەوی لەلای خەڵک خۆشەیست کرد. بە ئێعدامی ڕەحمان خەڵک ڕەش پۆش بوونو سەرەخۆشییان لێک دەکرد.

خوێنی ڕەحمان تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی دیکە بوو و لە نێو دڵی حیزبو گەلەکەی دا هەر زیندوە.

## شەهید ڕەحمان خوسرەوی

### ناسراو بە (ئازاد)



ڕەحمان خوسرەوی لەمانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی چەوساوەو بن دەست لە ئاوایی "جەمیان" سەر بە ناوچەی تورجانی بۆکان چاوی بە ژیان هەڵێناو لەوپەڕی بێئیمکاناتیو هەژاریدا پێگەیشت. ساڵی ١٣٥٠ بنەماڵەکەی بۆ درێژەدان بە ژیان لە ئاوایی جەمیانەوە بەرەو شاری بۆکان ماڵیان کۆچی کردو لەوێ گیرسانەوە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراوە پۆلەکانی سەرەتایی بە سەرکەوتنەوە بڕیو دواتر دەورانی ناوەندیشی بەسەرکەوتوویی تەواو کرد. ڕەحمان وریاو ژیرو بەهۆی ڕەوشت پاکیو خۆش ئەخلاقی خۆشەویستی هەموو هاوقوتابییانی بوو.

ساڵی ١٣٥٩دا بۆ خوێندن دەرسی ئایینی ڕەوانەی حوجرەی فەقێیان کراو بۆماوەی ساڵو نیوێک لەو قوتابخانەیەشدا دەرسی خوێند تا ڕادەیەکی بەرچاو لەم بوارەش دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. گەڕان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دا بۆ زیاتر فێربوونو تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکی چەوساوەو ڕەشو ڕووتی ئاواییەکەیان بوو بەهۆی ئەوە زیاتر هەست بە چەوسانەوە بکاو زۆرتر لەگەڵ ژانو ئازاری گەلەکەی ئاوێتە ببێ. زەبرو زەنگو ڕەشەکوژیو سەرکوتو خەفەقانی ڕێژیمی ئاخوندی بەتەواوی شوێنەواری لەسەر بیرو بۆچوونەکانی دانا، بۆیە ساڵی ١٣٦٢ ڕێگای تێکۆشانی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا هەڵبژاردو بە ڕەسمی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. سەرەتا تێکۆشانی خۆی لە یەکیەتیی لاوان دەست پێکردو پاش 6مانگ لەسەر داوای خۆی نەقڵی هێزی بەیانی وەرگرتو لە ڕیزی پێشمەرگەکانی ئەو هێزەدا دەستی بە خزمەت کرد.

رەحمان پێشمەرگەیەکی هێدیو لەسەرەخۆ و فیداکارو بەورە بوو. هاوسەنگەرانی بەگشتی خۆشیان دەویستو ڕێزیان لێدەگرت هەر بەم بۆنەوە نازناوی (ئازاد)یان بۆ هەڵبژارد.

ئازاد هەر مەئموورییەتێک کە حیزب پێی دەسپارد، بەگیانو دڵ بەڕێوەی دەبرد. لەهیچ کۆسپو تەگەرەیەک سڵی نەدەکرد و بۆ وێنە چەندین جار بۆ نێو شاری بۆکان کاری پێسپێردرا، سەرکەوتووانە بەڕێوەی دەبردو لە زۆربەی شەڕە حەماسی یەکانی ئەو ناوچەیەدا فیداکاریی لەخۆی نیشان دا.

لەزستانی ۱۳۶۴دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بۆ مەئموورییەت بۆ ناوچەی سەردەشت رەوانە کران. رۆژی ۱۱ / ۱۰ /۶۴ لە کاتێک دا لە گوندی "مارەدۆ" بۆ پشوودان مابوونەوە دەکەونە بەر ئاوری تۆپخانەی حکوومەتی بەعسی عێراقو بەداخەوە ئازاد شەهید بوو چووە ریزی کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانو سەنگەری تێکۆشانی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## شەهید رەحمان زارعی



ساڵی ۱۳۴۱ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو چەوساوەی گوندی "کانی زۆراب"ی ناوچەی فەرهادتاشی بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێنا. دەست کورتیو نەداری بنەماڵەکەی رێگای چوونە قوتابخانەی لێ بەربەست کرد. بۆیە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تووشی کوێرەوەریو رەنجو مەینەت بوو و شانی دایە بەر کارو کاسبیو بە شوانیو رەنجبەریو کرێکاری هەوڵی داوە ژیانێکی فەقیرانە دابین بکاو چاو لە دەستی خەڵکی نەبێ.


ساڵی ۱۳۵۵ی هەتاوی ماڵیان لە کانی زۆراب بەرەو بۆکان کۆچی کردو لەم شارە گیرسانەوە. پاشان رەحمان بۆ کارکردن رووی کردە کوورەخانەو شیرکەتەکانی شارە گەورەکانی ئێران، تا بژێوی ژیانی دابین بکا.

ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی رەحمان بوو بەهۆی ئەوەی زۆر زوو هەست بە چەوسانەوەو بن دەستی بکا لەو زوڵمو زۆریو بێعەداڵەتییانەی کە بەچاوی خۆی دەیبینی بەتەواوەتی بێزار بوو هەربۆیەش پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە لێوردبوونەوەی تەواو رێبازی پڕ لە شانازی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو پێوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە گرت. بەڵام بەهۆی وەزعی نالەباری ئابووری بنەماڵەی دوو جاران لەلایەن حیزبەوە ناردرایەوە تا بە ژیانی بنەماڵەکەی رابگا.

ڕەحمان وازی نەهێنا لەساڵی ١٣٦٥دا بە ڕەسمی چەکی دەست دایەو لە ریزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان دا سازمان دراو تێکۆشانی دەست پێکرد. ڕەحمان زارعی بڕوایەکی زۆری بە فێربوون هەبوو لە درێژەی کارو تێکۆشان دا بەباشی فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی بوو. هەروەها عەلاقەیەکی زۆری بە وەرزش بوو. پێشمەرگەیەکی بە ئەخلاق‌و ڕەوشت جوان بوو. هەموو پێشمەرگەکان خۆشیان دەویست‌و جێی باوەڕی حیزبەکەی بوو. ئازاو نەترس‌و بەجەرگ بوو، هیچ کات لە شەڕەکان دا بێدەسکەوت نەدەگڕاوە، شەڕە حەماسی‌یەکانی بەردەهەڵۆ، بەردەقەل، پشتی حسێن ئاباد وێنەیەکن لە قارەمانەتیی ڕەحمان زارعی.

شەوی ٧ / ٧ / ١٣٦٦ لەکاتی دەست بەسەر داگرتنی گوردانی ئیمام حەسەن لە گوندی "نۆبار" کە بوو بەهۆی کوژرانی ١٤٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم، بە داخەوە پێشمەرگەی فیداکار ڕەحمان زارعی لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی بە ناوەکانی حەسەن عەزیزی ناسراو بە حەسەن بەیان، ڕەحمان جەناح‌و سەید وەلی فەتاحی شەهید بوون‌و سەنگەری تێکۆشانیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

## شەهید ڕەسووڵ خورسەندی



ڕەسووڵ خورسەندی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو حیزب خۆشەویست دا لەدایک بوو و چاوی بە دنیای پڕ ناعەداڵەتی هەڵێنا لە دایک بوونی ڕەسووڵ بزەی خستە سەر لێوی ئەم بنەماڵەیە. ڕەسووڵ بەرەبەرە کە گەورە بوو قۆناغی ساوایی بەجێهێشت‌و لە تەمەنی ٧ ساڵی‌دا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. پۆلەکانی خوێندنی زۆر ئازایانە بڕی‌و تا پۆلی دووهەمی ناوەندی دەرسی خوێند. پاشان بەهۆی گیروگرفتی سەردەم نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدا. ڕەسووڵ کوڕێکی لەبەر دڵان‌و لەسەرەخۆ بوو، لە قوتابخانەش ڕێزیان لێدەگرت‌و هەموو قوتابیانی هاوپۆلی خۆشیان دەویست.

ڕەسووڵ بەتەواوی لە ئێش‌و ئازاری گەلەکەی حاڵی ببوو و بەباشی دەیزانی کە گەلی کورد چەند چەوساوەیە، چونکە لەگەڵ خوێن‌و ڕەگی ئاوێتە ببوو. هەربۆیە لە خۆپیشاندانەکان دژی ڕێژیمی شاهەنشاهی دا بەشداریی چالاکانەی کردو دوایی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی گەندەڵی خومەینی‌و هێرشی ئەو ڕێژیمە بۆ سەرخەڵکی کوردستان، هەروەک لە ڕەسووڵ خورسەندی چاوەڕوان دەکرا وەک لایەنگری حیزب خۆی ناساندو هاتوچۆی بنکەکانی حیزبی دەکرد. لەم ماوەیەدا زۆر ئازایانە کاری تەبلیغی دەکرد. لە جەریانی هێرشی کۆماری ئیسلامی لە ئاخرو ئۆخری هاوینی ١٣٦٠دا بۆ سەر شاری بۆکان ڕەسووڵ بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە تەداروکاتی بۆ شەڕگەکان کۆ دەکردەوە. بە داگیرکردنی شاری بۆکان ڕەسووڵی خاوەن هەست بە ڕەسمی دەستی دایە چەکو کەوتە گەل پارتیزانەکانی ناوچەی بۆکان‌و لە کۆڕی پەروەردەو فێرکردن دا سازمان درا. ڕەسووڵ وەک مامۆستاکانی دیکەی کۆڕی پەروەردە خزمەتی بە منداڵانی کوردستان دەکردو وەک مامۆستایەکی شارەزا منداڵانی کوردستانی فێری زمانی کوردی دەکردو وەک

مامۆستایەکی کارامەو لێهاتوو ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی بەڕێوە دەبرد. هاوینـان لـە کـاتی پشـوودانی قوتابخانـەکان دا مەئمووریـەتی لـە کـۆڕی پەروەردە وەردەگرتو لەگەڵ لکو پەلەکانی هێزی پێشمەرگە لە گەڕانی سیاسی – نیزامیی دا بەشداریی دەکرد. ڕەسووڵ بـۆ سـاتێک حەسـانەوەی نەدەزانیو بەردەوام هەوڵی دەدا زیاتر پلەی زانینی خۆی بەرێتە سەرەوە. ئەو تەنیا مامۆستای شـۆڕش نـەبوو، بـەڵکوو پێشمەرگەیەکی قارەمانو ئازاو لەخۆبوردووش بوو.

پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو یەکیەتیی لاوانو کۆڕی پەروەردەو فێرکردن بۆ جەولەیەکی سیاسی – نیزامی لـە سـەرەتای مـانگی پووشپـەڕی سـاڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بۆ ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان دەست پێدەکەن. ڕۆژی ٩ / ٤ / ٦٢ لـە گونـدی ئەربـەنووس لـەحاڵی پشـوودان دابـوون کـە هـەواڵ بـە پێشمەرگەکان دەگا کە هێزی کۆنەپەرستی ئاخوندی هێرشی هێناوە، لە سەعات ٩ی بـەیانی شـەڕێکی نابەرانبـەرو خوێنـاوی دەسـت پێـدەکا. پـاش شەڕێکی ١٠سەعـاتە پاشەکشە بەهێزی دوژمن دەکرێ لەو شەڕەدا ١٢٠ کەس لـە دوژمـن کـوژراو چەنـدین دەسـتگا ماشینو بـەدەیان قـەبزە چـەک لـە ڕێژیم بە دەستکەوت گیرا. ڕێژیم جگە لەسێ هێلی کۆپتەر، دوو فڕۆکەی (F4)ی شەڕکەری هێنایە مەیدانی شەڕەکەو سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاورباران دەکرد. لـەو شـەڕە حەماسی یـەدا بـوو کـە ڕەسـووڵ خورسـەندی کەوتـە بـەر گوللـەی دژی گـەلی یـەکانو خـوێنی تێکـەڵ بـە خـوێنی (٧) هاوسەنگەری دیکە بە ناوەکانی: هەمزە حیجازی، بەهمەن سامبەگی، ئەسعەد سەید ئەحمەدی، لەتیف ڕەشیدی، سمایل عەبدی، محەممەد عەبدیو مەنسوور سوارە بوون بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانیان کردو ڕێگای خەباتیان بەوان سپارد. یادیان بەرێز بێ.

## شەهید ڕەسووڵ مینە کانی سیرانی

ناسراو بە (سوورە)



ڕەسووڵ مینەکانی سیرانی "میناپی" لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی سەراو لە ناوچەی ئاڵەشینی لە دایکبوو. نەداریو دەست کورتی بەردەرگای ماڵی ڕەسووڵی گرتو نەیتوانی بچێتە قوتابخانـەو وەک زۆربـەی منـداڵانی ڕەشو ڕووتـی کوردسـتان لـە نەخوێنـدەواریدا مایـەوە. هـەر بـە منـداڵی لەگـەڵ بـاوکی دەسـت لـەملانی کێـوو دەشـت بـوو تـا ماوەیـەکی زۆر شـوانی مـەڕو بـەرخۆڵانی خـەڵک لـە ئـاوایی یەکـەیان بـوو. پاشـان ڕووی لـە کوورەخانەکانی تەورێزو ئەردەبیل کرد تا بتوانێ باری ژیانیان باشتر بکا. کاتێک زستانان بۆ ئاوایی دەگەڕایـەوە بێکـار دادەنیشتو کە لەگەڵ براکانی ڕووی لە شیرکەتەکانی تارانو تەورێزو ئیسفەهان دەکرد. ڕەسووڵ بە هاتوچۆ کردنی شارەکانی دیکە چاو و گوێی کرابۆوە زیاتر لە جاران هەستی بە ناتەبایی دەکرد. لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ٥٧ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو تا بەگۆڕکردنی ڕێژیمی پەهلەوی، بێوچان بەشداری کرد.

لەم قۆناغەدا لە کاتێک دا لاوانی خوێن گەرم پۆل پۆل هاتنە نێو ریزی یەکگرتووی حیزبەکەیان، حیزبی دێموکرات، رەسووڵ مینە کانی‌سیرانیش یەکێک لەو لاوانە بوو کە بە بیروباوەڕەوە لە ساڵی ١٣٥٨ بە رەسمی چوە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو لە هێزی بەیان دا سازمان درا. ئەو زۆر زوو توانی جێگای خۆی بکاتەوەو سەرنجی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێو لە نێویان دا بە "سوورە" نێوبانگی دەرکرد.

سوورە کوڕێکی ئازاو قارەمان بوو، لە ئاست دوژمن دا رق ئەستوورو لە بەرانبەر خەڵکو هاوڕێیانی‌دا لەسەرەخۆ بوو. سوورە مینە کانی‌سیرانی بۆ بڕیاردانی حیزبی سەر لەپێناو بوو. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچە بەشداری دەکرد. لە شەڕی داشکستان، سەراو بێژینگ بەسەر، جادەی سەقز – بۆکان دا فیداکاری نواند.

رۆژی ١ / ٥ / ١٣٦٠ هێزی رێژیمی کۆنەپەرستی بۆ گوندی سەرا هێرشی هێنابوو. پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە بەرەو سەقز راویان نان. رێژیم بۆ جاری دووەم هێرشی کردەوەو شەڕێکی خوێناوی لەنێوان کوڕەکانی دێموکراتو دوژمنی دڵڕەشو داخ لەدڵ دەستی پێکردەوە. گوندی سەرا بۆ دوژمن کوشتارگا بوو، سەرئەنجام پاشەکشە بە رێژیم کرا. بەداخەوە لە دوا ساتەکانی ئەو شەڕەدا گوللەی دوژمن سینگی رەسووڵی پێکاو خوێنە سوورە ئاڵەکەی رژایە سەر خاکی پاکی نیشتمانو بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کردو درێژەپێدانی رێگاو رێبازەکەی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## شەهید رەسووڵ میرانی



رەسووڵ میرانی ساڵی ١٣٣٧ لە گوندی "کارێزەی گڵی" ناوچەی بۆکان لە بنەماڵەیەک چاوی بە دنیا هەڵێنا کە هەژاریو رەنجو تاڵی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیبوون. سەرەڕای ئەوەش چووە قوتابخانەو تا پۆلی ٤ی سەرەتایی دەرسی خوێند، بەڵام ناچار بوو دەست لە خوێندن هەڵگرێو روو لە کارو کاسبی بکا. ئەو کە گەورە بوو هەمیشە بەدوای ناوونیشانی شۆڕشگێرانی ئێرانی دەکەوت، کەم کەسایەتیی سیاسیو شۆڕشگێری کوردو ئێرانی هەبوو کە رەسووڵ دوور بەدوور نەیناسێ. سەرەڕای کەم بوونی خوێندەواری هەمیشە لە هەوڵی خۆپێگەیاندن دا بوو. کتێبی زۆری دەخوێندەوە و تێنووی باسو خەبەری تازە بوو. شێعری شاعیرانی کوردی زۆر لەبەر بوو و هەمیشە ئەم شیعرەی مامۆستا هەژاری بۆ خەڵک دەخوێندەوە:

کوردێکم دەوێ چابکو پتەو — سەفەرێک هەیە بۆم بکا بە شەو
ئەهێڵێ تورکو عەجەم بزانن — داگیرکەرانن لە کوردستانن
ماڵ لە خانەخوێ حەرام کراوە — مەسەلەی کوردەو لە کورد رووی داوە

.....بچیتە شاری مەهاباد　　　　تڵیشێ بێنێ لەو داری بێداد
ئەو دارەی قازیو سەیفیان پێدا کرد　　　　جمهوریەتی کوردیان پێ لابرد

ئەو شارەزاییەکی باشی لەسەر مێژووی جوڵانەوەکان هەبوو و بۆ خەڵکی باس دەکرد. رەسووڵ چکۆڵ ساڵی ۱۳۵۱ بابی لەدەست دا بەم چەشنە ئەرکی قورس تر بوو. بۆیە بەرەو شارەکانی دیکە وەرێ کەوت. لەوێش لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کرێکاران روون بکاتەوە، کە کوردیش نەتەوەیەکە. ساڵی ۵۷ ئاواتی هاتە دیو گەڕایەوە کوردستان، بەڵام دیسانەوە گەڕایەوە تاران بۆ کرێکاریو هەتا ساڵی ۵۹ لەوێ مایەوەو کرێکارانی لە داخوازییەکانی کورد ئاگادار دەکردەوە. ساڵی ۶۰ گەڕایەوە بۆکانو بەهۆی تەبلیغ بۆ خەباتی گەلی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە رەوانەی بەندیخانە کراو دوای ئازادکرانی ساڵی ۶۱ هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە، وەکوو پێشمەرگەیەکی قارەمان لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداری کرد. بۆ وێنە لە شەڕەکانی نستان، شەڕە بەنێوبانگەکەی شاماتو شارویراندا. فیداکاریی بەرچاوی لەخۆی نیشان دا. رۆژی ۱۷ی رێبەندانی ۶۳ پاش شەڕێکی قورسی هێزی بەیان لە ئاواییەکانی لەگزو وەتەمیش لەگەڵ هێزەکانی رێژیم لە گەڕانەوەدا لە نزیک ئاوایی قەرەلی لە رۆژی ۲۳ی رێبەندان کەوتنە کەمینەوەو پاش ۴ سەعات شەڕی قارەمانانە بە داخەوە رەسووڵ کەوتە بەر گوللەی چەکدارەکانی کۆمەڵەو دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە نیشتمانو گەلەکەی کرد.

## شەهید رەحمان ئەمینی

ناسراو بە (رەحمان نۆباری)



رەحمان ئەمینی ساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی لە ئاواییە خنجیلانەو رازاوەکەی نۆبار لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە دایک بوو هەر بۆیەش بە رەحمان نۆباری دەناسرا.

رەحمان لە تەمەنی ۷ ساڵی دا کتێبی لە بن هەنگڵی ناو وێڕای منداڵانی هاوتەمەنی چوو بۆ قوتابخانە، بەڵام قوتابخانەو دەرس خوێندن نەیتوانی سەرنجی رەحمان بۆ لای خۆی راکێشێ. بۆیە هەر زوو وازی لە قوتابخانە هێناو بەمجۆرە لە هاوپۆلییەکانی هەڵبڕاو ڕێگای مووچەو مەزرای گرتە بەرو بوو بە هاوڕێی شەوانو رۆژانی دایکو باوکی زەحمەتکێشی لە دەشتە بە پیتو بەرەکەتەکەی نۆبار.

کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران بە خەباتی یەک پارچەیی هەموو چینو توێژکانی کۆمەڵی ئێران سەرکەوتو حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد، ڕەحمانیش دەستی دایە چەکی شەڕەفو لە هێزی بەیان بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی پۆشی. لە کاتی شەڕ دا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو، ڕەحمان ٢جار لە شەڕ لەگەڵ دوژمنانی کوردستان دا بریندار بوو، بەڵام برینەکانی گەرمایی‌و تینی خەباتی لە نێو دڵو دەروونی پڕ لە هەستی‌دا بەتینو بەهێزتر دەکرد. شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، گرتنی پایگای قاقلاوا، شەڕەکانی چۆمی قاراوەو پایگای جەمۆغە شاهیدی فیداکاری ڕەحمان نۆبارین.

بەداخەوە زۆر زوو ئەو هاورێ بوێرو گیان لەسەر دەستە لە کۆڕی هاوسەنگەرانی ماڵئاوایی کرد. ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە کاتێک دا کە پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو هێزی شەهید پێشەوا بە پێی گەڵاڵەیەکی هاوبەش پەلاماریان بردە سەر مۆڵگەی هێزەکانی ڕێژیم لە شاخە ڕەشی گلێنانی ناوچەی گەورکی مەهاباد ڕەحمان لە حاڵێک دا بەمەبەستی نفووز بۆ نێو پایگای دوژمن بە سینگە خشکێ دەستی بە پێشڕەوی کردبوو، کەوتە بەر دەستڕێژی دوژمنانی کوردستانو شەهید بوو.

---

## شەهید ڕەحمان مامەش

### ناسراو بە "ڕەحمان چواردیواری"



ڕەحمان مامەش لە گوندی چوار دیواری ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا چاوی بە دنیا هەڵێنا. تەمەنی منداڵانەی ڕەحمان وەک تەمەنی زۆربەی منداڵانی کوردستان لە مەینەت بەشیو کوێرەوەری جیا نەبوو. هەژاری‌و دەست کورتیی بنەماڵەکەی ڕێگای پێنەدا بچێتە قوتابخانەو سەرەنجام بە نەخوێندەواری مایەوە. منداڵ بوو کە لەگەڵ باوکی لە مووچەو مەزراکان کاری دەکرد. بە دەست پێکردنی شۆڕش‌و ڕاپەڕینی خەڵک بە دژی حکوومەتی گەندەڵی شاهەنشاهی، ئەویش شان بەشانی لاوانی وڵات لەو ڕاپەڕینەدا بەشداریی کرد، بەو ئامانجە کە حکوومەتی شا برووخێو گەلەکەی بە مافە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌یەکانی بگا. بەڵام کە دیتی بە هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسکەوتەکانی شۆڕش خرانە ژێر پێو دیکتاتۆرییەکی تازە باڵی بەسەر ئێران دا کێشاوەو کەوتۆتە سەرکوت کردنی ئازادی‌و مافە ڕەواکانی گەلانی ئێرانو لە بەرانبەریش دا خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەوتۆتە دیفاع کردن لە مافو مەوجوودییەتی خۆیو بۆ ئەم مەبەستەش هەزاران لاوی ئازاو بەجەرگ چەکی پێشمەرگایەتی‌یان کردۆتە شانو بەرەنگاری لەشکریانی جەهلو نەزانی بوونەتەوە، ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانو لە هێزی بەیان دا سازمان درا. بەمجۆرە قوناغێکی تازە لە ژیانی ڕەحمان دا دەستی پێکرد. پاش ساڵێک بە هۆی هێندێک گیروگرفتی بنەماڵەکەی لە سەر ڕەزامەندیی حیزب چۆوە لای بنەماڵەکەی. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی کاتێک

هێرش‌و پەلاماری رێژیم بۆ سەر گوندەکانی ناوچەی بۆکان دەستی پێ‌کرد رەحمانیش خۆی گەیاندەوە ریزی پێشمەرگەکان‌و سەر لە نوێ لە یەکێک لە پەلەکانی هێزی بەیان دا سازمان درا.

رەحمان لاوێکی ژیرو رۆح سووک بوو. سەرتاسەری وجوودی ئیحساساتی شۆرشگێرانە بوو، ئازاو بە جەرگو نەترس بوو، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزب‌و رێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی هەبوو. بە نەزمو دیسیپلین بوو، لە شەڕەکان دا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. شەڕە حەماسی یەکانی قەرەکەند، سێوەدین، تەرەغە، سەرباغچە، حوسێن ئاباد، ساردە کوێستان، شیلاناوێ، بۆگەبەسێ‌و باغلووجە بۆ هەمیشە شاهیدی جوامێری‌و ئازایەتی‌و لەخۆبوردوویی ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی حیزب‌و گەلەکەمانن. رەحمان لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا ۳ جاران بریندار بوو، بەڵام هەموو جارێ پاش سارێژ بوونەوەی برینەکانی دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات.

لە مانگی رەزبەری ساڵی ۱۳۶۵ی هەتاویدا لە کاتێک دا لەلایەن کومیتە شارستانی بۆکانەوە بە مەئموورییەت لەگەڵ تیمێک لە پێشمەرگەکان بوو، کاتژمێر ۱۲ی پێش نیوەڕۆی رۆژی ۱۳ی رەزبەر لە حاڵێک دا پاش برینی چەند کاتژمێر رێگا بۆ حەسانەوە روویان کردە نێو باخەکانی حاجی ئاباد هەڵکەوتوو لە ۵۰۰ میتری رێگای میاندواو بۆکان. لە لایەن خۆفرۆشێکەوە راپۆرتیان لێ دەدرێ. دوابەدوای ئەوە دوژمن بە هێزێکی زۆرو پۆشتەو پەرداخەوە خۆی گەیاندە دەوروبەری شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان. رۆڵەکانی گەل کاتێک بەوەیان زانی گورج خۆیان سازمان داو کەوتنە بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی دوژمن. دوژمن تا دەهات ئاڵقەی گەمارۆی تەنگتر دەکردەوەو رۆڵەکانی حیزبو گەلیش وەبەر دەستڕێژیان دەدان. بەداخەوە لەو شەڕەدا هەشت پێشمەرگە، هەشت تێکۆشەری حیزب، گیانی پاکیان بەختی بارەگای ئازادی گەلەکەیان کردو چوونە نێو کاروانی شەهیدانی رێگای بەختەوەری گەلەکەیان. ئەو شەهیدانە بریتی بوون لە: شەهیدان سمایل خورشیدی، سەدیق ئەحمەدی ناسراو بە سەرهەنگ، سولەیمان فەرامەرزی، محموود چوپانزادە، هەمزە ئیفتخاری، قاسمی فەیزی، محەممەد رەحیمی ناسراو بە محەممەد حاجی‌ئابادی‌و رەحمان مامەش ناسراو بە رەحمان چواردیواری.

## شەهید رەحمان فەیزوڵڵاپوور



رەحمان فەیزوڵڵاپوور لە ساڵی ۱۳۳۵ی هەتاوی لە گوندی قارنجەی گەورەی ناوچەی بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش بەڵام کوردپەروەر چاوی بە دنیا هەڵێنا. ژیانی دەورانی منداڵی رەحمان وەک ژیانی هەرەزۆری منداڵانی کوردستان تێکەڵاوی مەینەت، بێبەشی‌و هەژاری بوو. لە تەمەنی حەوت ساڵی دا بۆ دەرس خوێندن نێردرایە قوتابخانە.رەحمان لە قوتابخانە کورێکی زیتو وریا بوو. عەلاقەیەکی زۆری بە دەرس خوێندن هەبوو، بەڵام سەد داخو مەخابن دەست کورتی‌و نەداری گەرووی بنەماڵەکەی رێک دەگووشی‌و بابی چەوساوەی بۆئەوەی خۆی لە زنجیری نەداری

ڕزگار بکاو بتوانێ ژیانی نەمر نەژی خۆی بەڕێوە بەرێ ڕەحمانی لە پۆلی ۴ی سەرەتایی لە قوتابخانە گێرایەوە. ڕەحمان هەرچەند تەمەنی لە ١٠ ساڵ تێنەدەپەڕی، بەڵام هەژاری ناچاری کرد شانبەشانی بابی دەست بداتە کارو هەر لە منداڵی‌یەوە بە کردەوە لەگەڵ ڕەنجو کوێرەوەری ئاشنا بێ. ئەو بە باشی کاری دەکردو لەڕاستی دا ببوە یاریدەدەرێکی بەوەفای بابی بۆ بەڕێوە بردنی ژیانی بنەماڵەکەی. لە تەمەنی ٢٠ ساڵی‌دا ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کچێکی ساکارو دڵپاکی لادێ دەست پێکرد. ئەم پێوەندیە ئەرکی ڕەحمانی لە بەڕێوەبردنی ژیانی بنەماڵەکەی دا قورس‌و گرانتر کرد، بۆیە ڕۆڵەی زەحمەتکێشی کورد پتر زەحمەتی دەکێشاو پتر خۆی ماندوو دەکرد هەتا ژیانێکی خۆش بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا، ژیانێکی ساکار بەڵام پڕ لە خۆشەویستی دڵپاکی‌و دوور لە ڕیا. ڕەحمان تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ژیانی لە مووچەو مەزراکانی قارنجەی گەورەدا تێپەڕ بوو. پاش هێرشی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی بۆ سەر کوردستان، لاوی بەهەستی کورد نەیدەتوانی بەرامبەر بەم شەڕە نامرۆڤانەیەو ئەو هەموو جینایەتە بێدەنگ بێ. ئەو نەیدەتوانی لە کاتێک دا ڕەشەبای ئەهریمەنی کوردستان وێران دەکاو مان‌و نەمانی گەلەکەی کەوتۆتە مەترسیەوە دەست لەسەر دەست دابنێ‌و چاولێکەری ئەم هەموو جینایەتە بێ، بۆیە هاتە سەر ئەو بڕوایە کە پێویستە ئەویش وێڕای شۆڕە لاوان ڕاپەڕێ بۆ وەدیهێنانی ئازادی‌و دیموکراسی‌و پاراستنی شەرەف‌و کەرامەتی گەلەکەی خەبات بکاو لە مەیدانی خەبات دا دژی دوژمنانی گەلەکەی شانازی بخولقێنێ.

هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بە شانازی‌یەوە هاتۆتە ڕیزی پێشمەرگەکانی دیموکرات و چەکی شانازی‌و شەرەفی لە شان کرد. ڕەحمان هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب دا، دڵسۆزی‌و ڕاستی‌و ئیمان‌و بڕوایەکی پتەوی لێ بەدی دەکرا، کوڕێکی زەحمەتکێش‌و لاوێکی تێکۆشەر بوو و لە دڵو دەروونی هاوسەنگەرانی دابوو.

لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا شان بەشانی هاوسەنگەرانی چالاکانە بەشداری کرد. قارەمانیەتی‌و حەماسە خولقاندنی ئەم کوڕە پێشمەرگەیەی دێموکرات لە شەڕەکانی شێخ خاڵی‌و ڕێگای بۆکان- میاندواو دا دەرکەوتو نیشانی دا کە لە ئاست دوژمندا سەرسەختە، قارەمانانە هەڵمەت دەباو شێلگیرانە لە شەرەف‌و کەرامەتی گەلەکەی بەرگری دەکا. ئامادەیە گیان بەخت بکا، بەڵام سەر بۆ دوژمنی فاشیستو دژی بەشەری خومەینی نەوی بکا. ڕەحمان لە مەیدانی کردەوەدا ئەم ڕاستی یەی بۆ هاوسەنگەرانی سەلماند کە لەسەر داوای ڕەوای خۆی شێلگیرەو ئەوینداری ئازادی‌و ڕزگاریی گەلەکەیەتی‌و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە قارەمانانە تێدەکۆشێ.

ڕۆژی ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٢ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان پەلاماری خۆیان بۆ سەر بنکەکانی دوژمنی فاشستو دژی گەلی لە سەدی نەورۆزلووی بۆکان دەست پێکرد. لەم هێرشەدا دەیان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران‌و بریندار بوون‌و لاشەی ژمارەیەک لە دژی گەلی یەکان کەوتە بەردەستی پێشمەرگەکان‌و چەندین ماشینی دوژمن ئاگر درا، بەڵام سەد مەخابن لەم عەمەلیاتەدا بوو کە ڕۆڵەی دێموکرات ڕەحمان فەیزوڵڵا پوور کەوتە بەر گوللەی کۆنەپەرستانی کورد کوژو خوێنی گەشی ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمان‌و سەری لە پێناو ئازادی‌و بەختەوەری‌دا بەخشی‌و تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوو. شەهید ڕەحمان دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەی بوو. بە شەهید بوونی ڕەحمان فەیزوڵڵا پوور بنەماڵەکەی بۆ لە دەست دانی دوو کوڕی شۆڕشگێڕ فرمێسکیان ڕشت، بەڵام تفەنگی ئەم دوو تێکۆشەرە نەک هەر نەکەوتە سەر عەرز، بەڵکوو بابی بەهەستو پیرو دڵ بریندایان هەروا چەکی دوو کوڕە شۆڕشگێڕەکەی‌و سەنگەری ئەوانی بە لە خۆبوردوویی‌یەوە زیاتر ڕازاندەوەو درێژەی بە خەبات دژی بەکرێگیراوانی ئاخوندی دا.

# شەهید ڕەحیم وەلیزادە



ڕەحیم وەلیزادە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژاری بێدەرەتانی گوندی هەباس ئاوای سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆڕی بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە باوەشی گەرمو پڕ لە خۆشەویستی دایکی دڵپاکیدا گەورە بوو. هەرچەند بنەماڵەکەیان نەدارو دەست تەنگ بوون بەڵام نەیانهێشت ڕەحیم لە خوێندنو فێربوون بێ بەهرە بێ. هەرکە تەمەنی گەیشتە ٦ ساڵان ڕەوانەی قوتابخانە کرا، ڕەحیم کە هەژاری ببوە هاودەمی ژیانی بە هاتنی پشووی خوێندن ڕووی لە مووچەو مەزراکان دەکردو یارمەتیی باوکی زەحمەتکێشو ڕەنجدەری دەدا. ڕەحیم پۆلی پینجەمی سەرەتایی بە سەرکەوتنەوە تەواو کرد، بەڵام لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی لە گوندەکەیان دەبوو بۆ درێژدانی خوێندن ڕوو بکاتە شار. بەداخەوە بەهۆی ئەوە کە بنەماڵەکەیان توانای دابین کردنی خەرجی خوێندنی ئەویان نەبوو، بە ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرتو بوو بە یاریدەدەری باوکی.

ڕەحیم لە ڕاپەڕینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران لە دژی حکوومەتی حەمە ڕەزاشا دا بەشداری چالاکانەی کردو بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بیرو هۆشی بۆ لای کوردایەتی ڕاکێشرا. ئەو کە ئۆگری ئازادیو ڕزگاری بوو، ئەو ئاواتەشی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دۆزییەوە. لە پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دا ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی بۆ خەبات لە دژی پەلاماردەرانی کوردستانو بۆ بەرپەرچدانەوەی جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژارد، بەتایبەت کە جینایەتی ڕێژیم لە گوندی حوسێن مامە ڕقی شۆڕشگێڕانەی ڕەحیم وەلی زادەی هێنابووە خرۆش. ئەو ئیمانی خۆی بە ڕێبازی پیرۆزی حیزبەکەی هەر لە یەکەم چالاکیی پێشمەرگانەی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی لەنێو شاری بۆکان دا نیشان دا. لەم شەڕە هەر چوار دەوری هاوڕێ ڕەحیم گیرا بوو و بە تەواوی کەوتبووە گەمارۆی دوژمنەوە، بەڵام بێئەوەی کە وره بەربداو لە بەرانبەر دوژمن دا بەچۆک دابێ بە ئیمانێکی قایمو ورەیەکی بەرزەوە شەڕی دەکردو گەمارۆی پاسدارە دژی گەلی یەکانی تێک شکاند. هەرچەند لەو شەڕەدا کەوتە بەر پڕیشکی نارنجۆکو بریندار بوو، بەڵام دیسان ورەی بەر نەداو بەڵکوو ئەوە زیاتر هانی دا کە شەڕ بکاو دوژمن لە بەرانبەر ورەو ئازایەتی خۆی دا بەچۆک دابێنێ. ڕەحیم وەلیزادە پێشمەرگەیەکی خۆش ئەخلاقو سەرو ڕووخۆشو خاوەنی تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەو ئازاو لە خۆبردوو بوو، لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکانی بۆکان دا بەشداریی ئازایانەی هەبوو. بەتایبەتی لە دەست بەسەر داگرتنی مۆڵگەی دوژمن لە گوندی قاقڵاواو شەڕەکانی سەر ڕێگای بۆکان . میاندواو نەخشی کاریگەری گێڕاو هەر بەهۆی ئازایەتیو لێوەشاوەیی یەوە بوو کە لە لایەن هێزی بەیانەوە بە فەرماندەری پەل دیاری کراو بەرپرسایەتی ژمارەیەک لە هاوسەنگەرانی کەوتە ئەستۆ. پاییزی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی خاڵۆزایەکی ڕەحیم بەناوی "ڕەشید" کە پێشمەرگەی حیزب بوو، شەهید بوو. ڕەحیم بە شەهید بوونی ڕەشید پەیمانی تازە کردەوە کە هەتا سەر ڕێگای درێژە بداو ڕۆڵەیەکی ئازاو لە خۆبردووی ڕێگای ئازادی کوردو کوردستان بێ.ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە نێو ئاوایی مێرگە نەخشینەی ناوچەی گەورکی سەقز جێگیر ببوون. هاوڕێ

رەحیم لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی کەریم ساڵحی بۆ پیاسە کردن لە سەر چۆمی گوندی "مێرگەنەخشینە" کە بە قەراغ ئاوایی دا تێدەپەڕی، بەڵام لە پڕ کەوتنە بەر دەسرێژی چەکدارەکانی حیزبی کومونیستی ئێرانو لە ئاکام دا رەحیم برینداروکەریم ساڵحی شەهید بوو. سەرەنجام رەحیم پاش چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ چاوە گەشەکانی لەسەر یەک داناو چوە نێو کاروانی شەهیدانی سوور خەڵاتی ڕێگای ئازادیی کوردوکوردستان.

## شەهید رەشید خەلیلی

### ناسراو بە (رەشید جەگەن)



رەشید خەلیلی لە ساڵی ۱۳۴۴ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی هەباساوە لە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لەدایک بووە. لە تەمەنی ۷ ساڵان دا رەوانەی قوتابخانە کراوە، تا پۆلی ۵ی سەرەتایی دەرسی خوێندوە. پاشان بەهۆی بێدەرەتانیو هەژاری بنەماڵەکەی رێگای کرێکاری گرتۆتە بەر.

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو دانانی رێکخراوەی حیزبی لە بۆکان، هەستی کوردایەتی لە نێو دڵی رەشید دا بەهێز بوو. ساڵی ۱۳۶۰ی هەتاوی پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان گرتو وەک لایەنگری حیزب لە ئاوایی هەباساوادا کاری دەکرد.

رەشید بەو پەڕی دڵسۆزیەوە بڵاوکراوەکانی حیزبی لەو ناوچەیەدا بڵاو دەکردەوە. بۆیە رۆژ لەگەڵ رۆژ هەستی شۆڕشگێڕانە لە وجوودیدا بەهێزتر دەبوو. سەرەنجام ساڵی ۱۳۶۱ی هەتاوی بە مەبەستی رزگاری گەلەکەی چەکی شەڕەفی کردە شانو لە ریزی پێشمەرگەکان لە لکی دووی هێزی بەیان سازمان درا.

رەشید پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕو چالاک بوو، هەر مەئموورییەتێک پێی ئەسپێردرابایە بە سەرکەوتوویییەوە بەڕێوەی دەبرد. کوڕێکی وشیارو لە بەرانبەر هێزی دوژمن چاو نەترس بوو. هەمیشە لە شەڕەکان دا بە دەنگی بەرزەوە هاواری دەکرد "بگرە هات دێموکراتە."

ئەو لە شەڕەکانی جادەی میاندواو - بۆکان، گردی قەبران، مەلالەرو نێو شاری بۆکان، فیداکاریو حەماسەی نواندوە کە لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەدا تۆمار کراون.

رەشید خەلیلی سەرئەنجام لە عەمەلیاتێکی کەمین دانانەوە رۆژی ۲۳ی خەزەڵوەری ۱۳۶۳ی هەتاوی لەنێوان گوندەکانی قەرەمووسالی و مەلالەر لەسەر جادەی بۆکان- میاندواوە پاش شەڕێکی قارەمانانە کە بوو بەهۆی کوژرانی دەیان کەس لە هێزەکانی رێژیم، گیانی فیدای گەلەکەی کرد.

# شەهید ساڵەی شەریفی




ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست کورتو هەژار لە ئاوایی "داشتەمر"ی مەهاباد چاوی بە دونیا کەوت. لە تەمەنی دوو ساڵی دابوو کە بنەماڵەکەی بەهۆی وەزعی خراپی ژیان رووی لە قالوێ موعینی کردو پاش دوو ساڵ بارگەو بنەیان بەرەو کانیڕەشی ناوچەی پیرمحەممەد پێچایەوەو لەوێ گیرسانەوە، بەڵام بەداخەوە وەزعی ژیانیان هەر خراپ بوو. لەبەر نزمیی باری ژیانی نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو لە خوێندنگە بێبەش مایەوەو بۆ باشتر کردنی ژیانی بنەماڵە رووی لەکاری رەنجبەریو گاوانیو شوانی کردو پاشان لە کوورەخانەکانی شارەکانی دیکە کاری دەکردو بەمجۆرە توانی کە هێندێک لە قورسایی سەرشانی بابی وەئەستۆی خۆی بگرێ. ساڵە هەرچەند خوێندەواری نەبوو، بەڵام دەیزانی کورد چیەو چ نەتەوەیەکە. هەربۆیە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧دا بەشداری کردو بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، ساڵە لە ساڵەکانی ٥٨ - ٥٩ دا چەندجار هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، بەڵام بەهۆی پێویست بوونی ئەو بۆ بنەماڵەکەی رەوانەی ماڵێ دەکرایەوە. سەرەنجام شەهید بوونی رێبەری زانای گەلی کورد شەهید دوکتور قاسملوو ئەوەندەی دیکە هانی دا کە هەستی کوردایەتی ببزوێ، هەربۆیە ساڵی ١٣٦٨ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو دوای کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی فێرگەی سیاسی – نیزامی گەراوە هێزی بەیانو لەوێ سازمان درا.

ساڵە بەوپەڕی بیروباوەڕو ئیمانەوە ئامادەی فیداکاری بوو. هەرچەند خوێندەواری نەبوو، بەڵام باش لە ئوسوولەکانی گەیشتبوو و وەک پێشمەرگەیەکی نموونەو بەنەزم چاوی لێدەکرا. ساڵە زۆر وەخت ناس بوو و هەمیشە لەکاتی دیاری کراودا ئامادەبوو.

ئەو لە شەڕەکان دا قارەمانو لەخۆبوردوو بوو، هیچ کات لە گوللە نەدەترسا. شەڕەکانی ناوچە وەک: وەنەوشەو پشتی تورجانو سەرتوون لە بیرەوەری پێشمەرگەدا ماون کە چ قارەمانەتییەکی تێدا نواندون.

سەرەنجام لە رۆژی ١٩ / ٤ / ٦٩ رێژیم هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لکێک لە هێزی پێشەوا، پاش شەڕێکی سێ سەعاتە ٤٠ کەس لەهێزی دوژمن کوژرانو برینداربوون و ٩١ کەس بەدیل گیران. بە دەیان قەبزە چەک گیرا. ئەو رۆژە هیچ کات لەبیر ناچێتەوە کە سەنگەرەکەت لەنزیک ئێمە بوو. گوتم: ساڵە چ دەکەی؟ بۆ تەقە ناکەی؟ کە جوابت نەداوە زانیم کوڕە هەژاری کورد گوللەی وێ کەوتبوو. چوومە سەری دەستم لەسەر دڵی دانا جووڵەی نەدەکرد. دوو هاوسەنگەری بۆ پشتەوەیان گواستەوە. بەمجۆرە کوڕی قارەمانی گەلی کورد خوێنی لە پێناوی بەرژەوەندی گەلەکەیدا بەخت کردو رێگای تێکۆشانی بە هاوسەنگەرانی سپاردو لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: عەلی شەهابی، برایم جەهاندیدە، محەممەد خانەخا، خدر عەرەبی، برایم پوورسەعید، عەوڵا چراغ وارە، سەعید شکەنجە شەهید بوون.

# شەهید سەعید رەحمانی



سەعید رەحمانی ساڵی ١٣٤٦ لە گەرمەی شەڕی چەکدارانەی رۆڵە قارەمانو بەوەجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دژی رێژیمی پاشایەتی، لە شارە جوانەکەی بۆکان، لەنێو بنەماڵەیەکی دەست کورت لە ئامێزی دایکێکی زەحمەتکێش دا چاوە گەشەکانی بە دونیای روون هەڵێنا. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەرسی خوێند. بە داخەوە بەهۆی گیروگرفت، کە یەکێکیان دەست کورتیی بنەماڵە بوو نەیتوانی لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا. بە ئۆگرییەکی زۆرەوە ساڵی ١٣٦٢ ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی هەڵبژارد، بەڵام بەهۆی کەم تەمەنی رەوانەی یەکیەتیی لاوان کرا، پاش ساڵێک هاتەوە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو چەکی شەرفو بەرەنگاری لە شان کرد. لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا هەمیشە لە ریزی پێشەوەی هاوسەنگەرانیدا بوو و هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن. سەعیدی رووح سووک، زوو جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوەو بوو بە خۆشەویستی ئەوان. کوڕێکی بە نەزمو دیسیپلین بوو. لە کاتی پێویست دا زۆر لە سەرەخۆ هێدیو هێمن بوو. لەکاتی خۆشیو لە بەرامبەر دوژمنی غەداردا توندوتیژو بە هەڵمەت بوو. بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانە سەعید لەلایەن هێزەوە بە جێگری پەل دیاری کرا، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ئەم رۆڵە قارەمانە بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دیاری کرا.

سەعید بە بیرو باوەڕ زیاتر لە جاران هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە شەڕەکان دا زۆرترین زەربە لە دوژمن بکەوێ، بەڵام کەمترین شەهید بدا یا کەسی شەهید نەبێ. سەعید لە شەڕی نۆباردا بەشدارییەکی چالاکانەی کردو لەودا برینداربوو. بەڵام پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە نێو ریزی هاوسەنگەرانی.

رۆژی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٦٧ لە حالێک دا پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو ٢ی رێبەندان کە لە چیای وەنەوشە لە ٣ کیلۆمیتریی شاری سەقز لە پەنا پادگانی گەورەی سەقز مابوونەوە لە هێرشی دژی گەلییەکان ئاگادار بوونەوە.

پێشمەرگەکان خۆیان سازمان داو بەدوای فەرماندەکەیان بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشانو لەسەر لوتکە چیاکان شەڕ دەستی پێکرد. لەماوەی ٤٠ دەقیقە شەڕی گەرم دا دوژمنیان راوناو زەربەیەکی قورسیان لێدا. بەهۆی ئەو زەربە کارییە، دوژمن پەیتا پەیتا شوێنی پێشمەرگەکانی ئاگرباران دەکرد. لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٢٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژرانو چەکو چۆڵێکی زۆر دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بوو. لەو شەڕە قارەمانانەیەدا بە داخەوە دڵی پڕ لە ئاواتی پێنج پێشمەرگەی نەبەزو سەربەرز بوە نیشانەی دژی گەلییەکانو خوێنی پاکیان رژایە سەر خاکی پاکی نیشتمان. ئەو پێنج کەسە بریتی بوون لە:

١- سەعید رەحمانی ٢- موزەفەر زارعی ٣- حەسەن عەبدی ٤- قادر ئەحمەدنژاد ٥- ناسر تەوەکولی

خوێنی ئەو پێنج قارەمانە تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی سەربەرزی رێگای ئازادیو دێموکراسی بوو.

یادیان بەخێرو رێگایان پڕ رێبوار بێ.

# شەهید سەید ئەنوەر حوسێنی



ئەنوەر ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٤٧ لە شاری سەقزی خوێناوی هاوکات لەگەڵ شەهیدبوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی گەلی کورد کە لە خەباتگێڕانی خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ بوون سەید ئەنوەر حوسێنی لەدایک بوو. لەبەر هەژاری بنەماڵەکەیان لە کاتێک دا کە تەنیا چەند مانگێک لە ژیانی تێپەڕ ببوو بابی سەرپەرستیو بەخێوکردنی ئەوی بە خوشکە گەورەکەی خۆی ئەسپارد. پووری بەپێی تواناو دەرەتانی هەوڵی پێگەیاندنی ئەنوەری دا. ئەنوەر کە هێشتا بە باشی دەستی ڕاستیو چەپی خۆی نەدەناسی لەلایەن پووری‌یەوە و بە پێشنیاری بابی ڕەوانەی مەدرەسەی ئایینی کراو تا تەمەنی ٨ ساڵی خەریکی فێربوونی علومی دینی بوو. بەڵام بەهۆی نەداری بابی‌یەوە زۆری پێنەچوو کە گەڕایەوە گوندی "قشلاقی سەید فەرەج" کە بابو دایکی لەوێ دەژیان لەوێ کرێکاریو گاوانیو سەپانیو ڕەنجو چەساندنەوە بەشی ئەنوەر بوو. شەوو ڕۆژو گەرماو سەرمای نەدەناسیو بە تەواوی توانایەوە هەوڵی کارکردنی دەداو ژیانی نەمر نەژی بنەماڵەکەی بەڕێوە دەبرد. پاش ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی کە حیزبی دیموکرات تێکۆشانی خۆی لە ناوخۆی وڵات دا ئاشکرا کرد، سەید ئەنوەر ڕێبازی ئەم حیزبەی هەڵبژاردو هاتە نێو ڕیزی شۆڕەلاوانی دێموکراتی کوردستان لە شاری بۆکان. پاش گیرانەوەی بۆکان لەلایەن ڕێژیمەوە کە بوە هۆی ئاوارەبوونی خەڵکی ئەم شارە، سەید ئەنوەر یارمەتی لێقەوماوانی دەداو لەهەر دەرفەتێک بۆ دڵدانەوەو هیوا بەخشی بە خەڵک کەڵکی وەردەگرت.

لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٢ لە کاتێک دا کە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان نفوزیان کردە نێو شاری بۆکان سەید ئەنوەر لەگەڵ پێشمەرگەکان بە یەکجاری لە شار هاتە دەرێو هاتە نێو ڕیزی پیشمەرگەکانی هێزی بەیان.

سەرەنجام لە کاتێک دا ڕێکەوتی ٣٠ی بانەمەڕی ١٣٦٣هێزی پێشمەرگە کە لە سەر ڕێگای هاتوچۆی دوژمن لە نزیک گوندی مێرگەنەخشینە کەمینیان دانابۆوە لە جەریانی شەڕێکی قارەمانانەدا کە لەودا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هێزی دوژمن کوژران، ١٢ کەسیان لەلایەن پێشمەرگەکانەوە شناسایی کرا. بە داخەوە سەید ئەنوەر حوسێنی پاش شەڕێکی قارەمانانە سینگی کەوتە بەر گوللەی دوژمنو دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوتو چوە ڕیزی کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی کوردو ئازادی. کاتێک هەواڵی دڵتەزێنی شەهید بوونی ئەنوەر گەیشتە بابی بێئەوەی بشڵەژێو بە سەربەزی¬یەوە گوتی: "ئەنوەر گوڵێک بوو کە پێشکەش کوردستانم کرد شانازی دەکەم کە کوڕەکەم لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب دا شەهید بووە هەتا کوردێک بمێنێ ناوی شەهیدان لە دڵی خەڵک دایەو هەتا هەتایە زیندووە." ئەوە بۆچوونی شۆڕشگێڕانەی بابێکی زەحمەتکێشی کورد بوو کە بە ئارەقەو ڕەنجو کوێرەوەری کۆرپەکەی گەورە کردبوو. نەتەوەیەکی ئاوا زیندووو تینووی ئازادی سەرەنجام دوژمن بە چۆک دا دێنێو سەردەکەوێ.

## شەهید سەیدکامیل مستەفەوی



سەید کامیل مستەفەوی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی "کوچکی سەرێ" سەر بە ناوچەی تورجانی بۆکان لە بنەماڵەیەکی جووتیارو زەحمەتکێش لەدایک بووە. ژیانی منداڵی هەرلە ئاوایی "کوچکی سەرێ" وەک هەموو منداڵانی لادێ بە چەرمەسەریو بێبەشی لە هەموو خۆشیەکانی ژیان بردۆتە سەر. بەهۆی جۆراوجۆر نەیتوانی زیاتر لە ٢ ساڵ دەرس بخوێنێ. لەکاتێک دا زیاتر لە ٨ ساڵ لە تەمەنی تێپەڕ نەبوو بابی ئایە بەر گاوانی. سەید کامیل چەند ساڵ بە گاوانیو چوونەبەر بەرخو کاریلانو کارکردن بۆ خەڵک ژیانی رابواردو بەم جۆرە یارمەتی بە بەڕێوەچوونی ژیانی بنەماڵەکەی دەدا. دەست کورتیو نەداری بە جارێک ژیانی لە سەید کامیلو بنەماڵەکەی تاڵ کردبوو. هەربۆیە بۆ باشترکردنی ژیانی بنەماڵە، خاوخێزانی بە ناچار لە ئاوایی کوچکی سەرێ باری کردە شاری بۆکانو لەوێ سەید کامیل بوو بە شاگردی خەیاتی. سەید کامیل لەبەر وریاییو زیرەکی زۆری پێنەچوو کە لە کارەکەی دا شارەزا بوو. بەم جۆرە یارمەتی بە بنەماڵەکەی دەکرد. ناوبراو لە درێژەی ژیانیدا چەرمەسەریو تاڵیو سوێری ژیانی دیتبوو، رزگاری لە چنگ بێبەشیو هەژاری ببوو بە ئاواتێکی بەرزی. هەربۆیە ئەو لە خۆپێشاندانەکان دا بە دژی رێژیمی پاشایەتی کە بەهۆی سەرەکی چارە رەشی گەلی کوردی دەزانی، شان بەشانی باقی خەڵکی بۆکان بەشداریی کرد. سەید کامیل وەک لایەنگرێکی بە ئەمەکی حیزبی دیموکرات لەنێو شاری بۆکان دا خزمەتی دەکرد. پاش ئەوەی شاری بۆکان لەلایەن کۆنەپەرستانەوە داگیرکرا، بە تاوانی لایەنگری لە حیزبی دیموکرات لەلایەن پاسدارەکانەوە گیراو بۆ ماوەی مانگێک بە توندترین شێوە لە چاڵە رەشەکانی ئاخوندی ئەشکەنجە درا. پاش ئازادی لە زیندان ساڵی ٦٠ لە شار هاتە دەرێو خۆی گەیاندە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو بە رەسمی بوو بە پێشمەرگەی حیزبە خۆشەویستەکەی. لەوێش زۆری پێنەچوو کارامەییو زیرەکی ئەو بۆ هاوسەنگەرانی دەرکەوت. لەشەڕەکاندا چالاکانە بەشداری دەکرد، بەتایبەتی لە تێک شکاندنی گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیراز و شەڕەکانی قوچاغ – ئەختەتەر- قەرەکەندو شەڕی نێو شاری بۆکان رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لە شەڕی قەرەکەند بە راکێتی هێلیکوپتێر بریندار بوو، بەڵام پاش سارێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە سەنگەری شەڕفو ئازادی.


کامیل لاوێکی بە هەستو ئاکار جوان بوو. بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانەو ئەخلاقی جوانو دڵسۆزیو لەخۆبوردوویی جێی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەی بۆکان کردبۆوەو پڕ بەدڵ خۆشیان دەویست، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە بە سەرپەلی یەکێک لە پەلەکانی هێزی بەیان دیاری کرا. سەید کامیل بۆ ئەوەی نیشان بدات کە شیاوی ئەم پلەیە، پتر کاری دەکردو زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. هەست بە مەسئولییەتو تێکۆشان بۆ فێربوونو هەوڵدان بۆ خەبات دژی رێژیمی ئاخوندی تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی سەید کامیل بوو. ئامانجی سەید کامیل رزگاری نەتەوەکەی بوو بۆیە زۆرجار لەلای هاوڕێکانی دەیگوت تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە رزگاری گەلەکەم بەچاوی خۆم ببینم، بەڵام بەداخەوە دوژمنانی ئازادیو مرۆڤایەتی نەیانهێشت ئاواتی شۆڕە لاوی کورد بێنێتە دیو بە نامرادی سەری نایەوە.

رۆژی ١١ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٢ ستوونێکی هێزەکانی رژێم لە ١٠ کیلۆمیتری رێگای میاندواو – بۆکان کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکان. رۆڵەکانی گەل لەهەموو لایەکەوە دژی گەلیەکانیان ئاگرباران کرد. بەجۆرێک کە هێزەکانی رێژیم بەهۆی ئاگری پێشمەرگە تەفرو توونا بوون، لەم شەڕەدا

لانی کەم ٧٠ کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کوژرانو بریندار بوون. لاشەی ٣٥ کەس کەوتە بەردەستی پێشمەرگەکانو چەکو چۆڵێکی بەرچاو و ٢ ماشینی دوژمن دەسکەوتی پێشمەرگەکان بوو. لەم شەڕە حەماسیو قارەمانانەیەدا بوو کە لاوی تێکۆشەر، کوڕی زەحمەتکێش، پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی دێموکرات سەید کامیل مستەفەوی لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی عوسمان سوڵتانیپوور پاش شەڕێکی قارەمانانەو وەشاندنی زەبرێکی قورسو کاریگەر لە دوژمن شەهید بوونو خوێنی سووریان لە پێناو رزگاریو دیفاع لە ئازادیو بەختەوەری گەل دا رژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمان.

## شەهید سەید حوسین رەحیمی

**ناسراو بە (سەیدە)**



ساڵی ١٣٤٣ لە گوندی "گامێش گۆلی"ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان دا لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە دنیای روون هەڵێناوە. سەیدە لە بنەماڵەیەک پەروەردە بوو کە لە کۆماری کوردستانەوە باوەڕیان بە ئازادی گەلەکەیان هەبوو. لە تەمەنی (٧)ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراو پۆلەکانی سەرەتایی زۆر زیرەکانە لە ئاوایی گامێش گۆلی تەواو کرد، پاشان پۆلەکانی ناوەندیو دواناوەندی لە شاری بۆکان خوێندووەو دیپلۆمی لە شاری مەهاباد وەرگرتووە. دواتر لە تاقیکاری چوون بۆ دانیشگا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەهۆی ئەوە رێژیم هەستی پێکردبوو کە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی پێک دێنێ، رێگای دانیشگای پێنەدرا. هەربۆیە لە شاری بۆکان دوکانی خەتاتیو نیگارکێشی داناوەو بە خەتی جوانی خۆی تابلۆکانی شاری دەرازاندەوەو کێلەکانی شەهیدانی لە ناوچە دەنووسیو بە شێعری شۆڕشگێڕی نەخشێنەری دەکردن. سەیدە بەهۆی خۆشنووسیو جوانی کارەکەی وەک ئەندامی خۆشنووسانی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا دیاری کرا. کاتێک دەزگای ئیتلاعاتی رێژیم هەستی کرد کە سەیدە شتی شۆڕشگێڕی لە نووسینەکانیدا رەنگ دەداتەوەو بەتایبەت نووسینی کێلی شەهیدانی حیزبی دێموکرات، بەهانەیان پێگرتو لەژێر فشاری رێژیم دا دوکانی خەتاتیان پێ کۆکردەوە.

سەیدە هەر لە تەمەنی لاویدا زوڵمو زۆری لە رادەبەدەر لەسەر گەلی کورد هەست پێکردبوو. هەربۆیە تا گەورەتر دەبوو هەستی کوردایەتی بەهێزتر دەبوو.

سەیدە لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب لە ناوچەی ئاڵەشینو شاری بۆکانو میاندواو و ناوچەی چۆمی مەجیدخان دا کاری دەکردو ماوەی بیست ساڵ بەشێوەی نهێنی کاری تەشکیلاتی دەکرد، هەر کارێکی حیزب بۆی دیاری دەکرد بەوپەڕی لێهاتوویی بەڕێوە دەبرد لە هەموو جێژنەکانی حیزب لەشاری بۆکانو ناوچەی ئاڵەشین کاری تەبلیغی بەربڵاوی دەکرد. سەیدە جگە لەوە مرۆڤێکی سیاسی بوو وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبو ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد، کەسێکی کۆمەڵاتیش بوو کە زۆربەی خەڵکی ناوچە پرسو رایان پێدەکردو کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانی بۆ چارەسەر دەکردنو خەڵکی بۆ تەبایی‌و هاوکاری یەکتر ڕێنوێنی دەکرد. ئەو لە باری ئاینیشەوە دەستی باڵای هەبوو زۆرجار لەگەڵ مامۆستا ئایینی‌کان کێشەی کوردی تاوتۆ دەکردو مامۆستاکانی بۆ کوردایەتی هان دەدا.

سەیدە بەکورتی هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانە بەهرەی هونەری تێدا دەرکەوتو پێ‌بەپێی گەورەتربوونیشی روحی هونەرو جوانخوازی لەودا گەشەی دەکردو گەورەتر دەبوو. ئەو لەباری هونەری‌یەوە هەم خۆشنووس بوو هەم پەیکەرتاشو نیگارکێش، بەڵام بەداخەوە بێ‌سەرپەرستی بنەماڵەیی لەلایەکو دەسەڵاتدارانی حاکم لە ئێران لە لایەکی دیکەوە ڕێگای پێ‌نەدا بتوانێ زیاتر لە بواری هونەریدا بڕواتە پێشو بتوانێ بەشێوەی ئاکادمیک هونەرەکەی گەشە پێبدا. هەر ئەو وەزعە نالەبارەی وای کرد سەیدە بۆ ماوەی چەند ساڵێک توانا هونەری‌یەکانی بکاتە ئامرازێک بۆ ژیانو بەڕێچوونی بنەماڵەکەی کە لەم پێوەندی‌یەدا ئاماژەیان پێکرا.


سەیدە بەم پێیە کە خاوەنی روحی هونەری بوو، مرۆڤێکی گۆڕانخواز بوو ئەو هەردەم خوازیاری دنیایەکی جوانترو جیاوازتر بوو. هەروەها مرۆڤێک بوو کە هەردەم خوازیاری فێربوونو گەشەی زانستی بوو هەر بۆیەش تەنانەت تا ئەو کاتەی نەخۆشی‌و برستی لێ‌نەبڕیبوو بەشێکی زۆر لە کاتەکانی خۆی بۆ موتالاو فێربوون تەرخان دەکرد.

هەر ئەو تایبەتمەندییانەش وایان کردبوو. ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە (بە تایبەت لە ناوچەی ژیان دا) ئەو تێیدا بەشدار دەبوو، ببنە دەرەتانێک بۆئەوەی بەشێوەیەکی لێبڕاوانەو بە ئاگاهی‌یەوە بەرەنگاری بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی بکاو هاوکاتیش ئەو دۆخە پڕ لە ستەمەش وێنە بکا کە نەتەوەکەی تێیدا دەژی.

ئەم تایبەتمەندیانەو گەلێک تایبەتمەندی بەرزی دیکە وایان کردبوو چاوەڕوان بکرێ سەیدە لەو ماوە کورتەدا کە لەنێو ریزەکانی پێشمەرگەکانی حیزبیش دا بوو هەر زۆر زوو بناسرێ‌و ڕێزو خۆشەویستی هەموو ئەوانەی ناسیان بۆ لای خۆی راکێشێ. بەراستی ئەوانش ناسیان دەیانزانی سەیدە ئەگەر نەخۆشی وازی لێ‌بێنێ دەتوانێ ببێتە سەرمایەیەکی بەنرخ لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەیدە زستانی ١٣٨٢ لەلایەن ڕێژیمەوە شناسایی کرا ماوەی ٣ مانگ لە ناوچە خۆی حەشاردا. سەرئەنجام لە بەهاری ١٣٨٣ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو تێکۆشانی راستەوخۆی دەست پێکرد، بەڵام بەداخەوە نەخۆشی ڕێگای نەدا کە زیاتر خزمەت بە گەلەکەی بکا. ڕۆژی ٣ / ١ /١٣٨٤ کۆچی دوایی کرد ڕێگای خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

# شەهید سلیمان ئاگووشی



ساڵی ۱۳۵۰ی هەتاوی لەداوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورتی ئاوایی "گردنەڵێن"ی پیرانشار لەدایک بوو و بزەی شادیو خوشحاڵی خستەسەر لێوی ئەندامانی بنەماڵەکەی.

ژیانی ساوای سلیمان وەک زۆربەی منداڵانی ڕەشو ڕووتی دێهاتی کوردەواری لە بێبەشیو نەداریدا چۆتە سەرێو لەنێو تۆزو خۆڵی کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئاواییدا گەورە بوو. لەتەمەنی حەوت ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراوەو تا پۆلی سێهەمی سەرەتایی دەرسی خوێند، بەڵام بەهۆی ئەوە کە باوکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو. بۆ پەیداکردنی بژێوی ماڵێ، سلیمان ناچار بوو ماڵئاوایی لە خوێندن بکا. بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵەیان هەر لەو تەمەنە ساوایەدا وێڕای خوشکو براکانی شانیدا بەکاروکاسبیو لەشی شلکی لەژێر کاری قورسی وەرزێریو کرێکاریدا خارا بوو. ساڵی ۱۳۶۲ باوکی کە پێشمەرگەیەکی پیرو بەساڵدا چوو بوو لەلایەن کومیتەی پیرانشارەوە ئیجازەی پێدرابوو خۆی تەسلیم بکاتەوە بە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکانی ڕابگا. بەڵام بەداخەوە لەکاتی گەڕانەوە لەحاجی ئۆمەران تەقەی لێکراو شەهید بوو. شەهیدبوونی باوکی بوو بە سەرباری دەردو ڕەنجو مەینەتی ژیان، ئەوەندەی دیکەش کەوتە ژێر باری خەمو نووشتانەوە.

ژانی ئازاری لەدەست چوونی باوکی بوو بەهۆی ئەوە کە ڕقو قینێکی پیرۆز سەرتاپای لەشی دادەگرێو ئاگری هەستی تۆڵە ئەستاندنەوە لە دەروونیدا زمانەی دەکێشا. هەربۆیە لەساڵی ۱۳۶۸ی هەتاوی دوابڕیاری خۆی داو بەلەبەرکردنی لیباسی پیرۆزی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ هاتە مەیدانی گۆڕەپانی خەباتی چەکدارانەو تێکۆشانی بەکردەوەی دەست پێکرد. پاش تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی فێرگەی سیاسی – نیزامی کە سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا بەدەست هێنابوو. لەریزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان سازمان دراو بە لەخۆبوردوویی‌یەوە ئەرکی پێئەسپێردراوی درێژە پێدا.

سلیمان زۆر هێدیو هێمنو پێشمەرگەیەکی بەنەزمو دیسیپلین بوو لەگەڵ بەنەزم بوونی ئازاو نەترس بوو. بۆ هەموو مەئموریەتێک ئامادەگی هەبوو لە شەڕەکان هیچ کات چاوی لە گوللە نەترسا. بەرەبەیانی ڕۆژی ۲۷ / ۳ / ۶۹ لەسەعات ۵ی بەیانی ڕێژیم لە سێلاوە هێرشی بۆسەر پێشمەرگەکان دەست پێکرد. پێشمەرگەکان زوو خۆیان سازمان داو بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی کۆنەپەرستان دەست بەکار بوونو لە سێلاوە بەرەنگاری دوژمن بوونەوەو هەر لە یەکەم تەقە لەگەڵ دوژمن شەڕی دەستەو یەخە دەستی پێکرد. سەرئەنجام پاش ۱۶ سەعات شەڕی قارەمانانە بە کوشتنی ۷۰ کەس لەهێزی ڕێژیمو بە دەستکەوت کردنی دەیان قەبزە چەک، بە شکستی ڕێژیم کۆتایی هاتو زەبرێکی گورچک بڕی وێ کەوت. بەڵام هەروەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوەو کردەوەش سەلماندوویەتی قوربانی هەر دەستکەوتێکو سەرکەوتنێکی ئەوتۆی مەزن خوێنی گەشو گیانی شیرینە. بەداخەوە خوێن بەهای ئەم سەرکەوتنەش سولیمان ئاگووشی دووهەمین شەهیدی بنەماڵە بوو.

## شەهید سولەیمان فەتحوڵلازادە




سولەیمان فەتحوڵلازادە لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی ئاوایی قەڵایچی لە ناوچەی فەرهادتاشی بۆکان لە دایک بوە. قۆناغی منداڵی ناوبراویش وێڕای زۆربەی منداڵانی گوندنشینەکانی کوردەواریی ئەو سەردەمە لە بێبەشیو نەداریدا تێپەڕ بوو. ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بەهۆی نەداریو دەست کورتیو بەمەبەستی وەدەست هێنانی کار، بنەماڵەکەی ئاوایی قەڵایچی یان بەجێ هێشتو لە شاری بۆکان گیرسایەوە. بەڵام ئەو کۆچەش دەرمانی دەردی هەژارییەکەی نەکردن. باوکی سەرەڕای هەموو تەنگو چەڵەمەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ ئەوەی لە نەخوێندەواریدا نەمێنێتەوە، سولەیمانی وەبەر خوێندن نا. ناوبراو پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی خوێندنی یەک بەدوای یەک بە سەرکەوتنەوە تێپەڕ کردو پاشان بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندی نێردراوەتە شاری بۆکانو بە ئۆگرەیییەوە بۆ درێژەدان بە زانستو فێربوون هەوڵی داوەو تێکۆشاوە. سولیمان کوڕێکی ژیرو وریاو ئارامو لەسەرەخۆو ڕەوشت پاک بوو هەر ئەو تایبەتمەندییانەی ببوونە هۆی ئەوەی کە مامۆستاو هاوپۆلەکانیو خەڵکی گەڕەک بەگشتی خۆشیان بوێو لە دڵی هەمووان دا جێی خۆی بکاتەوە. ناوبراو وەک لاوێکی ڕووناکبیرو تێگەیشتوو هەڵسو کەوتی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دەکردو لەگەڵ ژانو ئازاری هەژارانو زۆر لێکراوان دەژیاو بەتەواوی هەستی بە چەوسانەوەو بن دەستی گەلە مەینەت بەشەکەی کردبوو. بە چەشنێک کە هەردەم لە بیری ڕزگاری گەلەکەی دابوو. دوای ئەوەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی دا سەرکەوتو پشکۆی خەبات دا بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەشایەوە، سولیمانیش وەک زۆر لاوی دیکە ئەو هەلە زێڕینەی قۆستەوەو بە لێکدانەوەو لێوردبوونەوەی تەواو ڕێبازی پڕ لە شانازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژاردو خەباتی سیاسی دەست پێکرد. ئەو چالاکانە ئەرکەکانی حیزبی رادەپەڕاندو بۆ هەر مەئمووریيەتێک پێی ئەسپێردرابایە سەر لە پێناو بوو.

سولیمان ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەکردەوە پێی نایە گۆڕەپانی خەباتی چەکدارانەو بە لەبەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ریزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان دا تێکۆشانی دەست پێکرد. شەهید سولیمان فەتحوڵلازادە ئیمانێکی پتەوی بە حیزبو ڕێبازەکەی هەبوو هەر بۆیە تێدەکۆشا زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێو باشتر خۆی پێبگەیەنێ، هەر بۆیە نووسراوەکانی حیزبی بە وردی دەخوێندەوەو لەگەڵ هاوسەنگەرانی دا باسو شیکردنەوەی لەسەر دەکردن.

تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو هێشتا زیاتر لە چەند مانگی لێتێنەپەڕی بوو، ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگە فیداکارەکان لە ئاوایی لەگز کەوتنە بەر هێرشو پەلاماری هێزی زۆرو پۆشتەو پەرداخی دوژمنو لە بەربەرەکانییەکی قارەمانانەی کە لەودا پێشمەرگەکان زەبرێکی بەژانیان لە هێزی دوژمن وەشاند. بەداخەوە لە گەرمەی شەڕ دا سینگی پڕ لە تاسەی سولیمان کەوتە بەر گوللەی کورد کوژانو تێکەڵ بە کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدان بوو.

# شەهید سمایل خورشیدی



ساڵی ۱۳۴۱ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جووتیار لە گوندی (قەڵای رسولەسیت)ی ناوچەی چۆمی مەجیدخان لەدایک بوو بەرەبەرە کە گەورە بوو لەتەمەنی حەوت ساڵە رەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی ۵ی سەرەتایی دەرسی خوێندو پاشان بۆ یارمەتیدانی باوکی دەستی لە خوێندن هەڵگرتو شان بەشانی باوکی کاری وەرزێری دەکرد. کاتێک راپەرینی گەلانی ئێران بەدژی رێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد. سمایل بۆ هاندانی لاوان دژی رێژیمی شا تەبلیغاتی دەکرد. بەدەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، سمایل پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو وەک لایەنگری حیزبی دێموکرات لەهێزی بەیان سازمان درا.

سمایل لەماوەیەکی کورت دا بە کردەوە نەترسیو بوێری خۆی نیشان داو جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. سمایل لە شەڕی (هۆرتەکەند)ی ناوچەی فەرهادتاش لەساڵی ۶۱ بریندار بوو دوای سارێژبوونەوەی برینەکەی گەڕاوە سەنگەری خەباتو بەربەرەکانی دژی رێژیمی کۆنەپەرستی. سمایل ساڵی ۱۳۶۲ بەهۆی لێوەشاوەییەوە رەوانەی دەورەی مودیرییەت لە ئالانی سەردەشت کرا. پاش تەواوبوونی دەورەکە بە سەرکەوتوویی گەراوە ناوچەی بۆکانو دەستی بە تێکۆشانی خۆی کردەوە.

سمایل لەساڵی ۱۳۶۲ وەک سەرپەل دیاری کراو لەو مەسئولییەتەش دا بەوپەڕی دڵسۆزیەوە کاری دەکرد. پاشان بەهۆی لێهاتوویی لە بەهاری ۶۴ وەک جێگری لکی دوو دیاری کرا، لەو مەسئولییەتەش دا بەراستی نیشانی دا کە کوڕی راستەقینەی حیزبەکەیەتی.

لە رێکوپێک کردنی لکو هێزەکان هاوکاری بەرچاوی فەرماندەرانی خۆی دەکرد. سمایل لەزۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان بەشداری کردو جارێکی دیکەش بریندار بوو. لەسەرەتای مانگی رەزبەری ۶۵ لەلایەن کومیتە شارستانەوە مەئمورییەتی بە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی دووی هێزی بەیان دەدرێ. پاش جەولەیەکی سیاسی – نیزامی لە ناوچەکانی ئەحمەدی کۆرو ئاڵەشین رۆژی ۱۳ / ۷ / ۶۵ پاش رێگا بڕینێکی زۆر سەعات ۳ی بەرەبەیانی لە باغێکی گوندی "حاجیابادی تەتەهوو" پشوویان دەدا، بەداخەوە بەهۆی جاسوسێکی خۆفرۆش دوژمن پێیان دەزانێو لەسەعات ۱۲\۵ی نیوەڕۆ دەوریان دەدرێ. پێشمەرگەکان ۲۲ کەس بوون. لەپڕ لەهەموو لایەک جاشو خائینان جێگای پێشمەرگەکانیان ئاورباران کرد، لەیەکەم دەست رێژدا بەداخەوە سمایل خورشیدی لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری دیکەی شەهید بوون. بنەماڵەی سمایل خورشیدی بۆ لەدەست دانی سێهەمین رۆڵەی شەهیدیان رەش پۆش بوون، سمایل بڕوانە! هەتا دێ خۆشەویستی تۆ لەنێو دڵی زەحمەتکێشانی کوردستان زیاتر جێگای خۆی دەکاتەوە. بڕوانە! ئەوە ئاڵای حیزبەکەتە، تا دێ زیاتر لەسەر گۆڕی تۆو شەهیدانی دیکە بەرزتر دەبێ. ئەوە ئێمەین جەولەکەی تۆو هاوڕێیانت، بەرێگای بەخوێنی سووری تۆدا تەواو دەکەینو چرای خوێنی ئێوەمان پێیە. تەرمی شەهید سمایل لەگەڵ حەوت هاوسەنگەرەکەی رێژیم شاردیەوە.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدان: سمایل خورشیدی، سەرهەنگ، محەممەد رەحیمی، مەحمود چوپانزادە، قاسم فەیزی، رەحمان مامەش، سولیمان فەرامەرزیو هەمزە ئیفتخاری.

# شەهید سوارە مەعروفی



سوارە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لەگوندی "حاجی‌خۆش"ی ناوچەی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لەدایک بووە. هێشتا تەمەنی دوو ساڵە بوو کە بارگەو بنەیان پێچاوەتەوەو بەرەو گوندی قاجروسەیداوەی ناوچەی بۆکان کۆچیان کردوە. لەتەمەنی شەش ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لە شاری بۆکان خوێندو دیپلۆمی لە شاری سەقز وەرگرتو فەوقی دیپلۆمی لە ئاموزشگای "فەننی‌و حیرفەیی"لە ئەهواز وەرگرتو لە بواری "ڕاەوساختمان"دا کاری دەکرد.

سوارە لەماوەی خوێندنی لە قوتابخانەکان دا خۆشەویستی مامۆستاکانی بوو و زۆر بە وریایی یەوە لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژ هەڵسوکەوتی دەکرد. هەربۆیەش ستەمی نەتەوەیی لەسەرووی هەموو باسەکانەوە دادەنا. لە ساڵی ١٣٥٧ ئاواتی ڕۆڵەی کورد وەدی هاتو زۆر وشیارانە لە خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی‌دا بەشداری کرد. بەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی‌و هێرشی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر کوردستان‌و دەست پێکرانی زەبرو زەنگو ڕەشەکوژی‌و سەرکوتو خەفەقان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە سوارە زیاتر هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردو زۆرتر ئاوێتەی ژان‌و ئازاری نەتەوەکەی بوو، هەربۆیەش دوای دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە شاری بۆکان، لە سەرەتاوە سوارە وەک شۆڕەلاوێک لەریزی یەکیەتی لاوان دا جێگای خۆی کردەوەو پاش ماوەیەک وەک کادری کومیتەی شارستانی بۆکان لە شار کاری دەکرد. سوارە مەعرووفی کوڕێکی لەبەر دڵان‌و بە ئەخلاق‌و ڕەوشت پاکو خاوەن ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو و بەهەموو هێزو تواناوە بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی حیزب هەوڵی دەدا.

بەهۆی لێهاتوویی‌و کارامەیی ئەم مەسئولییەتانەی پێئەسپێردراوە. ساڵی ١٣٥٨ وەک بەرپرسی ڕێکخراوە دیاری کراوە، ساڵی ٥٩ بە ئەندامی کومیتە شارستانی بۆکان هەڵبژێردراوەو لە دابەش کردنی کاریدا وەک بەرپرسایەتی کومیتە ناوچەی فەرهادتاشی پێئەسپێردراوە. سوارەی هەڵکەوتوو و لێهاتوو، لەم بەرپرسایەتیانە ڕووسوور هاتەدەر و زۆر ئازایانە ئەرکەکانی بەرێوە دەبرد.

سوارە جگە لەوە کادرێکی سیاسی‌و هەڵسوور بوو پێشمەرگەیەکی قارەمان‌و ئازا بوو. شەری سێ‌مانگە، شەڕەکانی نێو شاری سەقزو سنەو شەڕی بەناوبانگی "دارساوین" شاهیدی بۆ فیداکاریی ئەم پێشمەرگە تێکۆشەرە دەدەن. بەڵام بەداخەوە مانگی سەرماوەزی ١٣٦٠ لەنزیک گوندی "کۆستە" لە چوار کیلۆمیتری شاری بۆکان لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی محەممەد جەلیلی کەوتنە کەمینەوە پاش شەڕێکی توند بە برینداری هەردوو ڕۆڵەی گەل بەدەست بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەدیل گیران‌و ڕەوانەی سیاچاڵەکانی کۆنەپەرستی کران.

لە ڕۆژی بەدیل گیرانی‌یەوە سوارە سەنگەری خەباتی قایمتر کردو لێوی لە ئاست نهێنی‌یەکانی‌دا نەکردەوە. ئەو بەو چەشنە سەلماندی کە وەفادار بە ڕێبازەکەیەتی‌و لەئاستی گەل دا سەربەرزە. ڕێژیم کە زانی لە کوڕی دێموکرات هیچ دەست ناکەوێ لەکۆتایی ساڵی ١٣٦١دا گوللەبارانی کرد. تا ئێستاش هیچ هەواڵێک لە گڵکۆکەی ئەو شەهیدە سەربەرزە لەدەست دا نیە.

# شەهید سوڵتان حاجی ڕەسوڵی

ناسراو بە (دوکتور سوڵتان)



لە ساڵی ١٣٤٢ لە مانگی بانەمەڕدا لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گوندی "ئاڵیکەند"ی ناوچەی ئەحمەدیکۆری بۆکان لەدایک بوو بەهۆی ئەوە "ئاڵیکەند" قوتابخانەی نەبوو لە تازەقەڵا ڕەوانەی قوتابخانە کرا، پاشان بۆ درێژەی خوێندن رووی لەگوندی داشبەند کردو لەوێ پۆلەکانی سەرەتایی تەواو کردو دەورانی ناوەندی لەشاری بۆکان دەست پێکردو تا دووهەمی دەبیرستان دەرسی خوێند. سوڵتان هەر کە فامی کردەوە ژیانی خۆیو گەلەکەی لە کوێرەوەریدا دی. دوای تەواوبوونی ساڵی خوێندن، هاوینان کاری وەرزێری دەکرد. لە ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ ڕۆڵی بەرچاوی لە هاندانی لاوەکان دا گێڕا. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە هەزاران کەس لە لاوانی کوردستان ڕوویان کردە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبو سوڵتانی حاجیڕەسوڵی یەکێک لەو لاوە خاوەن هەستانە بوو. لە شەڕی سێ مانگەدا دەستی دایە چەک. پاشان لە کۆڕی پەروەردە کرا بە مامۆستای شۆڕشو پاشان ڕەوانەی دەورەی دەرمانی کراو دوای تەواوبوونی دەورە وەک کادری دەرمانی لە هێزی بەیان دەستی بە تێکۆشان کرد. لەنێو هێزدا زوو جێگای خۆی کردەوەو بە دوکتۆر سوڵتان ناوی دەرکرد. دوکتۆر سوڵتان توانی خۆی نیشان بداو لە مەیدانی شەڕدا هاوڕێکانی دەرمان دەکرد. هیچکات لەبیر ناچنەوە کە لە ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٦٣ لە کاتێک دا بە سەدان گوللە تۆپی دوژمن بەسەر مەیدانی شەڕدا دەباری، بەڵام ئەو پێشمەرگەی دەرمان دەکردو دڵخۆشی دەدانەوە.


سوڵتان لە کۆنفرانسی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی وەک ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرا. لە سازماندەهی ساڵی ١٣٦٤دا دوای ئەوەی وەک بەرپرسی کومیتەی ناوچەی (فەرهادتاش)ی بۆکان دیاری کرا. بە دڵگەرمیو عەلاقەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاری حیزبی بۆ ئەو ناوچەیە گەڕایەوەو سەرنجی خەڵکی ئەو ناوچەیەی بۆ لای سیاسەتەکانی حیزب ڕاکێشا. پاش دوو ساڵ کارکردن لەم ناوچەیە ساڵی ١٣٦٥ لەکاتی ئەنجامدانی مەئمووریەتی حیزبی بەهۆی پیلانی خائینان لە گوندی "قەدیم" لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی لەلایەن هێزی ڕێژیمەوە بەدیل دەگیرێن.

لێرەوە دەورانێکی دیکە لە خەباتی هاوڕێ دوکتور سوڵتان دەستی پێدەکرد. سوڵتان لە زیندانەکانی ساین قەڵا، میاندواو، بۆکان لەژێر توندترین ئەشکەنجە دابوو، بۆ ئەوەی زمانو لێوی ئەمینداری پێبکەنەوە، بەڵام سەلماندی کە پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان. ورەو بڕوای حیزبایەتی هەروا بەرز بوو. لە زیندان بە کوتە کاغەزێک ئەم چەند وتەیەی بۆ کەریم هەوشاری کە ئەویش لە زیندانی میانداواو بوو نووسی: "سڵاو ! هاوڕێ گیان تا دوێنێ بەهۆی هەبوونی شەڕی ئێرانو عێراق بزووتنەوەی کوردستان لە بیروڕای گشتیدا زۆر گرینگی پێنەدەدرا. بەڵام لەمەو بەدوا ئەوە ئێران ئاگربەستی قەبووڵ کرد، ئەمجار مەیدان بەرینە بۆ ناسینی بزووتنەوەی کوردستان."

سەرئەنجام ڕێژیمی ئاخوندی کە نەیتوانی بەچۆکی دابێنێ، ساڵی ١٣٦٨ لە زیندانی میاندواو گوللەبارانی کرد.

# شەهید سولیمان ئارامش

**ناسراو بە (سولیمان فەرامەرزی)**




ساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی لە ئاوایی ئەسکەرئابادی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. وەزعییەتی بنەماڵەکەی بوتە هۆی ئەوەی کە لە خوێندنو خوێندەواری بێبەش بێ. هەر بۆیە سولیمان لە تەمەنی منداڵی¬یەوە کاری وەرزێڕیو جوتیاری لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی دەست پێکردو تا سەردەمی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە نێو شەپۆلی ژیانی سەختو پڕ لە کوێرەوەری دا گەورە بوو.

هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو دەست پێکردنی جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان، بە تەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشەدار کرد. جگە لەوە سولیمان کە لە نزیک شاری میاندواو دا ژیاوە، ئەو ڕاستیەی بە تەواوی بۆ ڕوون بۆوە کە جیاوازی چەندە زۆرەو بە چ چاوێک چاو لە کورد دەکرێ. هەر بۆیە وێڕای برایەکەی بە ناوی کەریمو ئامۆزایەکەی محەممەد هاتنە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات تێکۆشانی سیاسی خۆیان دەست پێکردو وەک پیشمەرگەیەک لە هێزی بەیان دا سازمان دران. سولیمان لە ماوەیەکی کورت دا ئازایەتیو چاونەترسیی لە خۆ نیشان داو لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان وەک: شەڕی نێو شاری بۆکان، شاماتو شاروێران، حوسێن مامە، پایگای قۆچاغ، پایگای تاغیاباد (کە لەودا بریندار بوو)بەشداریی چالاکانەی کرد. ئەو کوڕێکی ئازاو لەخۆبردوو بوو. هیچکات لە بەرانبەر دوژمن دا کۆڵی نەدەدا.

جگە لەوە دژی هەر جۆرە هەڵسووکەوتێکی ناڕەوا بوو، قسەی ناحەقی لە کەس قبووڵ نەدەکرد. سولیمان لە بواری فێربوونەوە هەوڵی داو گرینگترین هەنگاوی خوێندنو نووسینی کوردی بوو.

ڕۆژی ۱۳ی رەزبەری ۱۳۶۵ی هەتاوی لەگەڵ ۲۲ کەس لە هاوسەنگەرانی لە باغی حاجیئاباد لە ناوچەی ئەحمەدیکۆری بۆکان لە حاڵی پشوودان دابوون کە دوژمنی خوێن ڕێژ لە لایەن جاسووسەکانیەوە هەواڵی پێدەگا کە پێشمەرگە لەم شوێنەیە لە کاتژمێر ۳۰ / ۱۲ نیوەڕۆ بە هێزێکی زۆرەوە دەوری پێشمەرگەکانیان گەمارۆ داو بە هەموو جۆرە چەکێک ئاوربارانیان کردن. سولیمان هەر چەند لە خەو دا گوللەیەکی وەدەستی کەوت، بەڵام وەک هەمیشە ئازایانە ئاوری بەسەر دوژمن دا باراند. بەداخەوە مەجالی لەوە زیاتر پێنەدراو کەوتە بەر گوللەی خۆفرۆشانو لەگەڵ ۷ هاوسەنگەری بە ناوەکانی سمایل خورشیدی، ڕەحمان مامەش، محەممەد حاجی ئابادی، سەدیق ئەحمەدی، مەحموود چووپانزادە، قاسم فەیزیو هەمزە ئیفتیخاری شەهید بوونو وەک سێهەمین شەهیدی بنەماڵەی فەرامەرزی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە گەلەکەی کرد.

# شەهید ساڵە بەننایی



ساڵەی بەننایی لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست کورتو زەحمەتکێش لە دایک بوو. ژیانی بە چەرمەسەریو ناراحەتی تێپەڕ کرد، بەرە بەرە کە گەورە بوو پێی نایە قۆناغێکی تری ژیانەوەو ڕەوانەی قوتابخانە کرا،

هێشتا منداڵ بوو، نیازی بە محەبەتو خۆشەویستی دایکی بوو کە دایکی کۆچی دوایی کردو ساڵەی ١٠ ساڵانە لە خۆشەویستیی دایک بێبەش بوو. ئەم کۆستە ئەگەرچی شوێنێکی یەکجار قووڵی رووحی لەسەر ساڵەی تازە پێگەیشتوو دانا، بەڵام هەروا بە وریاییو وشیارییەوە درێژەی بە خوێندن دا.

ساڵەی بەننایی لە خوێندن خۆی سڵ نەکردو بە ژیریو وریاییەوە درێژەی بە خوێندن دەدا. پاش ئەوەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی پاشایەتی رووخا بیری ئازادی گەلەکەی میشکی بەخۆیەوە خەریک کرد. لەبەر ئەوەی بە دەمارو پێستەوە دەردی هەژاریو نەداریو زوڵمو ستەمی حاکمانی دڵرەقی دەرحەق بە گەلەکەی هەست پێکردبوو. لە پاییزی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە شانازییەوە دەستی دایە چەکو بەرگی پیرۆزو پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیی کردە بەرو هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە ناوچەی بۆکان.

ئەو ڕۆڵەیەکی ئازاو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەو دڵسۆز بوو، لە ماوەیەکی کورت دا خۆشەویستی لە هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئازایانە لە شەڕەکانی مەڵبەندی بۆکان دا بەشداری دەکردو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار بوو، هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە شانازییەوە دەگەڕاوە سەنگەری ئازادیو بە عەلاقەیەکی پترەوە ئەرکەکانی بەجێ دەگەیاند.


دڵسۆزیو فیداکاری ساڵە بوو بەهۆی ئەوەی کە بە سەرپەلی پێشمەرگەکانی پەلی شەهید "ئەبوبەکر پارنج" دیاری بکرێ. ساڵە بە تێکۆشانی بێوچانیو بە هەڵمەتی دوژمن شکێنی نیشانی دا شیاوی ئەم پلەو بەرپرسایەتییەو لە کاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتووو ئازایە. بەچەشنێک کە قارەمانیەتیو نەترسی ساڵە لە ناوچەی بۆکان دەنگی دایەوە. دوژمن بۆ بەچۆک داهێنانی ساڵەو دوور خستنەوەی لە خەباتی عادڵانەی گەلەکەیو ڕێزی پێشمەرگەکان، هیچ چارەیەکی نەمابوو بێجگە لەوە کە فشار بۆ کەسو کارو بنەماڵەکەی بێنێ بەڵکوو ساڵە بگەڕێتەوە باوەشی کۆماری ئیسلامی، بەڵام ساڵەی شۆڕشگێڕی بە ئیمان، کە وەفادار بە ئامانجی شەهیدانو ڕێبازی حیزبەکەی بوو پەیمانی بە گەلەکەیو خوێنی شەهیدان دابوو کە یان دەبێ لە ئامانجەکانی ئەوان وەدی بێنێ یان لە سەنگەر دا شەهید بێ. ئەو هەمیشە دەیگوت: من لە بەرامبەر ئەو گەلەدا هەست بە مەسئوولییەت دەکەم، مەگەر تەرمەکەم بکەوێتە دەستیان دەنا قەت بە خۆمیان خۆش ناکەم.

ڕۆژی ٧ی سەرماوەزی ١٣٦٢ی هەتاوی ساڵەو هاوسەنگەرانی بڕیاریان دا هێرش بکەنە سەر مۆڵگەی بەکرێگیراوان لەگوندی نۆبار. بۆیە بە پێی نەخشەیەکی ڕێکوپێک هەڵمەتو پەلامارێکی قارەمانانەیان بۆ سەر سێ مۆڵگەی دوژمن لەم گوندە دەستی پێکرد. پێشمەرکەکان، بە سەرپەلی ساڵە بەننایی جار لەگەڵ جار ئاوری چەکەکانیان بۆ سەر مۆڵگەی بەکرێگیراوان توندو تیژتر دەکرد، ساڵە لە سەنگەر دا هاواری دەکرد بۆ

پێشەوە ڕێبوارانی ڕێگای شەهید "حەسەن جەمشیدی"و شەهید "سەلاح خورشیدی"، بۆ پێشەوە هاوسەنگەرانی شەهید "ئەبوبەکر پارنج"و شەهید "ناسر باریک"، دوژمن زەبوونە وەری نیە. ساڵەو هاوسەنگەرە قارەمانەکانی دوای شەڕێکی خوێناوی بە خۆراگریو قارەمانەتی‌یەکی کەم وێنە توانیان هەر سێ مۆڵگەی دوژمنی داخ لەدڵ گوندی نۆبار بە تەواوی تەفرو تونا بکەنو ژمارەیەکی زۆر لە بەکرێگیراوەکان بکوژنو بریندار بکەن. ئەو لەحاڵێک دا هەستی بە سەرکەوتن دەکرد، دوژمنی لە ژێر زەبری توندی خۆیو هاوڕێیانی‌دا داماو کرد بوو بە شادی‌یەکی تەواوەوە سەنگەری گرتبوو، چاوی لە سووتانی مۆڵگەی دوژمن دەکرد. هیچ کات لەبیر ناچێ لەنێو مۆڵگەی دوژمن لە پڕ نارنجۆکێک لە سەربانی مۆڵگە کەوتە خوارێ هاوارم کرد ساڵە وشیار بە؟ بەداخەوە نارنجۆکەکە لە ژێر لاقی ساڵە دا تەقییەوەو لاقی پەڕی، تەنیا گوتی گەردنم ئازاد کەن من نامێنمو دواین سڵاوم بە عەبە بەنا بۆ بگەیەنن. ساڵە قارەمانی حەماسەکانی هێزی بەیان دوای پێنج کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ بۆ هەمیشە چاوە پڕ لە ئاواتەکانی وێک ناو ماڵ ئاوای لە هاوسەنگەرانی کرد.

## شەهید سەدیق ئەحمەدی

**ناسراو بە ( سەرهەنگ)**



لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژارو لە خانوو قووڕماوی‌یەکی "گوێکتەپە"ی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانەیان کرد. سەرەڕای ئەوەی دێوەزمەی نەداری چۆکی خستبووە سەر بنەماڵەی سەرهەنگ خوێندنی سەرەتایی بە کۆتایی گەیاند. هەرچەند نەیتوانی مێشکی بە نووری زانست زاخاو بدا، بەڵام بە خوێندنی پۆلەکانی سەرەتایی دەیتوانی دەستی چەپو ڕاستی لێک جیاکاتەوە. هەر بۆیە دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتیو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە گەڵ ڕێبازو ویستەکانی حیزب ئاشنایەتی پەیدا کرد. هەرکات چاوی بە پێشمەرگە دەکەوت لە هەموو وجوودی شادی دەبارىو خۆشحاڵیی پێوە دیار بوو، بۆیە بڕیاری شۆڕشگێڕانەی داو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی‌دا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی بە باڵای خۆی بڕیو لە لکی دووی هێزی بەیان دا سازمان درا. سەرهەنگ هەر زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوە، لە ماوەیەکی کورت دا خۆی نیشان دا کە پێشمەرگەیەکی قارەمانەو زۆر ئازایانە بەگژ داگیرکەراندا دەچۆوە. سەرهەنگ بە ئیمانو ئازاو نەترس بوو، کوڕێکی ڕوح سووکو لەبەردڵان بوو، لە مەئموورییەتەکانی حیزبی سەر لە پێناو بوو.

شەڕە حەماسی‌یەکانی ناوچەی بۆکان وەک: نێو شاری بۆکان، جادەی میاندواو- بۆکان، شامات، شارۆێرانو دەست بەسەر داگرتنی مۆڵگەی مەلالەر،

مۆڵگەی باغلووجەدا، شاهیدی فیداکاری ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەن. جارێک لە شەڕ لەگەڵ دوژمن بریندار بوو کە بوو بە هۆی لەدەست دانی چاوی چەپی. بەڵام دوای ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە سەنگەری خەبات لە دژی داگیرکەرانی کوردستانو بە ورەتر لە جاران تێکۆشانی دەست پێکردەوە.

سەرهەنگ لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی تا کاتی شەهید بوونی وەک جێگری پەل کاری دەکرد. لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەردا ٢٢ کەس لە پێشمەرگەکانی لکی ٢ی هێزی بەیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لە ناوچەکانی ئاڵەشینو ئەحمەدی کۆر، لە حاڵی گەشتێکی سیاسی - نیزامی دابوون. ڕۆژی ١٣ی ڕەزبەری ١٣٦٥ی هەتاوی لە نزیک گوندی حاجیاباد لە باخێک دا خەریکی پشوودان بوون کە لەلایەن خۆفرۆشانەوە ڕاپۆرتیان لێ دەدرێو ڕێژیمی کۆنەپەرەستی بە هێزێکی زۆرەوە دەوریان دەدەنو لە کاتژمێر ١٢/٣٠ی نیوەڕۆ لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دەدەنو بە چەکی جۆراوجۆر ئاگر بارانیان دەکەن. لە یەکەم دەستڕێژی دژی گەلیەکان بەداخەوە سەدیق ئەحمەدی ناسراو بە سەرهەنگ لەگەڵ ٧ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی سمایل خورشیدی، ڕەحمان مامەش، قاسم فەیزی، مەحموود چووپانزادە، سولیمان فەرامەرزی، محەممەد حاجیابادیو هەمزە ئیفتخاری شەهید بوونو گیانیان بەختەوەری گەلەکەیان کرد.

## شەهید سەلاح ئەحمەدی



سەلاح ئەحمەدی ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جووتیاری گوندی "حەساربلاغی" ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بووە. سەلاح ژیانی منداڵی لە گوندی حەساربلاغی تێپەڕ کرد. پاشان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخوێندەواریو بۆئەوەی لە داهاتوودا ئەندامێکی بەسوود بۆ بنەماڵەکەیو کۆمەڵ بێ ڕەوانەی قوتابخانە کرا. سەلاح قوتابیەکی وریاو وشیار بوو و لە دەرسو وانەکانیدا زیرەک بوو، تا پۆلی شەشی سەرەتایی بە سەرکەوتنەوە دەرسی خوێند. هاوینان وێڕای دایکو بابیو باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی لە مووچەو مەزراکان دا کاری دەکردو یاریدەی بنەماڵەکەی دەدا. لە هەڵسوڕاندنی ژیانی خاوو خێزانی دا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. پاش ئەوەی قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەیان تەواو کرد بەهۆی نەداری بابی نەیتوانی ژیانی سەلاح لە شاردا دابین بکا. بۆیە دەرس خوێندنی بەجێهێشتو شان بەشانی بنەماڵەکەی لە مووچەو مەزرا دەستی بەکار کردو زۆرجار بۆ وەدەست هێنانی کار دەچوو بۆ شیرکەتو کوورەخانەکان لە تاران، تەورێز، ئەهوازو ڕەشت. سەلاح لەم شارانەدا لە نزیکەوە لەگەڵ ژیانی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ ئاشنا بوو و هەستی بە چەوسانەوەو زوڵمو زۆری حکوومەتی حاکم بەسەر

ئێران دا کرد. بەمجۆرە ژیانی لاوی زەحمەتکێش سەلاح تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە کرێکاریو وەرزێری لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێپەڕ بوو.

لە سەردەمی دەست پێکردنی خۆپیشاندان بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی چالاکانە بەشداری کرد. بە سەرکەوتنی شۆڕش، بۆئەوەی وەکوو دڵسۆزێک لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەی ڕۆڵێکی هەبێ، لەساڵی ١٣٥٨دا پێوەندی لەگەڵ کادرەکانی کومیتەی ئاڵەشین گرت. کاتێک ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کوردی بە ئاگرو ئاسن دایەوەو گەلی کورد ناچار بوو بۆ دیفاع لە شەرەفو کەرامەتی خۆی دەستی دایە چەکو لەژێر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشو مانی خۆی دژی کۆنەپەرستان خەباتێکی ڕەوا دەست پێبکا. سەلاح چالاکانە لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان شان بەشانی پێشمەرگەکانی حیزب ڕێگای خەباتی گرتە بەر.


سەلاح لە کاری پێشمەرگایەتیشدا کوڕێکی وشیارو چالاک بوو و لە هەموو دەرفەتێک بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری سیاسی – نیزامی خۆی کەڵکی وەردەگرت. ئەو هەوڵی دەدا شتی نوێ فێر بێو لەمەیدانی کردەوەدا کەڵکی لێ وەربگرێو بیکاتە تێشووی ڕێگەی خەبات. سەلاح بە کردەوە نیشانی دا ئیمانی بە حەقانییەتی خەباتەکەی هەیە، هەربۆیە دڵسۆزانەو هەڵسوراوانە بۆ ناساندنی سیاسەتی حیزبەکەی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تێدەکۆشاو لەم ڕێبازەدا لەهیچ هەوڵێک دریغی نەدەکردو بۆ ڕوونکردنەوەی زەحمەتکێشانو ناساندنی نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا. کاری سیاسیو نیزامی تێکەڵاو کردبوو و لەهەر شوێنێک بە پێویستی زانیبا دەستی بە تەبلیغاتی حیزبیو ڕوون کردنەوەی خەڵکی دەکرد.

سەلاح ئەحمەدی پاش کۆنگرەی 5ی حیزب بەهۆی لێوەشاوەییو تێگەیشتوویی لە سیاسەتی حیزبو خۆشەویستی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کرا بە کادری سیاسی لکی 2ی هێزی بەیان. ئەو لە هەمان کات دا کادرێکی سیاسی کارامە بوو، پێشمەرگەیەکی قارەمانیش بوو. نەزمو دیسیپلینو ورەی شۆڕشگێرانەو ئیمان بە حیزبو خەباتی ڕەوای گەلەکەی تایبەتمەندی-یەکانی دیکەی سەلاح بوون. ئەو بەردەوام بۆ پێک هێنانی یەکیەتیی فیکریو تەشکیلاتی لەنێو هاوسەنگەرانیدا هەوڵی دەدا. کوڕێکی مودیر، لێزان، قانع، لەسەرەخۆ قازانجی حیزبو شۆڕشی بۆ لە هەموو شت گرینگتر بوو.

سەلاح یاری بەوەفای زەحمەتکێشان، هەروەها لە شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، هۆرتەکەند، سەراو باقی شەڕەکانی دیکەی ناوچەی بۆکان قارەمانانە فیداکاری کرد. لەمانگی بانەمەڕی ساڵی ٦٢ لەلایەن کومیتەی شارستانی بۆکانو هێزی بەیانەوە بە پێشمەرگەکانی لکی دوو مەئموورییەت درا بۆ گەرانی سیاسی–نیزامی بچنە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان. سەلاحو هاوسەنگەرانی ئەو مەئموورییەتەیان قبووڵ کرد، چەند ڕۆژ لەم ناوچەیە مانەوەو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێکرا، بەڵام شەوی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٦٢ سەلاح ئەحمەدی پاش ئەوەی سەردانی بنەماڵەی خۆیانی لە گوندی حەساربلاغ کردبوو وبۆ حەسانەوە لەگەڵ چەند هاورێیەکی دەچنە گوندی "کانی مەملێ"و شەو لەوێ دەمێننەوە بۆ بەیانی ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕ بەرلەوەی بەرەو شوێنی دیاریکراو بڕۆن، لەکاتی خاوێن کردنەوەی تفەنگەکەیدا گوللەیەکی لەدەست دەردەچێو برینداری دەبێ. هاورێکانی بۆئەوەی سەلاح لە مەرگ ڕزگار بکەن بەپەلە دیگەیەننە نەخۆشخانە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کاریبوونی برینەکەی سەلاحی شۆڕشگێڕو قارەمان ڕۆژی ٦ی جۆزەردانی ١٣٦٢ لە نەخۆشخانەی حیزب ماڵئاوایی لە حیزبو هاوسەنگەرانو نیشتمان کرد

# شەهید محەمەدئەمین بارام میرزا

**ناسراو بە (چرچە)**



ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕی ١٣٦٣ی هەتاوی لەم ڕۆژەدا پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو هێزی پێشەواو شۆڕەلاوەکانی دێموکراتی کوردستان بۆ زەبرلێدان لە دوژمنی دژی گەلی ئاخوندی لە دەشتی شارویران مەهاباد نەخشەیەکیان دارشت. بەرەبەیانی ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕی پێشمەرگەکان لەدەشتی شارویران جێگیر بووین. شوێنە ئاستەمەکان گیرانو خۆیان حەشار دا تا لە دەرفەتی لەبار زەبری کاریگەر لە ڕێژیم بدەن. پێشمەرگەکان لەسەنگەردا هەموو چاوەڕوان بوون، هەناسەکان لە سینگدا حەپس کرابوون، دڵە کوتە، دڵی پڕ لەئاواتی راگرتبوون، دڵەکووتە بۆ سەرکەوتن، بۆ زەبر لێدان لە دوژمن.

خۆر بەرەبەرە هەڵدەکشاو گەرماو تین دەشتی شارویرانی داگرتبوو، جووتیاران هەموو خەریکی کاری خۆیان بوون، هێزە کۆنەپەرستەکان تاقولۆق بەرێگای ورمێ – مهاباددا هاتوچۆیان دەکرد. پێشمەرگە قامکی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ، هەروا لە چاوەڕوانی دابوون کە لە یەکەم دەرفەت ستوونی نیزامیو مۆڵگەکانی رژێم بتەزێنن. سەعات ١٠ی بەیانی لەپڕ دوو پێشمەرگەی هێزی شەهید ئەفشینی ئەو کات بێئەوەی هەست بە باقی هاوسەنگەرانیان بکەن کە لە سەنگەردان بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی گەورەی نیزامی لە شارویران، بەم شوێنەدا تێپەڕینو بەکرێگیراوانی قەرارگای هەمزە کە هەستیان بە بوونی ئەم دوو پێشمەرگەیە کردبوو بەهەموو هێزیانەوە کەوتبوونە پێو شوێنی ئەم دوو کەسە. تەواوی شارویران بەهێزی ڕێژیم ڕەش داگیرابوو بست بەبست دەگەران کە لەپڕ بەسەر کەمینی

پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو شەهید پێشەوادا کەوتن. جگە لە تەقەکردن هیچ چارەیەک نەمابوەوە کەمینەکە کە ئاشکرا بوو، بۆیە بە دەستووری چرچە لەهەموو لایەکەوە دوژمن ئاوربارران کرا. ڕێژیم چاوەڕوانی نەدەکرد هەربۆیە لەشاری مەهاباد هێزی یارمەتیدەری هێنا. لە شەڕێکی یازدە سەعاتەدا پاشەکشە بە ڕێژیم کرا. لەو شەڕەدا کە وەک لاپەڕەیەک لە قارەمانەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە مێژووی گەلەکەمان دا ماوەتەوەو هەشتا کەس لە هێزی ڕێژیمو لەسەرووی هەمووان "عەلی قومی" فەرماندە تیپی "ویژە شهدا" کوژران.

لەم شەڕەدا چرچەی قارەمان فەرماندەری هێزی بەیان لەگەڵ بیستو چوار هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: تاهیر خزری، حوسێن قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپور، شیخ ساڵە، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسمان دەروێشی، ئەمیر ڕەزایی، عەولا شەریفی، خالید سەرایی، مستەفا محەممەدی، حوسین وەحدەت، محەمەدساڵح فەرجی، سولێمان گولێنگ، جەعفەر

ئیبراهیمی، یوسف شەریفیو هەروەها پێنج شۆڕەلاوی یەکیەتیی لاوان بە ناوەکانی: برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون.

محەمەدئەمین بارام میرزا لەساڵی ۱۳۳۶ی هەتاوی لەشاری مەهاباد چاوی بە دونیای روون هەڵێنا. هەر لە منداڵییەوە زیتو وریا بوو پۆلەکانی خوێندنی زۆر سەرکەوتووانە بڕیو دیپلۆمی لەشاری مەهاباد وەرگرت. پاش هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیو هێرشی بۆسەر گەلی کورد، چرچە یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە دەستی دایە چەکی شەرەفو هاتە مەیدانی خەبات. بەدەست پێکردنی شەڕی سێمانگە زۆر زوو خۆی نیشان داو بەهۆی نەترسیو لێوەشاوەیی ناوی دەرکرد بەجۆرێک کە رێژیم لەناوی هەمیشە ترسی هەبوو تەنانەت بە رۆژی رووناک نوێنەری دەوڵەتی بازرگان لەشاری مەهاباد هێنایەدەرێ.

لە زۆربەی کاتەکانی بۆ کاری حیزبی یان مەئمورییەتی کوشتنی جنایەتکاران لەشاری مەهاباد کەڵکی وەردەگرت. لە کوشتنی سەرۆکی شارەوانیو چەک کردنی ئەم کانگای فەسادە رۆڵێکی گرینگی هەبوو. پاش ئەوەی هەژاری نەمر فەرماندەری هێزی پێشەوای بەئەستۆوە گرت، چرچە بوو بە هاوسەنگەرێکی بەوەفای ئەو و تا کاتی شەهیدبوونی لە دەرسە بەنرخەکانی ئەزموونی وەردەگرت. دەیان عەمەلیات لە ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان، شاماتو شارویران بە فەرماندەری چرچە بەرێوە چوو.

چرچە بەهۆی ئازایەتیو لێزانیو لێوەشاوەیو دەستوبردو توندو تۆڵیو شارەزابوونی لە تاکتیکو گەڵاڵەی شەڕ بە فەرماندەری عەمەلیاتی هێزی پێشەوا دیاری کراو لە راستیدا نیشانیدا کە شیاوی ئەم مەسئوولییەتەیە.

پاش شەهیدبوونی هەژار، چرچە وەک فەرماندەری لکی دوو هێزی پێشەوا لە ناوچەی شاماتو چۆمی مەجیدخان دیاری کرا. بە بەرێوەبردنی چەندین عەمەلیاتی گەورە لەم ناوچەیەدا کە لەوان دا سەدان کەس لەهێزەکانی رێژیم لەم ناوچە کوژرانو بەتایبەت بە ئەنجام دانی چەند عەمەلیاتی شۆڕشگێرانە لەنێو شاری میاندواودا لەرزەی لەدڵی دوژمن خستبوو.

چرچە کە بۆ دوژمن چقڵی چاو بوو، بەڵام بۆ زەحمەتکێشانی ناوچەی شاماتو چۆمی مەجیدخان نموونەی خۆڕاگری بوو. لەو ماوەیە کە کاری لەم دوو ناوچەیەدا کرد، خۆشەویستیی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشا.

چرچە لە پاییزی ساڵی ۱۳۶۲دا بە جێگری فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کراو لەم هێزەش دا نەزمو دیسیپلینی خۆی لە فەرماندەییدا بەکردەوە نیشان دا. عەمەلیاتی شاری بۆکان لەساڵی ۱۳۶۲ بە فەرماندەهی چرچە بەرێوەچوو کە لە مێژووی گەلەکەماندا کەم وێنە بوو. ئەم عەمەلیاتە بەرادەیەک گرینگ بوو کە دوژمنیش نەیتوانی لەئاستیدا بێدەنگ بێ. چرچە پاش ئەو عەمەلیاتە بە فەرماندەری هێز دیاری کراو تا کاتی شەهیدبوونی لەو مەسئولیەتەدا مایەوە.

چرچە بێجگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی قارەمانو نەترس بوو، زۆر بە نەزمو رووح سووکیش بوو، یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە هەموو ژیانی پڕ شانازی لە پێشمەرگایەتیدا خاڵی لاوازی نەبوو هیچ کات لای پێشمەرگەکان کارێکی وای نەکرد یان بەشێوەیەک هەڵسو کەوتی نەکرد کە زەبر بە فەرماندەهی حیزبەکەی بکەوێ. زۆرجار دووپاتی دەکردەوە کە پێشمەرگە چاوی لە فەرماندەکەیەتی ئەگەر هەڵەکاریو چەوتی هەبێ، پێشمەرگەش چاوی لێدەکاو لە ئاکام دا تایبەتمەندیی فەرماندەیی خۆی لەدەست دەدا.

ئەو دژی هەلپەرستی بوو، هیچ کات قسەی ناهەقو نارەوای لەکەس قبووڵ نەدەکرد. شێلگیرانە دژی هەلپەرستانو قازانج ویستان خەباتی دەکرد دژی ئەو کەسانە بوو کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان راستییەکەیان دەشاردەوە.

# شەهید تاهیر خزری



تاهیر خزری لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە گوندی گردی قەبرانی ناوچەی ئەحمەدی کۆڕی بۆکان لە دایک بووە. ژیانی لە نێو خانووبەرەی گەورەو دیوەخانی ڕازاوەدا تێنەپەڕاند بەڵکوو لە وەتاغێکی قوڕماوی لەگەڵ بابی دەست قەڵەشیوو دایکی ڕەنجکێشو براو خوشکی بێبەش لە خۆشیەکانی ژیان بە هەژاری وێڕای زەحمەتکێشانی گردی قەبران تێپەڕ دەکرد.

بابی سەرەڕای دەست کورتی، تاهیری ڕەوانەی قوتابخانە کرد، تا پۆلی یەکی دواناوەندی دەرسی خوێند بەڵام نەداریو هەژاری ژیان نەیهێشت کە درێژە بە خوێندن بدا. بۆیە ناچار ڕێگەی مووچەو مەزرای گرتە بەر بۆ ئەوەی قورسایی بەرێوەبردنی ژیانی خاوخێزانی لە سەر شانی باوکی سووک بکا. لە تەمەنی ١٤ ساڵان دا بوو کە بابی زەحمەتکێشی کۆچی دوایی کردو تاهیرو کۆشێک منداڵی دیکەی بە هەتیوی بەجێ هێشت. کوڕی زەحمەتکێش دەبوو پتر کار بکاو لەگەڵ سەختیەکانو کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژیان بەربەرەکانی بکاو بۆشایی نەبوونی بابیشی پڕبکاتەوە. تاهیر بۆ بەرێوەبردنی ژیانی ساکارو نەمرنەژی وێڕای دایکی زەحمەتکێشیو براکانی ڕووی کردە کورەخانەکانی ناوچەی بۆکانو بە خشت بڕینو کرێکاری لە گەرمای هاوین دا بژێوی ژیانیان دابین دەکرد.

تاهیر کە مێرمنداڵێکی تازە پێگەیشتوو بوو، لە کورەخانەکان دا بۆی دەرکەوت چەوساندنەوە یانی چی؟ زوڵمو زۆر مانای چیە، ئەو بە کردەوە دەچەوسایەوە، چەوساندنەوەی دەدیو ڕزگاری لە چنگ ئەو وەزعە بۆ ئەو ببوو بە ئاواتێکی بەرزو گەورە.

خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی هەستی ڕزگاری لەو کوڕە کوردەدا بەهێز کرد، هەر بۆیە چالاکانە لە خۆپێشاندانەکان دا بەشداریی کرد. ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هەستی ئازادیخوازانەی زیاتر تێدا بەهێزتر کرد. بۆیە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لەگەڵ دەست پێکردنی تێکۆشانی حیزب لە ناوچەی بۆکان، تاهیر خزری خۆی بە کومیتەی حیزب ناساندو ئامادەیی خۆی بۆ کارو تێکۆشانی حیزبی دەربڕی. لەو قۆناغەدا وەک لایەنگرێکی چالاکو دڵسۆز ڕاگەیاندراو بڵاوکراوەکانی حیزبی بڵاو دەکردەوە. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی هاتە بنکەی هێز لە بۆکانو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو بە ورەو ئیمان بە خەباتی گەلەکەی چوە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان. ئەو هەر لە سەرەتا نیشانی دا پێشمەرگەیەکەی بە نەزمو قسە لە گوێو دڵسۆزە، بە بەشداری کردن لە چەندین عەمەلیات دژی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم ورەی بەرزو ئازایەتیو نەترسی لە خۆی نیشان داو بەچەشنێک کە پاش ٢ ساڵ پێشمەرگایەتی تاهیر وەک یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی بەیان ناسراو بوو و ببوو بە وێردی سەر زمانی خەڵکو هاوسەنگەرانی. دواتر تاهیر بەهۆی وشیاریو لێوەشاوەییو نەترسی بە سەر پەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دیاری کرا. بەشداری کردنی بەرچاوی تاهیر لە چەک کردنو تەفروتوونا کردنی گوردانی ٨٠١ی شیراز، چەک کردنی مۆڵگەی قۆچاغو شەڕی نێوشاری بۆکان دا هێندەی دیکە ئازایەتی ئەم لاوە شۆڕشگێڕو زەحمەتکێشەی حیزبەکەمانی بۆ خەڵک دەرخست.

تاهیر خزری بەهۆی ئەوە کە کوڕێکی زۆر تونددوتوڵ و هەڵسووڕ بوو لەنێو هاوسەنگەرانی دا بە "تاهیر پارتیزان"ناسرا. بەهۆی ئیمان بە ئامانجەکانی گەلەکەی بۆ هەر مەئمووریەتێک پێی ئەسپێردرابا، بەدڵ و گیان بە بێ‌ئەوەی رووی گرژ کا بەرێوەی دەبرد. ئەو تایبەتمەندییانە تاهیری خزری لە لای بەرپرسانی حیزبی لە ناوچەی بۆکان زۆر خۆشەویست کردبوو.

تاهیر خزری هەر پێشمەرگەی چەک لە شان نەبوو بەڵکوو پێشمەرگەیەکی زاناو تێگەیشتوو بوو. بە هەموو وجوودەوە حیزبی خۆش دەویستو باوەڕی پێی بوو، ئیمانێکی قووڵی بە حەقانییەتی ئامانجەکانی گەلەکەی هەبوو، هەر بۆیە زۆر بە توندی لەگەڵ ئینسانی بێ‌وەرەو هەلپەرەست بەربەرەکانی دەکردو هەوڵی دەدا ڕێگای خەباتو چارەڕەشی نەتەوەکەیان بۆ شی بکاتەوەو خەبات دژی ڕێژیمی ئینسان کوژی کۆماری ئیسلامی پەرە پێبدا.

تاهیر خزری پێشمەرگەیەکی تێکۆشەرو قارەمانی حیزبەکەمان هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. سەرەنجام تاهیری شۆڕشگێڕ وەک هاوسەنگەرێکی وەفادار ئەوەی سەلماند "چرچەی" لە مەیدانی شەڕدا بەجێ نەهێشتو شۆڕشگێر بوونو ئیمان بە ڕێبازی مۆر کردو شانازیو سەربەرزیی بۆ هەتا هەتایە بۆ خۆی هێشتەوە. دوایین حەماسەی تاهیر ڕۆژی ١٢ /٤ / ١٣٦٣ لەدەشتی شارویران بوو کە لە دەفتەری پێشمەرگەی دێموکرات دا تۆمار کراوە.

بە شەهید بوونی تاهیر خزری بنەماڵەکەیان دووهەمین کوڕیان پێشکەشی بارەگای ئازادی کوردستان کرد. بەڵام ئیستاو ئێستا زامی بە ئێشی بنەماڵەکەیان بۆ لە دەستدانی تاهیرو قادر ٢ سارێژ نەببۆوە کە برینێکی قووڵترو بەژان لە دڵی ئەندامانی بنەماڵەی تاهیر خزری کرا. ئەو جار ئەو بنەماڵە سەربەرزە سێهەمین کوڕیان، ئەحمەد خزری شەهید بوو. ئەحمەدی شۆڕشگێر کە ڕێگاو سەنگەری برای شەهیدی گرتبوە بەر، ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە شەڕێکی نێوخۆییدا شەهید بوو.

## شەهید عەبدوڵڵا محەممەدپوور



عەبدوڵڵا محەممەدپوور ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی "ئاڵیکەند"ی ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایک بووە،هەر کە تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان ڕێگای قوتابخانەی گرتەبەر و دەستی بە دەرس خوێندن کرد، بەڵام کاری تاقەت پرۆکێنی مووچە ومەزرا نەیهێشت زیاتر لە دوو ساڵدرێژە بە خوێندن بدا. بۆیە بە دڵێکی پڕ لە غەم بۆ هەمیشە لە قوتابخانە ماڵئاوایی کرد. عەبدوڵڵا محەممەدپوور لەم تەمەنە کەمەدا ڕێگای مووچەو مەزرای گرتەبەرو بوو بە یاریدەدەری باوکیو بەم چەشنە بە کردەوە لەگەڵ دەردو ژانو ئێشەکانی ژیان ئاشنابوو. هەتا زەمان تێدەپەڕی مێشکی ئەو ڕۆڵە زەحمەتکێشە زیاتر دەکرایەوەو لە ئازارەکانی کۆمەڵ چاکتر ئاگادار دەبوو.

بەدوای رووخانی رێژیمی دژی گەلی پاشایەتی‌و هاتنە سەرکاری رێژیمی ئاخوندی‌و پەلاماری درِندانەو وەحشیانەی بەکرێگیراوانی رێژیمی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دا بۆ پارێزگاری لە وڵاتەکەی‌و هێنانەدی ئامانجەکانی گەلەکەی چەکی دەست دایەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی.

عەبدوڵلا دوای شێلگیربوونی لە هێزی بەیان بەو پەڕی سەداقەت‌و ئیمانەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد تێ‌دەکۆشاو لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو کاتی ناوچەی بۆکان دا بەشداری کردوە. ناوبراو تەنیا (٣) مانگ بوو کە ببوو بە پێشمەرگەو هێشتا لە کۆڕی خەبات دا قاڵ نەببوو، رۆژی 5ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە بەربەرەکانی قارەمانانەی تێک شکاندنی هێرشی دوژمنانی ئازادی بۆ گوندی "سەرا" لە جادەی سقز ـ بۆکان بەداخەوە گوللەی پەلاماردەران سینگی پڕ لە ئەوینی ئەو پێشمەرگە دڵسۆزەی دێموکرات پێکراو کۆتایی بە تەمەنی کورت بەڵام پڕ لە شانازی‌و سەرفیرازیی هات‌و شەهید بوو.

## شەهید عەلی قاسم پوور

**ناسراو بە (عەلی‌یە رەش)**



عەلی قاسم‌پوور ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە ئاوایی نۆباری ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. عەلی هەروەک زۆربەی منداڵە بێ‌بەشەکانی دێهاتی کوردستان لە شەوەزەنگی نەخوێندەواری‌دا مایەوەو نەیتوانی بچێتە قوتابخانە. ژیانی منداڵی‌و سەرەتای لاوێتی ئەو بە ئاژەڵداری‌و کرێکاری‌و وەرزێری تێپەڕ بوو. بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەی بە درێژایی رۆژ کاری دەکرد. هەربۆیە زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوەو ژێردەستی کردو پڕبەدڵ لەو ژیانە پڕلە ژانە بێزار بوو. بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەورەی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەسەر رێژیمی شاهەنشاهی‌داو ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، بە هەڵی زانی‌و چەکی دەست دایەو لە ریزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان دا سازمان درا.

عەلی قاسم پوور پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک بوو، هەرچەند نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر شتی دەزانی‌و هەمیشە هەوڵی دەدا زۆرتریش فێر بێ. ئیمانێکی قووڵی بە رێبازەکەی هەبوو. مەئموورییەتەکانی حیزبی بەگیان‌و دڵ بەڕێوە دەبرد لە هەر عەمەلیاتێک دا بەشدار بوایە بە دەستکەوت‌و سەرکەوتوویی دەگەڕاوە. لەزۆربەی شەڕەکانی مەڵبەندی موکریان لە سەنگەری پێشەوە دابوو. لە نێو هاوسەنگەرانی بەتایبەتی لکی سێ بە "عەلی‌یەرەش" نێوبانگی دەرکرد. ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا (٥)جار بریندار بوو. هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی دەگەڕایەوە

سەنگەری ئازادیو لە جاران بە ورەتر لە گۆڕەپانی تێکۆشان دا ئامادە دەبوو و هیچ شوێنەواری لاوازی لەسەر ئیمانو بڕوای نەدەبینرا. عەلی پێشمەرگەیەکی بە ئەخلاقو بە نەزم بوو لەنێو چەوساوەکان دا دەژیاو هەمووان خۆشیان دەویست.

لە مانگی پووشپەڕی ١٣٦٣دا کە هێشتا برینەکەی سارێژ نەببۆوە، لەگەڵ هاوسەنگەرانی بۆ پشوودان روو لە ئاوایی قالویَ شێخان لە گەورکی مەهاباد دەکەن، بەڵام دوژمن بە پێو شوێنیان دەزانێو بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان دەکاتە سەرو بەو چەشنە لەنێو ئاوایی دا شەڕێکی ماڵ بەماڵو دەستەو یەخە دەست پێدەکا. لەو شەڕەدا (٩)کەس لەهێزی دوژمن دەکوژرێ. عەلی قاسم پوور کە برینەکەی تەواو سارێژ نەببوو خۆی پێ ڕاگیر نەکراو لە ماڵەکە هاتە دەرێ، بەڵام لە ناکاو دەکەوێتە بەردەستی دوو خۆفرۆشو دەرەتانی دەربازبوونی نامێنێو دەستڕێژی لێدەکەنو هەر لەوێ شەهید دەکرێو بۆ هەمیشە دڵە گەورەو پڕ لە ئاواتەکەی لە لێدان دەکەوێو سەنگەری تێکۆشان بە هاوسەنگەرانی دەسپێرێ.

## شەهید عەوڵا دووژنە



عەوڵا دووژنە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لەگوندی ڕەحیم خان لە بنەماڵەیەکی دەست کورتدا لەدایک بوو. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دەردو ئێشو ئازاروبێبەشیو نەهاتیدا گەورە بوو. منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کردو برا گەورەکەی سەرپەرستی ماڵەوەی دەکرد. لەنێو ئاوایی بە عەوڵا دووژنەیان دەگوت،(عەبە)و لە پێشمەرگایەتیش بە "عەبە دووژنە"دەناسرا.


عەبە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. قوتابییەکی پیتۆڵو زیرەک بوو. هەمووی وتەکانی مامۆستای لەگوێ دەگرت. لەکاتی دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران عەوڵا دووژنە پۆلی دووهەمی دواناوەندیی دەخوێند. ئەویش کە لەنێو شەپۆلی بێبەشیو چارەڕەشەکانی ژیانی سەختو پڕ لە کوێرەوەیدا گەورە بوو، تامەزرۆی ئازادی گەلەکەی بوو. کاتێک تێکۆشانی ئاشکرای حیزب دەستی پێکرد عەوڵا دووژنە قۆڵی خەباتی هەڵماڵیو هاتە ریزی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوەو بەڵێنی بە گەلەکەی دا کە بۆ ڕزگاری ئەوان خەبات بکا.

ناوبراو بەوپەڕی عەلاقەوە لە یەکیەتیی لاوان دەستی بەکار کرد. لە بەڕێوەبردنی بڕیارەکان داو ڕوونکردنەوەی لاوانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دریغی نەدەکرد. پاش ماوەیەک چووە کومیتەی شارستانی بۆکانو وەک کادری ناوچەی ئاڵەشین دەستی بە تێکۆشان کرد. لەم ناوچەیە وەک کادرێکی شارەزا سیاسەتەکانی حیزبی بۆ خەڵک ڕوون دەکردەوە. ماوەیەکیش وەک کادری ناوچەی ئەحمەدی کۆرو پیرمحەمەد کاری کرد. بەهۆی ئەخلاقو خورەوشتی شۆڕشگێڕانەی، خەڵکیو خاکی بوونی زۆر زوو توانی جێگای خۆی لەنێو دڵی خەڵکی ئەو ناوچانەدا بکاتەوە پاشان بوو

بە کادری سیاسی هێزی بەیانو بەهۆی کارامەیی‌و سیاسی بوونی و کۆکردنەوەی ئەزموون لە کۆنفرانسی شەشی کومیتە شارستانی بۆکان ساڵی ١٣٦٢ وەک ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردراو بە بەرپرسی کومیتەی ناوچەی ئاڵەشین دیاری کرا. عەبە لەجاران زیاتر هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. خەڵکی ئەو ناوچەیەش بە ئامێزێکی گەرمەوە وەریان دەگرت. عەولا دووژنە تەنیا کادرێکی سیاسی‌و هەڵسووڕ نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی قارەمانی حیزبی دێموکراتیش بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی ئاڵەشین، پیرمحەممەدو ئەحمەدی کۆردا بەشداریی کردوە.

لە شەوی ١٩ی خەرمانانی ١٣٦٤ دا لە کاتێک دا لەگەڵ چەند هاوسەنگەری لە ناوچەی ئاڵەشین کە بە تەواوی نیزامی کرابوو و بە دەیان مۆڵگەی گەورەو بچووکی ڕێژیمی لێبوو، لە ئاوایی کەرێزان بۆ پشوودان مابوونەوە، لەلایەن سەدان کەس لە جاش‌و پاسدارە جینایەتکارەکانی ڕێژیم گەمارۆ دەدرێن. لەم کاتە ناسکەدا عەولاو دوو هاوڕێکەی بەڵێنیان دا تا دوا فیشەک شەڕ بکەن، ئەگەر نەیانتوانی دەرباز بن. دوا گوللە لە خۆیان بدەن. لەم شەڕەدا حەوت کەس لە دوژمن کوژرا و دە کەسیان بریندار بوون. بەڵام دوژمن هێرشەکەی توندتر کرد دەیزانی پێشمەرگەی دێموکرات سێ کەسن. لە کاتێک دا ئاڵقەی گەمارۆ توندتر دەبوو و فیشەکەکانیان بەرەو تەواو بوون دەچوو، عەبە دووژنە بڕیاری خۆکوشتنی‌داو هاوڕێکانیشی بەڵێنیان دا ئەوانیش خۆ بکوژن. هەموو بەیەکەوە بیستو یەک خەشابیان بەرەو رووی دوژمنی خوێن مژ هاویشت. لە پێش دا دوو هاوسەنگەرەکەی ئاخرین گوللەیان لە خۆیان داو پاشان عەبە دڵی بڕوایی نەدا لە خوێنی هاوسەنگەرەکانی‌دا خۆی بشارێتەوە ئەویش پێش ئەوەی بکەوێتە دەست دوژمن بە ئاخرین گوللەی لە مێشکی خۆی داو کۆتایی بە تەمەنی کورت، بەڵام پڕ شانازی‌و سەربەرزی هێناو ماڵئاوایی لە حیزبو گەلەکەی کرد.

## شەهید عەولا شەریفی



عەولا شەریفی ساڵی ١٣٤٥ لە گوندی وشتەپەی ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لەدایک بووە. بەرەبەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کراو تا دووەمی ڕاهنمایی لە شاری بۆکان دەرسی خوێند. هەرچەند باوکی عەلاقەیەکی زۆری بە دەرس خوێندنی کوڕەکەی بوو، بەڵام بەهۆی گیروگرفتی زۆر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. هەربۆیە گەڕایەوە ئاوایی بۆ یارمەتی دانی بنەماڵەکەی‌و تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئاوایی مایەوە. ساڵی ١٣٦٠ کە شاری بۆکان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە داگیر کرا. عەولا وەک زۆربەی لاوانی نیشتمان پەروەر بڕیاری بەرەنگاری دا. هەربۆیە لە ساڵی ١٣٦١ هاتە ڕیزی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان‌و خەباتی دەست پێکرد. ساڵی ١٣٦٢ لەسەر داوای خۆی نەقڵی هێزی

بەیان کراو لەماوەیەکی کورت دا نیشانی دا کە ئازاو ماندوویی نەناسەو هەموو مەئموورییەتەکانی بەگیانو دڵ بەرێوە دەبا. لە شەڕەکانی بۆکان دا ئازایەتی زۆری دەنواند. رۆژی ۱۲/۴/۶۳ هێزەکانی بەیانو هێزی پێشەواو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان بۆ زەربە لێدان لە دوژمن لە ناوچەی شاروێران خۆیان ئامادە کردبوو. بەڵام دوژمن کە هەستی بە بوونی ئەوان لەو ناوچەیەدا کرد هێزێکی زۆری لە شارەکانی دەوروبەردا ناردە شوێنی مەبەستو شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. لەم شەڕەدا (۸۰) کەس لە هێزکانی رێژیم کوژران بریندار بوونو کە یەکێک لە کوژراوەکان "عەلی قومی" فەرماندەری قەرارگەی هەمزە بوو. لەم شەڕەدا عەولا شەریفی بریندار بوو و پاش بیست سەعات تەرمی بێگیانی لە تەنیشت ۲۴ هاوسەنگەری لە خوێن شەڵاڵیدا کەوتە سەر عەرز. ناوی ئەو شەهیدە سەرفرازانە چرچەی بارام میرزا، تاهیر خزری، حوسین قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپور، شیخ ساڵە مەنیج بوکانی، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسمان دەروێشی، ئەمیر رەزایی، عەولا شەریفی، خالید سەرایی، مستەفا محەمەدی، حوسین وەحدەت، محەمەدسالح فەرجی، سلێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفیو هەروەها پێنج شۆڕەلاوی یەکیەتیی لاوان بە ناوەکانی: برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون. شەهیدبوونی ئەم قارەمانانە خەمێکی گەورەی خستە نێو دڵی خەڵکی ئەمەگناسی کوردستانەوەو رەش پۆش بوون. کوڕانی دێموکرات بۆ تۆڵەی شەهید بوونی ئەم هاوڕێیانەیان لە سەرانسەری کوردستان دا دەستیان کرد بە هێرش بۆسەر مۆڵگەکانی رێژیمو دەرسێکی باشیان دانێ کە بۆ هەتا هەتایە لەبیر نەچێتەوە. بە یادی ئەم 25 شەهیدە سەراسەری کوردستان عەمەلیاتیان بە تۆڵە کرایەوە.


## شەهید عوسمان شوکرڵلازادە



لە ساڵی ۱۳۴۴ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی شاری بۆکان دا لە دایک بووە، لە تەمەنی ۶ ساڵان دا رەوانەی قوتابخانە کراو تا کۆتایی پۆلی یەکەمی ناوەندی درێژەی بە خوێندن دا. بەڵام سەرەنجام دێوەزمەی هەژاریو نەداریو دەست کورتی کە بەرۆکی بە بنەماڵەکەی گرتبوو ناچاری کرد دەست لە خوێندن هەڵگرێ. کاتێک راپەڕینی گەلانی ئێران دژی حکوومەتی حەمەرەزا شای پەهلەوی دەستی پێکرد عوسمانیش شان بە شانی خەڵکی شاری بۆکان لە خۆپێشاندانەکان دا بەشداری کردو پاش سەرکەوتنی شۆڕشو دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات پێوەندی بە حیزبەوە گرتو تێکۆشانی خۆی بە مەبەستی ئازادیو بەختەوەری گەلی کورد لە ریزی حیزبی دێموکرات دا دەست پێکرد.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە عوسمان بە ڕەسمی بوو بە پێشمەرگەو لە هێزی بەیان دا سازمان درا. ئەو لە ماوەیەکی کورت دا جێگەی خۆی لە نێو ڕیزی پێشمەرگەکان دا کردەوەو وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمانو دڵسۆزو خاوەن بیروباوەڕ ناسرا. ئەو لە بەڕێوەبردنی کارە حیزبیو پێئەسپێردراوەکانی دا جیددیو ڕێکو پێک بوو. نموونەی پێشمەرگەی خاوەن ئەزمو دیسیپلین بوو، لە شەڕەکانی نێو شاری بۆکانو گوندی هۆرتکەندی ناوچەی فەرهاد تاشی بۆکان کە دوو شەو و ڕۆژ درێژەی کێشا، ئازایەتیو قارەمانیەتیی بێوێنەی لە خۆی نیشان دا. دوایین مەیدانی فیداکاریو لەخۆ بردوویی عوسمان شوکرڵلازادە ئەو کاتە بوو کە هێزە دژی گەلی یەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی گرتنەوەی ڕێگای مەهاباد ـ بۆکان هێرشێکی پانو بەرینیان بۆ سەر ئەو ناوچەیە دەست پێکرد. لە ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا کاتێک ڕێژیم پەلاماری بردە سەر گوندەکانی قەرەکەندو سێوەدین لە سەر ڕێگای مەهاباد- بۆکانو لەگەڵ بەرەنگاریو بەربەرەکانی ئازایانەی ڕۆڵەکانی حیزبو گەل بەرەوروو بوو دوای چەند کاتژمێر بەربەرەکانی قارەمانانەی ڕۆڵە دلێرەکانی حیزب، بەداخەوە دڵی پڕ لە تاسەی ئازادیو ئەوینی هاوڕێ عوسمان کەوتە بەر گوللەی هێزەکانی دوژمنو خوێنی پاکی ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان.

## شەهید عوسمان دادخواه



ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێرو زەحمەتکێش لە گوندی عەمبار لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر لەدایک بووە. لە تەمەنی ٧ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە کراوەو پۆلەکانی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووەو بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری بۆکان کرا. عوسمان بەهۆی عەلاقەیەکی زۆر کە بە خوێندن هەیبوو توانی پۆلەکانی دەورەی ناوەندیو دواناوەندیش بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکا، چونکە قوتابیێکی ڕێکو پێکو زیرەک بوو هەموو مامۆستاکان خۆشیان دەویست. کاتێک خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد عوسمان بە چاوو گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا بەشداریی کردووەو ڕۆڵی بەرچاوو سەرەکی هەبوو لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان دا، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران پلەی دیپلۆمی وەرگرتوە. بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتو دامەزرانی ڕێکخراوی حیزبی لە شاری بۆکان، عوسمان پێوەندی بە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە گرتو وەک لاوێکی بە هەست تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد. لە زۆربەی مەئموورییەتەکانی لاوان دا بەشداری کردوە. بە دەست پێکردنی هێرش بۆ سەر کوردستانو دەرچوونی فەرمانی جیهاد لە دژی گەلی کورد، عوسمان لە هێزی بەیان سازمان درا. عوسمان ڕۆڵەیەکی ئازاو تێکۆشەر بوو، بە چەشنێک کە لە ماوەیەکی کورت دا جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوە. لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی کردوە، ئەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دابوو، ئازایەتیو فیداکاری

عووسمان بوو بە هۆی ئەوە کە وەک سەرپەل دیاری بکرێ. لەو مەسئوولیەتەش دا سەلماندی کە لێوەشاوەیی ئەو پۆستەی هەیەو بە سەرپەلی عوسمان چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بەڕێوە چوو. لێهاتوویی، فیداکاریو ئازایەتیی عوسمان بوو بە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لکی ۳ی هێزی بەیان دیاری بکرێ. ئەو لە شکاندنی ستوونی ۸۰۱ی شیراز، شەڕە حەماسیەکانی نێو شاری بۆکان، شەڕی جادەی بۆکان ـ مەهاباد، جادەی سەقز ـ بۆکان، گرتنی مۆڵگەی قۆچاغو شەڕی شاریکەندو چەندین شەڕی گەورەو چووکی دیکە لەم ناوچەیە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. لە بواری سیاسیش دا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پلەی زانیاری خۆی بەرەو سەر دەبردو هەوڵیشی دەدا چەندی لە توانای دایە لە بارهێنانی سیاسی هاوڕێیانیدا نەخشی هەبێ. عوسمان دادخواە بەهۆی لێوەشاوەیی لە ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە بە فەرماندەری هێزی شەریف زادە دیاری کرا.

لەو مەسئوولیەتەش دا نیشانی داو سەلماندی کە وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەیەتی. چەندین عەمەلیاتی گەورە لەم هێزە بە فەرماندەری عوسمان بەڕێوە چوون.

سەرئەنجام ڕۆژی ۱۸ی خەزەڵوەری ۱۳۶۲ی هەتاوی لە کاتێک دا لەگەڵ چەند کەس لە فەرماندە لکو سەرپەلەکانی هێزی شەریفزادە بۆ شناسایی هێزی دوژمن دەچنە "کێلە چەرموو" دەکەونە کەمینی دوژمنەوە و پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ ۱۵ هاوسەنگەری دیکەی شەهید بوونو تێکەڵ بە کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدانی حیزبو گەل بوون.

## شەهید عەزیز کیانی



ساڵی ۱۳۴۹ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورت لە شاری بۆکان لە دایک بووە. بەرە بەرە کە گەورە بوو، لە تەمەنی ۷ ساڵی دا ڕەوانەی قووتابخانە کرا، پۆلەکانی خوێندنی زۆر ئازایانە بڕیو تا پۆلی دووی ناوەندی دەرسی خوێندوە. هەستانو دانیشتنی سەرمەشقی بۆ هاوپۆلەکانی بوو. هەر بۆیە مامۆستاکانیش خۆشیان دەویست.


عەزیز بەهۆی فەقیریو دەست کورتی وازی لە خوێندن هێناو لە تەمەنی منداڵی لە شاری بۆکان ڕووی لە کار کردن کرد. عەزیز هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو زوڵمو زۆرەی لەسەر گەلەکەیەتی ئاشنا بوو، بۆیە هەمیشە بە دڵسۆزی یەوە عەمەلیاتەکانی هێزی پێشمەرگەی بۆ هاوتەمەنەکانی خۆی باس دەکرد. بە پێداگرتن لەسەر ئازادیی گەلەکەی هانی دا ساڵی ۱۳۶۶ ببێتە پێشمەرگەو دوای ئەوەی ڕووی کردە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە لە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان سازمان درا. عەزیز کیانی زۆر زوو بە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی جێگای خۆی لە نێو

پێشمەرگەکان دا کردەوە. ئەو ئیمانی بە حیزبەکەی‌و ڕێبازەکەی بوو. کوڕێکی ڕووخۆش‌و بزە لەسەر لێوان بوو، هیچکات ناڕاحەتی بە نێوچاوانیەوە نەدەبینرا.

لە بواری کاری نیزامی دا زوو نیشانی دا کە لە ڕاستی دا ئازایەو لە بەرانبەر دوژمن دا قایم بوو. لە کاتی شەڕ لەگەڵ دوژمن پێدەکەنی، شەڕەکانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی شاهیدیی بۆ فیداکارییەکانی عەزیز کیانی دەدەن.

سەرئەنجام ڕۆژی ١ی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی لە کاتێک دا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ پەلاماری پێشمەرگەکانی هێزی بەیانیان لە بەرزاییەکانی گوندی کولیجەو قەمتەرێ دا بوو، لە شەڕێکی قارەمانانەدا کە دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران‌و بریندار بوون‌و زەبرێکی کاریگەر لە دوژمنی کۆنەپەرەستی کەوت. بەڵام بەداخەوە کەسەرێکی گرانەوە لەم شەڕەدا بوو کە چرای تەمەنی عەزیز کیانی کوژایەوەو سینگی کەوتە بەر گوللەی دوژمنانی ئازادی‌و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ئیسماعیل ڕەحیم زادە ناسراو بە مامۆستا ئازادو عەلی تەنوومەند بوو. بەم چەشنە چیا سەربەرزەکانی "قوشەهوو" سەرچاوەی قەمتەرێیان بە خوێنی خۆیان سوور کردو ڕێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

## شەهید عەلی شەهابی



عەلی شەهابی ساڵی ١٣٤٣ لە ئاوایی سەیداوەی جەمیان سەر بە ناوچەی تورجان لە بنەماڵەیەکی دەست کورت‌و هەژار لە داوێنی دایکێکی دڵپاکی لادێی چاوە ڕەش‌و گەشەکانی بە دنیای پڕ لە ناعەدالەتی هەڵێنا. لە تەمەنی شەش ساڵی باوکی ڕەوانەی قوتابخانەی کرد. عەلی هەرچەند کوڕێکی وریاو پیتۆڵ بوو، بەڵام تا سێهەمی سەرەتایی خوێند. عەلی بەهۆی نەداری بنەماڵەکەی بوو بە یاریدەدەری باوکی‌و شان بەشانی ئەو کاری دەکرد. تا ساڵی 65 بەبێ پشوودان ئارەقەی لە مووچەو مەزرا ڕشت.

لەبەهاری ١٣٦٥ بەیەک دونیا هیواوە هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات‌و لەهێزی بەیان سازمان درا. عەلی زۆر زوو جێگای خۆی لەنێو هاوسەنگەرانی‌دا کردەوەو هەر لەڕۆژی یەکەمەوە بوو بە هیواو هومێدی حیزبەکەی‌و زۆر زوو نیشانی دا کوڕێکی شۆڕشگێڕو قارەمانەو هەمیشە لە شەڕەکان دا لە ڕیزی پێشەوە هەڵمەتی دەبرد.

عەلی کوڕێکی لەبەردڵان‌و ڕووح سووک‌و ئارام‌و هێدی بوو. بۆ هەموو مەئموورییەتی حیزبی ئامادەو سەرلە پێناو بوو. ئەو هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە پێشمەرگە دەبێ نموونەی ئەخلاق بێ. عەلی لەماوەی پێشمەرگایەتیی‌دا لەهەموو شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداری کرد، بەتایبەت لە شەڕەکانی، دارگردەڵە، حاجی‌کیمی، تۆپخانەی حسین ئاباد، شەڕی سەرتوون... نەقشی باشی هەبوو. عەلی ئەگەرچی

پێشمەرگەیەکی قارەکان بوو، کوڕێکی بەئەزمو دیسیپلینو تێگەیشتووش بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا زانیاری سیاسی خۆی بەرێتە سەر. عەلی بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانە لەساڵی ٦٨ وەک سەرپەل دیاری کرا. ئەو پۆستەشی بەجوانی بەڕێوە برد، تا شەهیدبوونی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ بوو.

ڕۆژی ١٩ / ٤ / ٦٩ هێزەکانی دژی گەلی هێرشیان کردە سەر بەرزاییەکانی شێخ چۆپانو مێرگەنەخشینە لە گەورکی سەقز کە لەگەڵ بەرەنگاری هێزی بەیانو لکێکی هێزی پێشەوا بەرەوڕوو بوون. عەلی لەم شەڕەش دا فیداکاری بۆ حیزبەکەی خوڵقاندو لەو شەڕەدا ٤٠ کەس کوژراو ٩١ کەس بەدیل گیرانو سەدان قەبزە چەکوچۆڵ بە دەسکەوت گیرا. بەڵام بەداخەوە قەلبی عەلی شەهابی لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ساڵح شەریفی، برایم جهاندیدە، خدر عەرەبی، برایم پوورسەعید، عەولا چراغ وارە، محەممەد خانەخاو سەعید شکەنجە لە مەیدانی خەباتو تێکۆشان لە لێدان کەوتو تاجی سەروەری شەهیدانی گەلی کوردیان لەسەر سەریان داناو سەریان کردە پردەبازی سەرکەوتنی حیزبە خۆشەویستەکەیانو بەیەکجاری ماڵئاواییان کرد.

## شەهید عەلی تەنوومەند




ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە باوەشی بنەماڵەیەکی دەست کورتو هەژاری شاری بۆکان لە دایک بوو. لە دایک بوونی ئەو بزەی خستە سەر لێوی ئەندامانی بنەماڵە هەژارەکەی. سەرەڕای ژیانی نەمر نەژی لە تەمەنی ٦ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا، بەم ژیانە پڕ لە کوێرەوەرییە تەنیا توانی تا پۆلی ٥ی سەرەتایی بخوێنێ پاشان بەهۆی بێدەرەتانی بنەماڵەکەی لە تەمەنی ١١ ساڵان دا شانی وەبەر کار داو وەک شاگردی خەیاتو دواتریش وەک وەستایەکی شارەزا کاری خەیاتی دەکرد.

عەلی هەرچەند منداڵ بوو، بەڵام لەگەڵ هەست کردن بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژ، بۆی دەرکەوت چۆن گەلە بەشخوراوەکەی کەوتۆتە بەر پەلاماری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندیو قەتڵو عامو دەربەدەر دەکرێ. هەر بۆیە لەگەڵ لاوانی هاوتەمەنی لە نێو شاری بۆکان بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە دژایەتیی داگیرکەرانی دەکرد.

عەلی کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزب ئاشنا دەبوو، ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بڕیاری یەکجاری خۆی داو هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لە هێزی بەیان دا تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد. بەمجۆرە قۆناغێکی تازە لە ژیانی ئەو دا دەستی پێکرد. عەلی لە ماوەیەکی کورت دا نیشانی دا ڕۆڵەیەکی بە ورەو ئازایەو بە ئیمانی قووڵی بە ڕێبازەکەی هەیە، جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانی دا کردەوە. ئەو بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکی حیزبی هەمیشە لە پێشەوە دەستی بەرز دەکردەوە.

سەرئەنجام لە شەڕی" قوشەهوو" لە ڕێکەوتی ١ی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاویدا کە لەودا ڕێژیم بە هێزێکی زۆرەوە کە زیاتر لە هەزار کەس دەبوو پەلاماری پێشمەرگەکانی هێزی بەیانی لە بەرزایی گوندەکانی قەمتەرێو کولیجەداو لەو شەڕە کەم وێنەیە دا زەبرێکی کاریگەر بە دوژمن کەوتو هەروەک مێژوو باسی دەکا، سەلماندویەتی قوربانی هەر سەرکەوتنێک خوێنی گەشو گیانی شیرینی دەوێ، خوێن بەهای ئەو ڕۆژە عەلی تەنوومەند لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ئیسماعیل ڕەحیم زادە ناسراو بە (مامۆستا ئازاد)و عەزیز کیانی بوو. بەمجۆرە عەلی تەنوومەند لاوی بەهەست چرای تەمەنی لە ١٨ ساڵی دا کوژایەوەو بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

## شەهید عەلی جەلالی




عەلی جەلالی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی حەمامیانی ناوچەی بۆکان لە بنەماڵەیەکی جووتیاری زەحمەتکێش لە دایک بووە. سەردەمی ژیانی منداڵی وەک هەموو منداڵە بێبەشەکانی کوردستان لە بێبەشی دا تێپەڕ کرد. پاشان ڕەوانەی قوتابخانە بچکۆلانەکەی گوندی حەمامیان کراو دەستی بەخوێندن کرد. عەلی هەتا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی حەمامیان دەرسی خوێند، دواتر دەستی لە خوێندن هەڵگرتو شانی دایە بەر کارو کاسبیو لە شاری بۆکان پیشەی جۆشکاریی بۆ خۆی هەڵبژارد. بەم چەشنە لە تەمەنی منداڵی لە قۆناغێک دا کە پتر لە هەموو کاتێک نیازی بە ئاگاداریو پێڕاگەیشتن بوو، پێی نایە مەیدانی کارو ڕەنج کێشانەوە، تا بتوانێ بەشێوەیەک ژیانی خۆیو بنەماڵەکەی هەڵسووڕێنێ. ئەو بێئەوەی ڕووگرژ بێ وەک مێرمنداڵێکی تێگەیشتوو لەگەڵ سەختیەکانی ژیان بەربەرەکانی دەکردو چارەسەری بۆ دەدۆزییەوە. ئەو کوڕێکی کارلێهاتووو کارامە بوو. هێمنیو لەسەرەخۆیی عەلی ببوو بە هۆی ئەوە لە نێو هاوالانیدا بە کوڕێکی جێگای ڕێزو لەبەردڵان بناسرێ. دوای ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد، لەگەڵ ڕێبازی ئەو حیزبە ئاشنا بوو. کاتێک خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکردو دەستوری هێرش بۆ سەر کوردستانی دا، عەلی وەک کوڕە شۆڕشگێڕێکی کورد قۆڵی هەڵماڵیو هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی

حیزبی دێموکراتەوە، چالاکانەو ئازایانە لە شەڕەکانی مەڵبەندی بۆکانو سەقز دا دژی ڕێژیمی جینایەتکاری خومەینی بەشداری کرد. بەچەشنێک کە بە هۆی وریاییو چاونەترسی لە نێو هاوسەنگەرانیدا بە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان ناسرا. عەلی جەلالی بەوپەری دڵسۆزییەوە لە

نیشتمانو گەلەکەی دیفاعی دەکرد. سەرەنجام لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی دڕندانەی هێزەکانی ڕێژیمی دژی گەلی لە ڕۆژی ٣٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە مەبەستی گرتنەوەی شاری سەقز، کە لەودا ڕۆڵە چاونەترسو قارەمانەکانی دێموکرات ئازایانە بەرەنگاری دوژمن بوونەوەو لە شەڕێکی قارەمانانە دا کەوتە بەر دەستڕێژی دوژمنانی کوردو کوردستانو تەمەنی پڕ لە شانازیی کۆتایی پێهاتو چووە نێو ڕیزی کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی نەتەوەکەی.

## شەهید عەلی عەبباسی

ناسراو بە (عەلی قالوێ)



عەلی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە هەژارترین بنەماڵەی ئاوایی قالوێی شێخان لە ناوچەی گەورکی مەهاباد چاوی بە دنیای پڕ لە ناعەداڵەتی هەڵێناو بزی خستە سەر لێوی ئەندامانی بنەماڵەکەی.

بەرەبەرە کە تەمەنی منداڵی تێپەڕ کرد، بەداخەوە هەژاریو دەست تەنگی بەسەر بنەماڵەدا ڕێگای نەدا عەلی تەمەن ٧ ساڵە ڕوو بکاتە قوتابخانەو لە بەرەکەتی خوێندن بەهرەمەند بێ. نەداری عەلی ناچار کرد کە دەبێ لە منداڵییەوە ڕوو لە کارو کوێرەوەری بکا.

ئەو بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ژیان شانی وەبەر کار داو لە مووچەو مەزرا ئارەقەی دەڕشت. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر حکوومەتی نگریسی پەهلەوی داو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی خومەینیو هێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستان، لە کاتێک دا کورد بە هەموو چینو توێژەکانیەوە کەوتنە بەرگری کردن لە مانو مەوجوودییەتی خۆی، بۆیە عەلی کە لەمێژ بوو گوێی لە گەورە ساڵان ببوو کە باسی خەباتی خەڵکی کوردستانیان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەکرد، بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو چەکی شەڕەفی لە شان کردو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە بە باڵای خۆی بڕیو بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازاو سادقو وەفادار بە مافی زەوت کراوی گەلەکەی. عەلی لە نێو هاوسەنگەرانی دا بە "عەلی قالوێ" ناسرا بوو، پێشمەرگەیەکی قسە خۆشو لەسەر دڵان بوو، زۆربەی کاتەکان بە قسەی نەستەق کۆڕی هاوسەنگەرانی دەڕازاندەوە. عەلی کە لە بواری نیزامییەوە پێشمەرگەیەکی ئازاو بە جەرگ بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداریی چالاکانەی هەبوو. ئەو کە تەداروکاتی پێشمەرگەکانی لەسەر شان بوو، بەو پەڕی عەلاقەوە هەموو ئەرکەکانی حیزبی بەڕێوە دەبرد. پێشمەرگەیەکی بە تەواوی زەحمەتکێش بوو.

عەلی قالوێ بەداخەوە نەیتوانی زیاتر بژیو زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلەکەی بکا. ڕۆژی ٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کاتێک پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە گوندی دارەگردەڵە لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان هێرشیان بردە سەر هێزی دوژمن لەو ئاواییە، لە شەڕێکی

توندا کە ماوەی دوو کاتژمێری خایاندو لەودا زەبرێکی قوورس لە هێزی دوژمن کەوتو دەیان کەسیان لێ کوژراو بریندار بوون، بەداخەوە عەلی عەبباسی ناسراو بە عەلی قالوێیی کەوتە بەر دەستڕێژی دژی گەلی-یەکانو گیانی لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەی دا فیدا کردو ڕێگای خەباتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## شەهیدان عەلی و ئەمیر ڕەزایی دوو برای شەهید



عەلی ڕەزایی کوڕی جووتیارێکی زەحمەتکێشی گوندی قەلای "هۆلاکۆ"ی ناوچەی بۆکان ساڵی ١٣٤٢ لەدایک بووە. پاش ڕووخانی ڕێژیمی شاو ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکرات هیوایەکی زۆری پەیدا کرد بەکۆتایی هاتنی زوڵمو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، بەڵام زۆری نەخایاند کە لەگەڵ دوژمنێکی دیکەی خوێن ڕێژ ڕووبەڕوو نەتەوەکەی بووەوە. هەربۆیە عەلی ڕەزایی لە ساڵی ٦١ خۆی بە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان ناساندو بەڵێنی دا تا سەرکەوتن خەبات بکاو بەڵێنییەکەی بردە سەر. ڕۆژی ٤ی بانەمەڕی ٦٢ هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرست هێرشیان کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە گوندی شێخاڵی ناوچەی بۆکان ڕووبەڕووی گروهی زەربەتی دوژمن بوونەوەو پاش شەڕێکی قارەمانانەو پاش خۆڕاگریەکی سەخت سینگی عەلی ڕەزایی کەوتە بەر گوللەی دوژمنو لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا خونچەی نەپشکوتووی ژیانی پەڕپەڕ بوو و تێکەڵ بە کاروانی سوور خەلاتی ئازادیو نیشتمان بوو.

شەهید بوونی عەلی ڕەزایی ئەگەرچی خەمێکی گەورەی خستە دڵی بنەماڵەکەی، بەڵام بۆ ئەوان جێگای شانازی بوو. پاش تەواوبوونی سەرەخۆشییەکەی برای بچووکی عەلی "ئەمیر ڕەزایی" بەڵێنی دا سەنگەری براکەیو هەموو شەهیدانی کوردستان چۆڵ نەکاو خۆی گەیاندە هێزی بەیان تا ئەو ڕێگایە درێژە بدا. ئەویش وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەدا چالاکانە بەشداری کرد. شەڕەکانی نێو شاری بۆکان – نۆبار – شاماتی ناوچەی مەهاباد دا بەشداری کرد.

لەم شەڕانەدا ئیمانو ورەی بەرزی خۆی بۆ هاوسەنگەرانی سەلماندو نیشانی دا کە هاوسەنگەرێکی شایستەی براکەیەتی. سەرئەنجام لە شەڕە بەنێوبانگەکەی ناوچەی شاروێران لە ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕی ٦٣ لەگەڵ ٢٤ هاوسەنگەری دیکەی تێکەڵ بە کاروانی سوورخەلاتی حیزبو گەل بوون. ناوی ئەو شەهیدە سەرفرازانە چرچەی بارام میرزا، تاهیر خزری، حوسین قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپور، شیخ ساڵە، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسمان دەروێشی، عەولا شەریفی، خالید سەرایی، مستەفا محەمەدی، حوسین وەحدەت، محەمەدساڵح فەەرجی، سلێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفیو هەروەها پێنج شۆڕەلاوی یەکیەتیی لاوان بە ناوەکانی: برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون.

ئەمیر ڕەزایی لە ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی قەلای هۆلاکۆی بۆکان لەدایک بووە. ژیانی ئەویش هەروەک عەلی

برای تێکەڵاوی رەنجو دەردو مەینەت بوو، لە تەواوی ژیانی‌دا هەستی بە خۆشی نەکرد. ئەویش وەکوو عەلی برای نەچوە قوتابخانەو کار لە مووچەو مەزرا بوو بە هەوێنی ژیانی ساکاری. ئەمیر هەتا شەهیدبوونی

عەلی برای لە ئاواییەکەیان ژیا. پاش ئەوەی عەلی شەهید بوو ئاگر لە دەروونی بەربوو. هەرچەند مێرمنداڵێکی تازەپێگەیشتوو بوو، لە بنەماڵەکەی ماڵئاوایی کرد بەرەو بنکەکانی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان وەرێ کەوت هەتا سەنگەری براکەی بگرێتەوەو وەکوو کورە کوردێکی زەحمەتکێش ئەرکی خۆی بەرامبەر بە حیزبو گەلەکەی بەجێبگەیەنێ. ئەمیر بە کردەوە نیشانی دا کە وەفادار بە رێبازی حیزبو خوێنی شەهیدانە. لە شەڕەکان دا ئەم وەفادارییەی دەگەیاندە ئەوپەڕی خۆی بە هێرشو پەلامار بۆسەر دوژمنانی ئازادی کەفو کوڵی دەروونی دادەمرکاندەوە بە چەشنێک کە ئەمیری تازە پێگەیشتوو وەک رێبوارێکی بە حەق و وەفاداری شەهیدان ناسرا. ئەمیر بە شەهیدبوونی خۆی مۆری تائیدی لەبیرو بۆچوونی هاوسەنگەرانی وەفاداریی خۆی بە شانازییەوە سەلماند.

## شەهید عومەر کەریمی



لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاویدا لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو بێدەرتانی گوندی "گۆلێ" سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایک بووە. هەر لەمنداڵییەوە بە رەنجو کوێرەوەری گەورە بووە، بەهۆی وەزعی نالەباریئابووریی بنەماڵەو دەست تەنگی لە رادەبەدەر نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو دەرگای خوێندنگەی لێ بەستراو نەخوێندەوار مایەوە. عومەر بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی وێڕای باوکیو براکەی کاری دەکرد.


عومەری زەحمەتکێشو ماندوونەناس تا گەورەتر دەبوو زیاتر هەستی بە چەوسانەوەو زوڵمو زۆردەکرد. لە هەلێکی لەبار دەگەڕا کە بۆ رزگاری لەو وەزعە خەبات بکا. کاتێکیش نارەزایەتیی خەڵک لە دژی رێژیمی شایەتی پەرەی گرت، دەنگی تێکەڵ بە دەنگی دەریای گەلانی ئێران کردو زۆر چالاکانە لە خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەتی پاشایەتیدا بەشداریی کرد.

دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، کاتێک دیتی ئاواتەکانی وەدی نەهاتوون، بڕیاری دا کە راستەوخۆ دژی زۆرداری خەبات بکا. بۆ ئەم مەبەستە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژاردو لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا هاتە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لە لکی دووەدا سازمان درا. یەکەمین هەنگاو بۆ ئەو لە ریزی شۆڕش دا فێربوونی خوێندنو نووسینی کوردی بوو.

عومەر وەک پێشمەرگەیەکی ئازا لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداری چالاکانەی هەبوو و زۆر ئازایانە بەرپەرچی دوژمنی دەدایەوە. لە شەڕەکانی مەلالەر، حوسێن مامەو نێوشاری بۆکاندا سەلماندی کە ئەویش پێشمەرگەیەکی قارەمانی حیزبەکەیەتیو شیاوی ئەوەیە حیزبەکەی شانازیی پێوە بکا. لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی وەک سەرپەل دیاری کراو تا کاتی شەهید بوونی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی ئەو

بەرپرسایەتییەی بەڕێوە دەبرد. سەرەنجام شەوی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بەربەرەکانێکی ئازایانەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی سەرباغچە لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان کە لەودا عومەر وێڕای پێشمەرگەکانی پەلەکەی زۆر شێرانە بەرەنگاری هێزەکانی ڕێژیم بوونەوەو زەبری کاریگەریان لێدانو پاشەکشەیان پێکردن، بەداخەوە هەروەک بڕیاری دابوو گیانی لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەی دا بەخت کردو ڕێگای تێکۆشانی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## شەهید عوسمان مەعروفی(داشبەندی)



لاوی بەهەستو خوێن گەرم عوسمان مەعروفی لە یەکەم ڕۆژی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٤٢ی‌هەتاوی‌دا لە ئاوایی "داشبەند"ی سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێناو بزەی خستە سەر لێوی بنەماڵەکەی‌و ئاواتی لە مێژینەی دایکو بابی بۆ لەدایک بوونی تاقانە کوڕپەکەیان هێنایە دی. لەتەمەنی شەش ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو پۆلەکانی سەرەتایی لە گوندی داشبەند تەواو کرد. عوسمان کوڕێکی دەرس خوێن بوو هەمیشە ئافەرینی مامۆستاکانی بە دەفتەرەکەیەوە بوو.

عوسمان بەهۆی کاری وەرزێڕی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا بۆ دابین کردنی ژیانی ڕۆژانە دەستی دایە کارو وێڕای باوکی زەحمەتکێشی کاری وەرزێڕی دەکرد. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکرات، هاتوچۆی بنکەکانی حیزبی دەکردو لەگەڵ بەرنامەو ئامانجی حیزب ئاشنایەتی پەیدا کرد. پاشان لەساڵی ١٣٥٨ پێوەندی بە یەکیەتیی لاوانەوە گرتو کاری پێ ئەسپێردرا بۆ ئەو مەبەستە لە گوندەکەی خۆیان (داشبەند) یەکیەتیی لاوانی دامەزراندو تێکۆشانی خۆی دەست پێ کردو لەماوەیەکی کەم دا زۆربەی لاوەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو لە بەرنامەی حیزبو لاوانی ئاگادار کردنەوە.

عوسمان ئەرکی خزمەتەکەی بە کەم دەزانی‌و هەستی دەکرد لە قۆناغی ئەو کاتی گەلەکەمان پێویستی بە تێکۆشانی زیاتر هەیە، دەبێ ئەرکی زۆرتر بەئەستۆ بگرێ، هەربۆیە لەسەر موافقەتی ئۆرگانی خۆی چەکی دەست دایەو لەهێزی بەیان سازمان درا. عوسمانی زاناو تێکۆشەر لە بردنەسەری ڕادەی زانیاری هاوسەنگەرانی‌دا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو. ئەو زۆر زوو لە دڵی هاوڕێیانی‌دا جێی خۆی کردەوە.

لەسەرەتای دەست پێکردنی هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شاری بۆکان هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا شەڕی دەکردو دوژمن لەناوی زراوی تۆقابوو. بەڵام بەداخەوە کەم ژیاو نەیتوانی زۆرتر خزمەت بە نیشتمانەکەی بکا. ڕۆژی ٦ / ٧ / ١٣٦٠ لە ئاوایی ساروقامیش لە سەر جادەی میاندواو- بۆکان، پێشمەرگەکان لەگەڵ هێرشێکی پاو بەربنی سەرکوتکەران بەرەوڕوو دەبنەوە پاش شەڕێکی باشو لێدانی زەبرێکی گورجکبڕ لە هێزەکانی ڕێژیم بەداخەوە عوسمان مەعروفی لە گەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی مستەفا شێخە دەکەوێتە بەر گوللەی دژی

گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌و بۆ هەمیشە لە کوردستان‌و هاوسەنگەرانی ماڵئاوایی دەکەن‌و خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی کوردستان دەبێ وەک ڕووناکی دەری خەبات دەدرەوشێتەوە.

## شەهید عوسمان سوڵتان پوور



عوسمان سوڵتان پوور لە ساڵی ١٣٤٦ لە ئاوایی" باخچە "لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش چاوی بە ژیان کردۆتەوە. عوسمان هێشتا منداڵ بوو کە بەهۆی فەقیری‌و هەژاری بنەماڵەکەیان لە ئاوایی باخچەوە کۆچیان کردە ئاوایی سەرباخچە. لە تەمەنی ٦ ساڵی‌دا ڕەوانەی قوتابخانە کرا، بەڵام توانیویەتی تەنیا پۆلەکانی سەرەتایی تەواو بکاو پاشان بۆ وەدەست هێنانی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی دەستی داوەتە ڕەنجبەری‌و شوانی‌و کرێکاری.

پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی سەڵتەنەتی پەهلەوی، پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتەوە گرت‌و چەکی پیشمەرگایەتی کردە شان‌و لە هێزی بەیان دا سازمان درا. عوسمان کورێکی ڕوح سووک‌و پێشمەرگەیەکی بە ئیمان بوو. بۆ هەر جێگەیەک مەئموریەتی پێ درابا بەوپەڕی نیاز پاکی ئەنجامی دەدا.

ڕۆژی ١١ / ١٠ / ١٣٦٢ پێشمەرگەکانی دێموکرات لە هێزی بەیان لە ١٠کیلۆمیتری شاری میاندواو بۆ زەبر لێدان لە دوژمن کەمینیان دانایەوەو شەڕێکی قورس‌و خوێناوی دەستی پێکرد کە دەیان کەس لە دوژمن کوژران‌و بریندار بوون، بە داخێکی گرانەوە لەو شەڕەدا عوسمان لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە نێوی سەیدکامیل شەهید بوون‌و سەنگەری خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

# شەهیدعوسمان عەبدوڵلاهی



عوسمان ساڵی ١٣٤٥ لە بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورتو زەحمەتکێش لە ئاوایی "ساروقامیش"ی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەدایک بووە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. وەک قوتابییەکی ژیرو وریا تا پۆلی 5ی سەرەتایی خوێند. بەهۆی نەداریو هەژاری لەرادەبەدەری بنەماڵەکەی دەستی لە خوێندن هەڵگرتو لەگەڵ بابی پیری ڕووی لە کورەخانەکانی ساروقامیش کرد. ماوەی 4 ساڵ لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی بەردەوام درێژەیان بە ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی کورەخانە دا، تا بتوانن لە زستاناندا ژیانێکی باشتریان هەبێ. عوسمانی لاو ساڵی ١٣٥٧ لە خۆپیشاندانەکانی شاری بۆکان دا بەشداری کرد. لە هاوینی ساڵی ٦٤ دا لە کورەخانەکانی ساروقامیش دەگیرێو ڕەوانەی سەربازی ئیجباری دەکرێ. پاش دەورە دیتن لە پادگانی "قوشچی" حەواڵەی بۆکان دەکرێتەوەو دەدرێ بە گوردانی ئیمام حەسەن لە گوندی نۆباری ناوچەی پیرمحەممەد.

عوسمان بەتەواوی لە خزمەت کردن بە ڕێژیم بێزار ببوو. لەلایەک هەژاریو نەداریو وەزعی ژیانی بنەماڵەو لەلایەکی دیکەوە سەربازی کردن بۆ ڕێژیمو ئێعدامی براکەی لە سەرچنار داخێکی گەورە بوو کە قەت لەبیری نەدەچوو. عوسمان پاش ٢٠مانگ سەربازی ئیجباری لە هاوینی ساڵی ١٣٦٦ پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو وەک ئەندامێکی کاریگەر بە شێوەی نهێنی کاری دەکرد. دوای گرتنی گوردانی نۆبار لە ڕێکەوتی ٧ / ٧ / ٦٦ شەرەفی پێشمەرگایەتی پێدراو وەک پێشمەرگە لە هێزی بەیان سازمان درا. عوسمان لەماوەیەکی


کورت دا نیشانی دا کە بەراستی ئیمانی بە ڕێبازەکەی هەیەو لەگەڵ دوژمن چەندە ئازایە. ئەو تایبەتمەندیانە بوونە هۆی ئەوە کە وەک سەرپەل دیاری بکرێو ئەم ئەرکەشی زۆر بەجوانی بەڕێوە دەبرد. لە شەڕەکان دا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو، شەڕەکانی وەنەوشەو پیرچۆپانو چەندین شەڕی گەورەو چووکە نیشانەی فیداکاری ئەون.

لە مانگی خەرمانانی ١٣٧٠ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە کاتێک دا لە ناوچەی ئاڵەشین لە حاڵی گەڕانی سیاسی – نیزامی دابوون، ڕۆژی ٨ / ٦ / ٧٠ لە نزیک ئاوایی گامێشان لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیییەوە هێرشیان دەکرێتە سەر. پێشمەرگەکان لە بەرەنگارییەکی قارەمانانەدا زەبرێکی باشیان لە هێزی ڕێژیم داو دوو ماشینیان سووتاندو ٢٠ کەسیشیان لێکوشتن، بەڵام لەو شەڕەدا بەداخەوە عوسمان بە توندی بریندار بوو. دوای کۆتایی شەڕەکە دەرمان کراو و پاش ٢٤ سەعات ڕۆژی ٩ی خەرمانان بەهۆی کاری بوونی برینەکەی شەهید بوو.

ئاخرین بیرەوەریم لەگەڵ تۆ هیچ کات لەبیر ناچێ دە دەقیقە پێش شەهید بوون بە لۆکە لێوم تەڕ کردیو گوتت "بە ئاواتم ناگەم کە لە ئاوایی خۆمان من وەک پێشمەرگەی دێموکرات ببینن. بەڵام هەموو هەر دێموکراتنو بژی حیزبی دێموکرات " بە قسەکردنەوە سواری ولاغەکەمان کرد، ڕەنگی سپی هەڵگەڕاو دەستی شل بوونو بۆ هەمیشە چاوی لەسەریەک دانا.

# شەهید عوسمان عەباسی

**ناسراو بە (عوسمان بێکەس)**




عوسمان عەباسی ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە ناوچەی پیرمحەمەدی بۆکان لەدایک بووە. پاش ماوەیەک بنەماڵەکەیان بەرەو ئاوایی "قەڕەڵی" کۆچی کردوە. عوسمان لە سێ ساڵ زیاتر نەیتوانی دەرس بخوێنێ، کاتێک وازی لە خوێندن هێنا دەستی بەکارو کاسبی کردو بە یەکجاری ژیانی تێکەڵ بە ڕەنجو کوێرەوەری بوو. عوسمان بە شێوەیەک پەروەردە ببوو کە هیچ قسەیەکی ناحەقی قبووڵ نەدەکرد. هەر ئەم تایبەتمەندیەی بووە هۆی ئەوەی کە هەمیشە بیر لە شۆڕش بکاتەوە. پاش ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان عوسمان هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ ببێتە پێشمەرگەو بەرگری لە نیشتمانەکەی بکا. ساڵی ١٣٦٠ هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، عوسمان لەنێو هاوسەنگەرانیدا بە عوسمان بێکەس ناسرابوو، ئەو بە دڵو بە گیانەوە باوەڕی بە ڕێبازەکەی بوو هەربۆیە کاتێک بنەماڵەکەی داوایان لێدەکرد واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ پێی گووتن: تا ئەو کاتەی زیندووم چەکی شەرەف لە شانمەو ناهێنمە خوارێ. عوسمان پاش نیشاندانی لێوەشاوەیی فەرماندەری پەلێکی پێ سپێردرا.

ئەوەندە قسەخۆش بوو کە هەموو خەڵکی ناوچە دەیانناسیو سەردانی هەر ماڵێکی کردبا ئاواتیان دەخواست جارێکیتر بێتەوە ماڵیان.

لە شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، قەرەکەند، شاریکەند، سەراوی ڕەحیم خان بەشداری کردوە. ئازایەتیی ئەو وێردی سەر زمان بوو. مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٣ ناوچەی پیرمحەمەدی بۆکان وەکوو باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان ڕازابۆوە. ئەو مەئمووریەتی پێ دەدرێ لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکە بچنە شوێنی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. پێشمەرگەکان بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست بە سواری تراکتۆر ڕێ دەکەونو ٢٩ی خاکەلێوە لە نزیک ئاوایی "قزل گونبەد" دەکەونە کەمینەوە، پاش شەڕێکی قارەمانانە ٣ هاوڕێکەی بە ناوەکانی محەمەد شاریکەندی ئەندامی کومیتەی شارستانی بۆکانو حەسەن ڕەحمانی ورەحمان ئاکوان شەهید دەبن. عوسمان کە بە تەنیا دەمێنێتەوە، کۆڵ ناداو شەڕێکی قارەمانانە دەکاو تا دوا فیشەک شەڕ دەکا. بەڵام بە داخەوە تفەنگەکەی گیر دەکاو جاشەکان لێی دەچنە پێشو داوای تەسلیم بوونی لێدەکەن، عوسمان بە ورەیەکی بەرزەوە دەڵێ: من پێشمەرگەی دێموکراتم، ناپیاوان هەرچی لە دەستیان دێ بیکەن. بەدوای ئەم قسانەدا دەست ڕێژی گوللەی لێدەکرێو خوێنی تێکەڵ بە خاکی پاکی نیشتمان دەبێ.

## شەهید عومەر سەلیمی



ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەكی فەقیری ئاوایی "ئۆینەچی" سەر بە ناوچەی فەرهادتاش چاوی بە ژیان هەڵیناوە پاش تێپەڕكردنی دەورانی منداڵی بەهۆی وەزعی خراپی ئابووریی بنەماڵەكەی دەرگای خوێندنی لێبەسترا. هێشتا مێرمنداڵێك بوو لە نەهاتی ڕۆژگار، دایكی خەمخۆری بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێكردو نازی لێشێواند. هەر لە تەمەنی منداڵی دەستی بەكار كرد. بۆ بژێوی ژیانی بنەماڵە شانی داوەتە بەر كارو كاسبیو بەهێزی باسكی پێداویستی یەكانی ژیانی ڕۆژانەی دابین دەكرد.

عومەر كاتێك شەهید بوو ئەو نووسراوەی بە خەتی خۆی لە سندووقەكەیدا بوو باسی بیرەوەرییەكەی خۆی دەكا."ساڵی ١٣٥٧ شۆڕشی پڕشكۆی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتیدا سەركەوتو حیزبی دێموكرات لە زۆربەی شارەكان دا تێكۆشانی ئاشكرای دەست پێكرد، منیش بێئەوەی كەسێك باسی حیزبی دێموكراتی بۆكردبم، شێتو شەیدای ناوە بەرزەكەی پێشمەرگە بووم. لە هەرجێگایەك چاوم بە پێشمەرگەكانی هێزی بەیان كەوتبا، بۆماوەیەكی زۆر هەموو ئیشو ئازارەكانی لەشم دادەمركانەوە. بۆیە خۆم پێڕانەگیراو ساڵی ١٣٦٠ ڕەسمەن هاتمە نێو ڕیزی پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكرات و لە هێزی بەیان دا سازمان درام. لە زۆربەی نزیك بە تەواوی مەئموورییەتەكانو شەڕەكانی ناوچەی بۆكان بەشداریی چالاكانەم كردوە. بەرپرسایەتی¬یەكانم لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە: سەرپەلی، كادری تەداروكات، كادری تەشكیلاتی لە سەریەك دووجار بریندار بووم." ئەوە كورتەیەك لە ژیانی عومەر بوو كە خۆی نووسیبووی. بەڵام عومەر یەكێك لەو قارەمانانەی دێموكرات بوو كە زۆر شتی دیكەی تێدا بوو. یەكەم هەنگاو خوێندنو نووسینی كوردی فێربوو. كادرێكی لێوەشاوەو خاوەن ئەزموونو شارەزاو بە بیروباوەڕ بوو. خۆشەویستی هەژارانی ناوچەو هاوسەنگەرانی بوو لە دڵی هەموویان دا دەژیا، بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە چەندجار لەلایەن ئۆرگانەكەی بە نووسراو تەشویق كرا.

لەبواری نیزامیدا یەكێك لەو فیداكارانە بوو نازانم باسی كام حەماسەی بكەم. شەڕەكانی شاری بۆكان، گرتنی مۆڵگەی مەڵلارو تركاشە و گوردانی نۆبار، جادەی بۆكان سەقز، بۆكان میاندواو، ئەربەنووس، شاریكەندو باغلوجەو دەیان عەمەلیاتی دیكە شاهیدی بۆ لەخۆبوردوویی دەدەن. یان باسی ١٥ / ٤ / ٦٨ لە وەنەوشە بكەم كە هەموو پێشمەرگەكان لەحاڵی ئیسراحەت دابوون كە سەعات 5ی بەیانی هێزی دوژمن هاتو یەكەم كەسو یەكەم تەقەو یەكەم هێرشو هەڵمەت ئەو دەستی پێكرد كە هیچ كات ترسی لە گولله نەبوو.

عومەر دەنگێكی هەست بزوێنی هەبوو. چەند بەرهەمی تۆماركراوی لە ئارشیوی رادیۆ دەنگی كوردستانو بەشی فیلمی حیزبدا بە یادگار بەجێهێشتوە. لەبیرمە لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٠ ڕێبەری شەهید دوكتور شەرەفكەندی سەبارەت بە وتنی گۆرانی "ئەی هەلامە" تەشویقی كرد.

عومەر سەلیمی ساڵی ۱۳۷۵ بەرپرسایەتی ناوچەکانی پیرمحەمەدو تورجانی پێئەسپێردرا. تا کاتی شەهیدبوونی بە دڵگەرمیو عەلاقەوە ئەرکی پێئەسپێردراوی بەڕێوە دەبرد، بەڵام بە داخەوە بە ئاواتی نەگەیشتو بە ناکامی سەری نایەوە. ڕۆژی ۲۱ / ۶ / ۷۵ بەهۆی خۆفرۆشێکەوە لەنێوان ئاوایی مێرگەنەخشینەو شێخ چۆپان کەوتە داوی ڕێژیمەوەو هەر لەوێ شەهید کرا.

## شەهید قادر ئەحمەدنژاد




لە ساڵی ۱۳۴۶ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست کورتو هەژار لە داوێنی دایکێکی زەحمەتکێش لە گوندی "شیوئاشان"ی سەر بە ناوچەی سویسنایەتی سەردەشت چاوەگەشەکانی بە دونیای ڕوون هەڵێناوە. قادر بە شیری دایکی گەورە بوو و وەکوو زۆربەی منداڵانی کوردستان لەگەڵ نەداریو دەست کورتی ڕاهاتو خووی گرت. سەرباری هەموو دەردان قادر ئەگەر بە هەژاری گەورە بوو لەگەڵ دووری دایکیشی ڕووبەڕوو بووە. هێشتا منداڵ بوو کە دایکیو بابی بەچەند هۆیەک جودا بوونەوەو قادر لە نازی دایک بێبەش کرا. لە تەمەنی ۷ ساڵیدا چووە قوتابخانەی گوندەکەیان. قوتابییەکی ژیرو وریا بوو. پۆلەکانی خوێندنی هەموو ساڵێ بە سەرکەوتنەوەی دەبڕی. بنەماڵەکەی لەبەر نەبوونی کارو کاسبی لە ئاواییەکەیان بەرەو شاری بۆکان کۆچیان کرد. لە بۆکان قادر بە عیشقو عەلاقەوە درێژەی بە دەرس خوێندن داو هاوینانیش یارمەتیی بنەماڵەکەیانی دەدا. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە بە ڕەگو پێستەوە هەستی بە چەوساوەیی نەتەوەکەی کرد. هەمیشە لە جێگایەک دەگەڕا کە هەموو ئەو بێبەشییانە لەوێ قەرەبوو بکاتەوە.

سەرئەنجام ساڵی ۱۳۶۶ ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی هەڵبژاردو لە هێزی بەیان دا سازمان دراو لەلایەن هێزەوە بۆ دیتنی دەورەی سیاسی – نیزامی ڕەوانەی فێرگە کرا. پاش دیتنی دەورەکە گەڕایەوە هێزی بەیان. قادر کوڕێکی ئێسک سووک بوو و بە دڵو بە گیان بۆ حیزبەکەی تێدەکۆشا. قادر زۆر زوو جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. بۆ ئەنجامدانی هەر مەئموریەتێک سەر لە پێناودا بوو. لە چەندین شەڕدا بەشداری کرد. سەرئەنجام لە مەئمورییەتی هاوبەشی هێزی بەیانو مەڵبەندی ۲ی جنووبی کوردستان گیانە شیرینەکەی فیدای ئازادی گەلەکەی کرد. ڕۆژی ۱۶ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۶۷ی هەتاوی پێشمەرگەکانی حیزب، ماندوو و شەکەت بۆ پشوودانو حەسانەوە چوونە داوێنی کێوی سەرکەشو بە دیمەن جوانی وەنەوشە لەناوچەی گەورکی سەقز. سەعاتی ۹ی بەیانی لەلایەن پێشمەرگەی نیگابانەوە ئاگادار کرانەوە کە ڕێژیمی دژی گەلی هێرشێکی پانو بەرینی هێناوەتە سەریان. پێشمەرگە وەک هەمیشە ئازا لێیان وەدەست هاتن. ئەو شەڕە (۱۱) سەعات درێژەی کێشا. هێزەکانی ڕێژیم زەبرێکی کاریگەریان وێکەوت. زیاتر لە ۱۲۰ کەس کوژرانو بریندار بوونو بە دەیان قەبزە چەکو کەلوپەلی دیکە بوو بە دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە. لەو شەڕەدا قادری لاو کە شان بەشانی هاوسەنگەرانی هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن. بەداخەوە گوللەی دژی گەلی یەک سینگی پڕ لە ئاواتی هەڵدڕیو خوێنی ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمان. لەو شەڕەدا بێجگە لە قادری ئەحمەدنژاد ۴ ڕۆڵەی تێکۆشەری دیکەی

حیزبەکەمان: سەعید رەحمانی لە هێزی بەیان، ناسر تەوەکولی ناسراو بە ناسر سنەییو حەسەن سەلبێو موزەفەر زارعی ناسراو بە موزەفەر سنەیی لە مەڵبەندی ٢ی‌جنووب خوێنی پاکیان رژایە سەرخاکی پیرۆزی کوردستان.

## شەهید قادر فەرعانی



قادر فەرعانی ساڵێک دوای دامرکاندنی ئاگری پڕ تینو گڕی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٧ – ٤٦ لە گوندی زێدانی ناوچەی پیرانشار لە دایک بوو. قادر لەنێو بنەماڵەیەک دا لەدایک بوو کە ڕەنجو کوێرەوەی تەنگی پێ‌هەڵچنیبوون. هەر لە منداڵی‌یەوە لەگەڵ ئەم وەزعە راهاتو مووچەو مەزرا بووە هاودەمی ژیانی شەوو ڕۆژی. قادر هەر لە تافی مێرمنداڵی دابوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. بۆیە قادر ناچار بوو زۆر لە جاران زیاتر خۆی ماندوو بکا. بۆ ئەوە بۆشایی نەبوونی سەرپەرستی بنەماڵە پڕ بکاتەوە. تەنانەت رووی کردە شارە گەورەکانی ئێران، لە تارانو بەندەر عەباس دەستی بەکارو کاسبی کرد. پاش دوو ساڵ گەڕایەوە پیرانشار کە هاوکات بوو لەگەڵ دەست پێکردنی خۆپیشاندان بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی. ئەو چالاکانە بەشداریی ئەو خۆپیشاندانانەی کرد.

لە دەست پێکردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان، خەڵکی کورد بۆ بەرەنگاری لە مانو مەوجوودییەتی خۆی چەکی هەڵگرتبوو. قادر وەک بەشێکی زۆر لە لاوانی وڵات هەستی بە بەرپرسایەتی بە نیسبەت دوارۆژی گەلەکەی کرد. لە ساڵی ٥٨ پاش شەهید بوونی براکەی دووهەم زەربەی رووحیی لێ‌کەوت. قادر ئەوەندەی دیکە هەستی بە بەرپرسایەتی کردو وای لێ‌هات بە کردەوە بێتە مەیدانی خەبات. بۆیە لە ساڵی ٦٣ بڕیاری داو خۆی گەیاندە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزب، ئەو زوو جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی‌دا کردەوە. قارەمانیی قادر لە شەڕی حەماسی شێلم جاڕان کە لەودا بریندار بوو جێگای باسە. شەڕە حەماسەیی‌یەکانی ناوچەی پیرانشار وەک تەفرو تونا کردنی مۆڵگەی گرداسێی ناوچەی لاجان بەڵگەیەکی-تری ئازایەتی قادر بوون. لە ساڵی ٦٤ لە مەئمووریيەتی شیمالی کوردستان دا بەشداری کردوە و ساڵی ٦٦ لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکە نەقڵی هێزی بەیان کراوە. هەرچەند دوژمن مۆڵەتی بە قادر نەدا زیاتر لەنێو هاوسەنگەرانی هێزی بەیان دا بمێننەوە، بەڵام هەر لەو ماوە کەمەدا توانی خۆی نیشان بداو بەشداری لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکانو سەقز بکا. بەرەبەیانی رۆژی ٢٠ی پووشپەڕی ساڵی ٦٦ هێزەکانی دوژمن پەلامارێکی دڕندانەو هەمە لایەنیان لەژێر پشتیوانی تۆپخانەدا هێنایە بەرزایی‌یەکانی مناڵەچووکە، حوسێن ئاباد، زەمبووران لە ناوچەی پیر محەمەدی بۆکان بەمەبەستی زەبر وەشاندن لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو شەهید پێشەوا. پێشمەرگەکان لە سەعات ١١.٥ بەیانی تا ٨ی شەو لە شەڕی حەماسی‌دا توانیان ٢٠ کەس لە بەکرێگیراوان بکوژن، لە جەنگەی شەڕی حەماسی "مناڵەچووکە" دەستەیەک لە

پێشمەرگەکان لە سەعات ٦.٥ پاش نیوەڕۆ بۆ بێدەنگ کردنی تۆپخانەی دوژمن لە "زەمبووران" خۆیان لێ نزیک کردنەوەو لە شەڕێکی جەسوورانەدا توانیان هەموو ئەفرادی تۆپخانە بکوژن، جگە لە دوو کەس کە توانیان زوو خۆ نەجات بدەنو دەسکەوتێکی زۆریان بەدەست هێنا. لەم شەڕەدا رۆڵەی حیزبو گەل قادر فەرعانی سینگی وەبەر گوللەی دوژمن کەوتو گیانی بۆ نیشتمان بەخت کردو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی حیزبو گەل بوو.

## شەهید قادر قادرڕاد




ساڵی ١٣٤٧ لەو کاتەی کە قرمەی بەساەو دوژمن بەزێنی چەکی شۆڕەسوارانی حیزبەکەمان خەوی خۆشی لەچاوی دەستو پێوەندەکانی حەمەرەزا شا تاراندبوو و دڵی ئۆگرانو لایەنگرانی ئازادیی لە کوردستان دا خستبووە جمۆجۆڵو خۆشییەوە لە گوندە بچکۆلەکەی لاسەگوڵانی ناوچەی گەورکی مەهاباد، قادر لە بنەماڵەیەکی دەست کورت دا لە داوێنی دایکێکی زەحمەتکێشو دڵسۆز چاوی بە دونیا هەڵێنا. قادر لە باوەشی گەرمی ئەندامانی بنەماڵەکەیدا گەورەو پەروەردە کرا. تازە باو خۆش ببوو کە بنەماڵەکەیان کۆچیان کردە شاری بۆکان، بەڵام ئەو هەمیشە بیری لە لادێ بوو و پێیخۆش بوو لەگەڵ خەڵکە هەژارەکەی گوندەکەیان بژی. قادر ئەگەرچی خاوەنی ئیستیعدادو زەوقی زۆر بوو، بەڵام بەداخەوە نەیتوانی زیاتر لە ٢ ساڵ دەرس بخوێنێ. ناچار بۆ ئەوەی کەلێنێک لە هەژاری بنەماڵەکەیاندا پڕبکاتەوە شانی دایە بەر کاری قورسو تاقەت پڕووکێن. زۆرجاریش بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان پەریوەی هەندەران بوو، یان لە کورەخانەکانی شارەکانی کوردستان دا کاری دەکرد. قادر لە جەریانی ئەو سەفەرانەدا بۆ شارە گەورەکانی ئێران لەگەڵ زۆر مەسەلە ئاشنا بوو و بە ڕەگو پێستیەوە چەوساندنەوەی هەست پێکرد. هەربۆیە ئاواتی ئەوەبوو رۆژێک لە چنگ دیاردەی ناحەزی چەوساندنەوە رزگاری بێ.

قادری لاو ساڵی ١٣٦٥ ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژاردو هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان، بەڵام لەهێزی بەیانەوە ناردرایە یەکیەتی لاوان. لەوێ بەهۆی چالاکیو تێکۆشانی زۆر لە ئەرکی پێئەسپێردراو پاراستنی نەزمو دیسیپلینی ئاگاهانە دووجار لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە تەشویق کرا. پاش ماوەیەک مانەوە لە یەکیەتیی لاوان رەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراو بە سەرکەوتنەوە دەورەکەی کۆتایی پێهێنا. ساڵی ١٣٦٦ لەسەر ویستی خۆی گەرایەوە هێزی بەیان. قادر هێدیو هێمنو لەسەرخۆ بوو. وێڕای هاوسەنگەرانی لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی دەکرد. رۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی هێزە کۆنەپەرستەکانی رێژیمی ئاخوندی کە لە شارەکانی بانەو سەقز کۆکرابوونەوە هێرشێکی پانو بەرینییان کردە سەر پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو ئاربەباو مەڵبەندی ٢ی جنووبی کوردستان لە بەرزاییەکانی

قوڵقوڵەی سەقز. پێشمەرگە بە ئیرادەی پۆڵاینەوە لە بەرامبەر هێزی دوژمن ڕاوەستانو زەبرێکی قورسو جەرگبڕیان لە دوژمن وەشاندوە نزیکەی ٧٠ کەسیان کوشتو بریندار کردو ١۴ کەسیشیان لێ بەدیل گرتن، بەڵام بەداخەوە لەو شەڕە حەماسییەدا قادر قادرڕاد لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەی حیزبەکەمان بە نێوەکانی محەممەد شامحەممەدیو برایم فەزڵی لەشیان کەوتە بەر گوللەی دوژمنو گوڵی تەمەنیان هەڵپڕووکا و دڵیان بۆ هەمیشە لە لێدان کەوتو چوونە نێو ڕیزی کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی حیزبو گەل.

## شەهید قاسم فەیزی



هاوڕێی فیداکار قاسم فەیزی ساڵی ١٣۴۵ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندیدا لە گوندی "گامێشگۆلی "سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، چاوی بە دیمەنی جوانو ڕازاوەی کوردستان پشکووت. لە تەمەنی (٧)ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو تا ۵ی سەرەتایی لە گوندی گامێش گۆلی دەرسی خوێندو دواتر بۆ درێژەدانی خوێندن چووە شاری میاندواو تا دووهەمی ناوەندی دەرسی خوێند. قاسم هەر لە منداڵی یەوە هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی کردبوو و بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ڕێگای چەوساوەکان تەنیا خەباتو تێکۆشانە.

بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو هێرشی بۆ سەر خەڵکی کوردستانو زوڵمو زۆری زیاترو جنایەتەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لە کوردستان قاسم نەیتوانی ئەو وەزعە تەحەمموول بکا. سەرئەنجام بڕیاری دا تەواوی ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزبو گەلەکەی تەرخان بکا، بۆیە لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی خوسرەو گورگی کە دواتر ئەویش شەهید بوو بڕیاریان دا ڕوو بکەنە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. لەساڵی 64 دا ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراو دەورەی سەرەتایی بەوپەڕی لێوەشاوەییو بە سەرکەوتوویی تەواو کرد، لە دەورەکەدا وەک پێشمەرگەی نموونە تەشویق کرا. پاش تەواوبوونی دەورە لە هێزی بەیان دا سازمان درا. هاوڕێ قاسم ئیمانی قووڵی بە ڕێبازی حیزبەکەی هەبوو. قاسم هێزو توانایی کۆمەڵانی خەڵکی لە تەشکیلاتو ئوسوولیبوونی سیاسەتەکانی حیزب دا دەدی. ئەو لاوێکی ڕەفتار بەرز بوو. زۆر زوو توانی جێگای خۆی لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە.


بەهاری ساڵی ۶۵ی هەتاوی ڕەوانەی دەورەی دەرمانی کرا، بە سەرکەوتوویی ئەم دەورەی تەواو کردو وەک بەشی دەرمانییەکی دڵسۆز لە هێزی بەیان کاری دەکرد. قاسم وەک پێشمەرگەیەکی تازەش لە شەڕەکان دا بەشداری دەکردو جارێکیش لە شەڕدا بریندار بوو.

سەرئەنجام قاسم لەگەڵ ٢٢ کەس لە هاوڕێیانی بۆ مەئمووریەتی حیزبی لە ناوچەی ئاڵەشینو ئەحمەدیکۆر، پاش چەند ڕۆژ گەڕانی سیاسی نیزامیی، ڕۆژی ١٣ / ٧ / ۶۵ لە نزیک جادەی بۆکان – میاندواو لە حاڵی پشوو دابوون کە خۆفرۆشان پێیان دەزانن و لە سەعاتی ۵ / ١٢ی نیوەڕۆ هێزێکی زۆر پەلاماریان دەدا هەر لە یەکەم دەقیقەی شەڕدا قاسمی فەیزی لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری دیکە بە ناوەکانی، سمایل خورشیدی،

سلیمان فەرامەرزی، محەممەد ڕەحیمی، هەمزە ئیفتخاری، ڕەحمان مامەش، سەرهەنگو مەحموود چوپانزادە شەهید بوون. بەم شێوەیە قاسم فەیزی لە مەیدانی بەربەرکانیو دیفاع لە مافە ڕەواکانی گەلەکەیدا شەهید بوو و گیانی پاکی خۆی بەختی ئازادی کرد.

## شەهید قاسم محەممەدپوور

### ناسراو بە (قاسمی باقی)



قاسمباقی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لەگوندی داشبەندی ناوچەی بۆکان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندیدا چاوی بە دنیا پشکووت. ژیانی وەک باقی منداڵەکانی مەڵبەندی بۆکان کە نیزامی دەرەبەگایەتی شوێنی لەسەر دانابوو لەگوندی داشبەند بە بێبەشی تێپەڕی. منداڵانی بێبەشی ئەو مەڵبەندە هەروەک بابو باپیرانیان دەبوو لە نەخوێندەواریدا بمێننەوەو لە مووچەو مەزرا بچەوسێنەوەو بەرهەمی کاریان بچێتە گیرفانی دەرەبەگەکان. ژیانی قاسمیش وەک منداڵانی دیکەی ئاوایی وابوو ئەویش لە دەرس خوێندن بێبەهرە بوو و ناچار بوو ڕێگای موچەو مەزرا بگرێتە بەرو شان بەشانی باقی ئەندامانی بنەماڵە لەبەر سوورەتاوی هاوین کار بکا. ژیانی قاسم باقی تا سەردەمی لاوێتی بە ئاژەڵداریو کاری وەرزێری لە گوندی داشبەند تێپەڕی. قاسم لەتەمەنی لاوێتیدا ڕەوانەی خزمەتی ئیجباری کرا. ئەوە دەرفەتێک بوو کە فێری خوێندنو نووسین بێ. بەهۆی ئۆگریو عەلاقەیەکی زۆر بە خوێندن کە لە وجوودی ئەو کوڕە زەحمەتکێشەدا خۆی دەنواند زۆر زوو فێری خوێندنو نووسین بوو. پاش دەورەی ئیجباری قاسم نەگەڕایەوە گوندی داشبەند، بەڵکوو لە بۆکان گیرسایەوەو بەکاری میکانیکی تراکتۆر دڵسۆزانە خزمەتی بە جووتیارەکانی ناوچەی بۆکان دەکرد. قاسم باقی کە ڕەنج بە خەساری جووتیارانی دیبوو بۆ کۆتایی هێنان بەم وەزعە شێلگیرانە لە خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمی زوڵمو زۆری پاشایەتیدا بەشداریی کردو ڕۆڵی خۆی وەک لاوێکی بەهەست گێڕا. پاش ئەوەی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی پەلاماری دڕندانەی بۆسەر کوردستان هێنا قاسم وەک لاوێکی خوێن گەرم لەشاری بۆکان کاری دەکرد. دوای ئەوەی یەکەمجار بۆکان لە دەستی داگیرکەران پاک کراوەیە قاسمی نیشتمانپەروەر چەکی شەرەفی لەشان کردو لە پاک کردنەوەی مۆڵگەکانی ڕێژیم لە شاردا بەشدار بوو. ئەو سەرکەوتنە سەرەتای خەباتی بەکردەوەی قاسم باقی بوو. قاسم ڕێگای شۆڕشگێڕانی گرتە پێشو بڕیاریدا لەگەڵ خەڵکی کوردستانو حیزبەکەی تێبکۆشێ. هەربەو بۆچوونو بیروباوەڕە پیرۆزەوە هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو قۆڵی خەباتی بۆ خەبات دژی کۆنەپەرستانو هەموو ئەو کەسانەی کە دژی ئازادی گەلی کوردن هەڵماڵیو لە مەیدانی کردەوەدا نیشانیدا کە کوڕێکی دڵسۆزو پێشمەرگەیەکی

ڕاستەقینەو خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجەکانی گەلی کوردە. هەربۆیە لەماوەیەکی کورت دا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچە. قاسم باقی لە عەمەلیاتەکانی دژی دوژمن لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا، قارەمانەتیەکەی لەشەوی نەورۆزی ٥٩ شاری سنەدا وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکرات، جێی خۆی کردەوەو قاسمی گەیاندە فەرماندەری لک. لەو مەسئولییەتەدا هەموو وزەو توانایی‌و پسپۆڕی خۆی بەکار هێناو هەوڵی دا بە یارمەتی فەرماندەرانی دیکە هێزی بەیان بکا بە نموونەی هێزەکانی حیزب. بە فەرماندەیی قاسم‌و برایم‌ئوف‌و حسن جەمشیدی‌و کەریم فەرامەرزی دەیان مۆڵگە لەو مەڵبەندە گیرانو سەدان بەکرێگیراو کوژران. ئەو لەکاتی تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاندو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا پێشمەرگەی ڕێنوێنی دەکرد. قاسم باقی دووجار لەشەڕ لەگەڵ دوژمن بریندار بوو. لە جاری دووەم دا نیوەی لەشی فەلەج بوو، ماوەی دوو ساڵ لەژێر چاوەدێری پزیشکی دابوو تا بەخۆشی‌یەوە بە هەوڵی کادرە پزیشکی‌یەکانی نەخۆشخانە توانی تا ڕادەیەک چارەسەر بکرێ. دوای شەهیدبوونی چرچەی بارام میرزا لەلایەن حیزبەوە بە قاسم باقی پێشنیار کرا وەک جێگری هێز بگەڕێتەوە بۆکان‌و ئەرکی پێ‌ئەسپێردراوی بەڕێوەبەرێ. هەرچەند نەخۆشی‌یەکەی بە تەواوی چاک نەببۆوە، بەڵام بەهەست کردن بەو مەسئولییەتە بەتایبەتی لە هەلومەرجی ناسکی ئەو کات دا ئەو مەسئولیەتەی قبووڵ کردو گەڕایەوە لای هاوسەنگەرانی لە هێزی بەیان‌و لەماوەیەکی کورت دا سەرلەنوێ ڕووحێکی تازەی‌دا بە هێزەکەو نەزمو دیسیپلین جێگای جارانی گرتەوە. یەکەمین عەمەلیاتی گەورەی بە یادی چرچەو برایم ئوف. گرتنی پایگانی ترکاشەی بەڕێوە برد کە بوە هۆی ورە بەخشین بە پێشمەرگەکان‌و تاساندنی دوژمن..

شەوی ٩ / ٣ / ٦٤ قاسم باقی لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی لە ئاوایی باغلووجەی بۆکان دەمێننەوە. سەعات ٢ی پاش نیوەشەو چەند چەکدارێک لە پەنا دەرگای ماڵەکە خۆ حەشار دەدەن. قاسم کە چاوی پێیان دەکەوێ دەنگیان دەدا. چەکدارەکان وەڵام دەدەنەوە کە پێشمەرگەی هێزی پێشەواین بە شوێن تۆدا هاتووین، قاسم وەڵامیان ناداتەوە شکو گومانی لێ‌پەیدا دەبێ بە دەمانچەکەوە دەچێتە پێش، بەڵام چەکدارەکان بۆ ڕازی کردنی ئەربابەکانیان دەستڕێژی لێ‌دەکەن. قاسم بەسەختی بریندار دەبێ. پاش ١٢سەعات شەڕو بەربەرکانی لەگەڵ مەرگ چاوی لەسەر یەک داناو شەهید بوو. شەهیدبوونی قاسم باقی لە ناوچە دەنگی دایەوەو خەڵک فرمێسکی بۆ هەڵڕشت. خەڵک پرسیاریان دەکرد کێ بەو نیوە شەوە قەلافەتی قاسمی دابێژدابێژ کرد، هەزار مەخابن دواتر دەرکەوت قاسم بە دەستی چەکدارەکانی حیزبی کومونیستی ئێران لە خوێن وەردراوە. خوێنی قاسمی باقی‌و شەهیدە سەربەرزەکانی دیکە حەقانیەتی خەباتی گەلی کوردو دروست بوونی ڕێگەکەیمان پێ دەسەلمێنێ.

# شەهید ئایشێ شەمسی بورهان




هاورێ ئایشێ شەمسی بورهان، لە ساڵی ۱۳۳۸ی هەتاوی لە بەنەماڵەیەکی ئایینی، بنەماڵەی شێخی بورهان، لە گوندی خانەقای سەر بە ناوچەی پیرمحەمەدی بۆکان لە دایک بوو. تەمەنی منداڵی و لاوەتی بە هۆی چەند بنەکی بنەماڵەکەیان لە ئاوای خانەقا و شارەکانی ورمێ و تاران تێپەر دەکا. ئەگەر چی خاتوو ئایشێ بەهۆی فەرهەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان دا دەرەتانی خوێندنی پێنەدرا، بەڵام بۆخۆی هەوڵی فێربوون دەدا و سەرەنجام خۆی فێری خوێندن و نووسین دەکا.

خوشکە ئایشێ شەمسی بورهان زستانی ساڵی ۱۳۶۲ هاتە ناو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتەوە و خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ ئازادی گەلەکەی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان لە نێوان ژنان و پیاواندا دەسپێکرد و لە هێزی بەیان و کۆمیتەی شارستانی بۆکان سازمان درا و چەکی خەبات و تێکۆشانی لە شان کرد. ساڵێک دواتر نەقڵی نەخۆشخانەی 25ی گەلاوێژ کرا و لە نەخۆشخانە شان بە شانی دەستە کچانی پێشمەرگە و فیداکاری ئەو نەخۆشخانەیە شان دەداتە بەر کار. لە کاتێک دا کە رۆژانە لە هەموو لایەکی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرگە خەریکی گیان بەخت کردن لە ڕێگای پارێزگاری لە نیشتمان دا بوون و لە هەموو لایەکەوە رۆڵەی بە ئەمەگی کورد لە بەرەکانی شەردا شەهید و بریندار دەبوون، خوشکە ئایشێ و پۆلێک لە کچانی رووسوری دێموکرات لە نەخۆشخانەو بنکەکانی حیزبی، بەو پەری پاکی و فیداکاریەوە بەبێ ماندوبوون دەست لە ناو دەستی براکانیان خەریکی راپەراندنی کاری تاقەت پروکێنی نەخۆشخانەو بنەکەکانی حیزب بوون. خاتوو ئایشێ لە ناویاندا بە چەشنێک چالاک و ئامادەی تێکۆشان بوو کە هەموو کەس لە ئازایەتیەکانی باس دەکرد. لە ساڵی ۱۳۶۵دا هاورێ ئایشێ لەگەڵ هاورێیەکی پێشمەرگەی کەمئەندام ( حەسەن موسازادە) ژیانی هاوبەش پێکدێنن و بەیەکەوە کاری ئامادەکردنی خوارن بۆ ئاسایشگای حیزب لە گرەدێ بە ئەستۆ دەگرن. هاورێ ئایشێ لە ماوەی نزیک بە ۱۱ ساڵ پێشمەرگایەتی و تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا، لە زۆر بواری جۆراوجۆردا خزمەتی کورد و بەو پەری سەداقەت و ئیمان بە ڕێبازی حیزبەکەی،سەلماندی کە کچانیش لە ڕێگای ئازادی وڵاتدا دەتوانن وەکو براکانیان بە گژ دوژمنان و داگیرکەراندا بچنەوە. ئەو یەکێک لەو ژنە کۆڵنەدەرانەی کوردستان بووکە تا دوایین ساتەکانی ژیانی سەری بۆ هیچ زوڵم و زۆریەک دانەنواند.

هاورێ ئایشێو هاوسەرەکەی سەرەنجام لە ساڵی ۱۳۷۴ لە وڵاتی فینلاند گیرسانەوە و وێرای دەستپێکردنی ژیانی ئاسای، پەیوەندیان لەگەڵ کۆمیتەی حیزب لەم وڵاتە گرتەوەو لەو ماوەیەدا خۆی و هاوسەر و سەرجەم بنەماڵە بە ڕێزەکەی هەردەم وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەیان مانەوە. بە داخەوەهاورێ ئایشێ تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێ ونزیک بە 3 ساڵ بەربەرەکانی لە گەڵ مەرگ لە رۆژی ۳ی خەزەلوەری ۱۳۸۶ لە وڵاتی فنلاند کۆچی دوایی کرد ودوو کۆرپەی بە ناوەکانی کازیوە وکاروان بە بی دایکی هێشتەوە.تەرمی پیرۆزی هاورێ ئایشێ شەمسی بورهان، لەسەر وەسیەتی خۆی رەوانەی کوردستان کرایەوە و رۆژی هەینی، ۱۱ی خەزەڵوەری ۱۳۸۶ لە گۆرستانی خانەقای شێخی بورهان لە ناوچەی بۆکان، لە

ناو خەم و پەژارەی خەڵکی ناوچەکەو بنەماڵەی  شەمسی بورهان و موسازادەو ژنان و کچانی تێکۆشەری ئەو هەرێمە تەسلیم بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی کرا.

## شەهید کاوە ڕەسوڵ پوور



ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە گوندی "داشبەند"ی سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لەدایک بوو. دوای تێپەڕ کردنی قۆناغی منداڵی لە حەوت ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی یەکەمی ناوەندی لە گوندی داشبەند دەرسی خوێند. هەرچەند قوتابی‌یەکی زیرەک بوو، بەڵام بەهۆی گیروگرفتی سەردەم نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداو ڕووی لە کاری وەرزێری کرد بۆ باشترکردنی بژێوی بنەماڵە.

کاوە هاوکات لەگەڵ کاری کرێکاری بە عەلاقەوە لە ڕادیۆ کوردستان عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەی گوێ دەگرتو بۆ هاوتەمەنی خۆی دەگێڕایەوەو هەمیشە بە داماوی هێزی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا، خۆشحاڵی لە وجودی دەباری.

کاوە بە تەواوی لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات ئاشنایەتی پەیدا کردبوو. یەکەمین وشەکانی لەنێو هەڤاڵانی بە دێموکرات دەست پێدەکرد. هەربۆیەش بریاری دا کە ڕۆژێک بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بە بالای خۆی ببڕێ‌و بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٨٠ ڕووی لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات کردو و لە ناوەندی پەزیرش فۆرمی پێشمەرگایەتی پڕ کردەوە.

کاوە ئەو ماوە کورتەی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دابوو. کوڕێکی خۆشەویستو لەبەر دڵان بوو هەر کارێکی پێیان ئەسپاردبایە بە گیانو بە دڵ بەڕێوەی دەبرد. لەماوەی کورت دا زۆر زوو فێری زمانی کوردی بوو، ڕۆژ بەرۆژ زیاتر هەنگاوی بەرەو فێربوون هەڵێناوە.

لە کلاسەکانی فێرگەی سیاسی — نیزامی زۆر بە ڕێکوپێکی هەوڵی دەدا کە شتی نوێ فێر بێ لە هەموو وانەکانی فێرگە بەشداری چالاکانەی دەکرد.

بەداخێکی گرانەوە لە کۆتایی دەورەی نیزامی‌دا بەهۆی کەمتەرخەمی هاوسەنگەرانی لە ڕۆژی ١٩ /٤ / ١٣٨٠ گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی دەکاو لەوە زیاتر نەژیا تا خزمەتی زیاتر بە گەلە بەشخوراوەکەی بکا.

# شەهید کەریم جەوانمەردی

**ناسراو بە (کەریم هەوشاری)**



ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە گوندی "حەسەن لۆڵان"ی ناوچەی هەوشار چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. کەریم بەشێکی زۆری ژیانی لاوی خۆی لە شارەکانی تارانو تەورێز تێپەڕ کرد. لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا رەوانەی سەربازی ئیجباری کرا، لەماوەی سەربازیەکەیدا فێری خوێندنو نووسین بوو. دوای تەواوکردنی سەربازی شانی دایە بەر کاروکاسبی.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر رێژیمی پاشایەتیدا، کەریم جەوانمەردی پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو تێکۆشانی سیایی خۆی دەست پێکرد. دواتر ساڵی 58 لەگەڵ باوکی بوو بە پێشمەرگەو هەموو وجودی خۆیان بۆ حیزبو گەلەکەیان تەرخان کرد.

کەریمی دڵسۆزو ئازاو هەڵسووڕ لە شەڕەکانی ئەو کاتی ناوچەی هەوشاردا بەشداری کردو رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. دووجار لەشەڕ لەگەڵ دوژمن دا بریندار بوو. ئەو بڕواو ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو خەباتی رەوای گەلەکەی هەبوو.

ساڵی ١٣٦١ وەک فەرماندەری پەل دیاری کرا. ناوبراو بۆ نەزم دان بە پێشمەرگەکانو بەڕێوەبردنی ئوسوولەکان نەقشی بەرچاوی هەبوو. لە شەڕەکانی جادەی سەردەشت – پیرانشاردا ئازایەتی خۆی زیاتر سەلماند.

لە بەهاری ساڵی ٦٢ دا وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. لەم پۆستەش دا بۆ بەرێوەبردنی ئەرکەکانی ئازایەتی نواند. پاشان هەر لە بەرهاری ١٣٦٢ی هەتاویدا لەسەر داوای خۆی نەقڵی هێزی بەیان بوو. لەم هێزەش دا لێوەشاوەیی کەریم زوو دەرکەوت. لەمانگی رەشەممەی ١٣٦٢ لەشەڕی شامات بریندار بوو پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی گەراوە مەیدانی خەبات لە هێزی بەیان کرا بە فەرماندەری پەل. لە بەهاری ٦٣ لە شەڕی مێرگەنەخشینە دیسان بریندار بوو. پاش چاک بوونەوەی زامەکانی وەک جێگری لکو دواتر فەرماندەری لکی یەکی هێزی بەیان دیاری کرا. لە زستانی ساڵی ١٣٦٣ لە کۆنفرانسی کومیتەی شارستانی بۆکان وەک ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردرا. کەریم هەر لەوکاتەدا کە پێشمەرگەیەکی ئازا بوو کادرێکی سیاسی لێوەشاوەش بوو و ئەرکەکانی بە شانازیەوە بەڕێوە دەبرد. جارێک لەلایەن کومیسیونی پێشمەرگەو جارێکیش لەلایەن کومیتەی شارستانەوە تەشویق کرا. ئەو بە ئازایەتیو فەرماندەریی خۆی لە زۆربەی شەڕەکان دا نەخشی بەرچاوی لە سەرکەوتنی عەمەلیاتەکان دا دەگێڕا. لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤دا سەرلەنوێ بە ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردراوە. پاشان وەک بەرپرسی کومیتەی ناوچەی ئەحمەدی کۆر دیاری کرا .

لە زستانی ٦٤ دا کەریم هەوشاری بۆ مەئمووریيەتی حیزبی سەر لە ئاوایی "عەولاتەپەسی" لە ناوچەی ئەحمەدیکۆر دەدا کە لەلایەن خۆفرۆشێکەوە راپۆرتی لێدەدرێو هێزی دوژمن دەوری دەدەنو بەدیلی دەگرن. کەریم هەوشاری هەروەک قارەمان بوو لە زیندانیش قارەمان مایەوە. رێژیمی ئاخوندی لە زیندانەکانی بۆکانو میاندواو، ساین قەڵا هەموو توانای خستەگەڕ کە نهێنیيەکانی تەشکیلاتی پێبدرکێنێ. بەڵام کەریم

هەوشاری ئیمانی قووڵی بە رێبازەکەی هەبوو. هەربۆیە جەلادەکانی کۆنەپەرستی لەوپەڕی زبوونیو داماویدا بریاری خۆیان داو پاش سێساڵ زیندانو ئەشکەنجەو ئازار بەهاری ۱۳۶۸ی هەتاوی لە شاری تیکاب ئێعدامیان کرد. شەهیدبوونی کەریم لە ناوچەدا دەنگی دایەوە خەڵکی ناوچەی بۆکانو هەوشار بۆی رەش پۆش بوون. کەریم شەهید بوو، بەڵام رێبازەکەی هەر ماوەو هەر درێژەی دەبێ هاوسەنگەرانی ئاڵای خەباتیان هەروا شەکاوە راگرتووە، تا سەرکەوتن درێژە بە رێگای کەریم هەوشاری دەدەن.

## شەهید کەریم ساڵحی



کەریم لە ساڵی ۱۳۴۸ی هەتاویدا لە هەژارترین بنەماڵەی ناوچەی ئەحمەدی کۆر لە گوندی "کانی خواروو" چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەریو ناعەدالەتی هەڵێنا. وەک زۆربەی منداڵانی دیکەی ئاواییەکەیان بەهۆی وەزعی خەراپی ئابووری رێگەی خوێندنگەی لێ بەسترا، جگە لەوە تەنانەت گوندەکەیان قوتابخانەی نەبوو. کەریم هەر تەمەنی لاویی خۆی بە شوانی بەرخۆلەو کاروکاسبی تێپەڕ کرد.


بنەماڵەی کەریم ژیانێکی سەختیان هەبوو. کەریم مانگانە دوو جار چاوی بە بنەماڵەکەی نەدەکەوت. شەوو رۆژ ئارەقەی دەرشت. تا ساڵی ۱۳۶۲ بەمجۆرە کاری کرد، بۆ رزگار بوون لەم ژیانە تاڵەو چەوسانەوەو بەرە بەرەکانی لەگەڵ داگیرکەران بریاری شۆڕشگێرانەی داو سەرەتای ساڵی ۱۳۶۳ی هەتاوی هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە هێزی بەیان سازمان درا.

لە یەکەمین رۆژی پێشمەرگایەتیدا گوتی: "من دوای رزگار بوون دەچمەوە خزمەت بە بنەماڵە نەدارەکەم دەکەم. بەڵام ئەرکی ئێستام قورسترە کە دەبێ خەباتی بۆ بکەم". هەر بۆیەش زۆر ئازایانە شانی وەبەر خەبات دا، لەم رێگایەش سەری دانا.

کەریم زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوەو بە کردەوەش نیشانی دا کە وەفادار بە حیزبو گەلەکەیەتی. کەریم لە ریزی خەباتیش دا ماندوو نەناس بوو، و بۆ مەئمووریەتی حیزبی سەر لە پێناو بوو. لە شەڕە حەماسیەکانی ناوچەی بۆکان لەخۆبردوویی‌و لێوەشاوەیی لەخۆی نیشان دا. دوژمن هەمیشە لە بەرانبەری دا زەبوون بوو. هەموو هاوسەنگەرانی خۆشیان دەویستو رێزیان لێ دەگرت.

کوڕی زەحمەتکێش لە رێکەوتی ۱۰ی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۶۴ی هەتاوی لە کاتێک دا بنکەکەیان لە ئاوایی مێرگە نەخشینە کەوتە بەر هێرشی چەکدارەکانی حیزبی کۆمونیستی ئێرانو لە شەڕێکدا کە تا کاتژمێر ۱/۳۰ی نیوەشەو درێژەی کێشا. بەداخەوە کوڕی زەحمەتکێش کەریم ساڵحی بە ئاواتەکەی نەگەیشتووو لەو رێگا پیرۆزەدا لە گەڵ هاوڕێیەکی دیکەی بە ناوی رەحیم وەلیزادە شەهید بوو و گیانی فیدای بەرژەوەندی گەلەکەی کردو درێژەدانی خەباتی لە دژی داگیرکەرانی کوردستان بە هاوسەنگەرانی سپارد.

# شەهید کەریم عەبدی




کەریم عەبدی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی "قوراو"ی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بووە. کەریم لەئامێزی گەرمی دایکی دا بەرە بەرە گەورە بوو، بەڵام بەداخەوە هەژاریو دەست تەنگی لەرادەبەدەری بنەماڵەکەیان ئیجازەی نەدا بچێتە قوتابخانەو لە بەرەکەتی خوێندن بەهرەمەند بێ. هەر هەژاری بوو کە کەریمی ناچار کرد دەبێ لە منداڵییەوە روو لە مەیدانی کارو کوێرەوەری بکا. بنەماڵەکەی بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ژیان لە گوندەکەیان باریان کردو چوونە ئاوایی "قازیاخاوا"ی ناوچەی فەرهاد تاش. کەریم تا تەمەنی ١٥ ساڵی لەم ئاواییەدا کاری کرد. پاشان رووی لە شارە گەورەکانی ئێران کردو بە ساڵو دوو ساڵ نەدەگەڕایەوەو ئەوەی بە ئارەقەی نێوچاو پەیدای دەکرد بۆ بنەماڵەکەی دەناردەوە. کەریم بە گەڕان لە شارە گەورەکانی ئێران زیاتر هەستی بە چەوساندنەوەی گەلەکەی دەکردو هەموو هۆکارەکەی ئەو وەزعەی دەگەڕاندەوە بۆ رێژیمی پاشایەتی.

دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی گەلی کورد کە هەستی بە ئازادی کرد بەداخەوە زۆری نەخایاند کە لەلایەن رێژیمی نوێوە هێرش کرایە سەر گەلی کورد بە هەموو چینو توێژەکانییەوە لە بەرامبەر ئەم هێرشە کەوتنە بەرگری کردن لە مانو مەوجودییەتی خۆی، پۆل پۆل لاوان دەستیان دایە چەکی شەرەف. هەربۆیە کەریم عەبدی کە هەستی بە بەرپرسیارییەتی دەرهەق بە داهاتووی گەلەکەی دەکرد ساڵی ٦٠ هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو بوو بە پێشمەرگەیەکی سادقو بە ئیمانو وەفادار بە ئازادیی کوردستان. کەریم لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا جارێک بریندار بوو. دوای سارێژ بوونەوەی برینەکەی بە ئیمان تر لە جاران درێژەی بە کاری خۆی دا. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداریی دەکرد. شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، شامات، باغی ئەحمەدی، ئەربەنووس، شاهیدی ئازایەتیو گیانبازی کەریم بوون. رۆژی ٢ی رەشەمەی ساڵی ٦٢ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە ناوچەی گەورکی مەهاباد لەلایەن بەکرێگیراوانی رێژیمەوە هێرشیان بە پشتیوانی چەکی قورسەوە کرایە سەرو قارەمانانی گەل پاش فیداکاریو گیانبازییەکی لەرادەبەدەر توانیان ئەم هێزەی رێژیم تێک بشکێننو ژمارەیەکی بەرچاویان لێبکوژنو بریندار بکەن. بە داخەوە لەم شەڕەدا کەریمی عەبدیو هاوسەنگەرێکی دیکەی بە نێوی جەعفەری کارەشی سینگیان وەبەر گوللەی دوژمن کەوتو ماڵئاواییان لە نیشتمان کرد.

# شەهید کەریمئارامش

**ناسراو بە (کەریم عەلی فەرامەرز)**



ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، ئەو کاتەی کە کۆماری کوردستان دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی پڕ لە شانازی خۆی تێپەڕ دەکردو کەوتبوە بەر شاڵاوی دوژمنانی ئاڵقە بەگوێی بێگانە، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی برایمئابادی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان چاوی بە دنیا پشکووتو بە ناوی کەریم ناودێر کرا، بوونی کەریم ژیانێکی پڕ لە خێروخۆشی لەنێو کۆڕی بنەماڵەکەیان دا پێک هێنا. بەڵام مخابن بە هۆی نەبوونی قوتابخانە نەیتوانی مێشکی بە نووری زانستو فێربوون زاخاو بداو بە نەخوێندەواری مایەوە ناچار هەرکە دەستی چەپو ڕاستی خۆی ناسیی، ڕەوانەی گۆڕەپانی دەستو پەنجە نەرم کردن لەگەڵ دێوەزمەی نەداری کراو بۆ هەڵسووڕانی ژیانی بنەماڵەکەی وێڕای باوکی عارەقەی دەرشتو زەحمەتی دەکێشا. هەستی نیشتمانپەروەریو ئینسان دۆستی بنەماڵەکەی، بوونە هۆی ئەوە کە بکەونە بەر غەزەبی ئاغای گوندەکەیانو ناچار بکرێن کە زێدو ماڵو حاڵی خۆیان جێ بێڵنو ڕوو بکەنە گوندی ئەسکەرئاباد. ژیانی کەریم بە جۆرێک ئاوێتەی دەردو ژانو ڕەنج ببوو، بە تەواوی هەستی بە بێبەشیو بەشمەینەتی دەکرد. کاتی چوون بۆ خزمەتی ئیجباری هات، بەڵام بۆ کەریم سەرشۆڕی بوو بێگاری بۆ ڕێژیمێک بکا کە دوژمنی پێشکەوتنی خەڵکو وڵاتەکەیەتی، هەر بۆیە خۆی بەدەستەوە نەدا. بەڵام ژاندارمەکانی ڕێژیمی پاشایەتی دەست بەرداری نەبوونو هەر جار نا جارێک پەلاماری گوندی ئەسکەرئابادیان دەدا بۆ ئەوەی کەریم بگرن. کەریم ناچار بوو بۆ ڕزگاری لەم وەزعە بڕیاری خۆی بداو لەگەڵ هاوسەرەکەی گوندی ئەسکەرئاباد بەجێ بێڵێو ڕووبکاتە کوردستانی عێراق. بەمجۆرە قۆناغێکی دیکە لە ژیانی کەریم دا دەستی پێکرد. لە شارەکانی کەرکووکو سلێمانی بۆ هەڵسووڕانی ڕەوڕەوەی ژیان دەستی بەکارو کاسبی کرد. ماوەی ٣ی ساڵ لەم شارانەدا درێژەی بە ژیان دا. ئەو لەو وەزعەدا باشتر لەگەڵ بێبەشییەکانی گەلەکەی ئاشنا بوو. بەهۆی هەلومەرجێک کە لە کوردستانی عێراق دا هاتبووە پێشێ، تێکەڵاوی مەسەلە سیاسی یەکان بوو. دوای ٣ی ساڵ مانەوە لە کوردستانی گەرمێن بەرەو زێدو ژینگەی خۆی گەڕایەوەو بە نهێنیو بەدوور لە چاوی نۆکەرانی ڕێژیم دەستی بەکارو کاسبی کرد. بەڵام ئاڵقە بەگوێیەکانی ڕێژیمی پاشایەتی پێیان زانیو لە گوندی سەرا دەوری ماڵەکەیان داو ڕەوانەی ئەشکەنجەگایان کرد. بەهۆی بوونی بیروباوەڕی پێشکەوتووانە زۆریان ئازارو ئەشکەنجە دا. نینۆکەکانی دەستو پێیان دەرهێنا. بەڵام نەیان توانی کێوی وەرەو قەڵای بڕوای بڕووخێنن. دوای ٥ مانگ ئازار کە زانییان ناتوانن هیچ قسەیەکی لێ دەرکێشنو نهێنییەکانی پێ بدرکێنن، لە بەرامبەری دا بەچۆک داهاتنو ناچار بوون ئازادی بکەن. بەڵام دیسانیش دەست بەرداری نەبوونو هەر جارەی بە بیانوویەک دەیان گرتەوەو

ئازاریان دەدا. كەریم بۆ جارێكی دیكەش ناچار بوو بۆ ڕزگاری لە چنگ ئەو چۆنیەتی‌یە ڕێگای هەندەران بگرێتە پێش‌و لە ئەهواز بگیرسێتەوەو ژیانی ساكارو سادە بەدوور لە نیشتمانی بەرێتە سەر.

كاتێک ساڵی ١٣٥٧ گەردەلوولی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی حكوومەتی پاشایەتی هەڵی كردو و قەڵای دیكتاتۆری‌و سەرەڕۆیی حكوومەتی حەمە ڕەزاشا كەوتە بەر پەلاماری خەڵک. هەلی بە لەبار زانی‌و بە گورجی گەڕایەوە بۆ كوردستان تا لە خۆپێشاندانەكانی خەڵكی شارەكانی مەهابادو بۆكان دا بەشداری بكا.


دوای دەست پێ‌كردنی تێكۆشانی ئاشكرای حیزب كەریم عەلی فەرامەرز لە یەكەمین كەسانێک بوو لە ناوچەی بۆكان كە پێوەندی بە حیزبەوە گرت، چونكە ئەو ئاوات‌و ئارەزووە چەندین ساڵەكانی خۆی لە دروشم‌و ڕێبازی حیزب دا دۆزیەوەو چەكی شەڕەف‌و شانازی كردە شان‌و بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانی شۆڕش‌و دیفاع لە مان‌و مەوجوودیەتی گەلەكەی. زۆر زوو بیروباوەڕی خۆی بە ڕێبازی حیزبەكەی نیشان داو وەكوو ڕۆڵەیەكی گیانبازی ڕێگای دێموكراسی‌و ئازادی لە نێو هێزی بەیان دا ناسرا. بەجۆرێک لە گوندو ناوچەكانی مەهابادو بۆكان دا ناوبانگی دەركرد.

كەریم عەلی فەرامەرز بەهۆی لێهاتووی‌و كارامەیی لە فەن‌و تاكتیكی شەڕی پارتیزانی‌دا پلەكانی پێشمەرگایەتیی یەک بە دوای یەک دا بڕی‌و هەتا پلەی فەرماندەری لک چووە سەرێ. ئەو فەرماندەرە لێهاتوویە لە زۆربەی شەڕەكانی ناوچەی مەهابادو بۆكان‌و هەوشاردا بەشداری چالاكانەی كردو گەلێک شانازی‌و حەماسەی لە دەفتەری بیرەوەری‌یەكانی پێشمەرگەدا تۆمار كرد. هەر شوێنێک كەریم سەنگەری لێ گرتبایە مەحاڵ بوو دوژمن بتوانێ زەفەری پێ بەرێ. كەریم فەرماندەرێكی لێهاتووو شارەزا، ئینسانێكی تێكۆشەرو هەڵسووڕ بوو، جێگای ڕێزو خۆشەویستی هاوسەنگەرانی‌و خەڵكی ناوچە بوو، هیچ كات هەستی بە ناهومێدی‌و دەستە وەستانی نەدەكرد، كەچی مەرگ مەودای پێ‌نەدا كە زیاتر خزمەت بە گەل‌و نیشتمانەكەی بكا.

ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی هێزەكانی بەیان‌و پێشەوا بڕیاریان دا عەمەلیاتێكی هاوبەش لە دژی دوژمنانی ئازادی بەڕێوەبەرن بۆ ئەم مەبەستە گەلاڵەیەكی عەمەلیاتی‌یان داڕشت‌و مۆڵگەی دوژمنان لە گوندی حوسێن مامە بۆ زەربە لێدان هەڵبژارد. لە هەڵمەتێكی پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكرات دا مۆڵگەی دوژمن بە تەواوی دەستی بەسەر داگیراو (٢٧) كەس لە بەكرێگیراوان كوژران‌و (٤) كەسیش بە دیل گیران‌و هەروەها كۆمەڵێک چەكو تەقەمەنی كەوتە بەردەستی پێشمەرگەكان. بەڵام قوربانی ئەو حەماسەیە، (٥) ڕۆڵەی تێكۆشەرو فیداكاری گەلەكەمان بوو. كەریم عەلی فەرامەرز لەگەڵ (٤) هاوسەنگەری دیكەی بە ناوەكانی ئەحمەد ئەحمەدی، ناسر محەممەدپوور، سەید كەریم ئەحمەدی‌و ئەنوەر بەدری لە هێزەكانی بەیان‌و پێشەوا، خوێنی پاكیان تێكەڵ بە یەک بوو و چوونە نێو كاروانی نەمرانی مێژووی گەلی كورد.

# شەهید کەماڵ ئەشعەری

**ناسراو بە (ئازاد)**



کەماڵ ئەشعەری، لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە ئاوایی "ئەمبار"ی دەم چۆمی تەتەهووی ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە باوەشی بنەماڵەیەکی ئاییینی دا چاوی بە دنیا هەڵێنا. باوکی وازی لە مەلایەتی هێنابوو، لە نێو مووچەو مەزرا دا بە ئارەقەی نێوچاوانو بە ڕەنجی شانی دەیهەویست ژیانێکی شەرافەتمەندانە بۆ بنەماڵەکەیان دابین بکا. هەرچەند بە هەموو توانایەوە لە هەوڵی ئەوە دابوو کە پێداویستییەکانی ژیانی خۆیو منداڵەکانی دابین بکا، کەچی هێشتاش پێڕا نەدەگەیشتو لە ڕیزی زەحمەتکێشانی دیکەی گوندەکە دابوو.

لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. هەموو ساڵی بە پلەیەکی بەرزەوە قبووڵ دەبوو. تا پۆلی ٥ی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیاندا درێژەی بە خوێندن دا. هاوینانیش شان بە شانی باوکی لە مووچەو مەزراکان دا کاری دەکرد، بەڵام سەرەنجام دەست تەنگی ناچاری کردن ئاواییەکان بەجێ بهێڵن ڕوو بکەنە شاری بۆکان. ژیانو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو شاری بۆکان ئاڵوگۆڕێکی قووڵی لە سەر بیرو شێوەی بیرکردنەوەی کەماڵ دا پێک هێناو لەگەڵ زۆر شتی تازە ئاشنای کرد. بەو حاڵەش کۆچکردنیان بۆ شار کۆتایی بە ژیانی پڕ لە مەینەتیو بێبەشی ئەوان نەهێنا. لە شاریش کەماڵو باوکی ناچار بوون ئەوەندەی دیکەش خۆیان ماندوو بکەن. کەماڵ لە شار درێژەی بە خوێندن داو توانی تا کۆتایی پۆلی ٢ی ناوەندی دەرس بخوێنێ. دواتر دەست کورتیو هەژاری بوو بە کۆسپی سەر ڕێگای دەرس خوێندنی کەماڵو دەستی لە خوێندن هەڵگرتو شانی دایە بەر کاروکاسبی. ئەو تا دەهات گەورەتر دەبوو باشتر لە ڕازو نهێنییەکانی ژیانو هۆیەکانی بێبەشیو ژێر چەپۆکی گەلەکەی تێدەگەیشت. بۆیە هاتە سەر ئەو بڕوایە ڕوو بکاتە ڕیزەکانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلەکەی بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتادا لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەستی بە خەباتی سیاسیو تەشکیلاتی کرد. لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی دا چووە سەنگەری خەباتی ڕاستەوخۆی چەکدارانە لەگەڵ دوژمن،و بوو بە پێشمەرگەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان. کەماڵ بەو پەڕی بڕواو ئیمانەوە پێی نابووە مەیدانی خەبات. ئازایەتیو قارەمانەتی کەماڵ لە عەمەلیاتی قەرەگۆل دا بووە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. ئەو کوڕێکی ژیرو ئازاو هەڵسووڕو بە نەزم بوو. بۆ بردنە سەری ئاستی تێگەیشتنی سیاسی خۆیو فێربوونی هونەری شەڕو ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە بەردەوام لە هەوڵ دابوو.

پاییزی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لەسەر داوای خۆی نەقڵی بۆ هێزی بەیان وەرگرتو لەو هێزەش دا زۆر زوو جێگای خۆی کردەوەو لێوەشاوەییو بە توانایی خۆی نیشان دا.

شەوی ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٦٥ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بە گوێرەی گەڵاڵەیەکی داڕێژراو هێرشیان بردە سەر مۆڵگەی چەکدارانو بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە گوندی "بۆگەبەسی" لە ناوچەی بۆکان. هێرشی پێشمەرگەکان کاتژمێر ٨/٣٠ی سەر لە ئێوارێ دەستی پێکرد. بە هەوڵێن مووشەکی ئارپیجی ئاگر بەربووە تانکەری نەوتی پایەگاو ئەوجار هێرشو پێشرەوی دەستی پێکرد. چەند پێشمەرگەیەک کە یەکێکیان هاوڕێ کەماڵ بوو گەیشتنە بن تێل دڕووی مۆڵگەکە، بەشێک لە بەکرێگیراوای ڕێژیم لە ترسان بە هەر چوار دەوری مۆڵگەکەدا تەقەیان دەکردو نارنجۆکیان فڕی دەدا. بەداخەوە کەماڵ کەوتە بەر پڕیشکی نارنجۆکی دوژمنو برینداربوو. هەرچەند هاوڕێیانی ویستیان لە مەیدانی شەڕ دووری خەنەوە، بەڵام کەماڵ داوای کرد کە کاری خۆیان درێژە بدەنو لەو گەڕێن. گوتی:"داواتان لێ دەکەم دەرفەت بە دوژمن مەدەن بە منەوە مەشغووڵ مەبن." ڕۆڵەکانی گەل بە سەرکەوتنەوە کۆتایییان بە شەڕەکە هێنا. لەکاتی گەڕانەوە دابووین، چەند هاوڕێ کەماڵیان هەڵگرتبوو، لە نێوان گوندەکانی کەریزەو قاراوەی بچووک لەنێو ڕیزی پێشمەرگەکان دا دەنگێک دێ دەڵێ ڕاوەستن، دام نێن، ئەوە دەنگی هاوڕێ کەماڵ ئەشعەرییە.

هاوڕێی فەرماندەی عەمەلیات کە شەهید وەستا ئەحمەد بوو خۆی گەیاندێو گوتی: ئازاد گیان چیە؟ بۆ وادەکەی؟ ئازاد وتی: "برینەکەم کارییەو دەمەوێ ماڵئاواییتان لێبکەم، بژی کوردو کوردستان، بژی حیزبی دێموکرات" بەرەبەرە هێزی کەم دەبۆوە هێزی دایەوە خۆیو درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: "دەبێ لە زمان منەوە ماڵئاوایی لە دایکی روو سوورو خۆشەویستم بکەنو پێی بڵێن بۆم نەگری من بە شانازیەوە ئەو ڕێگایەم هەڵبژاردبوو با ئەویش شانازیم پێوە بکا". ئەمەی گوتوو چاوەکانی لەسەر یەک دانانو گیانی شیرینی سپارد. ئەم دیمەنە دڵتەزێنە بارانی خەمو پەژارەی بە سەردا باراندین بەمجۆرە هاوڕێ ئازاد چووە نێو کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی سوور خەڵاتی حیزبو گەلو تۆوی ورەو خەباتی لە دڵو دەروونی هاوسەنگەرانی دا چاند.

## شەهید کەماڵ ئاقاوەلی




ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە ئاوایی سەرچناری ناوچەی چۆمی مەجیدخان لە داوێنی بنەماڵەیەکی دڵ پاکو هەژار لە دایک بووە. ژیانی منداڵیی زۆر هەژارانە تێپەڕ کردوە، هێشتا منداڵ بوو کە سێبەری دایکی لەسەر نەما. کەماڵ لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا، هەر لە گوندەکەی خۆیان تا پۆلی 5ی سەرەتایی دەرسی خوێند. بەڵام بەهۆی دەست تەنگیو هەژاری بنەماڵەکەی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا.

هەر لە منداڵییەوە قۆڵی بۆ کار کردن هەڵماڵی، تاکوو بتوانێ بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی دابین بکا. ئەو تەنانەت زۆر جار لە مەعدەنەکانی قسڵ لە دەوروبەری شاریمیاندواو شان بە شانی باوکی کاری تاقەت پڕوکێنی دەکرد.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لەگەڵ لاوانی دیکەی گوندەکەیان لە خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەتی پاشایەتیدا بەشداری چالاکانەی کرد. بەدوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، هەستی بە خۆشحاڵییەکی زۆر دەکرد. چونکە ئەو چاوەڕوانی هەلێک بوو کە بتوانێ بە ئازادی بژی. هەر بۆیە لە سەرەتا دا پێوەندی بە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە گرتو وەک لایەنگری یەکیەتی لاوان لە گوندی سەرچنار کاری دەکرد. بەدوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوچەی چۆمی مەجیدخانو کۆمەڵ کوژکردنی خەڵکی کوردستان، کەماڵ بڕیاری شۆڕشگێڕانەی داو لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی قۆڵی خزمەت بە گەلو حیزبەکەی هەڵماڵیو هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرگی پڕ لە شانازیی پێشمەرگەی پۆشی.

کەماڵ کوڕێکی خۆش ئەخلاقو بەنەزمو دیسپلین بوو. بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بڕیارەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد. بەڵام بەداخەوە زۆر نەژیا تا خزمەتی زیاتر بە گەلەکەی بکا. لە سەرەتای مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لکی چواری هێزی پێشەوا یەکیەتیی لاوان بە مەبەستی زەبر لێدان لە هێزی دوژمن چوونە ناوچەی شارویران. هەموو تیمەکان لە ناوچەی دیاری کراو دامەزرا بوون، بەڵام ڕێژیم بەهۆی خۆفرۆشان بە شوێنی پێشمەرگەکانی زانیو هێزێکی زۆری نارده سەریان. لە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی شەڕێکی قورسو خوێناوی دەستی پێکرد. لەو شەڕەدا چەندین هێرشی هێزەکانی ڕێژیم تێک شکێندران. بە هەزاران گوللەی تۆپو خمپارە بەسەر پێشمەرگەکان دا باری، بەڵام خۆڕاگری هەر درێژەی هەبوو، شەڕ هەتا هەوا تاریک بوون درێژەی کێشا، لەو شەڕەدا ٨٠ کەس لە هێزی هێرشکەر کوژران. لەو شەڕە ١١ سەعاتەیەدا کە لاپەڕەیەک لە فیداکاری پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو لە مێژووی گەلی کورد دا تۆمار کرا، بەداخەوە کەماڵ ئاقاوەلی لەگەڵ ٢٤ هاوسەنگەری دیکەی شەهید بوونو جارێکی دیکە دەشتی شارویران بەخوێنی سوورو گەشی پێشمەرگە سوورپۆش بوو.

## شەهید کەماڵ بەخشودە



کەماڵ بەخشودە، ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی ئاوایی ئەرمەنی بلاغی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە تەمەنی ٧ ساڵان دا بە هۆی نەبوونی خوێندنگە لە ئاواییەکەیان بۆ ئەوەی لە بەهرەی زانستو فێربوون بێبەش نەبێ لە قوتابخانەی گوندی ڕەحیم خان وەبەر خوێندنیان نا.

کەماڵی زیتەڵەو دەرس خوێن، بە هۆی نەبوونی کەرەسەی هاتوچۆ هەموو ڕۆژێ دەبوایە مەودای نێوان گوندەکانی ئەرمەنی بلاغیو ڕەحیم خان بە پیادە ببڕێو ئێوارانیش هەر بەو شێوەیە گەڕابایەوە. پۆلەکانی سەرەتایی بەمجۆرە یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕیو بڕوانامەی پێنجەمی سەرەتایی وەدەست هێنا. بەڵام بەهۆی دەست کورتیو نزمی باری ئابووری بنەماڵەکەی لەوە زیاتر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداو ناچار بۆ

وەدەست هێنانی بژێوی بنەماڵەکەی هەر لەو تەمەنەدا وێڕای باوکی زەحمەتکێشی شانی داوەتە بەر کارو کاسبیو بە هێزی شانو بازووی ئارەقەی نێوچاوانی بەشێک لە بژێوی بنەماڵەکەی دابین کردوە.


ئەو ژیانە پڕ لە مەینەتو کوێرەوەرییەو تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئاوایی نشینە چەوساوەکان بۆتە هۆی ئەوە کە لە تەمەنی لاوەتیدا هەست بە چەوسانەوە بکاو تامی تاڵی بن دەستی بچێژێ. دوای ئاشنا بوون لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ساڵی ١٣٦٤ رووی کردە ریزەکانی حیزبو بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پیشمەرگە لە لکی ٣ی هێزی بەیان داتێکۆشانی خەباتکارانەی خۆی دەست پێ کرد.

کەماڵ بەخشودە کوڕێکی ڕووخۆشو خۆش ئەخلاق بوو. لە بواری پێشمەرگایەتیش دا تا بڵێی بە نەزمو خاوەن رەوشتی شۆرشگێڕانە بوو. پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترسو بێباک بوو، هەر ئەو تایبەتمەندیانە بوونە هۆی ئەوە کە هاوسەنگەرانی خۆشیان بویَو رێزی لێ بگرن..

کەماڵ ئیمانیکی قووڵی بە رێبازەکەی هەبوو، هەموو ئاواتەکانی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا کورت کردبوونەوەو لە پێناوی خزمەت بە حیزبەکەی دا هەموو نرخێکی بە هەرزان دەزانی. بەڵام سەد مخابن کەم ژیاو بە ئاوات نەگەیشت، هێشتا زیاتر لە سێ مانگ بەسەر تەمەنی پێشمەرگایەتییەکەیدا تێنەپەڕیبوو کە ڕەشەبای مەرگ نەمامی تەمەنی بەلادا ختسو گوڵی هیواو ئاواتەکانی پەڕپەر کرد.

رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شەڕێکی نەخوازراودا سینگی پڕ لە تاسەی کەوتە بەر گوللەو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەی خواست.

## شەهید مەنسوور مەعرووفی



نەورۆزی شادی کە مزگێنی بەهارێکی خۆش دێنێ، لەم رۆژە پیرۆزەدا ١ / ١ / ١٣٥٦ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لەشاری بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. مەنسووری زیتو وریا بەشیری پاکی دایکی قۆناغی منداڵی تێپەڕاندو لە تەمەنی شەش ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراو پۆلەکانی سەرەتایی یەک لەدوای یەک بڕی، پاشان درێژەی بە خوێندن داو تا پۆلی دووهەمی ناوەندی دەرسی خوێند. مەنسوور بەهۆی جۆراوجۆر درێژەی بە خوێندن نەداو دەستی دایە کارو یاریدەی باوکی دەدا. ئەو لە تەمەنی یازدە ساڵیدا هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردبوو، هەمیشە لەنێو هاوالانی لە گەرەکی خۆیان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاو دەدا. لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا رەوانەی سەربازی ئیجباری کرا. دوای سەربازیکردن پێوەندی بە حیزبەوە گرتو لە سەرەتای ساڵی (٧٧)ەوە وەک لایەنگری حیزب لەشاری بۆکان کاری دەکرد.

رۆژی ٤ / ٥ / ٧٧ لەگەڵ هاورێیەکی لەنێو شاری بۆکان لە جادەی پشت کەمەربەندی تەقە لە جاشێکی خائین دەکەن‌و بریندارى دەکەن. دوای ئەم کارە شۆڕشگێڕانەیە ناتوانێ لەشاردا بمێنێتەوەو ریزی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکرات هەڵدەبژێرێ‌و بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگە لەبەر دەکا.

دوای دیتنی دەورەی فێرگەی سیاسی – نیزامی کە بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێهێنا لە کومیسیونی کۆمەڵایەتی (نەخۆشخانە) سازمان درا. مەنسوور بە عەلاقەیەکی تەواوەوە ئەرکی خۆی بەجێدەگەیاندو دواتر وەک بەشی تەداروکاتی زیندان‌و نەخۆشخانە دیاری کراو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆی دەکرد.

شەهید مەنسوور پێشمەرگەیەکی بەنەزم‌و دیسیپلین بوو. لە پێناوی ئامانجی پیرۆزیدا فیداکاری دەنواند. ئەو لەبەرابەر هیچ کەندو کۆسپێکی ڕێگای خەبات بە چۆک دا نەدەهات. مەنسوور کوڕێکی دڵسۆزی حیزبی بوو بە مەعنای واقیعی خۆی، هەمیشە دەم بە پێکەنین‌و بە کردەوە نموونەی ئەخلاق بوو، هەموو هاوسەنگەرانی خۆشیان دەویست. هیچ کات بە تووڕەیی نەبینرا. هەر ئەو تایبەتمەندییانەش ببونە هۆی ئەوە کە لە دڵی هاواڵانیدا جێگای خۆی بکاتەوە.

بەداخەوە کەم ژیا تا زیاتر خزمەت بە گەلەکەی بکا. رۆژی ١٥ / ٨ / ١٣٨١ لە کاتی بەڕێوەبردنی مەئموورییەتی حیزبی لەنێو شاری بۆکان لە شەقامی ٥٥ دەکەوێتە کەمینی جاشە خۆفرۆشەکانەوەو شەهید دەبێ. خوێنی لەسەر ئاو و خاکو نیشتمانەکەی رژاو سەری کردە پردەبازی سەرکەوتن.

## شەهید مەجید زیبایی




مەجید زیبایی لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە گەندی "ئیسکی بەغدا"ی ناوچەی گەورکی مهاباد لەدایک بوو. بنەماڵەکەیان وەک زۆربەی بنەماڵەکانی کوردستان هەژارو دەست کورت بوون. کە تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵ رەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەرسی خوێند. دواتر هەژاری‌و نەداری‌و دەست کورتی نەیانهێشت درێژە بە خوێندن بداو بە ناچاری دەستی لە خوێندن هەڵگرت. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە شانی دا بەر رەنج‌و کارکردن‌و ئارەق رشتن لە مووچەو مەزرا. ساڵی ١٣٦١ بنەماڵەکەیان رووی کردە شاری بۆکان‌و بۆ دابین کردنی خەرجی ژیان‌و گوزەرانیان هاوینان‌و بەهاران دەچوونە شارەکانی تەوریزو میانەو لە کورەخانەکان دا کاری دەکرد. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی مەجید بوو بە شاگردی مکانیکو بەرەبەرە ئەو پیشەیە فێر بوو. لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویدا هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو چەکی شەرەفو شانازی‌و بەرەنگاری کردن لە مافو ئازادییەکانی کردە شان. ئەو پێشمەرگەیەکی خاوەن بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە بوو. بە نەزم‌و دیسیپلین بوو، بەڵام بە داخەوە زۆر نەژیا تا خزمەتی زیاتری گەل‌و نیشتمانەکەی بکا. بەهاری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەهۆی هەڵکەوتی

جوغرافیای ناوچە سنوورییەکانی ئێرانو عیراق، زۆرجار بنکە سنوورییەکانی حیزبی دیموکرات دەکەوتە بەر تۆپو خومپارە بارانو گوللەی تۆپی وێڵ. شەوی ١١ی بانەمەڕی ١٣٦٦ بەهۆی یەکێک لەو گوللە وێڵانە لە نزیک بنکەیەکی حیزب بە داخەوە مەجیدی زیبایی بریندار دەبێو پاش ماوەیەک بەهۆی کاریبوونی برینەکەی گیانی لەدەست داو چووە نێو کاروانی شەهیدانی حیزبو گەل.

## شەهید محەممەد ئەحمەد شەم

ناسراو بە (محەمەد ئەسپوغە)




ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی ئەسپوغەی سەر بە ناوچەی ئەحمەدیکۆری بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژاردا لە دایک بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. محەممەد بەو پەڕی عەلاقەوە دەرسی دەخوێندو پۆلەکانی سەرەتایی یەک بەدوای یەک دا بڕیو بۆ درێژەدانی خوێندن رووی لە شاری میاندواو کرد. لە پۆلی سێهەمی ناوەندیدا بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی حکوومەتی پەهلەوی دەستی پێکرد. ئەو شۆڕشە لە سەر محەممەدی مێرمنداڵ شوێنی دانا، بۆیە وێڕای هاوتەمەنەکانی لە خۆپێشاندانەکان دا چالاکانە بەشداری کرد. پاش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لە شاری میاندواو درێژە بە خوێندن بدا، بۆیە گەڕایەوە گوندەکەیانو دەستی بەکار کردن کرد.

دوای داگیرکردنی شاری بۆکان لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا بەهۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە محەممەد بە دڵێکی پڕ لە نیشتمانپەروەرییەوە چووە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لە هێزی بەیان سازمان درا. ئەو توانی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو پێشمەرگەکان دا بکاتەوە. بەهۆی ئازایەتیو پاراستنی نەزمو دیسپلینی حیزبی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لەلایەن هێزەوە وەک جێگری فەرماندەری پەل دیاری کراو ساڵی 64 وەک سەرپەلو ساڵی ٦٥ وەک جێگری فەرماندەری لک دیاری کرا. محەممەد بە هەموو تواناوەو بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری خۆی هەوڵی دەداو ئەرکی پێئەسپێردراوی بە باشی بەڕێوە دەبرد. ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە کۆنفرانسی کومیتە شارستانی بۆکان وەک ئەندامی کومیتە شارستان هەڵبژێردراو پاشان فەرماندەریی لکی دووی هێزی بەیانی پێئەسپێردرا.

لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دەوری کاریگەری هەبوو. ئەو هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بوو. لە شەڕە حەماسی-یەکانی نێو شاری بۆکان، جادەی میاندواو ـ بۆکان، جادەی بانە ـ سەقز، بەردە هەڵۆ، تۆپخانەی حوسێن ئاباد و دەیان عەمەلیاتی دیکەدا بەشداریی قارەمانانەی هەبوو. لە شەڕ لەگەڵ دوژمن دا ٣ جار بریندار بوو، هەموو جارێکیش دوای سارێژ بوونەوەی برینەکەی بە وەرەتر لە جاران دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات.

محەممەد ئەسپوغە لە سازماندەهی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاویدا وەک کادری تەشکیلاتی ناوچەی پیرمحەممەدو ئەحمەدی کۆر دیاری کرا. لەم بوارەش دا وەک کادرێکی ئاگا لە نێو زەحمەتکێشانی گوندنشین دا، سیاسەتەکانی حیزبی لە نێو خەڵک دا شی دەکردەوە.
سەرەنجام لە رۆژی ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لەگەڵ دوو هاوڕێیدا لە کاتی ئەنجامدانی مەئموورییەتی حیزبی لە ئاوایی شێخلەری ناوچەی پیرمحەممەد لە ٥ کیلۆمیتریی شاری بۆکان، لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمەوە کەوتنە بەر پەلامار. پاش شەڕێکی گەرمو کوژرانی خۆفرۆشێکو بریندار بوونی چەند بەکرێگیراو، بەداخەوە هەرسێ تێکۆشەری مەیدانی خەبات بە ناوەکانی محەممەد ئەحمەد شەم ناسراو بە محەممەد ئەسپوغە، تاهیر حامیدیو ئەحمەد قادری شەهید بوونو گیانیان کردە پردەبازی سەرکەوتن.

## شەهید محەممەد چەمەنی



محەممەد چەمەنی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ئاوایی "موشیر ئاباد"ی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە دایک بوو. کاتێک تەمەنی محەممەد گەیشتە ٧ ساڵان باوکی ناردیە قوتابخانە. محەممەد هەرچەند قوتابییەکی زیرەک بوو، بەداخەوە لەبەر دەست تەنگی بنەماڵەکەی تەنیا توانی تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرسی بخوێنێ. لەو تەمەنە کەمەدا بە ناچار لەگەڵ باوکی زەحمەتکێشی شانی دایە بەر کاری قورسو شان بە شانی باوکی کاری کرد، پاش ماوەیەک کارکردن لە مووچەو مەزرا بڕیاری دا وەدوای کارو کاسبی لە دەرەوەی گوندەکەیان بکەوێ. ئەو بۆ کاسبی کردن هاتووچۆی کوردستانی عێراقی دەکرد بەڵکوو باری قورسی هەژاری لەسەر شانی بنەماڵەکەی کەم بکاتەوە. محەممەد بەهۆی هاتوچۆی کوردستانی عێراق لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ساڵەکانی ٤٧، ١٣٤٦ی هەتاوی ئاشنا دەبێو ئاشنایەتی لەگەڵ ئەوان هەستو بیری کوردایەتی تێدا بەهێز دەکا. هەربۆیەش چەند جار لە لایەن ژاندارمو ساواکەوە گیراو دواجار یازدە مانگ لە زیندان دا ڕاگیرا. کاتێک پاش تەواو کردنی ماوەی زیندان ئازاد بوو بۆ ئیجباری ڕەوانەی سەربازخانە کراو پاش تەواو کردنی خزمەتی ئیجباری دیسان هاتوچۆی بۆ کوردستانی عێراقی دەست پێکردەوە، تا دەست پێکردنی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران ئەو کارەی درێژە پێدا. کاتێک حکوومەتی بێزراوی پاشایەتی رووخاو حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی بۆ ئازادیو خودموختاری دەست پێکردو لاوانی بە هەستی نیشتمانەکەمان پۆل پۆل روویان کردە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەویش کە پێشتر لە گەڵ ناوی حیزبو ئامانجەکانی حیزب ئاشنا ببوو بە ڕەسمی بەرگی پیرۆزو پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی پۆشیو بەکردەوە چەکی کردە شانو هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانەوە.

محەممەد کوڕێکی ئازاو هەڵسووڕ بوو، بۆ هەر مەئمووریەتێکی حیزبی کە پێیان دەسپارد سەری لە ڕێ دابوو، بێ سێو دوو لێ کردن بە ئەنجامی دەگەیاند. کوڕێکی هەڵسووڕو تێگەیشتوو بوو. بۆ ڕوونکردنەوەی خەڵک لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرتو قسەی بۆ دەکردنو سیاسەتەکانی حیزبی بۆ شی دەکردنەوە. هەر بەهۆی ئەو لێزانی تێگەیشتوویی‌یە لەلایەن کومیتە شارستانی بۆکانەوە بە کادر هەڵبژێردراو وەک بەرپرسی ماڵی کومیتە ناوچەی ئاڵەشین دیاری کرا. محەممەد بە دڵسۆزی‌یەوە ئەرکەکانی بەجێ دەگەیاند، ئاکارو کردەوەی جوان بوو. خەڵکی ناوچەو هاوسەنگەرانی خۆشیان دەویستو بەڕێزو حورمەتەوە ناویان دەبرد. لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا بە ئەندامی کومیتەی شارستانو بەرپرسی ناوچەی ئەحمەد کۆری بۆکان هەڵبژێردرا. ئەو لەم ئەرکەش دا سەرکەوتوو بوو، جێگای خۆی پتر لە نێو دڵی زەحمەتکێشانی ناوچەدا کردەوەو ئەمجار بە هەست پێکردن بە مەسئوولییەتێکی زۆرترەوە کارەکانی جێبەجێ دەکردو خۆی زیاتر لە پێشوو ماندوو دەکرد. ئەو کە باوەڕێکی زۆر قووڵی بە ڕێبازی حیزبەکەی هەبوو، ئەو عاشقو ئەویینداری حیزبەکەی بوو، ئەوەی لە هەڵسوکەوتو خووڕەوشتو ڕەفتاریدا لەگەڵ خەڵک بە باشی دەردەکەوت.

سەرئەنجام لە حاڵێک دا کە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی بە مەبەستی چاو پێکەوتنی ماڵو منداڵی بەرەو ئاوایی گۆلێ لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر وەڕێ کەوتبوو. پاش ماندوو بوونێکی زۆر گەیشتە ئەو گوندەو منداڵەکانی چاو پێکەوت، لەگەڵیان خەریکی جەفەنگو دەردی دڵ بوو کە لە پڕ دەرکی ماڵی کراوەو ژمارەیەک جاشی خائینو پاسداری جینایەتکار لوولەی چەکەکانیان بەرەو سینگی پڕ لە ئاواتو ئارەزووی ڕاگرتو دەسرێژیان لێ کردو لە پێش چاوی ژنو منداڵە وردەکانی شەهیدیان کرد. کاک محەممەد تەنیا شەهیدی بنەماڵەکەی نەبوو بەڵکوو شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیان بوو کە گیانی خۆی پێشکەشی بارەگای ئازادیی گەلەکەی کرد.

## شەهید محەممەد مەولوودپوور

ناسراو بە (محەممەد شاریکەندی)



هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە دایکی وەتەن دە هەستە سڵاویان بستێنەوە


لە بەربەیانی ڕۆژێک لە ڕۆژانی نێوەڕاست مانگی زستانی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی شاریکەندی ناوچەی بۆکان محەممەد مولوودپوور لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی پڕ لە ئاواتی پشکووتو ژیانی پڕ دەردو مەینەتی وەک گشت منداڵە ڕووتو ڕەجاڵەکانی کوردستان دەست پێکرد. لە تەمەنی شەش ساڵان دا چووە قوتابخانەو بە ژیریو وریاییەوە دەستی بە خوێندن کرد. سەرەڕای هەژاریو دەست کورتیو بوونی کۆسپو هەورازو نشێوێکی زۆر لە ژیانی دا هەتا پۆلی دووهەمی دواناوەندی درێژەی بەخوێندن دا. وەزعی شپرزەی خاوخێزانو لە دەست دانی دایکو باوکی هەمشیە

قورساییان خستبوە سەر شانی محەممەد، چونکە ئەو لە لایەک دەبوو بخوێنێو لە لایەکی دیکەشەوە دەبوو خەرجی بنەماڵەکەی دابین بکا. هەر بۆیە هاوینان قۆڵی هیمەتی بۆ کارو ئیش کردن هەڵ دەماڵیو لە مووچەو مەزراو کوورەخانەکانی ناوچەی بۆکان کرێکاریی دەکرد. ئەم جۆرە ژیانە ئەوی لەگەڵ دەردو ژانی چەوساوەکانو زەحمەتکێشانی لادێیی باشترو پتر ئاشنا کرد. لە سەردەمی حکوومەتی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی لە قوتابخانە هەستی بە سیاسەتی پڕ لە جیاوازی دانانی ئەو ڕێژیمە کرد، بۆ وێنە ئەو سیاسەتە کە نەیدەهێشت لاوانی کورد لە قوتابخانە دا جل بەرگی کوردی لەبەر بکەن، هەستی خاوێنی کوردانەی لە دەروونی جۆش دا. لەو کاتەدا کە شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ - ١٣٥٦ هەتاوی دا دەستی پێکرد ئەو هەستە روونو پاکەی محەممەد وەک کانیاوە زوڵاڵەکانی کوردستان تەقیەوە تا جوانییەکی تایبەتی بدا بە دیمەنو سروشتی جوانی کوردستانو سەرئەنجام ئەوی هێنایە ریزی خۆپێشاندەرانەوە. کاتێکیش کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەڵبەندی بۆکان دەستی بە تێکۆشان کردەوە، هاتە ریزی ڕێبازی پڕ لە شانازی ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەو هەوڵو تێکۆشانی بێوچانی خۆی بۆ رزگاری گەلەکەی دەست پێکرد. محەممەد بەتایبەتی ڕاکێشانی هەرچی زیاتری خەڵک بۆ نێو ریزەکانی حیزبو دەرخستنی رواڵەتی دزێوی جاشە خۆفرۆشەکان نەخشی بەرچاوی هەبوو. ژیریو وریاییو خۆشەویستیی ئەو لە نێو زەحمەتکێشانی گوندی شاریکەند دا بوو بەهۆی ئەوە لە لایەن خەڵکی چەوساوەی ئەم گوندە بە ئەندامی شوورا هەڵبژێردرێ. ئەو لەو بوارەش دا لە ماوەیەکی کورت دا لێوەشاوەیی خۆی دەرخستو بەوپەڕی تواناوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی لادێو چارەسەرکرانی ناکۆکیەکانی نێوان خەڵک هەوڵی دەدا. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی وەک کادرێکی سیاسیو لێوەشاوە لە ناوچەی پیرمحەممەد دەستی بەکار کرد. زاناییو ئازایەتیو چالاکیو لەخۆبوردوویی محەممەد بووە هۆی ئەوە کە لە نێو هاوسەنگەرانی وەک نموونەی حیزبییەکی هەڵسوورو خۆش ناو بناسرێ. هەر بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢دا بە ئەندامەتی کومیتەی شارستانی بۆکانو نوێنەری کونگرەی شەشەم هەڵبژێردراو وەک بەرپرسی ناوچەی پیرمحەممەد ئەرکی پێئەسپێردرا. بە توانایی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نیشتمانپەروەرانەو شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات، لێزانی، دڵسۆزی، هەوڵو تێکۆشانی بێوچان ئەویان کردبووە سیمایەکی جێگای متمانە لەنێو خەڵکی ناوچەدا. سەرەنجام لە رۆژی ٢٩ی خاکەلێوە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی محەممەد شاریکەندی لە گوندی قزڵ گونبەد لە کاتی بەڕێوەبردنی مەئموورییەتێکی حیزبی دا لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە شەڕێکی سەختو خوێناویدا لەگەڵ ٣ هاوسەنگەری بەئەمەگی دیکەی بە ناوەکانی عوسمان بێکەسو حەسەن رەحمانی و رەحمان ئاکوان گیانی شیرینیان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەی کە لە سیاسەتو بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان رەنگیان داوەتەوە بەخشی.

شەهید محەممەد شاریکەندی وەک هەموو شەهیدانی گەل مانای راستەقینەی ژیانی بۆ دەرخستینو فێری کردین لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕش دا لە بەخشینی گیانیش درێغی نەکەین لە دڵی گەورەی گەلو دەروونی پاکی نیشتمان دا جێگامان هەبێ، ئێستاش دەنگی دلێری شەهید محەممەد لە گوێی هاوسەنگەرانیو هەوالانیدا دەنگ دەداتەوە کە زۆرجار دەیگوت:

من شەهیدم بۆم مەکەن شین، چاوەکەم
داری ئازادی بەخوێن تێراو دەکەم
بۆ شەهید، مردن نیە، ژینەوە
سەبتی مێژووی جیهانە ناوەکەم

# شەهید محەممەد برایم ئۆف



شەهید محەممەد برایم‌ئۆف لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە گوندی حەمامیانی ناوچەی بۆکان چاوی بە دونیای پڕ لە ڕەنج و کوێرەوەری پشکووتو لە ئامێزی گەرمی دایکی زەحمەتکێشی لە نێو سروشتی جوانی کوردستانی خوشەویست دا گەورە بوو. ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ زەحمەتو کوێرەوەری‌و چەوسانەوە بوو، محەممەد بەهۆی هەژاری‌و دەستکورتی بنەماڵەکەی وەک زۆربەی منداڵانی گوندەکانی کوردستان لە خوێندن‌و چوون بۆ قوتابخانە بێبەش بوو، بۆیە بەناچار هەر لە منداڵی یەوە شانی دایە بەر کارو لە مووچەو مەزرادا خەریکی کاری سەختی وەرزێڕی بوو. لە تەمەنی ١٨ ساڵاندا بوو کە ژاندرمەکان بەربینگیان پێگرت کە دەبێ بچێتە سەربازی و بە زۆری، ڕەوانەی سەربازخانە کرا، باوکی بەتەنیا مایەوە ناچار بوو پتر خۆماندوو بکا تا بتوانێ هێزی کاری کوڕەکەی لە مووچەو مەزرا قەرەبوو بکاتەوە. برایم ئۆف لاوێک بوو ناحەقی لەکەس قبووڵ نەدەکرد لە بەرامبەر زۆرداران دا زۆر توندوتیژ بوو هەر بۆیە لە ماوەی دوو ساڵ خزمەتی ئیجباری دا چەند جاران لە سەربازخانە ڕای کرد. هەموو جارێ ژاندرمەکان زۆریان بۆ بنەماڵەو باوکی پیری دەهێنا، بە لەژێر فشارنانی باوکی، برایم ئۆفیان دەگرتەوەو ڕەوانەی سەربازخانەیان دەکردەوە. ئەو پاش تەواو بوونی خزمەتی ئیجباری بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەی لەگەڵ چەند هەواڵێکی دیکەی پەڕیوەی شارەکانی ئێران بوو. لە شارەکانی تاران‌و ڕەفسەنجان بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی کرێکاری بوو.

هەرچەند برایم ئۆف مەودای نەبوو، بەڵام چاووگوێی بە تەواوی کرابۆوە بەتایبەت بە مانەوەی لە شارەکانی دیکەی ئێران‌و سەربازی کردن هەستی بە چەوسانەوەو زوڵم‌و زۆرو جیاوازی کردبوو و هۆی هەموو ئەو کەم‌و کوڕیانەی لە حکوومەتی حەمە ڕەزا شا دا دەدی. هەربۆیە کاتێک دەگەڕایەوە گوندی حەمامیان هەموو ئەو جیاوازییانەی کە بەرچاوی کەوتبوو بۆ لاوەکانی ئاوایی دەگێڕایەوە. لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران‌و ژیانی پڕ لە خۆشی‌و کامەرانی ژمارەیەکی بەرچاوی دیکەی بۆ خەڵک باس دەکرد. بە زمانێکی ساکار، کەم‌و کوڕییەکانی دەست نیشان دەکرد. هەموو ئەوانەش بوونە هۆی ئەوە کە چالاکانە لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە شاری بۆکان دا بەشداری بکا. محەممەد برایم ئۆف پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌و دەست پێکردنەوەی ئاشکرای تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزراندنی ڕێکخراوی حیزبی لە شاری بۆکان بێ سێ‌و دوو لێکردن چووە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوەو بەرگی پڕ لەشانازی پێشمەرگایەتیی پۆشی. برایم ئۆف رۆڵەیەکی گورج‌و گۆڵ‌و هەڵسوڕو ئازا بوو. بە بەشداری کردنی چالاکانەی لە شەڕی ناوچەی هەوشار دا ئازایەتیی خۆی سەلماندو لە شەڕ لەگەڵ دوژمن چەند جار بریندار بوو. بەڵام هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادی‌و بەبێ ئەوەی تۆسقاڵێک لە وڕەی کەم ببێتەوە.

هەڵسووڕی‌و ئازایەتی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوەی کە بە سەر پەلی، پەلی"هێرۆ" لە لکی دوو دیاری بکرێ. هاوسەنگەرانو خەڵکی ناوچەکانی چۆمی مەجیدخان، ئاڵەشین، شاماتو شارویران برایم‌ئۆفیان وەک پێشمەرگەیەکی نموونەو قارەمان دەناسی. برایم ئۆف لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی بۆکان چالاکانە بەشداری هەبوو، لە تێکشکاندنی ستوونی ۸۰۱ی شیراز لە جادەی بۆکان ـ میاندواو لە ڕۆژی ۵ی ڕێبەندانی ۱۳۶۰ی هەتاوی ڕۆڵی سەرەکیی‌و بەرچاوی گێڕا، جیا لەوە لە هەموو کەمینەکانو شەڕە حەماسی‌یەکانی ناوچەی بۆکان دا قارەمانی مەیدان بوو، هەربۆیە هێزەکانی دوژمن زەندەقیان لێی چووبوو. بە بیستنی ناوی دڵە خورپەیان دەکەوتە دڵەوە. فیداکاری‌و قارەمانەتیی ئەو شێرە کوڕە بوو بەهۆی ئەوەی بە فەرماندەری لکی دووی هێزی بەیان دیاری بکرێ. بەهۆی ئەزموو فەرماندەریی بەڕێو جێی برایم ئۆف ئەنجامی عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانەو قارەمانانە، لکی دووی هێزی بەیان بە لکی قارەمانان ناوبانگی دەرکرد.


ڕۆژی ۱۳ی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی ستوونێکی گەورەی نیزامی ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری میاندواو ڕا پەلاماری پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لکی دووی هێزی شەهید پێشەوای لە ئاوایی‌یەکانی جەعفەرئاواو دێمەسوور لە ناوچەی شامات دا. لە شەڕێکی کەم وێنەدا کە ۱۱ کاتژمێری خایاند زیاتر لە ۱۲۰ کەس لە هێزی دوژمن کوژراو زیاتر لە ۱۵۰ کەس بریندار بوونو بەسەدان قەبزە چەکی جۆراوجۆر گیرا. لەو شەڕەدا قارەمانانی دێموکرات قارەمانەتیان بۆ نەتەوەکەیان خولقاند زەبرێکی کاریگەرو گورچو بڕیان لە پەیکەری کۆنەپەرەستان وەشاند. لە گەرمەی شەڕ دابوو کە گوللە تۆپێک کەوتە نێو سەنگەری ڕۆڵەکانی دێموکراتو پێنج پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوونو برایم ئۆفیش بریندار بوو. ئێستاش وتەکانی لە گوێم دا دەنگ دەداتەوە کە هاواری دەکردو دەیگوت: "کوڕانی دێموکرات بچنە پێش دوژمن گەمارۆ بدەن، ورە لە دەست مەدەن دەی بەقوربانتان بم تۆلە ئەستێنەرانی خوێنی شەهیدان، دەی بچنە پێش دوژمن زەبوونەو بێ‌ورەیە، من نامێنم ئێوە هەموو دەبنە برایم ئۆف."

لە کاتژمێر۴ی دوانیوەڕۆ لە ئاخرین ساتەکانی ژیانی پڕ لە شانازی‌و قارەمانیەتیی دابوو دەستی لەناو دەستم ناو گوتی: بە کوڕەکان بڵێ بمبوورن زۆرم ماندوو کردن ئەرکەکانم جێ‌بەجێ کرد. لە کۆتایی‌دا وتی: خواحافیزی لە خێزانەکەم بکەن تازە چاوم پێی ناکەوێتەوە.

پاش چەند چرکەیەک چاوەکانی لەسەر یەک داناو لەگەڵ پێنج هاوسەنگەری دیکەی کە لە شەڵاڵی خوێن دابوون بۆ هەمیشە ماڵئاوایی‌یان لە کوردستان کرد.

بەڕێز بێ یادو بیرەوەری شەهیدان محەممەد برایم ئۆف، محەممەد عیسالە، عەلی قەرەڵی، سماعیل عەزیزپوور، فەتاح خورشیدی‌و خالید هەمزە ئاغایی‌و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل.

# شەهید محەممەد پوورهیمەت



ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورت لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری مەهاباد چاوی بە دونیای روون هەڵێنا، لە دنیای روون دێوەزمەی نەداری چۆکی خستبووە سەر بنەماڵەی محەممەدو لە یەکەم رۆژەوە لەگەڵ نەداری رووبەڕوو بوو.

محەممەدی مێرمنداڵ بۆ ئەوەی بۆ داهاتووی کۆمەڵەکەی بەکەڵک بێ‌و مێشکی بە نووری زانست زاخاو بدرێ لە تەمەنی ٧ ساڵی‌دا رێگای قوتابخانەی گرتە بەرو دەستی لەگەڵ قەڵەم ئاشنا بوو. قۆناغی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی تەواو کردو پێی نایە قۆناغێکی نوێی خوێندن، بەڵام بەهۆی نەداری‌و دەست تەنگی تەنیا توانی تا دووەمی ناوەندی درێژە بە خوێندن بدا.

پاش ماوەیەک ژیان لەشاری مەهاباد، بنەماڵەکەی بارگەو بنەی بەرەو شاری بۆکان پێچاوە لەم شارەش دەستی بە کارکردن‌و رەنج کێشان کرد.


محەممەد لە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکان دژی رێژیمی پاشایەتی‌دا بەشداری کرد. بەدوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران‌و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات، محەممەد لەگەڵ رێبازو ویستەکانی حیزب ئاشنایەتیی پەیدا کرد. ئەو زۆری پێخۆش بوو کە لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات خۆی ببینێ، بەڵام بەهۆی تەمەنی کەم لە شاردا مایەوە. لەو ماوەیەدا بیرو باوەڕی کوردایەتی‌و حیزبایەتی زیاتر لەنێو دڵی محەممەد ریشەی داکوتا. سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٦٤ بە ئامانجی بەرزی کە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی لەریزی دێموکرات دا بوو گەیشت.

محەممەد پوورهیمەت لەماوەی پێشمەرگایەتی‌دا بە ئیمان‌و ئازاو نەترس، رووح سووکو لەبەر دڵان بوو. ئامادەی بەرێوەبردنی هەر جۆرە مەئمورییەتێکی حیزبی بوو کە پێی دەسپێردرا. لەماوەی پێشمەرگایەتی‌دا لە زۆر شەڕی ناوچەی بۆکان دا دژی هێزەکانی کۆنەپەرستی بەشداری کرد، بەجۆرێک کە شەڕەکانی حسێن ئاباد، دارەگردەلە، سەیداوەی جەمیان، شاهیدی بۆ فیداکاری محەممەد پێشمەرگەی دێموکرات دەدەن. لەو شەڕانەدا دەری خست تا گیان بەخت کردن ئامادەیە لەپێناو ئامانجەکانی گەلەکەی‌دا فیداکاری بکا.

سەد داخو مخابن شەڕی ناوخۆ رێگای نەدا کە چی دیکە درێژە بە خەبات بداو لە تەمەنی لاوی دا گوڵی تەمەنی هەڵپرووکاند.

لە رۆژی ٢٣ / ٦ / ١٣٦٥ لە بەرەنگاری‌یەک لەگەڵ چەکدارەکانی حیزبی کومونیستی ئێران، گیانی پاکی لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە کردە پردەبازی سەرکەوتن‌و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی شەهیدان ئەحمەد خزری و جەعفەر نوموسولمان‌و کەماڵ ئوستادئیبراهیمی بوو و خوێنی سووریان کردە چرای رووناکی‌دەری رێگای خەبات.

## شەهید محەممەد دەستگیر





محەممەد دەستگیر لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە ئاوایی قوولەر لە ناوچەی بۆکان لە دایک بوو. تەمەنی منداڵی ئەویش وەک زۆربەی منداڵانی دیکەی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە بێبەشیو مەحروومیەت دەستی پێکرد. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراوە. بەڵام هەر زوو وازی لە خوێندن هێناوەو شان بەشانی باوکی لە مووچەو مەزرا کارو کاسبی دەکرد. محەممەد زۆربەی تەمەنی خۆی لە رەنجو کوێرەوەریدا تێپەڕ کردوە. لە تەمەنی لاویدا رەوانەی سەربازخانەکان کرا تا خزمەتی ئیجباری بکا. پاش دوو ساڵان سەربازی گەرایەوە لای بنەماڵەکەیو دەستی کردەوە بەکارو کاسبی. لەو سەروبەندەدا بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد. محەممەد کە بە چاوی خۆی زوڵمو ستەمی رێژیمی شای دیبوو بەشداریی لە خۆپیشاندانەکان دا کرد. پاش رووخانی رێژیمی شاو هاتنە سەر کاری رێژیمی ئاخوندیو زەوت کردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە لایەن ئاخوندەکانەوە، ئازادیەکان خرانە ژێر پێو رێژیم هێرشی هێنایە سەر کوردستان، محەممەد ساڵی ٥٩ هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندیو دیفاع لە مافو ئازادیەکانی گەلی کورد.

هاورێ محەممەد دەستگیر هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزبو گەلەکەی تەرخان کردو لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دا بەشداری چالاکانەی کرد. لە شەڕە حەماسیەکانی ناوچەی بۆکان، وەک گرتنی پایگای قۆچاغ، شاریکەند، شەڕی نێو شاری بۆکانو جادەی بۆکان- مەهابد ئازایەتی بێوێنەی لەخۆی نیشان دا. لاوێکی بە نەزمو خاوەن خوورەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو.

بە داخەوە زۆر نەژیا تا خزمەتی زیاتر بە حیزبو نیشتمانەکەی بکا. رۆژی ٢٥ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی دوژمن هێرشی کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی"پیرمحەممەد"ی بۆکان کە لەگەڵ بەربەرکانێی رۆڵەکانی گەل رووبەڕوو بۆوە و تەلەفاتێکی زۆری وێ کەوت. بەڵام لەو شەڕەدا کە لە گوندی "قەرەکەند" رووی دا، بەداخەوە هاورێ محەممەد دەستگیر کەوتە بەر گوللەی دوژمنانی ئازادیو گیانی پاکی بەختی ئامانجەکانی حیزبو گەل کردو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوو.


## شەهید محەممەد ڕەحیمی



محەممەد ڕەحیمی ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە ئاوایی "حاجیابادی جەغەتوو" ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا چاوی بە دونیا هەڵێنا. هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ گیروگرفتی هەمەجۆردەستەویەخە بوو. نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو دەرس بخوێنێ. هەربۆیە نەخوێندەوار مایەوە. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە دەستی بە کارو کاسبی کردو مانای زەحمەتو کوێرەوەری فێر بوو. بۆیە خاوەنی رووحێکی خەباتگێڕانە بوو. هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر گەلەکەی دەکرد. دوای رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی، هیچ کام لە مافەکانی گەلی کورد نەهاتە دیو ڕێژیمی ئیسلامی کەوتە پێشێل کردنی دەسکەوتەکانی شۆرشو هێرشو پەلاماری بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد، محەممەد هاتە نێو مەسەلە سیاسیەکانو پاش دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت. دواتر پاش توندوتیژیو پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر خەڵک محەممەد ساڵی ١٣٦٣ دەستی دایە چەکی دیفاع لە مافی گەلەکەیو لە هێزی بەیان دا سازمان درا.

هاوڕێ محەممەد ڕەحیمی کە بە محەممەد حاجی ئابادی دەناسرا، پێشمەرگەیەکی ئازاو گیان لەسەر دەست بوو. ئیمانێکی قووڵی بە حیزبو سیاسەتو ڕێبازەکەی هەبوو. پێش بوونی بە پێشمەرگە ماوەیەکیش لەسەر بیروباوەڕی سیاسی خۆیدا، زیندانی کرابوو. هەربۆیە جێگای ڕێزو خۆشەویستی هاوڕێیانی بوو. هاوڕێ محەممەد حاجی ئابادی لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو کات دا رۆڵێکی ئازایانەو قارەمانانەی دەگیڕاو هەمیشە جێگای هیواو هومێد بوو. ورەیەکی بەرزی هەبوو، بەڵام بەداخەوە زۆر نەژیاو نەیتوانی زۆرتر خزمەتی حیزبو گەل بکا. رۆژی ١٣ی رەزبەری ١٣٦٥ی هەتاوی لە کاتێک دا لەگەڵ دەستەیەک لە هاوسەنگەرانی دیکەی، لە باخێکی نزیک ئاوایی حاجی ئاباد مابوونەوە، لەلایەن هێزە سەرکەتکەرەکانی ڕێژیمەوە هێرشیان کرایە سەرو پاش بەربەرەکانی یەکی زۆر قارەمانانە بەداخەوە کاک محەممەد لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ئیسماعیل خورشیدی، سلێمان ئارامش ، سەدیق ئەحمەدی ، قاسم فەیزی ، ڕەحمان مامەش ، هەمزە ئیفتخاری، مەحموود چوپانزادە شەهید بوونو چوونە نێو کاروانی شەهیدانی سەربەرزی حیزبو گەل. یادیان بەخێرو ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ.

## شەهید محەممەد شامحەممەدی




محەممەد شامحەممەدی لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی، لە شاری بۆکانو لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا لە دایک بوو. کاتێک تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان ڕەوانەی قوتابخانەی شاپووری بۆکان کراو دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کرد. محەممەد قوتابییەکی ڕەوشت بەرز بوو، هاوپۆلییەکانیو مامۆستاکانی زۆری لێ ڕازی بوونو خۆشیان دەویست. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەرسی خوێند، دواتر بە هۆی هەژاریو نەداریو دەست کورتیی بنەماڵەکەی دەستی لە خوێندن هەڵگرت. پاش سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر حکوومەتی شاهەنشاهیو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا هێرشی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر کوردستانو بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو دەست پێکردنەوەی خەباتو بەربەرەکانی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆبوونەوەی لاوانی کوردستان لە ریزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان دا، محەممەد شامحەممەدیش ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی خۆی گەیاندە پێشمەرگەکانی حیزب. بەڵام چونکە تەمەنی کەم بوو نێردرایەوەو پاش دوو ساڵان بۆ دواجار لە شار هاتە دەرو خۆی گەیاندەوە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەو پاش ماوەیەک ڕەوانەی یەکیەتی لاوانی دێموکرات کرا. ئەو لە یەکیەتی لاوان دا دەستی بە خوێندنەوەی نووسراوەو ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە کردو لە زۆر بارەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتو توانی زۆر زوو جێگای خۆی بکاتەوەو تواناییو شایستەیی خەباتگێڕانەی خۆی نیشان بداو دوای ماوەیەکی کورت ڕەوانەی هێزی بەیان کراو لەو هێزەدا سازمان درا.

محەممەد لاوێکی هێدیو هێمنو لەسەرەخۆ بوو، هەر لەو کاتەشدا پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانو خاوەنی ئیمانێکی شۆڕشگێڕانە بوو. لە زۆربەی شەڕەکان دا بەشداری دەکرد. ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو ئاربابaو هێزی ٢ی ڕێبەندان بە مەبەستی پشوودانو حەسانەوە لە پشتی ئاوایی یەکانی قوڵقوڵەو پیرۆمەران لە ناوچەی سەرشیوی سەقز جێگیر بوون. ڕۆژی دواتر هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم ئاخوندی هێرشێکی بەربڵاویان کردە بەرزایییەکانی گردەکۆو بنەخوێو کونەقەل. دیارە پێشمەرگەکانی گەل پێشتر لەو بەرزایی یانە جێگیر ببوون هەربۆیە لەگەڵ تاریکو روونی بەیانی شەڕێکی قوورس لە نێوان قارەمانەکانی حیزبو دوژمنانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد دا دەستی پێکرد. بەمجۆرە شەڕ ١٤ کاتژمێر درێژەی کێشاو زیاتر لە ٧٠ کەس لە هێزە کۆنەپەرەستەکانی ڕێژیم کوژرانو بریندار بوونو ١٤ کەسیشیان بەدیل گیرانو ژمارەیەکیش چەکو تەقەمەنی کەوتە دەستی پێشمەرگەکان. بەڵام بەداخەوە لەو شەڕە نابەرانبەرەدا سینگی ٣ ڕۆڵەی بەوەفای حیزب کەوتە بەر دەسترێژی دوژمنانی ئازادی کە بریتی بوون لە هاوڕێیان: محەممەد شامحەممەدیو قادری قادرڕاد لە هێزی بەیانو برایم فەزڵی لە هێزی ٢ی ڕێبەندان. بەمجۆرە هاوڕێ محەممەد شامحەممەدی چووە نێو کاروانی پڕ لە سەروەری شەهیدانی حیزبو گەلو بە خوێنی خۆی ئەوەندەی دیکەشی هەقانییەتی خەباتو تێکۆشانی گەلەکەمانی تۆمار کردو شانازیو سەربەرزیشی بۆ خۆیو بنەماڵەکەی بۆ هەتا هەتایە وەدەست

هێنا. ئەوەتا ئەوڕۆ ڕێگای محەممەد بیروباوەڕی محەممەد، حیزبی محەممەد، تادێ زیاتر گەشە دەکاتو تادێ زیاتر گەل بەرەو دوورگەی سەرکەوتن دەبات. لە یادو بیرەوەری شەهید محەممەد شامحەممەدی دا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەوو کڕنۆش بۆ گیانی دوو هاوسەنگەری شەهیدەکەی ئیبراهیم فەزڵیو قادری قادرڕاد دەبەین.

## شەهید محەممەد عەلیزادە



محەممەد لەساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە ئاوایی "سەقزلوو"ی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆکان لە دایک بوو، ژیانی تێکەڵاو بووە لەگەڵ نەداریەکی بەرچاو. سەرەرای ئەو نەداریەش لە تەمەنی ٧ ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کراوە. لە بەرەبەری راپەرینی ساڵی ١٣٥٧ بنەماڵەکەیان رووی لە شاری بۆکان کردوە تا بەڵکوو لە شار خەرجی ژیان ئاسانتر دابین بکەن. لە شار هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە تەنانەت محەممەدیش لە هەوڵی ئەوە دابوون کە دەستیان لە کارێک گیر بکەنو بژێوی بۆ ماڵەوە بەدەست بێنن.

ئەو شێوە بەرێ چوونە بوو بەهۆی ئەوە کە محەممەد نەتوانێ دەرگای قوتابخانە زۆر بکاتەوە، بۆیە توانی تا ٥ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. هەر کاتێک بێکار بایە لەلای یەکێک لە خۆشنووسانی شاری بۆکان فێری خۆشنووسی دەبوو. لەماوەیەکی کورت دا لە خەتیووردو درشتو شکستەدا سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست هێنا.

لەساڵی ١٣٦٣ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو لە لکی چواری هێزی شەهید پێشەوادا سازمان درا. هەر لەو ساڵەدا رەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراو پاش تێپەڕکردنی سەرکەوتووانەی دەورە گەڕاوە هێزی بەیانو لە لکی یەک سازمان درا. محەممەد لە هێزی بەیانیش جێگای خۆی کردەوە. پێشمەرگەیەکی دڵپاکو قسەخۆشو نوکتەزان بوو. کۆڕی هاوڕێیانی هەمیشە رازاوە رادەگرت. ساڵی ١٣٦٥ لەلایەن کومیتە شارستانی بۆکان رەوانەی دەورەی رێزمانی کوردی کراو بەسەرکەوتنەوە ئەم قۆناغەشی بڕیوو پاشان هاوڕێیانی پێشمەرگەی نەخوێندەواری فێری خوێندنو نووسینی کوردی دەکرد. لەراستیدا گەورەترین خزمەتی کردو جگە لەوە ئەو بۆ بردنە سەری زانیاری خۆی لە هەموو بوارەکان کەڵکی وەردەگرت.

محەممەد بەهۆی نەترسیو ئازایەتی ساڵی ٦٧ وەک جێگرپەل دیاری کرا. هەست کردن بە بەرپرسایەتی لە ئاستی ئەرکەکانی حیزبو بزووتنەوە بەتایبەت لەکاتی شەهیدبوونی رێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو شێلگیرانە لەسەر رێبازی حیزبو دڵدانەوەی هاوسەنگەرانی تێدەکۆشا.

لەساڵی ٦٨ دەورەی فیلم هەڵگرتنی دیتو لەساڵی ٦٩ وەک هاوکاری کادرو سەرپەل دیاری کرا. ساڵی ٧٠ بۆ دیتنی دەورەی کادری لە فێرگەی سیاسی - نیزامی هەروەک چاوەڕوان دەکرا بەسەرکەوتوویی تەواوی کرد. لەساڵی ٧١ وەک جێگری لک دیاری کرا. هەر ئەو ساڵە دەورەی فەرماندەریو مودیرییەتی بینی. لەساڵی ١٣٧٢ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

محەممەد لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکانو چەندین عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ۲ی ڕێبەندان، ئاربەباو پێشەوادا بەشداری چالاکانەی هەبوو. شەڕی وەنەوشە، سەرتوون، بەردەهەڵۆ، گرتنی توپخانەی حسین ئابادو مۆڵگەی باغڵوجەو نۆبارو سەرجادەی بانە سەقز، بۆکان میاندواو و مهاباد - بۆکانو چەندین شەڕی گەورەو چووکی دیکەدا مۆری فیداکاریو حماسەی نواندوە. لەماوەی پێشمەرگایەتیدا دووجار بریندار بوو کە هیچ کات شوێنی لەسەر ورەی دانەدەنا.

زۆر بەداخەوە محەممەد عەلیزادە زۆر نەژیا تا زیاتر خزمەت بە حیزبو گەلەکەی بکا. لەشەوی ۲۵ / ۴ / ۱۳۷۲ لەکاتی پەرینەوە لە جادەی بانە – مەریوان لە نزیک گوندی "سیفەتاڵە"ی سەقز کەوتنە کەمینی دوژمن، لەیەکەم دەستڕێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی سینگی لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی ئەبوبەکر مەعرووفی ناسراو بە ئەبوبەکرکانیدرێژی بوو بە قەڵغانی گوللەی خۆفرۆشانو خوێنی گەشیان لەگەڵ خاکی نیشتمان ئاوێتە کراو دەستەملانی دایکی وەتەون بوون.

ئاخرین بیرەوەریم لەگەڵ محەممەد دە دەقیقە پێش شەهیدبوونی بوو کە چاوەڕوان بووین پێشڕەوەکان لەسەر جادە وڵام بدەنەوەو بڕۆین. گوتم: محەممەد.... بۆ وا بێدەنگی هەستە بزانە چ خەبەرە؟ هیچ وڵامێکی نەبوو تەنیا گوتی بیر لەوە دەکەمەوە کەوا هەست پێدەکەم دوا ساتەکانی ژیانمە. گوتم: هیچ نیە بیر لەو شتانە هەر مەکەوە. شۆڕبووینەوە بۆ سەرجادە. پێشڕەوەکان جادەیان گرتبوو، هەموو پێشمەرگەکان لە جادە پەرینەوەو تەنانەت ۱۰۰میتر لە جادە تێپەڕین کە محەممەد گوتی: چووکەڵی دڵم زۆر توند لێدەدا راوەستە سیگارێک دەکێشین. ئێستا وڵامم نەداوە کە دەستڕێژیان لێکردینو محەممەد عەلیزادە بەسەر شانی من دا کەوت، تەنیا بەیەک گوللەی خائینان دڵی لەکار کەوتو هیچ شتێکی دیکەم لێنەبیست. بەمجۆرە دوا گوڵی بەهاری لە تەمەنی هەڵپرووکا.

## شەهید محەممەد عیسالە

### ناسراو بە (محەممەد قوولەری)



شەهید محەممەد قوولەری ساڵی ۱۳۴۳ی هەتاوی لە گوندی "قوولەر" لە ناوچەی ئاڵەشینیبۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژارو بێدەرەتان، لە داوێنی دایکێکی ساکاری لادێی چاوە گەشەکانی بە دونیای روون هەڵێنا. هەرچەند مۆتەکەی نەداریو دەست کورتی بەرۆکی بە بنەماڵەی محەممەد گرت. بەم حاڵەش محەممەد لە تەمەنی ۷ساڵی رەوانەی قوتابخانە کراو لە قوتابخانەش کورێکی زیرەکو وریا بوو، دەرسەکانی بەجوانی دەخوێند. ئەوە ببووە هۆی خۆشەویستی محەممەد لەنێو هاوکلاسەکانی دا. محەممەد تا دووهەمی ناوەندی دەرسی خوێندو پاشان بەهۆی نەداری نەیتوانی لەشاری بۆکان درێژە بە خوێندن بدا، هەربۆیە بۆ باشترکردنی ژیانی بنەماڵەکەی دەستی دایە کارو کاسبیو وێڕای باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ پەیدا کردنی بژێوی ماڵەوە لەبەر سوورەتاو ئارەقەی دەڕشت. ژیانو گوزەرانی تا سەردەمی رووخانی پاشایەتی بەم شێوەیە درێژەی هەبوو. لە

خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ وەک لاوانی دیکە بەشداری کرد. دوایی هاتە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندی، محەممەد زیاتر هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی کردبوو. بە قووڵبوونەوەو بەرین بوونەوەی هەرچی زیاتری زوڵمو زۆرو جینایەتەکانی لەشکریانی ڕێژیمی ئاخوندی لە کوردستان محەممەد چیدیکە نەیتوانی تەحەمول بکاو ساڵی ١٣٥٩ پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو وەک لایەنگری حیزب کاری دەکرد. بەداگیرکردنی شاری بۆکان لەلایەن ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامییەوە محەممەد لەساڵی ١٣٦٠دا ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتی بە یەکجاری هەڵبژاردو بەرگی پێشمەرگایەتی لەبەر کرد.

محەممەد قوولەری هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە کەوتە بەر دڵانو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئیمانی قووڵی بە ڕێبازەکەی هەبوو لاوێکی ڕەفتار بەرزو خاوەن خووڕەوشتی شۆڕشگێرانە بوو. هەربۆیە توانی زوو ببێتە خۆشەویستی پێشمەرگەکانو بە محەممەد قوولەری ناوبانگی دەرکرد.

محەممەد قوولەری هەمیشە هەوڵی دەدا پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێ. لە پاییزی ساڵی ٦٢ لەگەڵ شەهید سمایل خورشیدی ڕەوانەی دەورەی مودیرییەت لە ئالانی سەردەشت کراو ئەو دەورەیەی بە سەرکەوتوویی تەواو کردو بۆ درێژەدانی خزمەت بە حیزبو گەلەکەی گەڕاوە هێزی بەیان.

ڕۆژی ٦٢/١٢/١٣ پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لکی دووی هێزی پێشەوا لە گەڕانێکی سیاسی – نیزامیدا لە ناوچەی شامات لە ئاواییەکانی تالاو، دێمەسوور، جەعفەرئاواوە پشوویان دەدا کە ڕێژیمی ئاخوندی سەعات ٩ی بەیانی لە شاری میاندواوە هێرشی کردنە سەرو شەڕێکی خوێناویو نابەرابەر دەستی پێکرد، لە شەڕێکی ١١ سەعاتەدا زیاتر لە ١٥٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژرانو دەیان ماشین گیرانو دەیان چەکیش گیران. لەو شەڕەدابوو محەممەد قوولەری سینگی بە گوللەی دوژمن کون کراو دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوتو خوێنی تێکەڵ بە خوێنی پێنج قارەمانی دیکەی حیزب، بە ناوەکانی محەممەد برایم ئوف، عەلی قەرەڵی، فەتاح خورشیدی، خالید خزرئاقاییو سمایل عزیزپوور بوو و سەری خۆیان کردە پردەبازی سەرکەوتن.

## شەهیدان: محەممەدو حوسێن قادری



### شەهید محەممەد قادری:

لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە باوەشی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا لە گوندی "عیلم ئاباد"ی ناوچەی بۆکان لە دایک بووە. سەردەمی منداڵی محەممەد وەک زۆربەی منداڵانی کوردستان بە بێبەشیو هەژاری ژیانی تێپەڕ بوو. تەمەنی نۆ ساڵ بوو کە دایکی خۆشەویستی کۆچی کردو بەمجۆرە محەممەدو براکەی دیکەی واتە حوسێن ئەوەندی دیکەش کەوتنە ژێر پاڵەپەستۆی تەنگو چەڵەمەکانی نالەباری ژیانی. سەرەنجام باوکیان بە مەبەستی دۆزینەوەی کارو سەرچاوەی بژێوی ڕووی کردە شاری مەهابادو سەرەرای ئەوەی زۆر هەژارو دەست تەنگ بوو، ئەوانی ڕەوانەی قوتابخانە

کرد. بەڵام دوای تەواو کردنی پۆلی (٥)ی سەرەتایی وازیان لە خوێندن هێنا، چونکە هەژاریو نەداریو بێ جێو ڕێیی، باوکی محەممەدی ناچار کرد شار بەجێ بێڵێو روو بکەنە ئاوایی "عیلم ئاباد" لە ناوچەی بۆکانو لەوێ درێژە بە ژیانی پڕ لە ڕەنجو کوێرەوەری بەڵام شەرافەتمەندانە بدەن.

لەو سەروبەندەدا بوو کە راپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی حکوومەتی گەندەڵی پاشایەتی دەستی پێکرد. حکوومەتی شا تێک رووخاو فەزایەکی سیاسیو شۆڕشگێڕانە سەرتاسەری ئێرانی داگرتو تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات دەستی پێکرد. محەممەد کە رزگاری خۆیو بنەماڵەکەیو گەلەکەی لەو ڕێگایەدا پەیدا کرد بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلی کوردی دەست نیشان کردبوو، ریزەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو بووە پێشمەرگەو لە هێزی بەیان دا سازمان دراو دەستی کرد بە خەباتو تێکۆشان. ئەو بەراستی پێشمەرگەیەکی بوێرو ئازاو قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسوورو کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو. لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو کاتی ناوچەی بۆکان دا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو. سەرەنجام لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ٢٩ / ٥ / ١٣٦١ی هەتاویدا لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی تاهیر ئەمینی لە نێوان ئاوایی بوغدەکەندیو باغلووجە لە ناوچەی بۆکان سینگی پڕ لە عەشقو ئەوینیان کەوتە بەر دەستڕێژی دوژمنانی ئازادی گەلی کوردو شەهید بوون. وەسیەتی شەهید محەممەد ئەوە بوو کە هەر کاتێ شەهید بوو حوسێنی برای چەکەکەی لە شان کاتەوەو ببێتە پێشمەرگە. بۆیە حوسێنیش وەسیەتی ئەوی بەجێ گەیاندو ڕێگای خەباتو تێکۆشانی بەکردەوە گرتە پێشو بوو بە پێشمەرگە.

## حوسێن قادری:


ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە دایک بووە، ئەو (٥) ساڵان بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد. هەلومەرجی ژیانی حوسێن هەر ئەو ژیانە بوو کە محەممەدی برای تێیدا ژیا. بەڵام لەبەر ئەوەی حوسێن منداڵتر بوو مردنی دایکی زەبرێکی قورسو روحیو رەوانی زیاتر بوو بۆ ناوبراو. کاتێک محەممەدی برای پێشمەرگە بوو حوسێن بە شوانی تێدەکۆشا تا داهاتێک پەیدا بکاو خەرجی خۆیو باوکی دابین بکاو جارجار یارمەتی محەممەدی براشی بدا.

حوسێن قادری کە بە "حوسێن خەبات" ناسرابوو دوای ئەوەی هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان، لە لکی ٣ سازمان درا. حوسێن هەروەک شەهید محەممەد ڕۆڵەیەکی نەترسو فیداکارو گیانباز بوو. هەمیشە لە سەنگەری رووبەڕووبوونەوە و بەرگری دابوو. لە شەڕەکان دا بە ورەو ئیمانێکی پۆڵاینەوە پەلاماری هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی دەدا، لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان داو لە شەڕەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دا بەشداری چالاکانەی هەبوو. ڕۆڵی هاوڕێ حوسێن لە شەڕەکانی لەگز، جادەی بۆکان ـ میاندواو، ئەربەنووس، نۆبار، شەڕی نێو شاری بۆکانو شەڕی شامات دا زۆر بەرچاو بوو، ئەو لاوێکی بەنەزمو دیسیپلین بوو. سەرەنجام لە ١٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی دا لە شەڕێکی قارەمانانەو بێوێنەدا لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد لەگەڵ بیستو چوار هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: چرچەبارامیرزا، تاهیرخزری، ، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپور، شێخ ساڵە، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسمان دەروێشی، ئەمیر رەزایی، عەوڵا شەریفی، خالید سەرایی، مستەفا محەممەدی، حوسین وەحدەت، محەمەدسالح فەەرجی، سولێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفیو هەروەها پێنج شۆڕەلاوی یەکیەتیی لاوان بە ناوەکانی: برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون.

یادی دوو برای شەهید بەڕێز بێ.

# شەهید محمدامین مستەفاپوور

## ناسراو بە (مینە بێسیم



مینە بێسیم لەساڵی ۱۳۴۴ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژارو نەدار لەنێو خانووە بەردینو قوڕاوییەکانی گوندی "ئینچکە"ی سەر بە ناوچەی تورجان لەدایک بوو. باوکی ئارەزووی خوێندەواری مینە بوو بۆ ئەوەی ببێتە گۆچانی دەستیو باری قورسی سووک بکا. بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەی وەدی نەهاتو مینە بە نەخوێندەواری مایەوە. مینە هەرکە گەورە بوو دەستی دایە کارو کاسبیو وەرزێریو بۆ کرێکاری رووی لە گوندی تورجان کرد. پاشان رووی لەشاری تاران کردو تا دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکانی ئێران دژی رێژیمی شا لە تاران مایەوە. دواتر گەڕایەوە گوندەکەی خۆیانو لەوێ دەستی بە کرێکاری کردەوە.


بەسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران عەلاقەیەکی تایبەتی بە کوردایەتی لە لای دروست بوو، هەربۆیە ساڵی ۵۹ پێوەندی بە یەکیەتیی لاوانەوە گرتو لە هەستەی نهێنیدا سازمان درا.

مینە لەساڵی ۱۳۶۰ هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو دەستی بە تێکۆشان کرد. لەماوەیەکی کورت دا بە کردەوە نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕو بەبیروباوەڕە. ئەو تایبەتمەندیانە بوون بەهۆی ئەوە لەنێو هاوسەنگەرانی جێگای خۆی بکاتەوە. هێرشی رێژیم بۆسەر گوندی "عەزیزکەند" دەرفەتێکی لەبار بوو کە لە مەیدانی شەڕدا ئازایەتی لەخۆی نیشان بدا. لەو شەڕەدا بێسیمێکی بەدەستکەوت گرت. هەربۆیە لەنێو هاوڕێیانیدا بە "مینە بێسیم" ناوبانگی دەرکرد. مینە بێسیم وێردی سەر زمانی خەڵکیش بوو. دەستو تفەنگ، رەختو تفەنگ، لیباسی پێشمەرگایەتی هەر لە مینە جوان بوو. مینە بێسیم لە زۆربەی مەئمووریەتەکانی حیزب دا بەشدار بوو. لە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانەدا بەشداری کرد، وەک شەڕی نێوشاری بۆکان، شەڕی حاجی کیمیو مێرگەنەخشینەو گرتنی مۆڵگەی مەلالەرو ترکاشە فیداکاری لەخۆی نیشان دا. لە رۆژی ۲ / ۱ / ۶۵ دەرو دەشتو قەدپاڵی شاخەکان بەرگی پیرۆزیان لەبەر کردبوو. شنە بای بەهاری گیانو لەشی مرۆڤو هەموو گیانلەبەرێکی دەبووژاندەوە مزگێنی بەهارێکی پڕ پیتو بەرەکەتی دەدا.

سەعاتی ۱۰ی بەیانی لەپڕ شریخەی تفەنگو تۆپو خومپارەی دوژمنو بۆنی بارووتو دووکەڵ سروشتی جوانی ئەم ناوچەیە لەخۆیدا نوقوم کرد. رێژیم هێرشی بۆسەر گوندی "ساردە کوێستان" لەگەورکی مەهاباد هێنابوو. تێکڕای پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو پێشەوا لێیان وەدەست هاتنو لەشەڕێکی نابەرانبەردا لەگەڵ لەشکری رێژیمی ئیسلامی دەستی پێکرد کە هەتا سەعاتی ۳.۵ی دوانیوەڕۆ درێژەی کێشا. سێجار هێرشی دوژمن تێک شکاو ۳۰ کەس لە هێزی رێژیم کوژراو بریندار بوو. لەو شەڕەدا بوو کە مینە بێسیم لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی بازید نەبەردی، ناسر مرانە، سمایل ئەحمەدزادە شەهید بوونو خوێنیان رژایە سەر خاکی کوردستانو بوو بە گوڵاڵە سوورەی قەد شاخەکانی گوندی ساردە کوێستانو لە دووهەمین رۆژی جێژنی نەورۆز خەمو ماتەمین بەسەر خەڵکی ئەم دوو ناوچەیەدا باری.

## شەهید مەحموود چووپانزادە

ناسراو بە (مەحموود قۆچاغی)



مەحموود چووپانزادە لە ساڵی ۱۳۴۳ی هەتاوی لە گوندی قۆچاغ لە ناوچەی فەرهاد تاشی بۆکان لە بنەماڵەیەکی نەدارو دەست کورت چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە تەمەنی ۷ ساڵان دا ڕەوانەی قوتابخانەی گوندەکەیان کرا. مەحموود ئۆگریو عەلاقەیەکی زۆری بە خوێندن هەبوو هەموو ساڵێ پلەکانی خوێندنی بە سەرکەوتنەوە دەبڕیو بەرەو پۆلی سەرەوەتر هەنگاوی دەنا. لە کاتی پشووی هاوینەش دا شان بەشانی باوکی زەحمەتکێشی لە مووچەو مەزرادا کاری دەکردو عارەقەی دەڕشت تا بەم شێوەیە بتوانێ زیاتر پێداویستیەکانی ژیانی بنەماڵەکەی دابین بکا. تا پۆلی ۵ی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆیان دەرسی خوێندو بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە شاری بۆکان کرد، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەداریو دەست کورتی بنەماڵەکەی تەنیا توانی تا پۆلی دووهەمی ناوەندی درێژە بە خوێندن بدا. بەناچار دەستی لە خوێندن کێشایەوەو ڕووی کردە کرێکاری.

ساڵی ۱۳۶۵ی هەتاوی بە نهێنی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتو لە یەکێک لە هەستەکانی نێوشار دا سازمان درا. پاش چەند مانگێک کار کردن لە نێو شاردا لە لایەن دەستو پێوەندیەکانی ڕێژیمەوە ناسرا. بۆیە لەدەرفەتێکدا شاری بەجێهێشتو بەکردەوە هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب و لە هێزی بەیان.

مەحموود چوپانزادە هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای هاتنیدا بۆ نێو ڕیزی پێشمەگەکان نیشانی دا، کوڕێکی بە نەزمو دیسیپلینە. ئەو بە خوو ڕەوشتی جوانی زۆر زوو جێگای لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە، بەڵام بەداخەوە مەحموود دەرەتانی ئەوەی نەبوو زۆر بژیو زۆرتر خزمەت بە گەلە هەژارەکەی بکا. ڕۆژی ۱۳ی ڕەزبەری ساڵی ۱۳۶۵ی هەتاوی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان پاش چەند ڕۆژ گەڕانی سیاسی ـ نیزامی لە ناوچەکانی "ئاڵەشین"و "ئەحمەدی کۆر" لە حاڵێک دا بۆ حەسانەوە چوونە نێو باخێک لە گوندی "حاجی ئاباد" هەڵکەوتوو لە قەراغ جادەی بۆکان – میاندواو مابوونەوە، لەلایەن سیخوڕێکەوە شوێنی مانەوەیان بۆ هێزەکانی دوژمن ئاشکرا دەکریو لە کاتژمێر ۱۲/۵ی نیوەڕۆدا لە نەکاو هەموو پێشمەرگەکان کەوتنە بەر ئاگری توندی هێزەکانی دوژمن، سەدان داخو مخابن مەحموود لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی قارەمانی حیزبەکەمان دەکەونە بەر دەستڕێژی دوژمنو شەهید دەبن.

ئەو حەوت شەهیدەکەی دیکە بریتی بوون لە شەهیدان: سماعیل خورشیدی، سەدیق ئەحمەدی ناسراو بە "سەرهەنگ"، سولەیمان ئارامیش ، محەممەد حاجی ئابادی، قاسم فەیزی، ڕەحمان چواردیواریو هەمزە ئیفتیخاری.

# شەهید مەحموود سوڵتانی



ساڵی ١٣٣٧ لە بنەماڵەیەکی کاسبکار لەشاری رازاوەی بۆکان لەدایک بووە. لەتەمەنی شەش ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کراوەو تا پۆلی ئەوەڵی نەزەری خوێندوە. لەبەرنەداری بەناچاری دەستی لەخوێندن هەڵگرتوەو رووی لەکارو کاسبی کردوە. لەتەمەنی نۆزدە ساڵی رەوانەی سەربازی کراوە. پاش دیتنی دەورە لە چالوس وەک دەرەجەداری ژاندارمەری مایەوە. بەهۆی ئەوەی حەزی لەخوێندن دەکرد شەوانە دەرسی دەخوێندو بەمجۆرە دیپلۆمی وەرگرت.

مەحموود سێ ساڵ لە پادگانی عجب شێرو سەقز سەربازی پێکراوە. پاش ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە تێکۆشان کردو رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو پەلاماری بۆسەر کوردستان دەست پێکرد، هەستی نیشتمانپەروەی‌و کوردایەتی بیرو مێشکی داگرت، بۆیە بریاریدا وەک کوڕە کوردێکی دڵسۆز بەپێی پسپۆڕی خۆی خزمەتی بزووتنەوەی نەتەوەکەی بکا. دژی گەلی‌یەکان هەستیان بە هەستی خاوێنی مەحموود کردو لەلایەن رێژیمەوە گیراو رەوانەی پادگانی بانە کراو حوکمی ئێعدامی درایە. بەڵام پێش بەرێوەچوونی حوکمەکە ئازایانە لە زیندان رای کرد. لە گوندی قوڵقوڵە خۆی گەیاندە پێشمەرگەی هێزی بەیان‌و پەیمانی کوردایەتی بەست کە تا سەرکەوتن یا مردن هاوسەنگەریان بێ. مەحموود سوڵتانی لە ئەزموونەکانی خۆی بۆ پێشمەرگە دەدواو ئەوەی لەباری نیزامیی‌یەوە دەیزانی بەدەرس دەیگوتەوەو لەم بارەوە رۆڵی بەرچاوی هەبوو.

لەشەڕی سێ مانگەدا بەتایبەتی لە رزگارکردنی شاری بۆکان لەچنگ لەشکری خومەینی دا قارەمانەتی لەخۆی نیشان دا. مەحموود لەمەیدانی شەڕدا ئازاو نەترس بوو، لەزۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سەقزو سەردەشتو هەوشار لە شەڕی رێگای بۆکان – سەقزو بۆکان – میاندواو و ناوچەی ئاڵەشین‌و فەرهادتاش‌و سەراو رەحیم خان‌و نێوشاری بۆکان‌و تەفروتونا کردنی گوردانی ٨٠١ی شیرازدا بەشداری چالاکانەی هەبوو. هەربۆیە هەمیشە لە بیری خەڵکی کوردستان دا زیندوویەو هەموو لا شاهیدی بۆ فیداکاری دەدەن. هەر لەبەر ئەم قارەمانەتیە لەهێزی بەیان دا مەسئوولییەتی پەلێکی پێئەسپێردرا. مەحموود لەماوەی سەرپەلی پەلی هەڵمەت دا دەیان عەمەلیاتی بەرێوە برد.

رۆژی ٢٥ / ١ / ٦١ لە حاڵێک دا شاخ‌و دەشتی بە پیتو بەرەکەتی ناوچەی بۆکان کراسی کەسکی پۆشیبوو. شنەبای بەهار دڵانی شاد دەکرد. گوندەکانی قەرەکەند، چاوەرچین، دونگوز و سێوەدین بە هێزێکی زۆرەوە پەلامار دران. پەلی هەڵمەت جێگیر لە ئاوایی قەرەکەند کە پێشتر چاوەروانی ئەو هێرشە بوو، بۆ بەربەرکانی‌یەکی ئازایانەو شەرێکی نابەرابەر خۆیان سازمان دا. لەو شەڕەدا بە دەیان کەس کوژران‌و چەند جار پاشەکشە بە هێزی رێژیم کرا. دوژمن پەیتا پەیتا هێزی یارمەتی‌دەری هێناو سێ هیلیکۆپتێری لەمەیدانی شەڕ بوو. بەڵام مەحموودو هاورێیانی هەروا قارەمانانە لەسەنگەری راوەستابوون. رێژیم بەوەش قەناعەتی نەهێنا دوو فرۆکەی شەرکەری هێنا، ئەوانیش نەیانتوانی چۆک بە پێشمەرگەکانی دێموکرات دا بدەن. بەدەیان راکێت بەسەر سەنگەری پێشمەرگەکان دا باراند، بەڵام مەحموود لەگەڵ پەلەکەی کۆڵی نەدا.

حەماسەکەی لە دڵی نەتەوەکەیدا مایەوە ئەو ڕۆژە زیاتر لە سەد کەس لەهێزی ڕێژیم کوژرا. سەرئەنجام لە شەڕێکی ١٣ سەعاتەدا کە نموونەیەکی قارەمانەتی لە پێشمەرگەکانی دێموکرات بوو. دوژمن بە چۆک دا هات. لەو شەڕەدا بە داخەوە مەحموود دڵی بەر گوللەی دوژمن کەوتو تەرمی لە خوێن دا شەلالی لە تەنیشت تەرمی محەمەد دەستگیر کەوتە سەر عەرزو خوێنیان بوو بە گوڵاڵە سوورەیەکی نێو دەشتی سەوزو دڵڕفێنی ناوچەی بۆکانو لەحیزبو هاوسەنگەرانیان بە یەکجاری ماڵئاواییان کرد. ئەوەی لەپاشی بەجێما ناوبانگی ئازایەتیو شۆڕشگێڕیو دڵسۆزیو عەشق بە ڕێبازو ئیمان بە حیزبەکەی بوو.

## شەهید مەحموود مەولوودی



مەحموود مەولوودی ساڵی ١٣٤٦ لە ئامێزی بنەماڵەیەکی جووتیاری کەم داهاتی ئاوایی "پاش بلاغ"ی ناوچەی بۆکان چاوی بە ژیان کردەوە. یەکەم دیمەن کە سەرنجی مەحموودی ڕاکێشا بنمیچی چواردیوارێکی قوڕاوو ڕوخساری تاوە سووتی دایکو بابی زەحمەتکێشی بوو. لەدایک بوونی مەحموود هیوای داهاتوویەکی پڕ لە بەختەوەری خستە نێو دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی. بەرەبەرە بە شیری پاکی دایکی هەڵیداو لە تەمەنی ٦ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو زەینو بیری بە پیتەکانی ئەلفو بێ ڕوون بوونەوە. مەحموودی ژیرو دەرس خوێن، بە ئۆگرییەوە پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی تەواو کرد هەربۆیە مامۆستاو هاوپۆلەکانی ڕێزیان بۆ دادەنا. مەحموود بۆئەوەی گۆشەیەک بۆ باوکی زەحمەتکێشی بگرێو بەشێک لە بژێوی ژیانی بنەماڵە هەژارەکەی دابین بکا لەکاتی پشوودانی قوتابخانەدا لە مووچەو مەزرا وێڕای ئەندامانی بنەماڵە کاری دەکردو ئارەقەی دەڕشت. نەداریو تەنگ دەستی بە ڕادەیەک فشاری هێنابوو زیاتر ڕێگای چوون بۆ خوێندنگەی پێنەداو ماڵئاوایی لەقوتابخانە کرد. ناچار هەر بەو تەمەنە کەمەوە شانی وەبەر کاری وەرزێری دا و بەدرێژایی ڕۆژ کاری دەکرد. ئەم قۆناغە تەسکو ناهەموارە بوو بەهۆی ئەوە گەرای بیری ئازادیخوازیو ڕزگاربوون لە دەستی زوڵمو چەوساوە، لە مێشکیدا چەکەرە بکاو هیوادار بە هاتنی خۆری ئازادی بوو. بۆیە پاش بە ئاکام گەیشتنی ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاویداو گەشانەوەی پۆلووی خەبات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، ئەو هەستە لە دەروونیدا بەهێز بوو، بەرەو پێوەندی گرتن بە تەشکیلاتی حیزبەوە هەنگاوی هەڵێناوەو وەک لایەنگری حیزب کاری پێئەسپێردراو ساڵی ١٣٦٢ لەڕیزی یەکیەتیی لاوان دا سازمان دراو تێکۆشانی چالاکانەو بێوچانی دەست پێکرد. لە ڕاپەراندنی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی ماندوونەناسانە کاری دەکردو لەپێناوی بەرەوپێش بردنو گەشەپێدانی تەشکیلانی حیزبەکەیدا لێبڕاوانە هەوڵی دەداو پاش ماوەیەک لەسەر داوای خۆی بۆ هێزی بەیان نەقڵی وەرگرت.

مەحموود لەماوەیەکی کەمدا لەهێزی بەیان جێگای خۆی کردەوە. بۆ ڕاپەراندنی ئەرکی سەرشانی رۆح سووکو لە بەرێوەبردنی نەزمو دیسیپلین دا یەکێک لەو پێشمەرگە چالاکانە بوو. لەشەڕ لەگەڵ دوژمن بە ورە بوو. لە زۆربەی شەڕە بەناوبانگەکانی ناوچەدا بەشداری دەکرد بەتایبەت شەڕە حەماسییەکانی "قولقولە"و "ئیسکی بەغدا" کە سەرکەوتنی بەرچاویان تێدا وەدەست هات.

رۆژی ٢ / ٦ / ١٣٦٣ پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو زمزیران بەپێی گەلاڵەیەکی هاوبەش بۆ زەبرەلێدان لە هێزی دوژمن کەمینێکی بەرینیان لەسەر جادەی مەهاباد – سەردەشت دانایەوەو هێزی رژێم کەوتنە کەمینەوە، پاش شەڕێکی گەورە کە زەبرێکی چاک لە دوژمن کەوت بەداخەوە سینگی پڕ لە ئاواتی مەحموود مەولوودی کەوتە بەر گوللەی خائینانو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوو.

یادی بەڕێزو ڕێگای تا سەرکەوتن بەردەوام بێ.

## شەهید مستەفا دامەنگیر




ساڵی ١٣٤٤ لە گوندی ساروقامیش لە بنەماڵەیەکی وەرزێردا لەدایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو، باوکی رەانەی قوتابخانەی کرد تا بتوانێ لە داهاتوودا ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان دیاری بکا. مستەفا تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەئاوایی ساروقامیش دەرسی خوێند، بۆ درێژەدانی خوێندن رەانەی قوتابخانەی سەرچنار کراو پۆلی سێهەمی ناوەندی لەوێ تەواو کرد. مستەفا هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەی یارو یاوەری باوکی بوو و وێڕای ئەو کاری وەرزێری دەکرد تا بتوانن باشتر بژێوی ماڵەوە دابین بکەن.

لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧دا دژی رێژیمی شاهەنشاهی وەک لاوێکی بەهەست بەشداری کرد. بەهاتنە سەر کاری رێژیمی ئاخوندیو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب هاتوچۆی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی لەم ناوچەیە دەکرد. مستەفا رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لەگەڵ ویستو داخوازەکانی گەلەکەی ئاشنا بوو. وەک لایەنگری حیزب کاری دەکرد. ساڵی ٥٩ باوکی مستەفا بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات، لە لایەن پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی دەگیرێو رەوانەی زیندان دەکرێو پاش ساڵێک تەرمەکەی لەژێر پردی جادە فرێ دەدەن، مستەفا بە بیستنی ئەم هەواڵە نەک گریانی نایە بەڵکوو گوتی: ئەوە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکی خاوەن هەستە کە لەو رێگایەدا گیانی ببەخشێ.

لەبەهاری ساڵی ١٣٦١راپۆرتیان لێدا کە ئەویش پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتەوە هەیە، هەربۆیە زوو خۆی گەیاندە پێشمەرگەکانی حیزبو لە هێزی بەیان سازمان درا. لەساڵی ١٣٦٢دا بەهۆی وەزعی خراپی بنەماڵە لەسەر داوای خۆیو تەئیدی حیزب گەرایەوە ماڵێو تا کارو ژیانی بنەماڵەکەی بەرێوەبەرێ. تەنیا چەند مانگێک لە چوونەوەی تێپەڕی کە پێوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ کادرەکانی ناوچەی ئاڵەشین گرتەوە.

مستەفا هەر كارێكی پێئەسپێردرابایە بەباشی بەڕێوەی دەبرد، لەهیچ فیداكارییەك دەریغی نەدەكرد وەك ئەندامێكی تەشكیلاتی نهێنی ئاگا بە مەسئولییەتەوە ئەركەكانی بەڕێوە دەبرد. زستانی ساڵی ۶۵ جارێكی دیكە ئاشكرا بوو، بەڵام توانی خۆی دەرباز بكا. بەو چەكەوە كە كومیتە شارستانی بۆكان پێشتر پێی دابوو ماوەی چوار مانگ بەتەنیا لە ناوچەدا بە نهێنی كاری حیزبی دەكرد. تەنانەت شەوی ۲ی ڕێبەندانی ۶۵ بەتەنیا پایگای ساروقامیش، حاجی ئابادو حاجی لەكی بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی كۆماری كوردستان ئاوربارانی كردبوو. سەرئەنجام لە هاوینی ۱۳۶۶دا كادرەكانی ناوچەی ئاڵەشینی گرتەوەو لەهێزی بەیان سازمان درا. مستەفا پێشمەرگەیەكی ئازاو فیداكار بوو، قەت لە گوللەی دوژمن نەترسا. لە ۲۷ / ۳ / ۶۹ لە چیای سەرتوون یەكەم كەس پێشی بە ستوونی دوژمن گرت تا هاوسەنگەرانی بگەنێ. شەڕەكانی بەردەهەڵۆ، سێپەكانی پیرانشار، تۆپخانەی حسێن‌ئاباد، سەرچاوەی قەمتەرێ شاهیدی قارەمانەتی مستەفان. ساڵی ۱۳۶۸ ڕەوانەی دەورەی سیاسی كادر كراو لەساڵی ۱۳۶۹ وەك كادری ناوچەی ئەحمەدی كۆرو ئاڵەشین دیاری كرا، لەم ئەركەشدا سەكەوتنەكانی بەرچاو بوو. خۆشەویستی خەڵكی ناوچە بوو. مستەفا هەمیشە كۆڵەپشتی‌یەكەی پڕ لە نەشریاتی حیزبی بوو و لەنێو خەڵكی بڵاوی دەكردنەوە. لەساڵی ۱۳۷۰ لەسەر داوای خۆی نەقڵی هێزی ئاربابا كراو لەم ناوچەیەش وەك كادرێكی باشی حیزبی ئەركی پێئەسپێردراوی بەڕێوە دەبرد. سەرئەنجام لەرۆژی ۱۷ / ۶ / ۱۳۷۰ پێشمەرگەكانی هێزی بەیانو ئاربابا لەسەر جادەی بانە – سەردەشت كەوتنە كەمینی جاشە خائینەكان، بەڵام زوو لێیان وەدەست هاتنو ناچار بە هەڵاتنیان كردن. بە دوای ئەودا ڕێژیم ناوچەی دایە بەر تۆپو خومپارە، كە بەداخەوە گوللە خومپارەیەك لەنزیك مستەفا دامەنگیر تەقیەوەو بەم شێوەیە گیانی بەختی نەتەوەكەی كردو چووە ریزی كاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی كوردستانەوە.

## شەهید مستەفا قادریان



مستەفا قادریان لەساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی بنەماڵەیەكی زەحمەتكێش لە گوندی قالوێ شێخانی ناوچەی مەهاباد لەدایك بوو. منداڵ بوو كە بۆ پەیدا كردنی پاروو نانێكو بەڕێوەبردنی ژیانی نەمر نەژی بنەماڵەكەی چووە ئاوایی میراوەی بۆكانو لەوێ گیرسانەوە. مستەفا پاش ئەوەی قۆناغی سەرەتایی ژیانی بڕی، پێی نایە قوتابخانەو هەتا پۆلی دووهەمی سەرەتایی دەرسی خوێند، چونكە دەست تەنگیو هەژاری چی‌دیكە ڕێگای نەدا درێژە بە خوێندن بدا، بەو تەمەنە كەمەوە لەمنداڵی‌یەوە لەگەڵ ڕەنجو چەرمەسەری ئاشنا بوو و قۆڵی بۆ كاركردن هەڵماڵیو لەشاری بۆكان دەستی بەكاركردن كرد. دواتر لە كورەخانەكانی، ساروقامیش، ورمێ، تەورێزو تاراندا، تا ساڵی ۱۳۵۷ بەبێ‌پسانەوە بە كرێكاری ژیانی تێپەڕ كرد.

ساڵی ٥٧ شان بەشانی خەڵکی شاری بۆکان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتیو ڕاماڵینی تەختی زۆرداران لە خۆپیشاندانەکان دا بەشداریی کرد تا بۆ هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی خەڵکی، گەلی کورد بە مافی ڕەوای خۆی بگا. بەڵام بە دەست بەسەرداگرتنی دەستکەوتەکانی شۆڕش لەلایەن ئاخوندەکانەوە نەک هیچ کام لە ئاواتەکانی نەهاتە دی بەڵکوو کوردستانیش کەوتە بەر پەلاماری لەشکری خومەینی. بۆیە مستەفا قادریان بۆ بەربەرەکانی لەبەرامبەر داگیرکەراندا ڕیزی شۆڕەلاوانی دێموکراتی بۆ خەبات هەڵبژاردو شان بەشانی لاوەکانی دیکەی بۆکان بەوپەڕی عەلاقەوە دەستی بەکارو تێکۆشان کرد.

مستەفا پاش گرتنەوەی شاری بۆکان لەلایەن هێزە کۆنەپەرستەکانی کۆماری ئیسلامیەوە تێکۆشانی خۆی لەلکی دووی هێزی بەیان دەست پێکردو ماوەی دوو ساڵ لەم هێزەدا خزمەتی کرد. دوای دوو ساڵ نەقڵی بۆ هێزی پێشەوا وەرگرت ساڵو نیوێک لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا بەوپەڕی عەلاقەوە خزمەتی کرد. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهابادا بەشداری چالاکانەی کرد. پاشان سەرلەنوێ گەڕایەوە هێزی بەیانو ئازایانە دژی دوژمنی سوێندخۆری گەلی کورد خەباتی خۆی درێژە پێدا.

مستەفا کوڕێکی بەهەستو دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی نەترسو فیداکار بوو. هەر ئەو تایبەتمەندییانەش لەلای هاوسەنگەرانی خۆشەویستی کردبوو.

ڕۆژی ١٥ / ٢ / ٦٣ پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو زمزیران لە عەمەلیاتێکی هاوبەش لە نێوان گوندەکانی (وەلیو)و (نواوێ)ی سەردەشت کەمینیان بۆ دوژمن دانایەوەو توانیان دوو ماشینی دوژمن لێک بڵاو بکەنو سەنشینەکانیان بکوژن. لەم عەمەلیاتەدا پێشمەرگەی ئازا مستەفا قادریان دڵی بەر گوللەی دوژمنانی ئازادی کەوتو شەهید کراو خوێنی سوورو گەشی چیاو لێرەوارەکانی سەردەشتی سوور کرد. بەمجۆرە لە تەمەنی بیستو یەک ساڵی دا چرای تەمەنی کوژایەوەو چووە ڕیزی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل.

## شەهید مستەفا گوڵزاری



مستەفا گوڵزاری ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە ئاوایی ئاختەتەری سەر بە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش لە دایک بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی دا ئێردرایە قوتابخانە، هێشتا تەمەنی نەببوە دە ساڵان کە باوکی کۆچی دوایی کردو بە ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرتو شانی دایە بەر کارو زەحمەتو کوێرەوەریو بۆ کار کردن شان بە شانی براکانی ڕووی کردە شیرکەتە جۆراوجۆرەکانو کورەخانەکان. دواتر ماڵەکەیان چووە میراواو لەوێ گیرسانەوە.

ژیانی سەختو تاقەت پڕووکێن هەستی شۆڕشگێڕانەی لە وجوودی مستەفا دا خوڵقاندو دواتر ئەو هەستە بوو بە بیروباوەڕی سیاسی. ئەو بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە دژوارەی کە بەسەر ژیانی خۆیو گەلەکەی دا زاڵ بوو، ڕێگای خەباتی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا گرتەبەرو ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی بوو بە پێشمەرگەو چەکی دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی لە شان کرد. ئەو پێشمەرگەیەکەی ئازاو بە

ئیمانو خوو رەوشت بەرز بوو و زوو توانی لە نێو هەوالانی پێشمەرگەیدا جێگای خۆی بکاتەوەو رێزو خۆشەویستی ئەوان بۆ لای خۆی رابکێشێ. لە شەڕەکاندا هەمیشە رۆڵی ئازایانەی دەگێرا.

بەر بەیانی رۆژی ٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە کاتێکدا پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە بەرزایی یەکانی پشتی شێخ چۆپانو گڵۆڵانی سەرێ لە حاڵی پشوودان دابوون، هێزەکانی دوژمن هێرشی هێنانە سەرو گەمارۆی دان. پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بۆ تێک شکاندنی گەمارۆی دوژمن خۆیان سازمان داو لە هەمان کاتیشدا هاوسەنگەرانی خۆیانیان لە هێزی بەیان کە لەو نزیکانە بوون ئاگادار کردەوە. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دەست بەجێ ئاڕایشی تایبەتی‌یان بەخۆوە گرتو بەرەو ئەو شوێنانە وەڕێ کەوتن کە دوژمن لێی جێگیر ببوو. لەماوەی نیو کاتژمێر بەربەرەکانی‌دا رۆڵە ئازاکانی هێزی بەیان توانیان ئەو شوێنانە کە دوژمن گرتبوونی بستێننەوەو ژمارەیەکیش لە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم بکوژن. پاشان شەڕێکی قورس دەستی پێکردو پێشمەرگە ئازاکانی حیزب لەهێزەکانی بەیانو شەهید پێشەوا هێرشیان کردە سەر هێزی دوژمن توانیان زیاتر لە (٨٠)کەس لە بەکرێگیراوانی کۆنەپەرەستی بکوژنو ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بریندار بکەن. لەو شەڕەدا دوژمن سەرەڕای ئەوە هێزێکی زۆری هێنابووە مەیدانو لە هێزی هەواییو نیرویی تۆپخانەی جۆراوجۆریش کەڵکی وەرگرتبوو، بەوحاڵەش وەرو ئیمانی پێشمەرگە، دوژمنی بە چۆک داهێناو ناچار بە پاشەکشەیەکی زەبوونانەی کرد.

لەو شەڕە حەماسی‌یەدا بوو کە هاوڕێ مستەفا گوڵزاری لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی خالند ئەمینی، وەستا ئەکرەم، سولیمان ئازدار لە هێزی پێشەوا چوونە نێو کاروانی شەهیدانی حیزبو گەلو گیانی خۆیان کردە نرخی ئازادی پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد.

## شەهید مستەفا مەحموودزادە



مستەفا لە گوندی" تورکمانکەندی" لە ناوچەی فەرهاد تاشی بۆکان لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاویدا چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. لە ئامێزی گەرمی دایکی خۆشەویستی دا گەورە بوو، ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ زەحمەتو کوێرەوەریو چەوسانەوە بوو. بە داخەوە بەهۆی هەژاریو دەست کورتی بنەماڵەکەی لە خوێندن بێبەش بوو. بەناچار هەر لە منداڵی یەوە شانی دایە بەر کاری سەختی مووچەو مەزرا. کاتێک کە خۆی ناسی ژاندرمەکانی حکوومەتی حەمەرەزاشای پەهلەوی بردیان بۆ خزمەتی ئیجباری. دوای تەواو کردنی خزمەتی ئیجباری بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی پەڕیوەی شارەکانی دیکەی ئێران بوو. هەر چەند نەخوێندەوار بوو، بەڵام بە تەواوی چاوو گوێی کرا بۆوە بە تایبەت لە شارە فارس نشینەکان بە تەواوی هەستی بە چەوسانەوەو زوڵمو زۆر کرد بوو. هەر بۆیە چالاکانە لە خۆپێشاندانەکانی دژی حکوومەتی پاشایەتی‌دا بەشداری کرد. بەدوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبو بەرگی پڕ لە

شانازی پێشمەرگایەتی پۆشی. مستەفا پێشمەرگەیەکی گورجو هەڵسوورِ بوو. بە بەشداری کردنی چالاکانەی لە شەرِی سێ مانگەو جادەی میاندواو ـ بۆکان ئازایەتی خۆی سەلماندو نیشانی دا کە بۆ رزگاری گەلەکەی ئامادەی هەرچەشنە گیانبازییەکە.
جگە لەوانە لە هەموو شەرِەکانی ناوچە دا وەک تێک شکاندنی ستوونی ۸۰۱ی شیراز لەسەر جادەی میاندواو ـ بۆکانو شەرِەکانی نێو شاری بۆکانو هەموو شەرە حەماسییەکانی ناوچەی بۆکان ئازایەتی لە خۆی نیشان دا. دوو جار لە شەرِ لەگەڵ دوژمن دا بریندار بوو. هەموو جارێکیش دوای سارێژ بوونەوەی برینەکەی دەگەرِایەوە نێو هاوسەنگەرانی. سەرئەنجام شەوی ۲۵ی خەزەڵوەری ۱۳۶۴ی هەتاوی لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە ئاوایی شێخلەر لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان کەوتنە کەمینی چەکدارەکانی حیزبی کومونیستی ئێرانو بەداخەوە شەهید بوو و گیانی بەخت کرد.

## شەهید مەنسوور فەقێ مینە



مەنسوور فەقێ مینە ساڵی ۱۳۴۸ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش لە گوندی ئاختەتەری ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکانلە دایک بوو. شەش ساڵان بوو کە وەبەر خوێندن نرا، قوتابییەکی پیتۆڵو وشیارو بەهۆش بوو، هیچ ساڵێک لە خوێند لە هاوپۆلەکانی بەجێ نەدەما، پۆلی سێهەمی سەرەتایی بوو کە ماڵەکەیان چووە گوندی میراوا. مەنسوور لەوێش درێژەی بە خوێندن داو توانی تا پۆلی دووهەمی ناوەندی بخوێنێ. دواتر هەژاریو گیروگرفتی جۆراوجۆری دیکە بوونە کۆسپو بەناچاری دەستی لە خوێندن هەڵگرتو شان بە شانی باوکی زەحمەتکێشی شانی دایە بەر کارو کاسبی. مەنسوور لاوێکی روح سووکو مەشرەف خۆش بوو، وەک زۆربەی هەرە زۆری لاوانی کوردستان سەرتاسەری وجوودی کوردایەتیو نیشتمانپەروەری بوو. ساڵی۱۳۶۴ی هەتاوی لەکاتێکدا هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەهەموو لایەکەوە پەلاماری ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیان دابوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە داگیرکەرەکانی رێژیم بریاری خۆی داو چووە نێو ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو چەکی دیفاع لە ئازادییەکانی نەتەوەکەی کردە شان. بەهۆی کەم تەمەنی لە سەرەتادا رەوانەی یەکیەتی لاوان کرا. ماوەی ساڵێک لە یەکیەتی لاوان مایەوە، لەو یەک ساڵەدا زۆر دەرسو وانەی بە کەڵک فێر بوو. بە شێوەیەکی باش لەگەڵ بزووتنەوەو سیاسەتەکانی حیزب ئاشنا بوو. ساڵی ۱۳۶۵ی هەتاوی گەرِایەوە هیزی بەیان. ئەو کە ئیمانێکی قووڵی بە رەوایی خەباتی گەلەکەی هەبوو. لە زۆربەی شەرِو عەمەلیاتەکانی ئەو کاتی هێزی بەیان دا بەشداری چالاکانەی هەبوو. شەرِەکانی بەردە هەڵۆ، حوسێن ئاوا، ئۆبار، تەرەغەو سپیەکانی ناوچەی پیرانشار شاهیدی فیداکاریو ئازایەتی ئەو رۆڵە فارەمانەی حیزبو گەلەکەمانن.

بەهاری ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لەسەر داوای خۆی نەقڵی هێزی ٢ی رێبەندان کرا. رۆژی ١٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزەکانی بەیانو ٢ی رێبەندان گەلاڵەیەکی عەمەلیاتی‌یان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر مۆڵگەی تازە دامەزراوی گوندی باغی شێخان لە ناوچەی گەورکی مەهاباد دارشت، سەرەرای ئەوە کە دوژمن لە لایەن خۆفرۆشێکی خۆماڵی-یەوە ئاگادار کرا بوو، پێشمەرگەکان زەبرێکی قورسیان لە هێزەکانی دوژمن وەشاندو بۆ ماوەی ٢ کاتژمێرو نیو هێزەکانی رێژیمیان ئاگرباران کرد. لەو عەمەلیاتەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزە دژی گەلی‌یەکان کوژرانو بریندار بوون. لە جەریانی ئەو شەرە خوێناوی‌یەدا بوو کە هاورێ مەنسووری فەقێ مینەو هاورێ‌یەکی قارەمانی دیکەی بە ناوی جەعفەر ئەحمەدپوور ناسراو بە دوکتور جەعفەر شەهید بوون.

## شەهید موتەلیب قادری



مەتەلیب لەگوندی حاجیابادی جەغەتوو، ساڵی ١٣٤٥ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش هاتە دنیا. بە سەرەتایی‌ترین ئیمکاناتی ژیانو بێبەش لە پێداویستی‌یەکانی قۆناغی منداڵی پێگەیشتووەو گەورە بووە. لە تەمەنی ٦ ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کراو پۆلەکانی سەرەتایی بە سەرکەوتنەوە تێپەر کرد. موتەلیبی وریاو زیرەک لەگەڵ ئەوەدا کە عەلاقەیەکی تەواوی بە خوێندنو فێربوون هەبوو بەچەند هۆی جۆراوجۆر یەک لەوان نەداریو دەست کورتی‌و بێدەرەتانی بنەماڵەکەی نەیتوانی زیاتر درێژە بە خوێندن بدا. تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی‌خوێند.
موتەلیب بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانەی بنەماڵەکەی شان بەشانی باوکی ملی دایە بەرکارو کاسبی تاقەت پرووکێن.موتەلیب هەر لە منداڵی‌یەوە چاوەروانی ئەوەی لێدەکرا کە لە دوا رۆژدا مرۆڤێکی بەکەڵک بێو جێی هیواو هومێدی گەلو نیشتمان بێ. کورێکی ژیرو وریاو بە ئەخلاقو هێمنو رەوشت پاکو لەسەرەخۆ بوو. ئەو رۆژبەرۆژ زیاتر بەخۆدا دەهاتو قۆناغی مێرمنداڵی بەجێدەهێشتو پێی دەنایە تەمەنی لاوێتی‌یەوە. موتەلیب بەتەواوی لە چۆنیەتی ژیانی ژێردەستی‌و چەوسانەوەی گەلەکەی تێگەیشتو لەگەڵ ژانو ئازارەکانی ئاوێتە بوو. هەر ئەو لێوردبوونەوە هانی دا کە رێگای چارەسەری بۆ دەربازبوون لەو ژیانە داسەپێنراوە بدۆزێتەوەو بەجۆرێک بەربەرەکانی لەگەڵدا بکا.
بەم جۆرە پاش بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی وردبینانە رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژاردو ساڵی ١٣٦٣ بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە خەباتی بە کردەوەی دەست پێکردو لەریزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان دا سازمان درا. موتەلیب بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی هەیبوو سەرنجی پێشمەرگەکانی راکێشاو هەر زوو بووە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. هەمیشە لەکاتی پشوودان نووسراوەکانی حیزبی دەخوێندەوەو هەوڵی دەدا زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەر.

لە بواری پێشمەرگایەتیش دا بە كردەوە سەلماندی كە پێشمەرگەیەكی ئازاو بەغیرەتو چاونەترسەو لە تەنگانەدا خۆی نادۆڕێنێو توانای بڕیاردانی هەیە. لە شەڕەكانی ناوچەی بۆكان دا بەشداری دەكرد.
لە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ لە شەڕێكی حەماسی لە ئاوایی سەرباغچە كە قارەمانیەتیی‌یەكی كەم وێنەی لەخۆی نیشاندا بەداخەوە گوللەی شەوپەرستان سینگی پڕ لە تاسەی هەڵدڕیو دڵە گەورەكەی لەكار خستو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە نیشتمانەكەی كردو تێكەڵ بە كاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبو گەل بوو.

## شەهید نادر حەمەمرادی



نادرحەمەمرادی لە فەقیرترین بنەماڵەی زەحمەتكێشی گوندی پاشبڵاغی ناوچەی پیرمحەمەدی بۆكاندا ساڵی ١٣٤٤ لەدایك بوو. وەك هەموو منداڵانی لادێیی كە ژیانی دایكو بابیان بۆ خەڵكی ناوچە روونە، وەك بنەماڵەكەی دەژیا، وەك ئەوانیش لە رەنجو كوێرەوەریدا گەورە بوو. لە تەمەنی شەش ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە كراو تا پێنجی سەرەتایی دەرسی خوێند، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاوایی‌یەكەیان قوتابخانەی ناوەندی نەبوو، بابیشی نەیدەتوانی لە شاری بۆكان خەرجی خوێندنی نادر دابین بكا دەستی لە خوێندن هەڵگرتو شان بەشانی بابی لە مووچەو مەزرا كاری كردو رەنجو كوێرەوەری كێشان بوو بە پیشەی رۆژانەی.
لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو كە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی سەركەوت. رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لەشكری جەهلو نەزانی بە كوردستان وەركردو شەڕێكی نەخوازراویان بەسەر كورددا سەپاند. رووداوەكانی ساڵی ٥٨ شەڕی سێ مانگە، كوشتاری زەحمەتكێشانو وێران كردنی شارو گوندەكانی كوردستان نادرحەمەمرادی راپەڕاندو ساڵی ٥٩ بۆ دیفاع لە گەلەكەی چەكی شەرەفی هەڵگرتو هاتە ریزی پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكراتو لە هێزی بەیان دا سازمان درا.
نادربە كردەوە سەلماندی كە لە پێناوی دیفاع لە نەتەوەكەیدا لە هیچ چەشنە فیداكاری‌یەك درێغی ناكا. لەمەیدانی شەڕ لە بەرەورووبوون لەگەڵ دوژمندا نە جارێك بەڵكوو بە دەیان جار ئەم راستی‌یەی سەلماند كە كوڕێكی ئازاو نەترسە. پێشمەرگەیەكی سادقو شۆڕشگێڕەو لە پێناوی سیاسەتەكانی حیزب ئامادەیە گیانی بەخت بكا. لە سەنگەردا زۆر ئازا بوو. لەبەر دوژمن كۆڵی نەدەداو هەمیشە پەلاماری سەنگەری دوژمنی دەدا. لەسەر ئامانجو بەرێوەبردنی كارەكانی شێلگیر بوو. شەڕەكانی نێو شاری بۆكانو ناوچەكانی شاماتو شارویران، شەڕی جادەی میاندواو – بۆكان هەمووی نوێنگەی فیداكاری ئەو رۆڵەیەی دێموكراتن.
لە سەرەتای مانگی رەزبەری ساڵی ١٣٦٣دا برای تاهیر كە پێشمەرگەی یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان بوو، لەگەڵ هاوسەنگەرێكی بۆ مەرەخەسی دێنەوە ناوچەی بۆكانو نادریش بۆ سەردانی بنەماڵەكەی مەرەخەسی وەردەگرێو لەگەڵ تاهیری برایو رزگاری هاوسەنگەریان بەرەو گوندی

پاشبلاغ وەرێ دەکەون. زۆریان نامێنێ بگەنە لای بنەماڵەکەیان سەعات شەشی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٤ی ڕەزبەری ١٣٦٣ لەنێوان ئاواییەکانی پاشبلاغو چوار دیواردا دەکەونە کەمینی جاشو پاسدارەکانی گروهی زەربەتی بۆکان. هەر لە یەکەم تەقەدا تاهیرو ڕزگار شەهید دەبن، بەڵام نادر حەمەمرادی بە کەوتنی تەرمی براو ڕزگاری هاوسەنگەری نەک ورە بەرنادا بەڵکوو بەسەر دوژمنان دا هاوار دەکا خۆتان نیشان بدەن خائینان؟ ..

دەقیقە بە دەقیقە زیاتر پەلاماریان دەدا، بەڵام خوێنی لەشی دەکوڵی وەک عادەتی بوو کۆڵی نەدەداو سەنگەری دەگواستەوە هەرجارێ کەلاکی بەکرێگیراوێکی دەخستە زەوی. لە ئاکام دا پێنج خۆفرۆشی کوشتو نۆ کەسیشی بریندار کرد. خەشابەکانی بەرەبەرە خەلاس دەبوون، پاش یەک سەعاتو نیو شەڕ دوا خەشابی تفەنگەکەی کە تەنیا دوو گوللەی تێدا مابوو، دەبوو یا تەسلیم بوون یا کۆتایی بە ژیانی سەربڵندی بێنێ. ئاخرین قسەی ئەوە بوو هاواری کرد: باش بزانن من پێشمەرگەی دێموکراتم تەسلیمی ئێوە دوژمنانی کوردستان نابم. بەدوای ئەوەدا فیشەکێکی لە مێشکی خۆی داو تەرمی لە تەنیشت تاهیری براو ڕزگای هاوسەنگەری کەوت.

## شەهید ناسر باریک



ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جووتیاری گوندی گامێش گۆلی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەدایک بوو. باوکی ناسر پێشمەرگەی کۆمار بوو. هەربۆیە ناسر باریک لەداوێنی بابێکی بەهەستو دڵسۆزو زەحمەتکێشو نیشتمانپەروەردا پەروەردە کرا. بەڵام بەداخەوە نەیتوانی ماوەیەکی زۆر لە خۆشەویستیو بیروباوەڕی پیرۆزی بابی بەهرەمەند بێ لە تەمەنی هەشت ساڵی ئەودا بابی بەهۆی نەخۆشی دڵ ماڵئاوایی کردو ناسر بێسەرپەرست مایەوە. ئەرکی سەرشانی دایکی قورستر بوو. دەست تەنگیو نەداریو بێدەرەتانی کەوتە سەر دەردی بێسەرپەرستی بنەماڵە. دایکی زەحمەتکێشی هەم ژیانی ناسری دابین دەکرد هەم جێگای موحیببەتی باوکی بۆ گرتبوو. ناسر دەورانی خوێندنی تا چواری سەرەتایی لە گوندی گامێش گۆلی خوێندو قۆناغەکانی دیکەی لەشاری میاندواو تا شەشی دواناوەندی خوێندو بۆ خوێندن هەموو ڕۆژێ بە سواری دوچەرخە دەچووە میاندواو و ئێواران دەگەڕایەوە گوندەکەی خۆیانو یارمەتی دایکی پیری دەدا. ناسر سەرەرای ئەوەی بەتەمەن منداڵ بوو، بەڵام لاوێکی ژیرو قسەزان بوو.

ساڵی ١٣٥٧ کە گەلانی ئێران لەچنگ زوڵمو زۆری نیزامی ٢٥٠٠ساڵەی شاهەنشاهی ڕزگاریان بوو، ناسر پۆلی شەشی دواناوەندی بوو ئەو ساڵە قوتابخانەی بەجێهێشتو وەک هەموو لاوێکی بەهەستو شۆڕشگێڕی گەلی کورد دەستی بە خەبات کردو هاتە نێو ڕیزی یەکیەتی لاوانی دێموکراتەوە. لەشاری مهاباد بڵاوکراوەی حیزبی وەردەگرتو لەشاری میاندواو و ناوچەکانی چۆمی مەجیدخانو ئاڵەشین بڵاوی دەکردنەوەو

بێ پسانەوە لەم ناوچەیە تەبلیغاتی حیزبی دەکرد. ناسر باریک لاوی شۆڕشگێڕ وەک نوێنەری ناوچەی چۆمی مەجیدخان لە کۆنگرەی چواری حیزب لە مهاباد بەشداری کرد. پاش تەواوبوونی کۆنگرە وەک کادری کومیتەی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکانو بەرپرسی واحیدی بازرەسی لە ناوچە درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی دا.

ناسر لەسەرەتای ساڵی ٦٠ وەک کادری سیاسی لە پەلی نەبەزی هێزی بەیان سازمان دراو ئەرکی خۆی بەجوانی بەجێ دەگەیاند. بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری هاوڕێیانی درێغی نەدەکرد. بەهۆی لێوەشاوەیی ساڵی ٦١ وەک سەرپەلی پەلی شەهیدان لەلکی دوو دیاری کرا. تا کاتی شەهیدبوونی ئەو بەرپرسایەتی‌یەی هەبوو. لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا حەماسە خوڵقێن، ئازا، نەترس، هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی هەبوو. لە شەڕەکانی حسن لولان، هولەسو، ماین بلاغی هەوشار قارەمانەتی نواند. شان بەشانی هاوسەنگەرانی لەبەرپەرچ دانەوەی هێرشی دوژمن بۆ ناوچەی ئاڵەشین، جادەی بۆکان – میاندواو بەشدار بوو. شەڕی سەراو، گرتنی مۆڵگەکانی قۆچاغ و ستونی ٨٠١ی شیرازو مۆڵگەی حسێن مامەو باقی ناوچەکانی دیکە نموونەیەکن لە فیداکاریو قارەمانەتی ئەو رۆڵە خەباتگێڕەی حیزبی دێموکرات. ناسر دووجار لەشەڕ لەگەڵ دوژمندا بریندار بوو، هەموو جارێ دوای ساڕێژبوونەوەی برینەکەی دەگەڕایەوە سەنگەری ئازادی کوردستان.

رۆژی ١٧ / ٢ / ٦٢ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بەپێی گەلالەی دیاریکراو هێرشیان کردە سەر پایگای قاقلاوە لە ناوچەی تورجان. لەم عەمەلیاتەدا مۆڵگەکە دەستی بەسەردا گیراو هەموو پایگا ئاوری تێبەربوو. لەو شەڕەدا بوو کە لاوی کورد ناسر باریک لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی محمد عوسمان زادەو همزە فەرەجی کەوتنە بەر گوللەی جنایەتکارانو خوێنی سووریان ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان. خوێنی ناسرو هاوسەنگەرانی گڕو تینی بەردایە نێو دڵی ئەو رۆڵە شۆڕشگێڕانەی کە وەفادار بە ئامانجو رێبازی گەلەکەیانن.

## شەهید ناسر محەممەدپوور




ناسر محەممەدپوور ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی"ئاڵی‌کەند"ی ناوچەی ئەحمەدی‌کۆڕی‌ۆکان لە دایک بوو. ناسر بە هەوای بێ‌گەردو دڵرفێنی کوردستان لەداوێنی دایکێکی دڵپاکو لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی، بەلام پڕ لە خۆشەویستی‌دا پەروەردە بوو. کاتێک تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان رەوانەی قوتابخانە بچکۆلانەکەی گوندەکەیان کراو بە ئۆگرییەکی زۆرەوە دەستی بە دەرس خوێندن کرد، ئەو لە سەرەتاوە وریاییو وشیاری خۆی بۆ مامۆستاو هاوپۆلی-یەکانی دەرخست. هەتا پۆلی چواری سەرەتایی لە گوندی ئاڵی‌کەند دا مایەوەو پاشان بۆ درێژەی خوێندنو بردنە سەری پلەی زانیاری چووە شاری بۆکانو لەوێ دیپلۆمی وەرگرت.

کاتێک نارەزایەتیو ڕەقو تووڕەیی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەرز بۆوە، لە خۆپێشاندانەکانی شاری بۆکان دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداری کرد. دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٣٢ساڵ خەباتی نهێنی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکردەوە. لە ساڵی ١٣٥٩ هەتاویدا چۆتە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێک کە لێبڕاوانە ئاڵای خەباتو بەربەرەکانی دژی ڕێژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی بەرز کردبۆوەو لە کومیتە شارستانی بۆکان دەستی بە تێکۆشان کرد. کاتێک حیزبی دێموکرات بۆ منداڵانو نەو نەمامەکانی کوردستان بەرنامەی دەرس خوێندنی داڕشت، ناسر بۆ ئەو مەبەستە دەست بەکار بوو. لە گوندی سەراو نزیک شاری میاندواو ناسر بوو بە مامۆستای شۆڕشو دەرسی دەگوتەوە.

بە دەست پێکردنی پەلاماری دوژمنانی ئازادی بۆ سەر ناوچەی بۆکان ناسر دەستی لە کاری مامۆستایی هەڵگرتو چووە ریزی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی هێزی بەیانو لە هەموو شەڕەکانی ئەو ناوچەیەدا بوێرانە بەشداری کرد. دوای داگیر کرانەوەی ڕێگای میاندواو ـ بۆکان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە، پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو هێزی شەهید پێشەوا بۆ زەربە لێدان لە دوژمن نەخشەیەکی عەمەلیاتی هاوبەشیان داڕشت. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دەست بەکار بوونو هێرشیان بردە سەر مۆڵگەی ڕێژیم لە گوندی حوسێن مامەی سەر ڕێگای میاندواو- بۆکان. ئەو مۆڵگەیە پاش سێ کاتژمێر شەڕو بەربەرەکانی دەستی بەسەر داگیرا. لەو شەڕەدا ناسری محەممەدپوور لەگەڵ چوار هاوسەنگەری قارەمانی لە هێزی شەهید پێشەواو بەیان بە ناوەکانی ئەحمەد ئەحمەدی، کەریم ئارامش، سەید کەریم ئەحمەدی، سەید ئەنوەر بەدەوی شەهید بوون.


## شەهید هەمزە خان ئەحمەدی



هەمزە خان ئەحمەدی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی "سەراو" لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەدایک بوو. هەر لە منداڵییەوە بە مەحروومییەتو بێبەشی گەورە بوو. ٥ ساڵانە بوو کە دایکی کۆچی دوایی کردو ئەمەش زەبرێکی گەورەی رووحی بۆ هەمزەی منداڵ بوو. ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی بنەماڵەکەیان چوونە شاری بۆکانو لەوێ گیرسانەوە. ساڵی دواتر هەمزە وەبەر خوێندن نراو قوتابی یەکی زۆر زیرەکو هوشیار بوو. توانی تا کۆتایی سێهەمی راهنمایی دەرس بخوێنێ. دواتر دەست کورتیو هەژاری ڕێگای پێنەدا درێژە بە خوێندن بدا. بەناچار وازی لێهێناو شانی دا بە

کارو کاسبی. لە راپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری کرد. پاش سەرکەوتنی شۆڕشو ئاشکرابوونی تێکۆشانی ح.د.ک. هەمزە وەکوو هەزاران لاوی دیکەی ئەم ئاوو خاکە چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانۆ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلەکەی قۆڵی هیمەتی هەڵماڵی. ناوبراو پێشمەرگەیەکی قسەخۆشو لەبەر دڵان بوو، یەکپارچە ئازایەتی و شەهامەتی شۆڕشگێرانە بوو. لە شەڕەکان دا هەمیشە رۆڵی بەرچاوی هەبوو. شەڕەکانی ئەو کاتی ناوچەی ئاڵەشین، شەڕەکانی سەر جادەی بۆکان – میاندواو، میاندواو – ساین قەڵاو شەڕەکانی نێو شاری تیکابو نێو شاری ساین قەڵا بۆ هەمیشە شاهیدی ئازایەتیو فیداکاریو خۆراگری ئەو رۆڵە تێکۆشەرەی حیزبو گەلەکەمان. بەڵام بەداخەوە هەمزە زۆر نەژیاو نەیتوانی زۆرتر خزمەتی حیزبو گەلەکەی بکاو سەرئەنجام گیانی پاکی خۆی بەختی ئازادیو بەختەوەری گەل کرد. لە سەرەتای مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بۆ کارو مەئموورییەتی حیزبی لە ناوچەی هەوشاردا لە حاڵی گەڕانو هەڵسوڕانی سیاسیو نیزامی دابوون لە کاتیک دا لەداوێنی چیای ماین بڵاغ لەحاڵی پشوودا بوون لەلایەن دوژمنەوە هێرشیان کرایە سەرو شەڕێکی توندو خوێناویو نابەرامبەر دەستی پێکرد. لەو شەڕەدا دوژمن زەبرێکی قورسی لێکەوت. بەڵام بەداخەوە هاوڕێ هەمزەی خان ئەحمەدی کەوتە بەر گوللەی دوژمنو بریندار بوو. هەرچەند زوو راگوێزرا بۆ نەخۆشخانە کەچی رۆژی 8ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ بەهۆی کاری بوونی برینەکەی گیانی سپاردو دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت .

## شەهید هەمزە ئیفتخاری



هەمزە ئیفتخاری لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاویدا لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە ئاوایی کەرێزانی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی رەوانەی قوتابخانە کرا، پۆلەکانی سەرەتایی یەک بەدوای یەک دا بە سەرکەوتنەوە تەواو کرد. هەمزە قوتابیەکی زیرەکو دەرس خوێن بوو تا پۆلی یەکەمی ناوەندی دەرسی خوێند. پاشان بە چەند هۆی جۆراوجۆر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا، بۆیە وێڕای باوکی خەریکی کارکردن بوو. بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو هاتنە سەر کاری دەسەڵاتدرانی کۆماری ئیسلامیو دەرچوونی فەرمانی هێرشو جیهاد لە دژی گەلی کورد، هەمزە زیاتر هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی کردو لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات ئاشنا بوو. دواتر وەک لاوێکی بەهەست لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەکردو تراکتو بڵاوکراوەکانی حیزبی لە کادرەکانی ناوچەی ئاڵەشین وەردەگرتو لەو

ناوچەیە دا بڵاوی دەکردەوە. هەمزەی شۆڕشگێڕ لە ئاخرو ئۆخری زستانی ١٣٦٤ی هەتاوی ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژاردو بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی لەبەر کردو لە هێزی بەیان دا سازمان درا.

هەمزە پێشمەرگەیەکی لەسەرەخۆو هەڵسوورو کاریو چالاک بوو. ئەو بەو پەڕی ئۆگریو سەداقەتو ئیمانەوە لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەیدا تێدەکۆشاو لە زۆربەی شەڕەکانی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی وەک شەڕی مۆڵگەی بۆگەبەسێو گرتنی مۆڵگەی باغلووجەو هێرش بۆ سەر جاشخانەی حەمامیان فیداکاری لە خۆی نیشان دا.

بەداخەوە هەمزە لاوی بەهەستی حیزبەکەمان زیاتر نەژیاو گوڵی تەمەنی لە ١٧ ساڵی دا پەڕ پەڕ بوو. لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦٥دا کاتێک دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی ٢ی هێزی بەیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری حیزبی لە ناوچەکانی ئاڵەشینو ئەحمەدیکۆر بوون، ڕۆژی ١٣ی ڕەزبەری ١٣٦٥ی هەتاوی لە حاڵێک دا لە باخی حاجیاباد لە حاڵی پشوودان دابوون، ڕێژیمی دژی گەلی بە هۆی سیخوڕێک بە شوێنیان دەزانێو هێرشیان دەکاتە سەر. لەو شەڕەدا بەداخەوە هەمزە ئیفتخاری لەگەڵ حەوت هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ئیسماعیل خورشیدی، قاسم فەیزی، سەدیق ئەحمەدی، مەحموود چووپانزادە، محەممەد ڕەحیمی، سولیمان ئارامشو ڕەحمان مامەش شەهید بوونو گیانیان لە پێناو ئامانجەکانی گەلو نیشتمانەکەیان دا بەخشی.

## دوو برای شەهید جەعفەر مەحموودپور و مەحموود مەحموودپور





ڕۆژی ٢٢ی مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بوو منداڵە چاو گەشەکانی بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزبی تازە لە خەو هەستابوونو لەبەر دەرگای ماڵەکان سەرگەرمی یاریبوون، تێکۆشەرانی حیزبی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی ڕۆژانەیان لە جموجۆڵدا بوون. کادرە دەرمانییەکانی نەخۆشخانەی ئازادی خەریکی دابەش کردنی کاری ڕۆژانەو پێڕاگەیشتنی نەخۆشو برینداەکان بوون. هێشتا دوکتور بەسەر بەخشەکان دا دەگەڕاو سەردانی نەخۆشو برینداەکانی دەکرد، لەو دەمەدا کە هیچ جۆرە مەترسییەک بۆ سەر گیانو ماڵی خەمخۆرانی گەلە زوڵم لێکراوەکەمان هەست پێنەدەکرا کتوپڕ چەند فڕۆکەیەکی بۆمب هاوێژی کۆماری ئیسلامی هاتنە سەر ئاسمانی ئەو مەڵبەندە، بنەماڵەو نەخۆشخانەو دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بە بۆمبی ناپاڵمو هێشوویی ئاوباران کرد. لەو پەلامارە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای زیانێکی زۆری ماڵی چوار تێکۆشەری حیزبەکەمان بە نێوەکانی شەهیدان مەحموود مەحموودپور، عەبدوڵا ڕەسووڵزادە، حوسێن شەمامی، ڕەسول عوسمانی شەهید کرانو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوون.

## شەهید مەحموود مەحموودپور:

ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی چەوساوەو زەحمەتکێشی ئاوایی "پاش بڵاغ"ی سەر بە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لەدایک بووە. ژیانی منداڵی مەحموود جیا لە ژیانی منداڵانی ئازلێ‌شێواوی ئەو سەردەمە نەبووە. بەهۆی نەبوونی خوێندنگە لە ئاوایی یەکەیان دەرگای خوێندنگا بەسەریدا نەکرایەوەو لە عیلم‌و زانست بێبەش کرا.

هەر لەو تەمەنی منداڵییەوە دەستی کرد بە کاروکاسبی لە شوانی‌و گاوانییەوە تا دەگاتە کرێکاری. بۆئەوەی سووکایی‌یەک بخاتە سەر ژیانی هەژاری بنەماڵەکەی هەرچی گەورەتر دەبوو ئەرکی سەرشانی قورستر دەبوو. ماوەیەک لە گاوداریدا کاری کردو دواتریش شانی دا بە کاری وەرزێری‌و بە درێژایی ڕۆژ ئارەقەی دەڕشت. ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییە وای کرد کە مەحموود زیاتر هەست بە چەوسانەوە بکاو هەوڵی خۆ ڕزگار کردن لەم مەینەتی‌یە بکەوێتە نێو مێشکی-یەوە، بەتایبەتی کاتێ زوڵم‌و زۆری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌و ئەو جیاوازی‌یەی نیسبەت بە گەلە بێبەشەکەی بەچاوی خۆی دەیدیت ڕق‌و قینێکی پیرۆز دەروونی هەڵدەقرچاند. هەربۆیە زیاتر لەوە نەیدەتوانی دەست لەسەر دەست دانێ‌و بە کردەوە هیچ هەنگاوێک نەنێ. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی هەڵبژاردو لە هێزی پێشەوادا سازمان درا. سەرەتا بۆ دیتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی – نیزامی حیزب کرا. پاش دیتنی دەورە بەهۆی تەنگو چەڵەمەی بنەماڵەیی، لەسەر ئیجازەی حیزب خۆی تەسلیم کردەوە، بەڵام پێش ئەوەی بگاتەوە ماڵی خۆیان لە ئاوایی "زیندوو قۆڵی" مەهاباد لەلایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە گیراو ڕەوانەی بەندیخانە کراو ماوەی شەش مانگ بێ‌سەرو شوێن کرا. پاشان بۆ زیندانی مەهاباد بەڕێ کراو دوای ٢مانگ ڕەوانەی زیندانی بۆکان کرایەوە، لە شاری بۆکان ماوەی ٦ مانگ ڕاگیراو دواتر ئازاد کرا. ساڵی ١٣٦٦ دیسان لەلایەن گوردانی ئیمام حسێن لە ئاوایی نۆبار گیرایەوەو بۆماوەی ٤ ڕۆژ لەژێر ئەشکەنجەدا بوو، بەڵام تۆزقاڵێک لە ورەو ئیمانی بەهێزی دانەشکاو دڵی هەر لە لای حیزب‌و هاوسەنگەرانی‌دا بوو. هەربۆیە ساڵی ١٣٧١ خۆی گەیاندەوە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزب‌و تێکۆشانی تەواو وەختی خۆی دەست پێکردو لە هێزی سامرەنددا سازمان درا.

مەحموود لاوی زەحمەتکێش لە ماوەیەکی کەم دا سەداقەت‌و لێهاتوویی خۆی نیشان داو سەلماندی کە پێشمەرگەیەکی ڕەوشت بەرزو وریایە. لەگەڵ هاوسەنگەرانی هەمیشە تەباو خۆش ئەخلاق بوو. بۆ هەر مەئموورییەتێکی حیزبی کە پێی سپێردرابا بەدڵ‌و بە گیان ئەنجامی دەدا. هەربۆیە هاوسەنگەرانی بە گشتی خۆشیان دەویست. بەڵام سەد مەخابن لەوە زیاتر مەرگ مەودای پێنەدا لەوە زیاتر خزمەت بە حیزب‌و گەلەکەی بکا.

ڕۆژی ٢٢ی ڕەشەممەی ١٣٧١ لە بنکەی دەفتەری سیاسی لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی کەوتە بەر بۆمباران‌و شەهید بوو.

## شەهید جەعفەری مەحموودپور:

دووهەمین شەهیدی بنەماڵە، ساڵی ١٣٥٥ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی پاشبڵاغی سەر بە ناوچەی "پیرمحەممە"ی بۆکان لەدایک بووە، ژیانی سەردەمی منداڵیی بە ڕەنج‌و کوێرەوەری بردە سەر. ڕۆژ هاتن‌و چوون جەعفەر بەخۆدا هاتو باو خۆشتر بوو تا تەمەنی گەیشتە کاتی ئەوەی کە بچێتە قوتابخانە، بەڵام بەهۆی بێدەرەتانی بنەماڵەکەی دەرگای قوتابخانەی بەسەردا نەکراوەیەوە. هێشتا منداڵ بوو کە دەستی بە کارو کاسبی وەک شوانی‌و گاوانی‌و وەرزێری‌و کرێکاری کردو شان بەشانی باوکی زەحمەتکێشی کاری دەکرد.

ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی لەلایەن ڕێژیمی ئاخوندی‌یەوە بە ئیجباری گیراو بۆماوەی ٢٧ مانگ لە شارەکانی عەجەب شێرو ورمێ‌و مەهاباد خزمەتی زۆرەملێی کرد. پاش تەواوبوونی سەربازی گەڕایەوە لای بنەماڵەکەی‌و ئەرکی پێڕاگەیشتنی بەخاوخێزانی بە ئەستۆوە گرت. هەر لەگەڵ کاری ڕۆژانەی‌دا بۆئەوەی مرۆڤێکی بەکەڵک تر بێ بۆ کۆمەڵگا لە کلاسی شەوانەدا دەستی بە خوێندن کردو هەتا پۆلی دووی‌خوێند. جەعفەر لە کوورەی ژیانێکی سەختو دژواردا قاڵ ببوو، هەربۆیە بە ئێسکو پێستو دەمارەوە هەستی بە چەوساندنەوەو بێبەشی دەکرد. چ لە قۆناغی ئیجباری‌دا و چ

لە دەورانی ژیانی رۆژانەیدا کە بە چاوی خۆی ئاکارو کردەوەی جینایەتکارانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەدی، رقو قینێکی پیرۆز لە دەروونی دا پەنگی دەخواردەوەو بەرەو سەنگەری خەبات هانی دەدا بەتایبەت کاتێ کە هەواڵی شەهیدبوونی مەحموودی برای بیست ئەوەندەی دیکە هەستی کوردانە لە ناخیدا زمانی کێشا. هەروەک بۆخۆی لە ژیاننامەکەیدا نووسیبووی "ئاواتم ئەوەیە کە لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا سەرکەوتوو بمو شان بەشانی کادرو پێشمەرگەکان هەتا وەدیهێنانی دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەم" هاوڕێ جەعفەر ساڵی ١٣٧٩ خۆی گەیاندە ریزی تێکۆشەرانی دیموکرات و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو لەنێو تێکۆشەرانی پارێزگاری رادیۆ دەنگی کوردستانی دا سازمان درا هەروەک بۆخۆی دەیگووت: " لەمێژ بوو ئارەزووم ئەوە بوو کە ببم بە پێشمەرگەو خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکەم." ئەرکی سەر شانی بەرێوە برد.

جەعفەر کوڕێکی هێدیو لەسەرخۆ و پێشمەرگەیەکی بە ئەزمو دیسیپلین بوو. ئەو تایبەتمەندییانەو زۆر تایبەتمەندی دیکە ئەویان کردبووە جێگای متمانەی هاوسەنگەرانی، بەڵام بەداخەوە رۆژی ٥ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨١ بەهۆی تەسادووفی ماشین گیانی لە دەست داو بە ناکامی سەری نایەوە.

## شەهید برایم خاتوونی



برایم خاتووتی ساڵی ١٣٣٠ لە گوندی برایم ئابادی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی دەست کورت و فەقیر لە دایک بوو. هەر لە بەر نەداری و فەقیری بوو کە نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو دەرس بخوێنێ. بۆیە لە منداڵی یەوە کەسێکی چەوساوەو زەحمەتکێش بوو، بۆ یارمەتی دانی بابی و بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی خەریکی کارو کوێرەوەری بوو. هەر کە تەمەنی گەیشتە ١٨ ساڵی بۆ ماوەی دوو ساڵان بردیانە سەربازی، بە دوای تەواو کردنی خزمەتی سەربازی دیسان دەستی کرد بە کرێکاری و زەحمەت کێشان. ناو براو ژیانی هاوسەری پێک هێناو ئەمجار ژیانی قورستر بوو و دەبوو زیاتر لە پێشوو خەریکی کارو کوێرەوەری بێ بە ناچاری بۆ ماوەیەک رووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کرد بۆ کارو کاسپی و توانی سەرمایەیەک بە دەست بێنێ و ماشێنێکی پێ بکڕێ و بەو ماشێنە خەریکی موسافیر کەشی بوو، تا رادەیەک ژیانی بنەماڵەکەیان بەرەو باشی رۆیشت.

لە راپەرینی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بە دژی رێژیمی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش و سەر هەڵدانی حیزبە سیاسیەکانی ئێران و بە تایبەتی سەر هەڵدانەوەی دووبارەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، برایم خاتووتی یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەستی کوردایەتیی تێدا بە هێز بوو و دڵی بۆ ئازادیی گەلەکەی لێ دەدا هەر بۆیە لەگەڵ چەند کەسی دیکەی لە رەفیقەکانی، کە ئەوانیش هەر وەک ئەو دڵیان بۆ کوردایەتیی و ئازادیی گەلەکەیان لێ دەدا لە برایم ئاباد چەکیان کڕی ئەو چەند کەسە بە چەندین جار سەردانی شاری مەهابادیان کردوو چوونە


لای شەهید سەرگورد عەباسی و ناو نوسیان کرد وەک هێزی بەرگری حیسابیان بۆ کردن و هەتا داوایان کرد کە حیزب بنکەیەکی لە برایم ئاباد دابنێ.

سەرئەنجام هێزە دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی لە بە هاری ساڵی ١٣٥٩ ئەو ناوچەیان گرتەوەو برایم خاتووتی و ڕەسمەن لە هێزی بەیان بوو بە پێشمەرگەو لەو هێزە سازمان درا.

شەهید برایم خاتووتی کوڕێکی زۆر مەشرەف خۆش و دەم بە پێکەنین و قسە خۆش بوو بە دائیم کۆڕی ڕەفیقەکانی بە نوکتە و قسەی خۆش دەڕازاندەوەو هەمیشە کەسێکی شاد بوو. برایم لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو کات لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی کوردستان دژی هێزی دوژمن بەشداری چالاکانەی دەکرد شەرەکانی ماین بلاغ، تاغیاباد وجادەی میاندواو بۆکان بەڵگەیەکی چووکە لە ئازایەتی ناوبراون.

سەرەنجام ئاخرین فیداکاری ئەو لە رۆژی ٢٢ / ٨ / ٦٠ لە سەر جادەی بۆکان ـ میاندواو لە گوندی حوسێن مامە بوو کە پاش شەڕێکی قارەمانانە بە داخەوە کەوتە بەر گوللەی کۆنە پەرستان بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

## شەهید عێزەدین حوسێنی



لە ساڵی ١٣٣٩ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی نەتەوەیی، ئاینی لە دایک بوو. هەر لە سەرەتای منداڵیەوە دەرسی نیشتمان پەروەریەکانی لە باوکی فێر بوو. سەید حەکیم باوکی شەهید عێزەدین لەو مامۆستا نیشتمان پەروەرانە بوو کە سوێندیان بۆ پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان خوارد بوو. بۆیە هەتا سەر وەفادار بە سوێندەکەی بوو و عێزەدینی شەهیدیش بەو بڕوا پتەوە تیندرا بوو. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە بۆکان بە سەرکەوتنەوە تێپەر کرد و قۆناغی دەبیرستانیش لە شاری مەهاباد دەست پێ کرد

لە ڕاپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران قۆناغی دەبیرستانی تەواو کرد. هەر ئەو ساڵەش لەزانکۆ وەرگیرا. بەڵام بەهۆی ئەوەی عێزەدین هەمیشە خۆشی گەلەکەی بە سەر خۆشی خۆیدا تەرجیع دەدا. بەشداری لە زانکۆی شۆڕشی هەڵبژاردوو تێکەڵاوی خەباتی میللی دیموکراتیکی نەتەوەکەی بوو. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٥٨ هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتەوە. هەر ئەو ساڵانە عێزەدین بە شداری چالاکانەی لە شەڕەکانی 3 مانگەو سەقز و هەوشار و جادەی میاندواو بۆکان دا کردو ئازایانە بەرەنگاری دوژمنانی گەل بۆوە.

تایبەتمەندی یەکی دیکەی عێزەدین ئەوە بوو کە بواری نەتەوەی زۆر بەلاوە گرینگ بوو. جارێک لە شەڕ لەگەڵ دوژمن برینداربوو، عێزەدین شەهید بڕوایەکی پتەوی بە کوردستانی گەورە بوو. هەر ئەو هەستە نەتەوایەتییەش بوو کە گڕو تینی خستبۆوە جەستەیەوە. وتەکانی شەهید بوونی وەک دێموکڕاتێکی دڵسۆز بە ڕێبازی حیزبەکەی بە دڵێکی گەورەو بە باوەشێکی ئاوەڵاوە حەولی دەداو ماندوو نەبووانە تێدەکۆشا. چۆن باوەڕی وابوو کە گەلەکەی رۆژێک لە رۆژان، بە ئازادی دەگات و زەحمەتەکان بە فیڕۆ ناڕوات.

عێزەدین هەر لە منداڵیەوە چینی زەحمەتکێشی خۆش دەویست بۆیە تێکەڵاویان بوو. لە ناوچەی فەیزوڵابەگی وفەرهادتاش بوو بە ناسراوی زەحمەتکێشانی ئەو مەڵبەندە. پاشان سالی ١٣٦٢ لە سەر بریاری حیزب ناردرا شارو وەک بەرپرسی تەشکیلاتی شار دیاری کرا. ئەو بەرپرسایەتی یەی بە دڵ و بە گیان قەبووڵ کردو گەڕاوە شاری بۆکان، ئەو لە نێو شار دا لە گەڵ لاوان پێوەندی گرت و تەشکیلاتێکی رێک و پێکی دامەزراند بەڵام زۆری نەکێشا پاش ساڵێک لە لایەن رێژیمەوە شناسایی کراو سەر لە نوێ خۆی گەیاندەوە ریزی تێکۆشەرانی حیزب وەک کادری ناوچەی ئاڵەشین وفەرهاد تاش دیاری کراو بوو بە خۆشەویستی خەڵکی ئەو ناوچانەو بە گیان و بە دڵ ئەرکی حیزبی بە جێ دەکرد.
لە ئەنجامی مەئمووریەتی حیزبی رۆژی ١٩ / ٦ /١٣٦٤ لە گوندی کەرێزان لە لایەن رێژیمەوە گەمارۆ دەدرێن پاش شەرێکی قارەمانانە بریار دەدەن خۆ تەسلیم نەکەن تا دوا فیشەک شەڕ دەکەن مردن بە سەر بەرزی یان هەڵبژاردو خۆیان تەسلیم نەکرد تا دوا فیشەک شەریان کردو لە گەڵ دوو هاوسەنگەری دیکە بە ناوەکانی عەولا دووژنە و سمایل رەزایی دوای لە بین بردنی ئەسنادی تەشکیلاتی ئاخرین گوللەیان لە مێشکی خۆیان داو بە سەربەرزی سەریان نایەوەو شەهید بوون.

## شەهید رەحیمی سۆفی



لە ساڵی ١٣٤٢ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی کۆرپەیەکی جوان و چاو گەش و دڵ پڕ لە هیوا لە دایک بوو.رەحیم تەمەنی ٧ ساڵە بوو ناردرایە بەر خوێندن و تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی چووە مەدرەسەو پاشان دەستی لە خوێندن هەڵگرت و رووی کردە سەنعەت و، جۆشکاری بوو بە هاورێی رەحیمی زەحمەت کێش. وەستایەکی تازە کار، لە بەر کەم بوونی کارو داهاتی رۆژانە رووی لە هەندەران کردو چووە شاری تاران و لە شیرکەتێک دەستی بە کار کردن کرد. پاش چەند ساڵ کارکردن لە وێش را چووە بندر عەباس ماوەیەکیش لەوێ کاری کرد. تا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی١٣٥٧ دەستی پێکرد رەحیم بە پەلە خۆی گەیاندەوە شاری بۆکان هەر لە یەکەم خۆ پێشاندانەکانی شاری بۆکان بەشداری کرد زۆر چاو نەترسانە و ئازایانە لە هەموو خۆ پێشاندانەکان دژی چۆماغ بە دەستەکانی حەمە رەزا شادا چالاکانە بەشداری کرد. لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران رەحیم لە شاری بۆکان دەستی دایە چەکی شەرەف و هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە بوو بە پێشمەرگە. بە هۆی کەم تەمەنی چووە نێو ریزی یەکێتی لاوانەوە و لە وێ سازمان درا رەحیم هەر لە گەڵ ئاشنا بوون بە چەک لەو بە شەشدا بە هەق زۆر زوو دەری خست کە کوری رۆژی تەنگانەیە بۆیە لە شەرەکانی جادەی سەقز بۆکان، شەری نێو شاری بۆکان، جادەی میاندواو- بۆکان و شەرەکانی دیکەی ناوچەی بۆکان کە رێژیم هەموو رۆژێک هێرشی دەکردە سەر کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لە شەری سێ مانگە زۆر چالاکانە بەشداری کرد و پاش داگیر کردنی شاری بۆکان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیەوە لە ساڵی ١٣٦٠ رەحیم چووە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا لەلکی ٢ی ئەم هێزە سازمان درا لەم هێزەشدا رەحیم وەک کورێکی زۆر دڵ سۆز و جێگای متمانە و بە بیرو

باوەڕو ئازاو نەترس خۆی نیشان دا زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هاوڕێکانی و جێگای خۆی لە نێو دڵی هەموویان دا کرد بۆوە رەحیم لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد دا بەشداری کرد لە شەڕەکانی شامات و شاروێران شەڕی نێو شاری بۆکان لە ساڵی ٦٢ دا بەشداری کرد. بە هۆی ئازایەتی و لێوەشاوەیی کرا بە جێگری پەل و لە هەر شەڕێک کە رەحیم لە گەڵ بایە دەبووە مایەی ورەو توانا بۆ هاوڕێیەکانی وئازایانە هەلی دەکوتایە سەر کۆنە پەرستانی دژ بە ئازادی گەلەکەمان.

سەرئەنجام لە ڕۆژی ١٠ / ٩ / ١٣٦٢ کادرو پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا لە گوندی" عەولاباد" سەر بە ناوچەی مەهاباد کەوتنە شەڕێکی نا بەرابەرو دەستە و یەخە و قورس لەم شەڕەدا کارێکی وایان بە هێزی رێژیم کرد بە دەیان کەسیان لێ کوژراو بریندار بوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامیان بە تەواوی لەو شەڕەدا بە چۆک داهێناو زۆریان لێ بە دیل گیراو هێزی تێک شکاوی کۆماری ئسلامی کە لە روو بە رووبونەوەدا لە ئاستی هێزو ورەو بیرو باوەڕی پێشمەرگە زۆر زوو بە چۆک دا دەهات دەستی کرد بە ئاور بارانێکی توندو بێ پسانەوەی تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا بارانی سەنگەری پێشمەرگەکان، لە ئاکامی ئەم تۆپ بارانەدا بە داخێکی زۆر گرانەوە خۆمپارەیەک دەکەوێتە نێو پۆلێک لە پێشمەرگەکان و٩ کەس لە پێشمەرگەکان تێکەڵ بە کاروانی پڕ لە سەروەران بوون و چوونە ریزی شەهیدانەوە کە یەکێک لەو شەهیدانە خۆی کردە قوربانی بۆ گەل‌و نیشتمانەکەی رەحیم سۆفی بوو.

## شەهید قادر مسقەتی



زۆرن ئەو کەسانەی هەر لە منداڵی یەوە، بە هۆی بێ دەرەتانی ژیانی ناخۆشیان بوو و نەیان توانی وەک زۆربەی، ئینسانەکانی سەر رووی تۆپی زەوی مێشکیان بە عیلم زانست بار بێ بەڵکوو گۆشەیەکیان لە دەردی نەتەوەکەیان چارە سەر کردبووایە. رێژیمە زۆر دارەکان هەمیشە ئەو رێگایەیان لە خەڵکی چەوساوە بەستووە و هێشتوویانەتەوە بۆیە ئەو کەسانە هەر چەند رێگای قوتابخانەیان لێ دەبەسترێ بە لام کۆڵ نادەن و دژی زۆرداری و نەداری دەوەستنەوە یەکێک لەو کەسانە قادر مسقەتی یە.

قادر لە ساڵی ١٣٤١ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژار چاوی بە دنیای روون کردەوە بەرە بەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کراو وەک شاگردێکی زیرەک وانەکانی دەخوێندو تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێند دواتر بە هۆی وەزعی خراپی ئابووری بنەماڵە نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداو وێڕای ئەندامانی بنەماڵەی دەستی بە کاری کرێکاری کرد.

لە ساڵی ١٣٥٧ شان بە شانی خەڵکی شاری بۆکان بۆ رووخاندنی حکومەتی پاشایەتیی راماڵینی تەختی زۆرداری لەخۆپێشاندانەکاندا بەشداریی

چالاکانەی کرد، تا بۆ وەدی هێنانی سەر کاری حکومەتێکی خەڵکی، گەلی کورد بە مافی ڕەوانەی خۆی بگا. بەڵام بەدەست بەسەر داگرتنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە لایەن ئاخوندەکانەوە نەک هیچ کام لە ئاواتەکانی نەهاتە دی بە ڵکوو نەتەوەکەشی کەوتە بەر پەلاماری لە شکری خومەینی.

بۆیە قادری لاو ریزی شۆڕەسوارانی دێموکراتی هەڵبژاردو لە ساڵی ١٣٦٠ بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لیباسی پڕ لەشانازی پێشمەرگایەتیی لە بەر کرد. لاوی تازە پێ گەیشتوو بە دنیایەک ئاواتە ئارەزو شان بە شانی هاوسەنگەرانی بۆ ئەرکی حیزب لە ناوچەکانی بۆکان دا جەولەی لێ دەدا.

لە شەڕەکانی سەقز، بۆکان، فەیزوولابەگی، نێو شاری بۆکان، پایەگای کوچکی سەرێ و" ئەختەتەر" جێگا پەنجەی دیارەو قارەمانی نێو سەنگەر بوو. لە نێو هاوسەنگەرانی دا خۆشەویست بوو ڕێزیان لێ دەگرت و وەک کوڕێکی بە دیسیپلین چاویان لێ دەکرد.

ڕۆژی ٢٦ / ٤ / ١٣٦١ بە پێی بەرنامەیەکی دیاری کراو پێشمەرگەکانی هێزی بەیان چوونە ناو شاری بۆکان پاش ١٢ سەعات شەڕ لە ناو شار کە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژرا. بە داخەوە قادر مسقەتی لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی محەمەد ئاقابیگی، برایم ئەمینی، عومەر قادری، حامید لەشکری، شەهید بوون وگیانیان کردە پردە بازی نەتەوەکەیان.

## شەهید تاهیر ئەمینی



مێژوویی مرۆڤایەتی پڕە لە ناوی مەزنی ئەو مرۆڤە گەورانەی کە تاسە باری ئازادی بوون و ژیانیان بە بێ ئازادی نەویستووە. ئەو کەسانەی کە بە تێگەیشتن لەو ڕاستیەی"کە مرۆڤ شیاوی ژیانێکی ئازادو سەربەستەو ژینی دیلێتی مەرگێکی بە جوڵەیە" ڕاپەڕیون لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا. دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆ وەدیهێنانی ئازادی و خەونە سەوزەکانی مرۆڤ خەباتیان کردووە بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە وانەیە خۆیان هیچ کات بەروو بوونی ئەم دارە پیرۆزەیان بە قسمەت نەبێت کەچی دیسانیش بە تین وگوڕتر لە جاران ڕێگەی سەخت و پڕ لە کەندو لە روو هەڵدێرو گەورەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە ڕانەپەڕیوون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن بە ڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازاد کردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەبات و بەر خۆدانیان گرتۆتە پێش و ئیمانیان بەو ڕاستیە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندوویانە کوێر نابێتەوەو پڕ ڕێبوار تر لە پێشوو، دەبێتە ڕێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو. ئازادی لە فەلسەفەو ڕوانگەی ئەو مەزنە مرۆڤانەوە، گەلێک واتەی هەیە کە خەبات خۆی بە شێکە لە ئازادی و واتایەکی قووڵە لە ژیان.

مێژووی خوێناوی نەتەوەی کورد پڕاو پڕە لە ناوی پڕ لە شانازیی ئەو شەهیدانەی کە دایکی نیشتمان شانازییان پێوە دەکا. یەکێک لەو شەهیدە سەر بەرزانە شەهید تاهیری ئەمینی یە. تاهیر ئەمینی لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی کەرێزە لە دایک بووە. گوندەکانی ئەو سەردەمی

کوردستان لەو پەری بێ ئیمکاناتو هەژاریدا دەژیان هەر بۆیەش خوێندنو قوتابخانەو پێشکەوتن و تەنیا بە شی تاقمێکی بژاردەو دەست رۆیشتوو بوو. لەوەها دۆخێکدا تاهیر ئەمینی وەک زۆری دیکەی هاوتەمەنەکانی خۆی بە هۆی نەداری بنەماڵەوە قوتابخانەی لێ بوو بە خەونێکی بە تاڵ و نەیتوانی دەرس بخوێنێ. لە ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی تاهیر بە باوەڕێکی پتەو و جۆش و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەوە هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

لەو ساڵانەدا هێرشی جەنایەتکارانی دژە کوردی ( ئیسلامی ئێران) بۆ کوشتن و قەلاچۆی شارو گوندەکانی کوردستان لەو پەڕی خۆیدا بوو. ئەو جەنایەتکارانەی کە گڕی بە لرفەی قینو رقیان تەنیا بە خوێنی کورد دادەمرکا وە هەر رۆژەو هەر سەعاتەی لە ئاواییەک و لە شەقامی شارێک یا قوژبنی ماڵو کۆلانێک سینگی گەنج و پیرانی نەتەوەی کوردیان کونکون دەکرد، تاهیری پێشمەرگە دژی ئەو ستەم بێدادیانە راپەڕی بوو.

ئەو دەیزانی کە وەک و مرۆڤێک ئەرکی سەر شانێتی لە بەرامبەر دوژمنە داگیر کەرو جەنایەتکارەکانی کوردستان دانابێ بێ دەنگ بێ و دەست لەسەر دەست دابنێ. لە شەڕەکانی بۆکان سەقز شاری کەند و نێو شاری بۆکان حماسەی خوڵقاند.

بە داخەوە تاهیر ئەمینی لە رێکەوتی ٢٩ / ٥ / ١٣٦١ لە هێرشی جەنایەتکارانەی کورد کوژانی ئیسلامی ئێران بۆ سەر گوندی بۆغدەکەندی کە بە دەیان کەس لە دوژمن کوژران و بریندار بوون لەو شەڕە دا وێڕای هاوسەنگەرێکی بە ناوی محەمەد قادری کە ئاخرین فیداکاری ئەو بوو شەهید بوون. رێگای تاهیر ئەمینی و شەهیدەکانی دیکەی نەتەوەکەمان هەروا پڕ لە رێبواری بە ئەمەگ وماندوویی نەناس دەبێ و ئەم کاروانە تا نەگا بە ئامانج ناوەستێ.

## شەهید ئیسماعیل ئیبڕاهیم پوور



نەتەوەی کورد بە بارتەقای بالای مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی خۆی دا، ماندوو نەناسانە درێژەی بە تێکۆشان داوەو لە بەرانبەر زەبرو زەنگ و ئیعدام و رەشەکوژی و سەرکوت و خەفە قان دا، ملی بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران را نەکێشاوەو بە چۆک دا نەهاتووە. رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لێ بڕاوانەو بە ئیمانێکی پۆلاینەوە درێژەیان بە خەبات داوەو لە پێشکەش کردنی گیانی پاکیان بۆ دابین کردنی ویست و داخوازەکانی نەتەوەیی یان بەر چاو تەنگ نەبوون.

یەکێک لەو رۆڵە فیداکارانە، شەهید ئیسماعیل ئیبڕاهیم پوورە، شەهید ئیسماعیل لە ساڵی ١٣٤٦ ی هەتاویدا لە گوندی "سەید ئاوای قاجر" سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووە. هاوڕێ شەهید ئیسماعیل ئیبراهیم پوور بە هۆی سەختی ژیان، بواری خوێندنی بۆ نەڕەخساو نەیتوانی پێ بنێتە قوتابخانە. پاش بە لاڕێدا بردنی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لە لایەن دژی گەلی یەکانی کۆماری ئیسلامی، لە گەڵ خەبات

و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئاشنا دەبێ و لە ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی دا بڕیاری یەکلا کەرەوەی خۆێ دەداو دێتە ریزی خەباتگێرانی دێموکرات و لە قوتابخانەی کوردایەتی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەکاتە بەرو لە هێزی بەیان دا سازمان دەدرێ. وەک کوڕێکی دڵسۆز لەو هێزەدا خزمەتی کرد لە پێناو ئامانجی نەتەوەکەی دا لە هیچ فیداکاری یەک درێخی نەدەکرد.
لە شەڕە گەورەکانی ناوچە، وەک نێو شاری بۆکان و جادەی میاندواو، بۆکان و سەقز، بۆکان لە سەنگەری پێشەوە دا شەڕی دەکرد.
شەهید ئیسماعیل لەماوەی تەمەنی خەباتگێڕی و تێکۆشانی خۆێ دا گەلێک قارەمانەتی بۆ حیزبو نەتەوەکەی تۆمار دەکاو وەکو میرات بۆ بزافی نەتەوەی کوردستان بە جێ یان دەهێڵێت. لە ڕێکەوتی ٢٨ / ٦ / ١٣٦١ لە هێرش بۆ سەر پایەگای "شاریکەند" بە ئێنی خۆی بە خاک و نەتەوەکەی دەباتە سەرو گیانی پیرۆزی خۆی پێشکەش بە خاکی ڕەنگینی وڵات دەکا. لە کاتی هێرش کردن بۆ سەر موڵگەی شاریکەند شەهید بوو.
نەتەوەی کورد لە پێناو ڕزگاری وڵات زۆر قوربانی بە نرخی داوەو نەمامی ئازادی بە خوێنی لاوەکانی پاراوە کردوە. ئەو لاوە بە هەستانەی کە:

| | |
|---|---|
| پۆڵای خاراوی کوورەی خەباتن | گیانیان لە پێناوی خاکی وڵاتن |
| بە بێ سەر بەرزی ژیانیان ناوێ | سینە قەڵغانی کوورەی خەباتن |

بەرزو پیرۆز بێ یادی هاوڕێی شەهید ئیسماعیل ئیبراهیم پوور و سەرجەم شەهیدانی هاوسەنگەری، بەردەوام بێ خەبات و ڕێبازی پڕ لە سەروەری یان.

## شەهید ڕەحمان ڕەحیمی



تا چەوساوان و لە کۆڕی خەبات و بەربەرەکانی کردن دا کۆ نەبن و لە بەرامبەر پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ دا ڕانەوەستن و بە گژ ناهەقی دا نەچنەوە، تا وڵات پارێزان سینگیان بە گوللەی شەو پەرستانی دڵ ڕەقو قین لەزگ و دوژمنانی ئازادی یەوە نەنێن، تا لاوە بە هەست و خوێن گەرمەکان پۆل پۆل نەبنە قوربانی ویست و داخوازە لە مێژینەکانیان، تا لێشاوی فرمێسک و خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلان و تەخت و بەختی سەر کوتکەران را نەماڵێ، ئازادی و بەختەوەری نایەتە بەرهەم.
شەهید ڕەحمان ڕەحیمی، ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە بۆکان، لە دایک بوو. شەهید ڕەحمان خاوەنی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش بوو بەو

هۆیەوە توانی تەنیا تا پۆلی دووەمی راهنمایی درێژە بە خوێندن بدا. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا، پەیوەندی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە دەگرێ و لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەکاتە بەرو لە هێزی "بەیان" دا سازمان دەدرێ. شەهید رەحمان لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی خۆیدا بە ئیمان و بروایەکی قووڵەوە ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. لە زۆربەی شەڕە حەماسی یەکانی ناوچەدا بە شداری چالاکانەی کردووە و داستانی حەماسەو بوێری بۆ مێژوویی حیزبو نەتەوەکەی تۆمار کردووە. شەڕەکانی داشکستان، نێو شاری بۆکان، حسێن مامە شاهیدی ئازایەتی ئەو شەهیدە سەر بەرزەن.

روون و ئاشکرایە کە مێژوویی پڕ لە شانازی و پڕ لە سەروەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کردەوە نیشانی داوە کە لە رابردووی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ لە فرمێسک و خوێن و دارماڵ لە حەماسەو خۆ راگریی خۆی دا، پشت ئەستوور بە پشتیوانی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان و هێزی باسک و دەست و مەچەکی رۆڵە فیداکارەکانی، لە بەرانبەر رێژیمە دژ بە کوردە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەمان دا، درێژەی بە خەبات داوەو ماندوویی نەناسانە بەرەو ترۆپکی رزگاری هەنگاوی ناوەتەوە.

رەحمانیش لەو چوار چێوەیەدا سەرئەنجام بە ئێنی وەفاداریی بە حیزب و نەتەوەکەی بردە سەرو بە روو سووری دەستە ملانی خاکی پیرۆزی وڵاتەکەی بوو لە رێکەوتی ٩ / ١٠ / ١٣٦٠ لە گوندی "هۆرتەکەند" لە شەڕ دژی داگیر کەرانی کوردستان شەهید کرا. بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهید رەحمان رەحیمی و هەموو شەهیدانی حیزب و نەتەوەکەمان، بەردەوام بێ رێبازی پڕ لەسەروەری یان تا گەیشتن بە ئامانجی بەرزیان.

## شەهید برایم ئەمینی



نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو بۆ وەدی هێنانی ئامانجی نەتەوەکەی، ماندوویی بە خۆیەوە دیوەودرێژەی بە خەبات داوە و دژی زەبروزەنگ وەدەربەدەری و ئێعدام و رەشەکوژی بووە و ملی بۆ داگیر کەران و چەوسێنەران رانەکێشاوەو بە چۆک دانەهاتووە. لاوانی ئەو نەتەوەیە لێ براوانەو بە ئیمانی قایم خەباتیان درێژە داوە گەورەترین سەرمایەی ژیانیان کە گیانیانە لە دەستیان داوە.

برایم ئەمینی لە ساڵی ١٣٣٦ لە شاری بۆکانی رازاوە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و هەژاری سەردەم لە دایک بوو. برایم لە تەمەنی ٧ ساڵی دەفتەرو قەڵەمی بە دەستەوە گرت و وێڕای منداڵانی هاوتەمەنی گەڕەک چوو بۆ قوتابخانە. تا پۆلی یەکی ناوەندی دەرسی خوێند. بە هۆی وەزعی نالەباری ئابووری دەستی بە کار کرد تا بتوانێ ژیانی باشتر بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا.


لە ساڵی ١٣٥٧ لە ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی بە شداری کرد و کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران بە خەباتی یەک پارچەیی هەموو چین توێژەکانی کۆمەڵی ئێران سەرکەوت و حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد برایم رووی کردە بنکەکانی حیزب و لە شاری بۆکان لیباسی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی لە بەر کردو وەک پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسپیلین ئەرکی خۆی بە جێ دەگەیاند. برایم تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان نەبوو بەڵکوو لە باری هونەری یەوە لاوێکی بە توانا بوو لەو بوارەش دا خزمەتی بە هونەر دەکرد.

بە هۆی هەڵسووری و ئازایەتی برایم لە شەڕەکانی، داگیرکردنی شاری بۆکان لە لایەن ڕێژیمەوە، جادەی بۆکان- میاندواو، نێو شاری بۆکان، داربەسەر، ناوچەی ئاڵەشین و قارەمانەتی نواندوو بوو بە هۆی ئەوە کە زیاتر لە نێو هاوسەنگەرانی خۆشەویست بێ.

سەرەنجام برایمی ماندوو نەناس لە ڕۆژی ٢٦ /٤ /٦١ جارێکی دیکە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان چوونە ناو شاری بۆکان لە شەڕێکی ١٢ سەعاتە دا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە ڕێژیم کوژراو بریندار بوو بە داخەوە لەو شەڕەدا برایم ئەمینی لە گەڵ چوار هاوسەنگەری دیکەی گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد. یادی شەهیدان برایم ئەمینی، حامید لەشکری، قادر مسقەتی، محەمەد ئارامش و عومەر قادری بە ڕێز بێ و ڕێگایان تا سەرکەوتن پڕ ڕێبوار بێ.

## شەهید محەممەد مەحموودی

### ناسراو بە( محەممەد کانی عەلی گردە)



لە ساڵی ١٣٤١ لە گوندی "کانی عەلی گردە" سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر و زەحمەتکێش لە دایک بوو ئەو کات فەقیری بە جۆرێک باڵی بەسەر بنەماڵەدا کێشا بوو کە نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو هەر وا لە خوێندن بێ بەش مایەوە. بەرە بەرە کە گەورە بوو وەک نێر منداڵێکی تازە پێ گەیشتوو لە شی ناسکی لە گەڵ مووچەو مەزرا خاراو شەوو ڕۆژی لە مووچەو مەزرا و لە کوێرەوەری تێ پەڕ دەکرد.

هەر چەند سەوادی نەبوو بەڵام زیرەک و وریا بوو لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو. بەروخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی شایی لە دڵ دەگەڕا لە ساڵی ١٣٥٧ بە دوایی هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخووندی و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات، هەستی کوردایەتی لە هزرو مێشکی ڕیشەی داکوتاو بۆیە بێ سێو دوو لێ کردن ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتی هەڵبژاردو لە هێزی بەیان سازمان درا.

ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەی کورد زوو جێگای خۆی هاوسەنگەرانی وخەڵکدا کردەوە وەک قارەمانێکی مەیدانی تێکۆشان وخەبات ناو بانگی دەرکردوو ناوبانگی محەممەد کانیعەلیگردە کەوتە سەر زمانانو بە هەموو پێشمەرگەکان بە چاوی ڕێزەوە چاویان لێ دەکرد.

محەممەد لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان ئازایەتی نواند و بە تایبەتی لە نێو شاری بۆکان، سەراوە جادەی بۆکان ـمیاندواو، پایەگای "کوچک "لە سەنگەری پێشەوەدا بوو ئەو تایبەتمەندیانە زۆر تایبەتمەندی دیکە وای کرد محەممەد وەک سەر پەل دیاری کرێ. ئەو لەو مەسئوولییەتەش دا زۆر روو سوور هاتە دەرو هەر ئەرکێکی پێیان ئەسپارد بوایە بە گیان و بە دڵ بە رێوەی دەبرد.

لە رۆژی ۲۴ / ۶ / ۱۳۶۱ رێژیمی کۆنە پەرستی ئاخوندی بە هێزی زۆرەوە پەلاماری گوندی شاریکەندی دا پاش ۱۴ سەعات شەڕی گەرم کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزی دوژمن کوژراو بریندار بوو لە گەرماو گەرمی شەڕ بە داخەوە محەممەد مەحموودی ناسراو بە محەممەد کانی عەلی گردە لە گەڵ هاوسەنگەرێکی دیکە بە ناوی قادر عەبباسی کەوتنە بەر گوللەی داگیر کەران شەهید بوون و بە خوێنی سووری خۆیان خاکی نیشتمانیان رازاندەوە.

## شەهید جەماڵ بەهرامی



لە ساڵی ۱۳۳۷ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەر چاوی بە دنیایی روون هەڵێنا. وەک هەموو لاوانی سەردەم لە ۷ساڵی رەوانەی قوتابخانە کرا. جەماڵ قوتابی یەکی زیرەک و وشیار بوو لە وانەکانی دا زۆر زیرەک بوو ئەو تا وەرگرتنی دیپلۆم زۆر بە جوانی دەرسی خوێند و وەک نموونە چاوی لێ دەکرا چونکی قوتابی یەکی رێک و پێک و لە سەر دڵان بوو هەموو مامۆستاکان خۆشیان دەویست. لە نسکۆ هێنانی شۆڕشی باشوری کوردستان لە ساڵی ۱۳۵۴ دیپلۆمی وەرگرت بەڵام غەمی نەتەوایەتی هەموو لە شی داگرت پاشان ۲ ساڵ دواتر وردە وردە ئاواتەکانی هاتە دی و سەر ئەنجام لە ساڵی ۱۳۵۷ رۆڵی بەر چاوی لە خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی دا هەبوو. بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات و دامەزراندنی رێکخراوی حیزب لە بۆکان، پەیوەندی بە حیزبە وەرگرت و وەک لاوێکی بە هەست تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد. لەزۆربەی مەئمووریەتەکانی حیزبی بەشداری کردووە هەر زۆر زوو وەک لاوێکی بە هەست و ئازاو قارەمان جێگای خۆی لە ریزی هاوسەنگەرانیدا کردبووە.

جەماڵ لاوێکی ژیرو وریاو رووح سووک بووە سەرتاسەری وجوودی ئیحساساتی شۆڕشگێرانە بوو، ئازاو بە جەرگ و نەترس بوو ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزب و رێبازی بزووتنەوەی نەتەوەکەی هەبووە بە نەزم و دیسیپلین بوو لە شەڕەکان دا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو ئەو تایبەتمەندی و زۆر تایبەتمەندی دیکە وای کرد کە قارەمانی نەتەوەکەمان مەسئوولییەتی پێ بسپێردرێ وەک سەر پەل، لەو کاتەدا کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانی پەلامار دەدا دیاری کرێ. جەماڵ زۆر ئازایانە ئەو مەسئوولییەتەی وەرگرت. قارەمانەتی لە شاری سنە لە شەوی نەورۆزی ۱۳۵۹ دا وەک لاپەرێکی زێرین لەکارنامەی پێشمەرگەی دێموکڕات، جێی خۆی کردەوە.

لەومەسئوولییەتە هەموو وزەو توانایی و پسپۆڕی خۆی بەکار هێناو هەوڵی دا بە یارمەتی فەرماندەرانی دیکەی هێزی بەیان لەو سەردەمەدا نموونەی هێزەکە بێ. بە فەرماندەری جەماڵو قاسم باقی، حەسەن جەمشیدی، برایم ئوف و کەریم فەرامەرزی و ناسر باریک دەیان عەمەلیات قارەمانانە لەو مەڵبەندە کراو سەدان کەس لە بە کرێگیراوانی ڕێژیم کوژران. ئەو لە کاتی تەنگانەدا خۆی نەدەدۆڕاند، بێجگە لەوە قارەمانێکی نێو سەنگەر بوو وەک فەرماندەیەکی سیاسی پێشمەرگەی فێری مەسەلە سیاسییەکان دەکرد.

ئاخرین حەماسەو فیداکاری جەماڵ ڕۆژی ۲۸ / ۲ / ۱۳۶۱ لە جادەی بۆکان – مەهاباد لە گوندی قەرەکەند بوو کە زۆر ئازایانە پەلاماری دوژمنی تێک دەشکاندو ماوەی ۳ ڕۆژ بەر بەرەکانی کرد بە سەدان کەس لە هێزی ڕێژیم کوژران لە ڕۆژی سێهەم دا بە داخەوە جەماڵ بەهرامی قارەمان لە گەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی یوسف ئەحمەد دوژمن خەڵکی ڕەحیم خان و جەهانبەخش ئەیوبی خەڵکی بیجار شەهید بوون و ڕێگای دوورو درێژیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

## شەهید جەهانبەخش ئەیوبی




لە ساڵی ۱۳۴۱ لە شاری" بیجارِ" لە دایک بوو بە هۆی وەزعی ژیانی بنەماڵەی توانی تا سێهەمی سەرەتایی دەرس بخوێنێ پاشان وازی لە خوێندن هێناوە و شانی بەرکاروکاسپی دا.

لە ساڵی ۱۳۵۷ لە ڕاپەڕینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران لە دژی حکومەتی حەمە ڕەزا شادا بە شداری چالاکانەی کرد بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، بیرو هۆشی بۆ لای کوردایەتی ڕا کێشا. هەر بۆیە بەهاری ۱۳۶۰ خۆی گەیاندە شاری بۆکان و لە هێزی بەیان بوو بە پێشمەرگە. جەهانبەخش ئیمانی خۆی بە ڕێبازی پیرۆزی حیزبەکەی هەر لە یەکەم چالاکی پێشمەرگانەی خۆی لە گەڵ هاوڕێیانی لە عەمەلیاتەکانی ناوچەی بۆکان دا نیشان دا. لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچە بە شدار بوو لە شەڕەکانی بۆکان – میاندواو-گوردانی هەوا بووردی ۸۰۱ شیراز و ناوچەی فەیزوولابەگی و زۆر شەڕی دیکە بەشداری چالاکانەی کرد. ناو براو کوڕێکی زەحمەتکێش و ماندوو نەناس بوو هەمیشە بیری لای حیزبو سەرکەوتنەکانی بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی زۆر خۆش ڕەفتارو بە ئەخلاق بوو.

ئاخرین حەماسەی جەهانبەخش لە ڕۆژی ۲۸ / ۲ / ۱۳۶۱ لە گوندی قەرەکەند بوو. سێ ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە جۆرێک بە سەر دوژمندا زاڵ بوو وەک هەمیشە دوژمن لە بەرامبەری دا زەبوون بوو. لەئاخری شەڕ دا واتە لە ڕۆژی سێهەمدا لە گەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی جەماڵ بەهرامی سەرپەل و یوسب ئەحمەد دوژن شەهید بوون. ئەو سێ قارەمانە پاش سێ ڕۆژ شەڕکردن ڕێگای کوردایەتی یان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

# شەهید سەید عومەر قادری



زۆرن ئەوانەی کە لە زێدی خۆیان هیچ شک نابەن و ناتوانن هەوای ئازادی هەڵمژن و هەر لەم کاتەدا دەست بە خەبات دەکەن بۆ وەدەست هێنانی بەڵام لە دوور لەو جێگای لە دایک بوو گیانیان پێش کەش بە ئازادی دەکەن یە کێک لەو قارەمانانە سەید عومەر قادری بووە.

لە ساڵی ۱۳۳۸ لە گوندی "چوار دیوار" ناوچەی پیر محەممەدی بۆکان چاوی بە دنیای روون کردەوە بەرە بەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا پۆلەکانی خوێندنی تا دووهەمی ناوەندی زۆر ئازایانە خوێند، بەڵام بە داخەوە ژیانی ئەویش وەک زۆربەی لاوان لە خۆشی و بێ بەشی ئاوایی نشینەکانی کوردەواری بێ بەش بوو بە هۆی نەزمی باری ئابووری بنەماڵەکەیەوە نەیتوانی لەوە زیاتر دەرگای قوتابخانە بکاتەوە. سەید عومەر هەر کە فامی کردەوە ژیانی خۆی و گەلەکەی لە کوێرەوەری دا دی. بۆیە لە ڕاپەرینی ساڵی ۱۳۵۷ ڕۆڵی بەر چاوی لە هاندانی لاوانی چوار دیوار و گوندەکانی دەوروبەر دا گێرا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات بە هەزاران کەس لە لاوانی کورد روویان کردە ریزەکانی تەشکیلاتی حیزب و یە کێک لەو لاوانە سەید عومەر قادری بوو کە لە شەڕی سێ مانگەدا دستی دایە چەک و لە ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕات دا سازمان درا. ئەو وەک تێکۆشەرێکی ئازاو قارەمان دژی داگیر کەران خەباتی دەکرد لە شەڕە حەماسیەکانی ساڵی ۵۹ و ۶۰ و ۶۱ دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو ئەو تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نەبوو بەڵکو بۆ پێگەیاندنی خۆی و هاوڕێیانی لە باری سیاسی یەوە زۆری هەوڵ دەدا هەر مەئموورییەتێکی حیزب پێی ئەسپاردبایە بە گیان و بە دڵ بەڕێوەی دەبرد.

بە هۆی بردنە سەری پلەی زانیاری رەوانەی دەورەی سیاسی کراو دوای تەواو بوونی دەورە وەک کادرێکی باشی سیاسی بە مەئمووریەت رەوانەی سنە کرا ئەو لەناوچەی سنەش وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس ئەرکی خۆی بە جوانی بە جێدەگەیاند لە شەڕەکانی ئەو ناوچەیەشدا ئازایەتی دەنواند. سەرئەنجام لە ڕۆژی ۱۳۶۱\۶\۱ لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ئاوایی پەتلێەری سنە گیانی پێش کەش بە بارگای ئازادی کرد.

# شەهید ڕەحمان ئیبراهیمی



وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەستی پشووی زۆر دەویٚ لە مێژە نەتەوەی کورد رۆڵەکانی ئەو بڕیارەیان داوە تا سەرکەوتن یەکجاری، ئەگەر چەند نەسڵیش درێژە بکێشێ خەبات هەر درێژە دەدەن تا رزگاری یەکجاری، بۆ ئەم مەبەستە زۆر رۆڵەی کورد لە تەمەنی لاوی خۆیان دا روویان کردۆتە حیزبی دێموکڕات و خەباتیان دژی زۆرداری کردووە یەکێک لەو کەسانە شەهید رەحمان ئیبراهیمی خەڵکی"تازەقەڵا"یە.

لە ساڵی ١٣٤٣ لە گوندی"تازە قەڵا"ی سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆر لە دایک بوو لەتەمەنی ٧ ساڵان رەوانەی قوتابخانە کراو وەک لاوێکی بە هەست و ژیروو وریا دەچوو بۆ قوتابخانەو تا پۆلی سێهەمی ناوەندی دەرسی خوێندوەو لە کاتێکدا سێهەمی ناوەندی دەخوێند کە خۆپێشاندانەکان دژی رێژیمی پاشایەتیی دەستی پێ کرد ئەو چالاکانە لەخۆپێشاندانەکان بە شداری کرد.

رەحمان وەک لاوێکی دڵسۆز و فیداکار بۆ نەتەوەکەی دەسووتا بۆیە لە ساڵی ١٣٦٠ ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتی هەڵبژارد و لیباسی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی لە بەر کردو لە هێزی بەیان سازمان درا، هەر لە سەرەتایی پێشمەرگایەتیی نیشانی دا کە ئیمانی قووڵی بە رێبازی حیزبەکەیەتی و لە مەیدانی بەرەو روو بوون لە گەڵ دوژمن، بە تایبەت لە نێو شاری بۆکان سەلماندی کە ئازاو نەترسە. ئەو پێشمەرگەیەکی سادق و رووح سووک بوو، لە سەر ئامانج و بەرێوە بردنی کارەکانی شێلگیر بوو.

بە داخەوە رۆژی ٣ / ٧ / ١٣٦١ لە گوندی بوغدەداغی (پیر محەممەد) لە کاتێک دا کە نیگابان دەبێ بە هۆی کەمتەرخەمی هاورێیەکی کە تفەنگی لە دەست دەردەچێ گیانی لە دەست داو شەهید بوو.

# شەهید ئەحمەدی ئەحمەدی




قۆناغی نوێی خەباتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان کە لە دوایی روخانی ڕێژیمیپاشایەتی و دامەزراندنی ڕێژیمی ئیسلامی دەستی پێ کرد. یەکێک لەو پڕ قوربانیتری قۆناغەکانی خەباتە. لەم قوناغەدا کە بە شەڕێکی سەراسەری دەستی پێ کردو دواتر شێوازی پارتیزانی بە خۆیەوە گرت تا ئێستا چەند هەزار کەس لە پێشمەرگەکانی کوردستان و بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئاسایی یان لە بەرەکانی شەڕ یان لە بەندیخانەو یان لە ئاکامی پەلاماری دڕندانەی سووپاییانی سەرەڕۆیی ئیسلامی شەهید بوون. دیارە لەم نێوەشدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خاوەنی زۆرترین شەهیدو هەر لەو کاتەشدا زۆرترین لاپەڕە پڕ لە خەبات و شانازییە و مێژوویی زیاتر لە ۶۵ ساڵەی ئەم حیزبە بە خوێنی رۆڵە نیشتمانپەروەرو گیانبازەکانی نووسراوەتەوە. لەدرێژەی یادکردنەوەو ئاوڕدانەوە لە شەهیدانی خەباتی نەتەوەیی حیزبی دێموکڕات لە ناوچەی بۆکان، ژیان و تێکۆشانی خەباتکارانەو فیداکارانەی شەهید ئەحمەد ئەحمەدی دەخەینە بەر باس:

ئەحمەد ئەحمەدی لەساڵی ۱۳۴۰ ی هەتاوی لە ئاوایی قەڵا چوغەی ناوچەی بۆکان لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردوەو دواتر بۆ درێژە دانی خوێندن رووی کردۆتە شاری بۆکان و لە وێ توانیویەتی دیپلۆم وەرگرێ بەو پێیە کە ساڵەکانی کۆتایی خوێندنی دوا ناوەندی (دەبیرستان) ی ئەو هاوکات بوو لە گەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی، هەر زوو لە گەڵ پرسە سیاسی یەکان تێکەڵاو بوو. دیارە لەم نێوەدا دەست پێ کردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو پەرە گرتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان بوونە هۆی ئەوە کە ئەحمەدیش وەک هەزاران لاوی بە هەست و وشیاری کورد ڕێگەی خەباتی نەتەوایەتی لە بەرنامەکانی ئەم حیزبە دا بدۆزێتەوە. بۆیە رووی کردە ریزەکانی حیزب و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی خۆی دەست پێ کرد. ئەحمەد وەک لاوێکی رووناک بیر تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد ئەو لە باری سیاسی یەوە زۆر ڕێنوێنی هاوسەنگەرانی دەکرد جگە لەوە قارەمانەتی ئەو بوو بە وردی سەر زمانان، بە بەشداری کردنی ئەحمەد لە شەڕەکانی سنە، جادەی بۆکان- میاندواو، سەقز – بۆکان ، داشکستان ، شاری سەقز ، سەرای ئەحمەد ئاغاو چەند شەڕی دیکە زیاتر لەناو هێزی پێشمەرگە بناسرێ بۆیە لە لایەن هێزەوە وەک سەر پەل دیاری دەکرێ ئەحمەد زۆر ئازایانە لەو مەسئوولییەتە دا سەرکەوت و چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی لە دژی ڕێژیم بە ڕێوە برد.

خەبات و تەمەنی پێشمەرگایەتی ئەحمەد زۆر نەبوو. ئەو لاوە نیشتمان پەروەرەی کورد ڕێکەوتی ۳ / ۸ / ۱۳۶۰ لە شەڕی هێرش بۆ پایەگای هێزەکانی ڕێژیم لە ئاوایی حوسێنمامە کە ۲۷ کەس کوژران ۴ کەس بەدیل گیران لەگەڵ ۴ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی کەریم ئارامش، ناسر محەممەد پور، سەید کەریم ئەحمەدی ، ئەنوەر بەدری شەهید بوون. دوایی شەهید بوونی لکی ۲ی هێزی بەیان بە ناوی شەهید ئەحمەدی ئەحمەدی یەوە ناسرا. رووحی شاد بێ.

# شەهید سەدیق عەبدوڵڵا پوور




ڕۆژ نیە دەستە لاوێک نەبنە دەستە چیلەی گڕکانی دەروونی دایکی وون، ڕۆژ نیە پۆلە سوارێک لە پێناوی ئازادی دا نەگلێن. ئەی بۆچی ئازادی بۆ تەنیا جارێک بەمیوانیش بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕا نەبردی؟! بۆ نازانی زێڵوو زەروو سفەتانی مێژوو خوێنمان دەمژن؟ دەستیان ناوەتە بینە قاقای گەلێکی خاوەن دێرۆکەی پڕ حەماسەو پڕ لە خوێن. بۆ نازانی گەلی ئێمەش، خاوەن زمان و کلتوورو خاوەن ئاڵاو بێ ئاڵایە؟ بە هەزاران شەهید لە پێناوی تۆدا دراوە کە یەکێکیان سەدیق عبدوڵڵا پوورە.

لە ساڵی ١٣٣٤ لە گوندی "کانی پانکە" لە ناوچەی پیر محەممەدی بۆکان لە هەژارترین بنەماڵەی ئەو ناوچەی چاوی لێک کردەوە لە کاتێک دا پێی هەڵدەگرت کە لە ژوورێکی قوڕماوی بە دووکەڵی تەنوور ڕەش هەڵ دەگەڕاو ئەویش وردە وردە گەورە دەبوو ژیانی منداڵی لە ژێر سێبەری قورسی هەژاری و دەست تەنگیدا تێپەڕ کرد. سەدیق هەر لە منداڵی‌یەوە لەگەڵ دەردو کوێرەوەری¬یەکانی ڕۆژگار بە ڕەوڕوو بوو بەرەبەرە کە گەورەتر دەبوو زیاتر ماندوو دەبوو تا بتوانێت کەلێنێک لە ژیانی نەمر نەژی ماڵەوە پڕ بکاتەوە. ئەو هەژاری و فەقیری‌یە بەرگی نەخوازراوی بوو بۆیە هەرچەند خوێندەواری نەبوو بە لام بە تەواوی هەستی بە جیاوازی، زوڵم و زۆر دەکرد و دەیزانی کە گەلەکەی نەتەوەی چەوساوەیە خاوەنی ڕوحێکی خەباتگێڕانە بوو.

کاتێک خۆپێشاندانەکانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێ کرد بە چاوی کراوە بەشداری کرد. دوای ڕووخانی ڕێژیمی شاو هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە هیچ کام لەمافەکانی گەلی کورد نەهاتە دی و ڕێژیمی ئیسلامی کەوتە پێشێل کردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و هێرش و پەلاماری بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد سەدیق بێ سێ دوو لێ کردن چەکی پێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٣٥٨ لە شان کردو دوای ئەوە یەکەم جار بۆکان لەدەستی داگیر کەران پاک کرایەوە سەدیق نیشتمانپەروەر لە پاک کردنەوەی موڵگەی ڕێژیم لە نێو شار دا ڕوڵی سەرەکی بوو. ئەو سەرکەوتنە سەرەتای خەباتی بە کردەوەی سەدیق بوو بڕیاری دا تا سەرکەوتن ڕێگای شۆڕشگێڕان بگرێتە پێش و لە گەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبەکەی تێ بکۆشێ. هەر بەو بۆچوونو بیرو باوەڕە پیرۆزە زیاتر قۆڵی خەباتی بۆخەبات دژی داگیرکەرانو هەموو ئەو کەسانەی دژی ئازادی بوون هەڵماڵی و لە مەیدانی کردەوەدا نیشانی دا کە کوڕێکی دڵسۆزەو پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینەو خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجی گەلی کوردە. هەر بۆیە زوو بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. لە شەڕە حەماسیەکانی سقز ـ سنە ـ دارەلەک ـ دار ساوێن ـ میاندواو. تکاب و ماین بلاغ جێگا پەنجەی دیارەو وەک خەدەمەی کالیبڕ ٥٠ ئاوری لە سەر پشتی دوژمن دەکردەوە.


بە داخەوە لە ڕۆژی ٢٥ / ٢ / ١٣٦٠ بەهاری کوردەواری هەروا سەوز جوان بوو کە هێزەکانی ڕێژیمی ئاخووندی پەلاماری گوندی "سەرا" یان داو لە شەڕێکی کەم وێنە دا کە دەیان کەس کوژران و هێلی کۆپتێرێک بەربۆوە سەدیق ئازاو قارەمان لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی عەولا محەممەدپوور شەهید بوون. دوای شەهید بوونی دوو خونچەی وەک یادگار بۆ نیشتمانەکەی لە پاش بە جێما.

# شەهید مەنسوور حەق پوور



لە ساڵی ١٣٣٨ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بووە بەرە بەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کرا. مەنسور وەک لاوێکی ژیرو ئازا پۆلەکانی دەرسی یەک لە دوای یەک دەبڕی و بە سەرکەوتنەوە ئاخری ساڵ کارنامەی خوێندنی وەردەگرتەوە دیپلۆمی لە شاری بۆکان وەرگرت کە شۆرشی نەتەوەکانی ئێران دژی دام و دەزگاکانی شاهنشاهی دەستی پێ کرد. ئەویش وەک هەموو خەڵکی بۆکان هاتە سەر شەقامەکان و لە خۆپێشاندانەکان دا بە شداری چالاکانەی کرد. بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب و دامەزراندنی ڕێکخراو لە شاری بۆکان، مەنسور هاتە ریزی تێکۆشەرانی دێموکڕاتەوە شەرەفی ئەندامەتی حیزبی دێموکراتی وەرگرت و بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی لە بەر کرد.
مەنسور حەق پوور زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانی دا کردەوە وەک کوڕێکی دڵسۆزو چالاک خۆی نیشان دا و پاش ماوەیەک ڕەوانەی دەورەی سیاسی کراو زۆر ژیرانە تەواوی کرد. ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر پلەی زانیاری خۆی دەبردە سەر و لە کۆڕ وکۆبوونەوەکان دا بەشداری دەکرد.
مەنسور لە باری کۆمەڵایەتی یەوە شۆڕشگێڕێکی دێموکڕات بوو هەستان و دانیشتنی لەگەڵ خەڵک زۆر حیزبیانە بوو ڕێزی لە خەڵک دەگرت و خەڵک ڕێزی دەگرت.
هەڵسوڕان لە باری سیاسی یەوە وای کرد کە مەنسور لە ساڵەکانی ٦٢ و ٦٣ وەک ئەندامی کۆمیتە شارستان دیاری کرێو دوای کۆنگرەی ٧ وەک بەرپرسی کاتی کۆمیتە شارستان دیاری کرێ. بە دڵگەرمی زیاترەوە تێکۆشانی خۆی درێژە دا. مەنسور لە باری هونەری یەوە دەست ڕەنگین بوو خەت و تەسویری شەهیدەکان بەدەست و قەڵەمی ئەو لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگایەتی دا تۆمار کراوە.
ڕۆژی ٢٤ / ٥ / ١٣٦٥ لە ئاوایی وشتەپە لە سەر جادەی بۆکان- میاندواو بۆ پشوودان دەمێنێتەوە کە لە لایەن خۆفرۆشێک گوزارشی لێ دەدرێ بە دیل دەگیرێ.
مەنسوور لە زیندانیش دا وەک کادرێکی ئازاو خۆ ڕاگر بەر بەرەکانی دەکرد و هەموو ڕۆژێ جارێک لە لایەن جەلادەکانەوە بریندار دەکرا، خۆڕاگری مەنسوور وای کرد کە ڕێژیمی کورد کوژی ئاخوندی لە ڕۆژی ٥ / ٤ / ١٣٦٨ لە زیندانی ورمێ بە تاوانی دێموکڕات بوون ئێعدام کرا. مەنسور لە دوا ساتەکانی ژیانی سەلماندی کە لە سەر ڕێبازەکەی سوورەو هەر لەم ڕێگایەدا سەری دانا.

# شەهید کەماڵ فەلاح زادە



کەلەپور و مێژوویی بە سەر هاتی ژینمان لە مێژ ساڵە تاڵان دەکرێ، داب ونەریت، فولکلۆر و ئەدەبیاتمان، بە زیندوویی دەخرێتە چاڵی لە نێو چوون، کوڕانی ئازاو بەتوانا و ژیرو وریای ئەو نەتەوەیە پۆل پۆل دەخرێنە زیندان و دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللەی کورد کوژان، شاروگوند و موچەومەزرا خەلەو خەرمانمان بە ناپاڵم و راکیت دەسووتێنو بە دەستی دایناسۆر سفەتانی سەردەم خوێنمان دەرژێ، لە پێناوی، وەدی هێنانی ئامانجمان هەزاران لاوی خوێن گەرم و کادر و پێشمەرگەی بە ئیمان خوێنی گەشیان دڵۆپ دڵۆپ، بە خاکی پیرۆزی کوردستانی خۆشەویست هەڵ پرژاوە کەماڵ فەلاح زادەش لە نێو ئەو شەهیدانە دایە.

لە ساڵی ١٣٣٣ لە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی هەژار و زەحمەتکێش چاوی بە دنیای روون کردەوە بەرە بەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا بە لام بە داخەوە وەزعی ژیانی ئابووری بنەماڵە رێگای نەدا لە ٢ کلاس زیاتر دەرس بخوێنێ لەو سەرو بەندە دا بنەماڵەکەی ماڵیان بارکرد و لە گوندی تالاوی شامات گیرسانەوە لاوی تازە پێ گەیشتوو لەشی شلکی بە کار و کاسپی خاراو بۆ ئەوەی کەلێنێک لەم ژیانە پڕ لە ژانە بگرێ. کەماڵ بە تەواوی لە لەشی دا هەستی بە ئێش و ئازاری گەلەکەی دەکرد. بۆیە لە راپەڕینی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەشداری چالاکانەی کرد. کەماڵ بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، ریزی تێکۆشەرانی هەڵبژاردو لە شاری بۆکان چەکی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکڕاتی لە شان کردو لە هێزی بەیان سازمان درا.

کەماڵ فەلاح زاد لە ماوەیەکی کورت دا نیشانی دا کە ئیمانێکی قووڵی بە رێبازی نەتەوەکەیەتی هەر چەند سەوادی نەبوو بەلام بەتەواوی لە پرسە سیاسی یەکانی سەردەم ئاگا بوو. لە باری نیزامی یەوە هەر زوو نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانەو لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەی و حیزبەکەی ئامادەیە گیانی ببەخشێ. لە چەندین عەمەلیات دژی هێزەکانی رێژیمی ئاخوندی دا ورەو ئازایەتی خۆی نواند. ئازایەتی کەماڵ لە شەڕەکانی ماین بڵاغ، داشکستان، سەقز بوونە هۆی ئەوە وەک سەرپەل لە هێزی بەیان دیاری کرێ. ئەو مەسئوولییەتەی بە شێوەیەکی زۆر لێزانانە بەڕێوە دەبرد کەسێکی خۆشناو خۆش رەفتار بوو.

رۆژی ١٨ / ٣ / ١٣٦٠ رێژیمی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی ئاڵتونی لە نێوان سەقز و بۆکان دا، لەو پەلامارەدا بە دەیان کەس لە هێزی کۆنە پەرەستی کوژران و بریندار بوون و پاشەکشە بە هێزی رێژیم کرا، بە داخەوە کەماڵ فەلاح زادە کەوتە بەرگوللەی شەو پەرستان و گیانی لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەی بەخشی و سەری کردە پردەبازی سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەی.

# شەهید محەممەد ساڵح ئیبڕاهیم ئازەر



ئەی ئازادی لە پێناوی وەدی هێنای ئامانجمان هەزاران لاوی خوێن گەرم و کادر و پێشمەرگەی بەئیمان خوێنی گەشیان دڵۆپ دڵۆپ بە خاکی پیرۆزی کوردستانی ئازیز هەڵ پڕژاوە چەند ڕێبەری بەوەج و لێهاتوومان لە مەیدانی خەبات و ململانی دا لەگەڵ دوژمنی سوێند خۆری ئازادیدا دڵ پڕ لە ئاوات گلاون. بە هەزاران جگەر گۆشەی باوک کوژراو چاو لە ڕێگان. هەناسەی ساردی بێوەژن، هەستی مرۆڤ دەتەزێنێ. کزەی جەرگی دایکی شەهید کەشکەشان هەڵ دەپڕوکێنێ. بەڵام ئێستاش هەر تۆ رووگەو ئامانج و بیر و بڕوای ئەی ئازادی! ئەوە نیە هەزاران کەس لە پێناوی نیشتمان دا گیانیان بەخت کرد کە یەکیان محەممەد ساڵح ئیبراهیم ئازەر بوو.

لە ساڵی ١٣٤٣ لە ئاوایی داشاغڵ لە بنەماڵەیەکی زەحمەت کێش لە دایک بوو. بەرە بەرە کە گەورە بوو لە گەڵ کاروکوێرەوەری دەست و پەنجەی نەرم کرد.لە بەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی زەحمەت کێش لە دایک بوو هەر لە منداڵی یەوە لەگەڵ کوێرەوەری گەورە بوو.بەم حاڵەش ڕەوانەی قوتابخانە کراو تا ٦ی سەرەتایی دەرسی خوێند.

بۆیە زوو هەستی بەوە کرد ئەو زوڵم و زۆری لە سەر گەلەکەیەتی ئاشنا بوو. بە هەستی کوردایەتی لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ بەشداری کرد بەدوای ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری ڕێژیمی گەندڵی خومەینی و هێرشی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر خەڵکی کوردستان هەر وەک لە محەممەد ساڵح ئیبڕاهیم ئازەر چاوەڕوان دەکرا وەک لایەنگری حیزب خۆی ناساندو هاتووچۆی بنکەکانی حیزبی دەکرد لەو ماوەیەدا زۆر بە باشی کاری تەبلیغی حیزبی دەکرد. بەڵام محەممەد ساڵح بە وەندە ڕازی نەبوو لە ساڵی ١٣٥٩ ڕەسمەن بوو بە پێشمەرگەو هەموو ژیانی لە خزمەت نەتەوەکەی دانا. محەممەد ساڵح لە مەیدانی بە کردەوە سەلماندی و نیشانی دا کە ئیمانی بە ڕێبازی حیزب و گەلەکەیەتی. هەر بۆیە زوو بوو بە خۆشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی ڕیزیان لێ دەگرت.

جێگا پەنجەی لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان دیارەو بە دەنگی بەرزەوە بە سەر دوژمن دا زاڵ بوو. لە شەڕەکانی ناو شاری بۆکان ئازایەتی لە خۆی نیشان دا ئاخرین حەماسەی محەممەد ساڵح ئیبراهیم ئازەر لە ڕۆژی ٨ / ٨ / ١٣٦١ لە نێو شاری بۆکان بوو ئەو ڕۆژە پاش ١٢ سەعات شەڕ لە نێو شاری بۆکان بە دەیان کەس لە دوژمن کوژران و چەندین موڵگە وێران بوون و چەندین ماشێن سوتێنران لە گەرماو گەرمی شەڕ بە داخەوە گوللەی شەو پەرستان سینگی محەممەد ساڵح ئیبڕاهیم ئازەری هەڵدڕی و لە گەڵ هاوسەنگەرێکی دیکە بە ناوی محەممەدرەش باڵ شەهید بوو.

# شەهید محەممەد رەش باڵ



ئەگەر گەلانی خودا پێ داوو بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە رابردووی مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن و لە نێو کۆمەڵ دا سەر بەرز و سەر فیرازن لە سایەی فیداکاری و خۆ بەخت کردنی شەهیدە سەربەرزەکانیان و خوێنی گەش و ئاڵی ئەو مرۆڤە نەمرانەوەیە. شەهید رەمزی سەر فرازیو نەتەوەکەیەتی. رچەشکێنی رێگای گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی گەلو کۆمەڵە. دەستە چیلەی گڕکانی خەباتو مۆرگی سەرکەوتنە. ئەستێرەی ورشەداری ئاسۆی رزگاری و خۆشبەختی و چەوساوەو مەینەت بە شانە، مۆمی سەر چاکی نیاز و چرای رێ روون کەرەوەی خەبات و تێکۆشانە، بەڵگەی بون و مافی گەلانی بن دەست و زۆر لێ کراو، ئاودێری نەمامی ئازادی و رازێنەرەوەی باخچەی هەمیشە بەهاری گۆڵاڵەی بە خوێن پاراو کراوە.

شەهید محەممەد رەشباڵ لە گوندی نۆبار لە بنەماڵەیەکی زەحمەت کێش لە دایک بوو هەر لە منداڵی یەوە ژیانی بە چەرمە سەری و نارەحەتی تێ پەڕ کرد. بەرە بەرە کە گەورە بوو پێی نایە قۆناغێکی تری ژیانەوەو وەک زۆربەی منداڵانی رەش و رووتی دێهاتی کوردەواری لە بێ بەشی و نەداری دا چۆتە سەرێ و لە نێو تۆزو خۆڵی کۆڵانە تەنگبەرەکانی ئاوایی نۆبار گەورە بوو. هەژاری بە جۆرێک باڵی بە سەر ئەو ماڵەدا کێشا بوو کە محەممەد هەر لە منداڵی یەوە بۆ بەرێوە بردنی ژیانی رۆژانەی بنەماڵەکەی رووی لە کارو کاسپی کرد لەشی شلکی لە ژێر کاری قورسی هاوینی گەرمی دەشتی نۆبار دا خارا بوو و ئارەقەی دەرشت تا بەم شێوەیە بتوانێ زیاتر پێداویستیەکانی ژیانی دابین بکا.

ئەم ژیانە نەیتوانی هەروا درێژەی بێ بۆیە محەممەد لە دەرفەتێک دەگەرا بۆ دەرباز بوونی لەو وەزعە تاڵە کە بتوانێ نەک ژیانی خۆی بەڵکو گەلە کەشی لەو ژیانە رزگار بێ هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٠ ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد.

وەک پێشمەرگەیەکی ئازا لە مەیدانی کردەوەدا خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد. محەممەد پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین بوو. شان بە شانی رۆڵەکانی ئەم مەڵبەندە بە دژی پەلاماردەرانی کوردستان دەوەستاوەو لە شەرەکاندا بەشداری چالاکانەی دەکرد. کورێکی لە سەرەخۆ بە ئەخلاق و رەوشت پاک بوو. شەرکانی جادەی بۆکان ـ مەهاباد، داربەسەر و باغی ئەحمەدی نمونەی ئازایەتی ئەو رۆڵە تێکۆشەرەن.

لە رۆژی ٨ / ٨ / ١٣٦١ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان چوونە ناو شاری بۆکان و لە شەرێکی ١٢ سەعاتە دا بە دەیان کەس لە هێزی رێژیم کوژراو بە چەندین ماشێن سوتێنران بە داخەوە لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی محەممەد ساڵح ئیبراهیم ئازەر کەوتنە بەر گوللەی داگیر کەرانو شەهید بوون و لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چرای تەمەنی کوژایەوە.

## شەهید برایم مەجید پوور



کاروانی خەبات بۆ دابین کردنی مافە نەتەوایەتی یەکانی نەتەوەی کورد لە ڕەوتی خەباتی ئەم نەتەوەیە دا بەردەوامە، تا ئەم کاروانە بەردەوام بێت پێش کەش کردن و بەخشینی گیانی باشترین و بەوەجترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە تا وەدی هاتنی ئامانجە بەرز و نەتەوەی کورد بەردەوام دەبێ یەکێک لەو ڕۆڵە سەر بەرزانە برایم مەجید پور بوو.

لە ساڵی ١٣٣٠ لە گوندی "یاغیان" لە ناوچەی گەورکی مەهاباد لە بنەماڵەی زەحمەتکێش ئەو گوندە لە دایک بوو. بەرە بەرە کە گەورە بوو بێ دەرتانی ڕێگای چوونە قوتابخانە لێ بەست و لە گەڵ کاری کرێکاری پێ بە پێ گەورەتر بوو دوایی سەربازی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. بەرووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندی رووی کردە بنکەکانی حیزب لە شاری بۆکان چەکی شەرەفی لە شان کرد هەر چەند چوار منداڵی هەبوو بەڵام پێی وابوو ئەرکی قورستری لە سەر شانە ئەویش خەبات بۆ وەدی هێنانی ئازادیيە.

بە لام بە داخەوە تێکۆشانی سیاسی کەم بوو لە ئاخری زستانی ١٣٥٨ لە ڕۆژی ١٠ / ١١ / ٥٨ بە هۆی کەمتەرخەمی و ڕووداوی دڵتەزێن شەهید بوو.

---

## شەهید عومەر رەمەزانپور



ئەی چاوەڕێ! ئەی ڕێبواری نەحەساوەی ڕێگای خەبات،ئەی ئەو کەسەی هەستت دار ماڵ لە ئەوینی نیشتمانە. تۆ کە سەرت سەودای بیری رزگاریی، تۆکە دڵت پڕ ئەوینی ئازادی یە دەبێ بڕۆین دەبێ هەگبەی عەشقی ژینگە بە کۆڵ دا دەین، دەبێ بچینە جێ ژوانی ئەشک و ئارەقەو

خوێنی سوور، دەبێ بە هێزی باوەڕمان ئەم یاسایە بگۆڕین و ئەم دەڤەرە پڕ کەین لە نوور.

شەهید عومەر لە ساڵی ١٣٣٤ لە ئاوایی کولیجە لە سەر جادەی بۆکان ـ مەهاباد لە بنەماڵەیەکی فەقیر لە دایک بوو بەرەبەرە کە گەورە بوو نەداری وهەژاری و بێ دەرەتانی رێگای نەدا کە مێشکی بە علم و زانست زاخاو دەرێ دواتر بۆ باشتر کردنی وەزعی ژیانی مالیان بار کرد ولە بۆکان گیرسانەوە. عومەر لەشاری بۆکانیش بۆ باشتر کردنی ژیانی بنەماڵە کاری کردو ئارەقەی نێو چاوانی کە هەموو لەشی دەبرژاندەوە ژیانی سەر بڵندانەی تێپەر دەکرد. ئەم ژیانە پڕ لەژانە تا سەر کەوتنی شۆرشی نەتەوەکانی ئێران درێژەی هەبووە. هەر چەند دوای شۆرش عومەر هیواو هۆمێدێکی بە ئازادی نەتەوەکەی بوو، بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ئازادی یەکانی گەلانی ئێرانی پێشێل کرد. عومەری تێکۆشەر٧ منداڵی بەجێ هێشت وخزمەت بە نەتەوەکەی پێ گرینگتر بوو بۆیە لە شەوی نەورۆزی ١٣٥٨ بوو بە پێشمەرگەو چەکی شەڕەف و دیفاع لە گەلەکەی لە شان کرد.

عومەر هەر زوو خۆی نیشان داو وەک رۆڵەیەکی قارەمان چاوی لی دەکرا لە شەڕەکانی ماین بلاغ، ساین قەڵا، سەقز، داشکستان، سنەو زۆر جێگای دیکە قارەمانەتی لە خۆی نیشان دا.

بەداخەوە ئەو رۆڵە تێکۆشەرە لە رۆژی ١٣ بەدەری ١٣٥٩ لەگەڵ فەرماندەری هێزی بەیان سەروان ئەفشین وعەوڵا فەیزی دەچنە پۆمپی بە نزین مياندواو لە سێ ڕای میاندواو کەوتنە کەمینی پاسدارە دژی گەلی یەکان هەر سێ کەسیان پاش شەڕێکی قارەمانانە خوێنی پاکیان رژایە سەر خاکی نیشتمان و شەهید کران.

## شەهید جەعفەر جابلی



گەلانی بە ئاوات گەیشتوو شانازی بە رابردووی مێژووی خەباتی خۆیانەوە دەکەن و لە نێو کۆمەڵ دا سەر بەرز و سەر فیرازن، لەسایەی فیداکاری و گیانبازی رۆڵە شەهیدەکانیی‌یەتی، گەلی ئێمەش شانازی بە شەهیدەکانی دەکا لە سایەی خوێنی ئەوان نەتەوەکەی دوارۆژێکی روونی دەبێ، زۆر کوڕی ئەم نیشتمانە گیانیان بۆ نەتەوە فیدا کردووە یەکیان جەعفەر جابلی یە.

لە ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی باغلۆجەی بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەت کێش و هەژار چاوی بە دنیای روون کردەوە. جەعفەر وەک هەموو منداڵانی باغلۆجە لە کوچەوکۆڵانە تەنگبەرەکانی ئەو ئاواییەدا گەورە بوو. لە ٧ ساڵی‌دا رەوانەی قوتابخانە کرا وەک قوتابی یەکی ژیرو وریا تا 5ی سەرەتایی دەرسی خوێند، بەڵام دەست کورتیو نەداری گەرووی بنەماڵەکەی لەو سەردەمەدا رێک دەگوشی و بۆ ئەوەی یارمەتی دەری ماڵەوە بێ و خۆی لە زنجیری نەداری رزگار بکا جەعفەر وێرای بنەماڵە لەگەڵ رەنج و کوێرەوەری ئاشنا بوو لەراستی دا ببوە یاریدە دەری ماڵەوە بۆ بەڕێوە بردنی ژیانی نەمر نەژی..

لەخۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لەدژی حکومەتی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کرد. بەدوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی و دامەزرانی ڕێکخراوەی حیزبی لە بۆکان وەک لاوێکی بە هەست هاوکاری حیزبی لەو ناوچەیە دەکرد.

جەعفەر بە وەندە رازی نەبوو سەر ئەنجام لە ساڵی ١٣٦٠ بە رەسمی بوو بە پێشمەرگەو وەک لاوێکی بە هەست چەکی خزمەت بە نیشتمانەکەی لە شان کردو لە هێزی بەیان سازمان درا.

جەعفەر زۆر قسە خۆش و رووح سوک بوو هەمیشە لەشەڕەکان کە بەشدار بوو بزەی لەسەر لێوان بوو تەنانەت لەسەنگەرەکانی پێشەوە پێکەنینی لەدڵ دەگەڕا. شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، بوغدەکەندی شاریکەندو جادەی سەقز_ بۆکان شاهیدی بۆ دەدەن. کە چەندە ئازاو قارەمان بە گژ داگیر کەراندا دەچۆوە.

بە داخەوە لە رۆژی ٧ / ١ / ١٣٦٢ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەلاماری ئاوایی" قەرەکەند"ی داو لە شەڕێکی قارەمانانە دا کە دەیان کەس لە هێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون و چەکو چۆڵی بەر چاو بە دەسکەوت گیران جەعفەر لە گەڵ ٢ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی خدر رەسوڵی و جەعفەر بۆکانی شەهید بوون و گیانی پاکیان پێشکەشی بە بارەگای ئازادی کرد.


## شەهید جەعفەر مەحبوبی



لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی، لە گوندی گامێشگۆلی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان، لە بنەماڵەیەکی جووتیاردا چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. لەبەر گیروگرفتی ژیان تەنیا توانی تا دووی سەرەتایی قوتابخانە ببینێو وێڕای ئەوەش چونکە زێدەکەی تەنیا قوتابخانەی سەرەتایی لێ بوو دەبا بۆ درێژە پێدانی خوێندن رووی کردبایە شاری میاندواو، زۆرتری خوێندکارانی ئەو گوندە لە قۆناخی ژیانی ویدا هەر بە سەرەتایی قەناعەتیان دێنا. بەهۆی وێککەوتنی دوو کلتوور، واتە کلتووری تورکیو کوردی لەسەر چۆمی جەغەتووو گوندەکانی نزیک میاندواو، شەهید جەعفەریش وەک زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە بەهۆی زۆر بوونی چەوسانەوەی لەرادەی بەدەر لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەو، هەر زوو هەستی بە بەشخوراوی و پێشێل کردنی مافی گەلەکەی کرد. شەهید جەعفەر پاش ئەوەی دەستی لە خوێندن هەڵگرت، چونکە نۆبەرەی ماڵێ بوو، شان بەشانی دایکو بابی لە کار وەردراو لەژێر رەنجو کاروباری تاقەت پرۆکێنی جووتیاری رۆهات. شەهید جەعفەر خۆشەویستی ئاواڵەکانیو خەڵکی گوندەکەی بوو. لە هەڕەسەی شۆڕشو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران شەهید جەعفەر یەکێک لەو کەسانە بوو کە چالاکانە لەنێو خەڵکی دا خەریک کاریو تێگەیاندنی خەڵک لە مافی نەتەوەیی یانو ئامانجەکانی شۆڕش بوو. بڕوای قووڵی بە ئازادی بوو. بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد شەهید جەعفەری وا لێکرد دەست لە ماڵو منداڵی هەڵگرێو بەدوای راگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، شەهید جەعفەر وێڕای چەند کەسێکی دیکەی خەباتگێڕی گوندەکەی دەست بەجێ بێتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبو جل وبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر بکا. لە

ماوەی پێشمەرگایەتیدا بەوپەڕی ئازایی‌و ورە بەرزی لەڕێگەی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلەکەی دا تێدەکۆشا. بەشداری لە شەڕەکانی داشکستان، سەقز ـ بۆکان، ساین قەڵا، سەراو ڕەحیم خان لە شانازییەکانی شەهید جەعفەر بوو کە گیانی بۆ فیدا لەڕێی سەربەرزی‌و سەرکەوتنی نەتەوەکەی دا لەسەر لەپی دەستی دانا، وەک شێری مەیدان بەگژ داگیرکەران دا چوو. ڕۆژی ۱۹ / ۳ / ۱۳۶۰ بەدوای وەسەرگەڕانی دەیان‌و سەدان داگیرکەر لە گوندی "سەرا"ی سەر جادەی سەقز ـ بۆکان پاش خۆڕاگری‌و ئازایەتی نواندنێکی بوێرانە، گیانی پاکی ئەو ڕۆڵە کوردەش تێکەڵ بە کاروانی نەپساوی ڕزگاریخوازان بووو خوێنی درەوشاوەی بەرەو ڕووباری سووری، ڕووسووری شۆڵاوگەی بەستو ڕێگەی پڕ لە هەورازو نشێوی کۆڵ نەدانی بە هاوڕێ‌و هاوخەباتەکانی ئەسپارد، تا ماون ڕێگەی بەرخودان بەرنەدەن‌و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گشت شەهیدانی کوردو کوردستان نەسرەون. شەهید جەعفەر ناوی نەمری بۆ بالآی خۆی بڕی‌و دوو یادگاری بۆ نەتەوەکەی (لەیلاو کەماڵ) بەجێ هێشت تا ببن بە سەرمایەی گەلەکەی.

## شەهید عەوڵا فەیزی



شەهید عەوڵا فەیزی ساڵی ۱۳۳۶ لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش لە ئاوایی تازەکەندسەربە ناوچەی شارستانی مەهاباد لەدایک بوو. تەمەنی منداڵی بە دەستەویەخە بوون لەگەڵ گیروگرفتی هەمە جۆرە تێپەڕاند. لەبەر بێ بژێوی‌و نەبوونی کاروکاسبی ئاوایی بەجێ دێڵێ‌و وێڕای بنەماڵەکەی ڕووی لە شاری بۆکان دەکا. لە شاری بۆکان لەگەڵ بنەماڵەکەی خەریک بە کاروکاسپی بوو.
بە هەڵبوونی تیشکی شۆڕش دژی شای گۆڕبەگۆڕ چالاکانە بەشداری شۆڕشی گەلانی ئێرانی کردو هاوکات هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە. بەهۆی ئازایەتی‌و لەخۆبوردوویی هەر زوو بووبە خۆشەویستی خەڵکی‌و هاوسەنگەرەکانی‌و ناوبانگی دەرکرد. شۆڕشگێڕی‌و ئەخلاقی شۆڕشگێڕی شەهید عەوڵا ببوو بە نموونەو جێی ئیلهامی هاوڕێزەکانی. باوەڕی قووڵ بە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی‌و لێهاتوویی‌و چاونەترسیی ببووە هۆی ئەوەی کە لە هەموو شوێنێک لەگەڵ بەر پرسانی حیزبی بێ‌و جێی متمانەی لە دڵی هەموان دا خۆش کردبوو.
شەڕەکانی ناوچەی هەوشار، میاندواو، مەهاباد، سەقز، بە تێکڕا شەڕگەی شەهید عەولاو ئازایەتیی نواندنەکانی بوون‌و سینگی کە لە هەموو شەڕەکاندا قەڵغانی بەرگری شوناسی نەتەوەیی‌و ئاخی نیشتمانی گەلەکەی بوو. بەداخەوە لەڕێکەوتی ۱۳ / ۱ / ۱۳۵۹ لە سێ ڕێیانی میاندواو لەگەڵ فەرماندەی هێزی بەیان "سەروان ئەفشین" کەوتنە کەمین‌و زۆر ناجوامێرانە بەر دەسرێژیان دان وشەهیدیان کردن بە خوێنی خۆیان بەشێکیان لە کتێبی مێژووی کوردیان نووسیەوە، وەمەتەرێزی خەباتو تێکۆشانیان بە هاوبیران‌و سەربەرزانی ڕێگەی ئازادی‌و سەربەستی گەلەکەیان سپارد. تا گەیشتن بە ئاواتو ئامانجەکانی ئەوان‌و هەموو شەهیدانی ڕووباری دەریای سەربەخۆیی نەسرەون.

# شەهید محەممەد خزری



ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لە گوندی "کانی قەڵا" ی لە ناوچەی ئاڵەشینی سەر بە شاری بۆکان، لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی جووتیار لەدایک بوو. هەروەک زۆربەی منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەبەر نەبوونی قوتابخانەوبێ ئیمکاناتو پێداویستییەکانی خوێندنو فێربوون، لەخوێندنو خوێندەواری بێبەش بوو. منداڵیو مێرمنداڵی لەگەڵ هاوڕێکانی گوندەکەی بە چەرمەسەریو ژانی ژیانەوە تێپەڕ کرد. شەهێد محەممەد هاوبیرو هاناو پشتو پەنای خەباتکارانی، خەباتی چەکداری ٤٧ ـ ٤٦ پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب، هەستی بە بەرپرسیارەتیو دڵسۆزی بۆ گەلەکەی هانیدا نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان بکا بە ئامرازی گەیشتن بە مافو ڕزگاری نەتەوەکەی.

کاتێک لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا خومەینی فەرمانی پاکتاوی کورد دەر دەکاو شەهید محەممەدیش شان بەشانی ڕۆڵەکانی تری گەل گیان لەسەر لەپی دەست بۆ فیداکاری لەڕێگەی سەربەرزیو بەرخودان بەگژی چەکمە لەبەرانو سەر نێزەی زوڵمی داگیرکەرانی تازە دا دەچنەوەو بە بەشداری لە چەندین شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ دەستدرێژکەران بۆسەر ئاخی نەتەوەکەی، وەک داشکستان، سەراو، تیکاب و چەندین عەمەلیاتی دیکە، ئازایەتییو بوێری خۆی نیشان دوژمنانی دژە مرۆڤ داو بەو پەڕی لێهاتوویی لە شەڕگەکان خۆی نواند. جوامێریو لە سەرەخۆییو لێبوردوویی شەهید محەممەد، ئەوی لەلای هەمووان خۆشەویست کردبوو. بە جەرگیو چاو نەترسی یەکەی لە شەڕگەدا بێ وێنە بوو. لە ئاکام دا فیشەکی ناجوامێری دوژمنانی ئازادیو مرۆڤایەتی لە بە سەر دا دانێکی ناجوامێرانە لە ڕێکەوتی ٥ / ٦ / ١٣٥٩ بۆ سەر گوندی "بی بی کەند"سینگی شێرانەی محەممەدی هەڵدڕیو دڵی پڕ لە هیواو ئاواتی لەلێدان خست. شەهید محەممەد لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی ڕۆستەم مەحموودی لەو شەڕەدا کە دیارە هێزە ئاسن پۆشەکانی ڕێژیم هروژمیان هێنابوو بۆ بە ناو پاکسازی ئەو گوندە گیانیان بەختی سەربەرزی داهاتووی گەلەکەیان کرد تا نەتەوەکەی ئەوانیش وەک زۆربەی نەتەوەکانی دنیا بە ئامانجی خۆیان بگەنو لاپەڕەیەکی مێژووی خوێناوی گەلەکەیان بە خوێنی پاکی خۆیان تۆمار کرد.

# شەهید فەتتاح ڕەحیمی




خەڵکانی غەدر لێکراو لە گۆی زەوی دا بۆ دابین کردنی ژیانو گیانێکی خۆش بۆ خۆیان لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی دا باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی تاوەکوو بە ئامانجە بەرحەقەکەیان واتە ڕزگاری نیشتمانو دابین بوونی ئازادیو بە ئازاد ژیان بگەن. نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام وەک نەتەوەیەکی بێبەش کراو لە مافو ئازادی یەکانی هیچ کات لەشۆڕش کردن هەدای نەداوەو بەردەوام لە پێناو ئازادیو بەختەوەری نەتەوەکەی واتە ڕزگاری نیشتمان شۆڕشی بەرپا کردوەو لەم شۆڕشەش دا بەداخەوە سەری زۆر سەردارو تێکۆشەرو ڕۆڵەی ئەو گەلە فیدای قازانجو بەرژەوەندی یەکانی نیشتمان کردوە، بۆ ئەوەی وەک گەلانی ئازادو بەختەوەر بە ئازادیو بەختەوەری بگا. یەکێک لەو ڕۆڵە ئازاو بوێرانەی کە لە سەنگەری ئازادیو دیفاع لە نیشتمانەکەیدا وەک پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا چالاکانە بەشداری کرد فەتاح ڕەحیمی یە لە گوندی سارۆچەی ناوچەی بۆکان.

فەتاح ڕەحیمی ساڵی ١٣٣١ لە سارۆچەی بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێناوە. ئەو ڕۆڵە ئازاو وریایەی گەل وەک زۆربەی منداڵانی چەوساوەی دەستی جیاوازی دانان هەڵاواردنی نەتەوەیی سەردەمی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی نەیتوانی پلەکانی خوێندن ببڕێ تاوەکوو لەڕێگەی زانستەوە خزمەت بە گەلو نیشتمانەکەی بکا بۆیە سەرەتا بۆ بژێوی بنەماڵەکەی دەستی دایە کرێکاریو بژێوی خۆیو بنەماڵەکەی دەردێنا.

کاتێک وردە وردە ناڕەزایەتی گەلانی چەوساوە بەرەو دەستپێکردنی شۆڕشێکی سەرانسەری لەئێراندا دەچووە حیزبو لایەنە سیاسیەکان هاتنەوە گۆڕەپان. شەهید فەتاح ڕەحیمی ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان بەرز بوونی تایبەتمەندیە ئینسانیەکانە. شەهید فەتاح خاوەنی گەلێک لەو تایبەتمەندیانەی بوو، ئەوەش ئەوی کردە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی.

شەهید فەتاح لەماوەی کورتی تەمەنی پێشمەرگایەتیدا زۆر داستانی قارەمانانەی بۆ خۆیو گەلەکەی تۆمار کرد. لە شەڕە بە ناوبانگەکانی جادەی بۆکان ـ میاندواو، ناو شاری بۆکان دا زۆر ئازایانە بەشداری کردو شانازی خوڵقاند مخابن لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنی کوردو کوردستان پاش خۆڕاگرییەکی کەم وێنە لە ڕێکەوتی ١ / ٩ / ١٣٦٠ لەپەلاماری هێزی کۆنەپەرستی ئاخوندی بۆ سەر ئاوایی"داربەسەر"ی بۆکان پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی جەلیل خوسرەوی دەکەوێتە بەر گوللەی کۆنەپەرەستانی خائینو تێکەڵ بە کاروانی نەمرانی حیزبو گەلو ڕێگای دوورو درێژی خەبات بۆ ڕێبوارانی بەجێ هێشت. ڕۆحی شادو ڕێگای پڕ ڕێبوار.

# شەهید ساڵح جهانگیری



شەهید ئەو ڕۆڵە خوێن گەرم ودڵپاکەو ئەمەگ ناسەیە کە بە نەرخترین سەرمایەی ژیانی فیدای بەختەوەری کۆمەڵ و دابین کردنی مافی ڕەوای گەلەکەی دەکا. شەهید ڕەمزی پەیامی ئاشتی کۆتری سوڵحەو بۆ دابین کردنی ئاشتی وئازادی ڕزگاری کردنی نەتەوەکەی لە زوڵم و چەوسانەوە لە گەڵ چەوسێنەران بە شەڕ دێ . گولاڵەی کوێستانەو دیمەنی سروشت دەنەخشێنێ. مەلی ئازادی یە و سروودی سەرکەوتن بۆ ئازادیخوازان دەخوێنێ.
مەشخەڵی داگیرساوە وهەستی شۆڕشگێرانو ولاتپارێزان دەوروژێنێ شەهید ساڵح جهانگیری ساڵی ١٣٤٧ لە بنەماڵەیەکی هەژار لە ئاوایی"وشتەپە" ی بۆکان چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. بەرە بەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کراو پۆلەکانی سەرەتایی لە ئاوایی وشتەپە تەواو کرد دواتر بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری بۆکان کرا. لەم شارە دا تا 2ی دوا ناوەندی دەرسی خوێند بە هۆی گیروگرفتی ڕۆژانە نەیتوانی زیاتر درێژە بە خوێندن بدا، بۆیە وێرای ئەندامانی بنەماڵە دەستی بە کاری وەرزێڕی کردو شەو ڕۆژ لە مووچە ومەزرا کاری دەکرد. لە مووچە ومەزرا گۆی بۆ ڕادۆ کوردستان ڕادەگرت وهەوالی عەمەلیاتی پێشمەرگە و بە سەرکەوتنی ئەوان شایی لە دڵ دەگەرا. ساڵە ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی کوردایەتی تێدا بە هێز دەبوو، هەر بۆیە هەمیشە بیری لە لای پیشمەرگە بوو.
سەرئەنجام لەساڵی ١٣٧١ بڕیاری یەکجاری داو ڕووی کردە چیاکانی کوردستان وخۆی بە هێزی پێشمەرگە ناساند ولباسی پڕ لەشانازی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی لە بەر کردوو لە هێزی بەیان سازمان درا.
ساڵە کوڕێکی لە سەرەخۆ گوێ ڕایەڵی بڕیاراتی حیزب بوو هەموو جارێ بە قسەی خۆش کۆڕی هاوڕێیانی دەڕازاندەوە ئەو جگە لەوە ئەرکی پێشمەرگەیەکی بەرێوە دەبرد یارمەتی تداروکاتی دەدا و هیچ کات نێو چاوانی تیک نەنا. بەلام بەداخەوە دەستی چڵکاو خۆران وتیرۆریستان گەیشتە ساڵەی زەحمەتکێشو لە ڕۆژی ١٣ / ١ / ١٣٧٣ بە شێوەیەکی ناجوامێرانە بردیانە شاری هەڵەبجەی تازەو لەوێ تیرۆریان کرد

# شەهید قادر ساڵحی

**(ناسراو بە مامەقالە)**



گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان شانازی بەوە دەکا کە لاپەڕەکانی مێژووی دەیان ساڵەی تێکۆشانی بێ پسانەوەو شێلگیرانە بەخوێنی ڕۆڵە بە هەستەکانی نوسراوەتەوە، دێرۆکی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ پڕە لە قارەمانەتی وفیداکاریی کادرو پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانیەتی کە لە پێناو دابین کردنی ویست وداخوازە ڕەوا ولە مێژینەکانی دا لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی دا ڕاوەستاوە وهێرش وپەلامارو ڕەشەکوژیی دژەکوردان بە چوکی دا نەهێناوە. یەکیک لەو پێشمەرگانە کە خزمەتی زۆری بە نەتەوەکەی کرد مامە قالەی ساڵحی بوو.

لە ساڵی ١٣١٦ لە ئاوایی"ئینگی کەند"ی ناوچەی فەرهاد تاشی بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش لە دایک بوو بە هۆی هەژاری وەک زۆربەی منداڵانی ئەو کاتی کوردەواری لە خوێندن بێ بەش مایەوە بەرەبەرە کە گەورە بوو لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا هاوکات لەگەل سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی جوتیارانی موکریان لە لایەن دەرەبەگەکان وڕێژیمی شا، مامە قالە ڕووی کردە کوردستانی عێراق وملی بەر کاروکاسبی نا. لە تەمەنی ١٨ ساڵی دا واتە ١٣٣٤ پێوەندی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و لە ریزی ئەوان دا تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێ کرد. ماوەی ٢٠ساڵ لە گەڵ پارتی ناوبراو خەباتی بێ وچانی کرد. لە گەڵ نسکۆ هێنانی شۆڕشی بارزانی لە ساڵی ١٣٥٤ ئەویش گەڕایەوە لای بنەماڵەکەی کە لە"تورکمانکەندی" جێگیر بوون.

لە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی هەڵبژاردو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ئەزموون ولەخۆبوردوو، بە ئەزم دیسیپلین ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد لە ماوەی تەمەنی ٤٨ ساڵ پێشمەرگایەتیی لە کوردستانی عێراق وئێران بە دەیان عەمەلیاتی قارەمانانە بەشداری کرد. شەڕەکانی جادەی سەقز. بۆکان، تکاب، ماین بلاغ، هەوشار، قزقۆپی،ساین قەڵا، ساروجە، نێوشاری بۆکان،سەقز، جەموغەو زۆری دیکە شاهیدی ئازایەتی مامە قالەن. پاشان بە هۆی چوونە سەری تەمەن دواتر نەقلی ئورگانەکانی دیکەی حیزب کراو وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمان، لەبەندیخانەی ناوەندی، نەخۆشخانە، کومیسیونی سیاسی نیزامی و ناوەندی ٢ی کوردستان ئەرکی خۆی بە جێ دەگەیاند.

بە داخەوە لە سەرەتای ساڵی ١٣٨٥ توشی نەخۆشی شێرپەنجە هات وماوەیەکی زۆر لە ڕیگای دوکتور نەخۆشخانە دا بوو سەر ئەنجام ڕۆژی ١٥ / ٧ / ١٣٨٥ کۆچی دوای کرد.

# شەهید جەلیل خوسرەوی




کاروانی خەبات بۆ دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی نەتەوەی کورد لە رەوتی خەباتی ئەم نەتەوەیە بەردەوامە تا ئەم کاروانە بەردەوام بێت پێشکەش کردن و بەخشینی گیانی باشترین وبەوەجترین رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزو ئینسانی یەکانی نەتەوەی کورد بەردەوام دەبێ. یەکیک لەو رۆڵە سەربەرزانەی کە لەم پێناوە دا گیانی بەخشی شەهید جەلیل خوسرەوی لە ساروجەی فەیزلابیگی بۆکانە.

شەهید جلیل ساڵی ١٣٣١ لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بە دونیای روون هەڵیناوە جەلیلی ساواو زیت و وریا لە گەڵ هاوتەمەن و هاوشانەکانی خۆی باڵای کردو پێگەیشت. وەختی بەرەبەری خوێندن هات و لەبەر هەژاری نەیتوانی ئەم رێگایە دەست پێ بکا. هەرچەند جەلیلی ژیرو وریا وەبەر خوێندن نەنرا بەڵام ئاگایی ئەو لە کێشە وگیروگرفتەکانی دەورووبەری و باش هەڵس وکەوت کردن لە گەڵی ئەویان کرد بووە کورێکی رێک وپێک و خۆشەویست. جەلیل پاش شۆرشی گەلانی ئێران لە سالی١٣٥٧، بە تێگەیشتن لە ناوەرۆکی دەسەلاتی تازەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی کە دەبێ لە بەرامبەر ئەو دیکتاتۆرە نوێ دا خەبات بکا چی دیکە نەتەوە ونیشتمانەکەی بە بێ مافی و سەرکوتکراوی نەبینێ. بۆیە بریاری دا ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات هەڵبژێرێ.

شەهید جەلیل ساڵی ١٣٥٩ چەکی خەبات وخۆڕاگری لە شان کرد وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو وریاو نەترس ئامادەی هەر چەشنە مەئمورییەتێک بوو لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا لە دەیان نەبردو خۆڕاگری وشەڕی پارتیزانی دا بوێرانە بەشداری کرد، لە شەڕەکانی ناو شاری بۆکان وداشکستان ، جادەی سەقز بۆکان قارەمانانە لە بەرانبەر زەوتکەرانی وماف ودەسکەوت و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان دا راوەستا.

مخابن ئەم تێکۆشەرە لێهاتوویەی حیزب سەنگەری پاراستنی خاک ونیشتمان لە شەڕێکی دەستە ویەخە و نابەرامبەر دا لە رێکەوتی ١ / ٩ / ١٣٦٠ی هەتاوی لە گوندی داربەسەری بۆکان سینگی پڕ ئاواتی لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی فەتاحی رەحیمی بە گوللەی پارێزەرانی کۆنەپەرەستی پێکراو چوونە ریزی نەمرانی حیزب و گەل و شەهید بوو رێگای خەباتی بە رێبوارانی سپێردرا.

# شەهید سولێمان زەڕین




گەلانی غەدر لێکراو لە گۆی زەوی دا بۆ دابین کردنی ژیانو گیانێکی خۆش بۆ خۆیان لە رەوتی مێژووی مرۆڤایەتی دا باشترین رۆڵەکانیخۆیان کردۆتە قوربانی تاوەکوو بە ئامانجە بەرحەقەکەیان واتە رزگاری نیشتمانو دابین بوونی ئازادیو بە ئازاد ژیان بگەن. نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەردەوام وەک نەتەوەیەکی بێبەش کراو لە مافو ئازادییەکانی هیچ کات لە شۆڕش کردن هەدای نەداوەو بەردەوام لە پێناو ئازادیو بەختەوەری نەتەوەکەی واتە رزگاری نیشتمان شۆڕشی بەرپا کردوەو لەم شۆڕشەش دا بەداخەوە سەری زۆر سەردارو تێکۆشەرو رۆڵەی ئەو گەلە فیدای ڤازانجو بەرژەوەندییەکانی نیشتمان کردوە، بۆ ئەوەی وەک گەلانی ئازادو بەختەوەر بە ئازادیو بەختەوەری بگا.

سولێمان لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی زەحمەتکێشو خوشەویست لەگوندی سێوەدین سەر بە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان لە دایک بوو. وردە وردە کە گەورە بوو پێی نایە قۆناغێکی دیکەی ژیانەوە و رەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی 5ی سەرەتایی لە سێوەدین دەرسی خوێند. پاش ئەوەی رێژیمی کۆنە پەرەستی شاهنشاهی رووخا بیری ئازادی نەتەوەکەی مێشکی بە خۆیەوە خەریک کرد. لە بەر ئەوەی بە دەمارو پێستەوە دەردی هەژاری ونەداریو زوڵم وستەمی دەسەلاتدارانی دڵرەقی دەر هەق بە گەلەکەی هەست پێ کردبوو لە ساڵی ١٣٦٠ بوو بە پێشمەرگە و بە شانازییەوە دەستی دایە چەک و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر کردو لە هێزی پێشەوا سازمان درا. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو شۆڕشگێرێکی راستەقینەو دڵسۆز بوو.لە ماوەیەکی کورت دا بوو بە خۆشەویستی هاورییانی. بەشداری کردنی لە شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد دا زیاتر جیگای خۆی لە نێو خەڵک وهاورییانی دا کردەوە. کورێکی خاکی روح سووک وگوێ رایەڵی بریاراتی حیزب بوو، هەر مەئمورییەتێکی بۆیان دیاری کردبوایە بە دڵ وگیان بەرێوەی دەبرد. لە شەڕەکان زۆر ئازایانە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن وئازایانە دیفاعی لە شەرەف وکەرامەتی گەلەکەی دەکرد. پاشان نەقلی هێزی بەیانی وەرگرت، لەوێش کورێکی ئازاو بە توانا بوو.

بەداخەوە رۆژی ٧ / ٢ / ١٣٦٢ لە بەربەرەکانێکی قارەمانانەدا لەگوندی سەیداوە کە بە دەیان کەس لە هێزی کۆماری ئیسلامی کوژران وبریندار بوون سولیمان لەو شەڕە دا کەوتە بەر گوللەی دژی گەلی یەکان و سینگی ئاژن ئاژن کراو بە خوێنی خۆی خاکی نیشتمانی سوور کرد.

# شەهید عەوڵا ئەمینی



زۆرن ئەو کەسانەی هەر لە منداڵی یەوە، بە هۆی بێ دەرەتانی ژیانی ناخۆشیان بوو و نەیان توانی وەک زۆربەی، ئینسانەکانی سەر رووی تۆپی زەوی مێشکیان بە عیلم زانست بار بێنن بۆ ئەوەی بتوانن گۆشەیەکیان لە دەردی نەتەوەکەیان چارە سەر کردبوایە رێژیمە زۆر دارەکان هەمیشە ئەو رێگایەیان لە خەڵکی چەوساوە بە ستووەو هێشتوویانەتەوە بۆیە ئەو کەسانە هەر چەند رێگای قوتابخانەیان لێ دەبەسترێ بەڵام کۆڵ نادەن و دژی زۆرداری و نەداری دەوەستنەوە.

عەوڵا لە ساڵی ١٣٤٨ لە ئاوایی کەرێزەی میراوە لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایک بوو دوای تێپەر بوونی قۆناغی منداڵی رەوانەی قوتابخانە کرا لەم قۆناغەی ژیانی دا توانی تا ٢ی ناوەندی درس بخوێنێ. دواتر بە هۆی گیروگرفتی ژیان نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا و ماڵیان بەرەو میراوە کۆچی کردو لە وێ گیرسانەوە.

عەوڵا لە میراوە عکاسی وێنە کێشانی داناو هەر ئەو ساڵە ١٣٧٠ پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب لە شاری بۆکان و میراوە کاری دەکرد، هەرکارێکی حیزب پێی ئەسپاربوایە بە گیان بە دڵ بە رێوەی دەبردو لە هیچ فیداکاریک دریغی نەدەکرد. ئەو لە گەل خەڵک روو خۆش بوو هەموو کەس خۆشی دەویست رێزی لێ دەگرت.

عەوڵا پاش ٣ سال کاری نەهێنی تەشکیلاتی لە لایەن رێژیمەوە شناسایی دەکرێ و لە گەل هاورێیەکی بە ناوی سەید کەریم راج دەگیرێ رەوانەی سیا چاڵەکانی کۆماری ئیسلامی کرا بەڵام هەر وەک پێشوو بە ئیرادەی پۆڵاینەوە لە بەرامبەر جەلادەکانی رێژیم راوەستاو لێوی لە ئاست نەهێنی یەکانی حیزب نەکردەوەو بە سەر بەرزی وروسووری سەری لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەی داناو لە گەڵ هاورێی خۆی سەید کەریم پاش سالێک زیندان و ئەشکەنجە لە ساڵی ١٣٧٤ لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە گوللە باران کران. ئەو دوو شەهیدە بە خوێنی خۆیان سەلماندیان کە تا سەر وەفادار بە رێبازی قازی وقاسملوو شەرەفکەندین.

# شەهید عەلی وەهابزادە

**ناسراو بە عەلی وەهاب**



زۆرن ئەو کەسانەی هەر لە منداڵی یەوە، بە هۆی بێ دەرەتانی ژیانی ناخۆشیان بوو و نەیان توانی وەک زۆربەی، ئینسانەکانی سەر رووی تۆپی زەوی مێشکیان بە عیلم زانست بار بێ بە ڵکوو گۆشەیەکیان لە دەردی نەتەوەکەیان چارە سەر کردبووایە. ڕێژیمە زۆر دارەکان هەمیشە ئەو ڕێگایەیان لە خەڵکی چەوساوە بە ستووە و هێشتوویانەتەوە بۆیە ئەو کەسانە هەر چەند ڕێگای قوتابخانەیان لێ دەبەسترێ بەڵام کۆڵ نادەن و دژی زۆرداری و نەداری دەوەستنەوە.


عەلی وەهاب لەساڵی ١٣١۴ لەبنەماڵەیەکی خۆشناو وهەژاری گوندی ئاوایی"کەڵتەگە"ی فەرهادتاشی بۆکان لەدایک بوو لەگەڵ منداڵە رەش وورووتەکانی ئاوایی کەڵتەگە بەرەبەرە گەورە دەبوو بەهۆی زاڵبوونی فەقیری وبێ دەرەتانی بەسەر ژیانی بنەماڵەی عەلی وەهاب دا توانی تا ٣ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. چەرمەسەری ژیان وای کرد کە دەست لە خوێندن هەڵگرێ و شان بە شانی بنەماڵەکەی خەریکی کار وکاسبی وپەیدا کردنی بژێوی ژیانی پڕ لە ژان دەبێ. ڕێز لەخەڵک و هاو وڵاتیانی دەگرت و بەهانایانەوە دەچوو بە جۆرێک هەموو کەس خۆشی دەویست و ببوە کەسایەتێکی ئاوایی و بۆ زۆر شت پرس و رایان پێ دەکرد. پاشان بۆ باشتر کردنی باری ئابوری بنەماڵە رووی لە شاری بۆکان کردو دۆکانێکی بچووکی دانا ژیانێکی سەربەستانەو شەرافەتمەندانەی پێکەوە نا.

بە کرانەوەی ئاگری شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣۵٧ دژی دیکتاتوری شاهنشاهی ئەویش لە خۆ پێشاندانەکانی بۆکان بەشداری چالاکانەی کرد. بە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، وتێکۆشانی ئاشکرای حیزب عەلی وەهاب هاتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەباتی بێ وچانی دژی ڕێژیمی زۆرداری ئاخوندی دەست پێ کرد ئەو لە ماوەیەکی کورت دا نیشانی دا کە رۆڵەی ئازاو بە جەرگی نەتەوەکەیەتی. سەبارەت بە ئازایەتی وجوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرزو هەڵسوڕ بوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزب و بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو ریزی هاوسەنگەرانی دا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و گیانبازی یەک بوو. هەر بۆیە لە گەرمەی شەڕی سێ مانگە دا حوکمی سەرپەلیان پێداو وەک سەرپەل لە هێزی بەیان دیاری کرا ئازایەتی عەلی وەهاب بێ وێنە بوو لە ئەرکو مەئموورییەتەکان روسوورو سەربەرز بوو، لە شەڕە حماسیەکانی ماین بلاغ، داشکستان، ساروجە، سەقز، سنەو ئاڵتوون قارەمانەتی لە خۆی نیشان دا ئازایەتی ئەو لە شاری بۆکان و ناوچە دەنگی دایەوە.

بە داخەوە داکیرکەران چی دیکە مەودایان پێنەدا تا زیاتر خزمەت بە نەتەوەکەی بکا لە رۆژی ١٨ / ١٢ / ١٣۵٩ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر گوندی"سەرا"ی ئەحمەدئاغا لە سەر جادەی بۆکان . سەقز لە گەڵ بەربەرەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بەرەوروو بونەوە پاش شەڕێکی چەندین سەعاتە زیاتر لە ۶٠ کەس لە هێزی ڕێژیم کوژرا و بریندار بوون لەو شەڕە دا سینگی رۆڵەی نەتەوەی کوردی بە دەستی جنایەتکارانی ئاخوندی ئاژن ئاژن کراو گیانی پاکی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

# شەهید رەحیم لەشک

( ناسراو بە رەحیم قارنجە )



زۆرن ئەوانەی لە جێگایەک دەبنە قارەمان هەر لە وێش سەر دەنێنەوە، زۆرن ئەوانەی کە دور لە شوێنی لە دایک بونیان دەبنە پێشمەرگەو هەر لە دووریش سەر دەنێنەوە بەڵام مەرگێکی سەربەرزانە، بۆ نەتەوەیەکی زۆڵم لێکراو کە بە هەزاران رۆڵەی گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە، یەکیک لەو قارەمانانە رحیم لەشک(قارنجە) کە لە گوندی سێپەکان چەکی شەرەفی هەڵگرتوو هەر لەم گوندەش پاش ٧ ساڵ شەهید بوو.

لە سالی ١٣٤٣لە بنەماڵەیکی وەرزێرو زەحمەتکێش لە گوندی قارنجەی بۆکان لەدایک بوو وێرای مندالانی ئاوایی لە باغی پڕ میوەو بە بەرەکەتی دەشتی قارنجە بەرە بەرە گەورە بوو پاشان رەوانەی قوتابخانە کراو وەک لاوێکی روح سووک دەرسەکانی دەخوێند، قوتابی یەکی زیرەک ولە سەر دڵان بوو هەموو هاوپۆلەکانی ومامۆستاکانی خۆشیان دەویست، رێزی خەڵکی دەگرت. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن چووە شاری بۆکان تا 2ی دوا ناوەندی دەرسی خوێند. وەک لاوێکی خۆێن گەرم وبە هەست لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ بەشداری چالاکانەی کرد بە دوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ناوچە، دڵی زیاتر بۆ لای کوردایەتی دەکوتاو بە پێست ودەمارەوە لە گەڵ ئێش وئازاری گەلەکەی تێکەڵ بوو هەر بۆیە بڕیاری یەکجاری خۆی داو رووی کردە تێکۆشەرانی دیموکرات.

لەساڵی ١٣٦٠ لاوێکی دەروون پاکی گووندی قارنجەی ناوچەی بۆکان بەناوی رەحیم بەمەبەستی بوون بە پێشمەرگە گوندەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵێو روو دەکاتە گوندەکانی دیکەی کوردستانو تاسەر لەگوندی "سێپەکان"ی ناوچەی پیرانشار دەردینێ، پەلی فەرماندەهی ئەوکاتەی هێزی شەهید موعینی کە بۆ ئەنجام دانی مەئمورییەتی حیزبی لەم گوندە بوون دەبینێتەوە دەپرسن بۆچی هاتووی؟ دەڵێ لە گووندی قارنجەوە هاتووم کوڵی پێشمەرگایەتی هەڵی گرتووم. هەر لەم گۆندە بۆ یەکەم جار چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردوو، بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هیزی گیارەنگ سازمان درا. رحیم لە ماوەیەکی کورت دا توانی جێگای خۆی لەدڵی هاوسەنگەرانی لەهێزی گیارەنگ دا بکاتەوە وەک کورێکی ئازاو بە نەزم ودیسیپلین چاوی لێ دەکراو هەربۆیە تا بەهاری ١٣٦٦ لە پەلی فەرماندەهی هێزی گیارەنگ کاری خۆی درێژەدا. بە هۆی لێهاتوویی کرا بە جێگری لکی یەک وسەر بەرزانە ئەو مەسئوولییەتەی وەرگرت.

لەچەندین عەمەلیاتی ئازایانەی ناوچەی سەردەشت بەشداری چالاکانەی کردو رۆڵی بەرچاوی چالاکیەکاندا دەگێرا، شەرەکانی جادەی سەردەشت ـ پیرانشار، گرتنی جاشخانەی ئەحمەدبریو، گرتنی ٢ پایەگای گوندی زێوەو چەندین عەمەلیاتی گەورەی دیکە شاهیدی بۆ قارەمانەتی ئەو رۆڵە تێکۆشەرە دەدەن. ئەو تایبەتمەندیانە وچەندین تایبەتمەندی دیکە وای کرد کە زیاتر خزمەت بە حیزبەکەی بکا ولە بەهاری ١٣٦٧ وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. دوای دیاری کردنی بە فەرماندەری لک، لە یەکەمین عەمەلیاتدا لەرێکەوتی ٧ / ٣ / ١٣٦٧ بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە

گوندی سێپەکان، هەر ئەو گوندەی کە بۆ یەکەم جار چەکی پیشمەرگایەتی لە شان کرد لە شەرێکی دەستە ویەخە بە داخەوە لە گەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی عوسمان ئەحمەدی، خالید بوبانەیی، ئەبوبەکر خولیسی گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو بە خوێنی سووری خۆی سەلماندی کە سەری بۆ نەتەوەکەی دانابوو تا نەتەوەکەی رزگاربێ.

## شەهید فەتاح یوسفی



حیزبی دیموکراتی کوردستان شانازی بەوە دەکا کە لاپەرەکانی مێژووی دەیان ساڵەی تێکۆشانی بێ پسانەوەو شێلگیرانە بە خوێنی رۆڵە بە هەستەکانی نوسراوەتەوە، دێرۆکی خەباتی دەیان ساڵەی پڕاو پڕە لە قارەمانەتی وفیداکاریی کادرو پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانیەتی کە لە پێناو دابین کردنی ویست وداخوازە رەوا ولە مێژینەکانی دا لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی دا راوەستاوە وهێرش وپەلامارو رەشەکوژیی دژەکوردان بە چوکی دا نەهێناوە. یەکیک لەو پێشمەرگانە کە خزمەتی زۆری بە نەتەوەکەی کرد فەتتاح یوسفی بوو.


لەساڵی ١٣٣٩ لە بنەماڵەیەکی وەرزێرو زەحمەت کێش لەگوندی"مشیرئاباد"ی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بوو بەرە بەرە کە گەورە بوو رەوانەی قۆتابخانە کرا دەورانی سەرەتایی لەئاوایی خۆیان خوێند ودواتر بۆ درێژەدانی خوێندن چووە شارو توانی تا سێهەمی ناوەندی دەرس بخوێنێ. فەتتاح هەر لەتەمەنی لاوی دا کوڕێکی ژیرو وریا بوو بە هۆی ئەوە لە شاری میاندواو نیزیک بوو هەر زۆر زوو هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی کرد. جیاوازی نێوان نەتەوەکانی زۆر پێ ناخۆش بوو.

لە راپەرینی گەلانی ئێران بەشداری چالاکانەی دژی رێژیمی پاشایەتی کرد. بە دوای هاتنە سەرکاری رێژیمی ئاخوندیو دەست پێ کردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب فەتتاح لاینگری لە حیزبی دیموکرات کرد و پاشان لەکۆتایی ساڵی ١٣٥٨ بە کردەوە تێکۆشانی خۆی دەست پێ کردوو هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و لەهێزی بەیان سازمان درا.

ئەو لاوە بەهستە توانی لە ماوەیەکی کورت دا ببێتە قارەمانێکی نێو سەنگەرو لە شەڕەکانی ماین بلاغ، جادەی بۆکان ـ میاندواو،ساروقامیش نیشانی دا کە وەفاداری رێگای کۆماری کوردستانە. لە ناو هاوسەنگرانی دا خۆشەویست بوو زۆر کۆرێکی لە بەر دڵان بوو لە هیچ مەئموریەتێکی حیزبی دریغی نەدەکرد.

بە داخەوە رۆژی ١٣ / ٧ / ١٣٦٠ لە بەربەرەکانی یەکی ئازایانە لە گۆندی"لەگز" لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر پاش چەند سەعات شەڕ لە گەڵ دوژمن کە بە شکستی رێژیم کۆتایی هات کەوتە بەر گوللەی هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وگیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد ورێگای بە هاوسەنگەرانی سپارد.

# شەهید یوسف ئەحمەد دوژن



نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام وەک نەتەوەیەکی بێبەش کراو لە مافو ئازادییەکانی هیچ کات لە شۆڕش کردن هەدای نەداوەو بەردەوام لەپێناو ئازادیو بەختەوەری نەتەوەکەی واتە ڕزگاری نیشتمان شۆڕشی بەرپا کردوەو لەم شۆڕشەش دا بەداخەوە سەری زۆر سەردارو تێکۆشەرو ڕۆڵەی ئەو گەلە فیدای قازانجو بەرژەوەندییەکانی نیشتمان کردوە، بۆ ئەوەی وەک گەلانی ئازادو بەختەوەر بە ئازادیو بەختەوەری بگا.

لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی ڕەحیم خانی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش لە دایک بوو. یوسب هەر وەک زۆربەی منداڵە بێ بەشەکانی دێهاتی کوردستان لە شەوە زەنگی نەخوێندواری دا مایەوە ژیانی منداڵی و سەرەتایی لاوێتی ئەو بە کوێرەوەری و مەینەت بەشی تێپەر بوو. بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵە بە درێژایی ڕۆژ کاری دەکرد هەر بۆیە زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوە کرد، لەراپەرینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی لەخۆپێشاندانەکاندا بەشداری چالاکانەی کرد. ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی هەستی ئازادیخوازانەی زیاتر تێدا بە هێز کردبوو لە گەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب لە ناوچەی بۆکان لە ساڵی ١٣٥٨ پێوەندی بە حیزبەوە گرت و وەک لاوێکی دڵسۆز لەم قۆناغە دا کاری لایەنگری دەکرد. لە ساڵی ١٣٥٩ بە فەرمی چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرت و بە ورەو بە ئیمان بە ڕێبازەکەی لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان سازمان درا.

ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرە بە ئیمانی قایم لەریزی حیزبەکەیدا درێژەی بە تێکۆشانیدا، لە ئەرک و کارو مەئمورییەتەکاندا ڕوسوورو سەربەرز بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان ئازایەتی دەنواند وئێستاش لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگە دا باسی حەماسەکانی جادەی بۆکان ـ میاندواو سەراو ونێو شاری بۆکان دەکرێ کە چەندە ڕۆڵی ئازایانەی هەبوو. یوسب لە نێو هاوسەنگەرانی دا خۆشەویست و زۆر بە نەزم وبە ئەخلاق ورەوشت پاک بوو.
ئاخرین حەماسەی ئەو ڕۆڵە نەمرە ڕۆژی ٢٨ / ٢ / ١٣٦١ بوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ داگیر کردنی جادەی بۆکان ـ مەهاباد هێرشیان کردبوو لە گەڵ بەربەرەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات ڕووبەڕوو بۆوە لە شەڕێکی حەماسە و کەم وێنەدا کە پاشەکشە بە هێزی ڕێژیم کرا بە دەیان کەس کوژران و بریندار بوون بە داخەوە یوسب ئەحمەددوژن لە گەڵ دوو هاوسەنگری دیکەی بە ناوەکانی جماڵ بەهرامیو جەهانبەخش ئەیوبی شەهید بوون و درێژەی ڕێگای سەرفرازیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

# شەهید تەها سولێمانی



لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو خۆشناو و زەحمەت کێشی گوندی ئەربەنووس سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بوو. بەرەبەرە کە قۆناغی منداڵی تێپەر کرد، بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە ئاوایی یەکەیان، ڕەوانەی قوتابخانەی ئایینی کراو خوێندن و نوسین لەم قوتابخانەیە فێر بوو. تەها سولەیمانی هەرچەند سەوادی زۆری نەبوو بەڵام دواتر زۆر شێعرو نوسراوەی بە کەڵکی هەبوو کە بەهۆی ئاوارە بوون لە دەستی داوە.

تەهای لاو وەک ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی گەلەکەی تا گەورتر دەبوو زیاتر هەستی بە زوڵم و زۆری نەتەوەکەی دەکرد، لەگەڵ ئەوەی زەحمەت و کوێرەوەری زۆری لە سەر شان بوو هیچ کات بە نێو چاوانی گرژەوە نەتدەدی. جگە لەوە، لە نێو ئاوایی دا شەخسێتێکی بەر چاوی لە نێو خەڵک دا هەبوو. زۆر پرس و رایان بە تەها بوو، کە لە راستیش دا شەهیدی نەمر بەو لاوی یەی خۆی بەدەم دەردو مەرگی خەلکەوە بوو لە نێو خەڵک دا خاوەن نەزەرو روح سوک و خۆشەویست بوو . تەهای لاو وەک هەموو لاوەکانی ناوچەی بۆکان لە خۆپێشاندانەکانی سالی ١٣٥٧ دژی ڕێژیمی پاشایەتیی هاتە مەیدان و بەرووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئاواتی لە مێژینەی هاتە دی. بەڵام زۆری پێنەچوو کە ڕێژیمی ئاخوندی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو خەڵکی کوردستانی پەلاماردا.

تەها تازە تەمەنی ٢٠ سالە بووکە ناوچەکەیان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی ڕێژیمی کوماری ئیسلامی و روحمیان بە هیچ کەسێکی کە کورد بوایە نەدەکرد.

تەهای سولەیمانی لەئاخری ساڵی ١٣٥٨ڕووی کردە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە شانەیەکی ناوچەی ئاڵەشیندا سازمان دراو لە هەموو ئەرکەکانی نێو شانە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، زۆری نەکێشا لە ساڵی ١٣٥٩چەکی دیفاع لە نەتەوەکەی، دژی داگیرکەران، لە شانی کردو لە هێزی بەیان دا سازمان دراو تێکۆشانی دەست پێ کرد تەها بروایەکی زۆری بە فێربوون هەبوو، بۆیە زۆری هەوڵدا بە سەر زمانی کوردیدا شارەزا بێ.

تەها هەر زۆر زوو، بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی ڕێزو حورمەتیان لێدەگرت، هەر کارێکی پێیان دەسپێرد بەو پەری دڵسۆزیەوە بەرێوەی دەبرد. بە لە شان کردنی چەکی شەرەف، ئەوەندەی دیکەی تەهای لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا خۆشەویستر کردو هیواو هومێدی بە خەڵک بەخشیبوو. بێجگە لەوەی بەنەزم و بە دسیپلین بوو پێشمەرگەیەکی قارەمان و لەخۆبوردوو فیدا کار بوو. شەڕە حەماسیەکانی سالی ١٣٦٠ شاهیدی بۆ ڕۆلەی شۆرشگێری دێموکرات دەدەن کە چەندە ئازاو قارەمان بوو.شەڕەکانی سەرا، ئالتون، ماین بلاغ، ساروقامیش و جادەی میاندواو- بۆکان لەو لاپەرە زێرینانەن کە لە تۆمار کردنیان دا ڕۆلی بەر چاوی هەبوو. ئاخرین حەماسەو ئازایەتی تەها ڕۆژی١٤ / ٨ / ١٣٦٠ بوو کە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی بەیان چوونە نێو شاری بۆکان. ماوەی نیزیک بە دوو مانگ بوو کە شاری بۆکان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی داگیر

کرابوو کە پێشمەرگەکان لە هەڵمەتێکی ئازایانەیان بۆ نێو شاری بۆکان دەست پێ کرد. هەموو بنکەو بنیاتەکانی ڕێژیم ئاور باران کران. تەهای فیداکار کوچەو کۆڵانەکانی بۆکانیان لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە دوژمن کردە ئاور، کە لەهەر هەڵمەتێک دا هێزی دوژمنیان دەتەزاند.

لەو شەڕە حەماسەیی یە دا زیاتر لە ١١٢ کەس لە هێزی ڕێژیم کوژراو بە دەیان کەسیش بریندار بوون. لەو ڕۆژەدا لاوی بە هەست تەها سولەیمانی گیانی کردە پردە بازی سەرکەوتن و ڕێگای بە هاوسەنگەرانی سپاردو لە نێو غەم و پەژارەی هاوسەنگەرانی لە گوندی نۆبار بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

## شەهید محەممەدئاغابیگ

(ناسراو بە محەممەدی ئارامش )



ئەو کۆمەڵگایەی کە زوڵمی نەتەوەیی یان لێکراوە ڕۆڵەکانیان زۆر ئازایانە بە ڕەنگاری داگیرکەران دەبنەوەو بەخوێنی خۆیان حەقانییەتی گەلەکەیاندەسەلمێنن و ئازایانە لە دوژمن رادەپەرن.


نەتەوەی کوردیش یەک سەدە زیاترە بێ وچان ڕۆڵەکانی فیداکارو زۆرجارو لە زۆر بنەماڵەدا لە دوو کەس و سێ کەس گیانیان بەخشیوە بەتایبەتی لەو ٣ دەیەی رابردوواو لە سەردەمی دەسەلاتداری کۆماری ئیسلامی دا، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بە روونی بەرچاوەو بە کردەوەش سەلمێندراوە. یەکێک لەو قارەمانانە کە محەممەد ئەغابیگی یە وێرایی دوو برای دیکە بەناوی کەریم ئارامش و سولەیمان ئارامش گیانیان فیدایی گەلەکەیان کرد.

محەممەد لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە کاتێک دا چاوی بە دونیای روون هەڵێنا کە باوکی خۆی نەدی، چەند مانگ پێشتر کۆچی دوایی کردبوو. بەرە بەرە گەورە بوو لە تەمەنی ٥ ساڵی دا کە دایکی دڵسۆزیشی لە دەست دا. محەممەد لە تەمەنی ٦ ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کرا تا مێشکی بە دەریای عیلم زاخاو بێ. ئەو وێرای ئەوە کە دەرسی دەخوێند هاوینان بۆ سووک کردنی خەرجی ماڵەوە لە گەڵ خوشک و براکانی لەشی شلکی بە کاری مووچەو مەزرا خارابوو. ئەو تەنیا توانی تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ بە هۆی نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی لەئاوایی یەکەیان وازی لە خوێندن هێنا و ملی وەبەر کار و کاسبی کوێرەوەرییەکانی مووچەو مەزرا ناو، بە ئارەقەی نێو چاوانی نانی بۆ ماڵەوە پەیدا دەکرد.

سەردەمی تازە لاوی محەممەد تێکەڵ بوو لەگەڵ زوڵم و خەفەقانی ڕێژیمی گەندەڵی پاشایەتیی، کە خەڵکی کوردستان زۆر بە دژواری ئەو سەردەمەیان تێپەر دەکرد. هەر لەو سەرو بەندەدا بوو کە ژاندارمەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بەر بینگیان پێ گرت بۆ سەربازی ئیجباری و

ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧ لە سەربازی بوو لە نێو پادگانەکانیش دا هەستی بە جیاوازی دەکرد .
هاوکات لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران محەممەد وازی لە سەربازی هێنا رووی کردەوە کوردستان و توانی بە ئاسودەیی هەوایەکی ئازادی هەڵمژێ. زۆری نەکێشا کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی تازە بە دەسەلات گەیشتوو ویستو داخوازی یەکانی تەواوی چین وتوویژەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی پێ شێل بکاو ویست و داخوازی خەڵک بە ئاورو ئاسن وەلام دایەوە. هەر لەو کاتەدا حیزبی دیموکرات بە کردەوە لە مەیدانێدا دژی ئەم دیکتاتۆری یە راوەستا و لاوانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، محەممەدیش وێرای زۆریەک لە لاوانی ئەو ئاو وخاکە نەیتوانی لە ئاست زوڵم و زۆری رێژیمی ئاخوندی دەرحەق بە گەلەکەی چاو هەڵنەبرێ. هەر بۆیە لە دوای کەریمی برای دەستی دایە چەک و بەکردەوە هاتە مەیدانی خەبات. هەست بە موسئوولییەت کردن یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی محەممەد بوو، لە بەرێوە بردنی کارەکانی‌دا چالاک بوو. لە روو بەروو بوونەوە لە گەڵ دوژمن چاو نەترس بوو لە شەڕەکانی پایەگای کوچک، حوسێن‌مامە، سەرا، قەرەکەندو جادەی بۆکان – میاندواو جێگا پەنجەی دیارە، کە چوون دوژمن لە ئاستی‌دا زەبوونە. محەممەد تەمەنی پێشمەرگایەتی کەم بوو زۆر زوو گوڵی تەمەنی بە دەست پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی  هەڵپڕوکا.
رۆژی ٢٦ / ٤ / ١٣٦١ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان چوونە نێو شاری بۆکان و لە شەڕێکی قارەمانانە دا کە زۆربەی شەقام و کۆلانەکانی شاری بۆکانیان خستە ژێرکۆنترۆل و چاوەدێری خۆیان لە کاتژمێری 5ی ئێوارە عەمەلیات بە رەمزی بژی پێشمەرگە دەستی پێکرد. پاش ٨ سەعات شەرو بەربەرەکانی لە نێو شار، بە دەیان کەس لە هێزی رێژیم کوژران و برینداربون. لە گەرماوگەرمی ئەم شەڕە دا محەممەد ئارامش لەگەل چوار هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی قادر مەسقەتی، حامید لشکری، برایم ئەمینی و عومەر قادری شەهید بون وکاروانی شەهیدانیان بە تارای سوور رازاندەوە ئەم شەهیدە سەر بەرزانە بە شانی هاوسەنگەرانیان لە شار هاتنە دەرو لە نێو غەم و پەژارەی هاوسەنگەرانیان لە گوندی عەزیزکەند بە خاکیان سپاردن.

## شەهید سەعدون بارزان



ئێوارێ ٣٠ی رەزبەری ١٣٦٠ بوو، نانم خوارد لە ماڵەوە دەرکەوتم رووم لە دوکانی ئاوایی کرد کلاوێکم لە سەر دابوو لێی نوسرابوو (بە یادی شەهیدانی کوردستان) ، لە پڕ قەرە باڵغی یەک لە  دەوری دوکان پەیدا بوو کۆمەڵێک خەڵک لە دەوری  یەک کۆبوونەوە پاش ماوەیەک چەکدارێکی قەد باریک و چاو چووکە، سلاوی کردو داوای پاکەت سیگارێکی کرد تا پاکەتە سیگارەکەیان بۆ هێنا، ئاورێ داوە چاوی بە کلاوەکەی من کەوت زۆری چاو لێکرد سەوادی نەبوو بیخوێنێتەوە بەڵام دەیزانی کە زۆرتر پێشمەرگە ئەو کلاوانە لەسەر دەنێ. داوای لێ کردم منیش پێش

کەشم کرد. سەعدون کڵاوەکەی لەسەرنا و گوتی کورەکان (پێشمەرگەکان) بچن نان بخۆن سەعات ١١ وەرنەوە. پاش ١٨ رۆژ چووم بۆ پێشمەرگایەتی کوتی:"تۆ خاوەن کلاوەکەی" کوتم بەلی؟ کوتی" بە کاک قاسم دەلێم لە پەلی هێرش کە ئەو سەرپەلی بوو سازمان بدرێی."

سەعدون لەساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی لەگوندی برایم ئابادی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە دونیای پڕ لە چەرمەسەری هەڵێنا، بەرە بەرە کە گەورە بوو بە هۆی وەزعی ژیانی ئابووری نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو هەر لە منداڵی یەوە وەدووی بەرخۆلانیان خست لە گەڵ کارو زەحمەت و کوێرەوەری یەکانی موچەو مەزرا دەست وپەنجەی نەرم دەکرد. سەعدون تا گەورەتر دەبوو زیاترخۆی ماندوو دەکرد بۆ دەوڵەمەند کردنی ئابووری ماڵەوە. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە رێگای قوتابخانەی لێ بگیرێ و لە دنیای زانست بێ بەش بێ.

ساڵی ١٣٥١ رەوانەی سەربازی ئیجباری دەکرێ و دوو ساڵ خزمەتی ئیجباری پێ دەکەن. دوای گەڕانەوە سەر لە نوێ ملی بەر کارو کاسبی نایەوە سەعدون بەهۆی هاو سنوور لەگەڵ ئازەری یەکان بەتەواوی هەستی بە زوڵم و زۆری نێوان نەتەوەکان کردبوو بە چاوی خۆی دیتبووی گەلی کورد چەندەی زوڵم لێ کراوە ئەم هەستە رۆژ بەدوای رۆژ زیاتر لە دڵی دا چەکەرەی کردبوو. هەر بۆیە لە راپەرینی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧ دا لە شارەکانی میاندواو و بۆکان بەشداری چالاکانەی کرد.

دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری حکومەتی ئاخوندی، بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی سەعدون پەیوەندی بە حیزبەوە گرت و لەساڵی ١٣٥٨ لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتدا چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی لەشان کردو بە رەسمی بوو بە پێشمەرگەی حیزبە خۆشەویستەکەی. زۆری پێ نەچوو کارامەیی بۆ هاوسەنگەرانی دەرکەوت لەشەڕەکان دا چالاکانە بەشداری دەکرد. فیداکاری یەکانی سەعدون لە شەڕەکانی جادەی میاندواو. بۆکان پایەگای ئاغیاباد، کوچک، ماین بلاغ بە رادەیەک بوو کە ئەوەندەی دیکە ببێتە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی وبەسەر پەلی ، پەلی هێرشی ئەوکات دیاری کرێ. هەست کردن بە مەسئوولییەت تێکۆشان بۆ فێربوون تایبەتمەندی سەعدون بوو.


سەعدون چەندین عەمەلیانی لە جادەی بۆکان میاندواو بەرێوە برد. هەروەها چەندین شەڕی گەورەو حەماسەی لە ناوچەی بۆکان وەک گوردانی هەوابوردی ٨٠١ ی شیراز گرتنی پایەگای مەڵلالەر، شەڕی شامات و شارویران، پایەگای سەراو نێو شاری بۆکان و گوندی داشبەند، دەیان عەمەلیاتی دیکەی بەرێوە بردووە دوژمن بەتەواوی لەناوی زراوی چووبوو .

سەعدون لەنێو خەڵکیش دا خۆشەویست بوو هەموو ناوچە خۆشیان دەویست و رێزی خەڵکی دەگرت و خەڵکیش رێزیان دەگرت .

سەعدون بێجگە لەوە فەرماندەیەکی باش و ئازابوو کادرێکی دڵسۆزی حیزبیش بوو هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد.

بەداخەوە شەو پەرستانو تێروریستانی کۆماری ئیسلامی چی دیکە نەیان هێشت سەعدون بژی تاخزمەتی زیاتر بەگەلو نیشتمانەکەی بکا. رۆژی ١٨ / ١١ / ٧٣ لەحاڵێک دا لەرانیەی باشوری کوردستان بە ماشێن بە رەو بنکەکانی دەگەڕایەوە کەوتە بەر دەسرێژی تیرۆریستان و شەهیدیان کردو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد

# شەهید هەمزە حجازی



ساڵی ۱۳۳۷ی هەتاوی لەگوندی "کوێگجەلی"سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە داوێنی بنەماڵەیەکی فەقیر وهەژار لە دایک بوو هێشتا منداڵ بوو لە تەمەنی ۶ ساڵی دا بابی زەحمەتکێشی کۆچی دوایی کرد. هەمزە لە تەمەنی ۶ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە کرا و توانی تا پۆلی ۵ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. بوونی کۆسپ و هەورازو نشێوێکی زۆر لەژیانی دا ڕێگای قوتابخانەی لێ بڕیوە. هەمزە هەرلە منداڵی یەوە ژیانی پڕ دەردو مەینەتی وەک گشت منداله رووتو ڕەجاڵەکانی کوردستان دەست پێ کرد. پێ بەپێ گەورەتر دەبوو قورسایی ژیانی زیاتر لە سەرشان بوو.

هەمزە بە پێک هێنانی ژیانی هاوبەش رووی کردە شاری بۆکان و ملی بەر کاری کرێکاری ناو ڕۆژانە بەکاری تاقەت پروکێن ژیانی بنەماڵەی دابین دەکرد. هەرچەندە رادەی سەوادی کەم بوو بەڵام بەتەواوی چاو وگوێی کرابۆوە ناحەقی لەهیچ کەس قەبووڵ نەدەکرد. بەهۆی ئەوە لەبنەماڵەیەکی شۆرشگێرو کورد پەروەر گەورە ببوو هەستی نەتەوایەتی تێدا بەهێز بوو.

هەربۆیە زۆر چالاکانە لەشۆرشی گەلانی ئێران لەساڵی ۵۷ لەخۆپێشاندانەکان دا بەشداری چالاکانەی کرد. بەسەر کەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران حیزبی دیموکرات لە زۆربەی شارەکان دا تێکۆشانی ئاشکرای دەست پێ کرد. هەمزە بێ سێ و دوو لێکردن چەکی شەرەفی هەڵگرت و لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دا سازمان درا .

هەمزە زوو جێگای خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانی دا کردەوە رۆڵەیەکی گورج و گۆڵو ئازاو هەڵسۆر بوو بە بەشداری کردنی چالاکانەی لەشەری ناوچەکانی هەوشارو سەقزو بۆکان دا ئازایەتی بێ وێنەی سەلماند. چەند جار لە شەڕ لەگەڵ دوژمن دا بریندار بوو. هیچ کات لەبیر ناچێتەوە لە مانگی ۷ی ۱۳۶۰ لەگوندی " لەگز" چ حەماسەیەکی خوڵقاند کەهەر لەم شەڕەشدا بریندار بوو تەنانەت نارنجەکی لە زگی دا تەقییەوە و ریخۆڵەکانی لەسەر عەرز بوون بەڵام ورەی هەر بەرز بوو.


هەمزە دوایی سارێژ بوونەوەی برینەکەی بە گوڕتر لەجاران هاتەوە مەیدانو وەک رۆڵەیەکی دێموکرات رووبەروی دوژمن بۆوە. هەر بۆیە لەلایەن هێزەوە بە سەرپەل دیاری کرا. هەمزە بە لێهاتوویی و لێ وەشاوەی ئەرکە پیرۆزەکانی بە رێک و پێکی بەرێوە دەبردو بریارەکانی حیزبی جێ بە جێ دەکرد. چالاکی و هەڵسووری لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادی دا بەرچاو بوو لە زۆربەی شەڕەکان دا بەشداری چالاکانەی هەبوو وەک قەلایەکی پوڵاین لە بەرامبەر دژی گەلی یەکان دا رادەوەستا .

ئاخرین شانازی هەمزە کە بۆگەلەکەی تۆمار کرد رۆی ۹ / ۴ / ۱۳۶۲ بوو سەعات ۹ بەیانی هێزەکانی رێژیم لەگوندی جامەرد هێرشیان هێنایە سەر پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە گوندی ئەربەنووس لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان. فیداکاری پێشمەرگەکان لە رادە بەدەر بوو رێژیم بە هەموو ئیمکاناتی خۆی هاتبووە مەیدان، تا ئێوارێ چوار جار پەلاماری دوژمن تێک شکێندرا. لەم شەڕە دا زیاتر لە ۱۲۰ کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژران. جگە لەوە سێ هیلی کۆپتێر مداوم لە مەیدانی شەڕگە بوون و ناوچەیان ئاورباران دەکرد. شەڕ تا ئێوارێ درێژەی هەبوو، بە داخەوە لە

گەرماو گەرمی شەڕەکە دا و کاتژمێری ٦ ی ئێوارە هەمزەی شۆڕشگێر وقارەمان کەوتە بەر گوللەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە گەل ٧ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی محەممەد عەبدی، مەنسوور سوارە، سمایل عەبدی، لەتیف ڕەشیدی، ئەسعەد سەیدئەحمەدی، ڕەسوڵ خورسەندیو بەهمەن سامبەگی شەهید بوون وگیانیان کردە پردە بازی سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەیان.

هەرچەند هەمزە دوو کۆرپەی لەپاش بەجێما و گیانی لەپێناو گەلەکەی دا بەخشی بەلام ڕێبوارانی ڕێگای هەمزە تا لوتکەی سەرکەوتن درێژە بەرێگای دەدەن.

## شەهید عەلی سەرمایە



لاوانی کورد زۆرن کەبە تەمەنی کەمەوە خەبات دەکەن و گوڵی تەمەنیان بەزوویی هەڵدە پروکێ زۆر هیواو ئارەزوویان هەیە کەهەموو بەو تەمەنە کەمەوە ژێر گڵ دەکەون بەلام لەهەموو گرینگتر سەربەرزی نەتەوەکەیان بەنسیب دەبێ بۆ هەمیشە لە دڵی نەتەوەکەیان دا دەمێننەوە. یەکێک لەو لاوانە عەلی سەرمایە گوڵی تەمەنی زۆر زوو هەڵپروکا.

عەلی لەساڵی ١٣٤٥ ی هەتاوی لەگوندی حسێن مامەی سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان چاوی بەدیمەنی جوانو ڕازاوەی کوردستان پشکوت. وردەوردە کەگەورە بوو لە٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کرا. تا پۆلی سێهەمی سەرەتایی دەرسی خوێند. ژیانی عەلیش وەک لاوانی دیکە حوسێن مامە بوو ئەویش لەدەرس خوێندن بێ بەهرە بوو ناچاربوو ڕێگای مووچەو مەزرا بگرێتە بەرو شان بە شانی باقی ئەندامانی بنەماڵە لەبەر سوورە تاوی هاوین کار بکا. عەلی تا گەورەتر دەبوو زیاتر خۆی ماندوو دەکرد. زستان لەگەڵ باوکی لەشاری بۆکان نەفتی دەفرۆشت و هاوینان کاری وەرزێری دەکرد. ئەوجۆرە ژیانە ئەوی لەگەڵ دەردو ژانی چەوساوەکانی لادێ پتر ئاشنا دەکرد.


دوایی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزرانی ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی بۆکان، عەلی لاو لەگەڵ سیاسەت و دروشمەکانی حیزب ئاشنایەتی پەیدا کرد. جێگیر بوونی ئەو هەستە پیرۆزە لەدەروونی دا تا زیاتری پێ دەچوو زۆر تر گڕیەو بڵێسەی دەساندو بەرەو سەنگەری تێکۆشان و خەبات هانی دەدا. هەر بۆیە عەلی لەساڵی ١٣٦١ ڕووی لە یەکێتی لاوانی دێموکرات کردو بەو پەڕی عەلاقەوە دەستی بە تێکۆشان کرد. عەلی لەماوەیەکی کورت خۆی نیشاندا وەک تێکۆشەرێکی ڕووح سووک و ئازاو خاوەن بیرو باوەر لەنێو یەکێتی لاوان دا ناسرا. لەزۆر عەمەلیات کە یەکێتی لاوان بەشدار بوایە عەلی لەو کەسانە بوو کەدیاری دەکرا.

ڕۆژی ١٢ / ٤ / ١٣٦٣ سەعات ١٠ی بەیانی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لکی چواری هێزی پێشەواو یەکێتی لاوان لەدەشتی شارویران بۆ عەمەلیاتی گەورە جێگیر بوون هەموو لەشوێنی خۆی ئامادەو بۆ ئەوەی لە دەرفەتی لە بار زەبر لە ڕێژیم بدەن. هەوا گەرم ببوو وەرزێران لە دەشتی شارویران خەریکی کارو کاسبی بوون. پێشمەرگە هەموو چاوەڕێی کاتی دیاری کراو بوون هێزی ڕێژیم شارویرانی ڕەش داگرتبوو. شەڕ لەکاتژمێری ١٠ی بەیانی دەستی پێ کرد. شەڕێکی گەرم و خوێناوی نابەرامبەر کە نزیکەی ١١ سەعاتی خایاند زیاتر لە ٨٠ کەس لە ڕێژیم کوژرا. ڕێژنە گوللەی

خومپارە و تۆپ و کاتیۆشا بە سەر پێشمەرگە دا نەدەبڕایەوە لە کۆتایی شەڕ بە داخەوە عەلی سەرمایە وێرایی ٢٤ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی محەممەدئەمین بارام میرزا، تاهیر خزری، حوسێن قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپوور، شیخ سالە، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسماندەروێشی، ئەمیررەزایی، عەولاشەریفی، مستەفا محەممەدی، حوسێن وەحدەت، محەممەدساڵح فەرجی، سولێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفی، برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام و موحسین گادانی شەهید بوون. گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ رزگاری نەتەوەکەیان و بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە حیزب کرد .

یادیان بەخێر

## شەهید سەید جەعفەر حوسێنی



لەساڵی ١٣٤٠ لەبنەماڵەیەکی هەژار زەحمەت کێش لە گوندی "قوولەر" سەربە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بوو. یەکەم شت کە سرنجی سەید جەعفەری راکێشا بن میچێکی قورماویی و دووکەڵاوی بوو. بەرە بەرە کەگەورە بوو ناردرایە قوتابخانە و زۆر ئازایانە تا پۆلی 5ی سەرەتایی لەگوندی قوولەر دەرسی خوێند. لە قوتابخانەدا خۆشەویستی هاوپۆلەکانیو مامۆستاکانی بوو دواتر بۆ درێژەدانی خوێندن چووە شاری بۆکانو تا پۆلی ٢ی ناوەندی دەرسی خوێند. لاوی زەحمەتکێش بێ دەرتانی رێگای قوتابخانەی لێ گرت و رووی لەمووچەو و مەزرا کرد و لەشی شلکی لەگەڵ کاری وەرزێری خارابوو .

بە سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران وەک زۆربەکی لاوانی بەهەستی ئەم نیشتمانە لە خۆپێشاندانەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حکومەتی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کرد. بەلام زۆری نەکێشا کە ویستی گەلانی زۆر لێکراوی ئازادیخواز بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی تازە بە دەسەلات گەیشتوویی کۆماری ئیسلامی یەوە پێ شێل کراو بەچەک وڵامی حەق خوازانە خەڵکی ئێرانیان داوە.


سەید جەعفەر زۆر زووی بۆ دەرکەوت گەلی کورد زیاتر لە گەلانی دیکەی ئێران چەوساوەتەوە هەر بۆیە رۆژ بە رۆژ زیاتر هەستی بە زوڵم و زۆری دەکرد. ئەو هەستە پاکە وای کرد کەسەید جەعفەر چی دیکە چاوی لەئاست راستییەکانی گەلەکەی بە بەستراوی نەمێنێتەوەو رووی کردە رێکخراوی حیزبی و لەساڵی ١٣٥٩ لەیەکێک لە شانەکاندا خۆی سازمان دا.

لەساڵی ١٣٦٠ کاتێک شاری بۆکان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، سەید جەعفەر بریاری دا کە بە فەرمی چەکی شەرەف لە شان بکاو لە هێزی بەیان سازمان درا. سەید جەعفەر زۆر زوو بووبە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و هەموویان رێزیان دەگرت و رێزی دەگرتن.

پێشمەرگەیەکی روح سووک و لە سەرە خۆو بە ئەخلاق بوو. لە نێو خەڵکی ناوچەشدا خۆشەویست بوو. ئازایەتی سەید جەعفەر لەشەڕە حەماسیەکانی ناوچەی بۆکان دەرکەوت کەچۆن دوژمن لەئاستیدا زەبوونە. شەڕەکانی جادەی سەقز- بۆکان-شاریکەند-قاجرو شاری بۆکان لەگەڵ هاوسەنگەرانی ئازایەتی نواند سەید جەعفەر لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢ بۆ بەرێوەبردنی مەئموورییەتی حیزبی لەکاتی چوونە نێو شاری بۆکان، لەسەر پردی میراوە لەلایەن بەکرێگیراوانی رێژیمەوە بە دیل گیراو رەوانەی ئەشکەنجەگاکانی رێژیم کرا. پێشمەرگەی شۆڕشگێری دیموکرات لە زیندانیشدا خۆراگرو قارەمان بوو پاش ٥ ساڵ زیندانی ئازاد کرا. بەڵام سەید جەعفەر نەیتوانی هەروا بە سانایی دەست لەخەبات هەڵگرێ. زۆر ئازایانە پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو لە سەنگەرێکی دیکەدا دەستی بە تێکۆشان کرد.

سەید جەعفەر لەم سەنگەرەشدا بەو پەری لێهاتوویی کارەکانی دەکرد هەرچی حیزب پێی ئەسپێردبایە بەگیانو دڵ بەرێوەی دەبردو بۆ ئەرکی حیزبی شارو گوندی ناوچەکانی بۆکانی دەکرد، سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٧١ لە لایەن جاسووسانەوە شناسایی دەکریو بۆ جارێکی دیکە رەوانەی زیندانی کۆماری ئیسلامی کراوە. سەید جەعفەر وەک قەڵایەکی پۆڵاین زاری لەئاستی نەهێنی یەکانی حیزب نەکردەوە دوژمنی بە چۆک داهێنا. رێژیم ئاخوندی حوکمی ئێعدامی داو لە رۆژی ٢ / ١١ / ١٣٧٢ لە زیندانی ورمیە ئێعدام کرا.

## شەهید کەریم ئاقادوست



لەساڵی ١٣٤٠ ی هەتاوی لەئاوایی ئاڵبلاغ سەربە ناوچەی فەرهادتاشی بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بوو. لەتەمەنی٧ ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراوە پۆلەکانی سەرەتایی بە سەرکەوتوویی تەواو کردوو لە وانەکانی تاپۆلی ٥ی سەرەتایی بە پلەیەکی بەرزەوە قبوول دەبوو. هاوینانیش شان بەشانی ئەندامانی بنەماڵە رووی لەمووچەو مەزرا دەکرد. کەریم بەهۆی وەزعی نالەباری ژیانی ماڵەوە دەرگای قوتابخانەی نەکردەوە رووی لەکاری تاقەت پروکێنی وەرزێری کرد بۆ دابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەی بەدرێژایی رۆژ کاری دەکرد. هەر بۆیە زۆر زوو هەستی بەچەوساندنەوە و ژێر دەستی کردو پر بەدڵ لەو ژیانە پرلە ژانە بێزار ببوو.

لە راپەرینی گەلانی ئێران لەساڵی ١٣٥٧دا دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کرد. دوای رووخانی حکومەتی پاشایەتی ئەویش وەک هەموو خەڵکی ئێران چاوەروانی بەرهەمی شۆرش بوو بەڵام ئاواتی کەریم وەدی نەهات و رێژیمێکی دیکە بەماهییەتی کۆنە پەرستانە تر، بەسەر خەڵکی ئێران و کوردستاندا زاڵ بوو. هەر بۆیە بەدامەزرانی بنکەکانی حیزبی لەشاری بۆکان و دەوروبەر وەک لایەنگری حیزب کاری دەکرد.

کەریم بە زستانیش رانەدەوەستا لەشارەکانی دیکەی ئێران بۆ باشتر کردنی بژێوی ماڵ کاری دەکرد. ئەو لەنێو خەڵکیشدا خۆشەویست بوو ماوەیەکیش لە ئاواییدا وەک شورا هەڵبژێردراو کێشەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد. ئینسانێکی رووح سووک و بە ئەخلاق بوو.

هەرچەند کەریم لە بەر وەزعی بنەماڵە نەیتوانی راستەوخۆ وەک پێشمەرگە بێتە مەیدان، بەلام بە داگیر کردنی شاری بۆکان لەلایەن رێژیمەوە لە ساڵی ١٣٦٠دا پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب لە ناوچەی فەرهادتاش کاری لە گەڵ کادرەکانی ناوچە دەکرد. کەریم هەر کارێکی حیزب پێی سپاردبوایە بەو پەری دڵسۆزی بەرێوەی دەبرد. هەست بە مەسئوولییەت کردن و بەرێوە بردنی ئەرکەکان لە ناوچە دا، وای کرد کەریم وەک کادری(محلی) دیاری کرێ. لەم مەسئوولییەتەشدا روو سوور هاتە دەر. زۆر جار کاری ناوچە لە نەبوونی کادرەکانی حیزبی کەریم بەرێوەی دەبرد نەیدەهێشت ناوچە بێ پێشمەرگەی پێوە دیار بێ.

کەریم ماندوو نەناس لەساڵی ١٣٦٨ لەلایەن رێژیمەوە شناسایی دەکرێ و رەوانەی زیندان دەکرێ. کەریم هەر وەک پێشوو ئازایانە لەبەرامبەر رێژیم وەستاو لێوی لەئاستی ئەهێنی حیزبی نەکردەوەو وەک قەلایەکی پۆلاین خۆی راگرتو رێژیمی کۆنەپەرستی بەچۆک داهێناو سەرانجام پاش دوو ساڵ ئازارو ئەشکنجە لەساڵی ١٣٧٠ لە زیندانی رێژیم دا ئێعدام کراو چووە ریزی کاروانی لە پسان نەهاتوویی شەهیدانەوە و گیانی فیدایی نەتەوەکەی کرد.

## شەهید سەید کەریم راج



لەساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر لەگوندی باخچە چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. لەتەمەنی شەش ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کراوەوتازە سەرەتای چوونە قوتابخانەی بووە کە ماڵەکەیان بۆ میراوەی بۆکان کۆچی کرد. سەید کەریم هەر لەمنداڵی یەوە ئۆگری خوێندن بوو سەرەڕای هەژاریو دەست کورتیو بوونی کۆسپ و هەورازو نشێویکی زۆر لەژیانیدا هەتا مەدرەکی وەرگرتنی دیپلۆم زۆر ئازایانە دەرسی خوێند. خۆشەویستی هاوپۆلەکانی بوو، مامۆستاکان خۆشیان دەویست و گوێرایەڵی پەندەکانی مامۆستاکان بوو. سەید کەریم جگە لەکاتی دەرس خوێندن هاوینان لەدوکانی ئالومینیۆمسازی کاری کرد وەک وەستایەکی باش دەرگاو پەنجەرەکانی شاری دەرازاندەوە.

سەید کەریم لەنێو خەڵکیشدا خۆشەویست بوو کورێکی لەسەرخۆو بە ئەخلاق بوو. ئەو هەر زۆر زوو چاوو گوێی لەکاری سیاسیش دا کراوە باش دەیزانی کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی چۆن بە ئاورو ئاسن خەڵکی کوردیان بەر پەلامار داوە هەر بۆیە نەیتوانی لەئاست ئەو زوڵمو زۆرە چاو بنووقێنێ. بریاری دا بە شێوەیەک لە شێوەکان دژی رێژیم خەبات بکا هەر بۆیە لەساڵی ١٣٦٨ لەگەڵ هاورێیەکی دیکە پێوەندیان بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو لەگەڵ کومیتەی شارستانی بۆکان پێوەندیان گرت و لە تەشکیلاتی ئەم شارە خۆیان سازمان دا.

سەید کەریم بەو پەری دڵسۆزی یەوە بریارەکانی حیزبی بەرێوە دەبرد هەربۆیە کاتێک ئیجازەی مامۆستایی وەرگرت خۆی نەقڵی ناوچەی سەردەشت کردو لە یەکێک لەگوندەکانی ناوچەی سەردەشتدا دەرسی بە منداڵە چاوگەشەکانی ئەم ناوچەیە دەگوتەوە. هەر لەم کاتەش دا ساڵێ دوو جار

سەردانی بنکەکانی حیزب لە باشووری کوردستان دەکرد تا ئەرک و کاری نوێ پێ بسپێردرێ. لەکاتی سەردانەکانیدا هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن و چ بکەن تا حیزبەکەیان لە ناوچەدا سیاسەتەکەی بەدروستی و ئوسوڵی بچێتە پێش.
بەداخەوە لە ساڵی ١٣٧٣ لەلایەن خۆفرۆشانەوە شناسایی دەکرێ و لەگەڵ چەند هاورێی دیکە دەگیرێ و رەوانەی زیندان دەکرێ با لە زمان یەکێک لەهاورێکانی کە لەیەک شانە بوون پێکەوە گیران ببیسین. کاک رەحمان مەحمودی دەڵێ سەید کەریم زۆربەی کاتی ژیانی بۆ حیزبەکەی تەرخان کرد بوو. چەند رۆژێک پێشتر هەستمان بە شتێک کرد بوو زۆر بە وریایی دەخەوتین کەمتر سەردانی یەکترمان دەکرد. تا سەرئەنجام ئێوارەیەکی پاییزی ١٣٧٣ هەمووومان بە شێوەیەکی پیلانگێری گیراین و رەوانەی زیندان کراین پاش ٨ مانگ زیندان و ئەشکەنجە لە زیندانی بۆکان دا بۆ مەهاباد گوزرانەوە و دادسەرایی بەناو ئینقلابی ئەم شارە حوکمیان داین کە سەید کەریم راج و عەولای ئەمینی بەئێعدام مەحکومیان کردن دواتر بۆ زیندانی دەریایی و ورمیە بەرێ کران پاش دوو مانگ لەساڵی ١٣٧٥ بۆ زیندان هێنایانەوە ئەو حوکمەیان لە لایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی بەرێوە بردو چوونە کاروانی نەپسان نەهاتوویی شەهیدانەوە. دیارە تا ئێستاش رێژیم هیچ شتێکی لە شوێنی ئێعدامی ئەوانە ئاشکرا نەکردووە گۆرەکەیان نادیارە.


## شەهید
## مەحموودسوڵتانی (مەحموود جانبلاغی)



سالی ١٣٤٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی فەقیری ئاوایی جانبلاغ سەر بە ناوچەی فەرهادتاش چاوی بە ژیان هەڵێناوە پاش تێپەرکردنی دەورانی منداڵی بە هۆی وەزعی خراپی ئابوری بنەماڵەکەی دەرگای قوتابخانەی لێ بەستراو لەخوێندنگە بێبەش مایەوەوبۆ باشتر کردنی ژیانی بنەماڵە رووی لەکارو رەنجبەری وگاوانی وشوانی کرد شەو و رۆژی لە گەل بەرخۆڵان دەکردەوە، بەمجۆرە لەشی شلکی لە کوێرەوەریدا خاراو بەڵکو بتوانێ هێندێک لە قورسایی ماڵەوە وەئەستۆی خۆی بگرێ.
مەحموود هەرچەند خوێندەوار نەبوو دەیزانی کورد چیەو چ نەتەوەیەکەو چەندە لەلایەن دەسەلاتدارانەوە دەچەوسێتەوە. هەربۆیە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٧٥دا بەشداری کردو بەهیواو هۆمێدێکەوە چاوی لەسەرکەوتنی شۆرشی٥٧ دەکرد. بەڵام بەداخەوە هێشتا چەند مانگێک تێ نەپەرِی کە رێژیمی ئاخوندی هێرشی بۆ سەرخەڵکی کوردوستان هێنا و زەبرو زونگ و رەشە کوژی و سەرکوت و خەفەقان لە لایەن ئەم رێژیمەوە دەستی پێ کرد مەحموود زیاتر هەستی بە چەوساندنەوەی گەلەکەی کردو زۆرترئاوێتەی ژان و ئازاری نەتەوەکەی بوو.
بە گەشانەوە پشکۆی خەبات بە رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەحموودیش وەک زۆرلاوی دیکە ئەو هەلە زێرینەی قۆستەوەو بەلێکدانەوەو لێورد بوونەوە تەواو رێبازی پر لە شانازی حیزبی دیموکراتی هەڵبژاردو لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بەکردەوە پێی نایە گۆرەپانی

خەباتی چەکدارانەو بە لە بەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ریزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان دا تێکۆشانی دەست پێ کرد.
مەحموود رۆڵەیەکی ئازاو تێکۆشەرو شۆرشگێرێکی ڕاستەقینەو دڵسۆز بوو، لەماوەیەکی کورتدا سرنجی هاوڕێیانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ئازایانە لەشەڕەکانی مەڵبەندی بۆکان دا بە شداری دەکرد، ئەو ڕۆڵە قارەمانە بە سەدان گوللەی بی کی سی لەقەدی دەهاڵاندو لە هەر سەنگەرێکدا، سەنگەری گرتبوایە هاوسەنگەرانی لێی دڵنیا بوون.
بەقرمەی بی کی سی زراوی دوژمنی دەبردو بەسەریاندا زاڵ بوو. مەحموود جگە لەوە پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان بوو ڕوو خۆش و بە ئەخلاق و بە پڕینسیب بوو. لەگەڵ هاوڕێیانی لەسەرە خۆبوو ئەوانە لەتایبەتمەندی مەحموود بوو. تایبەتمەندە دیکەی ئەوە بوو لە ڕیزی شۆڕش دا خوێندن و نووسین فێربوو.
شەڕەکانی قالوێ موعینی، جادەی بۆکان میاندواو، نێو شاری بۆکان شاهیدی بۆ ئازایەتی ئەو ڕۆڵە نەمرە دەدەن. بەداخەوە ئەوەی زۆرجار دەمانگوت وشیاری چەکەکانتان بن بەتایبەتی لەکاتی خاوێن کردنەوە کەستان بە دەورەوە نەبێ با تووشی ڕوو داوی دڵتەزێن نەبین بە دەیان جار دەگوتراوە رۆژی ٢٠ / ١٢ / ١٣٦٢ لەکاتێکدا پێشمەرگەکان خەریکی پشوودان بوون هاوسەنگەرێکی دەستکاری چەکەکەی دەکا لە پڕگوللەیەکی لە دەست دەر دەچێ و لە تەمەنی ٢٠ ساڵی دا چرای ڕووناکی مەحموود دەکوژێتەوە لە نێو غەم و پەژارەی هاوڕێیانی دا بە خاک سپارد را.

## شەهید کەماڵ یوسفی




لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە دایک بوو هێشتا چوار ساڵە بوو کە باوکی کۆچی دوایی کردووە ئەو ڕووداوە تاڵە وخەفەتبارە بە تەواوی شوێنەواری لەسەر ژیانی کەماڵ داناوەو هەر لە منداڵی یەوە هەستی بە بێ کەسی ومەینەت بەشی کردووەو لە ژیانی ئاسایی بێ بەش بوو. پاش تێپەڕکردنی تەمەنی حەوت ساڵانە ڕەوانەی قوتابخانە کراوەو قۆناغەکانی سەرەتایی و تا یەکی ناوەندی بە سەرکەوتنەوە تێپەڕکردوە، بەڵام بە هۆی گیروگرفتی جۆراوجۆر نەیتوانیوە لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بداو ملی داوەتە کاروکاسپیو بۆکرێکاریو بەدەست هێنانی بژێوی ژیانی بنەماڵەی ڕووی کردۆتە شارەکانی دیکەی ئێران وەک تاران و کرماشان و رۆژ تا ئێوارە ئارەقەی ڕشتووە. هەر بۆیە هەستی بە چەوسانەوە دوو چەندانە کردوە و پڕ بە دڵ لە وژیانە بێزار بۆوە. لە خۆ پێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ دژی ڕێژیمی سەڵتەنەتی بە شداری کرد. بە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی و هێرشی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر خەڵکی کوردستان ودەست پێ کرانەوەی زەبرو زەنگ و ڕەشە کوژی ، کەماڵ زیاتر هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کرد بەرەبەرە ئەو هەستە تێکەڵ بەهەستی شۆرشگێران بوو هانی داوە خۆ لەو ژیانە دەر باز بکا.
پاش بیرکردنەوە ڕێبازی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی هەڵبژاردو لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢دا بە لە بەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد ولە ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان دا سازمان درا. کەماڵ کوڕێکی ژیرو وریا وزیرەک وتێگەیشتوو بوو، هەر لەو

ماوە كورتەدا سەرنجی هاوسەنگەرانی بۆلای خۆی ڕاكێشا بوو هەموویان خۆشیان دەویست. ڕێزی هەموو كەسی دەگرت وبە چاوی هیواوە دەیڕوانیە داهاتویی گەلەكەی.

بەڵام حەیف ومخابن كەم ژیاو بە ئاوات نەگەیشت. هێشتا دوو مانگ بە سەر ژیانی پێشمەرگایەتیی دا تێنەپەڕ یبوو،كە بە داخەوە بە هۆی ڕووداویەكی دڵتەزێن لە ڕێكەوتی ٢٢ / ١٢ / ١٣٦٢ لە گوندی قالوێ چرای تەمەنی لە نوزدە ساڵی دا هەڵپڕووكاو بۆ هەمیشە ماڵئاوای لە هاوسەنگەرانی كردو تێكەڵ بە كاروانی لە پسان نەهاتوویی شەهیدان بوو.

## شەهید قادر مەنسووری قازی



لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەكی وەرزێری ئاوایی " سەرچنار" سەربەناوچەی چۆمی مەجید خانی مەهاباد چاوی بە ژیان كردۆتەوە. پاش تێپەڕ كردنی قۆناغی ساوایی كە لەوپەڕی بێ ئیمكاناتی ومەینەت بەشی دا هەڵی داوەو گەورە بووە، لە تەمەنی شەش ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە كراوە وتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەرسی خوێندوە. بەڵام بە هۆی كۆچ كردنیان لە ئاوایی سەرچنار بۆ گوندی ساروقامیشی بۆكان وگیروگرفتی ژیانی بنەماڵەكەی، دەستی لەخوێندن هەڵگرتوە و وێرای ئەندامانی بەماڵەی شانی داوەتە بەر كاروكاسبی.

مام قادرهەر لە تەمەنی مێر منداڵی دا بەكردەوە دەری خست كەشیاوی ڕێزلێ نانەو بەگشتی خەڵكی گەڕەك خۆشیان دەویست. كوڕێكی هێدی ولە سەرەخۆو ڕەوشت پاك ولە سەر دڵان دابوو. هەر بەو بۆنەوە لەبەر خۆشەویستی نازناوی مام قادریان لە سەر داناو زۆرجارانیش هەر بە مامەند بانگیان دەكرد. لەساڵی ١٣٣٧ بە هۆی هەندێك گیرو گرفتی بنەماڵەیەوە ڕێگای كوردستانی عێراقی گرتە بەرو تێكەڵ بە سەركردایەتی شۆڕشی ئەوكاتی باشوری كوردستانی بوو. ماوەی حەوت ساڵان ژیانی پێشمەرگایەتی درێژە پێ داو ساڵی ١٣٤٤ گەڕایەوە زیدو ژینگەی خۆی و وێڕای ئەندامانی بنەماڵەو خەڵكی ئاوایی درێژەی بە ژیانی ئاسایی دا.

مام قادر لەو ماوەیە دا گەلێك دەرسی بەكەڵكی لەژیان وەرگرتبوون وزۆر ئەزمونی بەنرخی وەسەریەك نابوون. بەتەواوی هەستی بە چەوسانەوەو بن دەستی گەلەكەی كردبوو وتامی تاڵی ئازاری كۆیلەی چێشتبوو. چاوی لەئاسۆی ڕزگاری بڕیبوو بەڵام هیچ ترووسكەیەكی ڕوونی بەدی نەدەكرد. سەر ئەنجام ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بەپێوەندی گرتنی لە گەڵ تێكۆشەرانی دێموكرات ڕێگای پڕ لە شانازیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی هەڵبژاردو بەكردەوە تێكۆشانی سیاسی دەست پێكرد. ناوبراو كوڕێكی چالاك وهەڵسوورو نەهێنی پارێز بوو، هەرئەو تایبەتمەندی یانە بوونە هۆی ئەوەكە لەلایەن بەرپرسی تەشكیلاتی ئەو كاتی حیزبەوە وەك كادری نێوخۆیی دیاری بكرێ وئەركی ڕوون كردنەوەی لاوەكانی پێ بسپێردرێ. ناوبراو بە پێی ئەو بەر پرسایەتییە قورسەی كە خرابووە سەرشانی چالاكانەو ماندوو نەناسانە تێدەكۆشاو ئەركەكانی حیزبی بەڕێوە دەبردن.

لەکاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتی ولەخۆپێشاندان ورێ پێوانەکاندا، نەخشی سەرەکی وەئەستۆ گرتو خەڵکی بۆ بێزاری دەربڕین ڕێژیمی پاشایەتیی هان دەداو ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەجوانی ڕادەپەڕاند.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، بە پێی ئەو ئەزموونانەی وەسەریەکی نابوون لە لایەن تەشکیلاتی حیزبەوە وەک کادری ناوچەی ئاڵەشین دیاری کراو هەروەک چاوەڕان دەکرا سەرکەوتوانەو ماندوویی نەناسی ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەڕێوە برد.

مام قادر پێشمەرگەیەکی ئازا و کادرێکی قاڵ بووی کوورەی خەبات بوو. هەرلەگەڵ ئەوەش دا ڕەوش پاک و زمان شیرین وخاوەنی کەسایەتی یەکی بەرزی شۆڕشگێڕی بوو، هاوسەنگەرانی بەگشتی خۆشیان دەویستو ڕێزیان لێ دەگرت. ژیانی پێشمەرگایەتی لە هەموو شتێک خۆشتر دەویست و ئامادە بوو هەموو بەرژەوەندی یەکی شەخسی خۆی لە پێناو بنێ. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو.

ڕۆژی ١٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ لە کاتێک دا لە گەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بۆ بەڕێوە بردنی مەئموورییەتی حیزبی لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان بوون. لە سەرکانی وئاوێک لە کاتی نوێژ کردن دا تووشی مەرگی مفاجات، واتە سەکتە بوو وهەموو ئاواتەکانی لەگەڵ خۆی بردنە ژێر زەوی.

## شەهید عەلی زارعی

(ناسراو بەعەلی یەرەش)



بۆ وەدی هێنانی ئازادی ورزگار بوون لە ژیانی کۆیلەتی و بن دەستی وگەیشتن بە مافی چارەنووس بۆ هەر گەلێک بەرهەمی خوێنی شەهیدانە. شەهید خوناوەی بارانەو گوڵزاری مەزرای تامەزرۆیانی ئازادیو سەربەستی دەخەملێنێ، تیشکی تیژپەڕی خۆرە تاوە وپەردە لەسەر شەوە زەنگی نەهاتی ومەینەت بەشیی بێ بەشان هەڵ دەداتەوەو مژدە بە بەهاری ئازادی بەدەشت ودەرو چیاو هەردی کفن لە بەرو زنجیرکراوی ژێردەستی زستانی توورەو تۆسن ڕادەگەیەنێ. تۆوی گوڵی سەربەستی لە کوێستانی دڵی ئەوینداران ئاشتی و مافی مرۆڤدا دەچێنێ. تروسکەی ئەستێرەی هیوایەو سامی تاریکی لە ئاسمانی خەبات وخۆراگری دەتارێنێ. مەشخەڵی داگیرساوەو لەجەستەی دیکتاتۆران وپێشێل کەرانی مافی مرۆڤ هەڵ دەگرێ وتەخت وبەختی زۆرداری دەسووتێنێ.

عەلی لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە ئاوایی" عەولاباد"سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە باوەشی بنەماڵەیەکی فەقیرو هەژار چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. ژیانی منداڵی لەژێر سێبەری ڕەش وقورس وهەژاری دەست تەنگی دا تێپەڕ کرد. لەتەمەنی ٦ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. بەڵام تەنیا دوو ساڵی خوێند وبەهۆی وەزعی ناڵەباری ئابووریی بنەماڵەوە نەیتوانی زیاتر بچێتە قوتابخانەو بۆدابین کردنی ژیانی بنەماڵەکەی وێڕای ئەندامانی دیکەی ماڵەوە ڕووی لە کارو مووچەو مەزرا کرد.

عەلی زەحمەتکێش تا گەورەتر دەبوو زیاتر هەستی بە چەوسانەوەو زوڵم و زۆر دەکرد، چەند ساڵان یارمەتی بەڕێوە چونی ژیانی بنەماڵەکەی دەدا تا روویان لەدەرگای خەڵک نەبێ، ئەو لەگەڵ هەموو ئەو مەینەتی یانە بەربەرەکانی دەکرد. بە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی وهێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستان، ناوچەکەیان واتە ناوچەی ئالەشین بە هۆی هاوسێ بوون لە گەل شاری میاندواو هەر زوو کەوتە بەر پلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. عەلی لەو قۆناغە دا نەیتوانی چاو لێکەر بێ وزۆر ئازایانە قۆڵی هەڵماڵی وسالی ١٣٥٩ی هەتاوی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لەبەر کردو بە ورە وئیمان بەخەباتی گەلەکەی چووە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان ئەو هەر لەسەرەتا دا نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی بە نەزم وقسە لە گوێ ودڵسۆزە، بە بەشداری کردن لە چەندین عەمەلیات ئازایەتی ئەو بوو بە وێردی سەر زمانان. عەلی لەگەل خەڵکیش روو خۆش بوو هەمیشە لە گوندەکان لە گەل لاوەکان قسەی دەکردو باسی سیاسەتی حیزبی بۆ دەکردن ،ئەو بە لێهاتوویی ولێوەشاوەیی یەوە ئەرکە پیرۆزەکانی بە رێک وپێکی بەرێوە دەبردو بریارەکانی حیزبی جێ بەجێ دەکرد.

هەڵسووڕان وچالاکی ئەو لە خەباتدا، دژی دوژمنانی ئازادی دا بەرچاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکان دا بە شداری چالاکانەی هەبوو وەک قەڵایەکی پۆلاین لە بەرامبەر دژی گەلی یەکاندا ڕاوەستا بوو. شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، هۆرتەکەند، باغی ئەحمەدی، ئەربەنووس، جادەی میاندواو-بۆکان شاهیدی بۆ شانازی یەکانی عەلی یە ڕەش دەدەن وهەمیشە دوژمن لەئاستی زەبرەکانی زەبوون وداماو بوو. دووجار لەشەڕ لەگەڵ دوژمندا بریندار بوو هەموو جارێ دوای ساڕێ ژبوونەوەی برینەکەی بە گوڕترلە جاران دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات.

عەلیيەڕەش هەرچەند سەوادی نەبوو بەڵام بە تەواوی لە کۆبوونووەکان و لە باسە سیاسی یەکاندا بەشداری دەکرد، لەنێو ڕیزی خەباتکارانی دێموکڕات فێری خوێندن ونووسینی کوردی بوو.

داگیرکەران بست بە بستی ئەم کوردستانەیان تەنیبوو هەموو تەپۆڵکەو بەرزایی وئاوایی یەک بەموڵگەو هێزی ڕێژیم تەنرابوو شەوی ١٠ /٤ / ١٣٦٣ بۆ بەڕێوە بردنی کاری حیزبی لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی روو لەگوندی "قەڵای ڕەسووڵە سیت" دەکەن وبە داخەوە دەکەونە کەمینەوە عەلی زارعی ناسراو بە(عەلی یە ڕەش )گیانی پێشکەش بەگەلەکەی دەکاو چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی حیزبی دیموکڕاتەوە بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

## شەهید عەلی رەحیمی



هێرشی لەشکریانی خومەینی بۆ کوردستاو قەتلوعامی شارو گوندنشینەکان، ماڵوێرانیو دەربەدەری بە نێوی پاکسازییڕێژیم وای کرد خەبات سەر هەڵداتەوەو گەلێکی بن دەست بۆ دیفاع لە مافەرەواکانیو بۆ پێک هێنانی گۆرانکاری لەو ژیانە پڕلە ژانە بە سەریدا سەپێنراوە، ناچار بوو دەست بۆ چەک بەرێو لەبەرامبەر چەوسێنەراندا رابوەستێ، پێش ئەوەی پێ بنێتە گۆڕەپانی خەبات پێویستی بەو مرۆڤە گیان لە سەر دەستانە

هەبوو کە هەست ونیستی خۆیان فیدای بەرژەوەندی گشتی دەکەنو لەهیچ تەنگو چەڵەمەیەک ناپرینگێنەوە بۆ ئەوەی داهاتووی گەلەکەیان روون بکەنەوە ئەو مرۆڤانە ناویان"پێشمەرگە"یە. بە هەزاران رۆڵەی کورد وەک هەمیشە بۆ بەر بەرەکانی دژی هێزی داگیرکەران روویان کردە ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانو چەکی شەرەفیان لەشان کرد بۆ ئەوەی دیفاع لە مەوجوودییەتی نەتەوەکەیان بکەن. یەکێک لەو لاوانە عەلی رەحیمی بوو.

لە ساڵی ١٣٤٤ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی" قەرەقاج" چاوی بە دونیای روون هەڵێنا. ژیانی دەورانی منداڵی عەلی وەک ژیانی هەرە زۆری منداڵانی کوردستان تێکڵاوی مەینەت بێ بەشی وهەژاری بوو. لەتەمەنی ٧ساڵیدا بۆ دەرس خوێندن رەوانەی قوتابخانە کرا. دوای تەواو کردنی پۆلەکانی سەرەتایی، بۆ درێژەدانی خوێندن رەوانەی قوتابخانەی شار کرا. هەر لەو سەروبەندە دا بۆ باشترکردنی ژیانی بنەماڵە گوندی قەرەقاجیان بەجێ هێشت ولە شاری بۆکان گیرسانەوە .


عەلی دەورانی ناوەندیشی بە سەر کەوتنەوە خوێند بۆ درێژەدانی زانست وفێر بوون هەوڵی زیاتری داو تێکۆشاو تا دووهەمی دوا ناوەندی دەرسی خوێند. لە پشووی هاویندا وێرای باوکی زەحمەتکێشی بۆ کاری وەرزێری دەگەڕایەوە گوندی قەرەقاج وتا بتوانێ لە ئەرکی باوکی خۆشەویستی کەم بکاتەوە. ئەو لە قوتابخانەش کورێکی ژیرو وریا وئارام ولە سەرە خۆو رەوشت پاک بوو هەر ئەو تایبەتمەندییانەی ببوە هۆی ئەوە کە مامۆستاکانی و هاوپۆلەکانی وخەڵکی ئاوایی‌و گەڕەکی شار خۆشیان بوێ ولە دڵی هەموان دا جێی خۆی بکاتەوە. وەک لاوێکی رووناکبیرو تێگەیشتوو هەڵس وکەوتی لە گەڵ خەڵکی ئاسایی دەکرد ولە گەڵ ژان وئازاری هەژارانو زۆرلێکراوان دەژیاو بە تەواوی هەستی بە چەوسانەوەو بندەستی گەلە مەینەت بەشەکەی کردبوو.

لەساڵی ١٣٥٧زۆر ئازایانە بە چاو گۆی کراوە لەخۆپیشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەشێک لە ئاواتەکانی لە دڵیدا چەکەرەی کرد هەستی نەتەوایەتی زیاتری هانی دا کە بە دەردو مەرگی خەڵکەوە ماندوو بێ. عەلی رۆژ بەرۆژ زیاتر هەستی بە زوڵم زۆر دەکرد بە چاوی خۆی شاهیدی جنایەتەکانی کوماری ئیسلامی بوو کە لاوانی وڵاتەکەی لە خوێن دا شەلاڵ دەکەن هەر بۆیە لەسالی ١٣٦٥ی هەتاوی رووی کردە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات وبە کردەوە پێی نایە گۆڕپانی خەباتی چەکدارانەو بە لە بەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەریزی تێکۆشەرانی هێزی گیارەنگ تێکۆشانی دەست پێ کرد ئیمانی پتەوی بە حیزبو رێبازەکەی هەبوو هەر لەسەرەتای پێشمەرگایەتیی دەرکەوت رۆڵەیەکی بە ئەمەگی حیزبەکەیەتی و زوو لە هێزی گیارەنگ جێگای خۆی کردەوە وبە عەلی بۆکانی ناو بانگی دەرکرد. لە زوربەی شەڕەکانی ساڵی ٦٥ و ٦٦ و٦٧ و ٦٨ ی ناوچەی سەردەشت بەشداری چالاکانەی کرد نیشانیدا کە لە ئاست دوژمن دا بەورەیەو قارەمانانە هەڵمەتی دەبردەو شێلگیرانە لە شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی بەرگری دەکرد. ئامادەیە گیان بەخت بکا، بەڵام سەر بۆ دوژمنی فاشیست ودژی بەشەری کۆماری ئیسلامی نەوی نەکا. عەلی تەنیا پێشمەرگەیەکی قارەمان نەبوو بەڵکوو لە باری سیاسی وە زۆر تێگەیشتوو بوو هەمیشە هاوسەنگەرانی بۆ فێربوون هان دەدا یارمەتی دەکردن.

عەلی لە باری هونەریش دا دەنگیکی هەست بزوێنی بوو لە کاتی پشوودان دا هاوسەنگەرانی لێی کۆ دەبوونەوە بە دەنگی خۆشی خۆی کۆڕەکەی بۆ دەرازاندنەوە وچەندین گۆرانی لە ئارشیوی رادیۆ کوردستان دا وەک دیاری بە جێماوە ئەو شەوێک پێش شەهید بوونی خوازبێنی بۆ دەکرێو لە سەر رازی بوونی هەردوو بنەماڵە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی بە توافق دەگەن .

بەڵام بەداخێکی گرانەوە رۆژی ٤ / ٦ / ١٣٦٨ لە کاتێک دا لە گەل دەستەیەک لە هاوسەنگەرانی لەحاڵی مەئمووریيەت دا بوو شەو لە رێگا تووشی دەستەیەکی دیکە لە هاوسەنگەرانیان دەبن وتەقە لێک دەکەن بە داخەوە لەم رووداوە دڵتەزێنە دا عەلی رەحیمی لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی شەهید دەبن وبۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانیان و حیزبەکەیان وگەلەکەیان دەکەن.

# شەهید حوسێنی ناسکی




ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ بەرەنگاری لە گەڵ داگیرکەران زۆر ڕێگایان هەڵبژاردوە، هەرکەس بە شێوەیەک لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی خەباتی کردووە. حیزبەکەمان زۆر کادرو پێشمەرگەی لە ڕێگای خەباتی چەکداری دا شەهید بووە جگە لەوە زۆر ڕۆڵەی دیکەی فیداکار، لەمەیدانی خەبات دا بە شێوەیەکی دیکە بەر بەرەکانی کردووە لەم ڕێگایە دا گیانی بە گەلەکەو نەتەوەکەی بەخشیوە. تادوا دڵۆپی خوێن وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەی ماوە.

شەهید حوسێن لە ساڵی ۱۳۳۸ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی جامەرد سەر بەناوچەی فەرهادتاش لەدایک بوو. حوسێن بە شیری پاکی دایکی گەورە بوو. لەتەمەنی ۶ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کراو تا پۆلی ۵ سەرەتایی زۆر ئازایانەی دەرس خوێند بەلام بە داخەوە بە هۆی وەزعی خراپی ژیانی بنەماڵە وازی لەقوتابخانە هێنا. هەر لە تەمەنی منداڵی یەوە ڕووی لەکارو کاسبی کرد. لاوی زەحمەتکێش وەک شاگرد نەقاش ساختمان و پاشانیش وەک وەستایەکی باش کاری بۆ خەڵک دەکرد کوڕێکی دڵسۆزو بە ئەخلاق ولە گەڵ خەڵک هەڵس وکەوتی مرۆڤانەی هەبوو.

دوایی سەرکەوتنی شۆڕشی پڕ شکۆی گەلانی ئێران بە سەر حکومەتی پەهلەوی داو پاش ئەوەی کە ڕێکخراوی حیزب لە شاری بۆکان کرایەوە هەستی کوردایەتی لە دڵی حوسێن دا چەکەرەی کرد، بە داگیر کردنی شاری بۆکان لەلایەن بە کرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی یەوە، حوسێن لەساڵی ۱۳۶۰ پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرتو وەک لاوێکی شۆڕشگێر لە نێو شاری بۆکان بە نهێنی کاری دەکرد. ئەو شۆڕشگێرە قارەمانە خۆشەویستی شانەکەی خۆی بوو. بە ڕۆحێکی ئاواڵە هەموو مەئموورییەتەکانی نێو شاری جێ بەجێ دەکرد. تراکت و بلاکراوەکانو شوعار نوسینی کوچەو شەقامەکان بە دروشمی-جۆراوجۆر دەرازاندەوە. حوسێن لە ئاخرو ئوخری ساڵی ۱۳۶۳ لە لایەن جاسوسانەوە شناسایی دەکرێو دەیگرن و ڕەوانەی سیاچاڵەکانی ڕێژیمی ئاخوندی کرا. حوسێن لە زیندان دا کەوتە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر، بەڵام لێوی لە ئاستی نهێنی یەکان هەڵنەپچری، نەیان توانی ئیرادی پۆلاینی تێک بشکێنن، دڵی خۆی کردە گۆرستانی نهێنییەکانی حیزب سەرنجام لە ڕۆژی ۱۴ / ۹ / ۱۳۶۵ لە زیندانی بۆکان گوللە باران دەکرێ بەم جۆرە کۆتایی بە ژیانی حوسێنی شۆڕشگێر دێنن.

## شەهید سمایل کەریم زادە



شەهید ئەو رۆڵە فیدا کارو گیان لە سەر دەستەیە کە بە نرخترین سەرمایەی ژیانی، واتە گیانی شیرینی بەختی وەدی هێنانی مافی رەوای نەتەوەکەی دەکا وسەر بەستی وسەربەرزی بۆ بە دیاری دێنی. حیزبی دێموکرات بە پێوانەی تەمەنی لەو شانازی یە مەزنە بێ بەش نەبوەو بۆ رزگار بوون لە کوت وبەند وزنجیری بێ دادی، بە درێژایی ژیان گیانی پاکی باشترین رۆڵەکانی کردۆتە دەستمایەی خەبات وخوڕاگری.


سمایل لە سالی ۱۳۴۶ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژاری گوندی تورجانی ناوچەی بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێناو یەکەمین شت کە چاوی پێ کەوت چوار گۆشەیەکی بن میچی قوڕماوی بوو، وەک زۆربەی منداڵە هەژارەکانی کوردستان بە فەقیری گەورە بوو. لە تەمەنی ۶ ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کرا بە هۆی وەزعی خراپی ئابووریو دێوەزمەی هەژاریو بێ دەرەتانی ئیزنی ئەوەی پێ نەدا لە چوار کلاس زیاتر بخوێنێ. هەر لەو کاتەش دا تەمەنی ۱۰ ساڵە دەبوو کە خەمێکی گەورە کەوتە سەر شانی و سێبەری دایکی خۆشەویستی لە سەری نەما و زەبرێکی گەورەی روحی گیان ولەشی ودەروونی هەژاند. بە هۆی وەزعی خراپی ژیانی بنەماڵە روویان کردە شاری بۆکان. سمایل هەر چەند منداڵ بوو لە باری روحی وجەستەی یەوە بە تەواوی هەڵی نەدابوو بەڵام هەژاری وای کرد وێرای بابی لە کوورەخانەکان کار بکاو لە گەل هەموو ئەو مەینەتی یانە بەربەرەکانی دەکرد بۆ ئەوەی ژیانی نەمر نەژی بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لاوی ۱۱ ساڵە لەشاری بۆکان زستانان کاری دەکردو هاوینانیش وێرای بنەماڵەکەی رووی لە کوورەخانە دەکرد. بەرەبەرە کە گەورە بوو فرچکی بە شمشاڵی قالەمەڕە و ئێرە دەنگی کوردستانە گرتو رۆژانە گۆی لەهەڵمەتو بەربەرەکانی قارەمانەکانی دێموکرات رادەگرت ئەو هەستە وای کرد سمایل بەرەو مەیدانی خەبات راکێشێ وبەڵکوو بتوانێ لەو رێگایەوە خۆی لە چنگ زوڵم وزۆر رزگار بکا.

سەرئەنجام لە ساڵی ۱۳۶۴ روی کردە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی لە بەر کرد ولە هێزی بەیان سازمان درا. دوای دیتنی دەورەی سەرەتایی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانی دا کردەوە پاش ماوەیەک سمایل وەک پێشمەرگەیەکی لەخۆبوردوو ئازا لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان بەشداری کردوە وبە سمایل تورجانی ناوبانگی دەرکرد. شەڕەکانی حوسێن ئاباد، بەردەهەڵۆ، هەرمێلە شایەدی بۆ ئازایەتی ئەو دەدەن .

سمایل لە ساڵی ۶۷ دا لە سەر داوای خۆی نەقڵی هێزی ئاربابای وەرگرت و لەو ناوچەیەش دا تێکۆشانی دەست پێ کردو لە زۆر شەڕی ئەو ناوچەیە(بانە)بە تایبەتی شەڕی"سێوەسوورە"ئازایەتی نواند. ساڵی ۱۳۶۷ لە کاتێک دا ئاگر بەستی شەڕی ئێران وعێراق راگەیەندرابوو کوردستان چەند بەرابەر هێزی داگیرکەری تێخزابوو ئێوارەی ۲۵ی گەلاوێژی ۱۳۶۷ پێشمەرگەکانی هێزی ئاربابا بەرەو گوندی"مووسێ"رێچەکەیان بەستبوو سمایل لە گەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە لە پێشەوە بۆ تاقی کردنەوەی ئاوایی دەرۆیشتن بێ خەبەر لە وەی هێزی دوژمن کەمینی بۆ رۆڵەکانی دێموکرات ناوەتەوە بە داخەوە لە یەکەمین ماڵ دەکەونە بەر دەسرێژی دژی گەلی یەکان وسمایل شەهید دەبێ و لەتەمەنی ۲۱ ساڵی دا چرای تەمەنی کوژایەوە و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی وحیزبەکەی کرد.

# شەهید جەمشید کەریمی



بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانیکوردستان دا ژمارەیکی یەکجار زۆری لە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە تێدا بوونەتە قوربانی. ئەو قوربانی دانەی خەڵکی کوردستانبواری جۆراوجۆری هەبووە. گیران، زیندان، ئەشکەنجە، دوور خرانەوە، ئاوارەییو دەربەدەری، سووتمانو ماڵ وێرانیو تاڵانو ڕاووڕووت هەرکام بوارێکی ئەم قوربانی دانەن. بەڵام شاراوە نیە کە چڵە پۆپەی فیداکاریو قوربانی دان گیان بەخشینو شەهید بوون لە پێناوی بیرو باوەڕو گەلو نیشتمان دایە. لەقوربانیداندا کەس نای گەیەنێتە ئەو کەسەی گەورەترین سەرمایەی ژیان، واتە گیانی لەسەر لەپی دەست دادەنێو دەی کاتە دەزمایەی سەرکەوتنی ئامانجو ئاواتەکانی گەلی خۆی، مەگەر ئەو دایکە لە خۆبووردووانە کە ڕۆڵە شیرنەکانیان دەنێرنە قوربانگاو بۆ هەتا هەتایە داخ لە سەر دڵیانو تاجی سەروەری لە سەر سەریان دادەنێن.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لەگەرمەی خۆپێشاندانەکانی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی لەگوندی"گوڵوڵان"ی ناوچەی گەورک لە نێو بنەماڵەیەکی وەرزێڕی زەحمەتکێش چاوە گەشەکانی بە دونیای ڕوون هەڵێنا جەمشید منداڵێکی ژیکەڵەو خوێن شیرینو لەبەر دڵان بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کرا ئۆگرییەکی زۆری بە خوێندن وفێر بوون هەبوو پۆلەکانی دەرسی یەک بە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕی قوتابی یەکی ژیرو وریا بوو هەر بۆیەش خۆشەویستی مامۆستاو قوتابی یەکانی دیکە بوو.


پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری بۆکان کراو زۆر ئازایانە ملی بەر خوێندن نا بە جۆرێک تا سێهەمی ناوەندی دەرسی خوێند. بەڵام بە هۆی هەلومەرجی ئەو کات وکاری وەرزێری ڕێگای نەدا چی دیکە درێژە بە خوێندن بدا. دیارە لە پشووی هاوینێدا وێڕای ئەندامانی بنەماڵە کاری کشاوەرزی دەکرد تا بتوانێ کەلێنێک لە وەزعی ژیانی ماڵەوە باشتر بکا. هەر چەند وەزعی ژیانی بنەماڵە بە نیسبەت باش بوو بەڵام لە نێو شەپۆلی چارە ڕەشەکانی ژیانی سەختو پڕ لە کوێرەوەریدا گەورە بوو، تامەزرۆی ئازادی گەلەکەی بوو. کاتێک فامی کردەوە دەورو بەری خۆی ناسی وناوی بەرزی پێشمەرگەی بیست  زۆر جار لەنێو ئاوایی باسی قارەمانەتی ئەوانی بۆ خەڵک دەگێرایەوە ساڵەکانی ١٣٧٣ و٧٤ و ٧٥ لە مووچە ومەزا پشت وپەنای هێزی پێشمەرگە بوو، ئەو قۆناغە لە ژیانی دا زیاتر هەستی بە کوردایەتی کرد هەر بۆیە بریاریدا بەرگی پیرۆزی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات لە بەر بکا بۆ ئەم مەبەستەش لە پاییزی ١٣٧٨ دا هاتە ریزی پێشمەرگەکانی دێموکرات، دوای تەواو کردنی دەورەی سەرەتایی لە ناوەندی ٢ سازمان درا.

جەمشید هەر لە سەرەتای پێشمەرگایەتی نیشانیدا کە کوڕێکی دڵسۆزو هەڵسووڕە. بە هۆی ئەخلاق و خوو ڕەوشتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی و خاکی بوونی زۆر زوو توانی جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. جەمشید پێشمەرگەیەکی نمونە بوو لە باری سیاسی هەوڵی دەدا پێ بگا ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ شتی نوێ فێر دەبوو لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری چالاکانەی دەکرد. ئەو بیروباوەڕی قووڵی بە حیزبەکەی ورێبازەکەی بوو بە هۆی بە نەزم بوونو پاراستنی دسیپلین و مودیرییەت لەساڵی ١٣٨٣دا وەک فەرماندەری پەل دیاری کرا. ئەو بەرپرسایەتی بە گیان وبە دڵ

قەبووڵ کرد وبەو پەڕی لێهاتوویی یەوە ئەرکی خۆی بە جێ دەگەیاند لە گەڵ هاوسەنگەرانی لە سەرەخۆ بوو و ئەخلاقی شۆڕشگێڕی فێر دەکردن هەر مەئموورییەتێک پێیان سپاربوایە بە گیان وبە رووحی ئاواڵەوە بەرێوەی دەبرد.

بەڵام بە داخێکی گرانەوە زۆر نەژیا تا زیاترخزمەت بە نەتەوەکەی بکا، رۆژی ٨ / ٨ / ١٣٨٥ لە کاتێکدا چەکەکەی خاوێن دەکردەوە گوللەی لە دەست دەرچوو وشەهید بوو بەم جۆرە رۆڵەیەکی بە ئەمەگی حیزب و گەل بە هۆی رووداوێکی دڵتەزێن کە تەنیا بە هۆی کەمتەرخەمی بوو گیانی لە دەست داو و شەهید بوو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

## شەهید ساڵە ئەڵماسی



دێمۆکراسیو مافی دیاری کردنی چارەنووس ئامانجێکە کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتی حیزبیدێموکراتی کوردستان ماوەی شەش دەیەیە بۆ وەدەستهێنانیانخەباتو بەربەرەکانی دەکا. بە هەزاران کەس لە چینوتوێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگای کورد بە مەبەستی درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی روویان لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات کردووەو سازمان دراون. لە درێژەی ئەم شەش دەیەدا کە گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی دەنگی هەڵبڕیوەو هاواری حەقخوازانەی بەرز کردۆتەوە لەلایەن دوو دەسەڵاتی دژی کوردی (سەڵتەنەتیو کۆماری ئیسلامی یەوە) بە ئاورو ئاسن جوابی دراوەتەوەو هێرشی نیزامی کراوەتە سەر خاکو نیشتمانەکەی، بەڵام رۆڵەکانی کوردیش دەستەوەستان نەوەستاونو بە ئیمانو ئیرادەی پۆڵاینی کوردانەوە دەستیان داوەتە چەکو لەبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا بەرەنگاری دوژمنانی دژیگەلی بوونەتەوە. لە درێژەی ئەم بەرەنگار بوونەوە قارەمانانەیە دا وێڕای لێدانی زەبری گورچکبڕ لە داگیرکەران لە ماوەی چەند دەیە دا بە هەزاران رۆڵەی قارەمانو فیداکاری رێی ژیانو ئازادی گیانی پیرۆزیان بەختی بارەگای سەربەستی خاکو نیشتمانەکەیان کرد کە یادو بیرەوەرییانو ئامانجەکانیان لە ناخی هەر کوردێکی وشیارو نەتەوەیی دا ریشەی داکوتاو.

ساڵە لە ساڵی ١٣٤٩ لە ئاوایی"دەرە سمایلە"ی ناوچەی سەقز لە بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورتی ئەو گوندە لە دایک بوو، لە ئامێزی گەرمی دایکی خۆشەویستی بەرەبەرە گەورە بوو بەڵام بە داخەوە هەژاری و دەست تەنگی لە رادە بەدەر لە لایەک ونەبوونی قوتابخانە لە لایەکی دیکە ئیجازەی نەدا بچێتە قوتابخانە ولە بەرەکەتی خوێندن بێ بەهرە بێ. هەر هەژاری بوو کە ناچاری کرد دەبێ لەمنداڵییەوە روو لەمەیدان وکارو کوێرەوەری بکا. بنەماڵەکەی بۆ باشتر بەرێوە چوونی ژیان لەگوندی دەرەسمایلە باریان کردوو لە شاری بۆکان گیرسانەوە.

ساڵە لە تەمەنی ١٣ ساڵی دا دەستی بە نانەوایی کرد وشانی دایە بەر کارو کوێرەوەری تا بتوانێ ژیانی بنەماڵەکەی باشتر بکا. ئەو بە تەواوی هەستی بە چەوسانەوەو بەشخوراوی نەتەوەکەی دەکرد هەر بۆیە بریاری خۆی داو لە ساڵی ١٣٦٥دا هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی

کوردستان ولە هێزی بەیان سازمان درا، هەر لە پاییزی ئەو ساڵە دا بە هۆی تەمەنی کەم ڕەوانەی یەکیتی لاوان کراو دوای ماوەیەک نێردرا دەورەی فێرگەی سیاسی نیزامی. دوای تەواو بوونی دەورەکەی گەڕاوە هێزی بەیان .

یەکەمین هەنگاوی لەو ماوەیەدا هەر زۆر زوو فێری خوێندن ونووسینی کوردی بوو بۆ خۆشی مداوم هەوڵی زیاتری دەدا کە شت فێر بی. ساڵە لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا کورێکی لە سەرە خۆو هێمن بوو هەموو ئەرکێکی حیزبی بە جوانی بەرێوە دەبرد لە چەندین شەڕی گەورەی ناوچەی بۆکان وسەقز وەک نۆبار، حوسێن‌ئاباد، مێرگەنەخشینە، دارەگردەڵە، بنەخوی وقەبغلۆوجە بەشداری چالاکانەی کرد. ئەو بەو پەڕی بڕواو ئیمانەوە پێی نابووە مەیدانی خەبات وئەزموونی وەسەریەک نابوو هەرئەوە بوو بە هۆی ئەوە لە ساڵی ١٣٧١ دا بە جێگری پەل دیاری بکرێ. لەو مەسئوولییەتەش‌دا زۆر ئازایانە شانی دایە بەرو سەلماندی کە لێوەشاوەیی ئەو پۆستەی هەیە. لە بواری سیاسی ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری هەوڵی دەدا، هەر بۆیە لەلایەن کومیتە شارستانەوە ناردرایە دەورەی سیاسی کە زۆر ئازایانە بەشداری کردو بە پلەی باش قەبووڵ بوو دوای تەواو بوونی دەورەکە پلەی تەشکیلاتی کادری دەرەجە ٤ی پێ درا.

ساڵە لە سازماندەهی سالی ١٣٧٢ و ٧٣ وەک کادری تەشکیلاتی ناوچەی ئاڵەشین دیاری کرا، لەم بەر پرسایەتی‌یەداو هەست کردن بە مەسئوولییەت سیاسەتی حیزبی لە نێو خەڵک دا بڵاو دەکردەوەو هەمیشە قسەی بۆ لاوەکان دەکرد و دژی پیلانەکانی ڕێژیم رادەوەستاو بەر پرچی دەدانەوە، ساڵی ١٣٧٤ بۆ مەئموورییەتی حیزبی گەڕاوە ناوچە وتا ئێستاش بێ سەرو شوێنە هیچ هەواڵێک لە چۆنیەتی شەهید بوونی لە دەست دا نیە.

## شەهید فەتتاح ئابدار



گەلانی زۆرلێکراو هەمیشە لەبەرامبەر ڕێژیمە زۆردارەکاندا، خەبات و بەر بەرە کانییان کردوە و دەربەدەری و ماڵوێرانی و کوێرەوەریان دیوە و فیداکارییان نواندوە تا بە لوتکەی سەرکەوتن گەیشتون. نەتەوەی کوردیش، وەک نەتەوەیەکی چەوساوە و بن دەست لە مێژە بۆ وەدەست هێنانی ئازادی خەبات دەکاو لە پێناوی گەیشتن بە مافە ئازادی یەکانی تووشی دەربەدەری، ئاوارەیی و کوێرەوەری بووە، شارو گوندی لێ وێران وخاپوورکراوەو گیانی هەزاران ڕۆلەی بە وەجی خۆی لەم پێوەندی‌یەدا بەخت کردوە.

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەدەی رابردوودا بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥)ی زایینی‌دا شێوەیەکی سیاسی‌تری بەخۆیەوە گرت وخەڵکی کوردستانی ئێران لە دەوری ئاڵای حیزبی دێموکرات کۆبوونەوە .حیزبی دێموکرات زیاتر لە نیو سەدەیە دژی ڕێژیمە زۆردارەکان وەستاوەو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەی خەبات دەکا، بە تایبەتی لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ دەسەڵات دارێتی کۆماری ئیسلامی بە سەر وڵاتی ئێراندا بە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی کورد هاتوونە ریزەکانی حیزبی دێموکرات ولە بەرامبەر

درندەترین وکۆنە پەرستترین رێژیمی سەردەم دا خەباتیان کردوە و بە هەزاران کەس لەوان گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەیان دابەخشیوە.

فەتتاح سالّی ۱۳۴۰ لە گوندی"عەولاتەپەسی"لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە دایک بوو بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا. تا پۆلی 5ی سەرەتایی دەرسی خوێند بەڵام هەلومەرجی ئەو کات و ژیانی سەردەم ئیجازەی نەدا درێژە بە خوێندن بدا. بۆیە رووی لە موچەو مەزرا کردوو لەشی شلکی هەر لە منداڵی یەوە تێدا خارابوو شان بە شانی ئەندامانی بنەماڵەی کاری وەرزێری دەکرد.

لەکاتی خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی وێرای لاوانی ناوچەی بۆکان بەشداری کرد. فەتتاح هەر لە سەرەتای شۆرشەوە ئیمانی بە خەباتی گەلی کورد بوو. دوای داگیرکردنی شاری بۆکان وناوچەی دەوروبەری، رێژیمی ئاخوندی ئیسلامی سیاسەتی بە زۆر چەکدارکردنی گوندەکانی ناوچە دەستی پێ کرد گوندی"عەولا تەپەسی"لە سالی ۱۳۶۲ی هەتاویدا لەو پیلانە بێ بەش نەبوو رێژیمی ئاخوندی بە چەکدارکردنی زۆرە ملی دێهاتەکان پێی وابوو دەسەلاتی خۆی بە سەرخەڵکی کورد دا دەسەپێنێ. خەڵکی چەند ئاوایی یان لە گوندی مەڵلالەر کۆیان کردنەوە، یەکێک لەو لاوە بەهەستانە فەتتاحی ئابدار بوو کە زۆر باش تێگەیشتبوو رێژیم ئەو چەکەی بۆ بەسەردا سپاندوەو مەبەستی چی یە. هەر بۆیە لەکاتی پەلاماری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بۆ سەر مۆڵگەی مەڵلالەر لە سالّی ۱۳۶۳دا زوو خۆی بە دەستەوە داو هاوکاری پێویستی لەگەلّ پێشمەرگەکان کرد. سەداقەت وئەخلاقی فەتتاح بووە هۆی ئەوە کە شەرەفی پێشمەرگایەتی پێبدرێ‌و لەریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان سازمان دراو تێکۆشانی بۆ رزگارکردنی گەلە بەشخوراوەکەی دەست پێ کرد.

فەتتاح هەر لە سەرەتاوە پێشمەرگەیەکی بەنەزم ودیسیپلین وروح سووک بوو لە پێناوی ئامانجی پیرۆزی دا فیداکاری دەنواند ئەو لە شەرەکانی سالی ۱۳۶۳ و۶۴ ئازایەتی لە خۆی نیشان دا وەک رۆڵەیەکی روح سووک وفیداکار چاوی لێ دەکرا. لە گەل هاوسەنگەرانی لەسەرەخۆ رەوشت پاک بوو، ئیمانی بە رێبازی بوو وەک پێشمەرگەی نمونەی نەزم وبە ئەخلاق چاوی لێ دەکرا.

بە هۆی لێهاتوویی وجێگەی باوەری حیزب وەک پێشمەرگە لە گەڵ کادرەکانی تەشکیلاتی رەوانەی ناوچە کرایەوە. لە زستانی ۱۳۶۴ی هەتاوی فەتتاح لە گەڵ کومیتەی ناوچەی ئەحمەدی کۆر بۆ مەئموورییەت رەوانەی گوندەکەی خۆیان(عەولاتەپەسی) کرا. بە داخەوە لەلایەن خۆفرۆشانەوە راپۆرتیان لێ دەدرێ وهێزی دژی گەلی گەمارۆیان دەدەن وبە دیلیان دەگرن. فەتتاح هەر وەک ئازاو بوو لە زیندانیش هەر وا ئازا مایەوە. رێژیمی ئاخوندی لە زیندانەکانی میاندواو، بۆکان و ورمیە هەموو توانای خستەگەڕ کە نهێنی یەکانی حیزبی پێ بدرکێنێ بەڵام فەتتاح هەر وا قایم لە سەنگەر دا مایەوە و لەسەر رێبازەکەی سوور بوو هەر بۆیە جەلادەکانی کۆنە پەرەستی لەوپەڕی زەبوونیو داماویدا بریاری خۆیان داو پاش چەند سالّ زیندانی لە ۲ / ۱۱ / ۱۳۷۰ لەزیندانی ورمیە ئێعدامیان کردو چووە ریزی شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەوە.

# شەهید جەعفەر مجاور



ئـازادی نرخـی گرانـەو هـەروا بـە سـانایی وەدەس نایـە. ئـەو گەلانـەی کـە ئێسـتا زنجیـری دیلـیو کۆیلـەتی یـان پسـاندوەو بـە ئـازادیی دەژیـنو چارەنووسیان لە دەستی خۆیاندایە لە درێژەی خەباتو بەر بەرەکانی یەکی قارەمانانەو شۆڕشگێڕانە داتوانیویانە بووکی ئـازادییو سەربەستی لـە ئـامێز بگـرن. خـەباتو بـەر بـەرەکانیش لـە بەرامبـەر داگیرکـەرانو دیکتـاتۆراندا، بـۆ وەدەسـتهێنانی ئـازادییو مـافی چـارەی خـۆ نووسین هـەوڵو تێکۆشـانو فیـداکاری دەوێ. بـە خوێندنـەوەی مێـژووی پـڕ لـە کێشـەو ئـاڵۆزیو لەهـەمان کـات دا پـڕ لـە فیـداکاری ئـەو نەتەوانـەی کـە قۆنـاغی ژێردەستەییو کۆیلەتییان تێپەڕاندوەو ئێستا لە قۆناغی گەشەکردنو مەترەح بوون دان، روونتر مانای ئـەم وتـە بەناوبانگـەی ڕێبـەری شـەهیدمان دوکتور قاسملوومان بۆ دەردەکەوێ کە:" گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا".

جەعفەر لە سالی ١٣٤٤ی هەتاوی لە شارە جوان و رازاوەکەی بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژارو فەقیر لە دایک بووە. جەعفەر لـە تەمەنی منداڵی یەوە بە کوێرەوەری گەورە بوو لە تەمەنی٧ ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کراو تـا پۆلی ٥ی سـەرەتـایی دەرسـی خوێنـد. ژیـانی لاوی جەعفـەر وەک زۆربەی لاوانی کورد لە بێ بەشی ومەینەت بەشی دا تێپەڕی، بە هۆی فەقیری نەیتوانی زیاتر درێژە بە خوێندن بدا و رووی لە کارو کاسبی کرد. ئەو بۆ پەیدا کردنی بژێوی ماڵەوە رۆژانە لە بۆکان دەکرد زۆربەی شقامەکانی بۆکانی دەپێوا، بەڵکوو بتوانێ نانێک بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا. ساڵی ١٣٥٧ لە خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری کرد. دوای روخـانی رێژیمی پاشـایەتی وهاتنـە سـەرکاری رێژیمـی ئاخونـدی، جەعفەر چرای هیوای گەشایەوە. لەو هەلومەرجەدا رۆژ بـەرۆژ خـۆی زیـاتر مانـدوو دەکرد تـا زیـاتر مانـدوو دەبـوو زیـاتر هەسـتی بـە زوڵـم وزۆر دەکرد. ئەو هەمووە بێ ئۆقرەیە وای کرد رێگا چارەیەک بۆ رزگار بوون لەو ژیانە پڕلە ژانە هەڵبژێرێ. بۆیە بڕیاری داو لەسـاڵی ١٣٦٠ هاتـە ریـزی خـەباتگێرانی دێموکراتـەوە شـەڕفی پێشـمەرگایەتیی پـێ بەخشـراو لیباسـی پـڕ لـە شـانازی پێشمەرگایەتیی لـە بـەر کرد. جەعفـەر هـەر لەسەرەتـای هاتنی بۆ نێو ریزەکانی حیزب دا، دڵسۆزیو راستی و ئیمان وبڕوایەکی پتەوی لێ بەدی دەکرا، کوڕێکی زەحمەتکێش ولاوێکی تێکۆشەر بوو لە دڵ ودەروونی هاوسەنگەرانی دا بوو. بـۆ دیفـاع لـە شـاری بۆکـان، وێـڕای هاوسـەنگەرانی لـە هێـزی بـەیان لـە شـەڕە حماسـیەکانی جـادەی مياندواو بۆکان بەشداری چالاکانەی کرد. ئازایەتی و جوامێری، ورەی بەرزو هەڵسووری، ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری یەک وگیانبازی یەک بوو. لە بەرێوە بردنی ئەرک ومەئمورییەتی حیزبی یەکان داجیدی ورووسوور بوو. قارەمانەتی لە شەڕەکانی، بۆکان، شارویران، شامات، نۆبارو قـاراوە بـێ وێنـە بـوو. شـەوی ٤ / ٥ / ١٣٦٣ی هـەتـاوی لـە گـەڵ دەستەیەک لـە پێشمەرگەکانی هێـزی بـەیان بـۆ پشـوودان روو دەکـەنـە ئـاوایی"قـالوێ شێخان"بەڵام دوژمن هەست بە بوونیان لەم گوندە دەکاو بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان دەکاتە سەرو بەو شێوەیە لە نێو ئاوایی دا شەڕی ماڵ بە ماڵ ودەستەو یەخە دەست پێ دەکا. لەو شەڕەدا 9 کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژراو لەو بەربەرەکانیەدا بە داخەوە جەعفەری مجاور دەکەوێتە بـەر گوللەی خائینان و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی رۆڵەیەکی دیکەی ئەم نیشتمانە بە ناوی ئەبوبەکر بەهرامی(مام حەسەن) دەبێو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانیان و نەتەوەکەیان دەکەن.

# شەهید عەلی قەڕەڵی



**بزووتنەوەی كورد لە كوردستانی ئێران تەنیا لە قۆناغی تازەی، واتە لە سەردەمی پڕ مەینەتی ژیانی ئێرانی یەكان لە سێبەری كۆماری ئیسلامی دا بە هەزاران تێكۆشەری نێو ریزی هێزە سیاسی یەكانو بەدەیان هەزار شەهیدی بێ ئدیفاعی كردۆتە خوێن بایی ئازادیی كوردو رزگاریی كوردستان. لە كەس شاراوە نیە كە بەشی هەرە زۆری ئەو قوربانی یانە بە تایبەتی ئەوانەی كادرو پێشمەرگەو فەرماندەری خەباتی چەكدارانە بوون سەر بە حیزبی دێموكرات بوون. ئەمە لەگەڵ هەموو تاڵیو بە ژانی یەكەی شانازی یەكی گەورەیە كە تێكۆشەرانی دێموكرات هەقیانە پێی بنازنو پێی سەربەرز بن. بە تایبەتی ئەگەر لە بەرچاو بگرین كە میراتگرانی ئەو شەهیدە سەر بەرزانە هەروا رێبواری رێگاكەیانو هەروا ئامادەن بۆ ئەوەی هەركات پێویست بێ گیان بەخت بكەنو رێبازی سەركەوتن تەخت بكەن.**

**عەلی لەساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە هەژارترین بنەماڵەی ئاوایی قەڕەڵی سەر بەناوچەی پیرمحەممەد لە دایك بوو. عەلی وەك زۆربەی منداڵە بێ بەشەكانی دێهاتی كوردستان لە شەوە زەنگی نەخوێندەواری دا مایەوە ونەیتوانی بچێتە قوتابخانە. ژیانی منداڵی وسەرەتای لاوێتی ئەو بە ئاژەڵداریوكرێكاری تێپەربوو. بۆدابین كردنی ژیانی بنەماڵەكەی بە درێژایی شەو ورۆژ لەگەڵ مەڕو بەرخۆڵان گەورە بوو. هەر بۆیە زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوە وژێر دەستی كرد، پڕ بە دڵ لەو ژیانە پڕ لەژانە بێزار بوو ساڵ هات ومانگ رۆی، عەلی زیاتر بیری لەژیانی تاڵی خۆی ئازارەكانی دەكردەوە. تازە پێی نایە دە ساڵە كە زەبرێكی گەورەی رووحی گیان ولەشی ودەرونی هەژاندو سێبەری دایكی لە سەر نەما بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێ كرد بەڵام عەلی لە گەڵ هەموو ئەو مەینەتی یانە بەربەرەكانی دەكرد.**

**بە دوای هاتنە سەر كاری كۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ وهێرشی بۆ سەر خەڵكی كوردستان، عەلی زەحمەتكێش ریزی تێكۆشەرانی دێموكراتی هەڵبژارد ولە ساڵی ١٣٦٠ هاتە ریزی پێشمەرگەكانی هێزی بەیان و لە لكی ٣ سازمان درا. رۆڵەی كوردی زەحمەتكێش وباری بە وەفای هەژارانی ناوچەی پیرمحەممەد بە یەك دنیا ئاوات وئارەزوو چەكی دەست دایە وبە گژ داگیركەران دا دەچووە. لە ماوەیەكی كورد دا لە نێو هاوسەنگەرانی دا جێگای خۆی كردەوە وەك قارەمانێكی بە ئەزموون چاوی لێ دەكرا. پێشمەرگەیەكی بە ئەخلاقولە بەر دڵان بوو لە شەڕەكان دا هەمیشە رۆڵی بەر چاوی هەبوو. شەڕەكانی ئەوكاتی ناوچەی پیرمحەممەد، تورجان، سەرجادەی میاندواو- بۆكان، ئەربەنووسو نێوشاری بۆكان بۆ هەمیشە شاهیدی ئازایەتیو فیداكاریوخوڕاگری ئەو رۆڵە هەژارە تێكۆشەرەی حیزب وگەلەكەمانن. بە لآم بە داخەوە زۆر نەژیا ونەیتوانی زۆرتر خزمەتی حیزب ونەتەوەكەی بكا سەرئەنجام گیانی پاكی خۆی بەختی ئازادیی گەل كرد. لەئاخرییەكانی ساڵی ١٣٦٢، رۆژی ١٣ی رەشەممە پێشمەرگەكانی هێزی بەیان ولكی دووی هێزی پێشەوا لەناوچەی شامات لەحاڵی گەڕان وهەڵسووڕانی سیاسی ونیزامیدا بوون لەحالێكدا لە نێو ئاواییەكانی دێمەسوور، تالآو، جەعفەراوە لە حاڵی پشوودان دا بوون لەكاتژمێری ٩ی بەیانی لەشاری میاندواوە هێرشیان كرایە سەرو شەڕێكی گەرم وخوێناوی لەنێوان هێزی داگیركەران لە لایەك و هێزی پێشمەرگە لە لایەكی دیكە دەستی پێ كرد پاش ١١ سەعات شەڕی قارەمانانە زیاتر لە ١٥٠ كەس كوژران وبریندار بوون دەیان قەبزە چەكی سووك وقورس وچەندین ماشێن بە دەسكەوت گیران. بە داخەوە لەو شەڕە دا عەلی قەڕەڵی كەوتە بەر گوللەی**

دژی گەلی یەکان وسینگی کون کراو دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت وخوێنی تێکەڵ بە خوێنی ٥ قارەمانی دیکە بە ناوەکانی محەممەد برایم ئۆف، محەممەد عیساله، فەتتاح خورشیدی، خالید خزرئاقایی‌و سمایلعەزیزپوور بوو سەری خۆیان کردە پردەبازی سەرکەوتن و دەشتی شاماتیان بە خوێنی خۆیان سوور کرد.

# شەهید خالید مەحموودی

(ناسراو بە خالید سەراوی)



لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە نێو فەقیران و هەژارانی ئاوایی سەراو لەناوچەی ئاڵەشینی بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. نەداریو دەست کورتی بەر دەرگای ماڵی خالیدی گرتونەیتوانی بچێتە قوتابخانەو وەک زۆربەی منداڵانی رەش ورووتی کوردستان لە نەخوێندواری دا مایەوە. هێشتا منداڵ بوو کە زەربەیەکی ڕوحی لێکەوت دایکی شیرینی لەدەستدا. خالید هەر لە منداڵیەوە رووی لەکارو کاسبی کردو بوو بە شوانی بەرخۆڵان. ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ زەحمەت وکوێرەوەری وچەوساوە بوو. چەند ساڵ دواتر زەبرێکی رووحی دیکە دڵوەدەروونی هەژاندوسێبەری باوکیشی لەسەر نەما. خالید بەناچاری زیاتر لەشی شلکی بە کاروکاسپی خاراندو رۆژ تا ئێوارە کاری دەکرد. بۆ پەیدا کردنی پارو نانێک هیچکات ڕاوەستانی نەبوو بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ بەگاوانیو شوانی قەناعەتی هەبوو. هەرچەند سەوادی نەبوو بەڵام چاوو گوێی بەتەوای کرابۆوە هاوسێ بوون لەگەڵ شاری میاندواو هەستی بە جیاوازیو چەوسانەوەو زوڵم وزۆر کردبوو.

بە هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئاخوندی وپەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی ئەو شوێنەی خالیدی لێ دەژیا هەر زۆر زوو کەوتە بەر هێرشی کوماری ئیسلامی. بۆیە نەیتوانی چاو لێ کەر بێ وزوو بریاری خۆی دا وەک لاوانی دیکەی ئەو ناوچەیە خۆی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم ئامادە کرد. بۆ ئەم مەبەستە رووی لە بنکەکانی حیزبی کردو لە نێو خەباتگێرانی دێموکرات خۆی دیتەوە. لە ساڵی ١٣٦١ چەکی دیفاع لە گەلەکەی لە شان کرد و لە هێزی بەیان دا سازمان درا. خالید یەکەمین هەنگاوی فێربوون ونووسین بوو بەو پەری عەلاقەوە هەوڵی فێربوونی دەدا. هەڵسووڕیو لەسەرەخۆیو بە نەزم بوونی بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو ڕێزیان لێ دەگرت وڕێزی دەگرتن. ئەو بە شێوەیەکی زۆر ئازایانە بە گژ داگیرکەراندا چۆوەو لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان، ئازایەتی لە جادەی میاندواو بۆکان، ئەربەنووس ونێو شاری بۆکان کەم وێنە بوو لە مەئمورییەتەکانی حیزبیدا بەو پەری بەرپرسایەتییەوە بەرێوەی دەبرد.

رۆژی ١٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٣ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان وپێشەوا بۆ ئەنجامی بەرێوە بردنی عەمەلیاتێکی هاوبەش رویان لە دەشتی شارویران کرد. سەعات ١٠ی بەیانی هەموو پێشمەرگەکان لە سەنگەردا خۆیان لە دوژمنی کونە پەرەست مات دابوو هێزی کۆنە پەرەستی کە بە بوونی پێشمەرگەی لەو ناوچەیە زانیبوو بە هێزێکی زۆرەوە خۆی گەیاندە ناوچەو دەشتی شارویرانی دەپشکنی. لەپڕ بەگرمەی ئارپیجی وقرمەی کلاشینکۆف شەڕ دەستی پێ کرد لەهەموو ئەو ناوچەیە دەنگی تەقە دەهات شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو هێزی دوژمن دەشتی شارویرانی رەش

داگیرا بوو پێشمەرگە وەک قەڵایەکی پۆڵایین لە سەنگەر دا مابوون. پاش ۱۱ سەعات بەر بەرەکانی و ۵ جار تێکشکاندنی هێزی دوژمن، ۷۰ کەس لە هێزی دوژمن کوژراو ژمارەیەکیش بریندار بوون لە نێو کوژراوەکان دا جێگری فەرماندەی قەرارگای "همزالشهدا"بە ناوی عەلی قومی بەرچاو بوو. لەو شەڕەدا بە داخەوە خالید مەحموودی(ناسراوبە خالید سەراوی) لەگەڵ بیستو چوار هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی: محەممەدئەمین بارام میرزا، تاهیر خزری، حوسین قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپور، شیخ ساڵە، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسمان دەروێشی، ئەمیررەزایی، عەولا شەریفی، مستەفا محەممەدی، حوسین وەحدەت، محەمەدساڵح فەرجی، سلێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفی، برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون. گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ رزگاری نەتەوەکەیان و بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە حیزب کرد.

## شەهید هەمزەی فەرەجی



کوردستانی ئێران بە دوای جوانەمەرگ کرانی کۆمارە کەم تەمەنو یازدە مانگەکەی کوردستان دا لە مەهاباد، گەلی کورد بە ئێعدام کرانی رێبەرو سەرکردەکانی چاو ترسێن نەکراو بە رێبەرایەتی حیزبە خۆشەویستەکەی سەر لە نوێ پشکۆی خەباتێکی درێژخایەنی گەشاندەوەو تێکۆشانی دەست پێ کردەوە. بەڵام ئەم جارەیان بە ئەزموونێکی زیاتر تونـدو تـۆڵتر لـە پێشـوو پێـی نـاوە گۆڕەپـانی ململانـێ ومەشخەڵی خەباتی داگیرساندەوە. ئێستاش کە زیاتر لە نێو سەدەیە بە سەر تەمەنی ئەو بزووتنەوە رەوایە دا تێ دەپەڕێ، کوڕانی دێموکرات بە ئیمان بە رێبازی پیرۆزیان هەر وا قورس و قایم لە سەنگەردان لە بەرامبەر دڕندەترین دوژمنانی ئازادی دا راوەستاون لەو پێناوە دا بە هەزاران کەس لە جگەرگۆشەکانی ئەو گەلە خۆڕاگرە بوونەتە قوربانی و گیانیان بە نیشتمانەکەیان بەخشیوە. یەکێک لەو جگەر گۆشانە هەمزەی فەرەجی یە.

لە ساڵی ۱۳۴۰ لە گوندی قاجر سەر بە ناوچەی پیرمحەممەد لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە دایک بوو. بەرەبەرە گەورە بـوو هـەر لەتەمەنی لاویدا لە سەرەتای ژیانی یەوە رووی لە کاری کەشاوەرزی کردو بە نەخوێندەواری مایەوە هەر چەند وەزعی ئابوری بنەماڵەی خراب نەبوو بەڵام کاری وەرزێری دەرگای خوێندنگەی لێ بەست. هێشتا منداڵ بوو کە زەبرێکی روحی ودڵ دەروونی هەژاندو سێبەری باوکی لە سەری نەما. هەر بۆیە هەمزە لە تەمەنی لاوی یەوە شەو ورۆژ لەمووچەو مەزرا کاری دەکردو بوە هاودەمی ژیانی تا بتوانێ لە نەبوونی بـابی ئـەو کەلێنـە گـەورە پـڕ بکاتـەوەو وێڕای ئەندامانی بنەماڵە بە کوێرەوەری و شەو نەخونی رۆژی دەکردەوە بۆ ئەوەی لەو ژیانە تاڵە رزگاری بێ.


لە کاتی دەست پێ کردنی شۆڕشی گەلانی ئێران وێڕای لاوانی ناوچە و شـاری بۆکـان لـە خۆپێشـاندانەکاندا بەشداری چالاکانەی کرد. دوایی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرا بـوونی رێکخراوەی حیزبـی لـە بۆکـان، هەستی نەتەوایـەتی ئـەو زیـاتر هاتـە خرۆش و لـە نیزیکەوە هاتوچۆی بنکەکانی حیزبی دەکرد.

ساڵی ۱۳۵۹ وازی لە هەموو شتێک هێناو بە تەواوی وجوودی یەوە بوو بە پێشمەرگە و لە هێزی پێشەوا سازمان درا. هەمزەی دڵسۆز لە

شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد دا بەشداری کرد و ڕۆڵێکی بەر چاوی هەبوو ئەو بڕواو ئیمانێکی قوڵی بە سیاسەتەکانی حیزب و خەباتی ڕەوای گەلەکەی بوو.

ساڵی ١٣٦١ لە سەر داوای خۆی نەقڵی هێزی بەیانی وەرگرت و لەو هێزە تێکۆشانی پێشمەرگایەتی درێژە دا. هەموو لێوەشاوەیی خۆی بۆ خزمەتی حیزب وە گەلەکەی تەرخان کرد، زۆر زوو لەو هێزەش دا لە نێو هاوسەنگەرانی‌دا جیگای خۆی کردەوە لە شەڕەکان‌دا ئازاو بەورەو لە بەڕێ ◌َوە بردنی مەئمورییەتە جوراوجۆرەکان دا بێ دریغ بوو. سەداقەت وئیمان، قارەمانەتی و هەڵسووری و دەست وبردی بۆ پێشمەرگەکان ناسرا بوو. ئازایەتی ئەو ڕۆڵە نەمرە لە شەڕەکانی شاریکەند وجادەی سەقز. بۆکان لە بیر نەکراوەیە و هەمیشە لە دڵی خەڵکی ئەو ناوچەیە دا ماوەتەوە. بە داخەوە زۆرتر نەژیا و مەرگ مەودای پێ نەدا. شەوی ١٧ / ٢ / ١٣٦٢ بە پێی گەلاڵەیەکی لە پێشدا داڕێژراو هێرش کرایە سەر مۆڵگەی گوندی"قاقلاوە"لە ناوچەی تورجان پاش ١/٥ سەعات شەڕی سەنگەربە سەنگەر بە شێکی پایەگا دەستی بە سەر داگیراو چەک وچۆڵێکی بەرچاو بە دەسکەوت گیرا ٣ کەسیش بە دیل گیران. لە گەرما وگەرمی شەڕەکە دا بە داخەوە هەمزەی فەرەجی لە گەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ناسری باریک و محەممەد عوسمانزادە شەهید بوون وگوڵی تەمەنی لە ٢٢ سالی دا هەڵپڕوکاو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل.

## شەهید قادر محەممەد شاهی



هاورێ کاک قادر محەممەد شاهی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی‌لەئاوایی ڕەحیم خانی ناوچەی ئاڵەشێنی بۆکان لەداوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەت کێشی نیشتمان پەروەر چاوی بە دونیای پڕزوڵم و بێ‌عەداڵەتی هەڵێنا بوو. تەمەنی منداڵی ئەویش لە ڕەنج و کوێرەوەری زەحمەت و مەینەت بەشی دابڕا بوو. لە بەر هەژاری و نەداری نەیتوانیبوو بخوێنێ و نەخوێندەوار مابۆوە. هێشتا منداڵ بوو کە دەستی بەکار و کاسپی کردوو دواتریش بۆ دۆزینەوەی کاروو کاسپی ڕووی کردە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران. قادر دەبوایە بە هێز و باهۆی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی هەڵسووڕێنێ بۆیە لەو بارەوە لە هیچ زەحمەت و ماندوو بوونی ئارەق ڕشتنێک دریغی نەدەکرد.ژیانی پر کوێرەوەری‌و مەینەتی بەشی قادری لە نێو بوتەی خۆی‌دا قاڵ کردبۆوە. بە هیممەت و ئازاو باوەری بە خۆی بوو. سەرتاسەری‌و جودی پڕ بوو لەڕق وبێزاری لەزاڵمان‌و چەوسێنەران. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی پڕ شکۆی گەلانی ئێران قادر ئاواتی ئەوە بوو کە گەلەکەی بە ماف و ئازادیە ئینسانیە کانی بگا. بەڵام ڕێژیمی ئاخوندی دەسکەو تەکانی شۆرشی پێشێل کردن و سەر لە نوێ وڵاتەکەمانی خستەوە ژێر ڕکێفی دیکتاتۆری و سەرکوت وخەفەقان و کوردستانی لە خوێن و فرمێسک دا نوقم کرد.

لەو سەرو بەندە دا بوو کە حیزبی دێموکرات ئاڵای خەبات و بەربەرەکانی بەرز کردەوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بۆ شۆڕش و خەبات بە دژی کۆنە پەرەستی فەرمان ڕەوا دەعوەت کرد. بە هەزاران کەس لە لاوانی کوردستان بە بانگەوازی حیزبەوە چوون‌و چەکی دیفاع لە ماف و

ئازادیەکانی گەلی کوردیان کردە شان قادر محەممەد شاهی یەکێک بوو لەو لاوانەیە. قادر هەر لە سەرەتای ساڵەکانی دوای سەر کەوتنی شۆڕشەوە، چەکی دیفاع لەمافە رەواکانی گەلی کوردی کردە شانو لەهێزیزمزیران بوو بە پێشمەرگە. زۆر زوو توانی جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرەکانی لە هێزی زمزیران دا بکاتەوە و سەرنجی هەموان بۆ لای خۆی راکێشێ. ئازا، هەڵسوور، بە ورەو خاوەنی گەلێک سیفەتی خەبات گێرانە بوو. لەنێو هاوسەنگەرانیدا بە قادر رەحیم خانی نێوبانگی دەرکردبوو. هاورێ قادر رەحیمخانی لەزۆربەی شەڕەکانی ئەو کات دا رۆڵی ئازایانەو جەسوورانەی دەگێرا. شەڕەکانی مامە زینەو رێگای میراوێو دەیان شەرو عەمەلیاتی دیکە، بۆ هەتا هەتایە شاهیدی ئازایەتی ئەو رۆڵە قارەمانەی حیزبەکەمانن. بەلام بەداخەوە هاورێ قادر رەحیم خانی زۆر نەژیا تا خزمەتی زۆرتر بە حیزب و گەل بکا. سەرەنجام ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە کاتی دەست بە سەر داگرتنی مۆڵگەی دووژمن لە مامەزینە ، کەوتە بەر گوللەی دووژمن و گیانی شیرینی خۆی پێشکەشی بارەگای ئازادی گەلی کورد کرد. یادی بەخێر بێو رێگای تا سەر کەوتنی هەروا پڕ رێبوار بێ.

## شەهید رەحمان بوداغی



مەرگێک لە رێی نیشتمان بێ
سەد ژیانی بە قوربان بێ

ئاواش نە با هەر دەمردم
کەسیش یادی نەدەکردم

بەو مەرگە زیندوو دەبمەوە
تازە کوا لە بیر دەچمەوە

ئەو کەسانەی تەمەنی خۆیان بەختی بەرژەوەندی گشتی گەلەکەیان دەکەن و بە سەر بەرزی و روو سووری دەستەملانی خاکە پیرۆزەکەیان دەبن، لە نێو کۆمەلانی بەرینی خەڵک دا جێگای هەتا هەتایان بۆ تەرخان دەکرێ و لە پاش مردنیش ناو و ناوبانگیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لاوان و شۆرە سوارانی گەلی کورد و مرۆڤە هەڵکەوتوەکان، ئەوینداری رێگای ئازادی و دێموکراسی، بۆ وەدەست هێنانی ئەو ژیانە سەر بەرزانەیەو، لە پێناوی هێنانی ئازادیدا، خەبات دەکەن و بە فیداکاری و گیانبازیو خۆ بەخت کردن، رێچکەی خەبات دەشکێنن و بە خوێنی خۆیان نەمامی ئازادی پاراو دەکەن. ئەوەتا لەکوردستانی رۆژهەلاتدا ماوەی زیاتر لە نیو سەدە خەباتی ئاشکراو نهێنی دا بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، ئەو مرۆڤە هەڵکەوتوانە لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنوس، پۆل پۆل لە دەوری ئالای حیزبە پێشرەوەکەیان حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ دەبنەوەو پەیمانی بەهێزو ئیرادەی پۆلایین یان دیفاع لە بوونو مافی گەلەکەیان دەکەن و دووژمن بە چۆک دا دێنن. بۆ دابین کردنی ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بۆ نەتەوە زۆر لێ کراوەکەیان، بەرانبەری هارترین دووژمنی ئازادی دا بەربەرەکانی دەکەن و بێ پشوودان و حەسانەوە رێگای خەبات و رەوایان دەپێون. لەو پێوەند یەدا بە هەزاران رۆڵەی ئەمەگناسی ئەو گەلە ماف خوازە بوونەتە قووربانی و

مێژووی خەباتیان بە خوێنی گەشی خۆیان نووسیوەتەوە .یەکێک لەو ڕۆڵە ئازادیخوازانەی گەلەکەمان کە باشترین ساتەکانی تەمەنی خۆی لە پێناوی وەدی هێنانی ئازادی دا بەخت کردوە، هەر لەو ڕێگایەش دا سەری بەرزی داناوە، شەهید ڕەحمان بوداغی یە.

ڕۆژی ٢١ی جۆزەردانی ١٣٦٠ی هەتاوی بوو، دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی گەلی کورد بو دەست بە سەر داگرتنی مەڵبەندی سەر شێوی سەقز کاروانێکی گەورەی نیزامی وەڕێ خستبوو. پێشمەرگەکانی هێزی شەهید عەزیز یوسفی کە لە نیازی دوژمن ئاگادار بوون، بە پەلە خۆیان سازمان دا و بەرەنگاری کورد کوژان بوونەوە لەو دەمە دا ڕەحمان بوداغی کە پێشتر بۆ بەشداری لە دەورەی کادر دا بۆ فێرگەی سیاسی نیزامی بەڕێ کرابوو، کۆتایی بە دەورەکەی هاتبوو، دەگەڕایەوە بۆ کومیتە شارستانی سەقز. کاتێک بینی کە هاوسەنگەورانی بۆ زەبر وەشاندن لە پەلامارداني کوردستان لە سەنگەر دان، بێ سێ و دوو لێ کردن سەنگەری گرت و تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگەکان بوو. هەر چەند فەرماندەری عەمەلیاتەکە هەوڵی لە گەڵ دا کە پاش گەڕانەوەی لە کەلاسی کادر دەبێ خۆی بە کەمیتەی شارستان بناسێنێ و لەو عەمەلیاتە دا بەشداری نەکا و لە گۆڕەپانی شەڕ دووری بخاتەوە ، بەڵام ڕەحمانی شۆڕشگێڕ کە لە بەرانبەر هاوسەنگەرانی و نەتەوەکەی دا خۆی بە بەرپرس دەزانی، سەنگەری چۆل نەکرد سیرەی لە کورد کوژان گرت. سەرەنجام ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات شەڕێگی خوێناوی وسەنگەر بە سەنگەریان لە گەڵ بەکرێگیراوانی کۆنە پەرەستی دەست پێ کرد. دوژمن برینێکی قورسی هەڵگرت و زەبرێکی بە ژانیو یکەوت وپاش کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی بەر چاو لە هەڵ خەڵە تاوان، تێک شکێنراو پاشە کشەیان پێ کرا. پاش تەواو بوونی شەڕ ڕەحمان لاوی تێکۆشەر کە لەگەڵ هاوسەنگەرانی خەریکی کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان و شناسایی کوژراوەکان بوون، گرمەی خۆمپارەیەک گەیشتە گوێی پێشمەرگەکان و پاش چەند چرکە لەنێو پێشمەرگەکاندا وەعەرزی کەوت. بەداخەوە دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی شەهیدان ئەحمەد ڕووزبەو ساڵحی مەهدی شەهید بوونو ڕەحمانیش بریندار بوو. بەڵام کاری بوونی برینەکەی بوو بە هۆی ئەوە کە پاش سێ کات ژمێران، لەکاتێکدا خوێنی لەزامەکانی دەچۆڕاو بە زەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشا، بەرە بەرە ئەندامەکانی لە لەشی بێ هێز بوون و بینایی چاوەکانی کز وکزتر بوون. بە دەر برینی ئەو ڕستەیە کە : "خەبات درێژە پێ بدەن وخوێنی شەهیدان لە بیر مەکەن "چاوەکانی لە سەر یەک دانان ومالٚ ئاوایی لە هاوسەنگەرەکانیو گەلە بە ئاوات نەگەیشتووەکەیو نیشتمان پێشێل کراوەکەی خواستو درێژەدانی ڕێگای خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد. بەمجۆرە سێ ڕۆڵەی وەفاداری گەل سێ قارەمانی نێوسەنگەری کوردایەتی، سی ڕۆڵەی بەئاوات نەگەیشتوو سی پێشمەرگەی فیداکاری حیزبی دێموکرات سەنگەری خەباتیان بەخوێنی گەشیان نەخشاندوو، وەک مۆمی داگیرساو ڕێگای خەباتیان ڕووناک کردەوە.

شەهید ڕەحمانی بوداغی سالی ١٣٣٦ ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی ناوچەی بوکان چاوی بۆ ژیان کردوتەوە. پاش تێپەڕ کردنی دەورانی ساوایی لە تەمەنی حەوت ساڵی دا وە بەر خوێندن یان ناوەو، پوَلە کانی خوێندنی سەرەتایی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە تێپەر کردوون و پێی ناوەتە قوناخی خوێندنی ناوەندی ڕەحمان قوتابی یەکی زیرەک و وریا و لە گەڵ ئەوەش دا کورێکی هێدی و هێمن و لە سەرەخو بوو. لە دەورانی خوێندنی ڕاهنماییدا بە هوی ئەوە کە ماموستاکەی لە ژیانی سەخت و دژواری گەلی کورد و ڕابردووی پڕ لە ڕەنج و مەینەتی ئەو نەتەوە بێ بەشە بویان دەدوان، هەستی بە ژێردەستی و چەوسانەوەی گەلەکەی کرد بوو. بەشی زۆری کاتی پشوودانی خۆی بە خوێندنەوەی کتێبە مێژوویی یەکان دەبردە سەرێ و بۆ زیاتر شارەزا بوون لە ژیان و خەباتی گەلەکەی هەوڵی دەدا و خۆی ماندوو دەکرد. بەردەوام لە گەڵ هاوپۆلە باوەڕ پێ کراوەکانی باسی چەوسانەوەی گەلەکەی و زوڵم و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی دەکرد و ڕێگای ڕزگار بوون لەم ژیانە پر لە ئازارەی لە گەڵ دێنانە گۆڕێ و بێ پسانەوەی بیری لە قۆناخە پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیە دەکردەوە و ڕێگای ڕزگاری وخۆدەرباز کردنی بەدی نەدەکرد. خەبات بۆ ڕزگاری لە چنگ زوڵم و زۆرو چەوسانەوە بۆ ڕەحمانی لاو ببوو بە ئاوات و ئارەزوو بەڵام ، نەیدەزانی لە چ ڕێگایەکەوە بۆی بچێو لە کوێوە دەست پێ بکاو چۆن و لە گەڵ کێ وەرێ کەوێ بە چ شێوەیەک لە پێناوی گەلەکەی ئەرکی سەر شانی بە ئەنجام بگەیەنێ. سەرەنجام جەموجۆڵ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە شارە گەورەکانی ئێران دەستی پێ کرد و بۆ شارەکانی کورستانیش تەشەنەی کرد. ڕەحمان بوداغی کە یەکێک لە ئاواتەکانی ئەو ڕۆژە بوو بە ئاوات گەیشت .تێکەڵ بە شەپۆلی نارازیان بوو. لەرێ پێوانو خۆپێشاندانەکاندا ئەرکی سەرەکی وەئەستۆ گرت و ڕوونکردنەوەی هاو تەمەنەکانی و ڕاکێشانیان بۆ بەرەی دژی ڕێژیمی پاشایەتی نەخشی بەر چاوی هەبوو. پاش سەر

کەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی داو تێکەوە پێچانی دام و دەزگاکانی ڕێژیمی پاشایەتی‌وتێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ڕەحمانی لاو بە بێ سێ و دوو لێ کردن خۆی بە تەشکیلاتی حیزب ناساند و بە لەبەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە، لە ریزی تێکۆشەرانی هێزی عەزیز یوسفی دا تێکۆشانی دەست پێ کرد. وله ماوەیکی کەم دا بە کردەوە و سەداقەتو دڵسۆزی راستی‌و پاکی خۆی نیشانی داو دەری خست کە رۆڵەی وەفا داری حیزبەکەیەتی . هەر بۆیە لە لایەن کومیتە شارستانی سەقزو هێزەوە بە بەر پرسی بەشی ماڵی کومیتە شارستان دیاری کراو سادقانە و لێبراوانە درێژەی بە بەرێوە بردنی ئەرکی پیرۆزی دا. شەهید ڕەحمانی بوداغی رۆژ لە گەل رۆژ زیاتر ئۆگری ژیانی پێشمەرگایەتی دەبوو. بەردەوام هەوڵی دەدا زۆرتر لە رابردووی خەباتی رەوای گەلەکەی تێ بگا و زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێ، لەبواری نیزامی دا پێشمەرگەیەکی ئازاو دوژمن بەزێن و کورێکی تا بڵێی بە نەزم دیسیپلین بوو. ئەو کردەوانە و زۆر کردەوەی شۆڕشگێرانەی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە بۆ دیتنی دەورەی کادر بۆ فێرگەی سیاسی نیزامی حیزب بەرێ بکرێ کە سەر کەوتوانە ئەو دەورەشی لە پلەیەکی بەرزدا کۆتایی پێ‌هێناو بە دەستی پڕترەوە گەڕایەوە ریزی هاوسەنگەرانی. بەڵام ، مەرگی ناوەخت مەودای نەدا چیدی خزمەت بە حیزب و گەلەکەی بکاو گوڵی تەمەنی پەرپەڕ کرد.

---

## شەهید محەممەد خانەخا



لەمێژ ساڵە خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی خۆی هەر درێژەی هەیەو لەو پێناوە دا بە هەزاران تێکۆشەر شەهیدو بە سەدان گوند و شار خاک‌پودر کران. بەڵام دیسانیش رۆڵە ئەمەگ ناسەکانی ئەم گەلە بە چۆک دانەهاتوون و پشتیان لە خەبات سارد نەبۆتەوە. ئێستاش لە کوردستانی ئێران کە نزیک بە نیو سەدەیە ئەو بزووتنەوە بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر درێژەی هەیەو رۆژ بە رۆژ توندو تیژتریش دەبێ‌و تا پێدەچێ کاروانی شەهیدان دوورو درێژتر دەکاتەوە. یەکێک لەو خۆ بەخت کەرانە کە تا دوا هەناسەی ژیانی سەنگەری خەباتی چۆل نەکردو سەری سەر بەرزی لە پێناو ئامانجی پیرۆزی دانا، پێشمەرگەی بە هیممەت،و کوری رۆژی تەنگانە شەهید محەممەدی خانەخا بوو. محەممەدی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لەئاوایی ئاغاسووری ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی دەست کورت وکەم داهات چاوی بە ژیانێکی پڕ لەمەینەت بەشی پڕ لەتەنگ و چەڵەمە کردۆتەوە. هێشتا محەممەد لە قۆناخی ساوایی دا بوو کە بە هۆی ئالەباری ژیانی بنەماڵەی لە ئاوایی ئاغاسوور کۆچیان کردوو لەگوندی"قۆرغە تەپە"گیرسانەوە. لە تەمەنی حەوت ساڵی دا وەبەر خوێندنیان ناوەو بەو پەڕی عەلاقەوە پۆلی سێهەمی تا سەر تێپەڕ کردووە. بەڵام بە چەندین هۆی جۆراو جۆر کە یەکێک لەوان دەرامەتی کەمی بنەماڵەکەی بوو، نەیتوانیوە لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بداو بە ناچار شان بە شانی باوکی زەحمەت کێشی دەستی داوەتە کارو کاسپی و رەنجی کێشاوە و ئارەقەی دەڕشت. ئەم جارەش بنەماڵەی محەممەد، دیزە بە کۆڵ لە ئاوایی قۆرغەتەپەش بارگەو بنەیان تێکەوە پێچاو لە گوندی میراوەی بۆکان

گیرسانەوە. محەممەد بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەی دەستی داوەتە کاری فەنەرسازی وساف کاریو لەو ڕێگایەوە یارمەتی باوکی زەحمەت کێشی داوە. شەهید محەممەدی خانەخا کوڕێکی بە ئەخلاق و ژیرو بە بیرو وریا بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە بە تەمەن منداڵ بوو زۆر شتی هەست پێ دەکردو لە زۆر بارەوە بیری دەکردەوە.کاتێک زەبرو زەنگی پاسدارە خوێن ڕێژەکانی کۆماری ئیسلامی ومەزلوومی یەتی گەلەکەی بە چاوی خۆی دەبینی. بیری لەوە دەکردەوە داخوا تاوانی ئەو نەتەوە بێ دەستە دەبێ چ بێ .کەوا بێ ڕەحمانە قەلاچۆی دەکەن و ژن و منداڵ پیرو بێ تاوان دەکوژن، هەر بۆیە بۆ دەر باز بوون لەو ژیانە پڕ لەژانە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و لە ساڵی ١٣٦٦دا خوی گەیاندە ریزی تێکوشەرانی حیزب بەڵام بە هوی کەم تەمەنی یەوە لەلایەن هاورێیانی حیزبی یەوە پاش دوو مانگان نێردرایەوە بولای بنەماڵەکەی. محەمەد دڵ پڕ لەئاواتو خوێن گەرم کە دوا بڕیاری خوی دابوو دیسان خوی پێ نەگیراو لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی‌دا بوجاری دووهەم خوی گەیاندەوە نێو پێشمەرگەکانی حیزبو لەهێزی بەیاندا سازمان دراو بەکردەوە تێکوشانی دەست پێ کرد. هاورێ محەمەدی خانەخا پێشمەرگەیەکی رووح سووکو گوێ ڕایەڵ بو ئەرکەکانی حیزب بوو. لە پێناو ئامانجی پیروزی دا بەو پەڕی دڵ گەرمی یەوە تێ دەکوشاو لە هیچ کەندوکوسپێکی سەر ڕێگای تێکوشان نە دەسڵەمیەوە .هەر بویە لە دڵی هاوسەنگەرانی وخەڵکی ناوچە دا دەژیاو خوشەویستی چەوساوە و بێ بەشان بوو. ساڵی ١٣٦٩ لە سەر داوای خوی نەقڵی هێزی پێشەوا کراو لە وێش بە دڵ گەرمی‌یەوە درێژەی بە تێکوشان دا. محەمەد پێشمەرگەیەکی ئازاو چاو نەترسو بە ورە و چالاک بوو، ئاواتی ئەوە بوو کە ڕزگاری نیشتمانەکەی و ئازادی گەلەکەی بەچاوی خوی ببینێ، بەڵام حەیف و مخابن کەم ژیاو ماوەی نەبوو زورتر خزمەت بە بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەی بکا. پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا و هێزی بەیان، پاش عەمەلیاتێکی هاوبەش لە چیای پیر چوپان کە لە حاڵی پشوودان دا بوون ڕوژی ١٩ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٩ دا بە هێزێکی زور وپوشت و پەرداخ هێرشی کردە سەریان و گەمارۆی دان. پێشمەرگەکان کە ئاگاداری هێرشی دوژمن بوون، خێرا خویان سازمان داو لێیان وە دەست هاتن دوژمن هێزەکەی زەبرێکی گەورە ولە ناکاوی وێکەوت، لەو شەڕە حەماسەیە دا ٤٠کەس لە بە کرێ گیراوانی کوماری ئیسلامی کوژران و ٩١ کەسیشی لە لایەن پێشمەرگەکانەوە بە دیل گیران و چەکوچوڵێکی بێ ئەژمار بە دەست کەوت گیرا. بەداخەوە لەو شەڕە حەماسەیە دا محەمەدی دڵ پڕ لە ئاوات لە گەڵ ٧ هاوسەنگەری دیکەی شەهید کران و بو هەمیشە ماڵ ئاوای یان لەنیشتمان و گەلە بە ئاوات نەگەیشتوەکەیان کردوو تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوون. ناوی ئەو ٨ تێکوشەرە بریتین لە محەممەدی خانەخا، خدری عەرەبی، برایمی پوورسەعید، عەبدوڵا چراغ وارە، سەعیدی شکەنجە، ساڵحی شەریفی، عەلی شەهابی، و برایمی جیهان دیدە. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەو هەشت قارەمانەو هەموو شەهیدانی بە خوێن نووستووی حیزب و گەل .


# شەهید ئەبووبەکری عەبدوڵلاهی



ئەبووبەکری عەبدوڵلاهی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست کورت لەگوندی ساروقامیشی بۆکان لە دایکێکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. شادی یەکی لە رادە بەدەر کەوتە نێو دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی و لە باوەشی گەرم و گوڕی دایک و بابی دا گەورە بوو وپەروەردە کرا .ئەبوبەکری خۆشەویستی یەکی زۆری لە نێو خانەوادەکەی داکوتا بوو، هەر چەند دەست کورت و نەدار بوون لە لایەن دایک و بابی زەحمەت کێشی یەوە ناردرا بۆ قوتابخانە .قوتابی یەکی وریا و زیرەک بوو، بەڵام هەژاری بەرینگی پێ گرتبوو، تواناى لەبنەماڵەکەی بڕیبوون. هێزی کاری ئەبوبەکر کە زیاتر لە ٩ ساڵی تەمەن نەبوو پاش دوو ساڵ لەخوێندن گێرایانەوەو پێی نایە قوتابخانەکانی کۆمەڵو بوو بە شەریکی ژانی هەژارانو جووتیارانی زەحمەتکێشی گوندەکەیان. هەر چەندە زۆر منداڵ بوو بەڵام قوڵی کارکردنی هەڵماڵیو لەگوندەکانی سنووری دێیمەلا ـ عەسکەر ئاباد بە کاری وەرزێری و شوانی بەرخۆڵەو کاریلان درێژەی بە کارداو وەک رۆڵەیەکی رەنج دارو زەحمەت کێش بوو بە شەریکی ژانو ئێشو ئازارەکانی جوتیارانی زەحمەتکێشی ئەو گوندانە. کاری ئەبوبەکر تا رادەیەک هەر چەند کەم بوو بە هۆی سێبەری نەداری لە سەریان کەم هێزو کەم رەنگ بێ. ئەبوبەکر لەژیریو وشیاری خۆی لەکاردا نیشان دابوو. رۆڵەیەکی بە مشوور بوو زۆر کەس لەجوتیارانی گوندەکانی ناوبراو حەسرەتیان دەخوارد ئەبوبەکر کاریان بۆ بکا. هەر بۆ ئەوەی بە خەیاڵ داهاتێکی ببێ بۆ کرێکاری پەڕیوەی شارەکانی دیکەی ئێران بوو. ماوەیەک لە شیرکەتەکانی تاران و بەندەر عەبباس کە کاری کردە سەر روح و دەرونی و لە پێگەیاندنی ئەبوبەکر دا نەقشی هەبوو کاری کرد. لەو گەڕان وکارکردنەدا لەدوور وڵاتیو غەریباتیدا هەستی کوردایەتی تێدا بەهێز بوو. لەگەڵ بێ بەشییەکانی گەلەکەی ئاشنا بوو. پاشان گەڕایەوە ساروقامیش زێدی خۆیو باب و باپیرانی لە کورەخانەکان خشتی دەپێژاو دستی بە کرێکاری کرد. پاش ئەوەی شۆڕش سەرکەوتو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکان تێکۆشانی ئاشکرای خۆیان دەست پێکرد، ئەبوبەکری ساروقامیشی چۆ نێوریزی کۆمەڵە، بەڵام پاش دوو ساڵ هەستی بەوە کرد کورد ستەمی نەتەوایەتی لەسەرەو خەبات بۆ لابردنی ئەم ستەمە پێشتر لەهەموو خەباتێکەو کورد هەتا لەژێر باری ستەمی نەتەوایەتی رزگار نەبێ ناتوانێ چینە زەحمەت کێشەکان لەچەوسانەوە رزگار بکا. بۆیە هاتە نێو ریزی پێشمەرگانی ح.د.ک و لەلکی 2ی هێزی پێشەوا دا تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد. ئەبوبەکری ئەبدولاهی زۆر زوو توانی بە هۆی وشیاری و ئازایەتی جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانی دا بکاتەوە. لە شەڕەکانی ناوچەی چۆمی مەجید خان لە ساڵی ٥٩ نەقشێکی چالاکانەی گێرا. بەهۆی لێوەشاوەیی بە بەرپرسی پێشمەرگەکان لەگوندی خەتایی دیاری کرا. ئەبوبەکر پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو. لەگوللەی دوژمن نەدەترسا بۆیە لە گەڵکو هەواڵی پێ گەیشت هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم پەلاماریان بردۆتە سەر گوندی سەر چنار بە بێ سێ و دوو کردن سواری دوچەرخەیەک بوو بەرەو گوندی سەرچنار وەرێ کەوت. دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە لە ژێر ئاگری توندی تۆپخانە پەلاماری دڕندانی خۆی دەست پێ کرد. پێشمەرگەکان قارەمانانە بەر بەرەکانیان دەکرد. ئەبوبەکر کە گەیشتە ئاوایی لەگەڵ برینی بەژانی هاوسەنگەرێکی بەرەو روو بوو کە لە شەڕدا بریندار ببوو. ئەبوبەکری قارەمان بەری چاوی تاریک بوو، هەڵی کوتایە سەر سەنگەری دوژمنان لە گەڵ هاوسەنگەرانی دەیان کەس لە بەکرێگیراوانیان کوشت کەلاکێکی زۆر کەوتە دەستیان. لەو پەلامارە شۆڕشگێرانەیەی

قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە دا بووکە ئەبوبەکری ساروقامیشی پاش شەڕێکی قارەمانانە دڵی پڕ لەئاواتو ئارەزووی بەگوللەی جنایەتکاران لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی شەریفی مینە خەیات لەکار کەوتو بە شانازی و سەر فەرازییەوە چوونە نێو ریزی شەهیدانی هەرگیز نەمری گەلو سەروەریان بۆ خۆیان تۆمار کرد و ڕێگایان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

## شەهید قادر عەبباسی



لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە گوندی "چەوگالی" سەر بە ناوچەی ئاڵەشین لە دایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کراو زۆر ئازایانە شانی وەبەر خوێندن داو تا شەشی سەرەتایی پۆلەکانی بڕی، قادر هەر چەند فەقیر نەبوون بەڵام لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر دا گەورە بوو. باوکی لەو نیشتمان پەروەرانە بوو کە هەمیشە دڵی بۆ گەلەکەی لێ دەدا. هەر بۆیە قادر بەو هەستە گەورە بوو. بێ ئەوەی کەس بزانێ کە ئەو لە پلەیەکی ژیان دایە بەڵام لە گەل خەڵک بە شێوەیەکی تەواو خاکی هەڵسوکەوتی دەکرد. لە گەڵ خەڵک دەژیاو بە دەردی خەڵکەوە ماندوو بوو. هەوڵ دان و بەخۆدا هاتنی دەورانی جەوانی قادر هاوکات بوو لەگەڵ گەشە سەندنی خەباتی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی. هەر بۆیە ناوبراو وەک لاوێکی نیشتمانپەروەر بیری دەکردەوە لە خۆپیشاندانەکان ڕۆڵی بەر چاو بوو. بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەبۆکان، لەهەلێکی رەخساو سیاسەتەکانی حیزبی بۆ خەڵک شی دەکردەوە. جێگر بوونی ئەو هەستە پیرۆزە لە دەروونی دا تا زیاتری پێ دەچوو زۆرترکڵپەو بلیسەی دەساند و بەرەو سەنگەری خەبات و تێکۆشانی هان دەدا. بۆیە لە ساڵی ١٣٥٩ بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کرد و لە هێزی بەیاندا سازمان دراو بەم جۆرە قۆناخێکی تازە لەژیانی قادر دەستی پێکرد. قادر لاوێکی ژیرو روح سووک بوو. سەرتاسەری وجودی ئیحساساتی شۆڕشگێرانە بوو، ئازاو بەجەرگو نەترس بووە، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزبو ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی بوو. قادر لەماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای خۆی لەنێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمان ودڵسۆز لە نێو هاوسەنگەرانیدا ناسرا. بۆ هەموو مەئموریەتەکانی حیزبی ئامادە بوو. لەشەڕە حەماسییەکاندا بەشداری دەکرد. شەڕەکانی جادەی سەقز ـ بۆکان ـ ناوچەی ئاڵەشین ـ نێو شاری بۆکان شاهیدی بۆ قارەمانەتی دەدەن. بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا تا زیاتر خزمەت بە نەتەوەکەی بکا. ڕۆژی ٢٤ / ٦ / ١٣٦١ هێزەکانی کۆنە پەرەستی پەلاماری گوندی شاریکەندیان داو لە بەر بەرەکانی یەکی قارەمانانەدا کە لەودا دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژراو بریندار بوو، بە شکستی دوژمن کۆتایی پێهات. بەداخەوە قادر عەبباسی لەگەل هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی محەممەد کانی عەلی گردە کەوتە بەر گوللەی دوژمنان و گیانی پاکیان لەپێناوی بەرژەوەندی گەلەکەیاندا بەخشیو بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە ژیان کرد.

# شەهید رەحمان سالْحی



لە ساڵی ١٣٣٩ لە گوندی قاراوە لە بنەماڵەیەکی وەرزێری زەحمەت کێش چاوی بە دونیای رون کردەوە. وەک هەموو منداڵانی لادێی کە ژیانی دایک و بابیان بۆ هەموو کەس روونە، وەک بنەماڵەکەی دەژیا. لەتەمەنی ٦ ساڵی دا رەوانەی قوتابخانە کراو تا ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێند، رەحمان لەقوتابخانە قوتابی یەکی زیرەک بوو و خۆشەویستی هاو پۆلەکانی بوو. بە هۆی گیرو گرفتی سەردەم نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا ورووی لە کاری وەرزیری کرد و وێرای باوکی لەمووچەو مەزرا کاری دەکرد. رەحمان مێرمنداڵێکی تازە پێگەیشتوو بوو لەشی ناسک لە مووچەو مەزرا و بەر سوورە تاوی هاوین خارا بوو تا ژیانی ماڵەوە بەرەو ژیانێکی ئاسوودە بەرن. هەر لەو کاتەش دا رەحمان بۆی دەر کەوتبوو کە ناعداڵەتی لەنێو کۆمەڵگا دا چەندە زۆرە. کورد چەندەی زوڵم لێ کراوە. مووچەو مەزرا بوو بە هاورێی شەوان و رۆژانی لە دەشتە بە بەرەکەتداری قاراوە. کاتێک کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە خەباتی یەکپارچەی هەمووی چین و توێژەکانی کۆمەڵی ئێران سەرکەوت حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد. رەحمان بە گوێرەی ئاسیاوییەک لە سەر حیزبی دێموکرات هەیبوو وەک کوڕە کوردێکی بە هست و نیشتمانپەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدی هێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران بەستە کرد و بوو بەلایەنگری وەفاداری حیزبی دێموکراتو ساڵی ١٣٦٠ دەستیدا چەکو لەنێو شۆڕشگێرانی دێموکرات و لە هێزی بەیان بوو بە پێشمەرگە. رەحمان بە وشیارییەوە کاری پێشمەرگایەتی دەست پێ کرد و بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازاو بە ئیمان. زۆری هەوڵ دەدا کە لەگەل خەڵک هاوسەنگەرانی رەفتاریو هەستان دانیشتنی شۆڕشگێرانە بێ. جگە لەوەش زیاتر خۆی ماندوو دەکرد لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزب ئاگادار بێ. رەحمان کوڕێکی دڵسۆزو ئەخلاقی شۆڕشگێرانەی وای کرد کە ببێتە خۆشەویستی هاوسەنگەورانی. ئەو تەنیا بە نەزمو دیسیپلین نەبوو بەڵکو زۆر ئازاو نەترس و لە شەڕەکان دا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە بوو، شەڕەکانی بوغدەکەندی ، قاراوە ، نێو شاری بۆکان بەڵگەیەکن لە ئازایەتی ئەو رۆڵە تێکۆشەرە کە چۆن دوژمن لە ئاستی دا زەبوون بوو. ئاخرین فیدا کاری و ئازایەتی رەحمان لە رۆژی ٢٨ / ٦ / ١٣٦١ لە بەرەنگارێکی قارەمانانە لەگوندی شاریکەند دا زەبرێکی گورچگیر لە هێزەکانی رێژیم کەوتو ژمارەیەکی بەر چاوی لێ کوژراو بریندار بوو. لەگەرماو گەرمی شەڕدا بە داخەوە لە گەڵ هاورێیەکی بە ناوی سمایل ئیبراهیم پوور کەوتنە بەر گوللەی داگیر کەران و سینگیان دابێژ دابێژ کراو چوونە ریزی شەهیدانی سوور خەلاتی گەلەکەمان .

## شەهید مستەفا عەلیزادە



لە ساڵی ١٣٣٢ لە گوندی ساروقامیش لەهەژارترین بنەماڵەی ئەو گوندە لە دایک بوو. لە دایک بوونی مستەفا بزەی شادی خستە نێو بنەماڵەوە. بە فەقیری لە نێو کوچەو کۆڵانەکانی ساروقامیش دا وردە وردە گەورە بوو. بێ دەرەتانی ومەینەت بەشی بەردەرگای ماڵی مستەفای بەر نەدەدا هەر بۆیە بە نەخوێندەواری مایەوەو دەرگای خوێندنگای لێ بەستراو لەو نیعمەتە بێ بەش کرا. کوری زەحمەت کێش بە ناچاری لەتەمەنی ٨ ساڵیدا رووی لەکار کردن کردو گاوانیو شوانی ژیانی هاو دەمی لاوێتیی بوون و ئەو ژیانە پڕ لەژانە هەتا گەورەتر دەبوو زیاتر ئێش و ئازاری دەکێشاو دەست پەنجەی لە گەڵ کوێرەوەری یەکان نەرم دەکرد. مستەفا بەتەواوی هەستی بە چەوسانەوە و زوڵم و زۆری کردبوو. ئێش و ئازاری ونەبوون و زوڵم و زۆر و جیاوازی نێو کۆمەڵگا بە تەواوی بێزار بوو. لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ دژی ڕێژیمی پاشایی بەشداری کرد و ئەو هەلەی بە دەرفەت زانی تا بتوانێ لەو هەموو زوڵم و زۆرە رزگاری بێ هەر بۆیە بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب بێ سێو دوو لێکردن چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردو بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد خەباتی بە کردەوە دەست پێ کرد. مستەفا زۆر ئازایانە شانی وەبەر داو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو لە خۆبوردوو وکارامە خۆی نیشان دا، ڕێزی بۆ هەموو خەڵک دادەنا، زەحمەت کێشانوهەژارانی لەدڵەوە خۆش دەویستو بو رزگاری ئەوانو گیانیشی لەپێناویان دادەنا. مستەفا لە شەڕە حەماسەکانی ماین بلاغ ، تاغیاباد، داشکستان، گرتنەوەی شاری بۆکان لە ساڵی 58 لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە رۆڵی بەر چاوی هەبوو لەو هەلومەرجەدا ئازایەتییەکەی وێردی سەر زمانان بوو. پاراستنی نەزم ودیسیپلین و بەڕێوە بردنی ئەرکی حیزبی هۆکاری سەرکەوتنی بەر چاوی مستەفا بوو. رۆڵەی چەوساوەکان رۆژی ٢١ / ١١ / ١٣٥٩ لەگوندی ئاڵتون لەحەماسەیەکی کەم وێنەدا کە ئاخرین فیداکاری ئەو بوو دەرسێکی باشیان بە هێزی ڕێژیمی کۆنە پەرەستی ئیسلامیدا و زەبرێکی گەورەیان لێدان، لەو شەڕەدا بە داخەوە رۆڵەی فیداکاری حیزب مستەفا عەلیزادە، گیانی لە پێناوی ئامانجی هەژارانی کوردستان بەخت کرد و شەهید بوو.

# شەهید سولێمان كاسبی



رێژیمی كۆماری ئیسلامی لە مێژ بوو لە فكری هێرش بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە دابوو هەر بۆیە لە رۆژی ٩ / ٣ / ١٣٦٢ لە شاری بۆكان را هێرشی كردە سەر گوندی "سەردەرئاباد" لە ناوچەی پیر محەممەدی بۆكان، ولە سەعاتی ٦ی بەیانی دەوری ئەم گوندەیان داو لە تاریك وروونی بەیانیدا شەڕ دەستی پێ كرد رێژیم بە هەموو جۆرە چەكێك ناوچەی ئاورباران كرد. شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو رۆڵەكانی دیموكرات بەرەنگاری هێزی رێژیم بونەوە بە هەڵمەتی ئازایانەیان دەیان كەسیان لە هێزی دوژمن كوشت وبریندار كرد شەڕ تا ئێوارێ درێژەی هەبوو لە كۆتایی شەڕدا ٢ قارەمانی نەتەوەكەمان بە ناوەكانی سولیمان كاسبی و رحمان حاجی شەهید بوون.

سولیمان لەساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی"دوكچی"ناوچەی ئاڵەشینی بۆكان لەدایك بوو بەرەبەرە كە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە كراو توانی تا پۆلی ٥ی سەرەتایی بخوێنێ. سولیمان بە هۆی وەزعی ژیانی ئابوری لەتەمەنی ١٣ ساڵی یەوە رووی لەكرێكاری كردو تا بتوانێ ژیانی بنەماڵەكەی باشتر بكا رۆژ تا ئێوارێ كاری دەكرد. سولیمان لە نێو خەڵك دا خۆشەویست و رێك وپێك بوو. هەرچەند سەوادی كەم بوو بەڵام هەستی بە زوڵم وزۆری دەكرد. هەر بۆیە زۆر ئازایانە لە خۆ پێشاندانەكانی ساڵی ١٣٥٧ دژی رێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاكانەی كرد.

سولێمان دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و تیكۆشانی ئاشكرای حیزب بوو بە لایەنگری حیزب و لەناوچەدا وەك لایەنگری حیزب كاری دەكرد ئەو بە وەندە رازی نەبوو پێی وابوو دەبێ زیاتر خزمەت بە نەتەوەكەی بكا بۆیە لە ساڵی ١٣٦١ چەكی پێشمەرگایەتیی هەڵگرتوو لەهێزی بەیاندا سازمان درا. سولیمان ئیمانی بە سەر كەوتن هەبوو سوور بوو بۆ درێژە پێدانی رێبازی حیزبی دیموكرات و بریاری دابوو تا دوا دڵۆپی خوێنی خەبات بكا.

هەمیشە لە شەڕەكان دا هاواری"بژی دیموكراتی"دەكرد ئازایەتی سولیمان لە شەڕەكانی نێو شاری بۆكان، قەرەكەند، جادەی بۆكان ـ مەهاباد بێ وێنە بوو لە زۆربەی ئەو شەڕانە دا یەكەمین تەقەی لە تفەنگەوە دەهات. بەڵام بە داخەوە كورد كوژان لەوە زیاتر رێگایان نەدا سولیمان درێژە بە ژیان بداو ئاواتەكانی لە گەڵ خۆی بردە ژێر گڵەوە. لە رۆژی ٩ی جۆزەردانی ١٣٦٢ لە حەماسەیەكی خوڕاگریدا لەگوندی سەردەرئاباد لەگەڵ هاوسەنگەرێكی دیكەی گیانی پێشكەش بە بارەگای ئازادی كرد.

# شەهید ڕەحمان حاجی




زۆرن ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی لاوی دا هاتوونە ریزی پێشمەرگەو بەڵام وێنەو موشەخەساتیان بە هۆی خەباتی سەختی چەکداری نەتوانراوەهەڵگیری تا بتوانین لە داهاتوودا لە دەفتەری شەهیداندا ناسنامەی تەواویان هەبێ ئەو کەمتەرخەمی یە بەشێکی لە ئەستۆی ئێمەیە و بەشێکیشی لە ئەستۆی بنەماڵەی شەهیدان، بە نەناردنی وێنەی شەهیدان لەو بارەوە کەممان هێناوە یەکێک لەو تێکۆشەرانە رحمانی حاجی‌یە کە تەنیا شوێنی لەدایک بوونی بۆ من روونە و ئاگاداریم لە سەر تێکۆشانی سیاسی ئەو هەیە.

ڕەحمانی حاجی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی"لاسەگوڵان"ی گەورکی مەهاباد لەدایک بوو وەک زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی بە بێ چوونی قۆتابخانە ژیانی تێپەر دەکرد لە ژوورێکی قورماویدا بەرەبەرە گەورە بوو.وەک بۆ خۆی لە دەورانی پێشمەرگایەتی دەیگێڕایەوە "کەسێکی ماندوو لەکوێرەوەریدا گەورە بوو" ئاشنایەتی لەگەڵ حیزبی دیموکرات لەدوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب دەست پێ دەکا. لە ساڵی ١٣٦١ بە فەرمی دەبێتە پێشمەرگە ولباسی پڕ لەشانازی حیزبی دیموکرات لە بەر دەکا لە لکی ٢ی هێزی بەیان سازمان دەدرێ، ڕەحمان کوڕێکی لە سەرەخۆو بە ئەخلاق و لە گەڵ هاوسەنگەرانی روو خۆش بوو هەر کارێکی پێت سپارد بوایە بە گیان بە دڵ بە ڕێوەی دەبرد. لەزۆربەی مەئموورییەتەکانی لکی ٢ بەشداری دەکرد لە شەڕەکانی جادەی بۆکان ـمیاندواو، سێوەدین هێرش بۆ سەر پایەگای کۆستە رۆڵی بەر چاوی هەبوو ئەو تایبەتمەندیانە و گەلێک تایبەتمەندی دیکە ڕەحمانی لە لای هاورێیانی خۆشەویستر کرد بوو.

لە بەهاری ١٣٦٢ ڕێژیم لە مێژ بوو لە فکری هێرش بۆ سەر گوندەکانی شەرەفکەند، ئاشیگوڵانو سەردەرئاباد،دا بوو بۆ ئەم مەبەستە رۆژی ٩ / ٣ / ١٣٦٢ پەلاماری ئەم گوندانەی داو لەگەڵ بەرەنگاری قارەمانانی دیموکرات بەرەو روو بوو ژمارەیەکی زۆر لەهێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون بە داخەوە لەو شەڕەدا ڕەحمانی حاجی لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی سولیمان کاسبی شەهید بوون و ڕێگای پڕ لە شانازییان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.


# شەهید کەریم ئیبراهیمی



خەباتی نەتەوەی کورد رۆڵەی زۆر قارەمانی لە دەست داوە ئەو رۆڵە تێکۆشەرانە گەورەترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیانیان لە دەست داوە ئەوانە بۆیە گیانیان لە دەست داوە تا وەکو نەتەوەکەیان داهاتویەکی گەشاوەو رووناکی هەبێ بە ئازادی و سەربەستی بژین ئەوانە بۆ هەمیشە لە دڵی نەتەوەکەیان دازیندوون و هەتا هەتایە زیندوو دەمێنێتەوە.

کەریم لەساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە گوندی"تازەقەڵا" سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایک بوو دوای تێپەر کردنی قۆناخی منداڵی کتێبی لە بن باڵی ناو رووی لە قوتابخانە کرد بەڵام بە هۆی وەزعی نالە باری ژیان تا ٣ی سەرەتایی خوێند. هەژاری و فەقیری بەر دەرگای ماڵی کەریمی گرت و بە ناچاری لە تەمەنی لاویدا لە گەڵ کاری کرێکاری دەست و پەنجەی نەرم کرد کەریم لە نێو ئاوایی تازەقەڵا دا خۆشەویست بوو کورێکی هێدی ولە سەرە خۆ بوو. ساڵی ١٣٥٧ لە خۆپێشاندانەکان دا چالاکی هەبوو لاوانی دژی حکومەتی شاهنشاهی هان دەدا. دوای رووخانی ریژیمی شا و بە گەشانەوەی پشکۆی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی بۆکان کەریم هەستی بە روناکایی کردوو بۆیە پێوەندی بە رێکخراوەی ئەحمەدی کۆرەوە گرت و وەک لایەنگری حیزب کاری دەکرد. کەریم رۆژ بە رۆژ زیاتر دڵی بۆ لای کوردایەتیی لێ دەدا هەر بۆیە بریاری دا تەواو وەخت لە خزمەت کردن بە نەتەوەکەی‌دا بێ‌و تا رزگاری یەکجاری خەبات بکا بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٣٦٢ هاتە ریزی پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و لەهێزی بەیان سازمان درا. وەک رۆڵەیەکی بە ئەمەگی حیزب ئەرکەکانی خۆی بە جوانی بەرێوە دەبرد. هەڵسوڕانو بە گژدا چوونەوەی دژی هێزی داگیرکەر لە تایبەتمەندی یەکانی کەریم بوو. ئەو لەزۆر شەڕی دیکەدا وەک باغی ئەحمەدی، کۆستەو سەردەرئاباد نەقشی بەر چاوی هەبوو. بە داخەوە لە حەماسەیەکی کەم وێنە لە رۆژی ١٢ / ٤ / ١٣٦٣ لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد، کە لەو دا بە دەیان کەس لە هێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون لەگەڵ ٢٤ هاوسەنگری دیکەی بە ناوەکانی محەممەدئەمین بارام میرزا، تاهیر خزری، حوسین قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپوور، شیخ ساڵە، عەلی نووری، خدرعەباسی، کەماڵئاقاوەلی، عوسمان دەروێشی، ئەمیررەزایی، عەوڵا شەریفی، مستەفامحەممەدی، حوسینوەحدەت، محەممەدساڵح فەرجی، سولێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفی، برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون و گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ رزگاری نەتەوەکەیانو بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لەحیزب کردو خاکی نیشتمانیان بە خوێنی سووری خۆیان نەخشاند

# شەهید مەنسوور سوارە




لاوانی كورد زۆرن كەبە تەمەنی كەمەوە خەبات دەكەن و گوڵی تەمەنیان بەزوویی هەڵدە پڕوكێ زۆر هیواو ئارەزویان هەیە كە هەمووی بەو تەمەنە كەمەوە ژێر گڵ دەكەون بەلاَم لەهەموو گرینگتر سەربەرزی نەتەوەكەیان بەنسیب دەبێ بۆ هەمیشە لە دڵی نەتەوەكەیان دا دەمێننەوە یەكێك لەو لاوانە شەهید مەنسور سوارەیە.

لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەكی فەقیرو هەژار لە شاری بۆكان لە دایك بوو لە تەمەنی ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە كراو تا پۆلی یەكی ناوەندی دەرسی خوێندوە هاوكات لەگەڵ دەرس خوێندن كاری رۆژانەی كردوە. مەنسور كوڕێكی باش‌ولەگەڵ خەڵك روو خۆش بوو. قۆناغی سەر هەڵدانی لاوی مەنسوور هاوكات بوو لە گەڵ سەر هەڵدانی شۆڕشی پڕ شكۆی گەلانی ئێران. ئەو وەك لاوێكی خوێن گەرم لەخۆپێشاندانەكاندا دژی رێژیمی پاشایەتیی بەشداری چالاكانەی كرد بە دەست پێ كردنی تێكۆشانی ئاشكرای حیزب لەشاری بۆكان، مەنسور ئەستێرەیەكی گەشاوەی هەست پێ كرد بۆیە ئاواتەكانی خۆیو نەتەوەكەی لەبەرنامەی حیزبی دیموكراتدا دیتەوە. هەمیشە لە قوتابخانە دیفاعی لەبەرنامە وپرۆگرامی حیزب دەكرد. مەنسور رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەو هەستەی زیاتر لەلا بە هێز دەبوو بۆیە بڕیاری یەكجاری داو لەساڵی ١٣٦١ بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دیموكراتو لباسی پێشمەرگایەتیی لە بەر كرد. لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا ڕێك وپێك وبە نەزم ولە خۆبوردوو بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی روو خۆشو بە ئەخلاق بوو خەڵك رێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست. لە شەڕە حماسیەكانی مەلبەندی بۆكان ئازایەتی دەنواند لە شەڕەكانی نێو شاری بۆكان، قەرەكەند وسێوەدین نیشانی دا كە ئیمانی بە رێبازەكەیەتی و ئامادەی هەر جۆرە فیداكاری یەكە.

لە سەرەتای هاوینی ١٣٦٢ كومیتەی شارستانی بۆكان بڕیاری دا جەولەیەكی سیاسی نیزامی بۆ ناوچەی ئاڵەشین لێ بدا تا لە نیزیكەوە لەگەڵ خەڵك كۆبونەوە بگیرێ، رۆژی ٩ /٤ / ١٣٦٢ رێژیم هێرشی كردە سەر ئاوایی"ئەربەنوس"كە پێشمەرگەكان لە حاڵی پشوودان دابوون شەڕ لە سەعاتی 9ی بەیانی دەستی پێ كرد رێژیم پاش چەند جار هێرش بە ٣ هێلی كۆپتێرەوە كە هەموو جارێ بە ژومارەیەك كوژراو و بریندارەوە پاشەكشەی پێ دەكرا پاش ١٢ سەعات بەربەرەكانی كە زیاتر لە ١٢٠ كەس لە هێزی رێژیم كوژرانو بریندار بوون هەروەها چەند ماشێنی تویوتاو چەك وچۆڵێكی بەرچاو بە دەسكەوت گیرا لەو شەڕەدا بە داخەوە مەنسووری سوارە لەگەڵ ٧ هاورێی دیكەی بە ناوەكانی هەمزەی حجازی، سمایل عەبدی، ئەسعەد سەید ئەحمەدی، بەهمەن سامبەگی، رەسوڵ خورسەندی، محەممەد عەبدی ولەتیف رەشیدی شەهید بوونو خاكی نیشتمانیان بە خوێنی خۆیان سووركرد.

# شەهید سمایل عەبدی




هێرشی لەشکریانی خومەینی بۆ کوردستاو قەتلوعامی شارو گوندنشینەکان، ماڵوێرانیو دەربەدەری بە نێوی پاکسازی لە کوردستان ڕێژیم وای کرد خەبات سەر هەڵداتەوەو گەلێکی بن دەست بۆ دیفاع لەمافە ڕەواکانی و بۆ پێک هێنانی گۆڕانکاری لەو ژیانە پڕلە ژانە بەسەری دا سەپێنراوە، ناچار بوو دەست بۆ چەک بەرێو لە بەرامبەر چەوسێنەراندا ڕابوەستێ، پێش ئەوەی پێ بنێتە گۆڕەپانی خەبات پێویستی بەو مرۆڤە گیان لەسەر دەستانە هەبوو کە هەست ونیستی خۆیان فیدای بەرژەوەندی گشتی دەکەن ولە هیچ تەنگ وچەڵەمەیەک ناپرینگێنەوە بۆ ئەوەی داهاتووی گەلەکەیان ڕوون بکەنەوە ئەو مرۆڤانە ناویان"پێشمەرگە"یە

سمایل لە ساڵی ۱۳۴۵ لە گوندی برایم ئاباد ناوچەی ئاڵە شینی بۆکان لە دایکێکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێناوە ولەباوەشی گەرم وگوڕی دایکوبابیدا هێدی هێدی گەورە بوو. سمایل هەر چەند لەبنەماڵەیەکی مام ناوەندی گەورە بوو بەڵام بە هۆی کاری وەرزێری نەی توانی بچێتە قوتابخانە و ڕووی لە کارو کوێرەوەری کرد هەر چەند منداڵ بوو بەڵام زۆر باش قۆڵی لەکار هەڵماڵی. سمایل کوڕێکی بە مشور بوو خەڵک خۆشیان دەویست وڕێزی هەموو کەسی دەگرت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لەو ناوچەیە لەگەڵ براکەی بە ناوی فەرامەرز وەک لایەنگری حیزب کاریان دەکرد سمایل بە هۆی نیزیک بوون لەگەڵ ئازەری زمان هەستی بە زوڵم و زۆر کردبوو بە تەواوی هەستی بە ستەمی نەتەوایەتی دەکرد بۆیە هەمیشە دڵی بۆ کوردایەتیی لێ دەدا. لەکاتی هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کورەخانەکانی ساروقامیش و قەتڵ وعامی خەڵکی بێ دیفاع فەرامەرزی برای شەهید کرا ئەوە بوو بە هۆی بێزاری زیاتری سمایل و پاش سالێک لەم کارە ساتە بریاری دا بێتە ریزی تێکۆشەرانی دیموکراتەوە و لە ساڵی ۱۳۶۱ بوو بە پێشمەرگە لە هێزی بەیان سازمان درا.

سمایل زۆر زوو بە هۆی وشیاریو ئازایەتی جێگای خۆی لەدڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە هەموو هاوسەنگەرانی خۆشیان دەویستو وەک پێشمەرگەیەکی نمونەو بە ئەخلاق چاوی لێ دەکرا. ئازایەتی سمایل لە شەڕەکانی جادەی میاندواو بۆکان باغی ئەحمەدی لە دەفتەری بیرەوەری پیشمەرگە دا تۆمار کراوە.

ئەو لە گەڵ خەڵک هەڵس وکەوتی شۆڕشگێرانەی هەبوو وەک کەسێکی خۆشناو چاویان لێ دەکرد بە دنیایەک ئاوات وئارەزووە تێکۆشانی دەست پێ کرد بەڵام شەو پەرستان ڕێگایان نەدا بە ئاوات وئارەزووەکانی، ئەویش ڕزگاری نەتەوەکەی بگا. بە داخەوە لە شەڕێکی کە دوژمنانی ئازادی بە سەر ڕۆڵەکانی دیموکراتیان دا سپاند لە گوندی ئەربەنوس لە بەرەنگارێکی ئازایانە کە ۱۲ سەعاتی خایاند بە دەیان کەس کوژران وبریندار بوون چەک وچۆڵی بەر چاو بە دەسکەوت گیرا. خوێن بەهای ئەو ڕۆژە واتە ۹ /۴ /۱۳۶۲ سمایلی عەبدی لەگەڵ ۷ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی

هەمزەی حجازی، مەنسور سوارە، سەید ئەسعەد ئەحمەدی، بەهمەن سامبەگی، ڕەسوڵ خورسەندی، محەممەد عەبدی ولەتیف ڕەشیدی شەهید بوون و خاکی نیشتمانیان بە خوێنی خۆیان سوور کرد.

## شەهید تاهیر بۆکانی




بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا لە قۆناغی تازەی، واتە لە سەردەمی پڕ مەینەتی ژیانی ئێرانی یەکان لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا بە هەزاران تێکۆشەری نێو ڕیزی هێزە سیاسی یەکانو بەدەیان هەزار شەهیدی بێ دیفاعی کردۆتە خوێن بایی ئازادیی کوردو ڕزگاریی کوردستان. لەکەس شاراوە نیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو قوربانی یانە بەتایبەتی ئەوانەی کادرو پێشمەرگەو فەرماندەری خەباتی چەکدارانە بوون سەر بە حیزبی دێموکرات بوون. ئەمە لەگەڵ هەموو تاڵیو بە ژانی یەکەی شانازی یەکی گەورەیە کە تێکۆشەرانی دێموکرات هەقیانە پێی بنازنو پێی سەربەرز بن. بەتایبەتی ئەگەر لەبەرچاو بگرین کە میراتگرانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە هەروا ڕێبواری ڕێگاکەیانو هەروا ئامادەن بۆئەوەی هەرکات پێویست بێ گیان بەخت بکەنو ڕێبازی سەرکەوتن تەخت بکەن.

تاهیر لەساڵی ١٣۴۶ لەگوندی "قازیاخاوێ" ناوچەی فەرهادتاش لە بنەماڵەیەکی دەست کورت لەدایک بوو دوای تێپەر بوونی قۆناغی منداڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو توانی تا پۆلی ۵ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. پاشان بەهۆی هەژاری وفەقیری نەیتوانی لەوە زیاتر بچێتە قوتابخانەو ڕووی لە کارو کوێرەوەری کردو دەستی بە کرێکاری کرد. تاهیر شەو ورۆژ بەو لاوی یەی خۆی ئارەقەی دڕشت تا بتوانێ نانێک بۆ ژیانی نەمر نەژی ماڵەوە پەیدا بکا.

ئەو ژیانە پڕ لەژانە تا سەر کەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران درێژەی هەبوو. بە سەر کەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تاهیر هیوایەکی بە ئازادی گەلەکەی هەبوو، بەڵام زۆری نەکێشا ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ئاخوندی لەشکری بە کوردستان وەر کردو شەڕێکی نەخوازراوی بە سەر کورددا سپاند. تاهیر وەک زۆر لاوی دیکە پشتیوانی لەجوڵانەوەی حەقخوازانەی نەتەوەی کورد کرد بەڵام بە هۆی وەزعی ژیانیو خراپی ئابوری وەک لایەنگری حیزب کاری دەکرد. سەرئەنجام نەیتوانی هەروا لە دوورەوە چاو لێکەر بێ برپاریدا ببێتە پێشمەرگەو لە زستانی ١٣۶٣ ڕووی لەچیاکانی کوردستان کرد لەهێزی بەیان چەکی دیفاع لە نەتەوەکەی لە شان کرد.

بەڵام بە داخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کەم بوو تەنیا چەند هەفتە لە تەمەنی تێکۆشانی سیاسی تێپەریبوو کە لەشەڕێکی نێوان پێشمەرگەکانی حیزب دیموکراتو چەکدارەکانی حیزبی کومونیستی ئێران لە ڕۆژی ٢۴ / ١١ / ١٣۶٣ لە پشتی حاشیاباد شەهید بوو.

# شەهید مەحموود سەربورەهنە



دێمۆکراسیو مافی دیاری کردنی چارەنووس ئامانجێکە کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ماوەی شەش دەیەیە بۆ وەدەستهێنانیان خەباتو بەربەرەکانی دەکا. بە هەزاران کەس لەچینوتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کورد بەمەبەستی درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی روویان لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات کردووەو سازمان دراون. لەدرێژەی ئەم شەش دەیەدا کە گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ وەدستهێنانی مافە رەواکانی دەنگی هەڵبڕیوەو هاواری حەقخوازانەی بەرز کردۆتەوە لەلایەن دوو دەسەڵاتی دژی کوردی (سەڵتەنەتیو کۆماری ئیسلامی یەوە) بە ئاورو ئاسن جوابی دراوەتەوەو هێرشی نیزامی کراوەتە سەر خاکو نیشتمانەکەی، بەڵام رۆڵەکانی کوردیش دەستەوەستان نەوەستاونو بەئیمانو ئیرادەی پۆڵاینی کوردانەوە دەستیان داوەتە چەکو لە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دا بەرەنگاری دوژمنانی دژی گەلی بوونەتەوە. لە درێژەی ئەم بەرەنگار بوونەوە قارەمانانەیەدا وێڕای لێدانی زەبری گورچکبڕ لە داگیراکەران لەماوەی چەند دەیەدا بە هەزاران رۆڵەی قارەمانو فیداکاری رێی ژیانو ئازادی گیانی پیرۆزیان بەختی بارەگای سەربەستی خاکو نیشتمانەکەیان کرد کە یادو بیرەوەری یانو ئامانجەکانیان لە ناخی هەر کوردێکی وشیارو نەتەوەییدا ریشەی داکوتاو.


مەحموود لە ساڵی ١٣٤٦ لە گوندی حوسێنمامە لە دایک بوو بەرەبەرە لە ئامێزی بنەماڵەکەیدا گەورە بوو پاشان پێی نایە قوتابخانەو تا ٤ی سەرەتای دەرسی خوێند پاشان بە هۆی کاری وەرزێری نەیتوانی زیاتر درێژە بە خویندن بدا. قۆناغی سەر هەڵدانی مەحموود هاوکات بوو لە گەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران و هەر لەو دەورانەدا هەستی کوردایەتیی لە هزرو مێشکی دا چەکەرەی دەکرد.

دوای ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، مەحموود زیاتر پرسە سیاسی یەکانی رۆژی بۆ روون بۆوەو داهاتووی نەتەوەکەی لەبەرنامەی حیزبی دیموکرات دا دیتەوە. هێرشی هێزەکانی رێژیم لەزستانی ١٣٦٠ بۆ سەر گوندی حوسینمامە و ئاوردانی ئەم گوندە لەلایەن رێژیمەوە، زیاتر مەحموودی بەرەو کوردایەتی هان داو گڕی لە دەروونی بەردا. بۆیە بریاریدا ببێتە پێشمەرگەو لەزستانی ١٣٦١ هاتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و لە هێزی بەیان سازمان درا.

مەحموود لەماوەی پێشمەرگایەتییدا کوڕێکی لەسەرەخۆ وبە ئیمان ورەوشت پاک بوو لەگەڵ هاوسەنگەرانی بە مەتین بوو، ئیمان وسەداقەتی نیشانیدا کە سوورە لە سەر ریبازەکەی و بریاری دابوو کە خەباتی بێ وچان تا سەر کەوتن درێژە پێ بدا. لەچەندین عەمەلیاتی سەر جادەی بۆکان ـمیاندواو ئازایانە بەشداری چالاکانەی کرد.

بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتیی زۆر کەم بوو لەرۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٢ لە کاتی مەئموورییەتی حیزبی لەنێوان گوندەکانی"گۆلی مەرزنگ"و"کۆنە مەڵلالەر"نیگهبان دەبێ و دەسکاری چەکەکەی دەکا لە ناکاودا گوللەی لە دەست دەردەچێ لەرێگای نەخۆشخانە رۆژی ٢٨ / ٥ / ١٣٦٢ شەهید دەبێ و رێگای خەبات وتێکۆشانی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

# شەهید جەعفەر بۆکانی



هێرشی لەشکریانی خومەینی بۆ کوردستان و قەتلوعامی شارو گوندنشینەکان، ماڵوێرانیو دەربەدەری بە نێوی پاکسازیی لە کوردستان ڕێژیم وای کرد خەبات سەر هەڵداتەوەو گەلێکی بن دەست بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانی و بۆ پێک هێنانی گۆڕانکاری لەو ژیانە پڕلە ژانە بەسەری دا سەپێنراوە، ناچار بوو دەست بۆ چەک بەرێو لە بەرامبەر چەوسێنەراندا ڕابوەستێ، پێش ئەوەی پێ بنێتە گۆڕەپانی خەبات پێویستی بەو مرۆڤە گیان لە سەر دەستانە هەبوو کە هەست ونیستی خۆیان فیدای بەرژەوەندی گشتی دەکەن ولەهیچ تەنگوچەڵەمەیەک ناپرینگێنەوە بۆ ئەوەی داهاتووی گەلەکەیان ڕوون بکەنەوە ئەو مرۆڤانە ناویان"پێشمەرگە"یە. بە هەزاران ڕۆڵەی کورد وەک هەمیشە بۆ بەربەرەکانی دژی هێزی داگیرکەران ڕوویان کردە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانو چەکی شەرەفیان لەشان کرد بۆ ئەوەی دیفاع لە مەوجوودییەتی نەتەوەکەیان بکەن. یەکێک لەو لاوانە جەعفەر بۆکانی بوو.

جەعفەر لە ساڵی ١٣٤٣ لە بنەماڵەیەکی کاسبکارو هەژار لە شاری بۆکان لە دایک بوو وەک زۆر لاوی دیکەی شاری بۆکان لەو سەر دەمەدا لە بێ سەوادی دا مایەوە. هەر لە تەمەنی ٩ ساڵیدا ڕووی لە کرێکاری کرد، کوێرەوەریو مەینەت بەشی ڕووی لە جەعفەری زەحمەتکێش کرد بوو تەنانەت زستانانیش کاری دەکرد. ئەو لە درێژەی ژیانیدا چەرمەسەری و تاڵیو سوێری ژیانی دیتبوو، ڕزگاری لە چنگ فەقیریو هەژاری ببوو بە ئاواتێکی بەرزی. هەر بۆیە لەخۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی شان بە شانی خەڵک بەشداری چالاکانەی کرد.


بەڵام زۆری نەکێشا ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی مافە سەرەتایی یەکانی گەلانی ئێران بە گشتی وگەلی کورد بە تایبەتی، پێشل کردو پەلاماری خەڵکی کوردستانی دا. بە داگیر کردنی شاری بۆکان لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٠ جەعفەر ڕووی لە چیاکانی کوردستان کردو هاتە ریزی تێکۆشەرانی دیموکراتەوە ولەلکی یەکی هێزی بەیان سازمان دراو دەستی کرد بە خەبات وتێکۆشان.

جەعفەر زۆر زوو بوو بە پێشمەرگەیەکی بوێرو ئازاو قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسوور کوری ڕۆژی تەنگانە بوولە زۆربەی شەڕەکانی ساڵی ١٣٦٠ و ٦١ دا بەشداری کردو نەقشی بەر چاوی هەبوو. شەڕەکانی باغی ئەحمەدی، نێوشاری بۆکانو چاوەرچین بەڵگەیەکی زیندوون بۆ ئازایەتی ئەو تێکۆشەرە نەمرە.

هێشتا هەفتەیەک لە بەهاری ١٣٦٢ تێنەپەری بوو کە هێزە سەر کوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر گوندی قەرەکەند لە سەر جادەی بۆکان ـ مەهاباد، سەعات ٣ی نیوە شەو شەڕ دەستی پێ کرد لە بەرەنگارێکی ئازایانە دا کە بە دەیان کەس لە هێزی ڕێژیم کوژران وبریندار بوون پاش ١٧ سەعات شەڕ پاشەکشە بە هێزی ڕێژیم کرا. بە داخەوە قوربانی ئەو ڕۆژە ٧ / ١ / ١٣٦٢ جەعفەر بۆکانی لەگەڵ ٣

هاوسەنگەری دیكەی بە ناوەكانی جەماڵ ئەمینی، خدر ڕەسوڵی و جەعفەر جابلی شەهید بوون و گیانیان پێشكەش بە بارەگای ئازادی نەتەوەكەیان كرد.

## شەهید محەممەد ئارمانزادە



لەمێژ ساڵە خەباتی گەلی كورد بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافی نەتەوایەتی خۆی هەر درێژەی هەیەو لەو پێناوەدا بە هەزاران تێكۆشەر شەهیدو بە سەدان گوند و شارخاك پودر كران. بەڵام دیسانیش ڕۆڵە ئەمەگناسەكانی ئەم گەلە بە چۆك دانەهاتوون و پشتیان لە خەبات سارد نەبۆتەوە . ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان كە نزیك بە نیو سەدەیە ئەو بزووتنەوە بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان هەر درێژەی هەیەو ڕۆژ بە ڕۆژ توند و تیژتریش دەبێ و تا پێدەچێ كاروانی شەهیدان دوور و درێژتر دەكاتەوە.


محەممەد لە ساڵی ١٣٥٦ لە شاری مەهاباد لە دایك بووە بەرە بەرە كە گەورە بووە ڕەوانەی قوتابخانە كراو زۆر زیرەكانە وانەكانی دەرسی سەرەتایی تەواو كردو دواتر چووە قۆناغی ناوەندی سەرئەنجام تا یەكی نەزەری دەرسی خوێند. محەممەد لەقوتابخانەش زیرەكو وشیار بوو دەورانی لاوی ئەو هاوكات بوو لەگەڵ خەباتێكی گەرم وگوڕی چەكداری لە دەیەی ١٣٦٠ دا، هەر بۆیە بە سەر كەوتنەكانی هێزی پێشمەرگە شادی لە دڵ دەگەڕاو ڕۆژانە بۆ هاو پۆلەكانی دەگێڕایەوە.

محەممەد هەستی كوردایەتیی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر لە دەروونیدا بە هێز دەبوو. لەساڵی ١٣٧٢دا هاتە ڕیزی پێشمەرگەكانی حیزبەوەو ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی كرا، دوای تەواو كردنی دەورە ناردرایە هێزی بەیان ولەوێ سازمان درا.

محەممەد زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو دڵی هاو سەنگەرانی دا كردەوە وەك پێشمەرگەیەك ئەركی خۆی بە ڕێك وپێكی بەڕێوە دەبرد. لە كۆنترۆڵ كردنی جادەی بۆكان میاندواو لە سالی ٧٣ داو لە شەڕی گامێشان نەقشی باشی هەبوو.

محەممەد زۆر حەزی لە وەرزش بوو هەمیشە لە كێ بەر كێی فوتباڵی نێو كەمپەكانی حیزب وەك وەرزشكارێ باش چاوی لێ دەكرا. هەر وەها هەڵسورانی بەرچاو لە ناوچە و زۆر تایبەتمەندی دیكەی توانی لە ساڵی ١٣٧٤ ببێ بە سەرپەل و ئەو ئەركەشی بە جوانی بەڕێوە دەبرد. بە داخەوە لە مانگی خەرمانانی ١٣٧٤ لە كاتی كاری حیزبی لە ناو شاری بۆكان بە هۆی خۆفرۆشێكەوە بە دیل دەگیرێ‌و پاش ١٥ مانگ ئازارو ئەشكەنجە لە ڕۆژی ٩ / ٩ / ١٣٧٥ لە زیندانی مەهاباد لە گەڵ هاوسەنگەرێكی بە ناوی سمایل ساڵحی ئێعدام كران.

# شەهید محەممەدی عوسمان زادە



ئەو کەسانەی تەمەنی خۆیان بەختی بەرژەوەندی گشتی گەلەکەیان دەکەن و بە سەر بەرزی و روو سووری دەستەملانی خاکە پیرۆزەکەیان دەبن، لە نێو کۆمەلانی بەرینی خەڵکدا جێگای هەتا هەتایان بۆ تەرخان دەکرێ و لە پاش مردنیش ناو و ناوبانگیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لاوان و شۆرەسوارانی گەلی کوردو مرۆڤە هەڵکەوتوەکان، ئەوینداری رێگای ئازادی و دێموکراسی، بۆ وەدەست هێنانی ئەو ژیانە سەر بەرزانەیەو، لەپێناوی هێنانی ئازادیدا، خەبات دەکەنو بە فیداکاری و گیانبازیو خۆ بەخت کردن، رچەی خەبات دەشکێنن و بە خوێنی خۆیان نەمامی ئازادی پاراو دەکەن.

محەممەد لە ساڵی ١٣٣٨ لە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی فەقیری ئەو شارە لەدایک بوو هەر بە هۆی هەژاری ومەینەت بەشی توانی تا پۆلی 5ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. یەکێک لە بە نەزمترین قوتابییانی ناو پۆلەکە بوو. بەرە بەرە کە گەورە بوو زیاتر لەناو خەڵک خۆشەویستر دەبوو یارمەتی خەڵکی دەداو بەو تەمەنە کەمەوە لە بیری زۆر کەس دابوو کە یارمەتی بدا.

ساڵی ١٣٥٧ گەلانی ئێران لەچنگ زوڵم وزۆری نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پادشایەتیی رزگاریان بوو. ئەو هەستی کرد کە لە چنگ ئەو زولم وزۆرە کوتایی دێو نەتەوەکەی بە سەر بەستی دەژی. بەڵام رێژیمێکی دیکە وزۆردارتر لە پێشوو دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستەوەگرت. بۆیە بێ سی ودوو کردن لە ساڵی ١٣٥٩ هاتە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە ولە هێزی بەیان سازمان درا. محەممەد زۆر زوو جێگای خۆی لەدڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە و ئەرکی خۆی بە جوانی بەجێ دەگەیاند. بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری خۆی هەوڵی زۆری دەدا. بە هۆی لێ وەشاوەیی ئازایەتی ساڵی ١٣٦١ بوو بە سەرپەل و لەو ئەرکەشدا رووسور هاتە دەر. تا کاتی شەهید بوونی ئەم مەسئوولییەتەی بەرێوە برد. لەشەڕ لەگەڵ دوژمن ئازاو نەترس بوو. لە شەڕەکانی جادەی سەقز ـ بۆکان، شاریکەند، بوغدەکەندی ونێوشاری بۆکان حەماسەکانی لەبیر نەکراونو لەزۆر جێگای دیکە نمونەی فیداکاری وقارەمانەتی ئەو رۆڵە خەباتگێرەی دیموکراتن. محەممەد لە گەڵ هاوسەنگەرانی قسە خۆش و رووخۆش و مودیرو هەڵسور بوو. رۆژی ١٧ / ٢ / ١٣٦٢ بە پێی گەڵاڵەیەکی دیاری کراو هێرش کرایە سەر پایەگای قاقڵاوە لەناوچەی تورجان. لەو عەمەلیاتەدا کە موڵگەی دوژمن بەشێکی زۆری دەستی بە سەر دا گیراو ئاگری تێبەر بوو ژمارەیەک چەک وچۆڵ و ٣ کەسیش بە دیل گیران. لەو شەڕەدا لاوی کورد محەممەد عوسمانزادە لەگەڵ ٢ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ناسر باریک و هەمزەی فەرەجی کەوتنە بەر گوللەی جنایەتکارانو خوێنی سووریان رژایە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان.

# شەهید یوسف عەبباسی



ئەو کۆمەڵگایەی کە زوڵمی نەتەوەیی یان لێکراوەرۆڵەکانیان زۆر ئازایانە بە رەنگاری داگیرکەران دەبنەوەو بەخوێنی خۆیان حەقانییەتی گەلەکەیان دەسەلمێنن و ئازایانە لەدوژمن رادەپەرن. گەلی کورد زۆر رۆڵەی لەرێگای رزگاری نەتەوەکەی گیانی بەخت کردوە یەکێک لەو تێکۆشەرانە یوسب عەباسی یە.


یوسب لەساڵی ١٣٤٣ هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەست کورت وهەژار لە شاری بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێنا و لەئامێزی دایکی خۆشەویستیدا گەورە بوو لەتەمەنی ٧ ساڵیدا رەوانەی قوتابخانە کراو زۆر زیرەکانە دەرسی دەخوێند پۆلەکانی یەک لە دوای یەک دەبڕی تا یەکی ناوەندی دەرسی خوێند لە راپەرینی گەلانی ئێران بەشداری چالاکانەی کرد. بە دەست پێ کردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات لە بۆکان، یوسب وەک لایەنگری حیزب کاری دەکرد بەرنامە وپرۆگرامی حیزبی لە ناو خەڵک دا بڵاو دەکردەوە.

بە دەست پێ کردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و وێرانکردنی گوندەکان و قەتڵوعامی خەڵک یوسف نەیتوانی دەستەو وەستان بێ و بۆیە بریاری دا چەکی دیفاع لە شەرەف و ناموسی گەلەکەی هەڵگرێ. لەساڵی ١٣٦١ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە هێزی بەیان و لە لکی یەک سازمان درا. یوسف بە راستی نیشانیدا کە پارتیزانێکی لێهاتوو بە توانایە لە هەموو مەئمورییەتەکاندا بەشداری دەکرد. ئازایەتی یوسف بووە ویردی سەر زمانان وشەڕەکانی نێو شاری بۆکان، جەمووغە، پایەگای مەڵلالەر، لەگزو چەندین شەڕی دیکە لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگەدا بەڵگەیەکی زیندوو لە ئازایەتیی ئەو قارەمانەن.

ئەو لەگەڵ خەڵکو هاورێیانی هەڵسوکەوتی شۆڕشگێرانەی بوو هەموو کەس خۆشی دەویست وریزیان دەگرت. تایبەتمەندی دیکەی یوسف ئەوە بوو کە چەندین عەمەلیاتی پارتیزانی بە تەنیا لە نێو شاری بۆکان بەرێوە برد چەندین خائین و بەکرێگیراوی بە سزای خۆی گەیاند ئاخرین مەئمورییەتی لە پاییزی ١٣٦٤دا بۆ نێوشاری بۆکان بە سزاگەیاندی خۆ فرۆشێک کە بەداخەوە رۆژی ٢ / ٨ / ١٣٦٤ لە نێو شاری بۆکان کەوتە کەمینەوە و هەر لە وێ شەهیدیان کرد.

# شەهید ڕەحمان مەحموودی

(ناسراو بە رحمان دووچەرخە)



تا چەوساوان لە کۆڕی خەبات و بەربەرەکانیکردن دا کۆنەبن و لە بەرامبەر پێشێل کرانی مافی مرۆڤدا ڕانەوەستنو بە گژ ناهەقی دا نەچنەوە، تا وڵات پارێزان سینگیان بە گوللەی شەو پەرستانی دڵ ڕەق و قین لەزگو دوژمنانیئازادی یەوە نەنێن، تا لاوە بە هەست و خوێن گەرمەکان پۆل پۆل نەبنە قوربانی ویست و داخوازە لە مێژینەکانیان، تا لێشاوی فرمێسکو خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلانو تەخت و بەختی سەر کوتکەران ڕانەماڵێ، ئازادی و بەختەوەری نایەتە بەرهەم.


رەحمان لە ساڵی ١٣٤٣ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی نەدارو دەست کورت لە دایک بوو نەداری ودەست کورتی بەرۆکی ماڵی ئەوانی گرت و نەیتوانی بچێتە قوتابخانەو وەک زۆربەی منداڵانی ڕەش ورووتی لە نەخوێندەواری دا مایەوە. هەر لە منداڵی یەوە دەستە مڵانی کارو کوێرەوەری بوو. سەرهەڵدانی رەحمان هاوکات بوو لە گەڵ ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٣٥٧ کە لەودا ڕۆڵێکی بەر چاوی هەبوو تا گۆڕکردنی ڕێژیمی پاشایەتیی بێوچان بەشداری کرد. لەم قۆناغەدا کە کۆماری ئیسلامی خەڵکی کوردستانی پەلاماردا رحمان بڕیاریدا ئەو ئەرکە قورسە واتە بەربەرەکانی لە گەڵ کۆنە پەرستان بکا بۆ ئەم مەبەستە رووی کردە پێشمەرگایەتیی و لە ساڵی ١٣٦٠ لە هێزی بەیان سازمان دراو هەموو وجودی بۆ حیزب ونەتەوەکەی تەرخان کرد.

رەحمان ئازاو هەڵسوڕو دڵسۆز بوو ئیمانێکی قوڵی بە سیاسەتەکانی حیزب وخەباتی ڕەوای گەلی کورد بوو لە هەموو مەئموورییەتەکان دا بەشدار بوو. قارەمانەتی رەحمان لەشەڕە حەماسییەکانی نێو شاری بۆکان، قەرەکەند، جادەی بۆکان ـ مەهاباد وبۆکان ـ میاندواو هیچ کات ئازایەتیی ئەو لە بیر ناچێتەوە. رەحمان هەمیشە لە گەڵ هەلومەرجی نوێی خەبات خۆی دەگونجاند وەک پێشمەرگەیەکی بە دیسیپلین هەڵس وکەوتی دەکرد ئەرکی پێشمەرگایەتیی بە باشی بەڕێوە دەبرد.

لە ساڵی ١٣٦٤ لکی یەکی هێزی بەیان بە مەئمورییەت ناردرایە جنوبی کوردستان، ڕۆژی ١٣ / ٢ /١٣٦٤ لە گوندی" سۆڵە"ی سەر شیوی سەقز لە لایەن کۆمەڵەوە هێرشیان دەکرێتە سەرو بە داخەوە لەو شەڕە نەخوازراوە دا رەحمان مەحمومدی لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی برایم سوارەو عەلی ئاقلی شەهید بوون.

# شەهید کەریم شەریفی

(ناسراو بە کەریم کانی گورگە)



تا چەوساوان لە کۆڕی خەبات و بەربەرەکانی کردن دا کۆ نەبن و لە بەرامبەر پێشێل کرانی مافی مرۆڤدا ڕانەوەستن و بەگژ ناهەقی دا نەچنەوە، تا وڵات پارێزان سینگیان بە گوللەی شەو پەرستانی دڵ ڕەق و ڤین لەزگو دوژمنانی ئازادی یەوە نەنێن، تا لاوە بە هەستو خوێن گەرمەکان پۆل پۆل نەبنە قوربانی ویستو داخوازە لەمێژینەکانیان، تا لێشاوی فرمێسک و خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلان و تەخت و بەختی سەر کوتکەران را نەماڵێ، ئازادی و بەختەوەری نایەتە بەرهەم.


کەریم لە ساڵی ۱۳۴۵ی هەتاوی لە گوندی"کانی گورگە"لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەدایک بوو بە بوونی کەریم ئەو بنەماڵەیە بزەیان کەوتە سەر لێویان وشادییان لەدڵ دەگەڕا. بەرە بەرە بە ڕەنج وکوێرەوەری گەورە بوو پاشان لە تەمەنی ۷ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە کراو توانی تا پۆلی 5ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. کەریم ئەو قۆناغەی ژیانی تا ساڵی ۱۳۵۷ بە مەینەت بەشی و کوێرەوەری تێپەڕاند.

بۆ گۆڕکردنی ڕێژیمی پاشایەتی زۆر چالاکانە لە خۆپێشاندانەکان دا بەشداری کرد، ئەو بە هۆی ئەوە زۆر هات وچۆی ئازەری یەکانی کردبوو بە تەواوی چاووگۆی کرا بۆوە هەستی بە زولم وزۆری نەتەوەکەی کرد بوو. بە سەر کەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران ودەست پێ کردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە بۆکان کەریم وەک هێزی بەرگری خۆی ناو نووس کرد. لە گەرماو گەرمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە ساڵی ۱۳۶۰ بە فەرمی بوو بە پێشمەرگە وچەکی دیفاع لە نەتەوەکەی لە شان کرد، وەک ڕۆڵەیەکی ئازاو قارەمان بە گژ لەشکریانی کۆماری ئیسلامیدا دەچۆوە، شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، پایەگای ترکاشە، کولتەپەی عەزیزاغا، جادەی بۆکان ـ میاندواو، شاریکەندوجەموغە نمونەی ئازایەتی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەن.

کەریم بە هۆی گیروگرفتی بنەماڵەکەی لە ساڵی ۱۳۶۳ لەسەر بریاری حیزب چۆوە لای بنەماڵەکەی. بەڵام وەک ئەندامی حیزب هەر کاری دەکرد و لە گەڵ کومیتەی ناوچەی ئاڵەشین بە بەردەوامی لە پێوەندی دابوو. بە داخەوە ڕێژیم پێی زانی وکەریمی ڕەوانەی بەندیخانە کرد. ئەو لەزیندانیشدا هەروا خۆڕاگرو قارەمان بوو تەنانەت نینۆکەکانی وددانیان دەرهێنا بەڵام لە ئاستی نەهێنی یەکانی حیزب لێوی هەڵنەپچڕی بۆیە جەللادەکانی کورد کوژی ئاخوندی لە مانگی ۱۲ی ۱۳۶۵ لە بۆکان گوللە بارانیان کردو چووە ریزی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان.

# شەهید فەتتاح نادری

**(ناسراوبە مەشەدی فەتتاح)**



نەتەوەی کورد بە بارتەقای بالای مێژوو لەهەموو قۆناغەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی خۆیدا، ماندوویی نەناسەنە درێژەی بە تێکۆشان داوەو لە بەرانبەر زەبرو زەنگو ئیعدامو رەشەکوژیو سەرکوتو خەفە قان دا، ملی بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران را نەکێشاوەو بە چۆکدا نەهاتووە. رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لێ براوانەو بە ئیمانێکی پۆلاینەوە درێژەیان بە خەبات داوەو لە پێشکەش کردنی گیانی پاکیان بۆ دابین کردنی ویستو داخوازەکانی نەتەوەییان بەر چاو تەنگ نەبوون. لەدرێژەی ئەم خەباتەدا زۆر جار ئازەری یەکان توانیویانە لە حیزبی دیموکرات دا خەبات بکەن یەکێک لەو رۆڵە قارەمانانە فەتتاح نادری بوو.

مەشەدی فەتتاح لە ساڵی ۱۳۰۶ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ئازەری زمان لە گوندی"یاسی کەند"ی مەراغە لە دایک بوو پاش تێپەر کردنی قۆناخی منداڵی رووی لە کاری کشاوەرزی کرد. مەشەدی فەتتاح ئینسانێکی رووخۆش وقسە خۆش بوو قسەی ناحەقی لە کەس قەبوڵ نەدەکرد. بە تێپەر کردنی قۆناغی ژیان رۆژ لەگەڵ رۆژ ماندووتر دەبوو بۆیە نەیتوانی ئەو وەزعە تەحەمول بکاو رووی لەکوردستان کردو لە گوندی "گوێگجەلی"ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان گیرسایەوە پاشان لە گەڵ بنەماڵەیەکی کورد ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. ئەو لە ساڵە ۱۳۳۶ پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت و وەک ئەندامی حیزب کاری دەکرد زۆر جار لەگەڵ کادرەکانی حیزبی بە نەهێنی کاری دەکردو گوندەکانی ناوچەی ئاڵەشینیان دەکرد. مەشەدی فەتتاح بەم جۆرە وێڕای کاری حیزبی، لە گەڵ بنەماڵەی کاری کشاوەرزی دەکرد تا سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بەم شێوەیە ژیانی تێپەر کرد.

بە دەست پێ کردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب مەشەدی فەتتاح خۆی بە تەشکیلاتی حیزب ناساند وبە لەبەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ریزی تێکۆشەرانی مەڵبەندی بۆکان تێکۆشانی دەست پێ کردو لە ماوەیەکی کورت دا بە کردەوە سەداقەت ودڵسۆزی خۆی نیشان دا کە رۆڵەی وەفاداری حیزبە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیی‌دا زۆر کردەوەی شۆڕشگێرانەی بوو لە گەڵ دوژمن ئازاو نەترس بوو. لە بەرێوەبردنی ئەرکەکانی دا زۆر بە نەزم ودیسیپلین بوو.

شەڕە حەماسیەکانی سەرەتای شۆرش وەک شەڕی ۳ مانگە، نێو شاری بۆکان، سەقز، ناوچەی ئاڵەشین و زۆر جێگای دیکە قارەمانەتی تێدا نواند. لەگەڵ هەموو کادرو پێشمەرگە بە شێوەیەکی دروست هەڵس وکەوتی دەکرد بە جۆرێک کە هەموو پێشمەرگەکان خۆشیان دەویست و رێزیان دەگرت. بە داخەوە ئێوارەی ۲۷ / ۸ / ۱۳۶۴ لە کاتی بەرێوە بردنی ئەرکی حیزبی لە سەر جادەی سەردەشت ـ پیرانشار لە گوندی"شێواوکان" لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان کەوتە کەمین و پاش شەرێکی نابەرامبەر مەشەدی فەتتاح شەهید دەبێ وبۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە حیزبەکەی کرد.

# شەهید خالید سۆفی عباسی



ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ بەرەنگاری لەگەڵ داگیرکەران زۆرڕێگایان هەڵبژاردوە، هەرکەس بە شێوەیەک لە بەرامبەررژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی خەباتی کردووە. حیزبەکەمان زۆر کادرو پێشمەرگەی لە ڕێگای خەباتی چەکداریدا شەهید بووە جگە لەوە زۆر ڕۆڵەی دیکەی فیداکار، لەمەیدانی خەبات دا  بە شێوەیەکی دیکە بەر بەرەکانی کردووە لەم ڕێگایە دا گیانی بە گەلەکەو نەتەوەکەی بەخشیوە. تادوا دڵۆپی خوێن وەفادار بە ڕێبازی حیزبەکەی ماوە.

خالید لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لەدایک بوو بەرە بەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کرا پۆلەکانی خوێندنی تا 6ی سەرەتایی بە جوانی بڕی. بە هۆی بێ دەرەتانی و هەژاری بنەماڵەکەی دەستی لە خوێندن هەڵگرت و ڕووی لە کارو کاسبی کرد بەڵکوو بتوانێ گۆشەیەک لە ژیانی تاڵی ماڵەوە کەم بکاتەوە بۆ ئەم  مەبەستە بەرەو شاری تاران وەرێ کەوت و دەستی بە کاری جۆشکاری کرد. خالید شەو و ڕۆژ لە بەر پڕیشکی ئاوری جۆشکاری کاری دەکرد وتەنیا شەوانە چەند سەعاتێک پشووی دەدا بەم جۆرە تا راپەرینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٥٧ ژیانی تێپەر کرد لەو ماوەیە دا چاو وگوێی بە تەواوی کرابۆوە هەر بۆیەش لە راپەرینی نەتەوەکانی ئێران لە ساڵیدا ٥٧ بەشداری چالاکانەی کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ٥٧ و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دیموکراتیش تێکۆشانی ئاشکرای خۆی لە ١١ی ڕەشەمەی ئەو ساڵە لە کۆبونەوەیەک دا ڕاگەیاند. خالید زۆر زوو خۆی لەریزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا دیتەوەو لە ساڵی ١٣٥٨ بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد. ئەو لە ماوەیەکی کورت دا جیگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانیدا کردەوە وەک پێشمەرگەیەگی ئازاو قارەمان ناسرا. لە شەڕەکانی ناوچە دا بەشداری چالاکانەی کرد بە تایبەتی لە ٨ / ٨ / ١٣٦١ لە شاری بۆکان ئازایەتی لە خۆی نیشان دا. خالید بە هۆی ئەوە کە ژیانی هاوبەشی پێک هێنابوو لە سەر ئیجازەی حیزب  چۆوە شاری بۆکان و هاوکات بتوانێ بە بنەماڵەکەی رابگا و وەک ئەندامی حیزبیش کار بکا. لە سەر موافقەتی کومیتەی شارستان وەک ئەندامی تەشکیلاتی دەستی بە تێکۆشان کردو زۆر چالاکانە کارەکانی بەڕێوە دەبرد لەهەموو مەئمورییەتێکی کە پێی سپێردرابا لەنێو شار بەرێوەی دەبرد. بەڵام بە داخەوە دوژمن خوێن رێژ هەست بە بوونی دەکاو لە شەوی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ لە سەعات ٥ی بەیانی لە نێو شاری دەوری ماڵەکەی دەدەن و قۆڵ بەستی دەکەن و ڕەوانەی زیندانی دەکەن، ئەو هەر وەک پێشمەرگەی ئازا لە زیندانیش بە ئازایەتی دەژیاو لێوی لە ئاست نەهێنییەکانی حیزب هەڵنەپچری هەر بۆیە جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی پاش ٥ مانگ لە زیندان دا لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٢ لە بۆکان لە گەڵ ٨ کەسی دیکەی خەڵکی بۆکان گوللە باران کرا.

# شەهید ئەبووبەكر رەحمانی



**بووكی ئازادیم دەویّ خوێنم خەنەس بۆ دەستو پێی**
**حەلقە حەلقەی پێوەنم بۆ پلپڵەو لەرزانەوەیە**
**گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم**
**نۆكەریو سەردانەواندن كاری نامەردانەیە**

كەم ژیانو سەربەرزانە ژیان رێبازی پیرۆزی
هەموو ئەبوبەكری رەحمانی یەكانو هاورێیانو هاوبیرانی ئەوە.ئەبووبەكری رەحمانی جوانە مەرگو شەهیدی رێگەی ئازادی، ١٩ ساڵ ژیاو ئەگەرچی رەشەبای زریانی خەزان هەر زوو بەزوو گوڵی تەمەنی ئەبوبەكری هەڵ پرووكاند، بەڵام مەردانە ژیان، یادو ناوی ئەبوبەكری رەحمانی بۆ هەتا هەتایە هەرمان كرد. ئەبوبەكر ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاوی لەگوندی حەمامیانی سەر بە شاری بۆكان لە دایك بوو. بنەماڵەی ئەبوبەكر وەرزێرو زەحمەتكێش بوون، بەڵام بە باوەرو نیشتمانپەروەریەوە ئەبوبەكریان لە ئامێزی خۆیاندا پێ گەیاند.
منداڵیی ئەبوبەكر وەك منداڵیی هەموو هاوتەمەنەكانی لادێیی بە كایەو قومارو كاری مووچەو مەزرا تێپەڕ بوو، تا پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندەكەی خۆیان خوێندی و لەبەر دەست كورتی بنەماڵەكەی سەرەڕای پێ ناخۆشبوونی خۆی وازی لە خوێندن هێنا.
ئەبوبەكری تازە لاو دوای راپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی حیزبی دێموكراتی ناسیو بۆ بەربەرەكانی دژی داگیركەری نیشتمانەكەی ریزەكانی ئەم حیزبە تێكۆشەرەی هەڵ بژاردو ساڵی ١٣٥٩و لەكاتێك دا ١٧ بەهاری لە وەرزی تەمەنی تێپەڕ كردبوو، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشیو قانع گوتەنی، "ئامادەی مەیدانمو ئەم بەرگە كە پۆشیم كفنە، نەوەكوو چاكەتو پانتۆڵە لە بەرما" ئەبوبەكر پێشمەرگەیەكی چاونەترسو ئازا بوو، عەمەلیاتی سەر رێگای بۆكان ـ سەقز، بۆكان ـ میاندواو، نێو شاری بۆكانو ناوچەكانی هەوشار شایەدی بۆ ئازایەتیو بە دەست وبردی شەهید ئەبوبەكری رەحمانی دەدەن. بەڵام مەخابن تیری چلكنی شەو پەرستانو ئازادی كوژانی دژە كورد لە هەڕەتی لاوەتی دا دڵی گەرمو پڕ لە خۆزیاوو ئەوینی ئەبوبەكری لەترپە خست. رۆژی ٣٠ی رەزبەری ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی پێشمەرگەكانی حیزبی دیموكرات لە گوندی خەتایی رووبەرووی هێزەكانی رێژیم بوونەوە. لەو رۆژەدا دایكی نیشتمان قوربانی یەكی دیكەی بەختی بارەگای ئازادی كردو ئەبوبەكری رەحمانی تازە لاو سروودی هەرمانی ئەوین بە نیشتمانی چڕیو دڵی تاسەباری لە لێدان كەوت.

# شەهید خالید کۆچەری



"بە شەهیدیان گوت نیشتمان تەرمی لەرزی
هەستاوە پێ، بە سەربەرزی
لە ناخی دڵەوە گوتی گیان ... گیان"

گەورەیی مرۆڤ نە بەوەیە کوڕی کێیەو لە کوێ گەورە بووە، نە ئەوەی چەندەی چەندەی خوێندوەو چەندە ژیاوە. گەورەیی مرۆڤ بەوەیە لە پێناو چ ئامانجێکی بەرزی مرۆیی دا هەنگاوی هەڵێناوەو لە پێناو چ خەونێکی پیرۆزی ئینسانی دا سەری ناوەتەوە.

"شەهید" ئەو پیرۆزەیە لە ناخی دڵی نەتەوەکەی دا ئارامو ئۆقرە دەگرێو مرۆڤایەتی سوژدەی بۆ دەباو کڕنۆشی بۆ دەبەستێ.

شەهید خالید کۆچەری ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە دایک بوو. بەشە مەینەتیو دەستکورتی بنەماڵەکەی ئەو دەرفەتەی بە خالید نەدا بە دڵی خۆی نوقمی خۆشیو ئاواتەکانی دنیای منداڵی بێو تەنانەت حەسرەتی چوونە قوتابخانەشی وەک هەموو خەونەکانی دی لە سەر دڵە پڕ خۆزیاکەی بوو بە گرێ. خالید هەر لە مێرمنداڵیەوە بە هەستکردن بە زوڵمو زۆریی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیو بەشخوراوی نەتەوەکەی بەڵێنی دا رێبواری رێگەی رزگاری نەتەوەکەی بێو بۆ سەربەستی مرۆڤایەتی تێبکۆشێ.


١٩ بەهار لە تەمەنی خالید ئاوا ببوو. ئەو لەریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێی گرتبووو بەڵێنی دابوو شەوی بخاتە سەر رۆژو هەدا نەداو نەسرەوێ. ئەو رێچکەی خەبات بۆ سەربەستی مرۆڤایەتی گرتبوە بەرو، نیگای تاسەباری پیرە پیاوانی پشت چەماو، رەنجەڕۆیی دایکانی جەرگ سووتاوی رۆڵە کوژراو، لیزمەی فرمێسکی منداڵانی هەتیوی چاو لە هەتاو، نیگای دڵمەندی دڵدارانی چاوەڕوان هانی دەدا کە کۆڵ نەداو وەرەی هەروا بەرزو رەوەز بێ.

عەمەلیاتەکانی سەر جادەی سەقز ـ بۆکانو گرتنی مۆڵگەی رێژیم لە ئاوایی کوچک، عەمەلیاتی بەرگری لە شاری بۆکانو بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی رێژیم لە گوندی شاریکەند شایەدی هەڵمەتو حەماسەکانی شێرە کوڕانی دێموکراتو ئازایەتیو بە دست وبردی خالید کۆچەری بوون.

رۆژی ١٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بوو. پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە گوندی قاجر بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن بوونەوە. خالید بە ئیمان بە رەوایی خەباتو رێبازەکەی چاونەترسانە هەڵمەتی بۆ هێزەکانی رێژیم دەبرد. وەک ئەوەی هەستی کردبێ کە لە دوایین ژوانی خۆی دا دەخزێتە ئامێزی شانازیەکی هەتاهەتایی. هێزەکانی رێژیم تێک شکابوون، بەڵام خالید کۆچەری شۆڕە سواری ئەم حەماسەیە گلابوو چاو پڕ لە هیواکانی وەسەریەک نابوو. خوێنی گەشو گەرمی شەهید خالید کۆچەری ئەم رەستەیەیان لەسەر سینگی دایکی نیشتمان نەخشاندبوو.

داری چاکێک کەوتە عەرزی، بەڵام دارستانێک بە پێوەیە
ئەستێرەیەک راخوشی، بەڵام ئاسمان پڕ لە ئەستێرەیە
رەوەزێک خزی، خۆ چیاکان دانە نەویون
سەریان بەرزەو پۆل بە پۆل چیای دی بەرێوەیە

# شەهید سمایل دامەنگیر



"بە شەهیدیان گوت نیشتمان تەرمی لەرزی
هەستاوە پێ، بە سەربەرزی لە ناخی دڵەوە گوتی
گیان ... گیان".گەورەیی مرۆڤ نە بەوەیە کوڕی
کێیەو لە کوێ گەورە بووە، نە ئەوەی چەندەی
خوێندوەو چەندە ژیاوە. گەورەیی مرۆڤ بەوەیە لە پێناو چ ئامانجێکی بەرزی مرۆیی‌دا هەنگاوی هەڵێناوەو لە پێناو چ خەونێکی پیرۆزی ئینسانی‌دا سەری ناوەتەوە.

"شەهید" ئەو پیرۆزەیە لە ناخی دڵی نەتەوەکەی دا ئارامو ئۆقرە دەگرێ‌و مرۆڤایەتی سوژدەی بۆ دەباو کڕنۆشی بۆ دەبەستێ.

شەهید سمایل لە ساڵی ١٣٤٠ لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لەدایک بوو دوای تێپەر کردنی قۆناغی منداڵی لە ٧ ساڵی ڕەوانەی قوتابخانە کرا و وەک قوتابیێکی زیرەک و وشیار وانەکانی دەخوێند پۆلەکانی خوێندنی یەک لەدوای یەک زۆر ئازایانە بڕی بەم جۆرە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران توانی تا ٢ی ناوەندی دەرس بخوێنێ.

سمایل هەر وەک لە قوتابخانە زیرەک بوو لە نێو خەڵکیش دا خۆشەویست بوو ئەو دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، زۆر ئازایانە هەڵوێستی خۆی گرت و دژی داگیرکەران وستاوەو لە ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکرات دا سازمان درا. سمایل لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە نیشانی‌دا کە بەراستی قارەمانی ئەو خاک ونیشتمانەیە بە جۆرێک دوژمن لە ناوی زراوی تۆقیبوو. ئازایەتی سمایل و کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیکە وای کرد کە سمایل وەک سەرپەل دیاری کرێ . لەو مەسئولییەتەش دا زۆر ڕووسور هاتە دەر و چەندین عەمەلیاتی ڕێک وپێک لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بەڕێوە برد، فەرماندەیی و ئازایەتی سمایل بوو بە هۆی ئەوە وەک جێگری لک دیاری بکرێ لەو بەرپرسایەتیە دا زیاتر خۆی ماندوو کرد شەڕکانی ناوچەی چۆمی مەجیدخان، سەرچنار، قەرەگۆل، جادەی بۆکان ـ میاندواو و مەهاباد ـ میاندواو شاهیدی بۆ فەرماندەهی ئەو ڕۆڵە نەمرەی دیموکرات دەدەن.

سمایل لە گەڵ هاوسەنگەرانی لە سەرەخۆ و ڕوو خۆش بوو هەمیشە لە سەر دوژمنی وێران کەری کۆماری ئیسلامی بۆیان دەدوا، جگە لەوە لە نێو خەڵکیش دا خۆشەویست بوو هەمیشە ناوی ئازایەتی سمایل لە سەر زاری خەڵک بوو داستانی حماسەکانی بۆ یەکتریان دەگێڕاوە.

بە داخێکی گرانەوە لە شەوی ٣٠ / ٧ / ١٣٦١ لە کاتی هێرش بۆ سەر مۆڵگەی هێزەکانی دوژمن لە ئاوایی"خەتایی"کە بوو بە هۆی کوژرانی ژمارەیەک لە هێزەکانی ڕێژیم کەوتە بەر گوللەی دوژمن و سینگی ئاژن ئاژن کراو بە خوێنی سووری خۆی خاکی نیشتمانی ئاو داو بۆ هەمیشە ماڵ ئاوای لە هاوسەنگەرانی کرد.

# شەهید عەلی نوری



لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژاری گوندی "قولەڕسەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. قۆتاغی منداڵی ناوبراویش وێرای زۆربەی منداڵانی گوند نیشینەکانی کوردەواری ئەو سەردەمە لە نەداری وبێ بەشی دا تێپەر بوو. بە هۆی خراپی باری ژیانی بنەماڵە نەچووە قوتابخانە و هەر لە منداڵی یەوە رووی لە کارو کاسبی کرد بەڵکوو بتوانێ ژیانی نەمر نەژی دابین بکا. بەم جۆرە ژیانی عەلی هەژار و چەوساوە تا شۆرشی ١٣٥٧ بە کارو موچەو مەزرا درێژەی کێشا.

دوای سەرکەوتنی راپەڕینی نەتەوەکانی ئێران و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب عەلی لە ریزی ئەندامانی حیزبی دەستی بە کاری سیاسی کرد بە هۆی فەقیری لە رادەبەدەر نەیتوانی ٢٤ سەعاتە لە خزمەت نەتەوەکەی دابێ. بەم حاڵەش بۆ ئەوەی رزگاری یەکجاری نەتەوەکەی لە زۆر مەسەلە پێ گرینگتر بوو بۆیە بڕیاری یەکجاری داو لە ساڵی ١٣٦٠ هاتە ریزی تێکۆشەرانی دیموکراتەوە و لە لکی ٢ی هێزی بەیان سازمان درا.

عەلی بە هۆی ئاکاری جوان وکردەوەی شۆڕشگێرانەو ئەخلاقی جوان ودڵسۆزیو لەخۆبوردوویی جێی خۆی لە دڵی هاوسەنگەرانی وخەلکدا کردبۆوە. چالاکی و هەڵسووری ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادی دا بەر چاو بوو لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداری چالاکانەی کرد وەک قەڵایەکی پۆڵاین لەبەرامبەر دوژمنان دا رادەوەستا. شەڕکانی جادەی بۆکان ـ میاندواو، سەراو، لەگز، شامات، مەڵلالەرو نێو شاری بۆکان حەماسەی دەخوڵقاند.

هەر سەنگەرێکی گرتبای دوژمنان نەیان دەتوانی زەربەی لێ بدەن، هەمیشە دوژمن لە ئاستی زەبوون بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە سەرەخۆ بوو بۆ هەموو مەئموورییەتێک ئامادە بوو.تایبەتمەندی دیکە عەلی ئەوە بوو کە هاوکات لە گەل خەباتی چەکداری فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوو.

بەداخەوە لە رۆژی ١٢ / ٤ / ١٣٦٣ پێشمەرگەگانی هێزی بەیان و پێشەوا لە دەشتی شاروێران شەڕێکی گەورەیان بە سەر دا سەپا پاش ١١ سەعات شەڕ بەر بەرەکانی کە زیاتر لە ٧٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون عەلی نوری لە گەڵ ٢٤ هاوسەنگری دیکەی بە ناوەکانی محەممەدئەمین بارام میرزا، تاهیر خزری، حوسین قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپور، شیخ ساڵە، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، عوسمان دەروێشی، ئەمیررەزایی، عەولا شەریفی، مستەفا محەممەدی، حوسین وەحدەت، محەممەدساڵح فەرجی، سلێمان گوڵینگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفی، برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون. گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ رزگاری نەتەوەکەیان و بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە حیزب کرد.

# شەهید محەممەد عبدالله زادە




زۆرم بیر لێ کردەوە کە نەتەوەکەم زولم لێ کراوە، دەیان ساڵە ڕۆڵەکانی دژی زۆرداری خەبات دەکەن و شەهیدی زۆریان داوە. سووتان و ماڵوێرانی و دەربەدەری ، ئازارو ئەشکەنجە وزیندان هەموو بە بەژن وباڵای نەتەوەکەی من براوە نەتەوەکەم بە بارتەقای باڵای مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی خۆیدا، ماندوویی نەناسانە درێژەی بە تێکۆشان داوەو لە بەرانبەر زەبرو زەنگو ئیعدامو رەشەکوژی و سەر کوت و خەفەقان دا، ملی بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران را نەکێشاوەو بە چۆک دا نەهاتووە بۆیە پێم وابوو ئەرکی قورسترم لە سەر شانە واتە خەبات دژی داگیرکەران لە هەموو شتێک باڵادەسترە، هەر بەم مەبەستەش رووم کردە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات.

محەممەد لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە بنە ماڵەیەکی هەژار لە دایک بوو بەرە بەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا وەک قوتابێکی زیرەک وانەکانی دەخوێند توانی تا پۆلی ٢ی ناوەندی دەرس بخوێنێ. ١٦ بەهار لەتەمەنی خالید ئاوا ببوو. ئەو لەڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێی گرتبووو بەڵێنی دابوو شەو بخاتە سەر ڕۆژو هەدا نەداو نەسرەوێ. ئەو رێچکەی خەبات بۆ سەربەستی مرۆڤایەتی گرتبوە بەرو، نیگای تاسەباری پیرە پیاوانی پشت چەماو، ڕەنجەڕۆیی دایکانی جەرگ سووتاوی ڕۆڵە کوژراو، لیزمەی فرمێسکی منداڵانی هەتیوی چاو لە هەتاو، نیگای دڵمەندی دڵدارانی چاوەڕوان هانی دەدا کە کۆڵ نەداو ورەی هەروا بەرزو رەوەز بێ. لە ساڵی ١٣٦٤ هاتە ریزی تێکۆشەرانی دیموکراتەوە دوای تەواو کردنی دەورەی سەرەتایی لە فێرگەوە نێردرایەوە هێزی بەیان .

بە داخەوە لە کاتی گەڕانەوە لە گەڵ کۆمەلێک لە هاوسەنگەرانیان لە نیزیک ئاوایی"گردی گلان"تووشی دەستەیەکی دیکە لە هاوسەنگەرانیان دەبەن تەقە لێک دەکەن لە ئاکام دا بەو رووداوە دڵتەزێنە محەممەد عبدالله زادە لە گەڵ هاوسەنگەرێکی دیکە بە ناوی برایم مزگەوتی شەهید بوون و بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە هاوسەنگەرانیان کرد.

# شەهید محەممەد جەلیلی



مێژوویی مرۆڤایەتی پڕە لە ناوی مەزنی ئەو مرۆڤە گەورانەی کە تاسەباری ئازادی بوون و ژیانیان بە بێ ئازادی نەویستووە. ئەو کەسانەی کە بە ژیانێکی ئازادو سەربەستەو ژینی دیلێتی مەرگێکی بە جۆڵەیە"ڕاپەڕیون لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزودا. دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆ وەدیهێنانی ئازادی و خەونە سەوزەکانی مرۆڤ خەباتیان کردووە بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە وانەیە خۆیان هیچ کات بەروو بوونی ئەم دارە پیرۆزەیان بە قسمەت نەبێت کەچی دیسانیش بە تین وگوڕتر لە جاران ڕێگەی سەخت و پڕ لە کەندو لە روو هەڵدێرو گەورەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە رانە پەڕیوون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن بە ڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازاد کردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەبات و بەر خۆدانیان گرتۆتە پێش و ئیمانیان بەو راستیە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندوویانە کوێر نابێتەوەو پڕ ڕێبوار تر لە پێشوو، دەبێتە ڕێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو. ئازادی لە فەلسەفەو روانگەی ئەو مەزنە مرۆڤانەوە، گەلێک واتەی هەیە کە خەبات خۆی بە شێکە لە ئازادیو واتایەکی قووڵە لە ژیان.

مێژووی خوێناوی نەتەوەی کورد پڕاو پڕە لە ناوی پڕ لەشانازیی ئەو شەهیدانەی کە دایکی نیشتمان شانازییان پێوە دەکا. یەکێک لەو شەهیدە سەر بەرزانە محەممەد جەلیلی یە.

لە بەهاری ١٣٣٦ لە ئاوایی ساروقامیشی فەیزوڵابەگی لە بنەماڵەیەکی فەقیر کەم دەرامەت لە دایک بوو بەرە بەرە کە گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کرا تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێند بە هۆی وەزعی نالە باری ئابوری وازی لە خوێتدن هێناو بۆ کارو کاسبی چووە شیرکەتەکانی شاری تاران شەو رۆژ کاری تاقەت پرۆکێنی دەکرد.

محەممەد لەراپەڕینی ساڵێ ١٣٥٧ دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەی کرد لە گەل گەشانەوەی تەشکیلاتی حیزب لە سەرەتای شۆڕش هاتە ریزی تەشکیلاتەوە وەک تێکۆشەرێکی ئاگاو سیاسی دەستی بە تێکۆشان کرد و لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات لە شاری بۆکان سازمان درا محەممەد تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نەبوو بەڵکوو لە باری سیاسی یەوە رۆڵی بەر چاوی لە نێو خەڵکدا هەبوو سیاسەتەکانی حیزبی لە نێو خەڵک شیو دەکردەوە.


محەممەد لەزۆربەی شەڕەکانی ئەو کات بەشداری چالاکانەی کرد شەرەکانی جادەی سقز ـ بۆکان، بۆکان ـ ساین قەڵا، نێو شاری بۆکان بەڵگەیەکی زیندوویە لەقارەمانەتی محەممەد و هەمیشە لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگە دا دەمێنێتەوە .

دوای داگیر کردنی شاری بۆکان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە پاییزی ١٣٦٠محەممەد وەک پێشمەرگەیەکی نمونە ناردرایە ناوچەی فەرهادتاش لەگەڵ کادرەکانی ئەو ناوچەیە کاری تەشکیلاتی دەکرد بە داخەوە لە رۆژی ٢٥ / ١٠ / ١٣٦٠ لە کاتی مەئمورییەتی حیزبە لە گوندی

"کۆستە" لە نیزیک شاری بۆکان لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی سوارە مەعروفی کەوتنە کەمینی دوژمنەوە هەردووکیان بە برینداری گیران و رەوانەی سیا چاڵەکانی رێژیم کران. محەممەد لە زیندانیش دا هەر وەک خۆی خۆڕاگر مایەوە و لێوی لە ئاستی نەهێنی یەکانی حیزب نەکردەوە. هەر بۆیە رێژیمی ئاخوندی لە کۆتایی ساڵی ١٣٦١ ئێعدامی کردوو تا ئێستاش لە شوێنی کلگۆی هیچ هەواڵێک لە دەست دا نیە.

## شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی

ناسراوبە (ئەبوو کانی درێژی)



لە ساڵی ١٣٤٢ لە گوندی کانی درێژی ناوچەی گەورک لە بنەماڵەیەکی دەست کورت و هەژار لە دایک بوو کاتێک تەمەنی بە ٧ ساڵی گەیشت بە هۆی هەژاری ونەداری دەرگای قۆتابخانەی لێ بەستراو شوێن بەرخ و دەستی بە شوانی کرد تا تەمەنی ١٣ ساڵی ئەو کارەی درێژە دا. بۆ باشتر کردنی ژیانی بنەماڵە و تێپەر کردنی ژیانی نەمر نەژی رووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کردو نزیک بە ٥ ساڵ لە شیرکەتەکانی تاران، تەورێز و ئیسفەهان کاری کرد. دواتر گەڕاوە کوردستان دەستی بە رەنجبەری‌و کاری مالان کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران چووە کورەخانەکانی" شەبستەر"ماوەی ٩ مانگ لە وێ کاری کرد. لەو سەرو بەندە دا بوو کە غەمێکی گەورە دڵ ودەروونی هەژاند و باوکی خۆشەویستی لە دەست دا .

ئەبووبەکر لەو هەمووە کوێرەوەری یەی لە ژیانی دا تووشی ببوو زۆر باش هەستی بە زوڵم وزۆر کردبوو بۆیە بە دەست پێ کردنی تێکۆشانی سەر لە نوێ حیزبی دیموکرات، ئەبووبەکر لایەنگری لە حیزب دەکرد لە ساڵی ١٣٥٩ لە ریکخراوی ناوچەی گەورگ خۆی سازمان دا هەر کارێکی پێیان سپێربوایە بە دڵگەرمی یەوە بەڕێوەی دەبرد، لە ئاکامدا لە گوندەکەی خۆیان وەک سەر شانە دیاری کرا. ئەبووکانی درێژی هەرچەند وەزعی ژیانی ماڵەوە باش نەبوو بەڵام پێی وابوو ئەرکی گەورەتری لە سەر شانە هەر بۆیە بریاری دا بە فەرمی لە نێو تێکۆشەرانی دیموکرات مداوم لە خزمەت نەتەوەکەی دابێ بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی خاکەلێوە ١٣٦٠ لە هێزی پێشەوا لە لکی ٤ سازمان درا دوای دیتنی دەورەی فێرگە لە ناوچە تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد لە ماوەیەکی کەم دا توانی جیگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانی دا بکاتەوە لە چەندین شەڕ دژی داگیرکەرانی کوردستان بەشداری کرد بە هۆی هەڵسووڕی و ئازایەتی وەک جێگری پەل دیاری کرا لە مەئمورییەتەکانی جنوبی کوردستان بە رێک وپێکی بەشداری کرد.

لە ساڵی ١٣٦٤ لە سەر داوای خۆی نەقلی هێزی بەیانی وەرگرت و لەو هێزە دا بەو پەری سەداقەتەوە کاری خۆی دەکرد لە ساڵی ٦٥ وەک سەرپەل و ساڵی٦٦ بوو بە جێگری لک ئەو مەسئوولییەتانەی بە جوانی بەرێوە دەبرد ئەبوبەکر بە هۆی هەڵسووڕی و لە خۆبوردوویی ٢ جار بە

نوسراوە تەشویق کرا. لە چەندین شەڕی گەورەی ناوچەی بۆکان وەک بەردەهەلۆ، تۆپخانەی حوسین ئاباد، شیلاناوی، جادەی بۆکان ـ میاندواو بەشداری چالاکانەی کرد لە ساڵی ۱۳۶۶ لە جەریانی هەلەبجە بریندار بوو.

لە سالی ۱۳۶۷ ناردرایە دەورەی کادر هەر ئەو ساڵە بوو بە کادری کومیتەی بۆکان وکاری تداروکاتی کومیتەی تا کاتی شەهید بوونی بەڕێوە برد سەرئەنجام لە ڕۆژی ۲۵ /۴ / ۱۳۷۲ لە کاتێک دا لە گەڵ پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لە جادەی بانە ـ مەریوان دەپەرینەوە سەعاتی ۱۰ی شەو کەوتنە کەمینەوە بە داخەوە لە گەڵ هاوسەنگەرێکی بە ناوی محەممەد عەلیزادە شەهید بوون وگیانی پاکی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

## شەهید ڕەحمان ئاکوان



لە ساڵی ۱۳۴۲ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێش لە دایک بوو. وردە وردە بە شیریدایکی خوشەویستی لە ئامێزی پڕ محیبەتی بنەماڵە دا گەورە بوو. لە تەمەنی ۷ ساڵی دا نێردرایە قوتابخانەو تەنیا چەند کلاسێک نەبێ نەیتوانی زیاتر دەرس بخوێنێ بە ناچاری بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی ماڵەوە شان بە شانی ئەندامانی بنەماڵە، تەنانەت کاری قورستر لە رادەی توانای خۆی و یاریدە دەری باشی ماڵەوە بوو.

رەحمان بە هۆی ئەو ژیانە نابەرامبەرەو ناعادڵانەیە کە بە سەری دا سپابوو زوو هەستی بە چەوسانەوە کرد. بۆ رزگاری بوون لەو ژیانە تاڵە رێگای پڕ لە شانازی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژارد و لە ساڵی ۱۳۶۱ تێکۆشانی راستە وخۆی دەست پێ کرد. ئەوبە پێست و دەمارەوە هەستی بە زوڵم وزۆر کرد بوو بۆیە بڕیاری دابوو یا سەر دادەنێ یان تا سەرکەوتنی نەتەوەکەی خەبات بکا. لە پێناو ئاوات وئامانجی گەلەکەی دا هەموو نرخێکی بە هەرزان دەزانی. رەحمان پێشمەرگەیەکی بەنەزم ودسیپلین بوو لە شەڕ لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەکەی ترسی نەدەناسی لەکاتی شەڕەکاندا لە سەنگەری پێشەوە دا ئازایەتی و بوێری لە خۆی نیشان دەدا حماسەکانی باغی ئەحمەدی، جەموغە، قالوێ، ئیسکی بەغداو شاریکەند بەڵگەیەکی چووکە لە ئازایەتی رەحمانی تێکۆشەر بوون.

زۆر شانازیی بە خۆی دەکرد کە تەنیا پێشمەرگەی حیزبەو لە پێناو وەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەیدا خەبات دەکا. بە هۆی ئەوە کورێکی بە ئیمان وجێگای باوەری حیزبەکەی بوو بۆ مەئموورییەت رەوانەی کومیتە ناوچەی پیرمحەممەد کرا و لە گەڵ کادرەکانی ئەو ناوچەیە بۆکاری سیاسی وتەشکیلاتی سەردانی خەڵکیان دەکرد پاش ماوەیەک جەولە لە نێو خەڵک دا لە کاتی گەڕانەوە بۆ لای کومیتە شارستان لە رۆژی ۲۹ / ۱ / ۱۳۶۳ جاشە خائین و خۆفرۆشەکان لە سەر چۆمی" قزڵ گونبەد"کەمینیان بۆ نابوونەوە لە پڕ لە هەموو لایەک لە سەر چۆمی دەسرێژیان لێ کردن و رەحمان لە گەڵ 3 هاوسەنگەری قارەمانی دیکە زۆر ئازایانە شەڕیان کردوو تا دوا فیشەک لە بەرامبەر هێزی دژی گەلی وەستانەوە

هەرچوار تێکۆشەری دیموکرات ئامادە نەبوون تەسلیمی دوژمن بن بە سەربەرزی سەریان ناوەو خوێنی رەحمان ئاکوان تێکەڵ بە خوێنی محەممەد شاریکەندی ، حوسین رەحمانی و عوسمان بێکەس بوو بەم جۆرە ۴ رۆڵەی نیشتمانەکەمان سەری خۆیان کردە پردە بازی سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەیان.

## شەهید رۆستەمی مەحموودی



شەهید رۆستم مەحمودی ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێری ئاوایی"میرزا نیزامی" هەڵکەوتوو لە نێوان ساین قەڵا و میاندواو چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە. بە شیری دایکی دڵسۆزیو لە ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی بنەماڵەکەیدا بەرە بەرە هەڵیداو گەورە بوو. تەمەنی گەیشتە کاتی چوون بۆ خوێندنگە کاتی ئەوە هاتبوو کە دڵو دیدەی بە پیتەکانی ئەلفو بێ ئاشنا ببێ. بەڵام بەهۆی نەداریو نزمیی باری ئابووری بنەماڵەکەی ئەو هەلەی بۆ نەرەخساو لەشەوە رەشی نەخوێندەواریدا بەجێما.

شەهید رۆستەم هێشتا لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بوو کە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی، ناچار بوو شان بە شانی ئەندامانی بنەماڵەکەی شان بداتە بەر کاری قورستر لە رادەی توانای خۆیو، یاریدەردەرێکی باشی باوکی زەحمەتکێشی بێ، پاش ماوەیەک بە مەبەستی وەدەست هێنانی کارێکی باشتر بارگەو بنەیان تێک ناو لە شاری بۆکان گیرسانەوە. شەهید رۆستەم بەهۆی ئەو ژیانە نابەرابەرو داسەپێندراوە زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوەو بەشخوراویی گەلەکەی کرد. هەر بۆیە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە پێناوی وەدی هێنانی مافی گەلە ستەم لێکراوەکەی دا، رێگای پڕ لەسەروەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژاردو، بە لەبەر کردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە تێکۆشانی راستەوخۆی دەست پێکرد.

شەهید رۆستەمی مەحموودی پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترسو دوژمن تەزێن لە شەڕ لەگەڵ دوژمنانی ئازادی دا شەرمی لە گوللە نەدەکردو گاڵتەی بە مەرگ دەکرد. شەڕە بەناو بانگەکانی سەرا، سەقزو داشکستان کە بەشداریی چالاکانەی تێداکردنو حەماسەی خوڵقاندن، بۆ هەتا هەتایە شاهیدی بۆ بوێریو خۆراگریی رۆستەمی کوڕە زەحمەتکێش دەدەن.

شەهید رۆستەم ئیمانێکی پتەوی بە رێبازەکەی هەبوو. ئاواتی ئەوە بوو کە سەرکەوتنی حیزبەکەیو رزگار بوونی گەلەکەی بەچاوی خۆی ببینێ، بەڵام سەد مخابن بە ناکامی سەری نایەوەو بە ئاوات نەگەیشت. رۆژی 5ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، لەشەرێکی نابەرابەر لەگەڵ پەلامارەدرانی کوردستان دا لە ئاوایی" بیبیکەند"ی ناوچەی فەرهاد تاشی بۆکان، سنگی پڕ لە ئاواتی لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی محەمەدی خزری کەوتە بەر گوللەی چەکی ئازادی خنکێنانو هەموو ئاواتە وەدی نەهاتووەکانی لەگەڵ خۆی دا وە بن گڵ کەوتن. شەهید رۆستەم ژنێکو ٨ منداڵی لە دوای خۆی بەجێهێشتن. یادی بەخێرو رێگای تا گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەوام بێ.

# شەهید سالْح رەحیمی



شەهید سالْحی رەحیمی سالْی ١٣١١ی هەتاوی لە بنەمالْەیەکی هەژارو نەداری ئاوایی" قەلْەندەر"ی ناوچەی فەرهادتاشی بۆکان لە دایک بوو. دەورانی ساوایی لەو پەڕی تەنگو چەلْەمەی ژیانی بنەمالْەکەی دا تێپەڕ کرد. بەهۆی نزمیی باری ئابووری بنەمالْەکەی دەرگای قوتابخانەی بەروودا نەکرایەوە. بە کرێکاریو ئارەقە رشتنی ژیانیان تێپەڕ کردو چاو لە دەستی ئەمو ئەو نەبوون. پاش ماوەیەک ئاوایی قەلەندەریان بەجێهێشتو لە شاری بۆکان گیرسانەوە. بەلاّم بۆخۆیان پیادەو رۆژیان سوارە هەر نەیدەگەشتنێ.

شەهید سالْح بە دلْ لەو ژیانە بێزار بوو، بواری دەرباز بوونی بەدی نەدەکرد. هەر بۆیە پاش سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران لە سالْی ١٣٥٧ی هەتاوی بە سەر ڕێژیمی پاشایەتی داو، تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان هەلی رەخساندو، بەهاری سالْی ١٣٥٨ی هەتاوی لەریزی تێکۆشەرانی دێموکرات دا تێکۆشانی دەست پێکرد.

شەهید سالْح کە بە ئێسکو پێستو خوێنو دەمارەوە چەوسانەوەی گەلەکەی هەست پێکردبوو، بەدلْ عاشقو ئەوینداری ژیانی پێشمەرگایەتی بوو. لە پێناوی گەیشتن بە ئاواتو ئامانجی نەتەوە ستەم لێ کراوەکەی دا هەموو نرخێکی بە هەرزان دەزانی پێشمەرگەیەکی بەنزمو دسیپلینو ئازاو حەماسە خولْقێن بوو. لە شەڕ لەگەلْ کورد کوژان دا ترسی نەدەناسیو، زۆربەی کات لە سەنگەری پێشەوەدا شەڕی دەستەو یەخەو سەنگەر بە سەنگەری لەگەلْ پەلاماردەرانی کوردستان دەکرد.

لە شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنەدا ئەوپەڕی قارەمانەتیی لەخۆی نیشان داو، داستانی بوێریو خۆراگری بۆ مێژووی حیزبەکەمان تۆمار کرد. لە شەڕە بەناوبانگەکەی سەقزو ماینبلاّغدا بەشداریی چالاکانەی کردو، دەرسی خۆڕاگریو بوێری فێری هاوسەنگەرانی کرد.

شەهید سالْحی رەحیمی شانازی بەخۆیەوە دەکرد کە پێشمەرگەی گەلەکەیەتیو، لە پێناوی وەدی هێنانی ئاواتو ئامانجە بەرزەکانیدا خەبات دەکا. بەلاّم سەدمخابن ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی زۆر کورت بووو، مەرگی بێوادە لێی ستاندین و رۆژی ٢٩ی مانگی جۆزەردانی سالْی ١٣٥٩ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە ئاوایی داشکستان سنگی پڕ لە ئاواتی بوو بە قەلْغانی گوللەی دوژمنانی ئازادیو تێکەلْ بە کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدان بوو. یادی پڕ لە سەروەریی بەرێزو رێگای پڕ لەشانازیی بەردەوام بێ.

# شەهید عوسمان دەروێشی



شەهید عوسمان لە ساڵی ۱۳۴۶ی هەتاوی لە گوندی " کانی قەڵا" لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. ژیانی عوسمان وەک زۆربەی منداڵانی ئەو کات لە بێبەشی‌دا تێپەڕیو چەوساوەیی دەستی جیاوازیی دانانو هەڵاواردنی نەتەوەیی سەردەمی پاشایەتی نەیتوانی دەرگای قوتابخانە بکاتەوەو پلەکانی خوێندن ببڕێ بۆ ئەوەی لە ڕێگای زانستەوە خزمەت بە نەتەوەکەی بکا. بۆیە لەشی هەروا شلکو ناسک بوو کە دەستی دایە کار بۆ باشتر کردنی بژێوی ماڵەوە. سەرهەڵدانی عوسمان هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی پرشکۆی نەتەوەکانی ئێران.

دوای رووخانی پاشایەتییو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، عوسمان بەهۆی کادرەکانی ناوچەوە بە تایبەتی شەهید شەماڵو عەوڵا دووژنە لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی.


کاتێک ڕێژیمی ئیسلامی پەلاماری کوردستانی داو شارۆ ناوچەکانی کوردستان داگیرکرد، سیاسەتی بەزۆر چەکدار کردنی لە سەرەتاکانی "دەیەی شەست" ناوچەی ئاڵەشینی گرتەوە.

چەکی زۆرەملی لە ساڵی ۱۳۶۰ بەسەر عوسمانی لاودا سەپا. هەرچەند عوسمان بە باشی لەو سیاسەتە ژەنگاوی یەی ڕێژیم تێگەیشتبوو کە داسەپاندنی چەکی زۆرەملی تەنیا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بوو. هەربۆیە زوو بڕیاری خۆی‌داو پێوەندی لەگەڵ کومیتە ناوچەی ئاڵەشین گرت و لە بەهاری ۱۳۶۳ دا هاتە ریزی تێکۆشەرانی دێموکراتو لە هێزی بەیان سازمان درا.

عوسمانی لاو بە دنیایەک ئاواتو ئارەزووە چەکی دیفاع لە نەتەوەکەی لە شان کرد. هیوای زۆر بەخۆی بوو هەموو دڵو دەروونی خۆشەویستی نەتەوەکەی لێدە باری.

هێشتا سێ مانگ لە پێشمەرگایەتی یەکەی تێنە پەڕیبوو، بۆ عەمەلیاتێکی هاوبەشی هێزەکانی بەیانو پێشەوا روویان کردە دەشتی شاروێران بۆئەوەی بتوانن زەبرێکی گاریکەر لە هێزی دژی گەلی لەو ناوچەیە بدەن. بۆ ئەم مەبەستە رۆژی ۱۲ /۴ / ۱۳۶۳ لە گوندەکانی داشخانە، گردی یەعقوب، کۆنەدێو خوڕخوڕە جێگیر بوون لە سەعاتی ۸ی بەیانی ڕێژیم هەست بە بوونی پێشمەرگە لەو ناوچەیە دەکا، هەر بۆیە هێزێکی زۆری ڕێژیم روو دەکەنە دەشتی شاروێران. شەڕ لە سەعاتی ۱۰ی بەیانی دەست پێدەکا. پاش ۱۱ سەعات بەربەرەکانی رۆڵەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دژی گەلی یەکانی کۆماری ئیسلامی پاشەکشە بە ڕێژیم کراو ۷۰ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران. بەداخەوە لەو شەڕەدا عوسمان دەروێشی لەگەڵ 24 هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی محەممەدئەمین بارام میرزا، تاهیر خزری، حوسین قادری، جەعفەر کوێخائیسماعیلی، خالید ئەحمەدپور، شیخ ساڵە، عەلی نووری، خدر عەباسی، کەماڵ ئاقاوەلی، کەریم ئیبراهیمی، ئەمیررەزایی، عەوڵا شەریفی، مستەفا محەممەدی، حوسین وەحدەت، محەممەدساڵح فەرجی، سولێمان گوڵێنگ، جەعفەر ئیبراهیمی، یوسف شەریفی، برایم سالک، سەلاح شازادە، سەیدسمایل ئەندام، عەلی سەرمایەو موحسین گادانی شەهید بوون. گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیان و بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە حیزب کرد.

# شەهید ساڵح ئاقابەیگ پوور



لە ساڵی ١٣٣٨ لە ئاوایی ڕەحیم خانی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بوو. ساڵە بەهۆی هەژاری لهشەوە زەنگی نەخوێندەواری دا مایەوەو نەیتوانیبچێتە قوتابخانە. بەم جۆرەش هەر لە تەمەنی مێرمنداڵی دەری خست کە شیاوی ڕێز لێنانەو بەگشتیی خەڵک خۆشیان دەویست. کوڕێکی هێدیو لەسەرەخۆو ڕەوشت پاک بوو. ساڵە هەر لە تەمەنی لاوی دا ڕووی لە کاری کرێکاری کرد. بە ئارەقە ڕشتن ژیانی تێپەڕ دەکرد تا چاو لە دەستی بێگانە نەبێ. بەهۆی ئەوەوە زۆر هاتوچۆی شارە ئازەری یەکانی دەکرد بەتەواوی هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی دەکرد. هەربۆیە زۆر ئازایانە لە خۆپیێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧دژی ڕێژیمی پاشایەتیی بەشداری کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، دامەزراندنی ڕێکخراوەی حیزبی لەو ناوچەی بۆکان لە گەڵ بەرنامەو پرۆگرامی حیزب ئاشنا بوو. بەڵام بە هۆی نزمی باری ئابووری بنەماڵەکەی نەیتوانی ڕاستەوخۆ بەشداری لە تێکۆشانی سیاسی بکا. سیاسەتی بەزۆر چەکدار کردنی گوندەکانی ناوچەی بۆکان لە ساڵی ١٣٦٢ گوندی ڕەحیم خانیش لەو پیلانە بێبەش نەبووو پۆلێک لە لاوانی ئەو گوندە بەزۆر چەکدار کران کە یەک لەوان ساڵەی هەژارو فەقیر بوو کە چەکی زۆرە ملی بەسەردا سەپا. زۆر باش دەیزانی کە ڕێژیم بۆ چەکی بەسەردا سەپاندوە هەر بۆیە پاش ماوەیەک لە سەرەتای هاوینی ١٣٦٣ لەگەڵ کۆمەڵێک لە لاوانی ئەو گوندە بە چەکەوە خۆیان بە هێزی پێشمەرگە ناساندو هاتنە ناو ریزی خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتەوەو لە هێزی بەیان دا سازمان دران.

ساڵە لە ماوەیەکی کورتدا جێگای خۆی لەنێو هێزی پێشمەرگەدا کردەوەو بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی. بەشداری بوونی لەچەند شەڕی ناوچەی بۆکان ساڵەی زیاتر خۆشەویست کرد. بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کەم بوو دڵ ڕەشانی خائیین نەیانهێشت لەوە زیاتر درێژە بە ژیانی سەربەرزانەی بداو لەرۆژی ٤ / ٥ / ١٣٦٣ لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە گوندی"کۆکە" لە ناوچەی پیرمحەممەد کەوتنە کەمینەوەو سینگی بە گوللەی خائینانی گەلو نیشتمان ئاژن ئاژن کراو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزبو نەتەوەکەی کردو تاجی سەروەری لە سەر نا.

# شەهید عەبدوڵلا ئەفشین

**(ناسراو بە سەروان ئەفشین)**



لە ساڵی ١٣٢٠ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە شاری بۆکان لە دایک بوو بۆ ئەو بواری خوێندن لەو سەردەمەدا لواو پلەکانی خوێندن یەک لە دوای یەک بڕی وتوانی دیپلۆم وەرگرێ سەروان ئەفشین لە نێو قوتابخانە دا خۆشەویستی مامۆستاکان وهاو پۆلەکانی بوو زۆر رێک وپێک و دەرس خوێن بوو.

لە ساڵی ١٣٤٠ بردیانە سەربازی و پلەکانی سەربازی تا روتبەی سەروانی بڕی و هەر بۆیە دواتر لە ناو حیزب دا بە سەروان ئەفشین ناسرا. لە ماوەی خزمەتی ئیجباری بەتەواوی هەستی بە جیاوازی نەتەوایەتی لەنێو پادگانەکان دا کرد بوو. هەر بۆیەش دوای رووخانی حکومەتی پادشاهی و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، لە پادکانی مەهابادەوە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتەوە گرت و لەو کەسە نیشتمان پەروەرانە بوو کە پادگانی مەهابادیان تەحویلی حیزبی دیموکراتداو وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر وازی لە هەموو پلەیەکی سەربازی هێناو بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە بۆ دیفاع لە نەتەوەکەی لە ریزی تێکۆشەرانی دیموکراتەوە جێگای خۆی کردەوە. بە هۆی گەڵالە دارێژی و مودیرییەتی باش بە فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کرا. ئەو رۆڵە شۆرشگێرە لە ئەزموونەکانی کەلکی وەرگرت و بۆ بەر بەرە کانی لەگەڵ داگیر کەران وهێزی کۆنە پەرەستی رۆڵی بەرچاوی هەبوو. جیگا پەنجەی لە شەڕەکانی سەرا، سەقز، سنە، بی بیکەندو داشکستان لە دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگە دا ماوەتەوە، سەروان ئەفشین وەک فەرماندەرێکی لە خۆبردوو خۆشناو لە ناوچەدا ناسرا بوو هەموو کەس خۆشیان دەویست وریزیان دەگرت. ناوبراو تەنیا فەرماندەیەکی قارەمان نەبوو بەڵکوو وەک کادرێکی باشی حیزب لە نێو کادرو پێشمەرگە و خەڵک دا ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد.

بەهار بوو تازە چیاکانی کوردستان رەشانگیان تێ کەوتبوو رنوو بەفرەکان بە سروەی شەماڵ دەتوانەوە بەهارێکی سەوز و رازاوە دیمەنی کوردستانی رازاند بۆوە. هەر چەند پێشتر چەند جار هێزەکانی کۆماری ئسلامی لەم شوێنە ئاژاوەیان نایەوە ولە گەڵ شکست رووبەروو بۆوە. بەڵام ئەم رۆژە پیلانەکەیان سەری گرت و رۆڵەیەکی ئەو نەتەوە زوڵم لێکراوەیان شەهید کرد.

رۆژی سێزدەبەدری ١٣٥٩ باران نمنم دەباری هەموو کەس غەم وماتەم دایگرتبوو لە بەر ئەوەی سەیرانیان تێک چوو بوو چونکی نەیان توانی لە گەڵ کەس وکاریان بچنە سەیرانگە وسێزدە لە خۆیان دەر بکەن. راست ئەو رۆژە سەروان ئەفشین لە گەڵ ٢ هاوسەنگەری دیکەی بە ماشێن لە شاری بۆکان ڕا دەچنە پۆمپی بەنزینی مياندواو، بەڵام لە سێ ڕای میاندواو لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کەمینیان بۆ دانابوونەوە لەپڕ دایانە بەر دەسرێژو فەرماندەری ئازای نەتەوەکەمان لە گەڵ ٢ هاورێ قارەمانەکەی بە ناوەکانی عەوڵای فەیزی و عومەر رەمەزانپور زۆر ئازایانە

دەستیان کردەوە وتا دوا کاتەکانی ژیانیان دیفاعیان لە نەتەوەکەیان کرد وخاکی نیشتمانیان بە خوێنی خۆیان رەنگین کرد. شەهید بوونی سەروان ئەفشین لەم رۆژە دا زیاتر دڵ ودەروونی خەڵکی هەژاند وزیاتر خەڵکی غەمبار کرد لێزمەی باران سات لە گەڵ سات تونتر دەبووکە خوێنی سەروان ئەفشین وهاوڕێیانی کردە کاناڵی چرای رووناکی دەری خەبات وتێکۆشان.

# شەهید حوسێن چکۆل



لە گوندی رەحیم خانی ناوچەی ئاڵەشینی سەر بە ناوچەی بۆکان، بە پاڵ کێوە مێژووییەکانی "ئاڵەشینەوە" لە یەکێک لە رۆژەکانی ساڵی ١٣٤٥ی کۆچی هەتاوی، شێرە کوڕێک لە داوێنی بنەماڵەیەکی کورد پەرستو ئازادیخواز هاتە سەر دنیای روون تا لە دوا رۆژدا قارەمانێتییەکەی بێتە مایەی شانازیو سەربڵندی تاکەکانی نەتەوەکەی.

شەهید حوسێن لە بنەماڵەیەکی هەژارو دەست کورت دا بەو پەڕی هەست کە ئازارو ئێشی داسەپاو بە سەر گەلو خاکەکەیدا پێگەیشت. بەهۆی ئاستەنگو چەرمە سەری ژیانی پڕ لەچارە رەشی تەنیا توانی تاپۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە جەرگەی فێر بوون خۆ پێگەیاندنی زانستی دا خەبات بکا، بەلام ئەو ماوە کوردتەش بەس بوو بۆ ئەوەی ناو براو بتوانێ بە باشی بارودۆخی گەلو نەتەوەکەی لێکداتەوەو سەرچاوەی نەهامەتیو نەگبەتی ژیان بدۆزێتەوە. بۆیە بۆ ئەوەی هاواری نا یەکسانی ونا بەرابەری بگەیەنێتە گەلانو کەسانی ئازادیخواز تا مافەکانی نەتەوەکەی دەستەبەر بکا ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٠ دا گرتە بەرو بەرگی پڕ لە شانازیی ئەو حیزبەی پۆشیو پێی نایە گۆڕەپانی خەباتو تێکۆشانی نەپسانەوەی لە متیرانیەی گەلەکەیو بەڵێنیدا تا دوا هەناسە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەی لە بزوون نەکەوێ وێنەی تاکێکی شۆڕشگێڕ، مرۆڤێکی دێموکرات، ئینسانێکی بە تەواو مانا، کەسێکی جێی باوەڕو متمانە کە بەو پەڕی هەست بە لێپرسراوی کردنەوە لە هەموو ئیشو کارەکانی حیزبیدا کورتی نەدەهێناو هیچ تەنگو چەڵەمەیەک نەیدەتوانی بەری راپەراندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی پێ بگرێ. شەهید حوسێن وێنەی قارەمانێکی هەڵکەوتووو خەباتکارێکی راستەقینە بوو کە ببووە جێی ئیلهام وەرگرتنی هەموو هاوڕێیانی.

ناوبراو لە زۆربەی شەڕو پێکدا دانەکانی ناوچەو شاری بۆکاندا بەشدار بووو ئازایەتیی نواندو بەتایبەت لە شەڕی سەراوو نێو شاری بۆکاند ئازایەتی زۆری لە خۆی نیشاندا..

بەداخەوە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵە ئەویشی وەک زۆرێک لە قارەمانانی دیکە لە رۆژی ١٠ / ٩ / ١٣٦٠ لە گوندی" سەردەرئاباد" دڵی ئەو رۆڵەیەش لە لێدان کەوتو خوێنی رژاو جەستەی ساردی کەوتە باوەشی خاکی پیرۆزی کوردستانەوە.

# شەهید لەتیف رەشیدی



شەهید لەتیف رەشیدی ساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی لە شاری بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێنا. لەتیف تاکوو پۆلی پێنجی سەرەتایی درێژەی بە خوێندن داو بەهۆی نەزمیی باری ئابووری نەیتوانی درێژە بە خوێندن بداورووی لە کاری کرێکاری کرد تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو ژیانە پڕ لە ژانەی هەر درێژەدا. پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر خەڵکی کوردستان لەتیفی لاویش یەکێک لەو لاوانە بوو کە لە تەمەنی نۆزدە ساڵی دا هاتە نێو ریزی خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتەوەو چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان.

شەهید لەتیف لەزۆر شوێن قارمانێتی خۆی سەلماندوەو بەتایبەت شەڕەکانی جادەی نێوان مياندواو بۆکان شوێنی حەماسەی ئازایەتی ناوبراون. لەتیف هەروەها لە شەڕو دەرگیرییەکانی نێو شاری بۆکان لە خۆبردوویی‌و قارەمانێتی خۆی سەلماندو بەم هۆیە لەلای هاوڕێیانی هەمووکات وەک پێشمەرگەیەکی ئازا چاوی لێ دەکرد لەتیف لە ئەنجام دانی مەئمووریيەتی یە حیزبی یەکانی هیچکات کەمتەرخەمی نەدەکردو هەر لەو چوارچێوەیەدا کاتێک کە لەگەڵ هێزێکی زۆری دوژمن ڕووبەڕوو دەبنەوە، بەو پەڕی فیداکاری یەوە تاکوو بە چۆک داهێنانی دوژمن درێژە بە شەڕ دەداو لە ئاکامدا گیانی پاکی پێشکەش بە وڵات دەکا. رۆژی ۹ /۴ / ۱۳۶۲ پاش ۱۲ کاتژمێر شەڕو بەربەرەکانی‌و لە ناوبردنی پتر لە ۷۰ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم، خۆی‌و ۷کەسی تر لە هاوڕێیانی شەهید دەبی‌و بەم جۆرە دیسان ئەو راستییە دووپات دەکەنەوە، کە لاوی کورد هەرگیز لە بەرامبەر داگیرکەران دا سەر دانانەوێنی و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی شەهیدان هەمزە حجازی، سمایل عەبدی، مەنسوور سوارە، بەهمەن سامبەگی، ئەسعەدسەید ئەحمەدی ، رەسوڵ خورسەندی ومحەممەد عەبدی  دەبێ.

## شەهید عوسمان شەریفی



ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی جامەردی سەر بە شاری بۆکان لە دایک بوو. عوسمان تاکوو پۆلی پێنجی سەرەتایی درێژەی بە خوێندن دا بەڵامبەهۆی کەم داهاتی بنەماڵەکەی دەستی لە خوێندن هەڵگرتو دەستی دایە کرێکاری. سەر هەڵدانی عوسمان هاوکات بوو لە گەڵ پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆیە نەیتوانی چاو لێ کەر بێ و بە گیان وبە دڵ رووی کردە تێکۆشەرانی خوراگرو قۆڵی بۆ خەبات دژی داگیر کەران هەڵمالی.

عوسمان لە ساڵی ١٣٦١ بوو بە پێشمەرگەو لە ریزی خەباتگێرانی حیزبی دێموکرات بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی کەوتە چالاکییو تێکۆشانەوە، داستانی ئازایەتییو قارەمانێتی شەهید عوسمان هێچکات لە زەینی هاورێیانی ون نابێت. شەقامەکانی شاری بۆکانو هەروەها داروبەردی گوندەکانی بوغدەکەندی، جەمووغە شایەتی ئازایەتیو لەخۆبردوویی شەهید عوسمانن.

عوسمان لە بەجێ گەیاندنی ئەرکە حیزبی یەکان لە هیچ چەشنە هەوڵێک دەریغی نەدەکردو بەردەوام لەلایەن هاورێیانییەوە وەک نموونەی کەسایەتێکی شۆرشگێر دەژمێردرا، بەداخەوە لە رێکەوتی ٢٧ / ٢ / ١٣٦٢ لە هێرش بۆ سەر پایگای "قاقلاوە" شەهید بووو گیانی پاکی پێشکەش بە گەلو نیشتمان کرد. شەهید عوسمان بەڵێنیی خۆی بە خاکی داگیر کراوی کوردستان بردە سەرو بەم شێوەیە بۆ هەتا هەتایە یادو بیرەوەری خۆی لە نێو دڵی هاورێیانی زیندوو بەجێهێشت.

## شەهید حەسەن رەحمانی



حەسەن رەحمانی ساڵی ١٣٤٥ لەگوندی رەحیمخانی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە باوەشی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشو دەست کورتو نیشتمانپەروەر

لەدایک بوو. پاش تێپەڕ کردنی ٧ساڵ تەمەنی سەرەڕای دەستکورتی بابی وەبەر خوێندنی نا تاکوو دوا رۆژێکی گەشو بەرهەمی بۆ خۆیو بنەماڵەو بەتایبەت گەلەکەی هەبێ. حوسێن ئازاو زیرەکو خۆشەویستی قوتابیو مامۆستاکان بوو.

بە هەر کوێرەوەریو چەرمەسەری یەک بوو توانی تا پۆلی یەکی ناوەندی قۆناغەکانی خۆ پێگەیاندن لە قوتابخانە ببرێ. بەڵام تەنگو چەڵەمەی ژیان لە خوێندنو فێر بوونی دابڕیو پاشان رووی لە کرێکاری کردو بەمجۆرە بتوانێ ژیانی خۆیو بنەماڵەکەی دابین بکاو ببێتە کۆڵەکەیەکی قایم بۆ دانەمانی ئەندامانی بنەماڵەکەی تا هێندێ کەموکوڕی ژیان دابەزێنێ. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو رووداوانەی ساڵەکانی ٥٨ بەدواوەو بوغزو کینەی دەوڵەتی ناوەندیو سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی کە کاردانەوەی لە لایەن هەر تاکو کوردێکی بەشەرەفەوە پێک هێنابوو، شەهید حەسەن وەک رۆڵەیەکی بەجەرگو بلیمەت لە جەنگەی شەڕەکانی ساڵی ١٣٦٠ کە بەوپەڕی خۆیان گەیشتبوون جرجاڵی کۆماری ئیسلامی شالاویان بۆ نیشتمانو نەتەوەی کورد هێنا بوو، خەباتی دەست پێکردو بە پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی هاتە نێو ریزی رۆڵە گیان لەسەر دەستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەو بڕیاری یەکجاری بۆ گەلو نیشتمانەکەی دا کە تا دوایین هەناسە رێگەکەی قازیو شەهیدانی سەربەرزی رزگاری خاکە پیرۆزەکەی بەرنەدا.

حەسەن پێشمەرگەیەکی ئازا، بوێر، هەڵسووڕ بوو. بە جەرگ بوو لەهیچ چالاکیو ئەرکێکی حیزبایەتی دا کەمتەر خەمی نەبوو، لە راپەڕاندنی ئیشو کاری خەبات هیچ لە کەندو کۆسپێکی بەرچاو نەدەهات. لە شەڕو دەرگیرییەکاندا ئەو پەڕی قارەمانێتی دەنواندو سینگی قەڵخانی بەرگری کەری مافو داخوازییەکانی نەتەوەکەی بوو.

لەئاکامدا پاش خەباتو تێکۆشانێکی چەندین ساڵە لەریزی پێشمەرگانی گەلدا، رێکەوتی ١٣٦٣/١/٢٩ لە گوندی "قزڵ گونبەد" لەگەڵ ٣ هاوڕێی خۆشەویستو نەبەزی دیکەی کەوتنە کەمینی رەشی کۆنەپەرستان وداگیرکەران، پاش خۆراگریو وەدەست هاتنێکی زۆر پاڵەوانانە رۆحی پاکی بەرەو ترۆپکی نەمان هەڵفریو لەشی بێگیانو ساردی لەسەر خاکی بابو باپیرانی بەجێماو رێگەی درێژی ونەپساوەی وەدەست هێنانی مافی گەلەکەی بە رێبوارانی خۆی ئەسپارد.

# شەهید محەممەد حوسێنی قازی



سالّی ۱۳۴۴ی هەتاوی لە گوندی "سەراو"ی ناوچەی ئالّەشینی بۆکان، لەداوێنی بنەمالّەیەکی نیشتمانپەروەو نەتەوە خۆشەویستی وەرزێڕو زەحمەتکێشدا چاوی بە دنیایەک هەلّێنا کە پڕ لەنایەکسانی ناعەدالّەتیو چەوسانەوەو بێ بەشی نەسیبی گەلو نەتەوەکەی کردبوو.

شەهید محەممەدحوسێن هەروەک مندالآنی دیکەی نەتەوەکەی لە سەرەتای ژیانیەوە شان بە شانی ئەندامانی بنەمالّەکەی خەریک بەکارو تێکۆشان بوو بۆ وەدەست هێنانی بژێوی ژیان، بە هۆی ئەو نایەکسانیو ناداد وەرییەی کە بە درێژایی مێژوو بە سەر تاکی کورد داسەپاوە تاکی کورد هەر لە بیری کردەوە بەخوێنو ئێسکەوە هەست بەو بێ مافییە دەکاو هەولّ دەدا تا مافەکانی دەستەبەر بکا، هەر بۆیەش بە درێژایی چەندین سەدە لەهیچ بستێکی ئەو کوردستانە مەزنە نەبووە ئاوری شۆڕشو مافخوازی ئەو گەلە زولّم لێ کراوە بکوژێتەوە. شەهید محەممەدحوسێن پاش تێپەڕ کردنی تەمەنی لاوێتی وەبەر خوێندن نراو، بە سەرکەوتووییو زیرەکییەکی لە رادە بەدەر توانی تا پۆلی ۲ی ناوەندی قۆناخەکانی پێگەیشتنی ئاکادیمی لە قوتابخانە بێ ئیمکاناتەی، گوندەکەیان ببڕێ. بەلآم ئەویش وەک زۆربەی هەرە زۆری هاوتەمەنو لاوانی گەلەکەی لە بەر ئاستەنگو هەلّنەسووڕانی ژیان خوێندنی بەجێ هێشتو رووی لە کارو کاسبی کرد.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ۱۳۵۷ی هەتاوی دژی شای دیکتاتۆرو سەرەڕۆی پەهلەویو دەرکەوتنی روخساری راستەقینەی، رێژیمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی پۆشیو هاتە ریزی خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.ناوبراو مرۆڤێکی روح سووک، ئازا، بوێرو بەجەرگ بوو، بەجۆرێک توانی بەزوویی جێگەی خۆی لە نێو دلّی هاوڕێیانی خەباتگێڕیدا بکاتەوەو ببێ بە خۆشەویستی هەموو لایەک. شەهید محەممەدحوسێن هەر مەئموورییەتێکی حیزبی پێیان ئەسپارد بەو پەڕی لە خۆبردووییو ئەمەگناسی یەوە بەڕێوەی دەبردو لە کاری حیزبیدا لە هیچ کەندو کۆسپێک سلّی نەدەکردەوەو لەزۆربەی ئەو شەڕو چالاکییانەی کە تێیاندا بەشدار بوو ئەو پەڕی قارەمانێتیو ئازایەتیی نواند. شەڕەکانی ئاغیابادو ماین بلآغ، ناوی شەهید محەممەدحوسێنیان زۆرتر بەرزترو خۆشەویستتر کرد، چونکە لەو شەڕانەدا لە بەرەنگار بوونەوە لەگەلّ خوێنمژانو هێزە مرۆڤ نەناسەکانی کۆماری ئیلامی دلێرییەکی بێوینەی نواندۆ بەگژ داگیرکەرانی نیشتمانەکەی داچۆوە.

لە ئاکام دا شەهید محەممەدحوسێن قازی لە بەرەنگارییەکی بێ وێنە دا، دژی کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی لە زێدەکەی خۆی واتا گوندی سەراو بە خوێنی سوورو گەشی خۆی داری ئازادی پاراو کردو لە رێکەوتی ۹ / ۷ / ۱۳۶۰ گیانی پاکی بەختی مافو خاکو نیشتمانەکەی کردو رۆحی هەرمانی بەرەو تیشکی ئاسمان فڕی.

# شەهید محەممەد عەبدی



ساڵی ١٣٤٠ لەشاری قوروە باشوری رۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایک بوو بەرە بەرەکە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کراو وێڕای منداڵانی گەرەک کتێبی لەبن باڵی دەنا دەرسی دەخوێندمحەممەد لە وانەکانی دا زۆر زیرەک بوو هەموو پۆلەکانی یەک لە دوای یەک بڕی و سەرئەنجام توانی لە ساڵی ١٣٥٨ دیپلۆم وەرگرێ. دواتر وەک مامۆستایەک لە شاری قوروە دەرسی دەگوتەوە.
محەممەد دوای لەشکرکێشی رێژیمی ئاخوندی بۆ سەر خەڵکی کوردستان زۆر زوو هەستی کرد کە نەتەوەکەی لە مەترسی دایە بۆیەش لە زۆر جێگا وبە تایبەتی لە قوتابخانەکان بە شێوەی نەهێنی دژی کۆماری ئیسلامی و پیلانەکانی ئەو رێژیمەی لە قاو دەدا. بەڵام ئەو بە وەندە رازی نەبوو وازی لە هەموو شتێک هێناو بڕیاری داخزمەت بە نەتەوەکەی بکا وتا رزگاری یەکجاری خەبات درێژە پێ بدا. بۆ ئەم مەبەستە لە بەهاری ١٣٦٠رووی کردە شاری بۆکان کە ئەو کات لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە دا بوو خۆی بە کومیتەی بۆکان ناساندو وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس تێکۆشانی راستەو خۆی دەست پێ کرد.
محەممەد زوو نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی بە باوەرە و لە خۆبردوویە، لە شەڕەکانی جادەی بۆکان ـ میاندواو بۆ دیفاع لە شاری بۆکان، باغی ئەحمەدی، سەرای ئەحمەدئاغا، سەقز، ئاڵتوون و پایەگای کوچک لاپەرەیەکی زێڕینن کە محەممەد لە تۆمارکردنی دا بەشداری چالاکانەی تێدا کردووە. ئەو تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نەبوو ئینسانێکی سیاسی بوو بە هۆی ئاگاهی سیاسی وتێگەیشتویی لە نێو هێزی پێشمەرگە دا ناردرایە دەورەی سیاسی دواتر وەک کادر ئەرکە خۆی لە نێو پێشمەرگە دا بەرێوە دەبرد. محەممەد لە نێو هاوسەنگەرانی روو خۆش و بە ئەخلاق بوو هەموو خۆشیان دەویست بە زاراوەی شیرینی کۆری هاورێیانی دەرازاندەوە، ئیمانی قووڵی بە رێبازی حیزبی دیموکرات بوو .
لە سەرەتای مانگی پوشپەری ١٣٦٢ کادرو پێشمەرگەکانی هێزی بەیان بۆ کاری حیزبی روویان کردە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان پاش گەڕانێکی چەند رۆژە لەو ناوچەیە دا رۆژی ٩ / ٤ / ١٣٦٢ لە گوندی ئەربەنووس دەمێننەوە و سەعاتی ٨/٥ بەیانی ئەو رۆژە لە پڕ هەواڵی هاتنی هێزی دوژمن بۆ گوندی ئەربەنووس بە گوێی پێشمەرگە دەگا ئەوانیش هەموویان خۆیان سازان داو بڕیار دەدەن کە زەبرێکی کاریگەر لە هێزی دوژمن بدەن. لە سەعاتی ٩ی بەیانی شەڕ دەست پێ دەکا هێزی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم هەڵمەتی پێشمەرگە دا لە گەڵ شکست رووبەروو بووە و زیاتر لە ٧٠ کەسی لێ کوژراو ٤ ماشێن و بە دەیان چەک بە دەسکەوت گیرا هێزی رێژیم بە وەندە رازی نەبوو تا ئێواری ٤ جاری دیکە هێرشی کردەوە کە هەموو جارێ بە ژمارەیەکی بەر چاو کوژراو بریندار پاشەکشەی دەکرد هاوکات لە گەڵ ئەوە ٣ هێلی کۆپتێر لە گەڵ فرۆکەیەکی ٤F هێزی پێشمەرگەی تا تاریکان ئاورباران کرد لەو شەرە دا کە زیاتر لە ١٢٠ کەس لە هێزی رێژیم کوژراو بریندار بوو بە داخەوە محەممەد عەبدی لە گەڵ ٧ قارەمانی دیکە بە ناوەکانی هەمزە حجازی، سمایل عەبدی، مەنسوور سوارە، بەهمەن سامبەگی، ئەسعەد سەیدئەحمەدی، رەسوڵ خورسەندی ولەتیف رەشیدی شەهید بوون و گیانیان پێشکەش بە رزگاری نەتەوەکەیان و خوێنی سووریان رژایە سەر خاکی نیشتمان.

# شەهید حەسەن شیرازی



ئەوچاوە کە سەرکەوتن لە تیرێژی دەبارێ
خەم ئەمرۆ چەمەرچۆپی دەکێشێ لە هەوارێ
پڕ خوێنە هەناوو دڵی قەندیل ودەچۆڕێ
فرمێسکی خوڕی کانی لە لاپاڵ وبنارێ
ئەستێرە بە دەم مەرگی بزەی مانگەوە دەگری
روون دیارە لە روخساری هەتاو رەنگی هەژاری.

زۆر جاران لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەر چاو دەکەوێ کە کۆمەڵێک مرۆڤی ئازادیخوازی غەیرە کورد، لە پێناو ئەو بیرو باوەڕانەی کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد خەباتی بۆ دەکەن. هاوشانو وێڕای شۆڕشگێڕانی کورد دەچنە سەنگەری خەبات بۆ ئازادیو بایەخە مرۆیەکانو سینگیان دەکەنە قەڵغانی گوللە. زۆر لەو شۆڕشگێرە مرۆڤ دۆستانەی کە رەگەزو نەتەوەو نیشتمانێکی تایبەت نایان بەستێتەوەو خەبات بۆ دابینکردنی ئازادیۆ بەختەوەری مرۆڤ لە هەرکۆی بێ هەوڵی بۆ دەدەن. شەهید حەسەن شیرازی یەکێک لەو ئێرانیە ئازادیخوازانەیە کە تا دوا هەناسەی ژیانی وەفادار مایەوە بە خەبات لە پێناو دابینکردنی ئازادوو بەختەوەری نەتەوەی بێبەش لە ئازادی کورد.

شەهید حەسەن شیرازی ساڵی ١٣٤٢ لە دایک بوەو ئازەری زمان بوە، بەهەر هۆکارێک بووە رێ لە شاری بۆکان دەکەوێو لەوێ نیشتەجێ دەبێ. حەسەن شیرازی وەک هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی سەردەمی سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەشداری لە خۆپێشاندانەکان دا کرد. بەڵام بە روون بوونەوەی ناوەرۆکی دژە مرۆڤی سیستەمی بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی هەموو ئاواتەکانی بە خنکاوی دەمێنێتەوە، بۆیە بڕیاری چەک هەڵگرتنو خەبات دژی دەسەڵاتداری تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دەداو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدەبژێرێو لە ساڵی ١٣٦٠ دەبێتە پێشمەرگە، لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا زۆر ئازایەتی لە خۆ نواندوەو کەسێکی خۆشەویستو جێگەی متمانەو رێزی دەورووبەروو هاورێکانی بووە.

بەڵام مخابن پاش ئەوەی کە لەرۆژی ٢٢ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هێزی پێشمەرگە لە گوندی سێوەدین لەگەڵ پەلاماردەرانی کوردستان تووشی شەڕ دەبن، پاش قارەمانیەتێکی جێگەی شانازی، شەهید حەسەن شیرازی تۆمار کردنی نەبەردێکی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو کوژرانی زیاتر لە ١٥٠ کەس لە هێزەکانی دوژمنەو گرتنی دەسکەوتێکی زۆر حەسەن شیرازی تازە لاو بە ئاکام نەگەیشتو یادو ناو رێگاو رێبازی حەسەن شیرازی ئازەری زمان بەرزو بەرێز بێ.

# شەهید لەتیف دەروێشی



گەلانی بەختەوەرو بە ئامانج گەیشتووی جیهان، بۆوەدیهێنـانی بەختـەوەری گـەل‌و نیشتمانەکەیان بـە دەیـان سـاڵ خـەباتیان ردوەو قوربانیـان بـۆ بەخشیوە، بەدڵنیایەوە، ئازادیش لە هیچ کوێ بـەبێ بـەخت کردنی باشترین ڕۆڵـەکانی ئـەو نەتەوەیـە، دابین نـاکرێ. نەتـەوەی کـوردیش بـەبێ سروشتی نیشتمانەکەی‌و داگیرکـردن‌و دابەشکردنی خاکەکـەی لەلایـەکو داسـەپاوی دەسـەڵاتە دیکتـاتۆرو سـەرەڕۆکان بـە سـەر دانیشـتوانەکەی‌دا، بەردەوام لە حاڵی خەباتو تێکۆشان بووە بۆ ڕزگاری لە ژێردەستەیی‌و دابینکردنی ئازادی‌و ئاسایشی بەختەوەری خەڵکەکەی، بەپێ‌گەشە سەندنی تێگەیشتوویی‌و وریایی خەڵکی کوردستان ئەو نەتەوە چەوساوەیەش حیزبی مودێرنی خۆی پێکهێناوە،


کاروانی خەباتی نەتەوەی کورد بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێ دەنێتە قۆناخێکی مۆدێرن‌و پێشکەوتوو. ڕۆڵـەکانی ئـەم نەتەوەیـە بە کۆە بوون لە دەوری بەرنامەو پرۆگرامێکی نەتەوەیی، شێلگیرانەتر لە رابردوو خەبات درێژە دەدەن زۆر ڕۆڵەی پێگەیشتوو تێگەیشتوو لەم ڕێگە پڕ لە هەورازو نشێوەدا تاجی سەروەریان ناوەتە سەرو لە ڕێگای دابینبوونی مافە ئینسانیی‌و نەتەوەیەکانی دا.

یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە شەهید لەتیفی دەروێشیە لە بۆکان. شەهید لـەتیف لـە دایکبـووی سـاڵی ١٣٤٥ی هەتـاوییەو خـەڵکی گونـدی "کـانی قەلا"ی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکانە، لـەتیفی لاو تـازە پێگەیشـتوو وەک زۆربـەی زۆری هاوتەمەنـەکانی خـۆی‌و لـە بـەر هـەژاری‌و بێدەرەتـانی ئـەو سەردەمی خەڵکی کوردستان، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا دەستی لەخوێندن هەڵگرتو هەرەتی لاوێتی لـەتیفی دەروێشی دەکەوێتە سەروبەری شۆڕشی بەشکۆی گەلانی ئێران لە ساڵەکانی ٥٧ و ٥٨ی هەتاوی‌دا کاتێک کە ئەم لاوە بە هەستە ئاوڕ لە رابـردووی خـۆی‌و نەتەوەکەی دەداتـەوەو جیا لە چارەرەشی‌و زوڵم‌و زۆری دەسەڵاتداران دەسکەوتێک بۆ خۆی‌و نەتەوەکەی نابینێ، ڕێژیمی تازە بەدەسڵات گەیشتوو لەو سەردەمەدا هیچ لـە بەرژەوەندی نەتەوەی کورددا هـەنگاوێکی هەڵنەهێنایـەوە. بۆیـە بـە مەبەسـتی دەربـاز کردنـی خـۆی‌و نەتەوەکـەی لـە ژێـر دەسـەتەیی‌و زوڵـم‌و زۆری بڕیاری بوون بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەداو لە تەمەنی ١٥ سـاڵی‌دا چـەکی بیـرو بـاوەڕی پێشمەرگایەتی لـە شـان دەکا.

هەرچەند کەم تەمەن بـوو، بـەڵام کـوڕێکی وریـاو بەدەستو بـردو هەڵسـووڕو ڕۆح سووک بـوو. ئـەم تایبەتمەندیانـەو قارەمانیەتیـەکانی لـەماوەی کورتی تەمەنی پێشمەرگایەتی‌دا کردبوویانە کوڕێکی خۆشەویستی نـاو هاوڕێکـانی بەداخـەوە گـوڵی ئاواتـەکانی زوو هـەڵوەری‌و لـە ڕۆژی ١٩ / ٦ / ١٣٦١ی هەتاوی لە گوندی هورتەکەند بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی‌و خەڵکە چەوساوەکەی کرد.

ڕۆحی شادو ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

# شەهید سەید محێدین حوسینی (مامۆستا فایق)




شەهید سەیدمحێدینی حوسینی لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە ئامێزی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری شاری بۆکان دا لە دایک بوو کاتی قۆتابخانە ڕەوانەی ئەو شوێنەکراو خەێندنی سەرەتایی و ناوەندی بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هێناو دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم وەک مامۆستای قوتابخانە لە یەکیک لە قوتابخانەکانی شاری بۆکان دامەزرا.

سەید محێدین کە بۆ خۆی تینووی خوێندن وپێگەیشتن بوو، زۆر بە دڵ فراوانی و هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە لە خەمی پەروەردەو پێگەیاندنی قوتابییانأدا بوو. ژیرىو تێگەیشتوویی قووڵ وبیرکردنەوە باوەرمەندانەی سەید محێدین کەسایەتی یەکی بە هێزی سیاسی یان لەو دا درووست کرد.

لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران دا دژی ڕێژیمی پاشایەتی دا بە هاندانی خەڵک لە قاودانی سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیم لە شاری بۆکان ڕۆڵی بەر چاوی لە ڕێپوان وخۆپێشاندانەکانی نێو شاری بۆکان بینی.

سەیدمحێدین ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بۆدرێژە پێدان بەخەباتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژاردو لە کۆری پەروەردە وفێرکردن دا درێژەی بە کاری مامۆستایەتی و پەروەردەکردنی منداڵان لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان دا. ئەو کە لە نێو هاورێیانی دا بە مامۆستا فایق دەناسرا، بوو بە بەرپرسی کۆڕی پەروەردە لە ناوچەی بۆکان. مامۆستا فایق بە هۆی لە سەرێ بوونی پلەی زانیاری سیاسی پلەی تەشکیلاتی چووە سەرێو وەک کادرێکی لێهاتووی لە گەشت وگەڕان و چالاکی یەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی بۆکان بەشداری بە هێزی تێدا دەنواند. ڕۆژی ١٩ / ٦ / ١٣٦١ مامۆستا فایق لە گەڵ پێشمەرگەکانی لکی ٢ی هێزی بەیان بە مەئموورییەت ڕوویان کردە ناوچەی فەرهاد تاش و لە گوندی "هۆرتەکەند"کەوتنە بەر شاڵاوی پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم. لەو بەر بەرەکانییە سەخت ودژوارە دا کە پتر لە ١٢ کاتژمێری خایاند، ڕێژیم زەبری کورچکبڕی لێ کەوت بەڵام ژمارەی هێزەکانی ڕێژیم سەعات لە گەل سەعات گەمارۆی پێشمەرگەیان دەدا لەو شەرەدا مامۆستا فایق لە گەڵ سی هاوڕی بە ناوەکانی ئەبووبەکری پارنج، لەتیف دەروێشی و خالید رەحیمی شەهید بوون وگەورەترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیانیان بۆ نەتەوە زوڵم لێکراوەکەیان کردە قوربانی. دیارە دوو شەهید دواتر لەتیف و خالید بە هۆی ئەوە لە مالێک دا کەوتنە گەمارۆ ڕێگای دەرباز بوونیان نەما بە دیڵ گیران و هەر لە وێ لە لایەن هێزەکانی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی گوللە باران کران.


# شەهید سەلاح عەلییار



**گەر پێنووس بام ،**
**هەڵبەستم بۆ بسک وکەزی کەمەر شلان نەدەنووسی**
**گەر پەنجە بام،**
**دلۆپە شەونمی فرمێسکم لە دووچاوی فرمێسک نەدەسڕی**
**تا کۆپلە شێعری چاو گەشم دەکردە مەڵۆی گەنم وجۆ**
**بۆ چەپەری نەرمی زامی شەهیدەکەم**
**رام دەخست وەک باڵی هەڵۆ!!**

ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مامأناوەمدی گوندی تاراوەی سەر بە شاری بۆکان کۆرپەیەک لە دایک بوو ناویان نا" سەلاح". ئەم کۆرپە شیرینە قۆناغی منداڵی ومێرمنداڵی بە خوێندن کایە وگاڵتە وگەپی کۆری هاورێیانی بری وپێی نایە تەمەنی لاوێتی. ئەگەرچی وەعی گوزران و ئابووری بنەماڵە سەلاح زۆر باش بوو، بەڵام ئەو تا پۆلی ٦ی سەرەتایی خوێند. دوای راپەرینی گەلانی ئێران داسەپاندنی شەر بە سەر گەلی کورد دا، سەلاح لە ساڵی ١٣٥٩ وەک لاوێکی بە ئیمان وازی لە ژیانی ئاسوودەیی خۆی هێناو ریزی خەباتکارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژارد. هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، ئازایەتی وبوێری سەلاح لە تابەتمەندییە کانی هەرە بەرزی بوو قارەمانەتی ئەو لە شەڕەکانی نێو شاری بۆکان، بوغدەکەندی، قەرەکەند، شاریکەند، جادەی سەقز ـ بۆکان و پایەکای کوچک بەشێک لەو تابلۆ جوامێرانەیە کە سەلاح بە ئازایەتی نەخشاندوویەتی وشایەدی بۆ بوێری وئازایەتی ئەو شۆڕە سوارە دەدەن. خۆشەویست ترین لای مرۆڤ گیانە وژیانەو شەهید وەک ئاو خواردنەوە سووک وسانا بەخشیویە بە نیشتمان، ئەوە باوەری قووڵی سەلاح بوو بۆیەش لە هیچ گیان فیدایی یەک سڵی نەکردەوە.رۆژی ١٩ / ٣ / ١٣٦١ی هەتاوی هێزێکی چەند سەدکەسی رێژیم پەلاماری گوندی سەیداوەی قاجری دەدەن لەگەڵ بەرەنگاری پێشگەرگە بەرەو روو دەبنەوە لە ئاکامی شەرێکی قورس وخوێناوی دا بە دەیان کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژران وبریندار بوون بە داخەوە لەو شەرە قورسە دا لاوی بە ئیمان و ئازای گەل، سەلاح عەلیار خوێنی گەشی بە سەر خاک پژاو بە بەخشینی خوێن و گیانی سەرکەوتنێکی تاهەتایی بۆ نەتەوەکەی تۆمار کرد

# شەهید جەعفەر نۆموسلمان



گەلانی بەختەوەرو بە ئامانج گەیشتووی جیهان، بۆ وەدیهێنانی بەختەوەری گەل‌و نیشتمانەكەیان بە دەیان ساڵ خەباتیان كردووەو قوربانیان بۆ بەخشیوە، بەدڵنیایی یەوە، ئازادیش لە هیچ كوێ بەبێ بەخت كردنی باشترین رۆڵەكانی ئەو نەتەوەیە، دابین ناكرێ.نەتەوەی كوردیش بەبێ سروشتی نیشتمانەكەی‌و داگیركردن‌و دابەش كردنی خاكەكەی لە لایەكو داسەپاوی دەسەڵاتە دیكتاتۆرو سەرەڕۆكان بە سەر دانیشتوانەكەی‌دا، بەردەوام لەحاڵی خەبات‌و تێكۆشانأدا بووە بۆ رزگاری لەژێر دەستەیی‌و دابینكردنی ئازادی‌و ئاسایشی بەختەوەری خەڵكەكەی، بەپێی گەشە سەندنی تێگەیشتوویی‌و وریایی خەڵكی كوردستان ئەو نەتەوە چەوساوەیەش حیزبی مودێرنی خۆی پێكهێناوە، كاروانی خەباتی نەتەوەی كورد بە دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان، پێ دەنێتە قۆناخێكی مۆدێرن‌و پێشكەوتوو. رۆڵەكانی ئەم نەتەوەیە بە كۆە بوون لە دەوری بەرنامەو پرۆگرامێكی نەتەوەیی، شێلگیرانەتر لە رابردوو خەبات درێژە دەدەن زۆر رۆڵەی پێگەیشتوو تێگەیشتوو لەم رێگە پڕ لە هەورازو نشێوەدا تاجی سەرورەریان ناوەتە سەرو لەرێگای دابین بوونی مافە ئینسانیی‌و نەتەوەی یەكانی دا.


جەعفەر لە ساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی لە شاری بۆكان لە بنەماڵە یەكی هەژارو فەقیر وبێ دەرەتان لە دایك بوو بە هۆی باری نەزمی ئابووری بنەماڵە نەیتوانی لە سێ كلاس زیاتر دەرس بخوێنێ. هێشتا مێرمنداڵ بوو شانی دایە بەر كاری قورسی رەنج و كوێرەوەری وكاروكاسبی. بەو تەمەنە كەمەوە بۆ باشتر كردنی ژیانی ماڵەوە زۆر كاری قورسی لە رادەی خۆی دەكرد.

دوای سەركەوتنی شۆڕشی پڕشكۆی نەتەوەكانی ئێران بە سەر حكومەتی گەندڵی شاهنشاهی‌داو پاش ئەوەی كە رێكخراوەی حیزب لە شاری بۆكان كرایەوە تێكۆشانی حیزبی بە شێوەی ئاشكرا دەستی پێ كرد دڵی بۆ لای كوردایەتی لێ داو ویست وداخوازی یەكانی خەڵكی لە رێبازی حیزبی دیموكرات دا دیتەوە بە دەست پێ كردنی هێرشی كۆماری ئیس‌ّلامی بۆ سەر خەڵكی كوردستان جەعفەر نەیتوانی چاو لێ كەر بێ بۆیە بریاری‌دا لە ساڵی ۱۳۶۲ ببێتە پێشمەرگەو لەریزی تێكۆشەرانی هێزی بەیان دا سازمان درا. جەعفەر كورێكی بە ئیمان و لە سەرەخۆ وتێكۆشەر بوو لە هیچ كارێكی حیزبی دریغی نەدەكرد بە چەشنێك لە ماوەیەكی كەم دا جێگای لە نێو لكی 2ی هێزی بەیان دا كرد بۆوە لە گەڵ هاوسەنگەرانی قسە خۆش وروو خۆش بوو هیچ كات بە تووڕەیی نەتدەدیت.

لە شەڕەكانی ناوچە دا بەشداری چالاكانەی كرد.وێڕای ئەوە كە كورێكی ئازا بوو چاو نەترس، بە نەزم و دیسیپلین بوو. لە تۆمار كردنی شەڕە گەورەكانی ناوچەی بۆكان وەك جادەی بۆكان ـ میاندواو، كۆستە، نۆبار، شیلاناوێ و حوسین ئاباد رۆڵی باشی بوو لە زۆربەی شەڕەكان بێ دەسكەوت نەدەگەڕاوە هێشتا ۵ رۆژ لە سەركەوتنێكی گەورەی حوسین ئاباد تێپەڕیبوو بۆ پشوو دان روویان كردە پشتی حاشیاباد، لە بەرە بەیانی ۲۳ / ۶ / ۱۳۶۵ لە لایەن چەكدارەكانی حیزبی كومونیست هێرشیان كرایە سەر و كە بێجگە لە دیفاع كردن هیچ رێگایەك نەمابوو پاش بەر

بەرەکانی یەکی یەک رۆژە لەو شەرە دا سەپاوە و نەخوازراوە دا جەعفەری نۆ موسلمان لەگەڵ 3 هاوسەنگەری بە ناوەکانی ئەحمەد خزری، کەماڵ ئوستادئیبراهیمی ومحەممەد پوورهیمەت گیانی خۆیان پێشکەش بە ئازادی کردو بە خوێنی خۆیان لاپەرەیەکی زێرینیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کرد.

## شەهیدئەحمەد رەسووڵی



لە ساڵی ١٣٣٨ لە گوندی "عەولاتەپەسی "سەر بە ناوچەیئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایک بوو. هەژاریو فەقیری لە سەرەتای دەسپێکی ژیانی ئەحمەد بەر دەرگای لێ گرتبوون، هەر بۆیە نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و لێی ئامۆ بوو. بۆیە لە خوێندن بێ بەری بوو ئەحمەدی فەقیری لە هەژاری دا هێشتەوە. بەرە بەرە کە گەورە بوو رووی لە کار و کوێرەوەری کردو لەشی شلکی لە کورەخانەکانی ساروقامیش لە بەر سوورە تاوی هاوین خارابوو ئەو لە سەعاتی ٥ی بەیانی تا ٨ی شەو لە هاوینان دا کاری دەکرد تا بتوانێ نانێک بۆ بنەماڵەکەی دابین بکا، ماندوو بوون و ئارەقە رشتن ببوە پیشەی ئەحمەدی چەوساوە، بەم جۆرە ژیانێکی شەرافەتمەندانەی تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تێ پەر کرد. هەر چەند سەوادی نەبوو هەستی بە هەموو زوڵم وزۆرییەک دەکرد دەیزانی نەتەوەکەی زوڵمی لێ کراوە. هەر بۆیەش لە راپەرینە پڕ شکۆکەی ساڵی ١٣٥٧ دا بەشداری چالاکانەی کرد. دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی و هێرشی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر خەڵکی کوردستان ئەحمەد بە چاوی خۆی جنایەتەکانی ڕێژیمی دیت.

لە ساڵی ١٣٦١ سیاسەتی بە زۆر چەکدار کردنی خەڵکی کوردستان گوندی "عەولاتەپەسی" گرتەوە و ئەحمەد یەکێک لەو کەسانە بوو کە چەکی زۆرە ملی بەسەردا سەپیا. بەڵام ئەو باش دەیزانی ڕێژیم ئەو چەکەی بۆ بە سەردا سەپاندووە ئەو سیاسەتە شکست خواردووە تەنیا دژی هێزی پێشمەرگە بوو بۆیە پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە گرتو لەهەلومەرجێکی لە باردا لە ساڵی ١٣٦٣ پایەگای مەڵلالەریان تەحویل حیزبی دیموکرات داو پاشان شەرەفی پێشمەرگایەتی پێ بەخشراو وەک پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات تێکۆشانی دەست پێ کردو بوو بە قارەمانێکی نێو سەنگەری کوردایەتی و خزمەتی زۆری بە نەتەوەکەی کرد لە شەڕەکانی جادەی میاندواو ـ بۆکان لە ساڵی ٦٣ و٦٤ و زۆر شەڕی دیکە رۆڵی بەر چاوی هەبوو. بە هۆی وەزعی خراپی ئابووری بنەماڵە لە ئاخری ساڵی ١٣٦٤ لە سەر ئیجازەی حیزب وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو وەک ئەندامی حیزب لە ناو خۆی وڵات دەستی بە تێکۆشان کردەوە هەر کارێکی حیزب بۆی دیاری کردبوایە بە گیان بە دڵ بەڕێوەی دەبرد. سەر ئەنجام لە ساڵی ١٣٦٨ دا شناسایی کراو لە لایەن ڕێژیمەوە گیراو رەوانەی زیندان کرا. پاش ۴ ساڵ زیندان و ئەشکەنجە لێوی لە ئاست نەهێنی یەکانی حیزب نەکردەوە وەک قەڵایەکی پۆڵاین مایەوە. جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو رۆڵەیەی دیموکراتیان لە رۆژی ١٣٧٢/١/١٩ گوللە باران کردو خوێنی تێکەڵ بە خوێنی هەزاران شەهیدی دیکە بوو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزب و نەتەوەکەی وکچە چاو گەشەکەی کرد.

# شەهید کەماڵ ئوستاد ئیبراهیمی



کەماڵ لەسالی ١٣٤٦ لە شاری مەهاباد لە هەژارترین بنەماڵە لە دایک بوو یەکەمشت کە سرنج کەماڵی راکێشا چوار دیوارێکی چووکە و روخساری دایکی خۆشەویستی بوو.لە دایک بوونی کەماڵ هیوای داهاتوویەکی پڕ لە بەختەوەری خستە نێو دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی. بەرەبەرە کە گەورە بوو لە تەمەنی ٧ ساڵی رەوانەی قوتابخانە کراو زەین وبیری بە پیتەکانی ئەلف وبێ روون بوونەوە، کەماڵی زیرەک وژیرو وریا بە عەلاقەیەکی باشەوە دەرسی دەخوێندو تا پۆلی ٥ی سەرەتایی توانی بخوێنێ. بەلام بە داخەوە وەک زۆربەی لاوانی ئەوکات لەوە زیاتر نەیتوانی دەرس بخوێنێ و رووی لە کاری کرێکاری کرد هەر چەند کەمی دەرس خوێند بەڵام کەسێکی کراوە بوو لە باری هونەری خەتەوە وەک نمونە چاوی لێ دەکرا ژیانی کەماڵ تاشۆڕشی١٣٥٧ بە کوێرەوەری تێ پەری.

ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب لە ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧ هیوایەکی روونی لە دڵی کەماڵدا بەدی کرد کە حیزبی دیموکراتی بە رزگاری دەری زوڵم وزۆر دەزانی کە لە لایەن دەسەلاتدارانی حاکم بە سەر ئێران دا دروستیان کردبوو. بۆیە لە ساڵی ١٣٦٢ هاتە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و لە هێزی بەیان سازمان درا کەماڵ لاوێکی روح سووک لە سەرە خۆ بوولە گەڵ هاورێیانی قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بوو ئەو هەر دەم لەگەڵ هەلومەرجی نوێ خۆی دەگونجاند وەک پێشمەرگەیەکی بە دیسیپلین چاوی لێ دەکراو ئەرکی پێشمەرگایەتی دەزانی و خزمەتی حیزب و نەتەوەکەی دەکرد. زۆر زوو توانی بە ئاکاری جوان و بەشداری کردن لە شەڕەکاندا جێگای خۆی لە نێو هاوسەنگەرانی دا بکاتەوە. شەڕەکانی قەرەموسالی، باغی ئەحمەدی، حوسین ئابادو دارەگردەڵە ئازایەتی نواند.

تازە چەند رۆژێک لەشەری حوسین ئاباد گەڕابۆوە کە لە گەڵ هاوسەنگەرانی بۆ پشوودان روویان کردە حاجی کیمی لە پشتی حاشیاباد، کە لە سەعاتی ٦ی بەیانی کەوتنە بەر هێرشی حیزبی کومونیستی کۆمەلەو بە داخەوە کەماڵی ئوستاد ئیبراهیمی لە گەڵ ٣ هاورێی دیکەی بە ناوەکانی ئەحمەد خزری، محەممەد پوورهیمەت وجەعفەری نۆموسلمان شەهید بوون و خوێنی خۆیان کردە پردەبازی سەرکەوتن.


# شەهید حوسێن عەزیزی



**دەلێن ئەمرۆ گوڵی ژیانی، بە شەختەی**
**نابەوەختی هاوینی تەمەن**
**هەڵپرووکاوە وهەڵوەراوە، ئەستێرەی ژیانی**
**پڕ لفە شانازی بە سینەی ئاسمانی نەماندا**
**راخوشاوەبزەی شادیو خۆشی لەسەر لێوان نەماوە، خونچەی دڵی ناسکی ژاکاو هەڵپرووکاوە.**

**حوسێن لە ساڵی ١٣٣٩ لە شاری خوێناوی سەقز لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دایک بوو بەرەبەرە کە گەورە بوو رەوانەی قوتابخانە کرا. پۆلەکانی خوێندنی بە جوانی و رێک وپێکی بڕی بە هۆی زیرەکی خۆشەویستی مامۆستاکانی بوو هەمیشە لە وانەکانیدا نمرەی باشی دێناوە. بە هۆی وەزعی خراپی ئابووری بنەماڵە تا سێهەمی ناوەندی دەرسی خوێند دواتر وەک کارمەندێکی "بهداشت" لە یەکێک لە گوندەکانی سەقز خزمەتی دەکرد.**
**لە راپەرینی گەلانی ئێران دژی حکومەتی شاهنشاهی بەشداری چالاکانەی کرد. دوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ساڵی ١٣٥٧ وەک لایەنگری حیزب دەستی بە تێکۆشان کرد بەڵام حوسین بەوەندە رازی نەبوو هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٠ هاتە ریزی تێکۆشەرانی هێزی بەیان دەستی بە خەباتی سیاسی کرد. ئەو لە ماوەیەکی کورت دا توانی جێگای خۆی لە ریزی خەباتگێرانی دیموکراتدا بکاتەوە بە هۆی شارەزای لە کاری دەرمانیدا وەک کادری دەرمانی دیاری کراو لە شەڕگەکان دا پێشمەرگە برینندارەکانی دەرمان دەکرد لە سەر ئەرکەکانی سوور بوو ئەو تەنیا پێشمەرگەیەکی دەرمانی نەبوو بەڵکوو وەک قارەمانێکی ئازا لەسەنگەری پێشەوە شەڕی دەکرد شەڕەکانی جادەی سەقز ـ بۆکان، قاجر، شاریکەندو نێو شاری بۆکان بەڵگەیەکی زیندوون لە ئازایەتی و بوێری حوسین عەزیزی کە هیچ کات لە بیر خەڵکی ئەو ناوچەیە ناچنەوە.**
**حوسێن کوڕێکی لە سەرەخۆ بە ئیمان وبە باوەر بوو لە کۆبونەوەکان دا پرسە سیاسی یەکانی رۆژی باس دەکرد ئەو لە هەموو بوارێکدا هەوڵی پێگەیاندنی خۆی دەدا باوەری قەڵی بە رێبازەکەی بوو.**
**سەرەتای بەهاری ١٣٦۴ داوای مەرەخەسی کرد کە بتوانێ لە رێگای گەورکی سەقزەوە سەردانی ماڵەوە بکا بەڵام بە داخەوە رۆژی شەهیدان واتە ١٠ / ١ / ١٣٦۴ لە نزیک ئاوایی" هەرمێلە" لە گەورکی سەقز بە تەنیا لە لایەن چەکدارەکانی حیزبی کومونیستی کۆمەڵە دەگیرێو هەر لەوێ ئێعدامی دەکەن و بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە خاک ونیشتمان دەکا.**

# شەهید کەریم شکوورپوور



لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حەق خوازانەی نەتەوەی کورد هەروا دێت ودرێژتر دەبێ لە چاو پێ خشاندنی دا دەیان وسەدان بیرەوەری تاڵ و شیرین دێتەوە یاد ولە گەڵ هەڵکێشانی ئاخ و حەسرەت ئەزموونی پێویستیان لێ وەر دەگیرێ و دەبنە دڵگەرمی زیاتر بۆ بڕینی ڕێگەی پڕ کەندو لەندەکانی لووتکەی ئاوات. بەڵام بێ گۆمان تاڵترین بیرەوەری لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەمان لەدەست دانی گیانی شیرینی ڕۆڵەکانییەتی کە بە خوینی ئەوان داری ئازادی ئاو دەدرێ یەکیک لەو هەزاران لاوە کەریم شکورپوورە.


کەریم لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی"سەراو" سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان ولە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لە دایک بوو، وردە وردە لە ئامێزی دایک وبابی خۆشەویستیدا گەورە بوو لە تەمەنی ٧ ساڵی ڕەوانەی قەتابخانە کرا کەریم وەک قوتابی یەکی زیرەک وانەکانی دەخوێندو توانی تا یەکی دوا ناوەندی بخوێنێ ئەو هەر لە منداڵی یەوە زیت ووشیار بوو. بە هۆی فەقیری و هەژاری نەیتوانی لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا. کەریم بە تەواوی هەستی بە زوڵم وزۆری ڕێژیمە زۆر دارەکان کرد بوو هەر بۆیەش لە خۆ پێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پادشاهی دا بەشداری چالاکانەی کرد.

ئەو دوای ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب وەک لایەنگری حیزب دەستی بە تێکۆشان کرد بە هۆی ئەوە ناوچەکەیان زوو کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەساڵی ١٣٦٠ بە فەرمی رووی کردە تێکۆشەرانی دیموکراتەوە و لە کۆڕی پەروەردە دا سازمان درا.

کەریم پاش دەورەیەکی ماموستایەتی، لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان دەرسی بە منداڵانی ڕەش ورووتی دێهات دەگوتەوە لە گەڵ قوتابییان روو خۆش بوو وەک مامۆستایەکی باش ڕێنوینی دەکردن وبە پیتەکانی کوردی منداڵانی رادێنا. ناوبراو تەنیا مامۆستایەک نەبوو لە کاتی پشووی هاوین دا لە گەڵ پێشمەرگە لەحەماسەکاندا بەشداری دەکردو دژی داگیر کەران دەوەستاوە.کاتێک هەموو ناوچەکانی بۆکان لەلایەن ڕێژیمەوە داگیرکرا، کەریم بۆ درێژەدانی ئەرکی پێ ئەسپێردراوی لەلایەن کۆڕی پەروەردەوە ڕەوانەی ناوچەی سەقز کراو لە گوندی "دگاگا" وەک ماموستا دەرسی بە منداڵانی ئەو گوندە دەگوتەوە. ئەو کورێکی قسە خۆش وبە ئەخلاق بوو هەموو کەس خۆشی دەویست ریزی بۆ خەڵک وقۆتابیان دادەنا.

بەداخەوە لە رۆژی ١٣ / ١١ / ١٣٦٣ لە لایەن چەکدارەکانی حیزبی کومونیستی کۆمەڵەوە هێرشیان دەکرێتە سەرو لەو شەرە نەخوازراوەدا کەریم شکوورپووری زەحمەتکێش شەهید دەبێ بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لە قوتابیان و هاوسەنگەرانی دەکا.

# شەهید میرزا عەبدوڵڵای جەهانگیری




ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گوندی داشبەندی سەر بە شارستانی بۆکان لە بنەماڵەیەکی کاسبکار و وەرزێر لەدایک بوو خوێندنی تا شەشی سەرەتایی نیزامی قەدیم خوێندوەو لە ساڵی ١٣٤٢ پەیوەندیی بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات گرتووەو تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وەک ئەندامێکی دڵسۆز و فیداکار ئەرکی حیزبیی بەریوە بردووە دوای سەرکوت کردنی خەباتی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ ئاوارە شاران بوو بۆ ماوەیەک خۆی شاردەوەو لەساڵی ١٣٥٧ کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. لە یەکەم ڕۆژەکانی چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە لە زۆر بەی شەڕکانی ئەو کات بەشداری کرد لە شەڕی سێ مانگە، سەقز، داشکستان ماینبلاغ و گرتنەوەی شاری بۆکان دا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە بە هۆی خوێندەواری هەر زوو وەک کادری حیزبی دیاری کراوە و ماوەی ٢ ساڵان بەرپرسی کومیتە ناوچەی ئەحمەدی کور لە ناوچەی بۆکان بوو لەساڵی ١٣٦٤ دوای کۆنگرەی ٧ بە هۆی نەخۆشی حیزب ئیجازەی پێ نەدا بچێتەوە ناوچە و بە داخەوە ئەو ناوچەیەی ئەو کاری تێدا کرد کادرەکانی شەهیدکران و بە دیل گیران بۆیە ئەم ناوچەیە دوای میررزا عەوڵا زەربەی زۆری بەرکەوت.

لەو ساڵانەی کە لەدەوروبەری دەفتەری سیاسی کاری دەکرد بەهۆی سەداقەت و لێزانی لەکارو باری ماڵی تەداروکاتی ئۆرگانەکانی سەر بە کومیسیۆنی ماڵی ـ کۆمەڵایەتی ـ تەقەمەنی و بازرەسی کاری کردووەو زۆر بە سەداقەت و دڵسۆزیەوە ئەرکی حیزبی یەکانی بەرێوە بردووەو ئەگەر تواناى هەڵسورانیشی نەما بۆ ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵان لە بەشی بازرسی حیزب بە دیقەتەوە کاری کردووە پاشان کە ماوەی ٣ ساڵە نەخۆشی برستی لێ بریبوو لە دیوەکەی خۆی شەوو ڕۆژ لە فکری سەرکەوتنی حیزبەکەی دابو و ئەگەر بێ نەزمیو بێ سەرەو بەرەیی لەحیزبدا دەبینێ خەم و خەفەت دای دەگرت، بۆیە هەمیشە داوای لەهەموو کەس دەکرد" با بە دڵسۆزیو سەداقەتەوە حیزبایەتی بکەینو لەموقابیل شەهیدە سەر بەرزەکانمان و کومەلانی خەڵکی کوردستاندا سەر فرازو سەر بڵندو سەرکەوتوو تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان درێژە بە خەباتە پیرۆزەکەمان بدەین. زۆر جاریش لە شوێنی حەسانەوەکەی شیعری دەخوێندەوە.

بە داخەوە بە هۆی ئەو نەخۆشیە چەند جار سەکتە لێی دابوو سەرئەنجام ڕۆژی ٢٦ی پووشپەری ساڵی ١٣٨٨ کۆچی دوایی کرد.


# شەهید محیدین سوارە



لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حەق خوازانەی نەتەوەی کورد هەروا دێت ودرێژتر دەبێ لە چاو پێ خشاندنیدا دەیان وسەدان بیرەوەری تاڵ و شیرین دێتەوە یاد ولە گەڵهەڵکێشانی ئاخ و حەسرەت ئەزموونی پێویستیان لێ وەر دەگیرێ و دەبنە دڵگەرمی زیاتر بۆ بڕینی ڕێگەی پڕکەندولەندەکانی لووتکەی ئاوات. بەڵام بێ گۆمان تاڵترین بیرەوەری لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان لە دەست دانی گیانی شیرینی ڕۆڵەکانییەتی کە بە خوینی ئەوان داری ئازادی ئاو دەدرێ یەکیک لەو هەزاران لاوە محیدین سوارەیە.

محیدین لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە بنەماڵە یەکی هەژارو فەقیر وبێ دەرەتان لە دایک بوو بە هۆی باری نەزمی ئابووری بنەماڵە نەیتوانی زۆر دەرس بخوێنێ. تەنیا تا سێهەمی ناوەندی خوێند، هێشتا مێرمنداڵ بوو شانی دایە بەر کاری قورسی ڕەنج و کوێرەوەری وکاروکاسبی. بەو تەمەنە کەمەوە بۆ باشتر کردنی ژیانی ماڵەوە زۆر کاری قورسی لە رادەی خۆی دەکرد.محیدین هەر زوو ڕێژیمی ئاخوندی ناسی بۆیە بریاری دا ببێتە پێشمەرگە و لە هێزی بەیان سازمان درا. هەرچەند کەم تەمەن بوو، بەڵام کوڕێکی وریاو بەدەستو بردو هەڵسووڕو ڕۆح سووک بوو. ئەم تایبەتمەندیانەو قارەمانیەتیەکانی لە ماوەی کورتی تەمەنی پێشمەرگایەتیدا کردبوویانە کوڕێکی خۆشەویستی ناو هاوڕێکانی. بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی پێنەداو بە ناکامی سەری نایەوە. شەوی ٢٣ / ١١ / ٦٣ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لەکاتی گەشتی سیاسی – نیزامیدا، بۆ پشوودانێکی کورت ڕوویان لە ئاوایی "گردی قەبران" لە ناوچەی ئەحمەدیکۆر کرد. دوژمن کە هەستی بەبوونی پێشمەرگەکان کردبوو لە تاریکی شەو کەڵکی وەرگرتو بەهێزی زۆری جاشو پاسدار هێرشی کردە سەریان. شەڕ لەنێوان پێشمەرگەکانو هێزی دوژمن دەستی پێکرد. خوسرەو لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بەناوی خۆسرەو سەلیمی کە لە پێشمەرگەکان هەڵبڕانو بەهۆی شارەزانەبوون لە ئاواییدا کەوتنە کەمینی دوژمنو لە هەموو لایەک دەستریژیان لێدەکراو بەم چەشنە هەردوو لاوی دڵ پڕ لە ئاوات گیانی پاکیان بە نیشتمان بەخشی.

# شەهید ئەنوەر ساڵحی




ئەنوەرساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی لە هەژارترین بنەماڵەی شاری بۆکان چاوی بە دنیای پڕ لە ناعەداڵەتی هەڵێناو بزی خستە سەر لێوی ئەندامانی بنەماڵەکەی. بەرەبەرە کە تەمەنی منداڵی تێپەڕ کرد، قۆناغی ساوایی بەجێهێشتو لە تەمەنی ۷ ساڵی دا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. پۆلەکانی خوێندنی زۆر ئازایانە بڕیو تا پۆلی سێهەمی ناوەندی دەرسی خوێند. پاشان بەهۆی گیروگرفتی سەردەم نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدا. ئەنوەرکوڕێکی لەبەر دڵانو لەسەرەخۆ بوو، لە قوتابخانەش ڕێزیان لێدەگرت هەموو قوتابییانی هاوپۆلی خۆشیان دەویست.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی شاو ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکرات هیوایەکی زۆری پەیدا کرد بەکۆتایی هاتنی زوڵمو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، بەڵام زۆری نەخایاند کە لەگەڵ دوژمنێکی دیکەی خوێن ڕێژ ڕووبەڕوو نەتەوەکەی بوەوە. هەربۆیە ئەنوەر لەساڵی ۱۳۵۸ خۆی بە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان ناساندو بەڵێنیدا تا سەرکەوتن خەبات بکاو بەڵێنییەکەی بردە سەر.

لەنێو هاوسەنگەرانی خۆشەویست بوو لەبەرامبەر دوژمندا ئازایانە دەوەستاوە لە شەرەکانی شاری سەقز، داشکستان، وەنەوشە چەندین جێگای دیکە شانازی بۆ حیزبەکەی دەخوڵقاند.

شەهید ئەنوەر ئیمانێکی پتەوی بە حیزبو ڕێبازەکەی هەبوو هەر بۆیە تێدەکۆشا زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێو باشتر خۆی پێبگەیەنێ، نووسراوەکانی حیزبی بە وردی دەخوێندەوەو لەگەڵ هاوسەنگەرانی دا باسو شیکردنەوەی لەسەر دەکردن. بە داخەوە لە بەهاری ساڵی ۱۳۵۹ لە کاتێک دا دوژمن هێرشی بۆ سەر گوندی "سەرا" لە جادەی بۆکان سەقز هینابوو لە گەڵ بەرەنگاری رۆڵەکانی دیموکرات ڕووبەروو بۆوە لەو شەرە دا بەداخەوە ئەنوەری ساڵحی بە دیل دەگیری ورەوانەی زیندانی سنەی دەکەن. ئەنوەر لەزیندان دا وەک پێسمەرگەیەکی ئازا کۆڵی نەداو دڵی کردە گوڕستانی نەهێنی یەکانی حیزب و تەسلیمی داگیرکەران نەبوو. ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی لەرۆژی ۹ی سەرماوەزی ساڵی ۱۳۵۹ لە سنە گوللە بارانی کردو چووە ریزی کاروانی شهیدان و سەری کردە پردەباز بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەی.

# شەهید عەبدوڵلا شێنانی



سالی ۱۳۳۳ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و هەژاری گوندی شێنان سەر بە ناوچەی بانە لە دایک بوو لە بەر نەداریودەستکورتی بنەماڵەکەیان نەیتوانی بچێتە قوتابخانە. هیشتا هەر منداڵ بوو بۆ پەیداکردنی بژێوی ماڵ  رووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کرد. سالانێکی زۆر لە شارەکانی دیکەی ئێران بۆ ژیانیکی نەمرنەژی ئارەقەی رەشت. پێش شۆرشی گەلانی ئێران بە هۆی قەبوول نەکردنی زولم وزۆر و بیگاری هەمیشە لە گەڵ دەرەبەگەکانی گوندەکەی خۆیان لە کێشە و بەربەرەکانی دابوو.

بە سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب، ترۆسکەی رووناکی لە دڵی عەولا شێنانی دا کرایەوە و ئازادی وبەختەوەری لە ئامانج ورێبازی حیزبی دیموکرات دا دیتەوە، بۆیە ساڵی ۱۳۵۸ بوو بە پێشمەرگەو لە لکی ۲ی هێزی شەهیدانی وێردی بانە سازمان درا. تا ساڵی ۶۴ وەک پێشمەرگەیەکی بە ئیمان وئازا لەو هێزە خزمەتی کرد. ساڵی ۱۳۶۴ بۆ خزمەت کردنی پێشمەرگایەتی رووی لە ناوچەی بۆکان کرد،  پاش ماوەیەک وەک جێگری لک و پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. لەو مەسئولییەتانەش دا زۆر رووسوور هاتە دەرو هەر ئەرکێکی حیزب پێی سپێربوایە بە جوانی بەرێوەی دەبرد. لە ساڵی ۱۳۶۷ لە سەر بریاری دەفتەری سیاسی گەراوە هیزی ئاربابا و وەک فەرماندەری هیز دیاری کرا هەرچی ئەزموونی فەرماندەری عەولا شێنانی دەوڵەمەند دەبوو لیهاتووی زیاتری لە خۆی نیشان دەدا، چاوەروانی حیزبەکەشی لەوە زیاتر دەبوو، هەر بۆیە بە دوای شەهید بوونی فەرماندەری قارەمانی شەرەکانی بۆکان شەهید وەستا ئەحمەد، ئەرکی سەرپەرەستی هێزی بەیان بە عەولا شێنانی سپێردرا. لە سالانی ۶۸ تا ۷۱ وەک رۆلەیەکی بە ئیمان ئەرکی خۆی زۆر شۆرشگیرانە بە جیٚ گەیاند. عەولاشێنانی کە هەرچەشنە خزمەتێک بە حیزبی دیموکرات وجووڵانەوەی شۆرشگیرانە نەتەوەکەی بۆ خۆی بە شانازی دەزانی، هەموو ناوچەکانی کوردستان بۆ ئەو خۆشەویست بوو. سالی ۱۳۷۲ بەخوشحالییەوە داوای دەفتەری سیاسی قەبوول کردو فەرماندەری هێزی ۲ی رێبەندانی لە سەقز وەئەستۆ گرت. لەم ناوچەیەش بە رێکوپێکی ئەرکی خۆی بەرێوە برد.

عەولا شێنانی تەنیا فەرماندەریکی قارەمان ولێهاتوو نەبوو بەلکوو کادریکی تێگەیشتوو خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵک بوو ئەو کە بەداخەوە پێشتر نەخوێندەوار بوو لە پێشمەرگایەتی وحیزبی دیموکرات دا فێری خوێندن ونووسین بوو، لە مەکتەبی دیموکرات و لە ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی خەڵکی کوردستاندا خۆی پێ گەیاند. بەراستی کەسێکی لەسەرەخۆ بوو شێنانی بۆ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەری خۆی، وەک براو باوکێکی دڵسۆز بوو بەرامبەر بە خەڵکی حیزب دۆست وپێشمەرگە پەروەریش، ئینسانێکی خاکی وسەمیمی بوو قەدری خۆشەویستی بیٚ سنووری ئەوان هەمبەر بە پێشمەرگەی دەزانی، لە گەڵ حیزبەکەیو نیشتمانەیکەیو نەتەوەکەی دەست ودڵ وداوێن پاک بوو، ئەوانی تا رادەی پەرەستن

خۆش دەویست و لە پێناو خزمەتی ئەوان دا، ئامادە بوو نەک هەر دووریو دابڕانی پەیتا پەیتای هاوسەرو جگەرگۆشەکانی قەبووڵ بکا بەڵکوو لە گیان بەختکردن ومەترسیی بە جێهێشتنی بە یەکجاری ئەوانیش نەدەسڵەمییەوە.
سالی ١٣٧٤ شێنانی تووشی نەخۆشێکی دژوار بوو ئەو نەخۆشییە لە کاری خست وپاش چەندجار عەمەل کردن دوکتورەکان، لە ساڵی ١٣٨٠ لە وڵاتی نۆروێژ گیرسایەوە کە دیارە بەردەوام لەژێر چاوەدێری پزیشک دابوو. پێویستە بگوترێ کە برایەکی بە ناوی سەعدوون ساڵی ١٣٦٥ پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو شەهید بوو، بۆ خۆشی بێجگە لەوەی بە دیان وسەدان جار لە یەک میتری مەردن گەڕاوەتەوە دوو جار لە شەڕدا بریندار بوو بەڵام ئەوجۆرە مەترسییانە هیچکات نەیانتوانی لە خۆشەویستی کوردستان ولە باوەری عەولا شێنانی لاوازو کەم ڕەنگ بکاتەوە.
بە داخەوە ڕۆژی ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ لە شاری ترۆندهایمی نۆروێژ کۆچی دوای کردو پاشان لە خاکی کوردستان لە گورستانی شەهیدانی حیزبی دیموکرات لە شاری کۆیە لە نێو غەم وپەژارەی هاورییانی بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

## شەهید تاهیر مەحمودی




بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران تەنیا لە قۆناغی تازەی، واتە لە سەردەمی پڕ مەینەتی ژیانی ئێرانی یەکان لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا بە هەزاران تێکۆشەری نێو ریزی هێزە سیاسییەکانو بەدەیان هەزار شەهیدی بێ دیفاعی کردۆتە خوێن بایی ئازادیی کوردو رزگاریی کوردستان. لەکەس شاراوە نیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو قوربانی یانە بەتایبەتی ئەوانەی کادرو پێشمەرگەو فەرماندەری خەباتی چەکدارانە بوون سەر بە حیزبی دێموکرات بوون. ئەمە لەگەڵ هەموو تاڵیو بە ژانی یەکەی شانازی یەکی گەورەیە کە تێکۆشەرانی دێموکرات هەقیانە پێی بنازنو پێی سەربەرز بن. بەتایبەتی ئەگەر لەبەرچاو بگرین کە میراتگرانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە هەروا رێبواری رێگاکەیانن‌و هەروا ئامادەن بۆئەوەی هەرکات پێویست بێ گیان بەخت بکەنو رێبازی سەرکەوتن تەخت بکەن.
تاهیر لە ساڵ ١٣٤٧ لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی دەست کورت لە دایک بوو دوای تێپەر بوونی قۆناغی منداڵی ڕەوانەی قوتابخانە کراو توانی تا پۆلی یەکی ناوەندی دەرس بخوێنێ. پاشان بەهۆی هەژاری وفەقیری نەیتوانی لەوە زیاتر بچێتە قوتابخانەو رووی لە کارو کوێرەوەری کردو دەستی بە کرێکاری کرد. تاهیر شەو ورۆژ بەو لاوی یەی خۆی ئارەقەی دڕشت تا بتوانێ نانێک بۆ ژیانی نەمر نەژی ماڵەوە پەیدا بکا. بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و هێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستان، تاهیر نەیتوانی چاو لێکەر بێ بۆیە لە ساڵی ١٣٦٣ هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و ڕاستە وخۆ تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێ کرد زۆر زوو خۆی نیشان کە پێشمەرگەیەکی بە نەزم و ریک وپێکە و بۆ هەموو مەئمورییەتێک ئامادەیە ودریغی نەدەکرد. لە زۆر شەڕدا ئازایەتیی لە خۆی نیشان دا.

پاش یەک ساڵی پێشمەرگایەتی لە هێزی بەیان نەقلی وەرگرتوو چووە هێزی زمزیران و لەو هێزەشدا نیشانی کە پێشمەرگەیەکی بەتوانا ولێهاتوویە.
بە داخەوە لەرۆژی ١ ی گەلاوێژی ١٣٦۴ لە سەر چۆمی "وەیسەکی" بانە لە گەڵ دەستەیەک پێشمەرگە دەچنە راوە ماسیو لە کاتێک دا نارنجەک لە چۆمەکە دەهاوێن پاش تەقینەوە تیکەیەک بە هۆی کەمتەرخەمییەوە بەر تاهیر دەکەوێ شەهید دەبێ و ڕێگای بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## شەهید حەسەن عەزیزی

**(ناسراو بە حەسەن بەیان)**



سالی ١٣۴٥ی هەتاوی لە گوندی ئاختەپەی ناوچەی فەرهاد تاشی بۆکان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای روون کردەوە،حەسەن بەهۆی هەژاری لە شەوە زەنگی نەخوێندەواری دا مایەوەو نەیتوانی بچێتە قوتابخانە. بەم جۆرەش هەر لە تەمەنی مێرمنداڵی دەری خست کە شیاوی رێز لێنانەو بەگشتیی خەڵک خۆشیان دەویست. کورێکی هێدیو لەسەرەخۆو رەوشت پاک بوو. حەسەن هەر لە تەمەنی لاوی دا رووی لە کاری کرێکاری کرد. بە ئارەقە رشتن ژیانی تێپەڕ دەکرد تا چاو لە دەستی بێگانە نەبێ.
حەسەن بە هۆی ئەو ژیانە نابەرامبەرەو ناعادلانەیە کە بە سەری دا سپابوو زوو هەستی بە چەوسانەوە کرد. بۆ رزگاری بوون لەو ژیانە تاڵە ڕێگای پڕ لە شاناری پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژارد و لە ساڵی ١٣٦١ تێکۆشانی راستە وخۆی دەست پێ کرد. ئەو بە پێست و دەمارەوە هەستی بە زوڵم وزۆر کرد بوو بۆیە بڕیاری دابوو یا سەر دادەنێ یان تا سەرکەوتنی نەتەوەکەی خەبات بکا. لە پێناو ئاوات وئامانجی گەلەکەی دا هەموو نرخێکی بە هەرزان دەزانی. رەحمان پێشمەرگەیەکی بەنەزم ودسیپلین بوو لە شەڕ لە گەڵ دوژمنانی نەتەوەکەی ترسی نەدەناسی لە کاتی شەڕەکاندا لە سەنگەری پێشەوە دا ئازایەتی و بوێری لە خۆی نیشان دەدا حماسەکانی باغی ئەحمەدی، نۆبار، قالوێ، ئیسکی بەغدا، شاریکەند، شامات وشارویران بەڵگەیەکی چووکە لە ئازایەتی حەسەنی تێکۆشەر بوون. حەسەن لە نێو هاوسەنگەرانی بە هۆی خۆشەویستی بە حەسەن بەیان ناسرابوو هەمیشە کۆری هاوسەنگەرانی بە قسەی خۆش دەرازاندوە. بە داخەوە زۆر نەژیا ئاخرین فیداکاری پڕ لە شانازی حەسەن شەوی ٧ی رەزبەری ١٣٦٦ بوو کە دەست بە سەرگوردانی نۆبار دا گیراو زیاتر لە ١۴٠ کەس کوژران وبە دیل گران لەو حەماسەیە دا حەسەن لە گەڵ ٣ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی رەحمان زارعی، رەحمان جەناح و وەلی گیانی پێشکەش بە رزگاری نەتەوەکەی کرد.


# شەهید سامان ڕەمەزانی



کاروانی خەبات بۆ دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی نەتەوەی کورد لە ڕەوتی خەباتی ئەم نەتەوەیە بەردەوامە تا ئەم کاروانە بەردەوام بێت پێشکەش کردن و بەخشینی گیانی باشترین وبەوەجترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزو ئینسانی یەکانی نەتەوەی کورد بەردەوام دەبێ. سامان ڕەمەزانی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لەئاوایی گامێشگۆلی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە دایک بوو، هێشتا ٣ سالە بوو کە نەیتوانی لەئامێزی دایکی خۆشەویستیدا گەورە بێ بە داخەوە هەر لە تەمەنەدا دایکی ماڵئاوایی یەکجاری لێ کرد. بەرە بەرە کە گەورە بوو ڕووی کردە قۆتابخانەو زۆر ئازایانە توانی تا پۆلی سێهەمی ناوەندی تەواو بکا سامان لە قۆتابخانەش خۆشەویست بوو هاوپۆل ومامۆستاکان خۆشیان دەویست، پاشان بە موشکلاتی ژیان نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا و وێرای بقی بنەماڵە ڕووی لە کاری کەشاوەرزی بۆ ژیانێکی خۆشتر لە مووچە ومەزرا ئارقەی دەرشت. سامان تا زیاتر ماندوو دەبوو زۆرتر هەستی بە چەوسانەوە دەکردو بۆیە بریاری دا بۆ بەربەرکانی لە گەڵ زۆرداران و بەختەوەری نەتەوەکەی وئازادی خۆی لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دیتەوە لە زستانی ساڵی ١٣٨٧ ڕووی لە بنکەکانی حیزب کرد وپاش تەواو بوونی دەورەی سەرەتایی لە ئورگانەکانی حیزبی فێرگە و خەدەمات شانی بەر کار داو بۆ هەموو ئەرکێکی حیزبی ئامادە بوو لە هیچ کارێک دریغی نەدەکرد. کورێکی لەسەرەخۆ ورەوشت پاک و لە گەڵ هاوسەنگەرانی دەم بە پێکەنین بوو. بە داخەوە مەرگ مجالی نەدا زیاتر خزمەت بە گەڵ ونیشتمانەکەی بکا شەوی ١٦ی گەلاوێژ بە هۆی ڕووداوی ماتۆر گیانی لە دەست دا.

# شەهید حوسێن گوڵی

**ناسراو بە( حوسێن مامعەلی)**



**ساڵی ١٣٣٤ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی مەڵلالەر لە ناوچەی ئەحمەدی کۆری بۆکان لە دایک بوو، وێڕای زۆربەی منداڵان لەخۆشی، بێبەشی ئاواییNشینەکانی کوردەواری لەوپەڕی هەژاریو دەست تەنگی بنەماڵەکەیدا بەرەبەرە گەورە بوو، بەهۆی دەست کورتیو نزمیی باری ئابووری بنەماڵەکەیەوە نەیتوانی دەرگای قوتابخانە بکاتەوەو بەم چەشنە لە ڕووناکایی خوێندنو زانست بێبەش بوو. هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لەشی شلکی منداڵانەی بەکاری وەرزێریو کرێکاری خاراندو بەهێزی باسکو ئارەقەی نێوچاوانی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی دابین دەکرد. ساڵی ١٣٥٩ ریزی پێشمەرگایەتی لە پێناوی گەلْ ونیشتماندا هەڵبژارد. حوسێن لە سەرەتا دا لە ریزی کۆمەڵە دا تێکۆشاو لە شەڕێکیشدا بە توندی بۆیندار بوو، گورچیلەی زیانی پێ گەیشت ئەو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تووشی نەخۆشی گورچیلە ببوو، دوای برینداربوون وزیان گەیشتن بە گورچیلەی دووهەمی لەگەڵ ئازارونەخۆشییەکی بەردەوام بەرەورو بوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٦٣وە ، حوسێن مام عەلی گەڕاوە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات سەرەرای نەخۆشی گورچیلە ساڵانێک لە هێزی بەیان خزمەتی بەرچاوی کردو لە شەڕەکانی ناوچەی بۆکان بە تایبەتی جادەی میاندواو، بۆکان ، باغی ئەحمەدی ، پایگای مەڵلالەر بەشداری چالاکانەی کرد. لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرک وتێکۆشانی حیزبیدا بۆ جاری دووهەم بریندار بوو، بەڵام لە دەیەی حەفتای هەتاویدا کە نەخۆشی گورچیلە دەرەتانی هەڵسوورانی زیاترو تیکۆشان لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانیدا لێ ئەستاندەوە، پاشان لە نەخۆشخانەلای ٢٥ی گەلاوێژ دواتر لە نەخۆشخانەی ئازادی، سەر بە کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی، گیرسایەوە، تا لەژێر چاوەدێری بەردەوامی پزیشکیدا بێ. بەو حاڵەش حوسێن گوڵی، لەکارو تێکۆشان و خزمەت غافل نەبووە. وەک پێشمەرگە، وەک هاوکارێکی ئەرکناسودڵسۆزی کادرە دەرمانییەکانی نەخۆشخانە، هەر کارێکی پێیان ئەسپاردبایە، بەڕێوەی دەبرد. لە پارێزگاری ونیگهبانیدان لەپاکو خاوێنی نەخۆشخانە وخزمەتی نەخۆشەکان، دریغی نەکرد. مرۆڤێکی قسە خۆش، ئەمین ودڵسۆز بوو. هەرلەو ساڵانە دابوو کە ژیانی هاوبەشی پێک هێناو بە پشتگیری حیزبی دیموکرات لە ساڵی ١٣٧٨ لە ڕێگای کومیساریای بەرزی پەنابەرانەوە، وەک کەم ئەندام ڕەوانەی وڵاتی نورویژ کرا بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکی دەرمانیی باشتردا لەگەڵ نەخۆشییەکانی بەرەورو بێتەوە. سەرەتای گەلاوێژی ١٣٩٠، سەرەرای نەخۆشی وبارودۆخی نالەباری جەستەیی، بۆ دیداری باوکی پێشمەرگەی وهاوڕێیانی وخۆشەویستانی گەڕایەوە کوردستان. بەڵام بەداخەوە باری تەندرووستی بەرەو خراپتر چوو ولە یەکەم ساتەکانی گەیشتنەوە بە کوردستان لە نەخۆشخانە خەوێندراو سەرئەنجام شەوی دووشەممە لە سەر سێ شەممە ٧ لە سەر ٨ی خەرمانان ١٣٩٠ کۆچی دوایی کرد. تەرمی هاوڕێی نەمر حوسێن مام عەلی، لە گورستانی شەهیدانی حیزبی دیموکرات، بە خاک سپێردرا.**

**یادی بەرزو بەرێز، ریگاکەی بەردەوام و ئامانجەکانی بەرقەرار بن.**

# شەهید سمایل عەزیزپوور




شەهید سمایل  لە گوندی ئاغجێوان لە ناوچەی ئاڵەشینی بوکان لە جایک بووە بەرەبەرە کە گەورە بووە بە هوی بێ ئیمکاناتی نەیتوانی دەورانی خوێندنی سەرەتایی تەواو بکاو بویە بە ناچاری لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە وێڕای براکانی لە کوورەخانەکانی شاری قەزوین بە سوورە تاوی هاوین شەو وروژی دەکردەوە. سالانێکی زۆر لە شارەکانی دیکەی ئێران بۆ ژیانیکی نەمرنەژی نارەقەی رەشت. هەر وەها کاری جووتیاری شوانی کردوە.

شەهید سمایل کاتێک کە ئەم لاوە بە هەستە ئاوڕ لەرابردووی خۆیو نەتەوەکەی دەداتەوەو جیا لە چارەرەشیو زوڵمو زۆری دەسەڵاتداران دەسکەوتێک بۆ خۆیو نەتەوەکەی نابینێ، رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لەو سەردەمەدا هیچ لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورددا هەنگاوێکی هەڵناهێنایەوە. بۆیە بە مەبەستی دەرباز کردنی خۆیو نەتەوەکەی لە ژێر دەستەیيو زوڵمو زۆری بریاری بوون بە پێشمەرگە لەریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەداو لەتەمەنی کەمەوە  چەکی بیرو باوەڕی پێشمەرگایەتی لە شان دەکا .

زۆر زوو جێگای خۆی لەنێو دڵی هاو سەنگەرانیدا کردەوە وەک پێشمەرگەیەک ئەرکی خۆی بەرێک وپێکی بەڕێوە دەبرد لە چەندین عەمەلیاتدا قارەمانەتی نواند ئازاو نەترس بوو. بە داخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زور کەم بوو پاش ٣ مانگ پێشمەرگایەتیو رۆژی ١٣ی رەشەمەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ستوونێکی گەورەی نیزامی رێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاریمیاندواو را پەلاماری پێشمەرگەکانی هێزی بەیانو لکی دووی هێزی شەهید پێشەوای لە ئاواییەکانی جەعفەرئاواو دێمەسوور لە ناوچەی شامات دا. لە شەرێکی کەم وێنەدا کە ١١ کاتژمێری خایاند زیاتر لە ١٢٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژراو زیاتر لە ١٥٠ کەس بریندار بوونو بەسەدان قەبزە چەکی جۆراوجۆر گیرا. بە داخەوە سمایل لەو شەڕە قارەمانانەیەدا خوێنی تیکەڵ بە ٥ قارەمانی دیکە بە ناوەکانی محەممەد برایم ئۆف، محەممەد عیسالە، عەلی قەرەڵی، فەتاح خورشیدیو خالید هەمزە ئاغایی بوو.

## شەهید خالید مەسعودی



خالید مەسعودی کوری قادر، لە سال ١٣٤٠ لە بنەمالەیەکی زەحمەتکیشی بۆکانی لە دایک بوو کە گەورە بوو رووی لە قوتابخانە کردوە تا ٥ی سەرتایی دەرسی خویند پاشان تازە پێ دەگەیشت کە خۆپێشاندانەکان دژی رێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کرد ئەویش وەک زۆر لاوی دیکەی بۆکانی بەشداری چالاکانەی کرد بە سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و تیکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات خۆی لە ریزی ئەو حیزبە دا دیتەوە راستەو خۆ لەگەڵ هاورێکی خۆی بە ناوی محمد بالف نیو ریزی تیپکۆشەرانی ئەو حیزبە دا تیکۆشانی سیاسی دەست پێ کرد و وەک پێشمەرگەیکی بە توانا دەستی بە خەبات دژی زۆرداران کرد. خالید لە شەرەکانی ناوچەی بۆکان وەک: سەرا، وەنەوشە، جادەی میاندواو . بۆکان فیداکاری لە خۆی نواند ئاخرین قارەمانەتی رۆژی ١ \ ٩ \ ١٣٦٠ لە گوندی داربەسەر بوو کە بە داخەوە کاتیک هەوالیان پێ گەیشت کە رێژیم هێرشی کردۆتە سەر گوندی داربەسەر لە گەل هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی محەممەد بالف بە ماتۆر بەرەو گوندی داربەسەر دەچن و لە نزیک گوندی ناوبراو کەوتنە کەمینەوە پاش شەریکی قارەمانانە هەردووکیان بە برینداری بەدیل دەگیرێن رۆژی دواتر لە بۆکان شەهید دەکرێن گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو بە خوێنی سووری خۆی سەلماندی کە سەری بۆ نەتەوەکەی دانابوو تا نەتەوەکەی رزگاربێ.

## شەهید محەممەد بالف:



شەهید محەممەد باڵف کوری محمدامین، لە سالی ١٣٣٧ لە شاری بۆکان لە دایک بوو. بوونی محەممەد هیوای داهاتوویەکی پڕ لە بەختەوەری خستە نێو دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی. بەرەبەرە بە شیری پاکی دایکی هەڵیداو لە تەمەنی ٦ ساڵی رەوانەی قوتابخانە کراو زەینو بیری بە




پیتەکانی ئەلفو بێ روون بوونەوە تا ٣ی ناوەندی دەرسی خوێند. دواتر رووی لەکار کردوە بۆ ئەوەی ژیانیکی باش دابین بکا. کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران بە خەباتی یەک پارچەیی هەموو چین توێژەکانی کۆمەڵی ئێران سەرکەوت لە سەر محەممەدی مێرمنداڵ شوێنی دانا، وێڕای هاوتەمەنەکانی لە خۆپێشاندانەکان دا چالاکانە بەشداری کرد. کاتێک حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد محەممەد رووی کردە بنکەکانی حیزب و لە شاری بۆکان لیباسی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی لە بەر کردو وەک پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین ئەرکی خۆی بە جێ دەگەیاند وێرای خالید مەسعودی کە لە منداڵیەوە جیران بوون بە یەکەوە دەستیان بە تێکۆشانی سیاسی کرد ئازایانە لە مەیدان دابوون لە شەڕەکان دا بەشداری چالاکانەی کرد ماندوو نەناس بوو کەسیکی بە بیرو باوەر بوو.
رۆژی ١٣٦٠\٩\١ کاتیک هەوالیان پێ گەیشت کە رێژیم هێرشی کردۆتە سەر گوندی داربەسەر لە گەل هاوسەنگەرێکی دیکەی، وەک بە یەکەوە گەورە بوون بە یەکیشەوە لەکاتیک دا بە ماتۆر بەرەو گوندی داربەسەر بۆ پشتیوانی هاوسەنگەرانیان دەچن و لە نزیک گوندی ناوبراو کەوتنە کەمینەوە پاش شەڕێکی قارەمانانە هەردووکیان بە برینداری بەدیل دەگیرێن رۆژی دواتر لە بۆکان شەهید دەکرێن گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردو بە خوێنی سووری خۆیان سەلماندیان کە سەریان بۆ نەتەوەکەیان دانابوو تا نەتەوەکە رزگاربێ.

## شەهید عوسمان مولودی





ساڵی ١٣٤٢ لە شاری بۆکان لە دایک بوو بەرەبورە کە گەورە بوو رەوانە قوتابخانەکرا وەک شاگردێکی بەنەزم وانەکانی دەبرِی و تا یەکی ناوەندی دەرسی خوێند بە هۆی ئەوە کورە گەورەی ماڵەوە بوو وازی لە خوێندن هێناو دەستی بە کاری قەنادیو شوٚفیری کردوە ساڵی ١٣٥٨ هاوکاری یەکییەتی لاوان لە شاری بۆکان بووە. لە ساڵی ٦١ ژنی هێناوەو ٤ منداڵی هەیە ساڵی ٦٧رەوانەی سەربازی کرا لە ماوەی ١٨ مانگ سەربازی جیاوازی نەتەوەیی زیاتر بۆ روون بووە. عوسمان ٣ جار بە بیانووی جۆراوجۆر رەوانەی بەندیخانە کرا ئاخرین جار ساڵی ١٣٨٥ لە گەڵ برایەکی لە نزیک شاری سەقز بە ماشێنی پەیکان کەوتنە کەمینی هێزەکانی رێژیم و براکەی بە ناوی یوسب شەهید بوو عوسمان بە برینداری بە دیل گیرا لە دادگایەکی ناعادڵانەی رێژیم ١٤ ساڵی حوکم بە سەر دا سپێنرا کە پاش ٤ ساڵ زیندانی توانی لە زیندان خۆی دەرباز بکاو لە ساڵی ١٣٩١ لە مانگی ٤ بێتە ریزی تیکۆشەرانی دیموکراتو وەک پێشمەرگەی نمونە چاوی لێ دەکرا. عوسمان لە سەرە خۆ بە ئەخلاق کورێکی کاری بوو هەر کارێکی پێیان سپاردبوایە بەرێوەی دەبرد بەداخەوە شەوی ٧ لەسەر ٨ی بانەمەڕ بی هۆی رووداوێکی دڵەزێن لە شاری کویە شەهید بوو.



# ئالبۆمی شەهیدان بۆكان


دوكتور سەعید شەرەفكەندی | سەلام عەزیزی | سەرگورد عەلییار | سەروان ئەفشین








وەستا ئەحمەد كوهگرد | قاسمی باقی | كەریم عەلی فەرامەرز | محەممەد برایم ئوف









عوسمان دادخوا | حەسەن جەمشیدی | ناسر باریک | سوارە مەعرووفی


محێدین حوسێنی



هەمزە حیجازی



سەلاح علیبیار



ئەحمەد عەزیزی



جەعفەر بۆکانی



ئەسعەد سەید ئەحمەدی


سەلاح ئەحمەدی


عەولا فەیزی


مەنسوور سوارە



خدری رەسووڵی


خالید فەیزوللاثوور



محەممەد مەولوودپوور


رەحمان فەیزولاپور



مەحموود سوڵتانی


محیدین سوارە


عوسمان شوکرولازادە




عومەر قادری (شۆڕش)




سەدیق عەبدوڵلاپوور




ئەبووبەکری بەقاڵی




عەلی جەلالی




عەلی سەرمایە




عەولا شەریفی




ساڵحی ئاغابەیگی



محەممەد چەمەنی



حەسەن عەزیزی



هەمزە خان ئەحمەدی




تاهیر خزری



رەحیم وەلی زادە سەربرەهنە



رەحمان خوسرەوی



عێزەدین حوسێنی




سمایل رەزایی





کەریم ساڵحی



ڕەحمان زارعی



ئەحمەد خزری



خالید ڕەشیدی


مستەفا گوڵزاری



جلیل ڕەحیمیان



سەعید ڕەحمانی


عەزیز کیانی


خوسرەو گورگی



برایم شوجاعی (شەماڵ)


ئەمیر ڕەزایی



سمایل ڕەحیم زادە (ئازاد)


کەماڵ ئاقاوەلی


قادر فەرعانی



حوسێن نادری


خالند ئیمینی


مەحموود سەربورەهنە




قاسم فەیزی



سولێمان ئارامش




رەشید سەلیمی




خالید حەمە رەحیمی




علی عەبباسی




تاهیر حامیدی




محەممەد شامحەممەدی



عومەر رەحمانی




مەنسوور محەممەدپوور




کاوە رەسووڵ پوور




سەیفوللا فەیزی




مەنسوور مەعرووفی سەربرەهنە




بەهمەن پاکار



سالە ئەلماسی




سەید کریمی راج




عەلی شەهابی



مەنسووری فەقی مینە




محەممەدی ئەحمەدشەم




سمایل کەریم زادە




عەلی رەحیمی



عەلی خاریجە




ئەبوبەکر مەعرووفی




ئەبوبەکر خزری




عوسمان عەبدوڵلاهی




ئەبووبەکر کەدخودایی




لوقمان ئەلیاسی



ئەبووبەکر هیدایەتی




جەعفەر ئەحمەدپوور



محەممەد عەلیزادە



مەحموود مەحموودپوور




عومەر سەلیمی




توفیق عەزیزی



ئەحمەد قادری



ئەبوبەکر کاکلی



مەنسوور حەقپوور



سوڵتان حاجی ڕەسووڵی



جەعفە ر کەدخودایی



ساڵح شەریفی




محەممەد خانەخا




سەعدوون بارزان



تاهیر مەحموودی



ڕەحمان ئیبراهیم پوور



کەماڵ ئەشعەری




سەدیق ئەحمەدی



عەلی تەنوومەند




حوسێن ڕەحیمی (سەیدە)



مەولود ڕۆستەمی



جەعفەر مەحموود پوور


سلێمان ئاگووشی


نادر حەمەمرادی


ڕەشید خەلیلی



ڕەحمان مەحموودی


جەماڵ بەهرامی


محەممەد مەحموودی



محەممەد پوورهیمەت



مستەفا مەحموودزادە



سمایل خورشیدی


ڕەحمان ئەمینی


مستەفا بەدری



عەولا ئەمینی سەربرەهنە



کەریم کانی کورگە


مەشەدی فەتاح


سەعید ڕۆستەمی



حوسێن ناسکی


سالح جەهانگیری



جەمشید کەریمی


کەماڵ یوسفی



مامە قالەی ساڵحی



عەلی وەهاب زادە


عەلی باڵدار


عوسمان عەبباسی



بەهمەن سامبەگی



ساڵە بەننایی


ئەحمەد ڕەسووڵی



مستەفا قادری


خالید پژگوڵ



ئەنوەر سالحی



عەلی زارعی



بیژن سلیمانزادە





سمایل  عەبدی


حەسەن رحمانپور(داشبەندی)



کەریم ئاقادوست



کەریم ئیبراهیمی



محەممەد جلیلی



عوسمان مەعروفی


قادر محوممەدشاهی


هەمزە ئیفتخاری


یوسف ئەحمەد دووژن



مینە بێ سیم


خوسرەو سەلیمی


خالید سۆفی عباسی


خدرعەبباسی


برایم سوارە



سمایل ساڵحی


ئەبووبەکر پارنج



ناسر محەممەدپوور




عەوڵا محەممەد پوور




عەوڵا حەسەن موکری




عەوڵا جهانگیری



کەریم شکورپوور




جەعفەر مجاور




جەعفەر نۆموسلمان




کمال ئوستاد ئیبراهیمی



سمایل دامەنطیر




تەها سولێمانی



تاهیر بوداقی




محەممەد ئاغابیگی




رسووڵ خورسەندی



علی ئاقلی



حەسەن رحمانی




رحیم لشک (قارنجه)





عومەر رەمەزانپوور


عەلی ڕەزایی



مام ڕەحمان ئیبراهیمی



کەماڵ بەخشودە


برایم جهاندیدە



محەممەد ئارمندزادە



قادر قادری



سوێیمان زەرین



کەماڵ فەلاح زادە


ڕەسووڵ میرانی


خدر عەرەبی



حامید لەشکری




سەید جەعفەرنوری


محەممەد دەستگیر




محەممەد ساڵح ئیبراهیم ئازەر


محەممەد عوسمان زادە




مەحموود چوپانزادە


ئایشە شەمسی بورهان | حوسێن گوڵی | قادر عەبباسی | سلمان رەمەزانی

ئەبووبەکر جامەردی، خوسرەو گورگی، سەعید رەحمانی | د. قاسملوو، عەولا شێنانی


کەریم عەبدی | محەممەد حوسێن قازی | یوسب عەبباسی

## ئەرکناسی

ڕێزوسپاس بۆ ئەو بەڕێزو خۆشەویستانە کە لە سەرشانی خۆیان بە ئەرکیان زانی، لە سەرخستنی ئەو کتێبە بە نرخە دریغیان نەکردوە. من بە نووسینەوەی ژیاننامەی شەهیدانی بۆکان ئەو قەرزەم لە سەر شانی حیزبی دیموکرات و هاوسەنگەرانی شەهیدان کەم کردەوە، بەڵام خۆم بە قەرزداری ئەوان دەزانم کە بۆ لە چاپدانی پێوەی ماندوو بوون، چونکی ئەگەر هیممەتی ئەوانی لەگەڵ نەبوایە ماوەیەکی زۆر هەروا لە سەر کاغەز دەمایەوە، بەڵام ئێستا شانازییەکی گەورە بۆمن وهەم بۆ ئەو بەڕێزانەکە بۆ لە چاپدانی یارمەتیان دا.

سپاس بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەروەها هاوڕێیان عەزیز کەریمی، خالید غوڵامی، عەلی لالە، ناسر قادرپوور، ئەنوەر کەریمی، ئەمیر ڕەسوڵی، عوسمان نوباری، خالید فەلاح زادە، مەسعوود پیران، ئەبووبەکری دامەک، ڕزگار حەبیبزادە، هەواڵ ئەحمەدی ویوسف شامحەممەدی، هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوو بن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.




## سپاس وپێزانین


* سپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم  کە بۆ تەواو کردنی ئەو کتێبە یارمەتیان داوم
* سپاس بۆ جگەر گۆشەی خۆشەویستم بەیان چووکەڵی ئەرکی تایپەکەی وەئەستۆی خۆی گرتوو بۆی تایپ کردوم.
* کاک ئەیوب شەهابی ڕاد مونتاژی کتێبەکە لە سەر شانی خۆی بە ئەرک زانی وبۆی جێ بەجێ کردوم.
* کاک ئاسۆ مامزادە زۆر زوو بە دەنگمەوە هات و تەڕاح ودیزاینی بەرگەکەی  وەستۆی خۆی گرت.



# شەهیدان

داری چاکێک کەوتە عەرزی، بەڵام دارستانێک بە پێوەیە
ئەستێرەیەک راخۆشی، بەڵام ئاسمان پڕ لە ئستێرەیە
رەوەرێک خزی، خۆ چیاکان دانە نەویون
سەریان بەرزە و پۆل بە پۆل چیای دی بەرێوەیە

پووشپەڕی ٢٧١٤ی کوردی – جووڵای ٢٠١٤ی زایینی